
# گەلاوێژی نوێ 20

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژە

حوزەیران 2000




## لەم ژمارەیەدا :

* کاك نەوشیروان مستەفا
دەرگای سیاسەت
لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ
دادەخات


* کە بەڵگە نامەکان دێنە زمان
لە ئەرشیفی
کۆماری
دیموکراتی کوردستانەوە

( أرض السواد ) سالّی ١٩٩٩ چاپکراوە. تازەترین رۆمانی ( عبدالرحمن منیف )ە و لە سێ بەرگ پێکهاتووە. لەم ڕۆمانەدا عێراق دەبێت بە ڕووداو و قۆناغێك لەزەمەنی دوورودرێژی دەخرێتە چوارچێوەی رۆمانەکەوە. سەردەمی عوسمانی و ئینگلیز تێکەڵاو دەبن. لەبەشی سێیەمدا بە شێوەیەکی تایبەتی نووسەر دەمانگوێزێتەوە بۆ کەرکوك و موسڵ و کرماشان و کەسایەتی رۆمانەکە جۆراو جۆر و پتەو تر ئەبێت. سروشتیش وەك فرەدەنگی رۆمانکە فراوان و رەنگاورەنگ دەبێت. وێنەی دەسەلاّت و شێوازی فەرمانڕەوایی و چارەسەکردنی کێشە و لەناوبردنی پیلان رونتر دەبنەوە. سەدەها دیمەنمان بەرچاو دەکەون و هەواڵەی مێژووی نوێی ناوچەکەمان دەکەن.









# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (20) ساڵی 2000 ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانییەت

خاوەنی ئیمتیاز:

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:

لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران:

عەتا قەرەداغی سەلاح محەمەد زۆراب

سەرپەرشتی چاپ: بەختیار سەعید

مۆنتێف: دیاری محەمەد- رۆستەم ئاغالە

- پەیوەندی لە رێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

- ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ١٩٩٧) دا دەرچووە

ئەدرەس : سلێمانی — گردی عەلی ناجی — بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ٢٣٥٠٧


کلیلی گەلاوێژی نوێ لەسەر ئینتەرنێت: http: // home.bip.net /hawre/

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی (تەلەفۆن ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٤) (فاکس ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٥)

کۆمپیوتەری گەلاوێژی نوێ : طه حمه نوری - ئۆفسێت : چاپخانەی داناز - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (١٠) دینار - بۆ هەندەران (٧) دۆلار

| بابەتەکانی ئەم ژمارەیە | لاپەڕە |
|---|---|
| سەرنوسەر | |
| سپێدە | ٣ |
| سەلاح حەسەن پاڵەوان | |
| دامێنان و مەرگ | ٥ |
| و: عەلی ڕەزا مەناف | |
| مێژووی پرشنگدار | ١٥ |
| ئیسماعیل حەمە ئەمین | |
| نوستن لەنێو بونی ئاودا | ٣٦ |
| ئەحمەد باوەڕ | |
| هۆکارەکانی کۆچکردنی جولەکە و جولەکەکانی ڕۆژهەلات و کوردستان بۆ ئیسرائیل | ٤٩ |
| عادل گەرمیانی | |
| چەند سەرنجێك لەمەڕ بینایی هونەریی ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد | ٦١ |
| و: شێرزاد حەسەن | |
| شەش هۆنراوەی "بریان پاتن" | ٦٩ |
| سامی هادی | |
| تابوتەکانی چرا | ٧٦ |
| مەم بورهان قانع | |
| مێزگردێك لە بارەی هەواڵ و ئازادی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا | ٧٨ |
| گەلاوێژینوێ | |
| کاك نەوشیروان مستەفا دەرگای سیاسەت لە گەلاوێژینوێ دادەخات | ٩٨ |
| ئا: حسێن نێرگسە جاڕی | |
| کتێبی ئەم جارە | ١١٢ |
| کەیوان ئازاد ئەنوەر | |
| کەبەڵگە نامەکان دێنە زمان لە ئەرشیفی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە | ١١٩ |
| بورهان قەرەداخی | |
| چەند ڕووگەیەکی نوێگەری لە شانۆدا | ١٣٠ |
| و: سامان حوسێنی | |
| فەلسەفەی زانست | ١٣٦ |
| و: سالار مەحمود | |
| زەکریا تامر دامێنەری سەرسوڕهێنەری جیهانی ورووژێنەر | ١٤٥ |
| تۆفیق موشیر پەناهی | |
| سێ چرکانە چیرۆك | ١٥١ |
| و: سیامەند مەحمود فەرەج | |
| بۆنی خەم بۆنی باران | ١٥٣ |
| کەژاڵ ئەحمەد | |
| سەحەر ڕەسایی ئەو بەهرەمەندەی پێ دەچێت خوشکی شەهرەزاد بێت | ١٥٧ |
| جەلیل ئازادی خواز | |
| هاوبەشیەکانی نێوان مەم و زین و ئیتللۆ | ١٦١ |
| لەتیف هەڵمەت | |
| یادگار، کتێب، کتێبخانە — یەکەم کتێب — دواکتێب | ١٦٩ |
| و: ئاوات ئەحمەد | |
| میشێل فۆکۆ.. داخرانی گەورە یان تەریب بوون بە شێتی | ١٧٦ |
| غەفور صالح عەبدوڵڵا | |
| وەرگێڕانی (درەختەکان و تیرۆری مەرزوق) بۆ کوردی | ١٨٨ |
| عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی | |
| نامەیەکی کراوە | ٢٢٣ |
| کەنارەکانی گەلاوێژینوێ | ٢٢٦ |
| و: زۆراب | |
| ڕەگە هونەرییەکان . . . | ٢٤٤ |
| پرۆشە | ٢٤٧ |




زۆرجار دەڵێم ئەشێ ئێمە بە هەڵە لە سانسۆر گەیشتبێتین، وەك چەندەها زاراوە و شت و چەمکی تر کە بە هەڵە دێن و بە هەڵە لەسەریان دەڕۆین. دیارە ئێمە ئەم قسانە دەکەین بۆ ئەوە نییە رای خەڵك پێشێلبکەین، یاخود رێ لە رادەربڕین و سەربەستی بگرین. زیاتر مەبەستمان لەوەیە چۆنچۆنی و چ کاتێك و بۆچی لە هەندێك کاتدا کار بگاتە گەیشتنە هێڵی سور دەبێت هەڵوەستەیەك بکەین.

با بەشێوەیەکی ئاشکراتر بڵێین ئێمە باوەڕمان وا نییە بڵاونەکردنەوەی ناوناتۆرە و جنێو و هەڕەشەکردن و بە سوکزانینی خەڵك و کردنی خەڵك بە بێئاگا و نەزان و چەندەها شتی تر لەم بابەتە سانسۆر بێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆیانەی کە ئەم جۆرە قسانە دەکەن بە بابەتی بڵاوکردنەوە و مێشکی خوێنەریان پێ پەکئەخەن بە هەڵە لە سانسۆر گەیشتوون. روشاندنی هەست و سومعەت رای سەربەست و رەخساندنی سروتی سەربەست نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بەرەڵایی. بیری سەربەست و حەقیقەت چەندێ ناوەرۆکیان تیژ بێت خاوەنەکەی رێگا بەخۆی نادات بیخاتە قالبێ تیرو تانە وەشاندنەوە. باوەڕناکەم بتوانین رێگا لە گفتوگۆی سەربەست بگرین، چونکە گفتوگۆی سەربەست خۆی وەك ئاوی رێکردوو رێگای خۆی، بەشێوەیەکی ئاسایی، بۆ ناخ و مێشکی خوێنەر و بینەر دەکاتەوە. بیری هەر بەناو سەربەستیش لە گێرەشێوێنی و بەرەڵایی زیاتر چی تری پێناکرێت.

ئەگەر بمانەوێ جیهانی بازاڕ و شێوەی کارکردنیان بکەین بە نمونە و بیانهێنینە بازاڕەوە ئەوە لە هەندێك رووەوە بەهەڵەدا دەچین. بۆ هەر ئەبێ بیر لە لایەن و فەزیحەتەکان بکەینەوە و بیانهێنینە سەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان؟
بۆ گاڵتەجاڕی و جنێودان و (سوقیەت) بکەین بە شێوازی بابەت؟ بۆ جیهانی بازاڕ کە پەیوەندی جۆراوجۆر لە خۆیدا دەنوێنێ، هەر گاڵتەجاڕی و فیکەکێشانی بۆ یەکتری تیا دیارە؟ ئەی رووە شاراوەکانی بۆ نەخوێنینەوە، ئەی بۆ لا لە مەودا پڕ لە کارەساتەکانی نەکەینەوە؟

من ئەمە بە رای سەربەست نازانم کەسێك بێت با ئارەزووی خۆی لە رۆژنامەیەکدا یا لە تەلەفزیۆنێکدا بەبێ مەنتیق، بێ عەقڵ، بی روناکبیریی هەر فیکە و فیکەکێشانەکە بێنێتە ناو کەناڵی راگەیاندنەوە وایشبزانێت کە دنیا لەوەوە دەستی پێکردووە. وایشبزانێت کە فیکەکێشان حەقیقەتە. یا وا بزانێت دنیا تەنها یەك حەقیقەتە و بەس. ئێمە گوێ لەوانە ناگرین کە دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن و بە شمشێرەوە دێنە مەیدانەوە بە روو رەخنە وەردەگرن و بە پەنهانیش هەزارەها دا و تۆڕت بۆ دورستدەکەن. گوێ لەوانە ناگرین کە دێن گفتوگۆ دەکەن و کە گوێدەگری نە ناوەرۆك گفتوگۆیە نە شێواز.

عەلی حەرب بیریارێکی عەرەبە رەخنە لە ئاین، لە مارکسیزم، لە بیری رینسانسی عەرەب، لە نەتەوەپەرستی دەگرێت، بە بیرێکی فراوان و شێوازێکی ئەوەندە هێمنەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بیرە جیاوازانەدا دەکات حەز دەکەیت بە بەردەوامی

بیخوێنیتەوە. ئەو دانانیشێ تانەو سوکایەتی بکات چونکە فیکر و زانستی لەلایە. لەو بڕوایەدام، مارکسییەك کە عەلی حەرب ڕەخنە لەبیری مارکسیزمی دەگرێت، یا ئیسلامیەك زۆر بە هێمنانە عەلی دەخوێنێتەوە، بێ هەڵچوون چاو بە نوسینەکەیدا دەخشێنێت، چونکە عەلی حەرب وەك نوسەر بە بێ هەڵچون خۆی دەگەیەنێتە خوێنەرە مارکسییەکە، واتا عەقڵ ئاراستەی دەکات نەك هەڵچون کۆمەڵێك زانستی هێمنانە لە مێشکی خوێنەرەکەدا دەچێنێ، با لەلایەن خۆیەوە ڕەتیشی کاتەوە. بەڵام کاردانەوەی سلبی لە شێوەی ئینفیعالدا تیا دروست ناکات.

ئێمە هیچمان نییە لە کاتی گفتوگۆکردنا، بۆیە هەر هەڵچوون و تانە پێشکەشدەکەین. ئەگەر لە نوسینەکانماندا فیکرمان هەبوایە لەو بڕوایەدام بیرمان لە هەڵچوون و ئیستیفزاز نەئەکردەوە. ئەو تانە و قسەلۆك و بریندارکردنانەی کە هەندێك جار لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنا بڵاودەکرێنەوە لەوەوە نیین کە سەرنوسەرەکە یا لێپرسراوەکە خەمی سەربەستی هەبێت، و دژی سانسۆر ڕێگا بۆ ڕادەربڕۆین خۆشبکات، بەڵکو لەوەوەیە کە هەست بە جۆری ئەرکەکانی خۆی ناکات.

برایان، سانسۆرکاری هەر لە وڵاتەکەی ئێمەدا نییە. لە هەموو شوێنێکدا سنورێك هەیە نزیکترین نمونە گارودییە بزانە چییان بەسەرهێنا هەر لەبەرئەوەی بۆچوونی دەربارەی جولەکە دەربڕی، یەکێك لەو ڕایانەی ئەوەبوو کە قوربانییەکانی یەهود ئەوەندە زۆر نەبووە موبالەغەیان تیا کردووە.

جولەکەی دنیا، تەنانەت ڕۆژنامەنوسەکانی فەرەنسایش دژی وەستان. لە چین، لە هیندستان لە چەندەها وڵاتی تردا کتێب و فیلم و شانۆ قەدەغەدەکرێن ئێمە ئەو ئاستەی ئەوانیشمان نیە.

بەداخیشم بۆ ئەوەی لە هەندێك وڵاتدا ڕۆمانی وەك (سمفونیای مردگان) ی عەبباسی مەعروفی، یا (ولیمة لاعشاب البحر) ی حەیدەر حەیدەر قەدەغە دەکرێت خۆزگە ئێمە ڕۆمان و نوسینی جوانی وەك (سمفونیای مردگان) مان هەبوایە هەرچی تیا بوایە ڕێگای بڵاوکردنەوەمان بۆ بڕەخسانایە. یا دنیایە چیرۆکی جوانی وەك چیرۆکەکانی حەیدەر حەیدەرمان هەبوایە، ئەوان سیمای بیری جوانی ئەدەب پێشکەشدەکەن و قەدەغە دەکرێت، ئێمەیش تانەو سوکایەتی دەنوسین و ڕێگای پێئەدرێت.

بە ڕای ئێمە ڕۆشنبیرییەکی ئەوەندە قوڵ و فراوانمان نییە تا قەدەغە بکرێت، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هەڕەشە لە قەناعەتە باوەکان دەکات. ناڵێم ڕۆشنبیری ئێمە هەمووی خراپە بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەندە بەهێز نییە بۆیە لە ئاست ڕوداوەکانیشا هیچی وای پێناکرێت ڕۆشنبیرییەکی خاکیمان هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوشەدا زۆرجار ڕێگا بەخۆمان ئەدەین و تانەو تەشەری ئەکەین بەسەرا.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین هیچ شتێك ببێت بە ڕێگر لەبەر هێزی ڕۆشنبیردا، بەڵام نامانەوێ قسەی سوکیش بێتە سەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

من نازانم چۆن ڕۆمانی (سەمفونیای مردگان) ی عەبباسی مەعروفی قەدەغەکرا، ئاخۆ چ جۆرە تەئویلێکیان بۆ کردبێت. یاخود سەرجەم شیعرەکانی سهرابی سپهری چەندین جار لە ئێراندا چاپکراونەتەوە کەچی لە کاتی وەرگێڕانیا بۆ عەرەبی، لە میسر، هەندێك دێڕیان لابردون، دیسانەوە نازانم چۆن لە شیعری شاعیرێکی وەك سهراب دەگەن و چۆنچۆنی تەئویلی دەکەن و هەندێك دێڕی لێدەسڕنەوە، شاعیرێکی وەك سهراب کە لە چەندین لایەوە وەك عارفێك دەخوێنرێتەوە، سەردەمێکی دوورودرێژ ڕەخنەگرە مارکسییەکانیش بیانویان پێ دەگرت، و بە بیانوی ئیدیۆلۆجیاوە دەیانەویست لە شیعرەکانی کەمبکەنەوە.

دوبارەی دەکەینەوە ئێمە لەگەڵ سانسۆردا نین، ڕێگایش بە خۆمان و بە کەسانی تریش نادەین بیرو ئازادی دەربڕین کۆتبکەن. ڕێگایش بە بەهانە و قسەی ناشیرین نادەین خۆیان لەسەر لاپەڕەی گۆڤار بچەسپێنن. گفتوگۆ جیایە لە ئیستیفزاز، فیکر جیایە لە قسەلۆك، ڕێ لە ئیستفزاز و قسەلۆك دەگرین و ڕێگایش بۆ بیرو گفتوگۆ دەکەینەوە.

**سەرنوسەر**

سەلاح حەسەن پاڵەوان/ هۆڵەندا

# داهێنان و مەرگ

دەق دیاردەیەکە لە خۆکوشتنێکی ئارامانەدا لە ناخەوە دەست پێئەکات. لەناخەوە گەورە ئەبێ و نەش و نمای خۆی ئەگەیەنێتە دوا ترۆپك. هەموو دەقێ هەنگاوهەلهێنانە بەرەو داهاتوو، بەرەو داهاتوویەکی نادیار، ئەو داهاتووەی دابڕان لە نێوان ئێستا وساتی سەرهەڵدانی دەقەکەدا دروست ئەکات، بەڵام گرنگ لەوەدایە کە بەرەو داهاتوو ئەڕوات.

لەگەڵ ئەم ڕۆیشتنەدا شان بە شانی و لە تەنیشتیەوە مەرگ ئەڕوات، بەڵام لە حاڵەتی دەق دا مەرگ لە دوو پوونتا ئامادەیە.؟ یەکەمیان ساتی لەدایك بوونی دەقەکە، لەنێو هۆشی خاوەن دەق دا ئامادەیە، هۆش بە مانای زیندوێتی، کە ئەمەش دژەڕایەك دروست ئەکات، ڕەنگە بووترێ: باشە هۆش بە مانای زیندوێتی و ئامادە، چۆن ئەکرێ لەگەڵ مەرگ دا بەراوردبکرێ بەمانای مردوویی و نائامادەیی، بۆ ئەمەش ئەڵێم هەموو هۆشێ کە دەق بەرهەم ئەهێنێ لەگەڵ کۆمەڵێ پەیوەندی هەڵس و کەوت ئەکات، ئەم هەڵس و کەوتەش دەرئەنجامی بژێوی خاوەن دەقە لەگەڵ ئەو جیهانەی کە تیایدا پەروەردە بووە و لەگەڵیا گەشەی کردووە، جا لەنێو ئەم پەیوەندیەدا ئەو مەرگ و ژیانە دەرئەکەوێ کە خاوەن دەق لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێتە نێو دەقەکانیەوە.

ئەگەر توانی لە پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ هێماکاندا دەست نیشانی تەواوی مردوویی و زیندوێتی بکات ئەوا ئەتوانێ خۆی لەو مەرگە قوتار بکات، گەر نەشیتوانی ئەوا دەقی مردوو بەرهەم ئەهێنێ. دەقێك کە ناتوانێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا بئاخفێ وتووێژ دروست بکات. ئەم دەقانە لەو دەقانەن کە ئێستا پانتایی ڕۆشنبری کوردیان داگیرکردووە، نەك تەنیا لەوەی کە مردن لەگەڵ خۆیان ئەهێنن، بەڵکو وەك نەخۆشیەکی کوشندە بڵاویشی ئەکەنەوە و بەنێو نەوەکانی نووسیندا بڵاوئەبنەوە..

پوونتی دووەم، مەرگ پاش لەدایك بوون رووئەکاتە دەقەکە، ئەمەش حاڵەتێکی سروشتی مەرگە، کە ناهێڵێ ئەو شتانەی کاتین هەروا بەردەوام بن، ئەم حاڵەتە سروشتی ئەو دەقانەیە کە لە کەژ و سەردەم و مۆدەی جیاجیادا دەرئەکەون.. ئەمەش لەپاشانا دێینە سەری.

بەسەرهاتی مەرگ و دەق بەسەرهاتێکی دێرینە لە سەردەمی سوقراتەوە دەست پێئەکات، ڕەنگە خواردنەوەی دڵۆپە ژەهرەکانی نێو کاسەی مەرگ بۆ سوقرات داهینانێ بووبێت، بۆ پەرچدانەوەی مردووێتی هۆش لە بەرامبەر دەقی زیندودا، مرۆڤ هەروەك سۆفۆکلیس ئەڵێ: (لەنێوان

سەرسوڕهێنەرترین شتەکانی سەر زەوی، مرۆڤ لە هەموو شتێ سەرسوڕهێنەر ترە)[1]، سەرسوڕهێنەرە لەوەی جیاوازی نێوان مردن و زیندوێتی دەست نیشان ئەکات. ئەتوانێ ئەو چرکانە دەست نیشان بکات کەوا تێیدا ژیان ئەبێ بە پارچەیەك لە نوور، دەقی زیندوو لەو نوورە زیندووێتی خۆی چنگ ئەکەوێ.

مەرگ لە تاکە کەسدا خۆیی لە رۆح و خوێن و جوولە ئەبینێ. بەڵام لە دەق دا بریتییە لە بەخشینی ئەو هەموو شتە بە مرۆڤ، لە مرۆڤ دا گرفتی ژیان و مەرگ گرفتی مانەوەیە، بەڵام لە دەق دا گرفتی بەخشینی ئەو ساتانەیە بە مرۆڤ کە تێیدا، ئامادەیی خۆی ئەدۆزێتەوە. رەنگە ئەو ئامادەییەی کە هەیبووە، وەك حاڵەتێکی مردوو هەستی پێ کردبێ. لەلای مرۆڤ گرفتی گەورە ئەوەیە کە ئامادەبێ و هەست بەو ئامادەبوونەی خۆی نەکات.

(نیتشە) لەبارەی مەرگەوە تیۆری داناوە بەڵام ئەم زیاتر حاڵەتەکان ئەبەستێتەوە بە هۆشمەندی و ناهۆشمەندی، خێر و شەڕ، جەنگ و ئاشتیەوە. نیتشە رای وایە کەلە مرۆڤ دا مەرگی خوداوەند گەورەترین زیان بە ویژدانی ئەگەیەنێ. واتە مرۆڤ لە ویژدانی خۆیدا خوایەك ئەبینێ بە مردنی ئەو ویژدانە، واتە مردنی خوا. مردنی سودمەندی و ئادەت و بیرە.

لەم پێودانگەوە لە مرۆڤ دا حاڵەتەکە پەیوەستە بە مانەوە و نەمانەوەی ئەو شتانەی کە زیندوێتی بەو ئەگەیەنن، لە مرۆڤی هۆشمەندا هۆش ئەو کاتانەی تووشی مەرگ ئەبێت کە ئیتر تیایدا خۆی بدا بەدەست ناهۆشمەندییەوە. بۆ کەسێ کە دوای چاکەکەوتوە و بڕوای وایە کە کۆمەڵێ یاسا هەن، یاسای جێگیرن بە چاکە، گەر لەو یاسایانە بترازێ خراپەیە، بۆیە جێ‌ێ گومانە ئەگەر بڕوانینە یاساکانی ئەوان بە چاوی ئەو، واتە ئەوەی ئەو بە چاکی ئەزانێ ئەبێ ئێمەش بە چاکی بزانین، ئەوەی لە دەرەوەی بۆچوونەکانی ئەو بە خراپەی دائەنێت ئەبێ ئێمەش هەروا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئایا بە راستی


نیتشە

ئەو حوکمانەی ئەو زیندوون؟.. ئەمە پرسیارێکە بۆ تیۆری رێژەگەریمان ئەباتەوە لە فیکری رۆژئاوایی نوێدا.. هەموو ئەو فیکرانەی لە دەرەوەی ئەوانن، پاشکۆن، واتە تەماشا و روانینیان بۆ پێشکەوتنی تەکنولۆژیای خۆیان تا ئەو رادەیەیە کە لە پشتەوەی خۆیان هیچ ئاسۆیەك لە خۆیان زیاتر نابینن، بە مەفهومی ئەوان عەقڵی باڵا لە پوختی ئەواندا وەستاوە، هەر بۆیەش سامانی لێکدانەوەی عەقڵی رۆژئاواسامانی لێکدانەوەی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو تەنیا سامانی خۆیانە. مونتینی لە بەرگری کردنی لەم روانینەی رۆژئاوا گەلی نووسینی گرنگی نووسیوە، هەروەها پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کە رەفتاری مرۆڤ بڕیاری ئەوە ئەدەن کە مرۆڤی باڵا کێیە و شتیzیندوو لە مردوو جودا ئەکاتەوە (مونتینی لە مەسەلەی بەرگری کردنی لە مرۆڤ خۆرەکانی بەرازیل) پشتی بەم خاڵە بەستبوو کەئەوان کارێك ناکەن لەگەڵ عور فو ئادەتە ئەخلاقیەکانیان پێچەوانە بێت، بەڵام ئەوروپیەکان بە بەرپاکردنی جەنگە مەزهەبیەکان و پەیڕەویکردنی توندوتیژترین شێواز لە بەرامبەر هاوجۆرەکانی خۆیان دا، رەفتارێك ئەنوێنن کە بە هیچ جۆرێ ناکرێ لەگەڵ بۆچوونە مرۆییەکان و ئەخلاقیەکانیان بخوێنرێتەوە[2]، بەو

بۆچوونەی مۆنتینی عەقڵی زیندوو، ئەو عەقڵە نی یە بەرهەمی خۆی پێچەوانە ئەکاتەوە و دژی ئەوەستێتەوە.. لەسەر مەسەلەی باشە و خراپە ئەتوانرێ ئەو تیئۆرە بخوێنرێتەوە کە بڕیار ئەدا زیندوێتی و مەرگ دەست نیشان بکرێ. بۆیە عەقڵی رۆژئاوا لەو حاڵەتەدا بڕیاری مردوێتی خۆی رائەگەیەنێ.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە مەسەلەی عەقڵی رۆژئاوادا ئاماژەمان بۆ کرد، بریتی یە لە پەیوەندی وەهمی زیندوێتی و وەهمی مانەوە و باڵادەستی، ئەوان لەو بڕیارەدا ئامادەن کە دەسەڵاتن بەسەر هەمو ئەو هۆشانەی لە دەرەوەی خۆیانن، ئەوان بریتین لە جوڵێنەری عەقڵ و هۆشی هەموو ئەو بەشانەی کە لە دەرەوەی ئەوانن. ئەم حەقیقەتە لە دەرەوەی لێکدانەوەی ئەوان بەپێی تیئۆری مانەوە و نەمانەوە حەقیقەتێکی بەتاڵە و مردووە.

هێشتا زۆر رێژە هەیە کە ئەبێ دووبارە تەماشای بکرێت، گەشەکردنی دەقی رۆژئاوا (دەق وەك هەموو چالاکییەکی مرۆیی لە نووسین و هونەر و زانست .. هتد) گەشەکردنێکە لە زیندوێتی ئەو سامانە کەلتوورەی کە وەچەکانی یەك لە دوای یەك لە داهێنانی و بونیادیانا بەشدارییان کردووە. بەڵام مرۆڤایەتی لە شیکردنەوەی عەقڵی رۆژئاوادا دیسان خاڵ گەلێك هەن. هێشتا لەبەردەم شیکردنەوەی قوڵدان و نەگەیشتونەتە ئەنجام.

بەڵام ئایا ئەم روانینی رۆژئاوای باڵا و رۆژئاوای پێشکەوتوو، رۆژئاوای عەقڵی زیندوو.. هتد شێوەیەك نی یە لە بە مردوو زانینی هەموو ئەو دەوروبەرانەی کە لە دەرەوەی رۆژئاوان؟. ئایا ئەمە دان پیانانی رۆژئاوا نی یە بە باڵادەستی خۆی و زیندوێتی خۆی؟ .. ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە پۆزەتیف بێت. کەواتە دانپیانانێکە ئاشکرایە بە زیندوێتی خۆی و مەرگی دەوروبەری. بەڵام دیسان ئەو پرسیارە دووبارە ئەبێتەوە، ئایا بە راستی وایە؟! هەموو ئەو بیرانەی لە مێژوودا بوون، وەچە لە دوای وەچە گەشەیان کردووە لە دەورەوبەروو لە شوێنگەلی جۆراوجۆرەو هاتوون و شارستانیەتی گەشەکردووی کۆنی بابلی و ئاشوری و فیرعەون و.. هتد بەرهەمی گەورە گەورەی عەقڵ و شارستانیەتیان بەجێهێشتووە و لەپاشان ئەوان رۆیشتوون و شارستانیەت و عەقڵی نوێ پەیدابووە، جێگیری و ئامادەبوونی شارستانیەتن، یان عەقڵگەلێ لەسەردەمێکدا مانای وشکبوونەوەی ئەو عەقڵانە نەبووە بۆ هەتا هەتایی، بەڵکو کۆنبوونیان بووە و بەدوایاندا شتی نوێ هاتووە، ئەم نوێبوونەوەش، بەمانای سڕینەوەی یەکجارەکی ئەوانی دی نەبووە. گەر هەندێکیان لە سەردمێکدا گەشەکردوو بووبێت لە سەردەمێکی تردا هەندێکی تریان گەشەی زیاتری کردووە و، رەنگە هەزارانیشی تووشی مەرگ بووبێ. لابرویر وتەنی: (ئێمە کە ئەمڕۆ ئەوەندە بە مۆدێرن دێینە پێش چاو، چەند سەدەیەکی تر چەندێ کۆن ئەبین)[٣]

ئەم روانینە لەوەوە سەرچاوە ئەگرێ، کە عەقڵی مردوو و عەقڵی زیندوو هەیە، بەڵام عەقڵێ نیە کە پەتی و دابڕاو لە دەوروبەر و سیحراویانە خوڵقابێت، ئەمە وەهمێکی لووت بەرزانەیە.

ئەم راستی یە لە فیکری فەلسەفەی دیکارت پەیوەندی بە بیری گومان و یەقینەوە هەیە. دیکارت وای دەبینێ کە منی بیرکەرەوە واتە (منی) داهێنەر، واتە (مـن) ی ئامادە، واتە (مـن) ی بوون. لەنێوان (بوون) دا ئەتوانرێ سنووری مەرگ و زیندوێتی دەست نیشان بکرێ. بۆیە لای دیکارت ئەکشنی خوود هەمو ئەکشنەکانی تری دەرەوەی خۆی دەست نیشان ئەکات (دیکارت یەکسەر لە رێڕەوی بیر و (من)ەوە، بۆ لای خۆی رێگائەبڕێ، بەڵام ئەم قەوارەیە بەتایبەت لە دانپیانانی پێکهاتووی (منی بیرکەرەوەدا) لەدایك ئەبێت)[٤]

من، بیر دوو دەستەواژەن لە مەودای لێکدانەوەی هەموو پەیوەندیەکانی خوود بە دەوروبەرەوە بەدەرئەکەون، واتە لە رێی ئەم چەمکانەوە



هایدگەر

ئـەتوانرێ بڕیـار بدەیـن کـە چ شــتێ زینــدووە، چ شـــتێ مــردووە، چ دەقــێ ئــەتوانێ بـەردەوام بێـت و درێــژە بــە ژیــانی بــدات و چ دەقێـــك ئــەتوانێ ئــەو ســنوورانە ببەزێنێ کە ڕێی لێ‌ئەگرن بۆ چوونــە دەرەوە، لــە ڕێــی یــەکێتی نێــوان قــەوارە و بیرەوە ئەتوانرێ سەربەستی بەدەست بهێنرێ.

دیکـارت لــەم مەودایــەوە ئەڕوانێتـە دەقـی فەلسـەفی و دیـــاردەی فەلســـــەفی و پەیوەندیەکانی (مـن) لەگـەڵ دەرەوەی (مــن)، هــەروەها ســووربوونی عــەقڵ لەســـەر بڕینی سنووری نێوان خـۆی و دەرەوەی خۆی.

ئـەم حەقیقەتــە لەلایــەن زۆربـــەی فەیلەســـووفە (ئیکســـتیتالیزم)ەکانـــەوە ئامـاژەی بۆ کــراوە، بوونــی مــرۆڤ لــە بوونــی چالاکییەکانیــەوە و بوونـــی پەیوەندیەکانیەوە بەدەرئەکەوێ. ڕەنگـە بوونێـك لـە دەرەوەی گرفتـە خوودیەکان هیچ مانایـەکی نـەبێت بەڵام بوونی لەگەڵ پەیوەندی‌یە خوودیەکان مانایەکی هـەبێت، یـەکێك لـە گرنگـترین پەیوەندیـەکانی بـوون لــەلای کیرکیگـــارد ئەوەیــــە کــــە ئــــەبێ بــیر پاشکەزبوونەوە نـەبێ لــە بوونــی خــوودی خــۆت، کیرکیگارد پێچەوانەی ڕاکانی دیکارت بڕوای بەوەیە کە هەر بیرێ ئەگـەر درکی بـە شـتەکان نـەکرد ئـەوا مردووە. واتە بیر بۆ بوون و درك پێ‌کردنـە. ئـەتوانم بیر لە هەموو شتێك بکەمــەوە، مەبەست لەوەیـە کـە هەم زیندووم، بـەڵام ئەگـەر ئـەو دیاردەیـەم خوڵقاند مانای بیرێکی نەمرم دامەزراند. (ئەتوانم هەموو شتێك نـەفی بکـەم، تـەنیا خودی خـۆم نــەبێت، تەنانــەت ئەوکاتەی کە ئەشخەوم، ناتوانم خۆم لەبیربکەم)[٥]

بــەم جــۆرە بــەپێی ڕای کیرکیگــارد زۆربـــەی ڕاستیەکان لەوکاتانـەدا هەست بـە مردنـی ئەکـەیت، کەلــە جەســتە و نــاخی ڕاســتەقینەی بوونـــەوە نەیەنـەدەرێ. کەواتـە بـەپێی بۆچوونـی کیرکیگـارد بــوون لەوکاتانــەدا ئامادەیــە هــەموو نــاخی بــەو پەیوەندیانەوە پەیوەست بکات کە لە ناوەوەی ناخی خۆیەتی.

بۆ نموونە نووسەر لە نووسین دا ئەتوانێ دیاردە مردووەکان ئاشکرابکات، وەك مردنی ویژدان، مردنی ڕاستی، مردنی هۆش، بەڵام بەئاشکرا و بە ڕاشکاوی ناتوانێ پێ لەسەر مردنی بوون داگرێ.

مردنی بوون.. ئەو مردنەیە هەستی پێئەکرێ لە ڕۆحێ کە نییە، بەڵام لە جەستەی زیندوودا هەستی پێناکرێ ئەبێ بدۆزرێتەوە، چونکە هۆش، داهێنان، لە جەستەی زیندووەوە دێنە دەرێ، بەڵام چۆن ئەزانین بوونێکی مردوون، ئەمەیان لە پەیوەندی‌دا دەرئەکەوێ. بۆ نمونە: نووسەرێ لە دیموکراتیەت ئەدوێ، بەپێی بۆچوونی و ئایدۆلۆژیەتی خۆی ئەو دیموکراتیەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی مەزنە و نەمرە.. بەڵام لە پەیوەندی ئەو دیموکراتیە لە دەرەوەی نووسەرەکە مەرگە و هیچ بەرهەمێکی نییە، تەنیا داپلۆسین و سەرکووت کردن نەبێ... یاخود داهێنەرێ لە وێنەکێشانی جوانترین نەخشەی ڕۆمانێك ئەگاتە دوا ترۆپك، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا تووشی جۆرە ڕەشبینیەك ئەبێ.

ئەمانە ئەگەر تا ڕادەیەك لە پەیوەندی لەگەڵ تیئۆری ڕێژەگەری‌دا بخرێنە قاڵبی ڕێژەیی لە ڕوانین و لە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خاوەن دەق. بەڵام لەگەڵ تیئۆری بوون دا، ئەوەیان شتێکی ترە. دەق ناتوانێ ببێ بە بوون ئەگەر بەسەر مەرگ دا زاڵ نەبێت، بەڵام چ مەرگێ؟ بێگومان هەموو ئەو مەرگانەی (بوونیگەرێتی) ئەو ئەخەنە بەر هەڕەشەوە.

مارتن هایدگەر ئەگاتە ئەنجامێ لەسەر مەسەلەی بوون کەوا بوون تێگەیشتنە لە مانای مەرگ. بڕوایشی وایە ئەگەر هەر فەلسەفەیە ئەگەر هات و لەبەردەم تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ گەردوون و بوون تووشی بن بەست بوو، ئەوا ئەو فەلسەفەیە لە مەرگێکی حەتمی‌دا ئەژی. واتە لای هایدگەر گرنگی فەلسەفە لەوەدایە کە لە مرۆڤ و بوون و تێگەیشتنی پەیوەندیەکان بگات، واتە هەر فەلسەفەیە لە دەرەوەی قەیرانەکانی گەردوون و مرۆڤ ڕاوەستا واتە فەلسەفەی مەرگە.

هایدگەر کە باسی بوونی ئەکرد مەبەستی لەوە نەبوو وەك فەیلەسوفێکی بوونگەری ناوی بەرن، بەڵکو مەبەستی بوو زیاتر لە مانای بوون قووڵبێتەوە. بۆیە لەم ڕووەوە هایدگەر چەندین لێکدانەوەی بۆ بوون کردووە، بەڵام لێکدانەوەکانی تا ڕادەیەك هێمنانە و دووربوون لە توندڕەوی، هایدگەر کە باسی لە بوون کردووە داینەبڕیووە لە پەیوەندیەکانی تر، واتە داینەبڕیووە لە هەست و هۆش و داهێنان.

هەوڵی‌داوە ئازادیەك ببەخشێتە زمان، بەو ئازادی‌یە سنووری مەرگ تەسك بکاتەوە. مەرگی فەلسەفە. ئەو مەرگەیە لە دەرەوەی داهێنانەوە تەماشای ئەکات.

لێرەوە سنوورێك بۆ ڕاقەکردنی بوون و پەیوەندیەکانی بوون لای هایدگەرشێوەی ناکامڵی بەخۆیەوە گرتووە.. ئەو لە بوون دا تەنیا وەك هەست و بوونی جەستەیی ئەڕوانێتە ژیان. لە مەرگ دا لەو ڕاستی‌یە ناکۆڵێتەوە، ئایا بوون چ مەودایەکی هەیە؟

مەرگ دیاردەیەکە لە دەرەوەی بوون تەماشای ئەکرێ، باسی ئەوە ناکات ئایا مەرگ چی‌یە و لە چ حاڵەتێکدا ئەتوانرێ ناوی مەرگی لێ‌بنرێت؟ هەروەها لە چ گۆشەیەکی بوون دا مەرگ چووەتە قۆناغی سڕیوونەوە؟ ئایا مەرگ تەنیا لە نەبوون دا ئامادەیە؟.. ئەمانە و گەلێ پرسیاری دیکە، لێرەدا لەو لێکدانەوەیە لەمەڕ داهێنان و مەرگ ئەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێ.

## مەرگ

ڕەنگە مەرگ لەنێو تێگەیشتنی باودا بریتی‌بێت لە ڕاوەستان و نەمانی جووڵە و هەست و ئامادەیی، ئەم دیاردانە لەجێبەجێکردن و لە بینینی هەر گیانلەبەرێ یان زیندەوەرێکدا شتێکی ڕاستە. بەڵام لە

جەستەی دەق دا ئەمەیان باسێکی تره، لە دەق دا ئەو جووڵە و هەست و ئامادەیی‌یە لـە حاڵـەتێکی تردایە بەبێ‌ئەوە حاڵە باوەی جەستەی زیندەوەریش ئەتوانێ بەشێك بێت لە بەردەوامی و بەشێکیش بێت لە ئامادەیی، لـە هەڵسوڕاندنی گیان و ڕۆح.. بەڵام ئەو ئامادەیی‌یە بە مانا مەجازیەکەی مەرج نیە هەر تەنیا گیان بێت و هۆش بێت، بەڵکو ڕەنگە مەرگێ بێت لە بەردەوامی‌دا.

مـەرگی دەق لـە مـەرگی شـێوازەکانی خـاوەن دەقەوە دەست پێ‌ئەکات!! ئەو نووسەرەی کە بڕیار ئـەدات دەقـێ بنوسـێ لـە سـاتی بڕیاردانەکـەیدا، چارەنوسی دەقەکەی دیاریئـەکات. ئەگـەر هـات و خاوەن دەق پەنای بردە بەر شێوازێ کە لـە بناغـەدا مردبوو ئەوا دەقەکـەی بـە مردوویی لـەدایك ئـەبێت. پێش ئەوەی لە خـوودی خاوەنەکـەی جوودابێتـەوە. واتە ئەو شێوازە لە بناغەوە لە زەمینەیەکی مـردوودا بووە و هەر بە مردوویی رووی کردۆتـە نێـو دەقەکـە، ئەمـەش سـیمای ئـەو دەقانـەن کـە نـاتوانن هەنگاوهەڵـهێنن و لەسـەر رووی کاغـەز یـاخوود رووبەری ئامـادەی خۆیـان بـە مـردووی ئەمێننـەوە و ناشگەنە وەرگر. بـەڵام لـە لایـەکی دیکـەوە هـەندێ دەقـی دیکـە هـەن شـێوازەکانی مـردوو نـین، بـەڵکو زیندوون و بە زیندووی ئامادەن و لەسەر زەمینەیەکی پڕ لە گیاندان، بـەڵام شـێوازی مامەڵـەکردنی خـاوەن دەق بەرەو مـەرگی ئـەبات و ئەیشـێوێنێ هەربۆیـەش وەرگر هەتا هەتایە لەگەڵیا ناڕوات.

هەندێ دەقی دیکە هەن کە شـێوازی زینـدوون و بە زیندووێتی پێشکەش ئەکرێن و هەر بـە زیندوویش ئەمێنیـەوە.. ئەمەیان سیمای ئەو دەقە نەمرانەن کە ئەمێننـەوە. سـنوور و مێـژوو ئـەبڕن هـی هـەموو کاتەکان.

لـەنێو دەقێکـدا ئـەکرێ مـەرگ بـۆ ماوەیـەك و سـەردەمێ خـۆی حەشـاربدات و لـەنێو ڕاڕایـی و دڵەڕاوکی و سستی خۆی‌دا بمێنێتەوە، بەڵام ناتوانـێ هەمیشەیی بێت. هەر لەسەر ئـەم بۆچوونـە نموونـەی هـەندێ دەقـی زینـدوو بۆچوونـەکانی گـالیلۆ لـە سەرکێشی زەوی سەردەمی خۆی و پـاش سـەردەمی خۆی، بۆچوونەکانی سپینوزا لەمەڕ پرنسیپی یەکـەی نـاوەکی لـەبارەی یەکـەی قـەوارە وەك یەکەیـەکی دژەکـانی، یـان تابلۆکـانی ڤـان کـوخ و بەرهەمـەکانی کافکا کە ئەمانە هەر هەموو ئەو دەقانـەن کـە مـەرگ لە ناخیاندا خۆی حەشاردابوو بەڵام توانیـان بەسـەر مەرگ دا زاڵ بن و ئەو سنوورە ببـەزێنن کـە بڕیـاری یەکجارەکی خۆبەدەستەوەدان ئەدات و زاڵبن بەسـەر دیاردەی مەرگی ناخ و دەرەوەی خۆیان.

بـەڵام ناشبێ ئـەوەمان لـەیادبچێت کـەوا دەقـی زینـدوو هـەندێ جـاریش لـە گیـانی مـردووەوە جووڵەئەخاتـە نێـو دەروونـی خـۆی. مـەرگی دەق مەرگێکە لـە دەرەوەی دەقـەوە یـان لـە ناخـەوەی دروست ئەبێت. دەقی زینـدوو ئـەتوانێ هـەموو کاتـێ زیندوو بێت، بـەڵام ئەشتوانێ لەسـەر ئـەو زەمینەیـە دروست بێت کەوا بەتەواوی مردووە.

واتـە لـەپڕ و لەئـەنجامی کۆمـەڵێ کـارلێکردن لـە ناخی زەمینەیەکی وشکدا، گەڵای سـەوزی ئـەو ژیانـە بەدەرئەکەوێ، ئەمەیان لـە زمـانی رەخنـەیی‌دا پـێ ئەوترێ داهێنان.

بـەڵام زەمینـەی ئـەم جۆرەیـان لـە سـەردەمە کۆنـەکان دا بـەجوانی دەرئەکـەوێ و لـە ئێسـتادا لـە چـەند بەشێکی دەقـی مرۆیـی‌دا هـەندێجار ئـەبینین ڕووئـەدات، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی و لـە زۆر ڕووەوە لـە ئێسـتادا زەمینەیـەکی سسـتی هەیـە، بـە دەگمـەن گوێمـان لـە داهێنـانی زینـدوو ئـەبێ لـەنێو مردوودا. لە سـەدە هەرەکۆنـەکانی داهێنـان شـیعری مەزن و ئەفسانەکان و شانۆ و سەردەمی سەرهەڵدانی یەکەمین چالاکی مۆسیقی و شانۆیی و سیمفۆنیا یـان سەرهەڵدانی عەقڵی پیشەسازی و داهێنانی یەکـەمین ئامێری خودبەخودو. فڕۆکە و ئۆتۆمبێل.. هتد.

ئەمانـە نموونـەن لەسـەر ئـەو حاڵـەتی داهێنـانی زیندووانـە لـەنێو مـردوودا، ئەمـەیان لـە چالاکی‌یـە جۆربـەجۆرەکانی مـرۆڤ دا بـەجوانی دەرئەکـەوێت.

بەڵام داهێنانی زیندوو لەنێو مردوودا لەم سەردەمەی ئێستادا چووەتە قۆناغێکی دیکەوە ئەتوانین ناوی لێ بنێین بەردەوامی دان بە داهێنان یاخود بەردەوامی بە داهێنانی زیندووتر لەنێو داهێنانی زیندوودا. لەم بارەیشەوە ئەتوانین نموونەی کۆمپیوتەر و (لێرەدا مەبەست لە کۆمپیوتەر وەك دەقێکی زانستی لێی ئەڕوانین) وەچە یەك لەدوای یەکەکانی کۆمپیوتەر باس بکەین، سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی یەکەمین بیری کۆمپیوتەر داهێنانی زیندووبوو لەنێو مردوودا، بەڵام پاشان کۆمپیوتەر لەو داهێنانە سستەدا نەوەستا بەڵکو گەشەی کرد لە وەچەکانی فۆرتران و بایسك و دۆس تا ویندۆو گەشەی بەخۆی داوە، هەر گەشەدانێك شتێ نەبووە لەنێو کۆمپیوتەردا خولقێنراوە، بەم کارەش داهێنانێکی دیکە خراوەتە نێو کۆمپیوتەرەوە، واتە داهێنانێکی زیندووتر هاتووەتە کایەوە. بەمەش ئەو داهێنانە ژیانێکی ئەخرێتە پاڵ ژیانەکەی تری کۆمپیوتەر، یان تەمەنی زیندووی بە شتی نوێ زیندووتر ئەکرێتەوە، ئەم نموونەیە لەگەڵ زۆربەی داهێنانە دەقیەکانی مرۆڤ دا راستەو ئەگونجێ، داهێنانێ زیندوویەکی ئەوەندە سەقامگیر ئەکات کە زۆر سەختە بەئاسانی بەرەو مەرگ بڕوات.

لە دەقەکانی تریشدا ئەم حاڵەتە راستەو ئەگونجێ. لە نووسین و شانۆ و سینەما و تابلۆ و پەیکەر و.. مۆسیقا و زانست دا گرنترین پەیوەندی ئەوەیە کە بەردەوامی و مانەوە هەبێت، مانەوە بۆ ژیانێکی درێژخایەن..

لە ئەمڕۆی دەق دا، مەرگی پەیوەندی دیسان مەرگێکە زیاتر گەشەئەسێنێ، مەرگی پەیوەندی زۆرجار پەیوەندی نیە بە زیندوویێتی و مەرگی دەقەوە، بەڵکو پەیوەندی بە ململانێوە هەیە. واتە ململانێ لەنێوان ئەو دەقانەی کە زیندوون، ئەم ململانێیە لە دنیای سەرمایەداریدا پێی ئەوترێ ململانێی بازاڕ، لە دەق دا ئەکرێ ناوی لێبنێین ململانێ چێژ و گەیاندن.

ململانێی چێژ و گەیاندن لە دەق دا لەو مەدارەدا ئەسوڕێتەوە کە تا چ رادەیەك ئەتوانێ بەنێو درکەزێی ئەو پێدەشتەدا هەنگاوهەڵهێنێ. ئەمڕۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەق دا ئەو مامەڵەکردنەی بازاڕە کە تیایدا کەل و پەل هەراج ئەکرێ، جوانی و نەمری دەق لە زۆر فرۆشتنیدایە، زۆربەی ئەو دەقانەی کە ئەیانەوێ بە نەمری بمێننەوە ئەبێ لەنێو خانەی گەیاندن و چێژدا هەوڵی ئەوە بدەن کە جێگایەك بۆ خۆیان بکەنەوە.

کە ئەڵێم یاسای بازاڕ مەبەستیشم لەوە نیە کە دەق وەك بووکەسەماکەرەیەك خۆی بخاتەروو، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە دەق ئەبێ لەنێو ئەو ململانێی گەیاندنە بۆئەوەی نەمری خۆی بپارێزێ ئەبێ تا ئەوپەڕی توانا ئەو یاسایە پەیڕەو بکات کەوا ئەیگەیەنێ بەوەی کە ببێ بە دەقێکی زیندوو. نەك پەیڕەوکردنی یاسای دەست بەستوانە و کەلەپچەکردنی دەستی دەق و ماف پێنەدانی بە جوڵانەوە و بزوانن.

ئەو هۆکارانەی کە بەشداری لە مانەوەی دەق ئەکەن وەکو دەقێکی زیندوو شێوەی خستنەڕووی ئەو جیهانەیە کە وێنەی ئەکێشێ و هەروەها نزیکی خاوەن دەق لە شێوازەکانی زیندوویێتی، هەر لەم مەودایەوە ئەتوانێ ئەو بابەتانە هەڵبژێرێ کە چێژی هەمیشەیی ئەبەخشنە جیهانی مانەوە و جیهانی گەیشتن بە وەرگر.

دیارە هۆکاری دەرەکیش هەندێ کات رۆڵ ئەبینن لە گەیاندن و مەزن کردنی چێژی دەق، بەڵام ئەو حاڵەتە شتێکە کاتیە و پەیوەستە بەو کەش و فەزایەی بۆی دروست ئەکرێ.

ئەمڕۆ دەق لەگەڵ دوێنێدا جیاوازیەکی قووڵی هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەی لە جیهان دا رووئەدەن، ئەمڕۆ چێژ لە هەموو ساتێکدا لەبەر هەڕەشەی مەرگ دایە، ئەو دەقانەی دوێنێ گەورەترین چێژ بوون بۆ دەستەیەکی مەزنی مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ نەك تەنیا چێژ نین، بەڵکو تام و

ناویشیان بیرچۆتەوە، ئەو دەقانەی لە خوێندنەوەیەکدا رۆحی هەزاران کەس بۆی ئەبو بە قوربانی. ئەمڕۆ وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە، چێژ لە پەیوەندی لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا هەڕەشە لە نەمری دەق ئەکات، لە بازاڕی ئەوروپادا بەو مانایەی گەورەترین بازاڕی دەستنیشانکردنی چێژە، دەقەکان تووشی نائومێدی بوون.

دەیەهاو سەدەها مۆسیقا و کتێب و داهێنان تەنیا لە دووتوێی کتێبخانەکاندا جێگایان ئەبێتەوەو، بگرە لە هەندێ کات دا بە زۆر جێی خۆیان ئەکەنەوە، بەڵام راگەیاندنێکی مەزن بۆ هەندێ لەو دەقانەی کە رەنگە هیچ جۆرە چێژێکی ئیستاتیکی و جوانکاری تیادا نەبێ، بیکات بەو دەقە مەزنەی کە مرۆڤەکان کوچە و کۆڵانەکانی بە دوودا بگەڕێن و خۆیان بکەن بە قوربانی ساتەکانی.

ململانێی بازاڕ داوا لە دەق ئەکات کە خۆی ماندوو نەکات تا ببێت بەدەقی جیهانی، بۆیە زۆربەی دەقە مەزنەکان لە سنووری تەسکی دیاریکراودا ئەمێننەوە، ئایا ئەمە مانای وایە کە هەموو ئەو دەقانەی بە رەواجن و مەزنن هەر ئەوان مافی ئەوەیان هەیە ببنە دەقی مۆدە و لەنێو دڵ و دیدەی وەرگردا جێی خۆیان بکەنەوە؟ یاخود حاڵەتێکە لە ژێر کاریگەری دیکەدا دێتەکایەوە؟

گومان لەوەدا نیە کە هەموو داهێنانێکی مەزن گەر لە سەردەمێکدا بەسەرکزی لە کوچە و بنمیچەکان دا بنووێ‌و بەڵام زیندووە و ئەمێنێتەوە، ئەمڕۆش ئەو دەردی بەدەرنەکەوتنە حاڵەتێکە لە بازاڕی ئەمڕۆدا بە گەشەکردوویی ئەبینرێ، ئەرکی دەق لەمڕۆدا گەورەترە بۆ ئەوەی پەیوەندی و چێژ دروست بکات. گەورەتر لە چۆنیەتی سەرشۆڕکردن بەو دەقانەی بەهاکانی جوانی و نەمری ئەکوژن، ئەم کارەش هێزی داهێنانی ئەوێ.

لە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژدا لەگەڵ دەق دا ئەگەینە ئەو ئەنجامانەی کە بازاڕ هەندیجار خیانەتی مەزن لە دەقی داهێنان ئەکات. ئەوەی ئەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کەوا لەم دنیایەدا کەمبودیەکی بێشمار هەیە، ئەوەندە ناتەواوی زیاد بووە، رەنگە جێگای ناتەواویەکی دیکە نەبێتەوە.. بوونی دەق لەو بازاڕەدا بۆئەوە نیە کە تەنیا شمەکێك بێت و گەردی زەمانە لەسەری بنیشێ، دەق کە لەدایك ئەبێت ئەیەوێ ئەوسنوورەی ببەزێنێ کە رێگرە لەبەردەم گەشەکردنی، بەڵام ئەو دیاردەی بازاڕە، بوونی دەق، بوون داهێنان ئەخاتە بەر هەڕەشەی وابەستەی مەرگ. خۆ ئەگەر بوونی دەق بەپێی بۆچوونی هایدگەر وەك بوونی مرۆڤ وابەستە بێت بە چەمکەکانییەوە، ئەوا پرسیاری گرنگ دەربارەی ناسین ناسی و زانین ناسی دێتە ئاراوە، چونکە لەو وەزعە ئاڵۆزەدا ئەرکی عەقڵ ئەوەیە بتوانێ راستیەکان و زیندووەکان بزانێ و بیانناسێت و لەو بەشانەی کە چوونەتە خانەی مەرگەوە جیایان بکاتەوە.

هەموو لێکدانەوەکان سورن لەسەر ئەوەی ئەو ئەندێشەی کە لە دەرەوەی داهێنانەوە کارئەکات، تووشی جۆرە نامۆبوونێ ئەبێت لەگەڵ وەرگر، لەئەنجام دا نە وەرگر لەو ئەگات، نە ئەویش ئەزانێ پرسیارەکانی وەرگر چین و ناشزانێ چۆن بونیادێ دروست بکات. کە نەشزانی بونیادنان چیە ناتوانێ ئەو یەکانە بدۆزێتەوە کە پێویستن بۆ بونیادی ئەو دەقەی بونیادی ئەنێ، لە دەق دا ئەوبونیادنانە لە ئەندێشەوە دەست پێئەکات.. دەست پێکردنە کە حاڵەتێکی هۆشمەندی هەیە، بەڵام داهێنانەکە هەندێ جار لەژێر کۆنترۆڵی هۆش دەرئەچێت نموونەی ئەم کارانە لە رۆمانەکانی جیمس جویس و دیستوفسکی و گابریل گارسیا مارکیز و شیعرەکانی رامبۆ و ئەدۆنیس و شێرکۆبێکەس.. و لە کارە مۆسیقیەکانی بتهۆڤندا زۆر بە جوانی دەرئەکەون.

کاتێ خاوەن دەق لە دەرەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەق دا لەگەڵ جێگا و فەزای دەقەکە مامەڵە ئەکات تووشی جۆرە رامانێ ئەبێت، ئەو رامانە بەرەو ئەندێشە و بەرەو پێشکەشکردنی ئەبات (یۆنانیەکان

وشەی tikto یان بەکارهێناوە بۆ وشەی (دروست کردن یاخود بەرهەم هێنان واژەی techne (تەخنە) یان تەکنیك لە ریشەی (tec) بەبۆچونی یونانیەکان نە بە مانای هونەر و نە بە مانای سەنعەت کاری، بەڵکو زیاتر بە مانای نواندنی شتێکە لە دەرونی ئەو شتەی کە ئامادەیە، هەروەك ئەم شتە یا ئەو شتە، لەم رێگایەوە یا لەو رێگایەوە)[٥]

مەبەستی یۆنانیەکان لەو (تەخنە) واتە خوڵقاندنی شتێك لە دەروونی شتێکی تردا، بۆیە جێی گومان نییە ئەگەر دەقێ بەهەموو توانایەوە بیەوێ لەژێر رکێفی خاوەنەکەی دەربازبێت و خۆی هۆش بەرهەم بهێنێ. ئەم بەرهەم هێنانە لە دەرەوەی هۆشی خاوەنەکەی بەداهێنانی دەرەوەی هۆش ئەژمێردرێ، بەڵام نەك ئەو ناهۆشمەندیەی کە دەق تووشی گێژی و ناتەواوی ئەکات ئەیخاتە ئەو گێژاوەوە کە ئیتر نەتوانێ پەیوەست لەگەڵ دەرەوەی خۆی دروست بکات.

پەیوەندی دەق پەیوەندیەکی ئاڵۆزە ناکرێ لەیەك گۆشەنیگاوە تەماشای بکرێت، مەزنی دەق لە مەزنی ئەو پەیوەندیەدا دەرئەکەوێت، کەوا لەگەڵ تەوەرەکانی دەوروبەی خۆی دروستی ئەکات.

ئەگەر لەم پێودانگەوە تەماشای دەق بکەین ئەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەبێ زۆربەی زۆری سامانی دەقی مرۆڤایەتی بەیەکجاری لەنێوخانەی دەق دا بکرێنە دەرەوە بە واتا ئەو دەقانە بەرەو هیچ و پوچی ئەچن یان بە واتای نیچە ئەخزین، (هەرچی پەلەتر لە چەقەوە ئەخزێنە خوارەوە: بەڵام بۆ کوێ؟ بەرەو هیچ؟)[٦]

ئەو خزانە لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە دەست پێئەکات ئەتوانین ناوی جۆراوجۆری لێبنێین. هەرەس، داتەپین، روخان، بەتاڵ بوونەوە.. هتد. هەریەك لەم چەمکانە دەلالەتن بۆ هیچ و پووچێتی و بۆ مەرگی خۆیان.. زۆر لە فەیلەسوفەکان مشت و مڕی گەورەیان لەسەر ئەوە کردووە ئاخۆ دەق تا چ رادەیەك ئەتوانێ لە راگرتنی مرۆڤ و پاڵپشت کردنی بەشداربێ، زۆربەیان تووشی گومانن لە بەرامبەر دەق و ئەشڵێن کە دەق دو رۆڵ ئەبینێ، یەکێکیان روح کردنە بە بەر ئەو دیاردانەی پێویستیان بە ژیانە و دوەمیان لێسەندنەوەی ژیان بەو دیاردانەی مرۆڤ پێویستێتی بۆ بەردەوامی و هەمیشەیی.. هەروەها لە مشت و مڕیان لەسەر ئەم جۆرەو لێکدانەوانە پەنایان بردۆتە بەر رەخنەگرتن لە عەقڵی مرۆڤایەتی، واتە لە رەخنەی دەق ئەچنە دەرەوە بۆ رەخنەگرتن لە هەموو عەقڵی مرۆڤایەتی.. دیارە زۆرجار ئەگاتە حاڵەتی گومان لە راستیەکان. ئەم دوو رەخنەیەش لە مشت و مڕی زۆربەی ئەوانەدا هاتوون کە وبستوویانە پەیوەندی لەنێوان دەق و خاوەن دەق دا لێك بدەنەوە، ئەوانەی کە روانینی یەك لایەنە ئەخوێننەوە بڕوایان وایە کە رەخنە لە خاوەن دەق بەرەو هەموو کێشەکانمان ئەبات، بەڵام تیپەکەی تر ئەم لایەنە بە ناوەندی دائەنێن و کێشەی سەرەکی لە خودی دەق خۆیدا ئەبینن.

دیارە پەیڕەوانی رەخنەگرتن لە عەقڵ و داهێنانی عەقڵی خاوەن دەق هەمیشە بەراوردکاری دوو لایەنە بەکارئەهێنن.

بۆ نموونە هەر کەسە و بەشێوازی خۆی رەخنە لە عەقڵ ئەگرێ. عەقڵی دەقی مردوو ئاوڕ لەو رەخنانە ناداتەوە و بەردەوام ئەبێ لە مردووێتی خۆی. بەڵام دەقی زیندوو رووئەکاتە هەموو مەوداکان بۆ گەشەدان بەخۆی، رەنگە دەق کە پابەندە بە ئایدۆلۆجیا و پابەندە بە هەندێ رێچکە و ستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دەربڕینی رایەکانی خۆی، گرنگ ئەرکەکانیدەق هیچ کەسێ دیاری ناکات بەڵکو خۆی مەودای خۆی دیاریئەکات، خۆی ژیان و مەرگی خۆی دیاریئەکات.

هەروەها ئاماژەمان بە هەڵوێستی فەلسەفی کرد لەمەڕ مامەڵەکردن لەمەڕ دەق، دەق لە پەیوەندی دا لەگەڵ وەرگر و شیکەرەوەکەی ئەچێتە قاڵبێکی ترەوە (شیکەرەوە گرنگی ئەدا بە پەردە لادان لەسەر ئەوەی کە ئاڵۆز و شاراوەیە)[٧] واتە

ئاشكراكردنی ماناكانی و واته بەرەو جێگۆڕكێكردنی تایبەتمەندیەكان.

لەلای شیكەرەوەی رەخنەیی دەقی نووسراو دەقێكە پەیوەندی بە سیمبول و هێما و نیشانەوە هەیە كە ئەركی عەقڵی لێكدەرەوە ئەوەیە درك بەو شاراوانە بكات، لە دەقەكانی تردا بۆ نموونە ئابینی.. لەم بارەدا هەست و قوڵپەدانی ناخ و وروژاندن لەگەڵ ئەو ساتانەی كە دەق ئەگاتە رۆح و جەستە تاكە پەیوەندییە كە ئەتوانێ بڕیاری زیندووی دەق بدات و لەنیوان حەقیقەت و دەق دا بەردەوامیەك بەرپا بێت، هەر لەمەڕ دەقی وروژێنەرە ئەفسانەكان و حیكایەتە كۆنەكان لە زیندوویەتییەكی ئەوەندە بەردەوامدان كە تا ئێستاش مێشكی مرۆڤ توشی رامان ئەكەن. ئەمە و هەندێ جار دەق مرۆڤ لە رێچكەی خۆی ئەترازێنێ بۆ نموونە دەقی ئابینی رۆح كە مرۆڤ ئەكاتە بەشێ لەو دەقانەی خودی نێو ئاینەكە.

هەروەك سارتەر لە مەسەلەی بوون دا بڕوای وابوو كە هەموو زیندەوەرێ ئامادەیی خۆی لە هۆش دا ئەبینێ، بەو مەرجە كە لە هۆش دا هەست بەو بوونە ئەكا، ئەگەر لە هۆش دا بوون ون بوو كەواتە نەبوون دێتە ئاراوە. بۆئەوەی كە هەبین پێویستمان بەو تیئۆرەیە كە ئەڵێ بیسەلمێنە كە هەیت؟؟ ئەمە لە بوونی دەق دا بەوشێوەیە لێك ئەدرێتەوە كە دەق سەلماندنی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا بڕیار ئەدات و بوونی خۆی لەو نێوەندەدائەبینێتەوە. لە تێگەیشتنی فەلسەفیدا چركەی وەستان، واتە نەمان، وەستانی بوون واتە مەرگ نەمانی ئەو پەیوەندییە جەدەلیەی نێوان رۆح و ژیان، لە لێكدانەوەی فەلسەفی بوون تەنیا بریتی نییە لە بوونی ژیان، بوونی گیان، بەڵكو بوون (لە چوار جۆردا ئامادەیە، بوون لە بەرچاویدا ئەویش وەك واقیع و دیاردەكانی، بوون لە زەین دا وەك روانین و چەمكەكانی، بوون لەدەستەواژەدا وەك دەنگ و نوتقەكان، لە نووسین دا وەك نیشانەكان و پیتەكان)[8].

بوون لە هەموو ئەو بوونانەی سەرەوە بە هەموو دیاردەكانییەوە بەشێكن لە دەق و دەقیش بەشێكە لەوان، كە دێتە سەر باسی بوون و مەرگی دەق مەبەستمان یەكێكە لەو چوار بوونانە، لە هەموو لێكدانەوەكانی مرۆڤ دا بوون وەك جۆرێ لە جۆرەكانی ئامادە، دەقیش كە چالاكیەكە لە چالاكیەكانی مرۆڤ، كەواتە ئامادەیە لەنێو ئەو بوونانەبەڵام كەی مەرگ وەك دژی بوون دێتەكایەوە، ئەمەیان ئەو پرسیارە گرنگە بوو كە لەم وتارەدا بەهۆیەوە ویستمان بگەینە وەڵامێكی بنبڕ؟

**پەراوێزەكان:**

١-كتاب تردید، بابك احمدی - تهران - نشر مركز ١٣٧٤ چاپ أول ل٧٣.

٢-سەرچاوەی پێشوو ل٤٩.

٣-سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦.

٤-الفكر العربي المعاصر من السلبية المنهجية الى السلبية التكوينية / الحرية والوجود من الفكر الحديث: د. بشارة صارجي. ص ٢٤.

٥-ساختار و تأویل متن ٢ شا لودەشكنی و هرمنوتيك - بابك احمدی چاپ أول ١٣٧٠.. ل ٣٩٣-٣٩٤.

٦-جینالۆجی رەوشت - نیتشە - وەرگێڕانی بۆ زمانی هۆڵەندی: تۆماس خرافدایك:

Genealogie der moraal – Friedrich Nietzsche – vertald door Thomas Graftdyk – U.D.A. Amsterdam ١٦٨ ل.

٧-الممنوع والممتنع نقد الذات المفكرة.. علي حرب - المركز الثقافي العربي الطبعة الاولى ١٩٩٥.. ص٦٧.

٨-سەرچاوەی پێشوو ل ١٢.

عەلی ڕەزا مەناف زادە
وەرگێڕانی عەزیزئالی

# مێژووی پرشنگدار

## تۆژینەوەیەک دەربارەی ڕوانگەی ڕووناکبیرانەی ئێمە بەرامبەر بە ڕابردوو

### دوو قسە

یەکەم:

لە وەرگێڕانی ئەو وتارەدا وشەی (نەتەوە) زۆرجار وشەی (گەل) جاروبار لەبری (میللەت nation) بەکارهاتووە. بەڵام چونکە لە (کاتەونکەی مێژوویی) دا نوسەر باسی جیاوازی مانای کۆن و تازەی وشەی (میللەت) ی کردووە، لە تەرجمەدا هەندیجار هەر ئەو وشەیە دەکار کراوە.

دووەم:

کەم وا هەیە نووسراوی قەڵەمی بێگانە پەیوەندی بە (کورد)ەوە هەبێ و لە هەڵە و کەمایەسی یا تەنانەت بەدخوازی و نەیاری بەدووربێ. هەر بۆیە کاتێ ڕووناکبیری کورد دەیەوێ بەرهەمێکی وا وەرگێڕێتە سەر زمانی خۆی، ناچارە پەراوێزی بۆ بکا، چەوتی و هەڵە ڕاست بکاتەوە یا پەردە لەسەر غەرەز و مەرەز هەڵدەداتەوە. ئەم وتارەش هەرچەند لە ڕوانگەیەکی زانایانە و ڕاستی خوازانەوە نووسراوە، بەداخەوە کامڵ و بێعەیب نیە.

بەلای منەوە بیرو ڕای نووسەر، هەڵدەگرێ، بە وردی شیبکرێتەوە و بەشێوەی زانستی ڕەخنەی لێبگیرێ؛ بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە دێتە سەر (مەسەلەی کورد) و ناسیۆنالیزمی کورد) جا ئەگەر من لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ئەم کارەم لەدەست نەهاتووە، هیوام وایە مێژووزانەکانمان خۆی لێنەبوێرن.

وەرگێڕ

**ئەم وتارە تەرجەمەی لێکۆڵینەوەیەکی فارسییە بەناوی (تاریخ پرافتخار) کە لە گۆڤاری (نگاه نو) دا چاپ کراوە: ژمارە ٣٦ (بەهاری ١٣٧٧ هەتاوی) تاران، لاپەڕەی ١١٩ تا ١٤٣.**

ڕووناکبیرانی ئێرانی زوربەیان لە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستانەوە دەڕواننە مێژووی ئێران. ئەم چەشنە ڕوانینەش هەستێکی تایبەتی لەگەڵە و هەڵسەنگاندنی دژوارە چونکە ئەو کەسەی هەڵیدەسەنگێنێ و شتی لەسەر دەنووسێ، تەنیا لەتەك مێشکی خوێنەردا سەروکاری نیە بەڵکو لەگەڵ دڵیشی ڕووبەڕووە. جا هەر ڕووناکبیرانی ئێران وانین؛ لەناو ڕووناکبیرانی عەرەب و تورکیشدا زۆرن ئەوانەی لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستانەوە تەماشای مێژوو دەکەن. ئێمە لەم وتارەدا ئاورێك لە چۆنەتی ڕوانینی مێژوویی ئەوانیش دەدەینەوە.

بەش بە حاڵی ئێران، گەرای ئەم جۆرە ڕوانینە لە بزووتنەوەی (مەشرووتەخوازی)دا گۆڕا، جا با بزانین ئەم ڕوانینە لەسەر بناغەی کام لێدوان



عەبدول حسێن زرین کوب

(Discours) ی مێژوویی دامەزراوە و ئەو هەستەی ئاوا چڕوپڕ دەورەی تەنیوە لە کوێوە سەری هەڵداوە و بەکاری چ دێ؟ چۆن لە ئاکاری سیاسی و فەرهەنگی (سەقافی) ڕۆشنبیراندا دیاری دەدا و چ ئەنجامێکی بووە و چی تری بەدواوەیە؟

داریووشی ئاشوری، خاوەن بیری ئێرانی، پێشتر لە چەند وتاری هێژادا هەندێ لەم پرسیارانەی هێناوەتە گۆڕێ و زۆر ژیرانە بیری لێکردوونەتەوە. وتارەکان لەگەڵ چەند وتارێکی منا لە کتێبێکدا بەناوی ئێمە و مۆدێرنایەتی[1]، لە خاکەلێوەی ١٣٦٧ ی هەتاویدا لە تاران چاپ کراون. لەم باسەدا زۆرم بەهرە لە بۆچوونەکانی ئەم زانایە وەرگرتووە. من لام وایە مێژوونووسانی ئێرانی لەسەریانە بۆچوونەکانی ئاشوری بە وردی موتالا بکەن و کەڵکی لێوەربگرن.

نووسینی مێژوو بەشێوەی نوێ، شێست – حەفتا ساڵ دەبێ لە ئێرانا برەوی پەیداکردووە بەڵام هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی روانگە و لێدوانی مێژوویی لە کاری (مێژوونووسین) ی ئێمەدا هێشتا جێیەکی ئەوتۆی بۆ خۆی نەکردۆتەوە. بیر و هۆشمان بە تەرزێکی نەخۆشانە لە تەنگەژەی رابردوودا گیری خواردووە. رەنگە لە دنیادا کەم نەتەوە هەبێ وەك ئێمە دیلی دەستی رابردووی خۆی بێ، هیچ گومان لەوەدا نیە کە یەکێ لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم دەردە چۆنەتی روانینی ئێمەیە بۆ مێژووی خۆمان. بە وتەی روونتر هۆیەکی گەورەی ئەم راستی‌یە کە ئاوەز و هزری ئێمە بەشێوەیەکی خەم هێنەر لەبەندیخانەی رابردوودا قەتیس ماوە، لێدوانێکی زاڵی مێژوویی‌یە کە پاش بزووتنەوەی مەشرووتەگەری، لە ئێرانا پەیدا بووە. لێدوانێکی کە رابردووی ئێرانیش پێش ئیسلام و پاش ئیسلام هەردوو دەگرێتەوە، ناوەرۆکی ئەم لێدوانەی مێژوو چیە و لە چ هەل و مەرجێکا بەدی‌هاتووە؟

## ١-مێژوو، هەتوانی برین و دەرمانی سستی

بۆ ناسینی کاکڵی ئەم لێدوانە مێژوویی‌یە وا باشە لەپێشدا سەرنجێك بدەینە قسەی عەبباسی ئیقباڵی ئاشتیانی کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی مێژوونووسینی

نوێی ئێران. ئیقباڵ لە پێشەکی مێژووی مەغۆل دا کاتێ دێتە سەر باسی بەرهەمەکانی حەسەنی پیرنیا (موشیروددەولە) دەربارەی مێژووی کەونارا، دەنووسێ:

"هەرکە دوو بەرگی تری ئەم کتێبە بەنرخە (مێژووی ئێران لە سەرەتاوە تا بەرایی ئیسلام) بڵاوبێتەوە، خەڵکی ئەم سەردەمە کە لە حاڵ و نەقڵی‌پێشینانی خۆیان بە گشتی و لە ئێرانی کەونارا بەتایبەتی — ئەویش بەشێوەی موتاڵای زانستی — تەواوێك نائاگادارن، ئاسۆیەکی تازە دەکەوێتە بەرچاویان و بە خوێندنەوەی سەرگورشتەی باب و کاڵی سەربەرزی خۆیان، لە کار و ئاکاری نەتەوەی ئێران کە لە ڕۆژگاری کۆندا هەموو دەمێك خاوەنی ناوبانگ بووە و شانی داوە لە شانی نەتەوە مەزنەکان، ئاگادار دەبن.. دەسا با فیزی نەتەوەیی (غروری میللی) دیسان ئاگر بەرداتە هەناوی هاونیشتمانانی ئەمڕۆ و خەرمانی سستی و تەنەخی لە گیانی ئەواندا بسووتێنێ و تانووتیان لێ بدا تا بادەنەوە سەر ڕێ و شوێنی باپیرانی مەزنی خۆیان)[1].

ئەم قسەیە چەند نوکتەیەکی گرنگی تێدایە، ئەگەر لێیان وردبینەوە باشتر لە ناوەڕۆکی ئەو لێدوانە مێژوویە دەگەین کە لە ئێرانی پاش مەشرووتەخوازیدا ریشەی داکوتاوە. نووسەر لە (خەرمانی سستی و تەنەخی) دەدوێ کە لە گیانی هاونیشتمانەکانی ئەمڕۆ دا هەیە و دەیەوێ بۆ سووتاندنی ئەم خەرمانە ئاگری فیزی نەتەوەیی لە ناخیاندا هەڵگیرسێنێ و هانیان دەدا پیشەی پێشینانی مەزنیان ڕەچاو بکەن. ئیقباڵی ئاشتیانی لەم چەند ڕستەیەدا دۆز و مەبەستی مێژوونووسین بە ڕوونی نیشان دەدا و دەڵێ: ئێرانی‌یەکان تووشی کەمتەرخەمی و سستی هاتوون کەوابوو پێویستە فیزی نەتەوەیی ئەوان ببزوێنێ. بۆ ئەم کارەش دەبێ مێژوویەکی وەها بنووسین کە ئەوان لەگەڵ بەسەرهاتی پێشینانی سەربەرز و کارە چاك و پەسندەکانی قەومی ئێرانی کە لە جیهانی کۆنا ناوداربووە و شان بە شانی گەلانی مەزن هەنگاوی هاویشتووە، ئاشنابکات. هەموو خوێنەرێك بە هاسانی دەتوانێ ئەو هەستە ئاگرینەی لەم قسەیەدا هەیە و نیشاندەری ئیحتیاجێکی مێژوویی‌یە، بەدی‌بکا.

ئەگەر ئەم هەستە لەئارادا نەبوایە بێگومان ئەو لێدوانە مێژوویی‌یەش لە هەل و مەرجی ڕەوانی و مێژوویی ئێرانی‌یەکاندا سەری‌هەڵنەدەدا و زاڵ نەدەبوو. لە ڕاستیدا ڕەگ و ریشەی لێدوانی موتەعەسیبانەی مێژوویی هەر ئەم هەستەیە. ماکی زمانی پڕ جۆش و خرۆشی ئاوێنەی پێ‌هەڵاگوتن و جنێودانیش کە لە زوربەری نووسینە مێژوویی‌یەکانی ئەم شێست — حەفتا ساڵەدا خۆدەنوێنێ، دەبێ هەر لەم لێدوانە پڕ لە تەعەسسوبەدا بدۆزینەوە. ئەوەندەش بڵێین کە نووسینی ئیقباڵی ئاشتیانی و حەسەنی پیرنیا لەچاو نووسینی زۆربەی مێژوونووسانی دوای ئەوان. تەعەسسوب و لایەنگری ئاشکرای‌کەمتر تێدایە. ئەمە خۆی مەسەلەیەکی سەرنج ڕاکێشە کە هەرچی لە ڕۆژگاری ئەم دوو مێژوونووسە دوور و لە سەردەمی خۆمان نزیك دەبینەوە، تەعەسسوب و لایەنگری لە بەرهەمی مێژوونووسەکانا گەرمتر و ئاشکراتر دێتەکایەوە. بە وتەیەکی تر، هەرچی زەمان ڕادەبووڕێ مێژوونوسانی ئێران بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی عەبباسی ئیقباڵی ئاشتیانی دیاری‌کردووە، تامەزرۆتر دەبن.

عەبدولحوسەینی زەرین کووب کە ساڵی ١٣٣٠ ی هەتاوی، کتێبی دوو سەدە بێدەنگی بڵاوکردۆتەوە، کاتێ لەساڵی ١٣٣٦ دا دەیەوێ لەچاپی بداتەوە، دەستکاری دەکا و هەندێ شوێنی دەگۆڕێ. بۆ ڕوون کردنەوەی هۆی ئەم کارەش لە پێشەکی چاپی دووەمدا دەنووسێ:

"نازانم لەبەر کاڵ و کرچی خۆم بوو یا لەبەر تەعەسسوب، نەمتوانیبوو لە باسی شکانی ئێران و سەرکەوتنی عەرەباندا پێ لەسەر سووچ و هەڵەی

ئێرانی‌یەکان بنێم. ئەودەم گیانی من وەها کەلاوڕێژی جۆش و خرۆش و حەماسە بوو کە هەرچی پاك و چاك و ئاسمانی بوایە بە هی ئێرانم دەزانی و ئەوی هی ئێران — مەبەستم ئێرانی کەونارایە — نەبوایە بە دزێو و چەوتم دادەنا"(٣).

کارمان بەوە نەداوە کە نووسەری دوو سەدە بێدەنگی بۆ پێداچوونەوە و گۆڕینی دەقی پێشووی کتێبەکەی، تا چ رادەیەك توانیویەتی لە تەعەسسوب بکشێتەوە، با خوێنەری وردبین خۆی لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە کە نووسەر راست و رەوان دان بە تەعەسسوب و لایەنگری لە کاری تۆژینەوەی مێژوویی‌دا دەنێ و دەڵێ نەمتوانیبوو عەیب و گوناه و شکانی ئێران لە حاند عەرەبان ببینم و هەرچی پاك و چاك و ئاسمانی بوایە بە هی ئێرانم لەقەڵەم دەدا و ئەوی هی ئێرانی باستان نەبوایە بە دزێو و نزم و ناڕاستم دەزانی. ئیعتیرافێکی ئاوا ئازایانە لەلایەن مێژوونووسێکی ئێرانی‌یەوە، بەراستی ئافەرینی دەوێ.

ڕۆشنبیرانی ئێران بەتایبەتی مێژوونووسەکان کاتێ دەڕواننە رابردووی ئێران و دەربارەی ناودارانی مێژوو و سیاسەت و فەرهەنگی ئەو وڵاتە داوەری دەکەن، کەم وا هەیە بتوانن خۆ لە خەوشی تەعەسسوب دوور بگرن. دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم تەعەسسوبە کارێکی ئەستەم و ترکزەدارە چونکە لێدوانی نیشتمان پەرستانە و نەتەوەخوازانەی مێژوویی لە ئێراندا زۆر بەهێزە، ئەم لێدوانە وەها بەسەر مێشکی رووناکبیراندا زاڵ بووە و بە چەشنێ لە پەسێوی زەین و رۆحی خەڵکی خوێندەواردا ریشەی دابەستووە کە هەرچەشنە رەخنەیەکی راستەقینەی لێبگیرێ، ئەگەر بەدەرهەڵبوون و بەگژاچوون وەڵامی نەدەنەوە هەر نەبێ دەیخەنە پشت گوێ و خۆی لێکردەکەن. لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یەکانی ئەم شێست حەفتا ساڵەی دوایی چ لە مەیدانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، چ لە زەمینەی مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی ئێراندا، لە جەغزی ئەم لێدوانەدا بووە و کەمن ئەو نووسەرانەی توانیبێتیان لەم جەغزە دەربازبن.

شکاندنی ئەم جەغزە، سەختە چونکە پێویستی بە سڕینەوەی ئەو وێنە خەیاڵی‌یانە هەیە کە لەسەر پەردەی بیرمان نەخش کراون: وێنەی خۆمان و رابردوومان، وێنەی قەوم و نەتەوەی تر، بەتایبەتی وێنەی ئەو قەوم و نەتەوانەی لە رابردوودا هێرشیان بۆ هێناوین و بەسەرماندا زاڵ بوون و ئێمە ئەوان بە بەرپرسی بەشێکی زۆر لە بەدبەختی و داماوی‌یەکانی ئەمڕۆی خۆمان دەزانین. ئەم وێنە خەیاڵی‌یانەمان لەو مێژووەوە وەرگرتووە کە لە کتێباندا خوێندوومانەتەوە یا لە قوتابخانە و زانستگا فێری بووین. ئەم وێنەگەلە لەوکاتەوە کە مەراقی ئێمە بۆ ناسینی دنیای دەوروبەرمان ورابردووی وڵاتمان بزووتووە، بەرە بەرە لە زەینماندا گووراون و دەقیان گرتووە. جا بۆیە بەهاسانی پاك نابنەوە و لەگەڵ هەستێکی ئەوەندە بە هێزا لێك هاڵاون کە ئاوەزی مرۆڤ و رەخنەگر ناتوانێ سووك و سادە تێکیان بدا و رایانماڵێ. تەنانەت زۆرێك لە بیروبڕوا و رێباز و فێرگە جیهانی‌یەکانیش کە لە درێژایی ژیانماندا بۆ ماوەیەك هۆشی ئێمەیان بەخۆوە خەریك کردووە و باقڵ دەبوو ئەم وێنە نارەسەنانە لە زەینمان بشۆنەوە، کارێکیان لەدەست نەهاتووە، حەفتا ساڵ دەسەڵاتی بیروباوەڕی یەکسانی خوازی کۆمۆنیزم لە ئەورووپای رۆژهەڵات و وڵاتەکانی باڵکان و ئاسیای ناوەندی، نەیتوانی ئەم وێنەگەلە خەیاڵی‌یە تەنانەت لە زەینی رێبەرە سوێندخۆرەکانی کۆمۆنیزمیش دەرباوێژێ. دیتمان چۆن پاش هەڵوەشانەوەی ئەو نیزامە، کۆمۆنیستە غەلیزەکانی دوێنێ دەسبەجێ بوون بە نەتەوەپەرست و نیشتمان پەروەری دوو ئاتەشە؛ چونکە رێباز و فێرگەی جیهانی هەرچەند گەلێك پرشنگدارن بەڵام دەستیان بە کون و کاژێرە

تاریکەکانی هەناوی مرۆڤ راناگا. لەناو فێرگە مۆدێرنەکاندا ئەوە تەنیا ناسیۆنالیزمە کە لە پێچ و پەنای قوڵی زەیندا سەروکاری لەگەڵ ئەم وێنەگەلە خەیاڵییە هەیە و مشت و ماڵ و تیف تیفەیان دەدا و ئەگەر پێویست بێ سازیان دەکا. بەڵام ناسیونالیزم ناخوازێ ببێ بە رێبازێکی جیهانی و یەکێ لە ماناکانی بریتی‌یە لە هاروژانی هەستی میللی و خۆشەویستی گەرم و گوڕی نەتەوەیەکی کە مرۆڤ خۆ بە ئەندامی دەزانێ و جاری وایە مانای لە بیانی ترسان و خۆدوورەپەرێزگرتنیشی دەگەلە. لەم حاڵەتەدا ناسیۆنالیزم لە مەفهوومی (عەسەبیەتی قەومی) زۆر دوور نیە و دەتوانین بێژین شکڵە مۆدێرنەکەیەتی و زۆربەی کە رستەکانی خۆی لەو وەردەگرێ و ئەگەر کەرەستەیەکیشی کەم بێ، تێدەکۆشێ دایتاشێ. لەراستیدا ناسیۆنالیزم جۆرێك میعماری سیاسی و فەرهەنگی‌یە بۆ پێك هێنانی نیشتمانێکی نوێ و نەتەوەیەکی یەکپارچە و دەوڵەتێکی ریشەدار و بنەگرتوو. بۆ ئەم کارەش دیارە مێژوو ئامرازێکی زۆر لەبار و زەریفە. لەم ناوەدا ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە رابردوو دەستکاری بکا، سەرشۆڕی‌یەکانی پێشوو، بە وتەیەکی تر پەڵەکانی داوێنی مێژوو، بسرێتەوە یا هەر نەبێ کاڵیان بکاتەوە، رەنگی مێژوو لەو ئەفسانە و بەندو باوە بدا کە بەکەڵکی بزاوتنی (فیزی نەتەوەیی) دێن، یەك بوونی قەوم و رەگەز و فەرهەنگی گەلە جۆربەجۆرەکانی وڵات بسەلمێنێ و لەئاکامدا مێژوویەکی یەکپارچە داد، تەمەن درێژ، قۆناغدار، پڕ شانازی و هەست هاروژێن بخوڵقێنێ بەم چەشنە مێژوو دەبێ دوو ئەرکان وێکڕا بگرێتەئەستۆ: لەسەرێکەوە ژان شکێن و سوکنایی‌دەر بێ و لە سەرێکی ترەوە توانایی بەخش و بزوێنەر. بە وتەیەکی روونتر، مێژوو دەبێ بە هەڵبەستنی رابردوویەکی پڕ لە شانازی، هەم گریمانەی کەمایەسی (عوقدەی حەقارەت) چارە بکا — کە ئەم گریمانەیە لە ئێستای مایەی شوورەیی و پڕ لە کەساسی کەوتۆتەوە، هەم مژدەدەری دوارۆژێکی پرشنگدار و پڕ شکۆ بێ.

ئەمە ئەرکێکە ناسیۆنالیزمی جیهانی سێهەم دەیخاتە ئەستۆی مێژوو. هەر لەو کاتەوە کە لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتا دەوڵەت گەلی تازەی وەك میسر و تورکیا و هیندستان و ئێران دامەزراون، مێژوونووسانی ناسیۆنالیست هەموو هەوڵ و توانستی خۆیان بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە تەرخان کردووە. وا لە خوارەوە سێ نموونە لە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانەی تورکیا و عێراق و ئێران دەخەینە بەرچاو کە هەرسێکیان بەڵگەی ئاشکرای ئەم قسەیەن.

مێژوونووسین بەمەبەستی بزواندنی فیزی نەتەوەیی، دیاردەیەکی تازە نیە. لە سەدەی شازدەهەمدا ئێتییەن پاسکیە (Etienne Pasquier ۱۵۲۹-۱۶۱۵) کە بە یەکەمین مێژوونووسی فەرانسە ناسراوە، ئامۆژگاری مێژوونووسەکانی دەکرد واز لە زمانی لاتینی بێنن و بۆ نووسینی مێژوو کەڵك لە زمانی خەڵکی ئاسایی وەربگرن هەتا باشتر بتوانن بە نیشتمان هەڵبڵێن و پەسنی ئەو دەوڵەتە بدەن کە نوێنەری نیشتمانە.

تەنانەت لە هەوەڵین ساڵەکانی کۆماری سێهەمی فەرانسەدا (۱۸۷۰-۱۹۳۰) دەوڵەت راست و رەوان بە مێژووزانان و مامۆستایانی مێژووی راگەیاند کە ئامانجی دەرسی مێژوو عاملاندنی نیشتمان پەرستانی راستە و ئەگەر دەرسی مێژوو ئەم ئامانجە وەدی نەهێنێ، مامۆستاکان کاتی خۆیان بەفیڕۆ داوە[٤].

راستی‌یەکەی، لە ساڵانی دوایی سەدەی نۆزدەوە بوو کە مێژوونووسان و خاوەن بیرانی رۆژئاوا ئەم روانگەیان دایە بەر رێژنەی رەخنە و پاش چەندین ساڵ بیروڕا پێك گۆڕینەوە و قسە لێك هەڵبەزینەوە،

مانایەکی تازەیان بۆ مێژوو دیاریکرد و لەسەرئەوە ساغ بوونەوە کە مێژوو لەلایەکەوە یانی گێڕانەوەی بەسەرهات و کارەساتی رابردوو هەر بەو جۆرەی روویان داوە، بەنیازی تێگەیشتنیان. لەلایەکی تریشەوە بریتی‌یە لە کۆشش بۆ روون کردنەوەی ئەو شتانەی ئێمە بە رابردووەوە دەلکێنن و ئەو شتانەی ئێمە لە رابردوو جیادەکەنەوە. بەم چەشنە مێژووی ناسیۆنالیستیانە وردە وردە لەبەرچاوی رووناکبیر و تۆژەرەوەی رۆژاوایی دەکەوێ و باوی نامێنێ. جا هەر لەم سەروبەندەدا ئەم شێوە مێژوونوسینە لە ولاتی رۆژهەلات برەوپەیدا دەکات. بەلام نابێ ئەم راستی‌یە لەبیربکەین کە مێژووی ناسیۆنالیستانەی رۆژئاوا لەگەڵ هاوتا رۆژهەلاتی‌یەکەی جیاوازی هەیە. مێژوونووسێکی رۆژاوا کاتێ بۆ وروژاندنی غورووری میللی مێژووی دەنووسی، لەبابەت رابردوویەوە شەرمەزار و سەرنەوی نەبوو، کۆمەڵی بەزەلکاوی نوشستی و پەستی و داماویدا رۆنەچووبوو و وەختێ دەیروانیە کۆمەڵەکانی رۆژهەلات هەستی بە کەمایەسی نەدەکرد. کەچی نەتەوەکانی رۆژهەلات، ئاشوری گوتەنی: (لەسەردەمێکا هاتن لە رێگەی رۆژاواوە دەستیان کرد بە ناسینەوەی خۆیان کە تەواوێك کەوتبوونە ژێر بارستی نەنگ و نەهاتی. بە تێك شکاوی و سووکایەتی پێکراوی و ترساوی و داماوی، ئاوڕیان دایەوە و دەستیان بە لێکدانەوەی رابردووی خۆیان کرد)[٥].

(خۆناسینەوە لە رێگەی رۆژاواوە) کە ئاشوری لە چەند وتاردا باسی کردووە، یەکێکە لە بیرە سەرەکی‌یەکانی ئەو بۆ هەڵسەنگاندنی لێدوانی زاڵی مێژوویی لە ئێران. دەنووسێ:

"ناوەراستەکانی سەدەی نۆزدە بوو کە ئێمە بە ناسینی فەرەنگ و فێربوونی ئەو شتانەی ئەوان لەمەڕ تەئریخ رابردووی ئێمەوە پێی گەیشتبوون، بەرە بەرە بەلام زۆر بە ئەسپایی و درەنگی، دەگەڵ مانایەکی تازەی مێژوو ئاشنابووین کە لە ناوئاخنی کتێبی وەك (روضة الصفا) یا (درە نادرە) جیاواز بوو. هەم ئەم مانا تازەیەی مێژوو و دیان و مرۆڤ و جیهان بوو کە زەینی راستی خواز و بە پرسیار و دەردەداری کەسانی وەك (ئاخوندزادە) و (میرزا ئاقاخانی کرمانی) دنەدا هەتا لەبەر تیشکی هەندێ هەوێنی بیری نوێ، بە هەموو میراتی رابردوودا بچنەوە و لێی‌بکۆڵنەوە و سەرلەنوێ هەڵیسەنگێنن. جا بەگوێرەی ئەو روانینە ئەم مێژووە لەلایەك یا روانگەیەکەوە، مێژووی پاشکەوتوویی و کۆڵەواری بووە و لەلایەك یا روانگەیەکی ترەوە (مێژووی پڕ لە شانازی) کە ئێستەش کەم و زۆر هەر وایە.

بەلام لەسەردەمی (رەزاخان)ەوە و وێڕای دەست پێکردنی دارشتنەوە (سازکردنەوە)ی ئێران بوو کە تینوێتی ئێمە بۆ مێژوویەکی پرشگنداری پراوپڕ لە شانازی سەری‌هەڵدا. مێژوویەکی کە دوای پاڵێوران و پاك کردنەوە لە شوێنەوارەکانی شالاوی عەرەب و مەغۆل، بە تێکەلاوی لەگەڵ نیشانەکانی ژینی نوێ، لەگەڵ کارخانە و دانشگا و ئامۆژگە، لەگەڵ شارسازی و میعماری نوێو لەگەڵ بنکەی بەڕێوەبەری و ئابووری و سپایی نوێ. دەبوو مێژوویەکی پرشنگداری نوێ لە مێژوویەکی پرشنگداری کۆن موتوربە بکا. ئەم خەیاڵە لە سەردەمی (محەمەد رەزا شا) شدا هەر هەبوو. ئەم خەیاڵە بوو کە دەیەویست مێژووی پرشنگداری رابردوو بەهۆی موعجیزەی (پێترۆ دۆلار)ەوە لە مێژووی پێنجەمین هێزی جیهان گری‌بدات، ئەم هەوای مەزنایەتی‌یە هەرچۆنێك بێ بەشێکە لە مێژووی ئێمەو و لەوانەیە نەریتێکی تایبەتی بێ لە رەوانشناسی کۆمەلایەتی ئێمەی ئێرانیدا)[٦].

## ٢- مێژوونووسینی ناسیۆنالیستی لە تورکیا

چەند ساڵێك پێش ئەوە کە رەزاخان لە ئێران بێتەسەرکار، رووناکبیران و مێژوونووسانی تورکیا بەمەبەستی خوڵقانی مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ تورکان، ملیان نابوو لە هەڵوەژاردن و خاوێن کردنەوەی رابردووی خۆیان. ئەمانە کەڵکیان لە دەسکەوتەکانی تورك ناسانی رۆژئاوایی وەرگرتبوو.

لەو شتانەی رۆژاواییەکان لەمەڕ مێژووی تورکانەوە پێی گەیشتبوون بڕێك فێر ببون و هەوڵیان دەدا لەم رێگایەوە رابوردوویەکی پرشنگدار لە مێژوویەکی نوێی پرشنگدار پەیوەند بکەن.

کاری رووناکبیرانی تورك دوو هێندەی کاری ئێرانییەکان دژواربوو. چونکە تورکی عوسمانی تا ساڵانی دوایی سەدەی نۆزدەش لە پێناس (هەویە) ی قەومی بێبەش بوو. وشەی تورك لە سەرچاوەکانی عوسمانیدا مانایەکی نزمی هەبوو و زۆرتر بە جووتیار و شوان و گاوانەکانی ئەنادۆڵ دەگوترا[٧].

دەسا ئەوان دەبوو وشەی (تورك)یش سەرلەنوێ مانا لێدەنەوە. لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا رەعیەتەکانی سوڵتان لە رووی قەوم و زمانیانەوە نا، بەڵکو بەپێی دین و ئاینیان لێك جیادەکرانەوە. تورك و کورد و عەرەب تێکڕا بە (میللەتی موسڵمان) ناودەبران، وەك چۆن یۆنانی و بولغاری و سیرب و بەگشتی هەموو خاچ پەرستانی سەر بە کلیسای ئۆرتۆدۆکس، بە (میللەتی رۆم) دەدرانە قەڵەم[٨].

ئەوەش دەزانین کە وشەی (میللەت) نەك بە مانای تازەداهاتووی ناسیۆن (nation) بەڵکوو بە مانا قورئانییەکەی کە بریتیی‌بێ لە دین و شەریعەت یا پەیڕەوانی دین و شەریعەت، بەکاردەهات. سوڵتانی عوسمانی خەلیفە و رێبەری دینی موسوڵمانان بوو و موسوڵمانەکان نەتەوەی بالادەست و زاڵی ئیمپراتۆری بوون. کەوابوو عوسمانییەکان رابردووی ئیمپراتۆریان بە رابردووی موسڵمانان دەزانی نەك رابردووی تورکان[٩]. کاتێ کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ دا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال (ئاتاتورك) دامەزراو دەرسی مێژوو لەم وڵاتە دەبوو دەسبەجێ وەڵامی چەند خواستی گرنگ بداتەوە: لەپێشدا فەرهەنگی تورکان کە سەرکەوتووانی شەڕی یەکەمی جیهانی بەچاوی سووك تەماشایان دەکردن، بەرزبکاتەوە و بەم جۆرە فیزی نەتەوەیی لە تورکاندا بەدیبێنێ، لەپاشان رابردوویەکی نەتەوەییان بۆ دروست بکا، چونکە کاتێ نەتەوە هاتۆتە مەیدانەوە ئیدی لاوەکان نابێ لە فێرگە مێژووی بێگانان یانی مێژووی ئیسلام یا ئورووپا بخوێنن. تورك نۆ سەدە لەمەوبەر هاتبوونە عەنەدۆڵ و وەك قەومێکی مێژوویی لەوێ نیشتەجێ بووبوون.

بەڵام ئەم سەرزەمینەش خۆی خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی بوو. تورك کە لە ئاسیای ناوەندییەوە هاتبوون و لەگەڵ خەڵکی خۆجێیی ئەنادۆڵا تێکەڵ ببوون. سا بۆئەوەی وەچە و بەرەی ئەم تێکەڵاوییە یانی تورکەکانی ئێستا ئازا و نەبەزبن، دەبوو ئەو خەڵکانەی لەگەڵ تورکەکانی پێشووشا تێکەڵ بووبوون، ئازا و نەبەز بووبن.دەجا دەبوو وێڕای رێزگرتن لە رابردووی ئاسیایی تورکان، شارستانەتییە کۆنەکانی ئەنادۆڵیش وەکی ئەیۆنی، ئاخایی، ئۆرارتویی و بەتایبەتی شارستانەتی هیتی (خیتی) کە رۆژهەڵاتناسان تازە خەریك بوون دەیاندۆزینەوە، رێزیان لێبگیرێ[١٠].

مێژوونووسانی تورك دەبوو ئیسپاتی بکەن کە تورك بەر لە قەومی یۆنانی هاتۆتە ئەنادۆڵ و ئیدیعای یۆنانییەکان کە مێژوو دەکەنە بەڵگە و ئەنادۆڵ بە هی خۆیان دەزانن، نابەجێ و بێبایەخە، لە ساڵی ١٩٣٠ دا زانایانی کۆنینەناس زۆر لایەنی تاریکی شارستانەتی هیتییەکانیان روون کردبۆوە بەڵام زمانەوانەکان هێشتا دەربارەی ریشەی زمانی هیتی نەگەیبونە ئەنجامێکی رۆشن. رووناکبیرانی تورك هەلیان بە دەرفەت زانی و رایانگەیاند هیتییەکان تورکی کەوناران کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ئاسیای ناوەندییەوە شۆڕبوونەوە و هاتوون لە ئەنادۆڵ گیرساونەوە و سیپیان لێداکوتاوە. زۆری پێنەچوو زمان ناسانی رۆژئاوا بۆیان دەرکەوت کە زمانی هیتییەکان لەگەڵ زمانانی هیندوئورووپایی هاوریشەیە. بەڵام زمان ناسانی تورك کەڵکیان لە بۆچوونەکانی‌لیۆن کاهوون(LeonCahun) ی دنیاگەڕ و تورك ناسی چەرخی نۆزدەی فەرانسە وەرگرت و نەزەریەی (ئەزمان — هەتاو) یان خوڵقاند

که بەپێی ئەم نەزەریەیە زمانی تورکی ماك و بنەمای هەموو زمانانە[١١].

لە سالانی دوایی سەدەی نۆزدەڕا کە بەردەنووسەکانی ئۆرخوون لە جنوبی دەریاچەی بایکاڵ دۆزراونەوە، ڕووناکبیرانی تورك کە تامەزرۆی ناسینی ڕابردووی مێژوویی خۆیان بوون لە خۆشی‌یان خەنی بوون. ویلهێلم تۆمسێن (Wilhelm Thomsen) ساڵی ١٨٩٣ توانی ئەو بەردەنووسانە کە بە زمانێکی ڕازاوەی ئەدەبی نووسراوبوون بخوێنێتەوە و دەری‌بخا کە ئەم مەتنانە لە سەرەتای چەرخی هەشتەمدا نووسراون و ناوەڕۆکیان بریتی‌یە لە قسەی خانانی تورك کە لەوان ڕۆژگاراندا بۆ خەڵکی خۆیان کردووە و بەشێوەیەکی شکۆمەندی ئەدەبی نووسراون. زۆربەی تورکان هەستێکی نەتەوایەتی‌یان لەم بەردەنووسانەدا بەدی‌دەکرد.

لێکۆڵینەوەکانی تۆمسێن و بەرهەمە مێژوویی‌یەکانی کاهوون بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی مێژوونووسانی تورك. نووسەر و خاوەن بیری وەك نەجیب عاسیم و سولەیمان پاشا و زیاگۆکالپ کە ئەمەی دوایی پەیڕەوی ڕێبازی دوورکێم بوو، ئیلهامیان لە کاری ئەم دوو تورك ناسەی ئورووپا وەرگرت و لەمەڕ فەرهەنگ و مێژووی تورکانەوە دەستیان کرد بە ئەفسانەسازی[١٢]. زیا گۆکالپ وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕەچاوگرتنی کوێرانەی فەرهەنگی ڕۆژاوایی و ئیسلامی سوونەتی، بیری فەرهەنگی نەتەوەیی وەك بناغەی پێناسی نەتەوایەتی تورك و پشتیوانەی پێشکەوتی کۆمەلایەتی، هێنایە گۆڕێ و بۆ بەسەرگرتنەوەی پێناسی ڕەسەنی تورکان داوای کرد کە فەرهەنگیان لە ئاسەواری ئیسلام پاك بکرێتەوە — ئاسەوارێکی کە بە ڕای ئەو، هەموو لە ڕێگەی فەرهەنگی عەرەب و ئێرانی‌یەوە کەوتبووە ناو فەرهەنگی تورکان. زیا گۆکالپ لە بنەمایی‌ترین زەمینەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا پێشنیاری دەکرد بگەڕێنەوە سەر فەرهەنگی پێش ئیسلامی تورکان. بۆ نموونە، بە بڕوای وی، بەرلەوەی کە فەرهەنگی تورکان بە عەناسیری فەرهەنگی عەرەب و ئێرانی پیس بێ، ژنانی تورك پلەی کۆمەڵایەتی‌یان لەگەڵ پیاوان یەکسان و بەرامبەر بووە، کەواتە بادانەوەی تورکان بۆ سەر فەرهەنگی پیش ئیسلامەتی خۆیان، ڕێگای سەختی ژنانی تورك بۆ هاتنە ناو شارستانەتی تازەوە تەخت دەکا[١٣].

ساڵی ١٩٠٨ کە تورکانی لاو دەستەڵاتی سیاسی‌یان لە عوسمانیدا کەوتە چنگ، ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی تورك لە مەکۆیەکدا بەناوی ئەنجومەنی تورك (Turk Derneki) کۆبوونەوە. ئامانجی ئەم ئەنجومەنە ئامۆژگاری نەتەوەیی و بەرەوژوور بردنی پلەی کۆمەڵایەتی و زانستی تورکان بوو. لەم سەروبەندەدا (مەردم ناسی ڕەگەزی) لە ئورووپا تەواوێك وەبرە و کەوتبوو، مەفهومی ڕەگەزیووبوو بە (یارادایم) ێکی بنچینەیی لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا. ڕووناکبیرانی ئەنجومەنی تورك پڕ بە دڵ عاشقی مەردم ناسی ڕەگەزی بووبوون و یەکێ لە ئامانجەکانیان ئەوەبوو ڕەگەز و زمانی تورك خاوێن بکەنەوە.

ئەنجومەنی گۆڕین ساڵی ١٩١٢ جێی خۆی دا بە وەجاخی تورك (Turk Ocaki) کە بەشێوەیەکی بەرباڵوتر شوێن ئەو ئامانجانە کەوتبوو. نەزەریەزان (تیۆریسیەن) ی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە زیاگۆکالپ بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا مرد. بەلام ڕووناکبیرانی سەربە بزووتنەوەکە درێژەیان بە ڕێبازی ئەو دا و تێکۆشان بەرگی کردەوە بکەنە بەر بیروڕا و بۆچوونەکانی[١٤]. سەیر ئەوەیە کە گۆکالپ خۆی کوردێکی دیاربەکری بوو[١٥].

لە ئاڤریلی ١٩٣١ دا وەجاخەکانی تورك کە پێش دەستەلات پەیداکردنی مستەفا کەمال (ئاتاتورك) پێك هاتبوون جێی خۆیان دا بە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی مێژووی تورك. هەوەڵ کاری ئەم ئەنجومەنە ئەوەبوو خێرا چوار بەرگ کتێبی مێژوو بۆ قوتابخانەکانی تورکیا بنووسێ. نووسەرانی ئەم

کتێبانە ئەرکی رەسمییان خرابووە سەرشان کە پایەی تورکان لە مێژووی ئیسلامدا بەرزبنوێنن، پەسنی فەرهەنگی تورکان بدەن و کەمالیزم بە میراتگری تەبیعی شارستانەتی تورک دابنێن. ئەمەش چەند نموونەیەکی ئەو مێژووە:

"رەگەزی تورک یانی خولقێنەری گەورەترین بزووتنەوەکانی مێژوو، رەگەزێکە کە نەریت و شەخسیەتی خۆی بە باشترین شێوە پاراستووە، ئەم رەگەزە زۆر بلاوبۆتەوە و لەگەڵ رەگەزی ولاتانی دراوسێ تێکەڵ بووە. لەگەڵ ئەمەشا تایبەتییەکانی خۆی بزر نەکردووە، رۆڵەکانی ئەم رەگەزە مەزنە کە لە درێژایی سەردەمی پێش مێژو و لە سەرانسەری مێژوودا گەلێ کۆمەلگا و شارستانەتی و دەولەتیان بنیات ناوە، هەمیشە پەیوەندی خۆیان دەگەڵ زمان و فەرهەنگی ناوکۆیی پاراستووە.

کاتێ تورک گەیشتە میزۆپۆتامیا (بین النهرین)، بەستێنەکانی دوو رووباری دیجلە و فورات هەموو زۆنگ و زەلکاو بوون. ئەوان کارێزیان لێدا و بەم کارە ئاودێرییان پەرەپێدا و شارستانەتییەکی پرشنگداریان پێک هێنا. ئەم تێکنیکە، تورکان لە زێدی خۆیانرا هێنابوویان.

وەختێ تورک گەیـنە میسر، لە دێلتای نیل نیشتەجێبوون کە پێش هاتنی ئەوان هیچ مرۆڤێکی لێنەبوو. خەلکی خۆجێی میسر، دانیشتووی بەستێنەکانی نیل بوون و هێشتا لە (چاخی بەرد) دا دەژیان. ئەوە پاش هاتنی تورکان بوو کە ژیانی کۆمەلایەتی لە میسر، یەک ناگا پێی نایە شارستانەتی چاخی ئاسنەوە.

قەومی هیتی، قەومێکی تورک رەگەزبوو، هیتییەکان وەک سۆمەری و ئیلامییان کاسەی سەریان کورت بوو و لە ئەسڵا بە زمانی تورکی دەدوان. ژنان لەگەڵ پیاوان بەرامبەر بوون و لە کاروباری حوکومەتا بەشداربوون و وەک پیاوان دەچوونە مەیدانی شەڕ، لەناو ئەو شوێنەوارانەی لە هیتییەکان بەجیماوە، کۆتەڵی فەرماندەیەکی ژن دەبینرێ.

وێک چوونی ئاسەوارە کۆنەکانی کرێت (اقریطش) و ترۆیا و ئاساری تورکان لە رۆژهەلاتی دەریای خەزەر (کاسپیەن) بۆ ناسینی سەرینچاوەی شارستانەتی ئێژەیی بەسە. تورکەکان کشت و کاڵ، کەوی کردنی گیانداری کێوی و هەورگەرییان فێری خەلکی ئوروپا کرد. هەلمەت بەرانی تورک لە مەیدانی هونەر و بیرو زانستا لە ئورووپاییەکان پێشکەوتووتربوون و ئەوانیان لە قۆناغی ئەشکەوت نشینی رزگار کرد و خستیاننە سەر راستەرێی شارستانەتی)[١٦].

ئەوەی سەرەوە نموونەیەک بوو لە مێژوونوسینی ناسیۆنالیستانەی تورک. ئەو لاوانەی تورکیا کە فێربوونی مێژوویان بەم کتێبانە دەست پێکرد لەنێوان سالانی ١٩٣١ تا ١٩٤٥ دا پازدە - بیست سالیان تەمەن بوو. رووناکبیرانی تورکی سالەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٠ لەناو ئەم بەرەیە سەریان هەلدا[١٧]. جا ئەگەر قەبوولمان بێ کە دەرس و قوتابخانە و دانیشتگا بۆ پێک هێنانی شەخسیەتی فەرهەنگی مرۆڤ زۆر کاریگەرە ئەوسا تێدەگەین کە فەرهەنگی سیاسی و مێژوویی زاڵ لە تورکیای ئەمڕۆ بەری چ دارێکە. ئەوەندەش بلێین کە لە سالانی هەشتاوە ژمارەی ئەوان رووناکبیری بیرئازادی تورکیا کەوا کەوتوونەتە هەلسەنگاندنی رەخنەگرانەی ئەم لێدوانە مێژووییە، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بووە و لەوانەیە بەهۆی رەخنەکانی ئەوان بووبێ کە دەولەتی تورکیا لەم سالانەی دواییدا هەندی شوێنی کتێبەکانی دەرسی مێژووی گۆڕیوە و بۆ وێنە ئیدی باسی تورک بوونی قەومی هیتییان تێدا نیە.

### ٣- مێژوونووسینی ناسیۆنالستی لە عێراق

لە عێراق کە مێژووە سیاسییەکەی وەک ولاتێکی سەربەخۆ، خۆ لە هەشتا سالیش نادا، هەوڵ و تەقەلای مێژوونووسانی ناسیۆنالیست لە هەنگاوی

یەکەمدا ئەمە بووە کە سەرانسەری مێژووی ئیسلام لەگەڵ مێژووی عەرەب بکەنە یەك. لە کتێبەکانی دەرسی مێژوودا کە بۆ قوتابییانی عێراق نووسراون، ولات گرتنی عەرەبان و بلاوکردنەوەی دینی ئیسلام بە کردەوەیەکی تەواو رزگارکەرانە دراوەتە قەڵەم. بەلای دانەرانی ئەم کتێبانەوە، رەوتی موسوڵمان کردنی ئەو ولاتانەی عەرەبەکان گرتوویانن، نەك هەر هیچ بەربەرەکانێ و خۆراگرییەکی لەناو خەڵکی خۆجێیدا وەدی نەهێناوە بەڵکوو پێ خۆش بوون و تامەزرۆیی ئەوانیشی لەگەڵ بوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەدڵ و داو ئیسلامیان قەبووڵ کردووە.

بۆ هەڵبژاردنی بابەت و رووداوەکانیش مێژوونووسانی عێراقی پێش هەموو شتێك چاویان لە عونسوری عەرەبی بووە. دەربارەی شوێنەوار و ناودارانی عەجەمی مێژووی ئیسلام یا هیچیان نەگوتووە یا ئیشارەتێکیان بۆ کردووە و لێی گەڕاون. بۆ نموونە زیاد لە هەموو خەلیفەکانی عەبباسی بە الناصرلدين الله یان هەڵگوتووە. کەچی سەردەمی شان و شکۆی راستەقینەی عەباسیەکان چەرخی دووەم و چوارەمی کۆچی یانی دەوری دەستەلاتی هاروونەرەشید و مەنسوور و مەئموون و ئەوانی دی بووە. بەلام کاربەدەستانی پایەبەرزی دام و دەزگای ئەم خەلیفانە ئێرانی رەگەز بوون. لە زانا و خاوەن بیرەکانی عەرەبیش، تەنیا ناوی ئەوانەیان هێناوە کە باس کردنی کار و ئاکاریان بەکەڵکی خوڵقاندنی رابردوویەکی پڕ لە شانازی هاتووە. لە ئیبنی خەلدوون نەدواون چونکە ئەو لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا گتوبووی رۆژگاری زەواڵ و نوشوستی عەرەبان داهاتووە و ئێستا تورکە موسوڵمانەکان جێێ ئەوانیان گرتۆتەوە و دەبێ ئەمە بە خەلاتێکی خودایی بزانین، چونکە تورك ئیسلامیان رزگارکردووە. ئاشکرایە ئەم قسەیە نە بە دڵی عەرەبی دوێنێ بووە، نە بە کەیفی عەرەبی ئەمرۆیە[18].

هەر لەبەرئەوەیە کە ئەمرۆ قوتابییەکانی عێراق گەورەترین مێژوونووسی عەرەب یانی ئیبنی خەلدوون ناناسن کەچی ابو عبدالله محمد المحمودی ادریسی صقلی کە جوغرافیازانێکی عەرەبی سەدەی شەشەمی کۆچی بووە، ناوێکی زۆر ئاشنایە بۆیان، چونکەبە بڕوای مێژوونووسەکانی عێراق، ئەم جوغرافیازانە بە دانانی کتێبی نزهة المشتاق في اختراق الافاق و کێشانی نەخشەی جوغرافیایی جیهان، رێگەی بۆ ئورووپاییەکان خۆش کرد کە بتوانن بگەنە ولاتانی دوورەدەستی جیهان و لەگەڵ خەڵکی ئەو ولاتانە ئاشنابن. لە چەرخی پازدەهەمی میلادییەوە بوو کە ئورووپاییەکان بۆئەوەی خۆیان بگەیەننە ولاتانی تر دەستیان کرد بە دۆزینەوەی رێ و رێبازی تازە، پێش ئەوکاتە، هیچ رێگای تریان نەدەزانی ئەو رێگایانە نەبن کە جوغرافیازانانی عەرەب پێیان ناساندبوون.

گەورەکردنەوەی کاری جوغرافیازانی عەرەب بۆ ئاشناکردنی ئورووپاییەکان لەگەڵ ولاتان و خەڵکانی تری جیهان، وێڕای تەئکیدی پەیتاپەیتا لەسەر حوزووری عەرەبان لە ئەندەلوس (ئیسپانیا)، بەشێکە لە پرۆژەی مێژوونووسانی ناسیۆنالیستی عێراق بەمەبەستی خوڵقاندنی مێژووی پرشنگدار بۆ (نەتەوەی عەرەب) مێژوونووسانی عەرەب باسی شان و شکۆ و پێشکەوتنێك دەکەن کە ئەندەلوس لە سەردەمی دەستەلاتی عەرەباندا بوویەتی، ئەمەش لە بنەڕەتەوە ئەفسانەیەکە و هیچی تر. بە وتەی بێرنارد لیۆیس (Berned Lewis) سەرچاوە ناسراوەکانی ئیسلام لەم بارەدا هیچیان نەگوتووە، ئەگینا دۆزینەوەی ئەندەلوسی ئیسلامی لە ئەسلا کاری ئینگلیسییەکانی چەرخی نۆزدە بوو[19]. رووناکبیرانی عەرەب لەپێشدا زۆریان پێ ناخۆش بوو کە ئیسپانیای موسوڵمانیان بەهۆی مێژوونووسانی بەریتانیاوە ناسیوە بەلام زۆری پێ نەچوو هاتن کەڵکیان لەم زانیارییانە وەرگرت و کردیان بە کەرەستەی ئەفسانەسازی دەربارەی رابردووی عەرەب.

وا لە خوارەوە نموونەیەك لە دەقی كتێبی مێژووی قوتابییانی عێراق دەخەینە بەرچاو:

"قوبروس و ئەندەلوس دوو ناوەندی درەوشانەوەی فەرهەنگی عەرەب بوون بەرەو ئورووپا. لە ڕێگەی ئەم دوو ناوەندەوە بوو كە ئورووپاییەكان لە حاڵ و باڵی خەڵكی تری دنیا ئاگادار بوون. ئەوان بۆ ئەوەی بچنە شوێنی ژیانی ئەو خەڵكانە هیچ ڕێگایەكیان نەدەزانی و كەڵكیان لە ڕێگاكانی عەرەبان وەردەگرت. لە چەرخی یازدەهەمی میلادیدا كە سەردەمی دۆزینەوەی گەورە گەورە بوو هەوڵیان دا ڕێگا و ڕێبازی تر بدۆزنەوە. كاتێ عەرەب ئەندەلوسیان چۆڵ كرد، فەرهەنگی خۆیان لەوێ بەجێ هێشت و بەم جۆرە خەڵكی ئیسپانیا و پورتوغال توانیان لە بەرهەمی جوغرافیازانانی عەرەب و زانستی دەریاوانی عەرەبان كەڵك وەرگرن. لەئەنجامدا دەریاوانەكانیان توانیان لە سەدەی یازدەدا لێوارەكانی باكووری ڕۆژاوای ئەفریقا بدۆزنەوە و بگەنە قەپۆزەی (ئومێدی چاك) و لەوێشەوە توانیان بچن بۆ هیند.

ڕێبازەكانی ڕۆژهەڵات ئەودەم لەبەردەستی عەرەبدا بوون لەبەر ئەوە پورتوغالییەكان بۆ پاراستنی بەرژەوەند و سوودی بازرگانی هیندی ڕۆژهەڵات، بەپێویستیان زانی بەسەر عەرەباندا زاڵ بن. شەڕی نێوان پورتوغالی و عەرەب دەتوانین بە سەرەتای چاخی ئیمپریالیزم بزانین كە تا ئەمڕۆ نەتەوی عەرەب لێی ڕزگار نەبووە"[٢٠].

ئەوەش بڵێین كە مێژوونووسانی نەتەوەپەرستی عێراق بە رابردووی پێش ئیسلامی ئەم وڵاتە زۆر هەڵدەڵێن و مێزۆپۆتامیا (بین النهرین) بە لانكی مێژوو دەزانن كە دانیشتوانی، لە سەرانسەری مێژوودا دەوڵەتی هەرە بەهێز و شاری هەرە گەورە و شارستانەتی هەرە پرشنگداریان دامەزراندوون. بەڵام نەیارانی بیانی بەتایبەت ئێرانی و ڕۆمی و مەغۆل هەمیشە پەلاماری ئەم مەڵبەندەیان داوە و خاپووریان كردووە.

نوكتەی تر ئەوەیە كە مێژوونووسانی ناسیۆنالیستی عێراق، ئیمپریالیزم بە سەرچاوەی هەموو نەهاتی و بەدبەختی ئیمڕۆی عەرەبان دەزانن و سەیر لەوەدایە وەختێ باسی ئەو سەردەمەش دەكەن كە توركی عوسمانی وڵاتی عەرەبیان لەژێر دەستەڵاتا بووە، وشەی ئیمپریالیزم بەكاردێنن. دیارە لەمەڕ چەندوچونی ئەم دەستەڵاتەوە بەدەگمەن قسە دەكەن. بێگومان بە ئیمپریالیست ناوبردنی فەرمانڕەوایانی عوسمانی، پەیوەندی بە لێكدانەوەی مانای (میللەت) لەلایەن مێژوونووسانی عێراقەوە هەیە. چونكە ئەوان وشەی (میللەت) لە مانا مۆدێرنەكەیدا بەكاردێنن و بەسەر هەموو مێژووی عەرەباندا دەیسەپێنن.

## ٤-مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانە لە ئێران

لە ئێراندا هەوێنی كاری نووسینی مێژووی ناسیۆنالیستانە، دوژمنایەتییە لەگەڵ عەرەب و تورك و بێزارییە لە شوێنەوارێكی كە زاڵ بوونی درێژخایەنی ئەوان لە فەرهەنگ و مێژووی ئێرانا جێی هێشتووە. مێژوونووسانی ناسیۆنالیستی ئێران بەبەر ئەم دوژمنایەتی و بێزارییەوە، مێژووی ئێرانی پێش ئیسلام بەتایبەتی ئێرانی سەردەمی ساسانی زیاد لە ئەندازە گەورەدەكەنەوە. لەم مێژوونووسییەدا، تێشكانی ساسانی و زاڵ بوونی عەرەب بە كارەساتێكی وەها لەقەڵەم دەدرێ كە قەرەبوو ناكرێتەوە. كارەساتێكی كە سەرەتای مێژووی پڕ لە ڕەنج و نامرادی ئێرانییەكانە. زاڵ بوونی عەرەب بەسەر ئێرانا دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانی شیرازەی شارستانەتییەكەی مەزن و پرشكۆ. ئێرانییەكان سەر وەبەر ئیسلام دەهێنن بەڵام مێژوو زمانی خۆیان دەپارێزن و هەمیشە وەك نەتەوەیەكی جودا لە موسوڵمانانی تر دەمێننەوە. دوای دوو سەد ساڵ دەستەڵاتی عەرەب، (ققنەسی ئێران) لە خۆڵەمێش سەرهەڵدەداتەوە و لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی كۆچیدا بنەماڵە ئێرانییەكان بە پاتشایەتی دەگەن و جۆرە سەربەستییەكیان لە

خەلافەتی بەغدا، دەکەوێتە دەست. ئەم دوو سەدەیە، هەرەتی پشکووتنی فەرهەنگ و زمانی ئێرانییە. بەڵام لەگەڵ زاڵ بوونی تورکان، لە ئاخر و ئۆخری چەرخی چوارەمی کۆچیدا، قۆناغێکی تری مێژووی ئێران دەست پێدەکا، فەرهەنگ و زمانی ئێرانی وردە وردە لە گەشەکردن دەکەوێ و بە شالاوی مەغۆلەکان روو لە کزی و سیسی دەکا تا سەرەنجام لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیدا جارێکی دی سەر بەرزبکاتەوە.

مێژوونووسانی ناسیۆنالیست بە چاوێکی پڕ لە حەسرەت و خۆزگەوە دەڕواننە رابردووی ئێرانی پێش ئیسلام و هەر شتێکی سەردەمی ئیسلامیان بەلاوە باش و پەسند بێ، بەجۆرێك دەیبەنەوە سەر مێژووی پێش ئیسلام. ئەم روانینە بە وتەی (ئاشوری) مێژووی زیندوو بۆ مێژووی مردوو تووڕدەدا و جاری وایە دەگاتە سنوری شێتی. ئەوە کە مێژوونووس بە مێژووی پێش ئیسلامی ئێرانەوە بنووسێ و بە مێژووی سەربەرزی و شانازی دابنێ، ئەم خەیاڵەی تێدا بەستەیە کە گۆیا بلیمەتییەکی بێهاوتا یا بڕیارێکی خودایی رێگەی بۆ ئەوە خۆش کردووە کە ئەم نەتەوەیە سەرچاوەی هەموو شتێکی بایەخداری جیهان بێ. بە رای ئەمانە (ناسیۆنالیستەکانی ئێران) فەلسەفە و بیری یۆنان هەمان شتە کە یۆنانییەکان لە موغە زەردەشتییەکان فێری بوون و مەسیحایەتی و بوودایی‌گەری و بزووتنەوە دینییە گەورەکانی دی تێکڕا لە ئێران گوێزراون و بۆ وڵاتی دیکە چوون. بە کورتی ئەم رەگەزە رەسەن و پەسندە لە هەمبانەی بلیمەتی و جوامێری خۆی هێندەی بەدنیا بەخشیوە کە لە ئەنجاما خۆی دەسبەتاڵ ماوەتەوە و کەوتۆتە سەر ساجی عەلی![21].

بەلای مێژووی ناسیۆنالیستانەی ئێرانەوە، گرینگترین ئامیانی پێناسی نەتەوایەتی ئێران زمانی فارسییە: ئێرانییەکان دوای چوارسەد ساڵ شەڕو کێشە دەگەڵ عەرەبان. لە سایەی زمانی فارسییەوە پێناسی تایبەتی و جیاوازی خۆیان لە دنیای ئیسلامدا بەدیهێنا و بنەگرتوویان کرد. ئەوان لە رێگای ئەم رەمانەوە توانیان بگەڕێنەوە سەر مێژووی رابردووی خۆیان. لە دو چەرخی هەوەڵی دەستەلاتی عەرەباندا ئەم زمانە دەنگی نەکرد و خامۆش ما بەڵام پاشان وردە وردە هاتەوە قسە و لە ئەنجامدا بوو بە ئاوێنە و بالانوێنی پێناسی‌نەتەوایەتی ئێران و ئێستاش پێناسی ئێرانی بناغەیەکی لە زمانی فارسی پتەوتری نیە.

راستە، زمانی فارسی میراتێکی ترووسکەداری ئەدەبی لە پشتەو بەهۆی خزمایەتی نزیکی دەگەڵ زمانانی پێش ئیسلام، هەودایەکە ئێرانی نوێ بە ئێرانی کۆن دەبەستێتەوە. ئەمیرانی سامانی بە زیندووراگرتنی ئەم زمانە خزمەتێکی گەورەیان بە قەومی ئێرانی کرد. ئێرانییەکان پاش قەبووڵ کردنی ئیسلام، هەر ئێرانی مانەوە و بەپێچەوانەی قەومە موسوڵمان بووەکانی تر، نەبوونە عەرەبی زمان. بەڵام بەسەرهاتێکی کە مێژووی ناسیۆنالیستانە لەمەڕ سەرهەڵدانی زمانی فارسی و بوونی بە زمانی فەرهەنگ و ئەدەب و هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەم زمانە لە هیندو ئاسیای بچووك و بەشێکی زۆر لە قەڵەمرەوی شارستانێتی ئیسلام، بۆمانی دەگێڕێتەوە، پێش ئەوەی کە گێڕانەوەی راستییەکی مێژوویی بێ دەربڕینی هەست و ئارەزووی ناسیۆنالیستانەیە گومانی تێدا نیە دڵبەستەیی ئەمیرانی ساسانی و شاعیرانی وەك دەقیقی و فیردەوسی بە زمانی فارسییەوە، لە هەستی قەومی و ئێرانیگەری ئەوان هەڵقوڵیوە بەڵام ئەگەر ئەم (زمان خۆشەویستی)یە بکەینە بەڵگەی هۆشیاری نەتەوایەتی ئەوان، کاری ئێمە کاتەونکە (ئاناکرۆنیزم)ەو بەس.

لەوەش بترازێ، ئێمە ناتوانین بڵاوبوونەوەی زمانی فارسی و برەوسەندنی لە بەشێکی پان و بەرینی قەڵەمرەوی شارستانەتی ئیسلامیدا، بە یاریدەی (ئێرانیگەری) لێك بدەینەوە. سەرەڕای

ئەوەش، ئەم زمانە بۆ ئەوەی بتوانێ لە رۆژگاری خۆماندا وەك زمانێكی دەوڵەتی و زمانی ناوكۆیی قەومە جۆربەجۆرەكانی ئێران ئەركێكی مێژوویی راپەڕێنێ. دەبێ ببێ بە زمانێكی توانای زانستی و فەرهەنگی. ناسیۆنالیستانی ئێرانی لایان وایە هەر چونكە زمانی فارسی لەگەڵ زمانانی هیندوئوروپایی خزمە، ئەوانەی قسەی پێدەكەن لە بارياندا هەیە وەك خەڵكی ئوروپا و ئامریكا، ببن بە خاوەنی فەرهەنگ و شارستانەتی‌یەكی بەرزتر و هێژاتر لە هی نەتەوەكانی دیكە. ئەم خەیاڵە بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروڕای رەگەزباوەڕانە و سامی نەیارانە لە ئێرانا، پەیدابووە و زۆر رووناكبیری خۆشباوەڕی گیرۆدەكردووە. بەرویزی ناتل خانلەری دەنووسێ:

"كۆمەڵێ زمان كە خزمایەتی‌یان دەگەڵ یەكتر بەهۆی (پێك گرتنی زانستی) ئاشكرابووە و هەموویان لە یەك بنەما بە ناوی هیندو ئوروپایی كەوتوونەوە، لە زۆر كۆنەوە تا ئەمڕۆ ئامرازی دەربڕینی بەرزترین بیروڕا و ئامێری تێك گەیشتنی مەزنترین و پێشكەوتووترین نەتەوەكانی دنیا بون. ئەو گەلانەی بەم زمانانە دواون، برشتی ئیداری و رێكخراوگەلێكی بەرزتر و فەرهەنگێكی هێژاتریان بووە و هەر ئەم سفەتانەش بوونەتە هۆی ئەوەی كە بەسەر تەواوی ئوروپا و بەشێكی زۆری ئاسیا و ئەفریقا و دواتر بەسەر هەموو ئامریكادا زاڵ بن و زمانی خۆیان بە فەرهەنگ و شارستانەتی ورشەدارەوە لەم سەرزەمینە پان و بەرینانەدا پەرەپێبدەن"[٢٢].

داریووشی ئاشۆری كە كۆششی چەندین ساڵەی پڕ بەرهەم و بایەخداری ئەو بۆ رازاندنەوە و پاڵاوتن و بەهێزكردنی زمانی فارسی، لەبەرچاوی هەموو كەسە، دەربارەی ئەم زمانە و وەزعە مێژوویی‌یەكەی، روانگەیەكی واقیع بینانەی هەیە:

"زمانی فارسی لە سەرەتای ئەم چەرخەدا زمانێكی تێك شكاوی ئاسیایی بوو كە لەچاو زمانە مۆدێرنەكان — كە زمانی زانست و ئەدەب و فەلسەفە و تێكنۆلۆژی و ئابووری و سیاسەتی مۆدێرنن— نەك هەر نموودێكی نەبوو بەڵكو بەپێچەوانەی رابردووی پڕشكۆی، زمانێكی داماو و لاڵەپەتە و نەخۆش بوو. كاتێ دەیەویست لە قاڵبی زمانی ئیمپراتۆرێتی فەرهەنگی رابردوو بێتەدەر و ببێ بە زمانێكی نەتەوایەتی نوێ. هیچ نووسەرێكی گەورە شتی پێ نەدەنووسی و بەرهەمەكانی لە هەندێ شتی تەقلیدی و ناپوختەی دنیای پاشكەوتە بەدەر، هیچی تر نەبوو. ئەمڕۆش سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و كۆششەی بەدرێژایی شێست حەفتا ساڵی رابردوو بۆ بوژاندنەوە و پێشخستنی دراوەو هێشتا هەر زمانێكی كەم گەشەی جیهانی سێیەمە بەدیار پێویستی‌یەكانی زانست و تێكنیك و بیری مۆدێرنەوە. دەستەڵاتی فەرهەنگی زمان. دەسكەوتی خاوەنان و خوڵقێنەرانی فەرهەنگە، نەك هێزی دەوڵەت. لە نەسلەكانی پێشوودا كەسانێك هەبوون و ئەمڕۆش هەن كە دەیانەویست و دەیانەوێ بە یارمەتی زمانی فارسی و میراتی ئەدەبی. تەوەرەیەك (میحوەرێك) بۆ یەكێتی نەتەوەیی دروست بكەن.

بەڵام ئەوەی راستی بێ هەر وەك ئیتر ناتوانین بە شیری ئەردەشیر یا مەحموددی غەزنەوی یا نادر، ئیمپراتۆرێتی سیاسی ئێران زیندووكەینەوە، ئیمپراتۆرێتی زمانی فارسیش ناتوانین تەنیا بە زەبری زمانی فیردەوسی، مەولەوی یا حافز راگرین. ئەگەر زمانی فارسی نەتوانێ وەك زمانێكی فەرهەنگی مۆدێرن كە وەڵامدەرەوەی پێویستیەكانی ئەمڕۆیە، دیسان هەڵكشێتە لای ژووروو، هەرگیز ناتوانێ وەك زمانێكی دەوڵەتی جێگەی بەرزی پێشووی بگرێتەوە"[٢٣].

نوكتەیەكی سەرنج راكێش كە لە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانەی هەرسێك وڵاتی ئێران و عێراق و توركیادا بەرچاو دەكەوێ ئەوەیە كە هەوڵ دەدەن لە باری مێژوویی‌یەوە لە (وێنەی هەرەبەرزی رۆژاوایی) نزیك بنەوە و وێیبچن. هەرسێك لێدوانی مێژوویی تێدەكۆشن لایەنێكی مێژوویی كۆمەڵگاكانی خۆیان، بەشێوەیەك لە مێژووی رۆژاوا نزیك بكەنەوە. ئەو

تۆزتەکێن کردن و پاک کردنەوەیە لە راستیدا هەمووی کۆششێکە بۆ هاوچەشنی لەگەڵ وێنەی هەرەبەرزی رۆژاوایی کە نموونەی پێشکەوتوویی و بەرزێتی و بایەخدارییە. ئەم خۆ بەلاوە سووک بوونە لە زەمینەگەلی تری رەفتاری فەرهەنگی رۆژهەڵاتی‌یەکانیشا خۆدەنوێنێ کە باس کردنیان دەرفەتێکی تری دەوێ. بەڵام ئەوەی دەبێ لێرەدا باسی بکەین (کاتەونکە)ی ئەم لێدوانانەی مێژووە و ئێمە لە هەرسێک نموونەی مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانەدا بە رۆشنی دەیبینین.

### ٥- کاتەونکە و ئەنجامەکانی مێژووی ناسیۆنالیستانە

کاتەونکە (ئاناکرۆنیزم) یانی تێک دان و تێکەڵ کردنی زەمانان و پشت گوێ خستنی جیاوازی بنەڕەتی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی مێژوو. لە کاتەونکەی مێژوویدا مێژوونووس تێدەکۆشێ هەست و عاتیفە و روانگەی فەلسەفی پێشداوەرییە ئەخلاقی‌یەکانی خۆی بداتە پاڵ مرۆڤی رۆژگارانی رابردوو. لە خۆیرا بڕوانێ و دەربارەی هەست و بیر و کردەوەی پێشینان داوەری بکا. هەڵسەنگاندنی ئەم کاتەونکەیە لە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانەی عێراقەوە دەست پێدەکەین کە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بە ئیمپریالیزم ناودەبا و وشەی میللەت لە مانای تازەدا، بەسەر هەموو مێژووی عەرەبدا دەسەپێنێ.

ئیمپریالیزم وەک ناسیونالیزم دیاردەیەکی نوێیە و مێژووی پەیدابوونی ئەم دوو دیاردەیە ناگاتە دوو سەدەش. راستە وشەی (ئیمپریالیزم) لە وشەی (ئیمپراتۆری) وەرگیراوە بەڵام ئەم دوو وشەیە لە باری ماناوە زۆر لێک جیاوازن. ئیمپریالیست بە دەوڵەتێک دەگوترێ کە دەسەڵاتی خۆی بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی نەتەوەیی پەرەپی‌بدا و سەرچاوەکانی سامان و ئابووری وڵاتانی تر داگیر بکا. ئەم وشەیە هەوەڵ جار لە دەهەی ١٨٩٠ ی میلادیدا، لایەنگرانی ئیستیعماری ئینگلیس بە سەرۆکایەتی ژۆزف چەمبەرلین بەکاریان هێنا. ئەمانە دژایەتی سیاسەتێکیان دەکرد کە پەرەسەندنی ئابووری ئینگلیستانی لە قەڵەمڕەوی نەتەوەییدا تەوڵ دەدا، ئەم وشەیە دوایی چووە ناو زمانانی دیکەی ئورووپاوە[٢٤].

با لە مانای ئیمپراتۆری هەندێ زیاتر وردبینەوە چونکە ئەگەر باشی روون بکەینەوە، چاکتر دەتوانین کاتەونکەی مێژوونووسانی ناسیۆنالیست نیشان بدەین. پێش ئەوە کە لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامیدا دەوڵەت گەلی مۆدێرن بێنە مەیدانەوە، نیزامی سیاسی زۆربەی ئەم کۆمەڵگایانە، ئیمپراتۆری بوو. ئێرانی ئێستا و تورکیا و عێراق پاشماوەی نیزامی ئیمپراتۆرین. ئیمپراتۆری بەو وڵاتانە دەگوترا کە چەندین قەوم و رگەزیان تێدابوو، هەر قەوم و رەگەزێکیش خاوەنی زمان و فەرهەنگی خۆی بوو بەڵام هەموویان پێکەوە لەژێر دەستەڵاتی قەومێکی زاڵدا دەژیان بێ‌ئەوەی پەیوەندێکی قووڵ و ئاڵ و وێرێکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبێ.

قەومەکان بەشێوەیی ئاسایی بە زمانی خۆیان دەدوان و پێویستی‌یان بە زمانێکی گشتی نەبوو. لە دەربار و دام و دەزگای دیواندا زمانێک باو بوو کە هەندێ جار تەنانەت زمانی قەومە ژووردەستەکەش نەبوو. لە دەرباری عوسمانیدا بۆماوەی چەند سەدە بە زمانی فارسی قسە دەکرا و فارسی زمانی دیوانی بوو. لە ئیمپراتۆرێتی هەخامەنشیدا زمانی دیوانی، ئارامی بوو. لە دەرباری سەفەویدا بە زمانی تورکی قسە دەکرا کە چی سەفەوی‌یەکان بە رەچەڵەک تورک نەبوون. شا ئیسماعیل خۆی بە تورکی شیعری دەگوت. چەند کەس لە سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ وێنە سولەیمان قانوونی و سوڵتان محەمەدی دووەم بە فارسی شیعریان دادەنا و زۆریان دڵ بەم زمانە خۆش بوو بۆ پەرەپێدانی تێدەکۆشان. لە قوتابخانەکانی ئەوسای عوسمانیدا زمانی فارسی وەک زمانی یەکەم بە منداڵان دەخوێندرا. گێرە و کێشەیەکی کە ئەمڕۆ لەسەربوون یا نەبوونی زمانان هەیە ئەودەم لە ناوا نەبوو، چونکە زمان بناغەی

دەوڵەت و وڵات نەبوو. ئەگەر لە وڵاتێکیشدا زمانی قەومی زاڵ وردە وردە جێی زمانی خۆجێیی دەگرتەوە، وەك چۆن لە ئازەربایجان زمانی تورکی جێی زمانی ئازەری گرتەوە، ئەم کارە بەرهەمی سیاسەتێکی وشیارانە نەبوو بەڵکوو ڕووداوێکی ئاسایی بوو. ئاشتی و یەکێتی قەوم و هۆزی جیاجیای ناو ئیمپراتۆرێتی زۆرتری بەهۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەهاتەدی و جاروبار بە بڵاوبوونەوەی دینی فەرمانڕەواکان و قەبووڵ کرانی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە بنەگرتوو دەبوو. سەفەوییەکان دوای ئەوە کە هاتنە سەر (شیعەتی) و ئەم مەزەبەیان پەرەپێدا توانیان دەوڵەتێکی سەرانسەری و وڵاتێکی یەکپارچە پێك بێنن و لەبەرامبەر دوژمنەکانیاندا کە سوونی بوون (عوسمانییەکان لە ڕۆژاوا و ئۆزبەکەکان لە ڕۆژهەلات)، خۆڕاگرن. سوڵتانەکانی عوسمانی خەلیفە و ڕێبەری دینی موسڵمانان بوون و فەرمانبەرانی خۆیان هەروەك پێشتر گوتمان نەك لە ڕووی ڕەگەز یا زمان بەڵکوو لە ڕووی دین و ئایینەوە لێك هەڵدداوارد.

کورد و عەرەب و تورکیان بە (میللەتی موسڵمان) ناودەبرد کە میللەتی زاڵی ئیمپراتۆری بوون. وشەی میللەتیشیان بە مانا قورئانییەکەی یانی دین و شەریعەت یا پەیڕەوکانی، بەکاردەهێنا. لە کۆمەڵگای عوسمانی و بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، وشەی میللەت بەم مانایە کە ئیمڕۆ هەیەتی، شتێکی نەناسراو بوو. هەروەك ئاشوری بەدروستی دەڵێ:

"لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوەیە کە وشەی میللەت پێشان لە زمانی تورکی عوسمانیدا و پاشان بە تەئسیری تورکی لە زمانی فارسیدا بۆ مانای تازەی ناسیۆن (nation) بەکاردێ کە پەیدابوونی ئەم مانا تازەیە لە ڕاستیدا سەرەتای پەیدابوونی دوو میللەتی نوێی تورك و ئێرانیشە"[٢٥].

مێژوونووسانی ناسیۆنالیستی عێراقی وەختێ فەرمانڕەواکانی عوسمانی بە ئیمپریالیست ناودەبەن لە ڕاستیدا وشەی میللەت — لە مانای ئەمڕۆیدا — بەسەر هەموو مێژووی عەرەبدا دەسەپێنن، ئەمانە ڕابردوو دەخەنە قاڵبی هەست و عاتیفە و بۆچوون و دەراوی فەلسەفی و پێشداوەری ئەخلاقی خۆیانەوە و بەم چەشنە پێش بە تێگەیشتن و ناسینی ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگرن. لە خۆیانڕا دەڕوانن و دەربارەی هەست و بیر و کرداری پێشینان دەست دەکەن بە داوەری. ئەم کاتەونکەیە (Anachronisme) دەردی بێدەرمانی مێژوونووسینی ناسیۆنالیستییە و ئێمە لە کاری زۆربەی مێژووونووسانی ئێرانیدا بە ئاشکرایی دەیبینین.

گومانی تێدا نیە کە زۆربەری ئەم مێژووونووسانە بەدەستی ئەنقەست مێژوو بۆ مەبەستی قازانجی سیاسی دەنووسن. بەڵام ئەگەر چاکی لێوردبینەوە تەماشای دەکەین ئەنجامی کاری ئەوان تەنانەت بە قازانجی سیاسەتە دڵخوازەکەشیان نیە، چونکە ئەگەر باش دە ڕابردوو نەگەین سەرچاوەگەلی مێژوویی زۆربەی ڕووداوەکانی ئێستا و ڕەوتی گۆڕانی مێژوویی گرنگترین و بنەماییترین بنکە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆش نادیار و نەناسراو دەمێننەوە. ئاشکرایە بەبێ ناسینی سەرچاوەگەلی مێژوویی بنکە و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی ئێستا، ناتوانین هیچ سیاسەتێکی ئاواتەخوازانە (ئایدیالی) لە ڕێگەی ئاواتەخواستە (ئایدیال) نیشان دانی ڕابردووەوە بخەینە کار و بگەیەنینە ئەنجام.

لەناو مەفهوومە مۆدێرنەکاندا، گرنگترین و باوترین مەفهوومێکی کە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستی، مانای ئەمڕۆی دەخاتە پشت گوێ و بێئەوەی ڕامێنێ و وەسەر خۆی بێنێ بەسەر ڕابردوودا دەیسەپێنێ، مەفهوومی میللەت (nation) ە. ئەم مەفهوومە لە ڕاستیدا کلیلی دەرگای لێدوانی مێژووی ناسیۆنالیستییە.

زۆربەی دارشتنەوە مێژوویییە ناسیۆنالیستییەکان لەسەر بناغەی ئەم مەفهوومە و

لك و پۆپەکانی دامەزراوە. دەڵێین لك و پۆپ، چونکە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستی مەفهووم گەلی وەك نەتەوایەتی و پێناسی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی و فیزی نەتەوەیی و راپەڕینی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی و سنووری نەتەوەیی و ئایینی نەتەوەیی و شتی واش دەباتەوە سەر رابردوو و گەلێك لە دیاردە و رووداوە مێژوویی‌یەکان کە مانا و تایبەتی و سەرچاوەی دیکەیان بووە دەخاتە ناو چوارچێوەی ئەم مەفهوومانە و تێدەکۆشێ بە یاریدەی ئەم مەفهوومانە لێکیان بداتەوە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەم مەفهوومانە ماك و بنەمای مێژوونووسینی ناسیۆنالیستانەن و ئەگەر بەپێی مێژووی بەدیهاتنیان مانا و مەدلوولەکانیان پێبدەینەوە، هەمو دارشتنەوەکانی مێژووی ناسیۆنالیستی هەڵدەوەشێتەوە. داریووشی ئاشۆری دەربارەی مەفهوومی نەتەوایەتی شیکردنەوەییەکی وردی هەیە کە دەتوانین بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی لێدوانی ناسیۆنالیستانەی مێژوونووسینی ئێرانی دابنێین. دەنووسێ:

"نەتەوەباوەڕی (ناسیۆنالیزم) دیاردەیەکی گرنگی جیهانی ئەم چەند چەرخەی دوایی‌یە و لە زنجیرە گۆڕانێکی بنەڕەتی کەوتۆتەوە کە وێڕای دەربازبوون لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو سەردەمی نوێ، بەسەر کۆمەڵگاکانی ئورووپادا هاتووە. نەتەوەباوەڕی مەفهوومێکە کە ویژدانی نوێی مرۆڤ لە سایەیدا خۆدەناسێنێ، ئەم ویژدانە نوێیە ویژدانێکی سیاسی‌یە کە پێناسی مرۆڤ بەنیسبەت نەتەوە و دەوڵەتەوە دەناسێنێ و و فۆرموولی بۆ دادەنێ.. ویژدانی سیاسی مۆدێرن دیاردەیەکی نوی‌یە کە وێڕای بەرەوڕووبوون لەگەڵ ویژدانی رابردووی مرۆڤ. بەهۆی جیهاد و خەباتێکی دوورودرێژ لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاست شکڵی گرتووەو لە بنچینەدا لە روانینی جیهان داگرانەی دنیای مۆدێرن سەرچاوە دەگرێ.

مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتر، هەرچەند دەوڵەتی دەناسی و بەهەرحاڵ، لە نیزامێکی سیاسی بەهرەمەند بوو (چونکە نیزامی سیاسی لایەنێکی پێویست و بنەمایی نیزامی کۆمەڵایەتی مرۆڤە) بەڵام دەوڵەتی بەتەوەرەی کۆمەڵگا دادەنا و پێناسی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی بە نیسبەت ئەوە دیاری نەدەکرد و نەدەناساند، بەڵکو ئەم پێناسە لە دوو مایەی فەرهەنگی– دین و زمان — سەرچاوەی دەگرت و تەعەلووقی مرۆڤ قەومی بوو نەك میللی. یانی هەر مرۆڤێك بەپێی دین و زمانێ کە هەیبو، خۆی سەر بە ئەم یا ئەو قەوم دەزانی و هەر لەبەرئەوە هێندە وەك ئەمڕۆ بەلایەوە گرنگ نەبوو لەژێر حوکمی کام دەوڵەتا دەژی. هەروەك لکە جۆربەجۆرەکانی قەومی ئێرانی چەندین سەدە لەژێر سایەی هێز و دەسەڵاتی بێگانەی بە ئەسڵ یۆنانی و عەرەب و تورك و مەغۆلدا ژیابێ ئەوەی (ئێرانەتی) یەکەی لەکیس بچێ، چونکە ئێرانێتی لە بنەڕەتا تەعریفێکی سیاسی نەبوو. پێناسێکی فەرهەنگی بوو. بۆ نموونە فیردەوسی — گەورەترین رەمزی ئێرانەتی و خەباتکاری گەورەی پاراستنی زمان و خاتیرەی قەومی و مێژوویی ئێران — دەتوانێ شانامەی خۆی پێشکەشی پاتشایەکی تورك یانی مەحموودی غەزنەوی بکا بی‌ئەوەی بەم کارە لە بنەڕەتەوە وا هەست بکا تووشی رەفتارێکی دوو هەواو و ناڕێك بووە. لەوان رۆژگاراندا سنووری حوکوومەت و پاتشایەتی‌یەکان، سنووری میللی نەبوو، بەڵکو سنوورێك بوو کە دەسەڵاتی ئەم یا ئەو پاتشای لێدەگەڕایەوە و پێشڕەوی و پاشەکشەی ئەم سنوورە کەم وا هەبوو کارێکی گرنگ بکاتە سەر ژیانی فەرهەنگی خەڵك و ئەگەر کاریشی تێبکردایە لە مەودایەکی درێژی زەماندا خۆی دەنواند"[٢٦].

هەروەك دەبینین، نەتەوە و هەموو لك و پۆپەکانی وەك پێناسی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی و ویژدانی نەتەوەیی و شتی وا، هەموو دیاردەی نوێن کە لە رابردوودا زەینی خەڵك لێیان

بێگانە بووە. تەعەللوقی مرۆڤ لە رابردوودا قەومی بووە نەك نەتەوەیی. ئەم نوکتەیە بۆ مێژوونووسی لە ئێراندا زۆر گرنگ و بنەمایی‌یە و ئەگەر باش بزانرێ و لە دارشتنەوە مێژوویی‌یەکاندا بخرێتە بەرچاو، بەشێکی زۆر لە رووداوەکانی رابردووی ئێمە، مانایان دەگەڵ ئەوەی تا ئێستا لە زوربەی کتێبە مێژوویی‌یەکانی ئەم شێست حەفتا ساڵەدا خوێندوومانەتەوە، جیاوازی دەبێ.

لە راستیدا ئەوەی لە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستیدا لەبیردەکرێ، جیاوازی نێوان قەوم و نەتەوەیە. پێشینیانی ئێمە تا سەدەیەك لەمەوبەر یا بەلانی زۆرەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، لە هەستی نەتەوایەتی بێبەش بوون. ئەوان هەستی قەومی‌یان هەبوو. هەستی قەومی، هەستێکی تەبیعی‌یە چونکە قەومەکان دیاردەی تەبیعین. بەڵام نەتەوەکان لە رووی نەخشە و بەرنامەی سیاسی سازدەکرێن و بە گوتەی ئاشوری، بەرهەمی ئەندازیاری سیاسین:

"ویژدانی قەومی، پێناسی خۆی لە هاوخوێنی و هاوڕەگەزی و هاوزمانی و هاودینی و ژیان و پەروەردەبوونی ناو بەستۆرەی فەرهەنگی قەومیدا، دەدۆزێتەوە کەچی ویژدانی نەتەوەیی هەرچەند جاری وایە ئەم کەرەستانە بەشێوەی دروست و جاری واشە بە ساختەکاری و زۆرەملێ لە تەعریفی خۆیدا بەکاردێنێ، بەڵام ماکی تایبەتی ئەو، تەعەلووقیەتی بە (دەوڵەتی نەتەوەیی)یەوە یا بە دەستەڵاتێکەوە کە لە نەتەوە پەیدابووە. بە وتەی تر ئەگەر لە تەعریفیی قەوما ئامیانی رەگەزی یا فەرهەنگی یەکگرتوو دێتە حیساب لە تەعریفی نەتەوە بەمانای ئەمرۆی وشەدا زیاتر ئامیانی سیاسی دەبێ بخەینە بەرچاو کە پەیوەندی بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی‌یەوە هەیە یانی بەجۆرێك نیزامی دەستەڵاتداری کە بنچینەی رەوای (مەشرووعەیت) ەکەی لە لێکدانەوەدا بریتی‌یە لە هاورایی (Consensus) خەڵك یا شاروەندەکان بۆ ژیان لەژێر سێبەری دەستەڵاتێکی خۆمانەی سیاسیدا"[٢٧].

چلۆنایەتی پەیوەندی پێشینیانی ئێمە لەگەڵ دەستەڵاتی زاڵ، لەچاو پەیوەندێکی کە ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ دەستەڵاتی زاڵدا هەمانە، تەواوێك جیاوازبووە. ئەوان نەیاندەتوانی وەك ئێمە بیربکەنەوە و بەشێوەی ئێمە بروانن دەستەڵاتی سیاسی. مێژوونووسی ناسیۆنالیست ئەم ئەسڵە سەرەتایی‌یە لەبیردەکا. لە رۆژگارانی رابردوودا دەستەڵاتی زاڵ پێویستی بەوە نەبوو رەوایی خۆی لەسەر خواست یا ئیرادەی خەڵك دامەزرێنێ.

پاتشایەتی خەڵاتێکی خودایی بوو. قەوم و هۆزی جۆربەجۆر لەدرێژایی سەدان و هەزاران ساڵ لە ژێر سایەی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری‌یەکاندا دەژیان بێ‌ئەوەی داوای دامەزرانی هێزی نەتەوەیی بکەن. هەربۆیە دەبیر و وەزیری ئێرانی خزمەتی پاتشاکانی تورك و مەغۆلیان دەکرد بێ‌ئەوەی لەم کارەدا تۆزقاڵێك هەست بە دژایەتی و ناتەبایی بکەن یا لە کن ویژدانی قەومی خۆیان شەرمەزار بن. چونکە بە وتەی ئەبولفەزلی بەیهەقی لە ئەزەلەوە وا بڕیار درابوو کە ئەو پاتشایانە بۆ ماوەیەك دەستەڵاتداری بکەن. مرۆڤ دەستی لەم کارەدا نەبوو. هەرا و هەنگامەی (سەربەخۆیی سیاسی) و (دەستەڵاتی نەتەوەیی) ئەو کاتە لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتا دەست پێدەکا کە بەهۆی داهاتنی بیرو بۆچوونی نوێو وردە وردە هۆشیاری نەتەوەیی لەناو خوێندەواران و پاشان لەناو هەندێ تاقمی خەڵکا پەیدادەبێ:

"نەتەوە بەرهەمی سەردەمێکە کە مرۆڤ هەموو شتێك، یانی تەواوی تەبیعەت و لەو ناوەدا (خۆ)شی سەرلەنوێ تەعریف دەکا و، دەیەوێ بەپێی خواستی خۆی شکڵی پێبداتەوە و رێك و پێکی بکاتەوە. نەتەوە بەرهەمی سەردەمێکە کە مرۆڤ پێناسی گەلایەتی خۆی لەوەدا بەدیدەکا کە سەر بە دەوڵەت بێ و بە ئیرادەی خۆی دەوڵەت بنیات بنێ؛ هەروەك لە نەزەریەی (قەرارداری کۆمەڵایەتی)دا دەیبینین. لە

سەردەمێکی وەهادا نەتەوە ئەو کاتە بە راستی نەتەوەیە کە هێزی خۆی، یانی دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ"[٢٨].

مێژوونووسانی ناسیۆنالیست هەر بزووتنەوە و راسانێکی کە لە رۆژگارانی رابردوودا بە دژی هێزە حاکمەکان یا بۆ دژایەتی لەگەڵ دینی دەستەلاتدارەکان یا بۆ بەرپەرچ دانەوەی مەزنی خوازی و ژووردەستی قەومە زاڵبووەکان رووی‌داوە، بە (راپەرینی نەتەوەیی) دادەنێن. بەلام ئەم بزووتنەوانە هەریەکە، سەرچاوە و مانا و تایبەتی‌یەکی تری هەبووە و کاری مێژوونووس ئەوەیە هەوڵ بدا بیاندۆزێتەوە و بیانخاتەوە روو و رێ بۆ تێگەیشتنیان خۆش بکا. بۆ نموونە، ناتوانین بزووتنەوەیەکی وەك بزووتنەوەی (شعووبی) بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێرانی‌یان لەقەڵەم بدەین چونکە شعووبی‌یەکان کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ خۆپەرستی عەرەبان و ئیددیعای مەزنایەتی ئەوان بەسەر قەومەکانی ترا راپەڕیبوون. مەبەستیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی خۆماڵی نەبوو. شعووبی لە هەموو ولاتانی ئیسلامەتیدا هەبوون و تەنیا لە ئێرانی‌یەکان هەڵنەکەوتبوون. ئەوان دەیانەویست نیشانی بدەن کە عەرەب لە قەومەکانی تر بەرزتر نیە. بەلام بەرە بەرە کارەکەیان گەیاندە سەرکۆنەکردن و بە نزم دانانی عەرەبان و هەرکەسە قومی خۆی لە عەرەب بە مەزنتر زانی. دوایی شعووبی‌یەکان خزانە ناو دەزگای بەرمەکی‌یەکان و رێز و پلەیەکی زۆریان دەست کەوت. بەکورتی، بزووتنەوەی شعوبی هەرچی بوو، بزووتنەوەی نەتەوەیی نەبوو، نەشیدەتوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی بێ.

مێژوونووس دەبێ بتوانێ دوور لە هەست و عاتیفە و بیروباوەڕی تایبەتی و پێشداوەری ئەخلاقی و فەلسەفی خۆی، رابردوو بە چەشنێ دابڕێژێتەوە کە ئەم رووداوانە هەموویان، مانای راستەقینەی خۆیان وەرگرنەوە. ئەرکی مێژوونووس ئەمەیە و بەس. تەنانەت ئەگەر بیەوێ لە کاری بەدیهێنانی تەبایی و ئاشتی نەتەوەیی قەومە جۆربەجۆرەکانی ولاتیشدا هاوبەشی بکا، تەنیا بە جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئاوا دەتوانێ دروستی ئەم کارە بێ و لەوانەشە بتوانێ کاربەدەستانی سیاسی بۆ پتەوترکردنی بناغەکانی نەتەوایەتی رێنوێنی بکا.

ئەزموونی مێژوونووسینی ناسیۆنالیستی لە ولاتانی وەك ئێران و عێراق و تورکیا ئەو راستی‌یەمان پێ‌دەسەلمێنێ کە بەکارهێنانی مێژوو وەك ئامرازێك بۆ بزاوتنی (فیزی نەتەوەیی) لە راستیدا ئەنجامی باشی نەبووە، قەومە جۆربەجۆرەکانی ئەم ولاتانە هەموویان وێنەی رابردووی خۆیان لەو مێژووەدا کە لە قوتابخانە و زانستگا فێری دەبن، بەدی‌ناکەن. مێژووی ناسیۆنالیستانەی هەرکام لەم ولاتانە تەنیا بە قازانجی یەکێ لە قەومەکان و لە مەتحی فەرهەنگ و زمانی ئەو قەومەدا نووسراوە. ئەم مێژووە نەك هەر یاریدەی تەبایی و رێك کەوتنی نەتەوەیی قەومە جۆربەجۆرەکانی ئەم ولاتانەی نەداوە بەڵکوو پەیوەندی کۆنی مێژوویی و فەرهەنگی ئەوانیشی بێ‌هێزکردووە. مێژووی ناسیۆنالیستی لەم ولاتانەدا ئەگەر غوروورێکیشی بزواندبێ هەر غورووری قەومی بووە ئەویش تەنیا لەناو ژمارەیەك رووناکبیر و خوێندەواری ئەو قەومەدا کە فەرهەنگ و سیاسەت و زمانەکەی زاڵە. مێژووی ناسیۆنالیستانەی تورکان کە هەندێ نموونەمان لێ‌نیشان دا، چ غوروورێکی نەتەوەیی دەتوانێ لەناو کوردانی ئەم ولاتەدا ببزێوێ؟ کوردەکان وێنەی رابردووی خۆیان لەئاوێنەی مێژووی ناسیۆنالیستانەی ئێران و عێراق و تورکیادا نابینن. لەخۆڕا نیە کە رووناکبیرانی کورد لە ئوروپا و ئامریکا دەستیان کردووە بە نووسینی مێژووی سەربەخۆی کورد کە هەڵبەتە لە باری ئەفسانەسازی و مێژووی داتاشین و پێهەڵاگوتنی قەومی کورد، چی وا لە مێژووە ناسیۆنالیستی‌یەکانی تر بەجێ نەماوە. ئەوانیش تێدەکۆشن کەڵك لەکاری کوردناسانی رۆژاوا وەرگرن و مێژوویەکی پڕ لە

شانازی بۆ کوردان، ساز بکەن. ئامانجی سەرەکی مێژوو نووسانی کورد، خولقاندنی مێژوویەکی یەکدەست و یەکپارچەو دووروودرێژە بۆ کوردان. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کەبۆ وەدی هێنانی ولاتێکی سەربەخۆی کورد زەمینەی مێژوویی پێك بێنن، ولاتێکی کەلە جنوبەوە پاڵ وەخەلیجی فارس دەداو لەباکورەوە دەگاتە دەریای رەش.

بزووتنەوەی ناسیۆ نالیستانەو جیایی خوازانەی کورد، هەندێ سەرچاوەی سیاسی و فەرهەنگیو مێژوویی هەیە. بەلام تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەی ئێستای ئێمە هەبێ، راست و بێپەروا دەبێ بڵێین مێژوو نووسینی ناسیۆنالیستانەی ئێران و عێراق و تورکیا لەپەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیەدا بێ تەئسیر نەبووە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەینە ئەوە کە مێژووی ناسیۆنالیستانەی هەرسێك ولات بۆمەبەستی سیاسی تواندنەوەی قەومە جۆر بەجۆرەکانی ئەم وولاتانە نوسراون. مێژوونوسینی ناسیونالیستانەی تورکیاکە سەرچاوەیەکی فیکری بووە بۆ تەوژمی بەهێز پان تورکیستی لەناو روناکبیران و رێبەرانی سیاسی ئەو وولاتەدا، هەستی نامۆیی کوردەکانی لەئاست تورکان رۆژ دەگەڵ رۆژ زیاتر کردووە. کاتێ روناکبیرو کاربەدەستە سیاسی یە پان تورکیستەکانی تورکیا بۆ دۆزینەوەی رەگ و ریشەی فەرهەنگی تورك لە ئاسیای ناوەندیدا، روو دەکەنە تورك زمانەکانی ئەو مەڵبەندە، بیانەوێو نەیانەوێ روو لە کوردان وەردەگێڕن. کەچی پەیوەندە مێژوویی و فەرهەنگی و دینییەکانی تورکی تورکیا دەگەڵ کوردی ئەم وولاتە بەرچاو ترو گرینگترە.

فرە قەوم بوونی ولاتانی وەك ئێران و عیراق و تورکیا راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە روانینی مێژووی ناسیۆنالیستانە لە هەرسێك وولاتدا خستویەتە پشت گوێ. ئەم روانینە تا ئێستا زۆر ئەنجامی تاڵی هەبووەو لەمەولاش بۆی هەیە ئەنجامی تاڵی دیکەی لێ بکەوێتەوە. روناکبیران و رێبەرانی سیاسی ئەم ولاتانە پێش ئەوەی دەربەستی بەسەرکردنەوەی قەوم و خزمەکانی ئەودیوی سنوری ولاتەکانیان بن باشتر وایە بیر لەچوارچێوە میللی یەکانی خۆیان بکەنەوە و بۆ یەکگرتنی نەتەوەیی قەومە جۆر بەجۆرەکانی ناو ئەم چوار چێوانە تێ بکۆشن. نابێ لەبیرمان بچێ ئەو ولاتانەش کە ئەوان خزمەتی قەومیەکانی خۆیانی تێدا رەچاو دەکەن، لەبارەی قەومی یەك پارچەو یەکدەست نین، ناسیۆ نالیزمی بەرچاو تەنگی ئەوان کەلە بنە رەتا هەر تەعەسسوبی قەومی‌یە بەهاسانی دەتوانێ رەش و هەڵلای قەومی لەم وولاتانەدا هەڵگیرسێنێ. بە پێچەوانەی بۆ چوونی ناسیۆ نالیستە بەر چاو تەنگەکان، ئەم وولاتانە هیچ کامیان مێژوویەکی یەکدەست و تاقانەیان نیە. لەراستیدا نەتەوەکان بەرهەمی مێژوویەکی چەند لایەنەن و دەولەتە مۆدێرنەکان بەرهەمی رێك کەوتن و ئاشتی و تێکەلاوین یاخود دەبێ وابن تا پایەدار بمێنن.

((بێ گومان لە رۆژگارێکدا کە پێشکەوتنە مەزنەکانی تێکنیك گەلێ پەیوەندی، بەکردەوە سنووره میللی یەکانی بێ هێز کردووە و ئیمکاناتێکی پەیوەندی سەر سوڕێنەری لەسەرانسەری جیهاندا بەدی هێناوە و شوورەی ئاسن و دیواری چینیشی بە تەوژم و ئەوشاری خۆی رووخاندووە، ناسیۆ نالیزمە بەرچاو تەنگەکان کە لەزەمینەی زمان و فەرهەنگدا خەیاڵی یەکپارچەیی نەتەوەییان لە سەردایە لە سەرانسەری جیهاندا رەنگیان کاڵ دەبێتەوە و تەنانەت زۆر وا هەڵکەوتووە کە فەرهەنگە قەومی و ناوچەیی یەکان دەرفەت پەیدا بکەن لە ژێر پاڵە پەستۆی یەکپارچە گەری میکانیکی و زۆردارانەی دەوڵەتان بێنە دەرێ و بحەسێنەوە. سەردەمی ئەندازیاری سیاسی بیسمارکانە و ئیستالینانەو رەزا شایانە و ئاتاتورکانە بەسەر چووە و رووناکبیرو سەرۆکە سیاسی و فەرهەنگی یەکان لەبری ئەوەی بیانەوێ هەموو شتێك برێژنە ناو قاڵبی ساویلکانەی زەینی خۆیان و بەشێوەیەکی میکانیکی یەکدەست و

یەکپارچەی بکەن دەبێ هەروك ووردە ووردە فێر دەبین . ڕێزی تەبیعەت بگرین و قانونەکانی پێ شێل نەکەین هیواداریـن ئـەم کارە زۆر درەنـگ نـەبووبێ جیاوازی قەومەکانی ناو چوارچێوە نەتەوەییـەکانیش قەبووڵ بکەن و ڕێزی لێ بگرن بە وتەیـەکی تـر دەبێ دەربارەی بایەخ و ئیعتباری هەموو ئامانج و ئاواتێکی کە لەقاڵبی ئیدیۆلۆژیە مۆدیرنەکانی سەدەی نۆزدە و بیستا جیهانیان هەڵگێڕ—و وەرگێڕ کردووە، سەرلەنوێ بیربکەینەوە. بەگوێرەی ئەو قسانەی کردمان پرسیارێکی کە ئەمڕۆ دەکرێ لە بەرامبەرمان قوت بێتەوە ئەوەیە: چۆن دەتوانین لەم شکڵە نەبەگە و نیوە چڵەی "دەوڵەت — نەتەوە" ی ئێستای وڵاتەکەمان کە بەرهەمی هەندێ هۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی چەرخی بیستەمە، دەوڵەت — نەتەوەیەکی وا ساز بکەین کە هەم خەیاڵی یەکپارچەیی نەتەوە بەلاوە بنێ هەم بتوانێ لە سایەی دەوڵەتێکەوە دیاردەی فرەفەرهەنگی و فرە زمانی لەگەڵ پەیوەند و تێکەڵاوی هاونیشتمانانەی کۆمەڵگا ڕێك بخات"(٢٩).

ئەمە پرسیارێکی مەعریفەت ناسانەیە کە دەبێ لەپێشدا لە قەڵەمڕەوی مێژوودا بێتە گۆڕێ مێژووی ناسیۆنالیستی کە لە ڕوانگەی ژاکۆبۆنانەی تێك هەڵشێلانی قەومە جۆربەجۆرەکانەوە نووسراوە بە حوکمی خوو و خدەی تایبەتی خۆی، ناتوانێ پرسیاری وا بخاتە ئاراوە. ئەم مێژووە شەرحی ڕابردووی (پڕ لە شانازی) نەتەوەیەکی یەکپارچەیە کە چاوی بڕیوەتە ئایندەیەکی پڕ لە شانازی. یادگارێکی متفەڕکە و کەس هەقی نیە شك لە پاکی و پیرۆزییەکەی بکا، ئاوێنەیەکی باڵانوێنە کە هەموو نەتەوە دەبێ وێنەی ڕابردووی خۆی تێدا بەدیبکا با ئەم وێنەیە تەمێکی چڕیشی بەسەرکشابێ. ئەم وێنە تەماوییە دەبێ ئێمە شەیدای خۆی بکا تا بتوانێ لەم دنیا پڕ لە ئاژاوە و دەرد و ڕەنجەدا مەرهەم بخاتە سەر برینەکانی هەناومان و هێز و گوڕ بنێتە بەر خەڵکی داماو. ئەم وێنەیە لە هەموو جۆرە ناپاکی و نەزانی و شێتییەك خاوێن کراوەتەوە. هەژاری و نەگبەتی و داماوی ئەمڕۆی ئێمە، بەروبوومی زاڵ بوونی عەرەب و پەلاماری تورك و شاڵاوی مەغۆلە ئەگینا ئێمە بۆرەخزمی قەومە ئورووپاییەکانین و مافی ڕەوای خۆمانە لە هەموو دەسکەوتی ماددی و فەرهەنگی ئەوان بەشمان هەبێ، جا بە ڕاستی پیاو چۆن دەتوانێ بە چاوی گومان تەماشای لێدوانێکی مێژوویی بکا کە ئەم هەموو هەوێنە عاتیفی و ئەرکە ڕەوان — دەرمانییەی هەبێ؟

## پەراوێز

(١) ماو مدرنێت.

(٢) بە نقل از مقدمەء تأریخ ایران، تألیف حسن پیرنیا (مشیر الدوله) و عباس اقبال تهران، کتابفروشی خیام، بهار ١٣٦٤.

(٣) عبدالحسن زرین کوب، مقدمەء دو قرن سکوت، انتشارات نوید (المان)، ١٣٦٨.

(4) Mare ferro. L Histore sous survillance. Calmann – Levy 1985, p.20.

(٥) داریوش اشوری، ما و مدرنیت، تهران، مؤسسة فرهنگی صراط، ١٣٧٦، ص٧٩.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦–١٦٧.

(٧) نادر انتخابی (از عثمانی گری تا تورانی گری). نگاه نو، شماره ١٦ (مهر — ابان ١٣٧٢) ص ٧١.

(٨) نادر ئینتخابی. هەمان سەرچاوە. ل ٧٠.

(9) Etienne Copeaux Linvention de L Histoire. Les Turcs Autrement Serie Monde Hs N 76. P. 161

(10) Ibid p.168.

(11) Ibidem.

(12) Ibid p 163.

(13) Nilufer Gole Les femmes turques entre la modernite et L islam. Basphorus

University, Istanbul 1988, pp 13-14.

(14) Etienne Copeaux op cit p 168.

(15) Kendal Nezan. Les Kurdes sous L Empire ottoman in Les Kurdes et le Kurdistan, sous la direction de Gerard Chaliand, ed F. maspero, 1981. P. 37.

(16) Etienne Copeaux, Op cit pp 170 – 172.

(17) Ibid p. 170.

(18) Mare Ferro, Comment on raconte L histoire aux enfants? Ed, Payot 1086. Pp. 88-91.

(19) Ibid, p.90.

(20) Ibidem.

(٢١) داریووش ئاشۆری، هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.

(٢٢) پرويز ناتل خانلرى، تاريخ زبـان فارسـى، جلداول، چاپ دوم، تهران. نشر نو، ١٣٦٦، ص ١٢٠.

(٢٣) ئاشوری، هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣.

(24) The Fontana Dictionry of Modern Thought edited by Alan Bullock and Oliver Stallybrass Fontana Collins, 1977 pp. 301-302.

(٢٥) داریووش ئاشۆری، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨–١٢٩.

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧.

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

(٢٩) هەمان سەرچاوە. ل ١٩٣ تا ١٩٤.

ئیسماعیل حەمەئەمین

# نووستن لەنێو بوونی ئاودا

## (شەڕەکانی خۆشبەختی لەنێو باخچەکانی جەفای هیوا قادری شاعیردا)

ئایا دنیای شتەکان بە ئێمە راودەکرێ؟، ئایا هەراو زەنای زمان، وەحشیەتی و یەکانگیری ئەو شتەی پێدەڵێن هاوئاهەنگکردنەوەی شتە بێدەنگەکانی دنیای ریاڵ لەنێو خەونەکانی نووسین و زمانی شیعری نووسیندا، تواناکانی خۆی لە کەنارەکانی بیردا دەتەقێنێتەوە؟ پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایا پەیوەندییەکانی زمانی شیعری و فکر هەمیشە پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە یاخود جۆرێکە لە تێکهەڵپرژان کە زۆرجاران بە تۆبزی دەچێتە ژێر نێوی پەیوەندییە بنەماییەکان؟ ئایا زمانی نووسین تاوەکو ئێستا دوورە لەو مانا و چەمکەی، دوور لە پێناسەی رستەی شیعری، کە نووسینی کوردی هەوڵدەدات دنیای خۆی، قەرەباڵغی خۆی لەنێو هاوئاهەنگیەکدا بدۆزێتەوە کە ناوی نراوە دەقەکانی کەنار ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیکراو؟ بەشێوەیەکی دیکە ئایا شێوە نووسینەکانی زمانی باوی چەند ساڵەی کوردی بە بەراوردکردن بە کێشەکانی رستەی شیعری ئەو مەشروعیەتە زمانەوانیەی هەیە تاوەکو بە نێوی زمانێکی کلاسیشەوە سنوور بۆ دەقەکانی دیکە دابنێ؟ یاخود ئایا خاوەنی شێوەیەکی تایبەتە تاوەکو خۆی لە بەرامبەر هەوڵدانەکانی تردا بە ئەڵتەرناتیف و لە زۆربەی کاتیشدا بە سەرچاوەگەری (المرجعیە) دابنێت؟ دوا پرسیاریش کە هەوڵدەدەم وەڵامی بدەمەوە ئایا رستەیەکی شیعری لە شیکردنەوەدا دوور لە سمبولاریزەکردن تا چەندە تخوبەکانی زمانی دێرینی بەنێو سەرچاوەگەری بەزاندووە؟

ئەمانە ئەو شەڕانەن دەمەوێت لەنێو راڤەکردنی برگەیەکی شیعری هیوا قادردا، بە چەند چڵە ژاڵەیەکەوە لەنێو یاریەکانی زماندا بەئەنجامی بگەیەنم.

لەم چەند پەنجەرانەوە دەمانەوێت بچینە نێو دنیای پەیوەندی نێوان زمان و جیهان، زمان و شکستی و خۆشبەختیە ساتەوەختیەکانی دەقی شیعری، کە لە هەڵبژاردنی شیعریەتدا دەتوانین هەموو شێوەکانی دیکەی زمانی ئەدەب لە بەرامبەر کێشەکانی هاوئاهەنگی و گەڕەلاوژەدا، لە گفتووگۆیەکی کراوەدا بەجێبهێڵین.

لەوانەیە لە یەکەم پەیوەندی خۆماندا لەگەڵ جیهاندا، شتە رەقەکان تاکە زمانی ئاخافتن و (نێوەندەکانی گەیشتن) یاخود پەیوەندییەکانمان بێت لەگەڵ دنیای نائاهەنگدا، جیهانێك لە پەردەکانی

منداڵیەوە ئەو شتانەن ڕۆژانە یەکەکانی پەیوەندی جەستەو پێگەیشتەکانی هۆشمەندی لەسەر ئاسانترین بیرکردنەوە جێدەهێڵن، بەوەی ئەو بوکەشووشە یاخود تۆپە یا خولخلۆکەیە سەرجەم پەیوەندییەك دروست دەكات لەگەڵ دنیای دەرەوە، پەیوەندییەك خۆی لەخۆیدا هەڵگری زمانێکی تایبەتە، خاوەنی نیوەڕۆکێکە، سەرەتایی تێگەیشتنەکانە لە جیهان، زمان لەم بارە منداڵییە سەرەتاییەدا یەکەکانی خۆی بە هێمنییەوە بینادەکات، ئەو بیناکردنەی لە ئەنجامدا شەڕەگەوەرەکانی پێهەڵدەگیرسێت و لەسەر مێزەکانی دانووستان و دپلۆماتدا رووباری خوێنە لەبەر ڕۆیشتووەکان، گوڵی باخچەکانی (ئەوانیتر) ئاودەدەن. ئەمە لە ساناترین پەیوەندیەوەیە کەیاریەکانی منداڵیمانە، ئەمە دەستلێدانمانننە لە شتە ڕەق و نەرمەکان تاوەکو گەڕەلاوژەی خەون و ئەو بیرکردنەوانەی ساتەکانی پێگەیشتنیفیکرین کە دەیانەوێت پڕ بە دنیادا بکەن. ئەمە ئەو یارییە غەمبارەی نێوان مرۆ و شتەکانە کە لەنێو هەناوی زمانەوە سەرەتاو بەیەکداچوون و فەوزاکانیان لە ڕێگەی شتەکانی ترەوە لە هەناوی زماندا درێژە بە دژایەتیەکان دەدەن،. یاخود (لیۆتارد) گووتەنی لە ڕێگەی سیستێمەکانی یاری زمانەوانی خۆیان درێژ دەکەنەوە.

ئەم روانینە بۆ شتەکان بەوەی پێناسەیەکی جودایان هەیە وەك لەوەی بتوانرێت بە تۆپێك بگووترێت تۆپ و بەخلخلۆکەیەکیش بووترێت خلخلۆکە، تەقینەوەی ئەو بەربەستەیە، یاخود تێکشکانی ئەو (وێناکردن)ەیە کە لە فۆرمی ئایدیۆلۆژیادا دنیای خستۆتە کەوانەکانەوە. ئەو تەقینەوەیە لە پەیوەندیە شیعرییەکانی پێش زمانی ئاخافتن و نووسیندا خۆی بەدەردەخات، بەوەی فانتازیا وا بە توندوتیژیەوە بە دنیای شتەکاندا ڕۆچۆتە خوارێ و بە هێمنیەوە تخوبەکانی نێوان ریاڵ و خەیاڵی تێدا بەزێندراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەو



لیوتارد

پێناسە منداڵیە دڵخۆشین و بە درێژبوونەوەی خۆمانی تێدەگەین. بە درێژبوونەوەی ئەوەی دنیای گەورەکان دنیای زمانی دوور لە خەیاڵە و بوونی ئەوی تر لەنێو دنیاکانی فانتازیادا مافی (مامۆستایەتی و باوکسالاری) دەسەلمێنێ، لەوانەیە ئەو دژە فانتازیایە گەورەکان لە ڕێگەی مامۆستایەتیانەوە دەیانەوێت رامی بکەن، جۆرێك بێت لە مومارەسەی دیکتاتۆریەت، گەر هاتوو مومارەسە نەکرێ لەوانەیە منداڵەکان بەو شێوەیە بیرکردنەوەیان دنیای ئێمە بەشێوەیەکی تر بینابکەنەوە، بەشێوەیەکی دیکە ستراتیژیاتی ژیان و کۆمەڵگە و خۆشبەختی و سەرکەوتنەکان داڕێژنەوە، ئەمەش یاریە دژەکانی چوونە نێو بازنەیەکی تری زمانەوانیە. شیعر لە هەموو پەنگخواردنەوەکانی جیهاندا، لە هەموو ئەو بەیەکداچوونە منداڵانەی فانتازیا ئەو گەڕەلاوژە خۆشنودیەیە لەشێوەی فۆرمێکی مۆسیقیدا خۆی دادەڕێژێ، گەڕەلاوژەیەك لەلایەن موسڵمانە سەرەتاییەکانەوە بە (الغوغاء) دەستنیشانکراوە، ئەو رشتە ترسناکەی پێناسەی

بوێژی شیعری پێکراوه (الشعراء والغاوون) خۆی لە خۆیدا دەرکپێکردنێکی دەسەڵاتە بە جوڵانەوە پەنهانیەکانی بیر لەنێو رستەی شیعریدا، ئەم پێناسەیەی موسڵمانە سەرەتاییەکان شیعری لەسەر مەترسیدارترین تەوەرە جێهێشتووە، ئەمەش سەرەتایەکی ئاساییە بۆ ئاین کە دەیەوێت دنیای شتەکان بەشێوەیەکی دیکە راڤە بکات، دەستەمۆی بکات و یاسای بۆ دابڕێژێت. لە جۆرە پرۆسێسەی ئیسلامدا شاعر لە مەدارەکانی شەیتان نزیک دەبێتەوە، شەیتانیش بوونێکە لە جاهلیەتدا شیعری کردبووە روونمای جەیاچوونەکانی مرۆ و خودا، ئەو پەیوەندیانەی ئاشکرادەکرد دوور لە مەدارەکانی خاوەند ژیانیان پێکهێناوە، ئەمانەش لەنێوەڕۆکدا لە رێگەی زمانێکی بالاوەبوو کە دەبوایە قورئان لە هێزی بەرابەریدا وەکو زمانی شیعری جاهیلی بەهێزتر و باوەڕهێنەرتربێت، بەوەی لە رووی شیعریەتەوە جودابێت لە راوکردنی شتەکان، بۆئەوەی بتوانرێت وشەکانی خاوەند لە وشەکانی شەیتان بەهێزتر بێت، دەبێت شیعریەتی خودا، مۆسیقیەتی وشەکانی خودا لە هەموو دەرگای شتەکانی ئەم بوونە بدات تاوەکو دەگاتە کێشەکانی ئەزەلیەتی بوونی خۆی وەکو خودایەکی بێکۆتایی.

لە هەموو ئەم شەڕە وەنەوشەیانەدا شیعر مانەوەیەکی سەیری ئەو شتەیە کە پێیدەڵێن جیهانی شتەکان، کە ئەمانیش لە پێناسەی خۆیاندا لەنێو دەقەکاندا جێگۆرکێ دەکەن، بەوەی هەر دەقێکی شیعری دنیایەک لە شتەکان دەبینێت کە لە نێوان شەڕی شیعریەتی خاوەند و شەیتاندا بوونی نەبووە، بە هەمان شێوەش هیچیشیان بێبەری نەبوون لە توندوتیژیەتی خۆیان، توندوتیژیەک زمانی شیعری لە پەیوەندیەکانیدا خۆی لە بەرهەمهێنانەوەی بنەماکانیدا تۆرێك دروست دەکات نووسەرەکەی لە گۆشەگیریدا جێدێڵێ.

لە دێرە شیعرییەکانی (هیوا قادر) ی ئازیزدا، ئەو گفتوگۆکراوەیە درێژبوونەوەیەکی ترسناکی هەیە، دنیای شتەکان خۆیان لە ئاخافتنی دەسەڵاتێکدان لەنێوان ئەو گفتوگۆدرێژکراوەی نێوان خاوەند و شەیتاندا خۆیان رایەڵ دەکەن، خۆدرێژکردنەوەیەك ترسێکی حەشار داوە لەبوونی ئەو زەویەی بە سەریدا هەنگاو دەنێت، ترسێك دەق لە جیابوونەوەی لە نووسەرەکەی، لە ئۆتۆنۆمیەتی، پەیوەندیەکانی خۆی و جیهاندا، خۆی بەدەردەخات.

**لە ماڵی ئافرەتەوە، بە چنگێ توترکەوە**
**دەگەڕێمەوە نێو باخچەکانی جەفا**
**تا شەتڵی جەستە لەژێر سێبەری گوناهەکاندا،**
**بەرمەوە بۆ نێو نهێنیەکانی گڵ**
**بەسمە بەم پیریە بە جانتایەکی پەیڤەوە، لە**
**دوورەوە باسی جوانی هەرمێیەك بکەم..**

(قەسیدەی/ لەپی دەستم بۆنی شەمامەی
خاکێکی لێدێت لەوپەڕی دنیا.. هیوا قادر)

جوانی هەرمێیەك لە بوونی پیریدا سنوورەکانی جەستەی سروشتی خۆی دەردەخات، هەرمێیەك لەوانەیە لەو هەرمێ پایزیە جوانکیلانەبن دوای کۆتایی خۆشبەختیەکانی هاوین، شەوە کورتەکانی گەلاوێژ، ئەو شەوانەی مانگ و ئەستێران لە جوانترین هارمۆنیەتی سەمای خۆیاندا لەنێو رۆشنایدا درێژە بەو خەونانە دەدەن مرۆ لە ساتەکانی دڵداری و ترپە لەپڕەکانی دڵدا هەستی پێدەکات، بەریەکەوتنێك لەنێو مانگی ئازیزی شەوانی هاوین، شەوانی گەلاوێژ کە بە گوڵە سوورەکانیەوە، بە سروەی نیوەشەوان دەنگێك لە قولاییدا جێدێڵن پڕە لە تەنهاییە جەهەنەمیەکانی عەشق، لەم تەفسیرە وشەیەك دەبێت بە راگەیاندنێك، وشەیەك دەبێتە چەند رستەیەکی تر و لەسەر ئاستەکانی خوێندنەوەدا هەموو مەبەستەکانی نووسەر / تەراوگە کراو یاخود بە مانایەکی روونتر نووسەری جێهێڵرا و لەلایەن دەقەوە، راڤەکردنێکی تری دەبێت بۆ دنیاکانی خۆی، دنیای شتەکان، دنیای هەرمێیەك لە پیرێتیدا جوانی (ئەویتر — الأخر) بەسەر تەنافەکانی خەمبارییەوە هەڵدەواسێ، هەرمێیەك پیربوونی

غەریزە بەرامبەر دنیای ریاڵی پڕ یاسا، لێرەوە خوێندنەوە دەبێتە واقیعێکی دیکە، دەبێتە جیهانبینییەک، تەشکیلیەتێک، رەهابوونێک لەنێو بوونی ئاودا، راوکردنێکی ئەو شتانەی رۆژانە بێمانا بە بەردەمماندا تێدەپەڕن بێتەوەی لەو دیوو سێبەرەکانیانەوە پارچەکانی تری بوونی خۆمانی تێدا ببینین کە چۆن لەنێو دنیای نەستدا، نەستی شتەکاندا هێمنی قەناعەتە دێرینەکانمان دەلەقێنن، بوونی هەرمێیەک وەرزێک لە پیری ئاشکرادەکات، هەرمێیەک لە پیریدا جوانیەکانی خۆی دەبەخشێ بەویتر، وازمانلێدێنێ لە کۆتایی وێستگەکانی دڵداری و دواخەوندا بە هێمنی بمرین لەوساتانەدا، جوانی خۆیت بۆ دەردەخات. هەرمێیەک دەمانخاتە بەردەم چەمکێکی تر ئەویش ئێستاتیکایەکی تری دنیای شتەکانە. ئایا من بەوپەڕی راستگۆیەوە هەوڵدەدەم دنیای شتەکان پێناسە بکەم؟!!) ئێستاتیکایەک بەپرتاو لەبەردەم ژوورەکەمدا پاڵتۆکەی دادەکەنێ و دەڵێت رۆژباش!. ئەمەش سەرەتای مردنی هاورێکانمە، مردنیان بەدەست ئەو دێڕە گرنگەی (رۆلان پارت)، مردنی خواکان (نوسەرەکان) بەدەست کۆیلەکانیانەوە، یاخود ئەوانەی لەپڕ خواوەندێتی لە خولقێنەرەکانیان دەستێنن، ئەمە زۆرانبازی ناوەکی نێوان نوسەر و دەقە کە دنیایەک نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەگەڵ خۆدا راپێچدەکات، ئەمە ئەو ترسەیە جارجارە وا لە نوسەر دەکات واز لە نووسین بێنێت و دوای هەموو نووسینێك هەناسەیەک هەڵکێشێ ئەوەی ئیدی لەم زۆرانبازیە قووتاری بوو، بەوەی مانگە ئاگرینیەکانی نووسین، خەونە لەپڕەکان، رزگاربوون لەو گفتووگۆ ناوەکیە لەگەڵ ئەوانی تر کە جگە لە چەند سێبەرێك نەبن هیچی دیکە نەبوون، گەڕانێك بەدوای فکردا لەنێو کۆلانەکانی شیعر کە بە شەرمەوە لە چەند منداڵێکی خەواڵوو دەچن، ئەمە ئەو ترس و داخورپان و سەفەرە هەمیشەییانەی نووسەرە بە دنیاکانی زماندا، ئەو زمانەی دەویەوێت شیعریەتی شتەکان


رۆلان بارت

ئاشکراکات، یاخود شتەکان لە فۆرمە شیعریەکاندا نقوومکات بۆئەوەی دوا توندوتیژی جیهان لەبیرکەین، ئەمە ئەرکێکی نێودێڕەکانی ئایدیۆلۆژیا نییە بەقەد هێندەی خۆرسکیەتی ئەو دەقانەن نووسەرەکانیان کەوتونەتە نێو ژوورە تاریکەکانی توندوتیژی واقیعێکەوە کە دێڕەکانی ئەدەبی ئایدیۆلۆژیا تاوانی راڤەکردنێکی نوێی نییە بۆیان، لەمخاڵەوە زمانی نووسینی یەکەم (ئایدیۆلۆژیای دەسەلات) جوداکاری خۆی وەردەگرێت وەك لە زمانی ئایدیۆلۆژیا کە جیهان لەبەردەمیدا کۆمەڵێ پێناسەی دیاریکراوە، هەربۆیە وشەکانیش لە رێزمانێکدا بەندبوون کە چیدی توانای راڤەکردنێکی نوێیان نەبێت بۆ جیهان، وشەکان نەتوانن لە سرووشتدا وردیلە هەستی لەپڕ و شەپە بەردەوامەکانی بیر بدۆزنەوە، یاخود هەرگیز ئەو سێبەرانە نەبینن لەودیو نەهامەتیەوە ئینجانەکانی خەمباریمان ئاوبدەن، ئەو وشانە توانی

پێوانەی وشەکانی کۆنزەرڤاتیڤیەتی خۆیان نییە، بە واتایەکی تر زمان توانای تازەبوونەوەی نییە گەر هاتوو نەتوانێت لەنێو دنیای شتەکاندا رابکات و چەمکە نوێیەکان، شیعریەتی دنیا ئاشکرا نەکات، لێرەوە سروشت لە دەقی شاعیردا بێمانا دەبێت، رەق و نوێنەری هیچ زۆرانبازیەکی نێوەکی نابێت، بە پێچەوانەشەوە کاتێك نووسەر بەتەواوەتی نامۆدەبێت لە دنیاکانی و پێناسەکان بێوازی دەکەن، لە پەراوێزی راوکردنی دنیای شتەکان بە فۆرمی شیعر، بە تۆڕی ئەو وشانەی لە دوا وێستگەدا شاعیرەکەیان دادەبەزێن و پێیدەڵێن بڕۆ لە مەنفاکانی خۆدا چایەکی شیرین بخۆرەوە (لە ماڵی ئافرەتەوە، بە چنگێ توترکەوە دەگەڕێمەوە نێو باخچەکانی جەفا)، لە گەڕانەوەدا سواری ئەو شەمەندەفەرەبە کاتی خۆی ئافرەتێکت تیا خۆشوویستووە، ئەو شەمەندەفەرەی بەنێو دارستانی گەڵازەردە پاییزیەکاندا رەتدەبێ، بە رۆژهەڵاتی ئازیزدا رەتدەبێ، لەودیو پەنجەرەکانەوە خەونەکانت دەبینیەوە رەنگین، سادە، پایزی، خەونەکانی خۆت و هاورێکەت کاتێك شەوانە لەسەر شەقامەکانی بەغدای کلێو شەکر (وشەیەکی شیعری دێرینی هیوا قادر) خەونە رۆمانسیەکانتان پەخشدەکردەوە، ئارسەر رامبۆتان بە دەنگی هێمن دەکردە کوردی، ستاندال.. ستاندالتان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی لە گۆشەگیریە کلاسیکیەکان تێبگەن، ئەمانە لەودیو پەنجەرەی شوشەی ئەو شەمەندەفەرەوەیە کە جارێکی دیکە بەو وێستگەیەدا تێپەڕنابێت، ئیدی چار نییە جگەلەوەی لەنێو سرووشتدا دوای گەڕانەوە لە ماڵی ئافرەت بۆ ئەو بیرەوەریە راکردووانە بگەڕێ کە دەیەوێت لە دوا پەیڤدا لەنێو عیرفاندا بیانشارێتەوە و بیانداتە شەپۆلەکانی دەریا، ئەو دەریایەی لەنێو، مەنفادا لەو دەریایە ناچێت لەنێو خەونە رۆمانسیەکانیدا بوون.

منیش وەکی خۆم لەنێو بوونی ئاودا، لە خەونەکانی زماندا دەریام ئاوەها دەبینی بەڵام دوایی لە بیرە رەوتێکدا ئاوەها چیرۆکی دەریام بۆ خۆ دەگێڕایەوە. (یەکەم جار کە دەریام بینی بۆنێکی ساردی لێدەهات، بۆنی مردوویەکی دێرینە، ئەوەی زێدەتر منی شکستە خواردوو کرد بەرامبەر خەونی بینینی دەریا، ئەو نەورەسانە بوون پاشماوەی خواردنی نێو تەنەکە خۆڵی سەر پلاچەکانیان بە دەنووکە درێژەکانیان هەڵدەگرتەوە، ئەمانە ئەو نەورەسانە نەبوون ئێمە لە وەسفەکانی جۆناسان لیڤینگستۆندا لە رۆمانی (نەورەس) دا خوێندبوومانەتەوە کە لە دوایدا ئازیزمان ئازاد بەرزنجی نووسەر لە جوانترین شێوەی ئەدەبیدا وەرگێڕایە سەر کوردی. لەو هەموو رۆژە درێژانەی چاودێریکردنی نەورەسەکاندا تاکە نەورەسێکم نەبینی بریسکەیەك لەو خەونانەم پێببەخشێ، هەموویان وەك یەکبوون، هەموویان بێشەرمانە نێوسکی ماسیە بۆگەنەکانیان بە دەنووکە درێژەکانیان دەپچڕی و ریخۆڵەی ئەو ماسیانەیان هەڵدەگرتەوە کە راوچیەکان فڕێیان دەدایە نێو تەنەکە خۆڵەکانەوە، بە قاژە قاژ و هەراو زەنای ئەوان کۆتایی دەهات و دواتر بە دەنووکی یەکێکیانەوە شۆڕدەبووەوە، لە هەمان ساتیشدا بۆن ساردی دەریا غەمگینی دەکردم، بەوەی دەریا بۆنی مردووی لێدێت، ئیدی چۆن دەتوانێت خەمڕەوێن بێت، ئەمە شکستیەکانی مەنفا بوو لە وەحشیەتی شتەکانەوە خۆی ئاشکرادەکرد، کۆتایی خەونە رۆمانسیەکانم بوو بە دەریاوە)، ئیدی ئەمانە و چەندەها لەرزینی رۆحی تر لە گەنجینەکانی عیرفاندا دەشێرینەوە و دەیدەینەوە بە نەزاهەتی لەبیرکراوی سرووشت.

دیاریەکانی رۆژهەڵات دەنێرمەوە بۆ
گەنجینەکانی عیرفان، بۆ نەزاهەتی سرووشت (لەپی
دەستم.. هیوا)

ئایا بە راستی سروشت نەزاهەتی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە یاخود ئەمە وەهمێکی ترە لە وەهمەکانی بە شیعربوونی جیهان؟ نارەحەتیەکە لە کەنار

بێدەنگیەکی ئەنتۆلۆژیدا کە جەمسەرەکانی دنیای کۆمەڵایەتیمان ئەو بەردە ڕەشانەیان بۆ ئامادەدەکات، خودی لەسەر پەرتدەبێ؟ ئایا گەنجینەکانی عیرفان لەنێو نەزاهەتی سرووشتدا نابێتە ڕستەیەکی هەڵەوگێڕاوی دژ بە مەبەستە پاکە ڕۆمانسیەکانی شاعر؟ ئایا ئیدی ڕستە، ڕستەی شیعری خۆی جارێکی دیکە خۆی بەرهەم ناهێنێتەوە؟!

ئەو وەڵامانەی کە دەمانەوێت دەستگیری کەین لەنێو فەزایەکی ترسناکدا خولدەخۆن، فەزایەك بێبوونی ئایدیۆلۆژیای ڕستەکان، ئەو پێناسانەی تەنها یەك فۆرمی زمانیان زێدەتر پێوویست نییە، فۆرمێك وا لە نووسەرەکەی دەکات وا هەست بکات، لەو ڕستانەی ئەودا پێوانگیرییەکانی زمان و شێوەی زۆرانبازیەکان دوا کۆتایی ڕاڤەکردنی دنیان. ئەمە جۆرێکە لەو زمانەی بە هیچ شێوەیەك توانای خۆ بەرهەمهێنانەوەی نییە، توانای ڕاڤەکردنێکی نییە بۆ دنیای ڕێزمانی نێوەکی وشەکان کە لە زمانی کوردیدا زۆر بە نەرمیەوە بە جودا لە شێوە زمانەکانی دیکە خۆیان ڕادەکێشن، ئەو ڕستانەی لەوەوپێش بە کۆمەکی ووتراون و لە شێوەی ئەدەبدا خۆیان نیشان داوە، ئەو ڕستانەن تا ڕادەیەك کۆمەڵێ مانا وەدەردەخات کە ئایدیۆلۆژیا پێش ئەوان دنیاکانی پێ ڕاڤەکردووە. دووبارەکردنەوەی ئەو چارەسەرانەن بەشێوەیەکی ئەدەبی و دوور لەو دڵەڕاوکێی و نێزیك لە پێوانگیری ئایدیۆلۆژی دنیا وای لەو نووسەرانە کردووە ئەدەبێك بەرهەم بێنن لە کۆمەڵێ بەندکراو بچن بە دەمووچاو جودابن بەڵام لە گۆڕەپانێکی هاوبەشی پشتەوەی بەندیخانەدا بۆ تیرۆژە ڕۆشنایی، بە جلی خەتخەتی لێکچووی بەندیخانەوە، لە بازنەیەکی داخراوی غەمباردا بسوڕێنەوە، ئەو بازنەیەی ئایدیۆلۆژیا بۆی دیاریکردوون.

ئایا لە هەمانکاتدا دەتوانین بڵێین کە ناماقووڵیەتێك لە ئەدەبی ئەواندا هەیە؟، بێگومان نەخێر، مەبەستم لە ناماقوڵیەت (Pradox) ئەو کەڕەلاوژە فەلسەفیەیە کە زمانی ئەدەبی باڵا لە ئاستی خوێندنەوەدا بە جودا لە دەقی بە ئایدیۆلۆژی کراو بەرهەمیدێنێت، ناماقوڵیەتێك خۆی لە خۆیدا هەڵگری چەند ڕوانینێکی دژ بەیەکە هەوڵنادات ئاوتۆریتیێ و دەسەڵاتخوازی وەڵامێکمان بەسەردا بسەپێنێ (ناماقوڵیەت خۆی لە قەرەی هێزی ڕستەیەك دەدات کە خۆی وەکو جیهانبینیەك یاخود ڕاوێژکاریەك چەسپاندووە..) ١و٢٢.

ژان لیوتارد – بە ناکۆکیبوون – Der Wiederstreit/ بڵاوکراوەکانی ڤلهێم فینك وەرگێڕانی بۆ ئەڵەمانی جوزێف فۆگل.


ستافدال

ناماقوڵیەت لای لیوتارد هەموو ئەو مانایانەی زمانن دنیایەك تەقینەوە و تاوانبار لە ڕێگەی نێوەندەکانیانەوە دەکەن بە بێتاوان، ئەو ناماقوڵیەتەیە لە ڕێگەی سەلماندنە زمانەوانیەکانەوە، لە ڕێگەی حونجەتکارییەکانیانەوە (Argumentation)، ڕاستیەکان لەنێو چەند فۆرمێکی جودادا چەندەها دادگایی ئەقڵی

تێدەپەڕێنن، هەربۆیە یاریەکانی زمان و یاساکانی گەورەترین توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێت، توندوتیژیەك كە حونجەتەكانی فۆرمی زمان شەرعیەتێكی كاتی پێدەدات، شەرعیەتێك گەر هاتوو لە زۆر دادگاییكردنا دژ بە لۆجیكی شتەكان بێت، ئەوا لە چەند ساتێكی مێژوویدا وەكو چەند دەقێكی سیاسی (نمونەی ناسیونال سوسیالیزمی ئەڵەمانی و كارەساتی لەناوبردنی جووەكان لەژێر شەرعیەتدانی دەقەكانی راس و رەگەزایەتیدا) شەرعیەت دەدەن بە خۆیان، یاخود چاتر وایە بڵێین لە بەرەوابووندا (Legitimation) لە بنەمای پێناسەی شتەكان، هەمان نمونەی ئەدەبی سۆڤیەتین كە شەرعیەتی شێوەكانی تری داهێنانی بۆ خۆی قۆرخكردبوو، ئەمانە شەڕەكانی زمانن لەنێو هەموو دادگاییكردنەكانی نێوان لۆجیكی كاتی و وەهمەكانی تاكڕانین لە زمان وەكو پاشكۆیەكی حونجەتەكانی ئێستا، ئەم زمانە دوژمنكارە و شەڕە خوێناویەكان درێژە پێدەدا، هەربۆیە لەو لیستە عەجاییەی حەمەفەریق حەسەن تێدەگەم كە لەبەرامبەر مەرگی تاقانەی دووەمدا ئامادەی كردبوو، لەو هەستە پەنگخواردووە زاخاو دراوە بەوەی رەوایی بەرگریكردن لە زمان و كەلەپوور دەدات بەخۆی تێدەگەم.

ئەو مومارەسە ئایدیۆلۆژیستە كاڵوكرچەی تەنها لە یەك گراماتیك و یەكفۆرمی زمان تێدەگات كە سەرچاوەگیریەكانی لەنێو دواهەناسەی پێوانگیرییەكانی ئایدیۆلۆژیادا سەرچاوەی هەڵگرتووە، لە هەمان كاتیشدا پڕە لە نیەتە سەیرەكان، لەو وەهمانەی كە (من) ێك هەیە یەكەم چیرۆك و یەكەم شیعر و یەكەم شاری داگیركردووە، ئەمانە حونجەتكارییە قەدیمەكانی (پێش / زمان) ی لەوپێشیی ئەو ئەدەبەن سالآنێكە لەژێر سێبەری بیروڕا چەسپاوەكانی چەند تیكستێكی دوور لە دژەڕاوكێی فیكری هەناسەیان داوە، ئەم زمانەش لە بەرابەر تێكشانی ئەو یاسایانەن كە خۆی بە كۆتایی جیهانی زمانی كوردی دەزانێت، رۆژ لە دوای رۆژ تووشی بارانۆیایەكی سەیر دەبێت، زمانێكە توانای بە ئایدیۆلۆژیبوونیشی نییە، بەڵكو لە پەراوێزەكانەوە وەكو نەخۆشی خۆی درێژدەكاتەوە، شەرعیەتێك دەدا بەخۆی كە لە قۆناغێكی تایبەتدا ئاستێكی تایبەتی خوێندنەوە پێویستی پێی بوو.

ئەوەی ئێمە لە رستە شیعریەكەی هیوا قادردا مەبەستمان بو ئەو ناماقوڵیەتەی بوو كە بە جوانیەكانی هەرمێ دەیویست لە وەرزەكانی پیریدا سەما بكات، لەنێو یادگاریەكانی رۆژهەڵات و نەزاهەتە وەهمیەكانی سرووشتدا دوا عەبەسیەت وەشێرێ. ئەمەش دادگاییە لەسەر ئاستەكانی زمان كە دنیای شتەكان لەنێو هۆكاریەت و حونجەتكاریەتدا دەبنە تۆڕێك چیدی لەژێر دەسەڵاتی نووسەردا نامێنن، ئەمەش تەقینەوەی شێوازەكانی لۆجیكی تایبەتی شتەكانە كە رستەیەك خۆی لە خۆیدا جیهانبینیەكە، ئەمەش تاكە هۆی توڕەبوونی دەقە ئەدەبیەكانی كەنار ئایدیۆلۆژیایە (بە رەچاوكردنی دەقەكانی ئایدیۆلۆژیا كە خاوەنی میكانیزمەیەكی ئەبستیمی جودا و زمانی تایبەتی خۆیانن) لە دەقەكانی داهێنان، كە دوور لەوان دنیاكانی خۆیان ناخەنە نێوان كەوانەكانی پێناسەوە بەڵكو هاوئاهەنگیە وەهمیەكانی تێكدەدەن.

لەم خاڵەوە سەرچاوەگەری یەكێكە لەو كێشەبەندیە گەورەیەی كە نەوەكانی دوای روانگەی خستۆتە نێو تەڵەزگەیەكی گەورەوە، یەكەمجار ئەو حونجەتە هەبوو لە داگاییە پەنهانیەكانی نێوان ئەوان و نەوە ئەدەبیەكان، یەكەمیان شەرعیەتدانێكی راستەوخۆبوو بە دامەزراندنی یەكەم بناغەی چیرۆك، رەخنە، شیعری نوێ، تەشكیلیەت، شانۆی دەدا بەخۆی، لە دووەمیشیاندا كاتێك تێكستەكانیان لەبەردەم داهێناندا كەوتنە مەترسیەوە خێرا وەكی دەقی سیاسی كوردی چوونە سەنگەرەكانی تەقلیدیەتەوە و بوونە پارێزەری زمان و كەلەپووری

کوردی، ئایا ئەم سەرچاوەگەریە بە یاریـەکانی زمـان دەیەوێت خۆی بسەلمێنێ؟ یـاخود بـە حونجەتکاریـە ئەدەبیەکان؟ کە پابەندن بە پشتگیریەکانی نەوەیەك لـە سیاسـی شکسـتـەخواردووی کـوردی؟! ئایـا هەرمێیـەك دەتوانێ دنیایـەك پیربکا؟، یـاخود ئەمـە گەرەلاوژەیەکی نووسینە لە بەرابەر دەقەکانی ئەواندا کـە دێرەکـانی شـیعر بەپێوانـە لۆجیکیــەکانی ئایدیۆلۆژیای بێگفتـوّی فیکری پێوانـە دەکـەن، ئـەو وەهمـەی کـە راسـتیەکان لـەنێو دەقـی ئـەدەبیدا بدۆزێتەوە و بتوانین کۆشکەکانی سەرمایە و نەیارانی پێـبروخێنین وەهمێکـی چـەند سـاڵەی نەوەیــەکی ئـەدەبی کــوردی بــووە کــە دەقــەکان بــەهۆی پێویستیەکانی بەرگرییەوە بوون بـە نیشانەیەك کـە (دیاردەیەکی روونما و دەربرینی جیهانە) ٢و٥٦.

ڤالێنتین، نیڤۆلیسنیڤ/ مارکسـیزم و فەلسـەفەی زمانەوانی/ بلاوکراوەکانی ئولشتاین ١٩٧٥.

لـەم سـەرچاوەیەوە زمـان نیشـانەیەکە و دەبێـت نوێنـەری راستیەکان بێت، ئایدیۆلۆژیا زمان وەکـو هۆیـەکی گـەیاندن دەبینێـت کـە راسـتی شـتەکان دەرخات، چونکە ئەرکی زمـانی ئـایدۆلۆژی گـەیاندنی ئـەو چەمکانەیــە کــە لــە دوا ئامــانجدا خــەمی دەستبەسـەراگرتنی دنیـان نـەك راڤـەکردنی [هـەموو نیشــانەیەکی – ئــایدیۆلۆژی (مەبەســتی‌یەکەی زمانەوانیـە) تەنـها دووبارەبوونـەوەی ئاوێنــەبوون یاخود سێبەری راستیەکان نییـە بـەڵکو ماتریـاڵێکی هاوبەشی راستیەکانە] هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

بەمجۆرە زمـان لـە فەلسـەفەی مارکسیەتدا کــە زۆبـەری نووســەران لــەژێر کاریگەریــەکانی ئــەو ئایدیۆلۆژیایە (سەرنج بۆ ئایدیۆلۆژیا رادەکێشم وەکو گفتوگۆکـردن لەسـەر بناغــە فیکریــەکان) وەکــو نیشانەیەکی راستیەکان بیـنراوە هەربۆیە هەرمێیـەك هـەر هەرمێیەکـە و سرووشـتیش لای وان پڕێتـی لـەو بۆقانەی ئێواران قیرەقیریانە، ئەو پەپولانەی مـەرگی

تاقانەی دووهەمیش لە فەلسەفەی زمانەوانی ئەواندا، لە فۆرمی نەوەیەك لە ئەدەبی ئایدیۆلۆژیادا بریتیە لە شـێواندنی فانتازیـا کـە دووره لـە دنیـای واقـع و نیشــانەیەك نییــە بــۆ ماتریــاڵبوونی راســتیە پێوانەکارییەکانی جیهان، کە ئایدیۆلۆژیای کوردی بە دیاردەیەکی سنووردراوی پڕ لە راسـتیە بینراوەکـانی دەبینێ، لێرەوە دەقـەکان ئـایدیۆلۆژین وەك لـەوەی ئـەدەبی بـن، هــەرمێکان هــەرمێی بـازاڕی سـەوزە فرۆشـەکانن و چیـدی هیـچ وەرزێکـی بێمانـای پـیری لەگـەڵخۆدا راپێچناکـەن، لـەم خاڵەشـەوە، خــاڵی ئایدیۆلۆژیــابوونی دەقــەکان ســەرچاوەگەری (المرجعیە) خۆیان لەدەستدەن و دەچنـە دەرەوەی یاساکانی رستەی زمانەوانی.

(رستـەیەکی ئاسـایی دوای گرویێـك لـە یاسـای تایبــەتی خــۆی بینادەکــات) ١و١٠ لیوتــارد، بــە ناکۆیبوون.

بـە گەڕانـەوە بـۆ دنیـای برگـە شـیعرەییەکە رستـەیەك دەبینـین دوای کۆمـەڵێ یاسـا و بنچینــەی تایبــەتی پرســیارەکانی خــۆی بــە شــەرمەوە لەنێوەندەکانی رۆشنبیریدا هەڵواسیوە، هەڵواسینی ماناکـان بـە تەنافـەکانی ئافرەتــەوە، بـە هەناسـە راکردووەکان لە لیمـۆی نیوەشـەوانی گـەلاوێژ. ئەمـە ماڵی کێیـە رستـەیەکی ئاسایی یـاخود بـە مانایـەکی دیکـە وشـەیەکی تێپـەڕبووی شـیعری دەیـەوێت بـە شەرمەوە لە دەرگاکانی نیوەشـەوانی بدات؟، مـاڵێك دووره لە هەرا و زەنای شـەڕەکوردیەکانمان کە پڕن لە مێژوویەکی دووردرێژی خوێن و شکسـتە خـواردن بـە دەسـت براکانـەوە، بەدەسـت باوکـە ئازیزەکـانی زەمـەنی کوللـە بـارانی باپـیران، ئەوانــەی سـیگاری نیوەشــەوانیان بــە خەونــەکانی فیوداڵــی کــوردی پێدەکرد، ئەمە ماڵە سمبولیەکانی دەقی شیعریە کە بیرکردنەوە لە دنیای شـتەکان تیـایدا وەکـو نووسـتن وایـە لەسـەر پەڵـە هـەورەکانی دنیـای خـەون، ئەمـە رستـەیەکە دوور لــە رەوایــەتی ســەرچاوەگەریەکان وەکـو چەرکەزییـەتی نەورسـێکی هیپــی درێــژە بــە

دنیاکانی خۆی دەدات، جۆرێکە لە (نەبوون/عەدەم) لە بەرامبەر ئەو شێوە بیکردنەوەیەی نێوینراوە (ئەقڵانیەت) کە لە بەرابەریدا دنیاکان شێوە پێوانەسازی خۆی ووندەکات.

لەمخاڵەوە ماڵی ئافرەت سمبولاریزەبوونی دەقە لە بەرابەر شێوە خۆشبەختەکانی ئەو رستانەی جیهانیان بە ئارەزووەکانی ئایدیۆلۆژیا و بەنێوی بەرگریەوە نەخشاندووە، ماڵی ئافرەت پڕێتی لەو ونبوونە ئەبەدی‌یەی نێوان ئارەزووەکان و خەمەکانی مانەوە وەکو مرۆڤێك بیەوێت لەنێو چەقی ژیاندا هەڵسووڕێ، شتە دیارەکانی ژیانی رۆژانە بکاتە خەونی، ئەمە نقوومبونێکی ئەدەبییە لە هەمو ئەو شەڕە بەردەوامانەی بەقەدەری نووسینمانەوە نووساون، لەبەرئەو هۆیە (بیرکردنەوە هەورییەکانی) رستە/ لە ماڵی ئافرەتەوە بە چنگی توترکەوە دەگەڕێمەوە نێو باخچەکانی جەفا.. هەمان برگە شیعری هیوا قادر/ ترسێکە لە ونبوونی ئەو (عەدەم/ نەبوون)ە ی خودە لەنێو پێچە هەورینەکانی ئافرەت، چونکە ماڵی ئافرەت پڕێتی لە رێکبوونی دنیای شتەکان، خاولیە پاکەکان، قاپە جوانەکانی نان خواردن، چەرچەفە شۆراوەکان کە بۆندارن بە بۆنەکانی ئافرەت و گوڵە لەپرو ریحانەکان، پڕێتی لە باوەشە گەرمەکانی مێینە و خۆشەویستیەکانی منداڵ، ماڵی ئافرەت تەقینەوەی زایەندەیە بەسەر چەرچەفەکانی حەز، تێربوونە لە هەرمێیەکانی خۆشەویستی، گەرماییەکە دنیاکانی نووسین لەگەڵ خۆیدا دەبات، ماڵی ئافرەت قەدەرێکی خۆویست و مەرجێکی سەختی نووسینە لە بەرابەر کێشەکانی رستەی شیعری، ئەمانە تامی ئەو توتڕکانەن کە دڕکەکانیان دنیایەك ئازاری رۆح دەدەن، ئەمە رستە ماسۆشیەکانی شیعرن لە بێهودەیدا دەگەڕێنەوە بۆ مەدارە بەچێژەکان و شەڕە بەردەوامەکانی زمان، دەگەڕێنەوە بۆ شەڕێکی هەمیشەیی لەگەڵ دنیای شتەکاندا کە بە تۆبزیەوە رستەکان لەنێو چەند رێڕەوێکی دیکە بنچینەیی دەکەن، ئەمانە ئەو رستانەن دوای چەندەها بنچینە و هەست و گێڕانەوەکان خۆیان بۆ خوێندنەوە رووتدەکەنەوە.

رستەی شیعری هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی هێڵەکانی گێڕانەوەی جیهان، کۆمەڵێ بنچینەن لەپڕدا پەردەکانی خۆیان لادەدەن و پەنجەرەکان لە ئێوارەیەکی پڕ پەڕەسێلکەدا بۆ شکستیەکان دەکەنەوە، ئەمانە هەمووی گشتگیری نەوەکانن لەنێو دێڕەکاندا، مەنفاکانی رۆح لەپشت ئەم کەمانچەژەنە غەمبارانەی سەرشەقامەکانی رستەی شیعری نەوەکانەوە وەستاوە، جۆرێکە لە مومارەسەی دوژمنایەتیەکی دێرینە کەلە نێو دڵی بۆرژوازی بچوکی کوردیدا پەنگی خواردووە، خەونە رۆمانسیەکانن کە ماڵی ئافرەتی لێدەبێتە دوا پەناگای دڵە کەسیرەکان، مێینە دەبێتە دنیایەك خەونی (ئارسەر رامبۆ) لەنێو کێڵگە سەوزەکانی دێڕی شیعری کوردی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، دوای شکستیەکان و کۆچی خەونەکانی بوونی قەوارەیەکی ناسیونالی، دوای کۆچکردنی هەموو ئەو لاوانەی سپێدان بەسەر هەورەبان و دیواری حەوشەکانماندا هەڵدەگەڕان، دوای سەدەیەك لە درۆی رەنگاڵە بوو بە خەونەکانی ئایدیۆلۆژیا کە نێوی نرابوو بەرگریکردن، بۆ دواجار کۆچیان کرد. ئەمانە دارمانی خەونەکانی بۆرژوازی بچوکی کوردی بوو کە تەمەنێکی سەوزی لەنێو ئەو خەونانە بەسەربردو کۆتایی دنیای وەڵامەکانی بوو، چاتر وایە بڵێین کۆتایی پووچێتی وەڵامەکانی بۆرژاوازی بچوکی شێوە سیاسی کوردی بوو، کۆتایی رستەیەك بوو کە ئەدەبێکی لەژێر نەزمەکانیدا شێردبووەناوی نرابوو ئەدەبیبەرگری، بە هەمان شێوەش رەوایەتیەکی دابوو بەخۆی دووربوو لە رەواگەری رستەی نوسراو، ئەو رستەیەی خۆی دنیاکانی خۆی ئاشکرا دەکات بێئەوەی خۆی بکات بە یاسایەك، سەرچاوەگەریەك، یاخود لە گوتارێکی دەسەڵاتەوە هێڵەکان بۆ ئەوانی دیکە دیاریبکات (ئەو رستەی کە دەڵێت دەبێت پێش بڵاوکردنەوەی نووسینەکانتان ئێمەی خاوەن

ئەزموون پێوانەی کەین..)، ئەم تووڕەبوونە سەیر و ئامادەکاری لیستە زمانەوانیە جۆرێکە لە راکردن یاخود خرفبوون لە پەراوێزی رستەی شیعریدا، ئەو رستەیەی نێوەڕۆکی فیکر و قەسیدە و نووسینە شیکارەکانی دنیا گفتوگۆی جیدی سیاسی و چیرۆك و نۆتە و رۆمانە، ئەمانە ئەو رستانەن کە لە شەڕە ئەبەدیەکانی ژیاندا بیر لە شکۆمەندیە کۆمەڵایەتیەکان ناکەنەوە، ئەم رستەیە سەرەتایەکی ترسناکی بیرکردنەوەیە کە تخووبەکانی پێوانەکاری جیهانی شتەکان دەبەزێنێ.

رستەی شیعری بەم هەموو قەرەباڵغیەوە راستیەکانی خۆی لەنێو نەبینراو / هەستپێنەکراودا رادەگەیەنێ، بەوەی زمان خۆی لە خۆیدا هەڵگری هەمو یارییەکانی بیرە کاتێك دنیای شتەکان لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی سیمۆلۆژیدا رووتدەکاتەوە، نووسین لەم دێڕانەی هیوای ئازیزدا خوێندنەوەیەکی نوسراوە بە وێنەیەکی شیعری، یاخود بە دوودڵیەوە دەڵێین چەند رستەیەکی شیعریە کە چەندەها وێنەی دیکەیان لەنێو چەند پەیوەندیەکی ئاڵۆزدا پێکهێناوە، دوودڵین چونکە مەدارەکانی راڤەکردنی رەخنەی ئەدەبی خۆی لە خۆیدا مومارەسەیەکی بە چێژی خوێندنەوەی جیهانە، هەموو ئەو شەڕانەیە کە خوێنەر/ رەخنەگر دەیەوێت لەنێو دەقی ئەوانی تردا بیکات، بەرهەمهێنانی رستەیە لەسەر لیستە و حساباتی نەدراوی مێزی نوسەرێکی دیکە، رەوادانێکە بە خۆ لە پرۆژەی ئەویتر، لەوانەیە مومارەسەیەکی دیکەی دەسەڵات بێت کە لە پشتیەوە غەریزە یاریەکان و یاساکانی یاریەکانی زمانەوانی بجوڵێنێت، ئەمانە هەمووی مومارەسەکانی رستەن کە بە ئاسانیانەوە لە دوای چەندەها یاساوە خۆیان بیناکردووە.

لە هەوڵدانێکی ترماندا بۆ حەیابردنی سنوورە شێردراوەکانی بڕگە شیعریەکە ئەو تاڵیە هەستپێدەکەین لەنێوان راستیەکانی خواوەند و ریالیزەبوونی شەیتاندا گێژدەدەن، واقعێك دوورە لە خەون و پاکێتی شتەخوادادیەکان کە شیعرە سەرەتاییەکانی شاعری لەئامێزگرتبوو (دیوانی چاوەزەردەکان.. هیوا قادر)، ئەو رستەیە دەمێکە نووسەر/ تەڕاوگەبوو هەوڵدەدات بینوسێت، ئەتکی کات، یاخود لە خەونە رۆمانسیەکانی دیوانی چاوە زەردەکاندا هەوڵی دانووستانێکی ئەبەدی دەدات لەگەڵیدا بەڵام لە دوا وێستگەی ئەم بڕگانەی سەرەوەدا دوا دەستەسڕی سپی دانوستان توڕدەداتە نێو باخچەکانی جەفا و ئیدی ماڵئاوا وەهمەکانی دنیای پاکژی پڕ نەوڕەسی غەمباری خەونەکانی دەریا.

لەم دێڕانەوە سەرچاوەگەری خۆی لە خۆیدا وەهمێکە کە دێڕێکی تایبەت بەخۆی نییە، سەرچاوەگەری بێمانایی نەوەیەك دێڕن کە ئیدی گووتراون و سەردەمیان کۆتایی پێهات، ئەوەی مەرجی (لێرە- بوون) ی رستەی شیعریە بوونی ئیدۆمێکە (Idiom/ یەکەیەکی دەربڕینی زمانەوانیە) کە دوژمنایەتی و سەرکێشیەکانی زمانی شیعرین، کە ئەرکەکانی خۆی پێشوەختە دیاری نەکردووە. بە مانایەکی دیکە بیر لە نێوەڕۆکی شیعریەتی رستەدا دنیا لە چڕترین پەیوەندیدا راڤەدەکات، ئەمەش (بێگومان دەقەکانی داهێنان) ترسناکترین پەیوەندیە کە زۆرجار وامانلێدەکات وشە ناشیعریەکانیش بە وزەکانی راڤەکردنی خۆیی دەستنیشان کەین، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە دەسەڵاتی وشەیە، دەسەڵاتی دێڕی شیعریە کە رێگەکانی راکردنمان لێدەگرێت، خورپەیەکمان پێدەبەخشێ لەوانەیە لە سەرەتاکانی چێژەوە خۆی راکێشابێ، لەم ساتە بەریەکەوتنەی نێوان رستەو بیر، رستەو خوێندنەوە ئەو شتە وندەبێت کە پێدەڵێن سەرچاوەگەری بەڵکو ئەوەی کە هەیە مومارەسەیەکی پڕچێژی خوێندنەوەی جیهانە لە رێگەی ئیدیۆمەکانی زمانی شیعریەوە، رستەش لەم مومارەسەیەدا هەموو رەوایەتیەك دەدا بەخۆی. ئەمەی کە ئێستاکێ باسمان کرد ئەو پەیوەندی و

ترسەی نێوان شیعر و شەیتانە، ئەو (الغاوون) ی موسڵمانە سەرەتاییەکانە کە دنیای رێك و هاوئاهەنگی خواوەند تێکدەدەن، پێموایە ئەو ئیدیۆمە یا چەند ئیدیۆمەیە بە پەنهانیەوە رستەی شیعری جیهانی دوور لە خواوەندەوە راڤەدەکات گەرەلاوژەی راستەقینەی شتەکان لە بەرابەر ئاوێنەکانی ئەبستیمدا رووتدەکاتەوە.

(لێرەدا ئاخافتن Rede/speech بە میلاکیەوە خۆی لەنێوراست و چەقی زماندا نقومدەکات بۆئەوەی ئەو ئیدیۆمە بهێنێتەدەرێ کە دەیەوێت بیخاتە بەر رۆشنایی..) ٣و١٩ لیۆتارد/ گەشتێك بەنێو یاسا و فۆرم و بەڵگە راستیەکاندا/ بڵاوکراوەکانی ئینگلمان.

ئەو ئیدیۆمە بەئازارەی هیوا قادر لە دێڕەکاندا بە دویدا دەگەڕێ و لەو وەهمەدا پەنگدەخوات کە ئەو ئیدیۆمەی نەتووە، لەوانەیە نەیتوانیبێت بەو پێوانە دیکارتیە لەنێوان جوانی و مۆڕاڵ و ئەقڵدا بگاتە ئەو بڕیاردانە سەختەی ئیدیۆمی بینراو لە خولگەکانی راڤەکردندا و نەبینراو لە ساتەکانی چێژلێوەگرتندا بدۆزێتەوە. کە دەڵێین ئیدیۆم رووتی دەکەینەوە لە هەموو ئەو پێناسەیەی لە دێڕێکی سەرەوەدا و لەنێو دوو کەوانەدا پێناسەمان کرد، ئیدیۆم لەم راڤەکردنەدا هەموو گریمانەکانی راڤەکار و شاعیر لە پێناسەکانی خۆیدا هەڵدەگرێت، لەوانەیە گەر لەسەر ئاستەکانی هەستی سیاسیش بێت هەست بە پێناسەی ئیدیۆم بکەین کە چەندە مەدارەکانی لە پەیوەندی جۆراوجۆردا خۆیان درێژدەکەنەوە، لەم پێناسەیەدا کە ئیدیۆم یەکەیەکی زمانەوانیە و هەڵگری یەکەیەکی دەربڕینە، گچکردنەوەیەکی کاتیە بۆ مەبەستەکانی تێگەیشتنی ئەکادیمی بەکاردەهێنرێت، لەم دەقەشدا بۆ زیاتر نێزیکبوونەوە لە دنیای برگە شیعریەکە و راگەیاندنی مردنی شاعر.

لەم هەموو بارە جودایەدا و لە ساتێکی مێژوویی دێڕی شیعریدا وشەیەك دەبێتە ئیدیۆمێك، ئیدیۆمیش لە ساتەکانی چێژدا (خوێندنەوە/ نووسین) دەبێتە نەبینراو، لەنێو پێچەکانی خۆڕسکیەتی دەق و ئاستەکانی خوێندنەوەی سانادا توانی راوکردنی شتەکانی نییە، یاخود لێرەدا سەرنجتان بۆ نەبینراو/ هەستپێکراو رادەکێشم، نەبینراوە لەبەرئەوەی لە خوێندنەوەدا رەوایەتی راڤەکردنی پێنەبەخشراوە، یاخود چاتر وایە بڵێم خوێندنەوەی هەڵە هەموو ئەو ئیدیۆمانە دەمرێنێ لەودیو دەقەوە ئامادەیی بە جیهانی دەق دەدەن. لەم گۆشە نیگایەوە نەبینراو/ هەستپێنەکراو سنوورەکانی خوێندنەوەی ناجۆر لە تەنگژەدا بەربەست دەکات و روناکانی تەڵخ دەکات، لە ساتەکانی چێژیشدا بە هەمان شێوە کاتێگ جوانی و حەز بەسەر بڕیاردانی رستەدا زاڵدەبێت. لەم دوو حاڵەتەدا کە دەتوانرێت زێدەتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، دەق بە هەموو شێوەکانیەوە لە رێگەی نەبینین/ نەخوێندنەوەی ئیدیۆمە جوداوازەکانی، بەسەر تەنافەکانی ئەوانی تری خوێندنەوەدا ئیشکدەبێتەوە و لە ماناکانی رووتدەبێتەوە.

بەشێوەیەکی دیکە (بینراو/ هەستپێکراو) یش دژە کارێکی هەمیشەیی دنیای شتەکانە (هەرمێیەك بیرێتی من رادەگەیەنێ)، دژە خوێندنەوەیەکە لەسەر ئاستەکانی چێژ و ئەقڵانیەتێکی دیکارتی یاخود گەر زیاتر هەنگاوبنێین ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە لیۆتارد بە نێوی (بیرکردنەوە هەورییەکان) ناوزەدی کردووە، چونکە بە رای وی (هەورەکان سێبەری خۆیان فرێدەدەنە سەر یەکتری، بەپێی نێزیکبوونەوەی کەسەکان لێیان، فۆرمەکانیان دەگۆڕن) هەمان سەرچاوە ٣و٢٢.

کامە فۆرمە هیوا قادر لە برگە شیعریەکەدا لێی رادەکات، یاخود کامە ئیدیۆمەکە چڕبوونەوەیەکی ساتەمێژوویی نەستە لە دێڕێك یاخود وشەیەکدا، بۆ نمونە لە سوورەتێکی قورئاندا چوار پیتی جودا کە هیچ وشەیەکیان پێك نەهێناوە، کەچی بە توندوتیژیەوە لە دەرگاکانی خوێندنەوەیەك دەدەن کە پردەکات بە دنیای شتەکاندا بۆ نمونە (ا ل م) کە لە سەرەتای سورەتێکدا هاتووە وەکو نەبینراوێك

سەرەتا هیچ مانایەك لەخۆناكرێ، بەڵام لە دواپلەكانی راڤەكردندا دەبێتە یەكەیەكی خوێنراوە، یەكەیەكی بینراو و لە پێچەكانی راڤەكردنی سورەتەكەدا ماناكانی خۆی بەسەر تەواوی دەقە قورئانیەكەدا پەخشدەكاتەوە، ئایا پێغەمبەر شاعیرێك بووە لەسەر بنچینەی رەوایەتی ئاسمان پەلاماری بەلاغەی داوە و لە پێچێكدا لە هەمان ئیدیۆمەكانی شیعری جاهیلیەتەوە، لەو هەستە قوڵەی كە پێش وی دێری شیعری جاهیلی بە ناڕاستەوخۆ بە درێژایی نیمچە دوورگەی عەرەبی نوێنەرایەتیەكی مەترسیداری دنیای دەسەڵات و پەرستگاكانی مەكەی دەكرد، لەسەر هەمان بنچینەی هەستكردنی زیرەكانەی ئەو بە كاریگەری ئیدۆمی نەبینراو / هەسستپێنەكراوی شیعری دەبوایە دەقەكان لەو شیعریەتە نێزیكبن بەڵام بە سانیتێزێكی دیكە، مەنهەجیەتێكی دیكە پڕ بكەن بە دنیای شتەكاندا. لەوانەیە تراژدیاترین نەسكی ئەم چیرۆكە لەوەدابێت كە ئیدیۆم و رستە شیعریەكانی دەقی قورئانی توانی لە فۆرمەكانی ئیدیۆلۆژیای دەسەڵاتدا خۆی فۆرمالیزە بكات و پەلاماری یاریەكانی دەسەڵات بدا، یاوەكو لیۆتارد گووتەنی پەلاماری یاساكانی یاری زمان بدات، ئەو زمانەی بەهۆی فۆرمەكانی حونجەتكاری و رەوایەتیەوە نێوەڕۆكی دەسەڵاتی پێكهێناوە.

ئایا دوای ئەم گفتوگۆیەی سەرەوە دەتوانین بڕوا بەم دێڕە شیعریە بكەین:

**نیشتمانی من ماڵێكە لە شوێنێك**

**جێیەكە لە نێوان بێسرەوتی گومان و بی ئۆقرەیی خەیاڵدا**

ئایا فۆرمی نەبینراوی ئەو پیرێتیە نیە لە سەرەتادا لە بوونی هەرمێیەكەوە سەرەتاكانی خۆی ئاشكراكرد؟ ئەی كەواتە لە هەموو راكردنەی شاعیر لە ماڵی ئافرەتدا ئەو فۆرمە بیركردنەوەمان بۆ ئاشكرانابێت كە ماڵی ئافرەت لەنێو راكردنە لەو بێسرەوتی گومانەدا، مادامەكی ئەو رستە شیعریە لە نەبینراویدا هەستكردن بە پیربوونی دنیای شتەكانمان لا دروستدەكات! !.

یاخود گەر بە شێوەیەكی دیكە ماناكانی خۆمان فۆرمالیزە بكەین ناگەینە ئەو بڕیارە دڵڕەقەی كە بێسرەوتی گومان درۆیەكە و میكانیزمەیەكی بەرگریە بۆ شاردنەوەی ئەو پیرێتییەی دنیای شتەكان، لەلایەكی دیكەشەوە ماسۆشیەتی دەقە لە بەرابەر چێژوەرگرتن لە ئازارەكانی بێسرەوتی، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەستێكی مێینەیە لە حەزە شاردراوەكان لە (بە ئافرەت — بوون) ی لە پشتەوە شێردۆتەوە. ئەوەی زێدەتر دەقی دووەم/ نەبینراو وەكو حونجەتكاریەكی رەوا، وەكو بەڵگەیەكی راست خۆی دەسەلمێنێ، دێڕێكی شیعری دیكەی هەمان قەسیدەیە كە دەڵێت:

ئەوەتا بە كرماندنی خەیارێك، بەهار بەلامدا تێدەپەڕێ و دەڵێ: مەرحەبا.

تێپەڕبوونی بەهار هەمان ئەو هەستكردنەیە بە زەمەن، بە وەرزەكان، بە گوزەشتی دنیای چاوەڕوانی و هەوڵدانێكە بۆ پشوودان لەنێو ئامێزی ماڵی ئافرەتدا، نەوەك وەكو پیاوێك بەڵكە وەكو منداڵێكی لاساری دژ بە رێكوپێكی ماڵ، ئەمە پێناسەیەكی دیكەی نیشتمانە كە بەپێچەوانەی نیەتەكانی شاعیرەوە لەگەڵ ماڵی ئافرەتدا هاوتادەبێتەوە و لە دوا بڕیاریشدا ئیدیۆمەكان (هەرمێیەك . خەیارێك. بەهار) لە پەیوەندیەكی دیكەدا هەموو مەنهەجیەتێكی ئەقلانی بینراو لە نووسەر دەستێننەوە، لە فۆرمێكی دیكەدا كە ئەز بە (زمانی دووەم) دەستنیشانی دەكەم لەنێو راڤەكاری دەقەكەدا خۆی بینادەكاتەوە، بە جودا لە نیەتە هەستپێكراوەكانە پڕدەكات بە دنیای شتەكانە. جۆرە بیركردنەوەیەك یاخود فۆرمێكی بیركردنەوە پەیوەندیدار دەكات كە لە ژێر تیتڵی (دژە بیركردنەوە)دا خۆی شێوەبازدەكات.

ئەم (دژە بیركردنەوەیە) وا لە دەقەكان دەكات مێژوویەك بۆ خۆیان درێژبكەنەوە و لە هەمانكاتیشدا

سنوورەکانی زمانی ئاسایی ببەزێنن، کە هەمان سنووره نوێنەرانی دەقە مەزهەبیکراوەکانی فۆرمی ئەدەبی کوردی بە زمان نەزانین لەقەڵەمی دەدەن و مومارەسەیەکی خۆشبەختانەی پڕ لە وەهمەکانی سەرچاوەگەری بەئەنجام دەگەیەنن. ئەوەی جودایە لە زمانی ئاسایی مەرجخۆبوونی داهێنان لەخۆ ناگرێت، بەڵام رەوایەتی لە (دژە بیرکردنەوەی) دەقە بەرامبەر دنیا، جوداوازیە سەیرەکانی دنیای ئاساییە لەنێو نائاساییدا، یاخود زۆر جاری وا هەیە لە هەموو پێوانەکاریەکاندا نمرەی سفر وەردەگرێ (لەوانەشە هیوا راستبکات کە من دەمەوێت هەمو شەڕەکان لە راڤەکردنی دەقەکێکدا زیندووبکەمەوە)، نمرەی سفرێك تووشی خەمۆکیمان ناکات، بەڵکو هەست بە خەواڵویی خۆمان و حەز لە نووستن دەکەین لەنێو نوسیندا، چونکە نووستن لەنێو ئیدیۆمێك، دێڕێکی شیعریدا، نوستنە لەنێو بوونی ئەو شتانەی بە بێچەتر بە بەردەم شەوەکانی غەریزەماندا تێپەڕدەبن و پێمان دەڵێن: بوونی ئێوە ماوەیەك بەر لە کۆچی پەپولە پاییزییەك لێرەبوو..

**سەرچاوەکان:**

1- Jan – Francois Lyotard – Der Widersterit – Wiihelm Fink verlagm Munchen. 1987.
2- Valemntin N. Volosinov – Marxismus und Sprachphilophie – Ullstein Buch 1975.
3- Jan – Francois Lyotard – Strifzuge, Gesetz, Form, Ereignis – passagen Verlagm. Wien 1989.

ئەحمەد باوەڕ

# هۆكارەكانی كۆچ كردنی جوولەكە و جوولەكەكانی ڕۆژهەڵات و كوردستان بۆ ئیسرائیل

ئەگەر سەرچیخ نەچوبێتم ڕەنگە دیاردەی كۆچ كردن لەناو هەموو گەل و نەتەوە و ولاتانی دونیادا، دیاردەیەكی سروشتیبێ‌و، ئەوەش بەپێی كات و هەل و مەرج و واقیعی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا بێ، وێڕای ئەوە زۆر رووی تـرو، مەغزایەكی ئەوتۆ لەخۆدەگرێ كە لە قاوغە سروشتییەكەی خۆی بچێتە دەرەوە؛ وا لە ئینسان بكا بەشێوازێكی ترو، بەتایبەتمەندیەكی ترەوە خۆی بۆ ئامادە بكا. هاوكات هەوڵی ئەوەش بدات ژیرانە تر، ژیربێژیانەتر خۆی لە پاشماوە سەلبییەكانی قوتاربكا. بەڵام وەكتر دەبینی ئەم دیاردەیە خەسڵەتێكی تر و سیمایەكی تری لەخۆگرتووەو، لەسەر بنەمای جێ‌پێ‌لێژكردن و پەڕەوازەكردنی گەلان و نەتەوەكان هاتۆتەكایەوە، نەوەك ئەوەی دیاردە سروشتییەكان گەلاڵەیان كردبێ‌و، پاڵپشت و فاكتەرێكی دروست كراوی لەپشتەوەنەبووبێ. لەم بارەیەوە كاتێ سەرنج لە گەلێكی وەك جوولەكەی لە كورد سەرلی‌شێواوتری ئێستا دەدەی. دەبینی بەدرێژایی مێژوو، بەپێی گۆڕانكاری و قۆناغەكانی مێژوو، توشی ئاوارەیی، ماڵ وێرانی‌و، دووركەوتنەوەیەكی ئەوتۆ هاتوون. بڕواناكەم هیچ نەتەووە و گەلێكی تر، لە ڕۆژگارە دێرینەكانەوە لە هەل و مەرجێكی ئەوتۆدا ژیابێ. هەرچەندە بەپێی هەندێ لەو سەرچاوانەی كە لە مێژووی كۆن دەدوێن. وایان باس لێوەكردوون كە ئەمانە هەر بەخۆیان نەتەوەیەكی كۆچ كەر و گەشتەوەربوون وەك لە (كاروانی ژیاری – مسیرة الحضارة)دا وا ئاماژەیان بۆ كراوە كە: (عبرانیە دێرینەكان گەشتەوەر بوون)[1]. تەنانەت موسای پەیامبەریان: (لە كۆتایەكانی سەدەی سێیەمی پێش زاییندا ڕێبەرایەتی خێڵە عیبرانیەكانی كردووە (لە ولاتی میسرەوە) بۆ فەلەستین)[2]. خۆ ئەگەر هەنگاوێكی لەم بابەتەش وەك لایەنە سروشتییەكەی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین و، بۆئەوەبووبێ كە حەزرەتی (موسا) لە هەوڵ و كۆششی ئەوەدا بووە كە چۆن پەیامەكەی خۆی بگەیەنێتە كۆمەڵانی خەڵك و بڵاوی بكاتەوە، بەڵام جەخت كردنی من بۆ لایەنێكی وا زیاتر ئەو دەس بەسەركردن و، پەڕەوازەكردنەیان كە سەركردەیەكی وەك شای كلدانی (بابل)، كە پێشتریش باسم لێوەكردووە، چۆن هێناونیە باشووری عێراق و یا ئەوانەیان كە ئاشووریەكان هێناویانەتە ناوچە كوردنشینەكانی ولاتی كوردستانەوە كە لەوانەشیان كە بە زۆربەی زۆری ولاتانی دونیادا بڵاوبوونەتەوە و قەت ڕۆژێك خاوەنی كیان و قەڵەم ڕەوێكی سەربەخۆنەبوون. هەر بەم

جۆرەش: (ئاوارەبوونی جوولەکەکان پەرەی‌سەند و هەردەستەی روویان لەلایەك كردو پەنایان بۆ ولات و نەتەوەکان برد)[٣].


دیارە هەموو ئەم سەربردەو، ئاوارەبوونەش وای لێکردوون کە جۆرە یەکێتی و هاوسۆزیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا دروست ببێ کە: (ئامانجی سەرەکی ئەمان پاراستنی پاکی و خاوێنی ئایین و رەگەزەکەیان)[٤] بێ نەك ململانێ‌کردن و، دژایەتی‌کردنی نەتەوە و ئەو رەگەزانەی کە تیایاندا بلاوبووبوونەوەوەو، پەنایان بۆ بردبوون. لەگەڵ ئەوەشەدا خۆیان سەرەڕای پەرەوازەییان، گەلێکی شارەزا و لە هەڵسوڕانی کاروباری رۆژانەیاندا سەردەرچووبوون. بەردەوامیش لە هەوڵێ ئەوەدابوون: (دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژکردووەو، بەزەیان بەیەکتردا هاتۆتەوە، شانازیان بەیەکترەوە کردووەو، ئێرەیی و حەسوودیان بەیەکتر نەبردووە. هیچ کات بۆ ماڵی دونیا خۆیان نەفرۆشتووە)[٥]. بە رادەیە ئەم جۆرە یەکێتی و بەتەنگەوە چوونەیان بۆیەکتر وای لێکردوون کە ئینتمایان بۆ گەل و ولاتی خۆیان بەهێزتربێ‌و، عەقیدە و بیروڕایان پتەوتربێ وەك جیمس فریزەر لە کتێبی (الفولکور فی العهد القدیم – التوراة) دا نووسیویە: (عەقیدە پێداویستیەکی رۆحانیە و لە هەموو کات و شوێنێکدا لەناخی مرۆڤەوە هەڵ ئەقووڵێ)[٦] و چەکەرەدەکا، تا وای لێبکا کە بتوانێ لەگەڵ رەوش و واقیعێك دا ئالوودە ببێ و داکۆکی لە بیروباوەڕ و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی خۆی بکا. بەجۆرێ کە رەورەوەی رۆژگار ئەو کەلەپوور و پاشماوە کۆنینە و دێرینانەی کە لە ناخی‌دا گەشەی کردووەو، بە بەردەوامی برەوی پێداوە، لە دەس نەچێ. تا ئەوکاتەی کایەیەکی تازە و دەروازەیەکی ئەوتۆی تازە دەدۆزێتەوە. بۆ دەربازبوون و رزگاربوون لەو قەفەزەی کە حوکمی مێژوو، ناعەدالەتی کۆمەلایەتی رۆژگار بەسەریدا سەپاندوێتی، بۆئەمەش خۆ ئەگەر حوکمی رۆژگار و بالادەس بوونی دەسەلاتێك لەناوچەیەکدا بۆ سەر هەرێم و ناوچەیەکی تر نەبوایە، چۆن کەسێکی وەك شەلمانسەری سێیەمی (٨٥٨-٨٢٤ پ.ز) شای ئاشووری توانیویەتی جوولەکە راگوێزراوەکان لە کوردستاندا نیشتەجێ بکا[٧]، بتوانێ بەوشێوەیە لەسەر زێد و حاڵ و ماڵی خۆیان دەریان بکا و دووریان بخاتەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کە بە دوورخراوەیی ماونەتەوە: (جوولەکەکان هەربندەست و ئاوارە و کۆیلە بوون)[٨] جا بۆیە هەر ئەم ئاوارەیی و بندەستیە وای لێکردوون کە بەردەوام وەك خەڵکێکی کۆچەر بچنە کایەی ولاتانی ترەوە و بەو شێوەیە بەسەر زۆربەی ولاتانی دونیادا دابەش بن.

هەر لە خۆڕاش نەبووە کە ولاتێکی وەك ئیسرائیل کە تا ئێستا، بۆ نیو سەدە و زیاتر ئەچێ دامەزراوە. دەبینی دانیشتوانی بە زۆر لەو جوولەکانە پێك هاتوون کە: (هی سەدو پازدە ولاتی جیهانن و بە هەشتاو پێنج زمانی جیاواز قسەدەکەن)[٩]. بە رادەیەکی وا دەتوانرێ رووسیا بەوە ناوزەد بکرێ کە لە: (کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە، بە گەورەترین جێ‌نشینگەی ژمارەی جوولەکە دابنرێ لە جیهانداو، ژمارەیان پێش جەنگی جیهانی یەکەم نزیکەی (٠٠٠ ٢١٥ و٥) کەس بووە. لە کۆی (٠٠٠ و ٥٠٠ و ١١) جوولەکە لە جیهاندا)[١٠]. بەلام بەهۆی سەردەرچوویی ئەم جوولەکانە خۆیانەوە لە کاروباری بازرگانی و هەڵسوڕانی ئیش و کاری رۆژانە وای لێکردوون کە ئامانجێکی ئەوتۆ وایان لێبکا لە شوێنێکەوە کۆ چبکەن بۆ شوێنێکی تر. بۆ نموونە دەبینین زۆر لەو جوولەکانەی کە لە عێراق و، بەتایبەتی لە شاری بەغدادا بوون کۆچ بکەن بۆ ولاتی هیندو؛ لەوێش بە رادەیەکی زۆر بازاڕە فراوان و دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن ئەمانەوە قۆرخ بکرێ. وەك ئەوەی (حنابطاطو) باسی لێوەدەکا: (زۆر لە جوولەکەکانی ولاتی هیند لە بنەچەدا بەغدادی بوون)[١١] ئەم کۆچ کردنەش بەزۆری

لەوکاتەوە دەستی پێکردووە کە: (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی مافی قۆرخ کردنی بازرگانی خۆی لە ساڵی (١٨٣١)ەوە هەڵوەشاندۆتەوە. ئەمەش وای لە بازرگانە جوولەکەکانی بەغدا کردووە کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوو لە هیند بکەن.

بەمەبەستی قازانج کردن و هەندێکیشیان لەوێ نیشتەجێ بوون. وەك خێزانی ساسۆن لە (بۆمبای)و؛ خێزانی یەهودا و عەزرا کە لە (کلکۆتا) نیشتەجێ بوون)[12]. جگە لەوە بەپێی باس لێوەکردنێکی نهێنی کە لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە ئەڵێ (جولەکەکان بازرگانی ناوخۆیان بە هەموو واتایەکی‌یەوە بۆخۆیان قۆرخ کردووەو؛ لەمەشدا نە موسڵمانەکان و نە دیانە کانیش نەیانتوانیوە پێشیان بکەون)[13]. کەچی سەرەڕای ئەوانەش ئینتیمای نەتەوەیی و هاوسۆزیان بۆ نیشتەجێبوون لە وڵاتێکی سەربەخۆدا وای لێکردوون بگەڕێنەوە بۆ شوێن و زێدو؛ بۆ وڵاتێك کە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە بەتایبەتی بەریتانیا و ڕێکخراوە سیاسی و ڕووناکبیریەکانی جوولەکە خۆیانەوە ڕەنگیان بۆ ئەڕشت و هەموو ئاسانکاریەکی پێویستیان لەوبارەیەوە بۆ دەستەبەر ئەکرد. بەتایبەتی: (لەکۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە یەکەم کتێب بەناوی (دەوڵەتی جوولەکە)ەوە لە جیهاندا بڵاوکرایەوە لەلایەن دکتۆرێکی دانیشتووی (ڤیەنا) ی پایتەختی (نەمسا)ەوە کە ناوی (ثیودور هرتزل)[14] بوو. هەروەها لەوساڵانەشدا: (یەکەمین کۆنگرەی جیهانی جوولەکەکان لە (بازل) لە ساڵی ١٨٩٧ دا بەسترا)[15] و هرتزل خۆی سەرۆکایەتی کارەکانی کرد.

ئەمەش زیاتر هەلی بۆ دیاردەی کۆچ کردنی جوولەکە بەرەو وڵاتی فەلەستین ڕەخسان و هانی بەردەوامی دەدان. سەرەڕای بڕیاردانی پێویست لەو بارەیەوە. جگە لە دامەزراندنی یەکەمین (ڕێکخراوی زایۆنی جیهانی‌یەوە) کە هرتزل خۆی لەو دەمانە بەدواوە، ڕێبەری دەکردو؛ ئەو کتێبەشی کە بەناوی (دەوڵەتی جوولەکەوە – Der Luder staat) بڵاوی کردەوە بە درێژایی ڕۆژگار لای جوولەکەکان بە: (تەوراتی بزوتنەوەی زایۆنی)[16] ناسراو، ڕێکخراوەکەش تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٠٤ دا هرتزل خۆی بەڕێوەی‌دەبرد. لێرەبەدواوە ڕێگا خۆشبوو بۆئەوەی دەیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی جوولەکە لە سەرتاسەری دونیادا دروست ببێ بەمەبەستی ئاسان کردن و؛ پاڵپشتی کردنی کۆچ کردنی جوولەکەکانی جیهان. بەرەو وڵاتی فەلەستین و ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ لە نێوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا بە (ئیسرائیل) ناسراوە، وێڕای ئەوانە لایەنێکی تر لەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پاڵپشت کردنی جوولەکەکانی جیهاندا بۆ نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی فەلەستین ئەو هەوڵە بەردەوامەی (حایم وایزمان) ی بە ڕەگەز جوولەکەی ڕووسی بوو، لای کەسایەتیە ناسراوەکانی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ: (بنیادنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ جوولەکە لە وڵاتی فەلەستین)[17] دا، کە لە ئەنجامدا بەڵێنی (ئارثەر جیمس بلفور) ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای لێکەوتەوە. سەبارەت بە پێکهێنانی وڵاتی ناوبراو، بە بەردەوامی دەسگیرۆیی‌کردنی. بەشێوازێکی وا کە ژمارەی کۆچکردوان: (لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٣) گەیشتبووە (٩) نۆ هەزار کۆچکەر لە ماوەی یەك ساڵدا. زۆربەی ئەمانەش لە (خالوتزیم)ەکان بوون. واتە لەو جوولەکە پێشڕەوانە (ورواد) کە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون)[18] ساڵێ دوای ئەوە (٨٤) هەزار جولەکە لەوانەی کە سەر بە چینی ناوەند و سەرمایەدارەکان بوون ڕوویان کردەوە وڵاتی فەلەستین لەنێوان ساڵانی ١٩٢٤ – ١٩٣١ دا لەئەنجامی ئەو قەیرانە ئابووری‌یەی کە لە وڵاتی پۆڵندا ڕووی‌دا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢ –١٩٣٩ (٢٥٦)



ئیسحاق موردەخای

هەزاری ئەو کۆچکردووە جوولەکانە بوون کە لە ئەورووپای ناوەند و ئەڵەمانیاوە هاتبوون. کەچی لەو دەمانەشدا کە سیستەمی (ئینتیداب) لە گۆڕێدابوو، لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهانداو، بەزۆری وڵاتە هاوپەیمانەکانی ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بەڕێوەیان دەبرد. زۆر هانی مەسەلەی کۆچکردنیان دەدا و دەسگرۆیی بەردەوامی خۆیانیان بۆ دوویات دەکردەوە. بۆ ئەو مەبەستەش (سندوقی نەتەوەیی جوولەکە) بەرپرسیاربوو لە پرۆسەی کۆچ کردن و، پیشوازی کردن لەو کۆچ کردووە جوولەکانەی کە بە بەردەوامی دەهاتنە وڵاتی (فەلەستین)ەوە. لەم بارەیەشەوە دەکرێ، قۆناغەکانی کۆچ کردنی جوولەکەکانی زۆربەی وڵاتان بەرەو (ئیسرائیل) لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە کە بە ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی دادەنرێ، تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەم قۆناغانەی خوارەوەدا چڕی بکەینەوە:

**یەکەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٨ -١٩٥١؛ **ئەم** ماوەیە بەوە دەستنیشان دەکرێ ناوی (**کۆچکردنی بەکۆمەڵ**) ی لێبنرێ. **بەهۆی ئەو شەپۆلە** **کۆچکردووەی** کە بە لێشاو ئەهاتنە وڵاتی (**ئیسرائیل**) ەوە و، ژمارەیان هەر لەو ساڵانەدا **گەیشتبوە** **نزیکەی (٦٥٨) هەزار کۆچ کەر تەنانەت ئەم شەپۆلی** **کۆچ کردنە** لە ساڵانی جەنگی ١٩٤٨ ی (**عەرەب** – **ئیسرائیل**) یشدا نەوەستا و تەنها لە دوای **ئەو چوار** **مانگەوە** کە بانگەشەی دەوڵەتی **ئیسرائیلی تیا درا،** **نزیکەی (٣٣) هەزار جوولەکە بەرەو ئیسرائیل** **بوونەوەو،** بە زۆری لەم سێ **تەوەرەی وڵاتانی** **جیهانەوە** **ڕێگەیان کرتبووەبەر:**

١-**جوولەکەکانی ئەورووپای خۆرئاوا و قوبرس.**

٢-**جوولەکەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات.**

٣-**ئەوانەی کە لە وڵاتە عەرەبیەکان و کوردستان** و هەندێ لە وڵاتانی تری **ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو** ئیسرائیل بووبوونەوە.

**دووەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٤؛ **لەم** دوو ساڵەدا شەپۆلی کۆچ کردنی **جوولەکە، لە** دابەزینێکی بەرچاو دابوو. بەجۆرێ **تیایدا ژمارەی** **کۆچ کردووەکان** خۆی دەدا لە تەنها (٥٠) **هەزار کۆچ** **کەر و؛** لەناویاندا ڕێژەی (٧٨٪) یان لە **جوولەکەکانی** **ڕۆژهەڵات** بوون. هۆی سەرەکی **ئەمەش بەزۆری** **ئەگەڕایەوە** بۆ ئەو قەیرانە ئابووری‌یەی کە **وڵاتی** ئیسرائیل لەم ماوەیەدا بەخۆوەدیبووی.

**سێیەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٧؛ **لەم** **قۆناغەدا کۆچ کردن لە بەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدا** بوو. بەهۆی چاك بوونی بارودۆخی **ئابووری لەلایەك** و؛ بەهۆی ڕێکەوتننامەی پێبژاردن کە **ئەڵمانیای**

ڕۆژئاوای ئەوکات. لەگەڵ (ئیسرائیل) دا مۆری کرد. بەڵام وەك كۆچ كردن ژمارەیان لەم یەك دوو ساڵەدا گەیشتە (١٦٠) هەزار. نزیکەی (١٠٠) هەزاریان لە وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی و، ئەوانی کەشیان لە پۆڵندا و هەنگاریا و هەندێ وڵاتی ترەوە هاتبوون.

**چوارەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠؛ وەك دەبینی لێرەدا ڕێژەی كۆچ كەران لە دابەزین دا یەو، ژمارەیان تەنها (٧٥) هەزار كۆچەر بووە. چونكە لەم ماوەیەدا وڵاتێكی وەك (مەغریب) سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و ڕێگای لە مەسەلەی كۆچ كردن گرت. سەرەڕای سەرهەڵدانی سیستەمێكی تازە لە وڵاتی (تونس)دا[19] دا و بڕیاری ڕاگرتنی كۆچ كردن لە وڵاتەكەیدا و ژمارەی كۆچكردوانیش لەم ماوەیەدا لە جیهانی عەرەبی و ئەفریقیادا گەیشتە نزیکەی ٣٠٪.

**پێنجەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٤ كۆچ كردن لەم ماوەیەدا بە سایەی بوژانەوەی ئابووری (ئیسرائیل)ەوە زیادی كرد. بەجۆرێ جوولەكەكانی ئاسیا، ئەفریقیاو جیهانی عەرەبی ڕێژەی (٥٤٪) ی ژمارەی كۆچكردوانیان پێك ئەهێنا.

**شەشەم:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٣؛ بەهۆی ڕەوش و قەیناتی (تقشف) ئابووریەوە، مەسەلەی كۆچكردن دابەزینێكی دیاری بەخۆوە بینی و؛ ژمارەیان لەم ماوەیەدا گەیشتە نزیکەی (٥٤) هەزار كۆچكەر، كە لە ناویاندا جوولەكەكانی ڕۆژهەڵات (٦٩٪) یانی پێك هێنابوو.

## كۆچكردنی جوولەكەكانی عێراق و كوردستان بەرەو ئیسرائیل

وەك پێشتر قسەم لەسەر ئەو لایەنەكرد. ئەو جوولەكانەی كەوتبونە وڵاتی عێراق و كوردستانەوە، بەزۆری پاشماوەی ئەو جوولەكە دەسبەسەرانە بوون كە لە قۆناغی یەكەمدا: (ئاشوورییەكان لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا لە - فەلەستین- ەوە هێنابوونیانە چیاكانی كوردستان)[20] و شەپۆلی دووەمیان: ئەوانە بوون كە بە دوو كاتی جیاواز لەلایەن شای كلدانی (بابل) ی (نبوخزنەسر) ی دووەمەوە لە ساڵەكانی: (٥٩٧ پ.ز و ٥٨٦ پ.ن)[21] بەدەس بەسەری هێنابوونیە باشووری عێراقەوە. بەڵام شەپۆلی سێیەمیان بەزۆری لەو: (بڕەجوولەكە بوون كە لە دوورگەی عەرەبی و، لە سەردەمی خەلیفە عومەریكوڕی خەتابدا هاتبوونە عێراقەوە و، لە ناوچەی فوراتی ناوەند نیشتەجێ بوون)[22]. كەچی سەبارەت بە كۆچ كردن و ڕێپێدانیان بۆ گەڕانەوە، تەنها ئەوانەیان نەبێ كە لە سەردەمی كۆرشی دووەمی فارسی داو، لە ساڵی (٥٣٩ پ.ن) كە (بابل) و ناوچەكانی باشووری عێراقی داگیركرد: (كۆرشیش ساڵێك دوای گرتنی بابل ڕێگای بە جوولەكەكانی دا تا بگەڕێنەوە ئیسرائیل)[23] بەوپێیە نزیکەی (٤٠) هەزار جوولەكە گەڕاونەتەوە شاری (ئۆرشەلیم) ئیدی لەم كاتە بەدواوە مەسەلەی كۆچكردنی جوولەكە بەرەو فەلەستین لە وڵاتگەلێكی وەك عێراق و كوردستانەوە بەشێوازێكی دیاریكراو - محدد- بووە. واتە تا ئەوكاتەی كە بۆ جاری یەكەم بانگەشەی دەوڵەتی (ئیسرائیل) ی لە ساڵی ١٩٤٨ دا بڵاوكراوەتەوەو؛ زۆربەی وڵاتە گەورەكانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دانیان بەو دەسەڵات و قەڵەم ڕەوی جوولەكەدا ناوە لە وڵاتی (ئیسرائیل) دا. جا بۆیە دەكرێ لێرەبەدواوە، بەدیارترین ماوە و قۆناغێك دەستنیشان بكرێ سەبارەت بە چڕی شەپۆلی دیاردەی كۆچ كردنی جوولەكەكانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە (عێراق و كوردستان) یشەوە بەرەو وڵاتی ئیسرائیل.

سەبارەت بە (عێراق) یش لە ساڵەكانی (١٩٤٨-١٩٤٩) وەوە. ژمارەیەكی زۆر لە جوولەكەكانی عێراق لە ڕێگای (ئێران) ەوە كەوتنە كۆچكردنی بەكۆمەڵ و: (لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٩ دا حكومەتی عێراق

**خشتەیەك. كە ژمارەی جوولەكە كۆچكردووەكانی دانیشتوی عێراق دەردەخا لەنێوان سالآنی (١٩١٩-١٩٤٥).**

| سالٚ | ژمارەی كۆچ كردوان | سالٚ | ژمارەی كۆچ كردوان |
|---|---|---|---|
| ١٩١٩ | - | ١٩٣٤ | ١٢ |
| ١٩٢٠ | - | ١٩٣٥ | ٩٦ |
| ١٩٢١ | ٤٩ | ١٩٣٦ | ١٢ |
| ١٩٢٢ | ١٠٥ | ١٩٣٧ | ٢ |
| ١٩٢٣ | ١٧ | ١٩٣٨ | ١ |
| ١٩٢٤ | ٧٧٦ | ١٩٣٩ | - |
| ١٩٢٥ | ٧٥٣ | ١٩٤٠ | ٢ |
| ١٩٢٦ | ٧٧٧ | ١٩٤١ | ١ |
| ١٩٢٧ | ٣١١ | ١٩٤٢ | ٣٥١ |
| ١٩٢٨ | - | ١٩٤٣ | ١٦٩ |
| ١٩٣٠ | - | ١٩٤٤ | ١٠٠ |
| ١٩٣١ | - | ١٩٤٥ | ٢ |
| ١٩٣٢ | - | ١٩٤٦ | ٢ |
| ١٩٣٣ | - | سەرجەم | ٣٥٣٩ |
| | ١ | | |

سەرچاوە: يعقوب يوسف كوريه، يهود العراق، تأريخهم، اصولهم، هجرتهم، لبنان ١٩٩٨، ص ١٦٠-١٦١.

ڕێگەی دا بەو جوولەکانەی کە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە بەمەرجێ دەس هەڵگرن لەو (جنسیە) عێراقیەی کە هەیانە. بەوەش (٦٣) هەزار کەسیان کۆچیان کرد لە ڕێگای هێڵی ئاسمانی ئەمەریکیەوە)[٢٤].

بەڵام ئەم پرۆسەی کۆچکردنە هەروا ڕووداوێکی ئەوتۆ نەبوو کە پێشتر نەخشەی بۆ نەکێشرابێ و قسەی لەسەر نەکرابێ بەڵکو: (کۆچکردنی جوولەکەکان بێ وتووێژی پەرلەمانی عێراقی بڕیاری لەسەرنەدراو لە کۆتایدا حکومەتی عێراق خۆی ڕازیبوو لەسەری)[٢٥]. جا بۆ ساڵی دواتر و لە ئازاری ساڵی ١٩٥٠ دا ساڵح جەبری وەزیری ناوخۆی عێراق پرۆژەیەکی یاسایی خستە بەردەم پەرلەمانی عێراقی و وای ئەسەپاندە سەر هەموو جوولەکەیەکدا کە ئارەزووی کۆچ کردنی هەیە لە عێراق، ئەبێ واز لە شوناسنامە عێراقیەکەی خۆی بهێنێ)[٢٦] لەگەڵ ئەوەشدا یەکێ لە قسەکانی ئەوە بوو کە ئەیووت: (بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی عێراقدا نیە کە داوا لە جوولەکەکانی بکا لە وڵاتدا بمێننەوە)[٢٧] بڕیارێکی لەم بابەتەش بۆ خۆی ئەوپەڕی فاکتەری سەرەکی بوو بۆ کۆچکردنی جوولەکەکانی عێراق و ناوچە کورد نشینەکان و ئەوپرۆسەیەش کە زیاتر ڕۆڵی سەرەکی خۆی دەگێڕا لە گوێزانەوەی جوولەکە کۆچ کەرەکاندا پرۆسەیەك (عملیة) بوو کە پێی دەوترا (عزرا نحامیا – عەلی بابا) کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕێکخراوی زایۆنی جیهانی پراکتیزەیان دەکرد.

سەرەڕای ئەمەش جوولەکەکان خۆیان بە پیادە و لە ڕێگای (خانەقین – قەسری شیرین)ەوە. پەنایان دەبردە بەر وڵاتی ئێران، بەتایبەتی جوولەکەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق لەوێشەوە بە فڕۆکە ئەبرانە (قبرص) و دوایی ئەگوێزرانەوە بۆ (اللد) لە فەلەستین. ڕێگایەکی کەشیان ئەوەبوو کە بە زۆری جوولەکەکانی ناوچەکانی شارەکانی وەك: موصڵ، زاخۆ، ئامێدی و تەنانەت هەولێریش لێیەوە ئەچوونە تورکیاوە. لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل. بەڵام ئەو برە جوولەکانەی کە لە باشووری عێراقدا بوون لە ڕێگای (شط العرب) ەوە بە زەورەقی بچوك خۆیان ئەگەیاندە عەبادان و وڵاتی ئێران. تەوەرێکی تری کۆچکردنیان لە دەوروبەری ڕەمادی و بەرەو ناوچەی (رطبة) ی سەرسنور و شانشینی ئەردەنی ئەچوون. ئەمەش نەك هەر جوولەکەکانی وڵاتی عێراق بەڵکە زۆر جار جوولەکەی وڵاتی تریشیان تێکەڵ ئەبوو: (تەنانەت جارێکیان لە ١٩٤٠/١٠/٣ دا فەرمانگەی گومرگی سەربە میرنشینی ڕۆژهەڵاتی ئەردەنی کاتێ سەیارەیەکی عێراقیان لەسەر سنوور پشکنیوە تیایدا (١٣) سیازدە کەسی دەسگیرکردووە، کە سێ مناڵیان لەگەڵدا بووە. لەنێوان ئەو جوولەکانەدا جوولەکەی ئەفغانی و یەك جوولەکەی ئەڵمانیشیان لەگەڵدا بووە)[٢٨]. خاوەنی ئەو سەیارەیەش کە بە نهێنی ئەم جوولەکانەی گەیاندبووە سەر سنور، ویستویەتی بەرەو (ئیسرائیل)یان بکاتەوە. عێراقیەك بووە بەناوی (مەزلوم یاسین) کە لەلایەن جوولەکەیەکی دەوڵەمەندی عێراقیەوە هاندرابوو بۆئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکا. بەڵام کاتێ سەیارەکە نزیکی سنووری ئەردەن بۆتەوە، لەوێ سایەقی سەیارەکە کەناوی (ئیسماعیل وەلی) بووە، هەموویانی دابەزاندووە و دوایی جێگایەکی تایبەتی بۆ دروست کردوون لەناو سەیارەکەدا کە لە جۆری (لۆری) بووە، پێی گواستوونەتەوە. لەسەر سنوور لەکاتی پشکنیندا گریانی یەکێك لە مناڵەکان ئاشکرای کردوون کە کۆمەڵێك خەڵك لەژێر شت و مەکدا خۆیان حەشاردابوو. هاوکات کۆچکردنی ئەم جوولەکانەو؛ بەوشێوەیە گەلێ لایەنی سەلبی و خراپی لێکەوتەوەلە بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك: ئابووری، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیدا. وەك شاعیری گەورە و کۆچ کردووی عێراق جەواهیری) لەم بارەیەوە وتویەتی: (بە ڕاستی شێخەکانی مقاماتی عێراقی زۆربەیان یەهودی عێراقی بوون. بەڵام ئەوان ئێستا لەوێن! ! چیرۆکێکی دوورودرێژە، چۆن ئێمە ئەوانمان دا بە ئیسرائیل، خۆیان دایان بە ئیسرائیل

و ئێستاش دێین باسی نیشتەجێکردنی یەهود دەکەین، سی چل هەزار گەنج و پیاوی کارامە و رۆشنبیری جوولەکەی عێراقمان دا بە ئیسرائیل)[29].
بە رادەیەکی وا ئەو جوولەکانەی کە لە ولاتی عێراقەوە کۆچیان کردبوو بەرەو ئیسرائیل لە: (ساڵی ١٩٥٤ راستەکەی ١٩٥١ ٥ ا —ب) و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی ژمارەیان گەیشتبووە ١١٥ هەزار جوولەکەی عێراقی)[30]. هەرچەندە ئەو رێژەیەی پێشتر دەستنیشانم کرد لەوانەیە بەرزی جوولەکەکانی کوردستانیش بکەونە چوارچێوەی ئەو خەملاندنەوە کە یەکێکی وەك (فریتزغروب) باسی لێوەکردووە لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج دەدەی کە ئەو بریارەی سەبارەت بە جوولەکەی کوردستان دراوە بۆ گەرانەوەو، کۆچکردنیان بەرەو ئیسرائیل بریارێکی تایبەتی بووە. بۆ ئەوەش: (زۆربەی جوولەکەکانی کوردستان لەگەڵ جوولەکەکانی تری عێراقدا و لە ساڵی ١٩٥٠ دا بەرەو فەلەستین بوونەوە)[31]. وەك ئەوەی سەرچاوەکانی کوردە جوولەکەکان خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن: (پاش ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن ئینگلیزەوە بە کوردە جوولەکەکانی کوردستان رادەگەیەنرێ کەخۆیان ئامادە بکەن بۆ گەرانەوە بەرەو خاکی ئیسرائیل)[32].

ئەم بریار و ئەم پرۆسەیەش کە سەبارەت بە هەموو کوردستان بووە: (گەورەترین کۆچی کوردە جوولەکەکانە بۆ خاکی ئیسرائیل)[33]. ئەم کوردە جوولەکانەش وەك چۆن رەفتاری کاربەدەستانی عێراق بەگشتی لەگەڵ هەموویانا خراپ بوو. هەمان هەڵوێست ئەو جوولەکانەشی دەگرتەوە، کە کەوتبوونە ناوچە کورد نشینەکانەوە.

بۆیە بە بەردەوامی ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەم خاك و ناوچانە نەدەزانی و هاوکات کار و پیشەیەکیشیان دەگرتە ئەستۆ کە لەگەڵ هەل و مەرج و ژیانی رۆژانەیاندا بگونجێ. سەرەرای جێبەجێکردنی هەر بریارێك کە لە دەوڵەتەوە دەربچوایە.

کەچی ئەوانەشیان کە ئارەزووی گەرانەوەیان نەبووە: (بۆئەوەی بمێننەوە بوونە موسڵمان. تا ئەمرۆش خێزانی کوردی —بن جوو— لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا دەبینین)[34] بەلام ئەو جوولەکانەی کە تا ئێستا: (کۆچیان نەکردووە؛ ماونەتەوە، زۆربەیان لە خورەم ئاباد و کرماشان دەژین)[35] بەجۆرێ لە رۆژگاری ئەمرۆدا ئەم بەشانە لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا دەکەونە کوردستانی رۆژهەلاتەوە. کاتێك جوولەکەکانیش کارئاسانیان بۆ کراو، بەشێکی زۆریان گەیشتنەوە ئیسرائیل. کەچی لێرەبەدواوە، وەك چۆن پێشتر خۆیان بە خەڵکانێکی چەوساوە و زوڵم لێکراو دەزانی. سەیرئەکەی هەمان هەڵوێست و هەمان ئەو بارودۆخە بەگشتی تووشی جوولەکەکانی رۆژهەلات بۆتەوە، بەتایبەتی ئەو جوولەکانەی کە لە ولاتی کوردستانەوە، گەیشتبونە (ئیسرائیل). وەکو جوولەکەکان خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن: (هەرچی کاری گران و ناخۆش بوو بەر ئێمە دەکەوت. چونکە لە هەموو جوولەکەکانی ولاتان هەژارتر ئێمە بووین. چونکە پێشتر ئێمەیان هەر لە کوردستان رووت کردبووەوە. بەو پێیە ئێمەیان بۆ کرێکاری و کارە سەختەکان هەلبژاردبوو. دەنا ئەو جوولەکانەی لە ولاتی ترەوە دەگەرانەوە هیچیان وەکو ئێمە رووت نەکرابوونەوە هەموویان پارەی باش و ژیانی باشیان هەبوو)[36].

سەرەرای ئەوەی کە جۆرە ناهاوسەنگی و نەگونجانێك لەنێوان جوولەکەکانی رۆژهەلات (سفاردیەکان) و رۆژئاوایەکان (ئەشکەنازەکان) دا هەیە لە هەموو رووەکانەوە. هاوکات دەسەلات دارانی ئیسرائیل ئەو حەق و حیساب بۆکردنەی کە بۆ جوولەکەکانی رۆژئاوا دەیکەن و کاروباریان پێدەسپێرن و گوێیان لێدەگرن. کەچی ئەو مامەڵەکردن و هەڵوسوکەوتە لەگەڵ رۆژهەلاتیەکاندا ناکەن. بەڵکو ئەمانە بە خەڵکانی گەوج و دواکەوتوو دادەنرێن و، بە چاوی سووك لەناو کۆمەڵگەی

(ئیسرائیل)ی‌دا سەیردەکرێن. بەتایبەتی ئەو کوردە جوولەکانەی کە لە کوردستانەوە خۆیان گەیاندۆتە ئەوێ؛ بە زۆریش لە ناوچە گوندنشینەکانی ئەو وڵاتەدا نیشتەجێ کراون. وەك ئەوەی لەم سەروبەندەدا: (زیاتر لە سێسەد هەزار کورد لە ئیسرائیل دەژین)[٣٧] و. کەچی لە رووی دەسەڵاتەوە کارێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نییەو، ئەوەشی هەبێ زیاتر بەر ئەو جوولەکانە کەوتووە کە لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکاوە هاتوون و، ئەمانی لێ‌بێبەرین. بە رادەیەکی وا: (ئەگەر کەسێ لە ئیسرائیل نەزان بێ پێی دەڵێن مەگەر تۆ کوردی)[٣٨].

یانی بە سادەیی سەیرکردنی کوردە جوولەکەکان، گەیشتۆتە سنوورێکی وا کە لەناو دەزگا هەرە باڵاکانی دەوڵەتدا رەنگ بداتەوە و، بە راشکاوی باسی لێوەبکرێ وەك دەیبینی: (لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی ئیسرائیلدا، ساڵی ١٩٧٣ لە ئیسحاق رابینی سەرەك وەزیرانی ئەوسای ئیسرائیلیان پرسی: ئایا ئیسرائیل خۆشی دێ لەوەی کوردەکان تینیان بۆ عێراق هێناوە و داخۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی ناوەتە رێی کوردەکان؟ وەڵامەکەی (من نازانم) بوو. دکتۆر (یووسف بۆرگ) ی شالیار دەمودەست هەڵیدایە و بە تەوسەوە وتی: (من کوردم) واتە وەڵامەکەی ئیسحاق رابین نەزانی و گەوجی دەگەیەنێ)[٣٩] بەو واتایەی بە سووك سەیرکردنی کوردەکان، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی (ئیسرائیل) ی دا

گەیشتبوە قۆناغێکی وا کە ئەم کوردە جولەکانە لە وڵاتی (ئیسرائیل) دا: (تەنیا کاتی هەڵبژاردن و پەرلەمان تۆزە قەدرێکیان هەیە. لەکاتی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ لێدەدەن و هەڵیان دەپەرێنن. هەتا هەڵبژاردن تەواودەبێ. ئیتر دوای ئەوە کەس حیسابیان بۆ ناکا)[٤٠] هەرچەندە تا رادەیە وەکو پێشتیش باسم لێوەکرد کە نەوەی هەندێ لەم کوردە جوولەکانە گەیشتوونەتە پلەی بەرز لە دەسەڵات و لە دەوڵەتی ئیسرائیلی‌دا، لەوانە ئیسحاق مردەخای کە ماوەیەك بوو بە سەرۆکی سەرکردایەتی ناوەندی لە سوپای ئیسرائیلی‌دا و : (لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بوو بە وەزیری بەرگری لە سوپادا)[٤١]. لە ساڵی ١٩٧٤یشدا کەسایەتیەکی کوردی جولەکە بەناوی (حەبیب شەمعون)ەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە سەرۆکی (کۆمەڵەی کوردان)ی ئیسرائیلی بوو، تەنها جارێك: (کرا بە ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل لە کیسەی پارتی کارگەری ئیسرائیل)[٤٢]. کەچی لە رووی ئاخاوتن و زمان و قسەکردنیانەوە تا ئێستاش زۆربەی کوردە جوولەکەکان پێکەوە دەژین و پەیڕەوی هەموو داب و نەریت و کارێکی رۆژانەی خۆیان کردووە.

جگەلەوە کوردە جوولەکەکان، سەرەڕای زمانی عیبری کە زمانی رەسمی وڵاتی (ئیسرائیل) ە هاوکات: (زمانی ماڵەوەی زۆربەی کوردە جولەکەکان لێرە زمانی ئارامی نوێیە. هەر ئەو زمانەیە کە لە کاتی خۆیدا لە کوردستان زمانی هاوبەشی جوولەکەکان و کریستیانەکانبووە)[٤٣]. سەرەڕای بایەخدانیان بە ئاواز و گۆرانی و هەموو دابە رەسەنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری وەك لە هەریەکێك: (لەم ماڵە کوردانەدا دەیان کاسێتی ئاواز و گۆرانی کوردی دەبینرێ و لە ستران بێژە خۆشەویستەکانیان)[٤٤] تا ئێستا کەسانی وەك محەمەد عارفی جەزیری، حەسەن جەزراوی و عیسا بەرواری. جا هەرچەندە هەموو ئەمانە وەك جۆرە کەلەپوور و شوناسنامەیەکی رەسەن لەناو کوردە جوولەکەکانی (ئیسرائیل) دا ماونەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا: (زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئیسرائیل رۆژ بە رۆژ بەرەو لەناوچوون دەچێ)[٤٥]. بەزۆری لەناو ئەمانەدا. ئەو کوردانە زیاتر تایبەتمەندی و رۆڵی سەرەکیان هەیە. کە لە کوردستانی (پێکەوە گرێدراو) بە عێراقەوە کۆچیان کردوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کوردە جوولەکانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە رۆیشتوون.

## ناوەندە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوونی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل

سەبارەت بەو شوێن و جێنشینانەی کە ئەمڕۆ لە ولاتی ئیسرائیلدا کوردە جولەکەکانی تیا گیرساونەتەوە بەزۆری دەتوانین شێواز و ساڵی نیشتەجێبوونیان بەپێی ئەم ناوەندە سەرەکیانە دەستنیشان بکەین:

١-الری: ئەم ناوەندە لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە جوولەکە کۆچکردووەکانی ولاتی کوردستان، دایان مەزراندووەو، ئەکەوێتە ناوچەی (یزراعل)ەوە، لەسەر چیای (شێخ بریك) ژمارەی ئەو کۆچکردوانەش کە تیایدا نیشتەجی بوون، لە ساڵی ١٩٦٥ دا سەرژمێریان خۆی دەدا لە نزیکەی (٥٦١) کەس.

٢-کفاریروحام: ئەم جێنیشنگەیە (مستوطنە) ناوەکەی بە واتای (تل رحمة) دێ و، لە ساڵی ١٩٥١ەوە کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦١ دا سەرژمێری دانیشتوانەکەی خۆی داوە لە (١٣٠٠) کەس، لە ساڵی ١٩٦٥ ەوە ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ (٤٥٠٠) کەس و؛ جوولەکە نیشتەجێبووەکانیشی لەوانەن کە بەزۆری لە ولاتی رۆمانیاو کوردستانەوە روویان لێکردوە، کە دەکەوێتە ناوچەی (بئر السبع) ەوە لە باشووری شارەکەدا، شوێنەکەشی بە بەرزایی (١٨٤٠) پێ لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە.

٣-ناوەندەی (مضطاهم): ئەمەش هەر لە ساڵی ١٩٥١ ەوە بۆ ئەو جولەکانە کراوەتەوە کە لە ولاتی کوردستانەوە کۆچیان بۆ کردووەو، ئەم شوێنە سەرەکیەش، دەکەوێتە ناوچەی (بئر السبع)ەوە. لە (نەقەب) ی خۆرئاوا و، رۆژهەلاتی (رەفەح) کە دەکەوێتە نزیکی غەزەوە.

٤-ناوەندی سنهاریم: لە ساڵی ١٩٥٠ ەوە دامەزراوە زۆربەی دانیشتوانەکەی لەو جوولەکە کۆچ کردوانەن کە لە ولاتی کوردستانەوە روویان تێکردووە. نزیك بە شارۆچکەی (دیر الهوا) لە ناوچەی (قدس) ی پایتەختدا[٤٦].

٥-نعوز زیون کاستەڵ: ناوەندێکی نزیکە لە شاری (قدس)ەوە و، ئەمەش یەکێکە لەو: (کۆمۆنانەی کە بە زۆری کوردە جوولەکەکانی تێدا دەژین)[٤٧].

لەگەڵ ئەمانەشدا، کۆمەڵێکی تر لە کوردە جوولەکەکانی کوردستان بە پەرش و بڵاوی لە زۆر ناوچەو هەرێمی تری ولاتی ئیسرائیل دا نیشتەجێ بوون. لەوانە هەردوو: (کۆمۆنی کاتامونیم و کاستیل) لەگەڵ چەندێکی دیکە لەو کۆمۆنانەی ئەو ناوچەیە گیانی کوردایەتیان بەهێز و ئاشکرایە. هەر لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانیان لە کوردە جوولەکەکانن)[٤٨]. وەکو پێشتریش وتم: ئەم جوولەکانەی کورد: (لەناوخۆیاندا زمانی ئارامی‌نوێیان بەکاردەهێنا لە کوردستان ئێستاش لە کوڵان و رێوبانەکانی ئەم کۆمۆنانەدا ئەم زمانە وادەبیسترێ هەردەڵێی هێشتا هەر لە کوردستانن)[٤٩].

وێڕای ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوەندانە بە جلی کوردی دێرین و، بە بەردەوامی پەیڕەوی هەموو ئەو داب و نەریتە کوردانەی خۆیان دەکەن کە پێشتر لە ولاتی کوردستاندا پێی ناسرابوون. سەرەڕای جەخت کردنی بەردەوامیان لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی و ئەوبۆنەو سەربردانەی کە شکۆمەندی و سەروەری ئەوان دووپات ئەکاتەوە.

وەك ئەوەی لە ١٩٩٩/٢/١٦ دا کە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان: (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) رفێنرا ئەو جوولەکە کوردانەی ئەوێش بە خۆپیشاندان و مانگرتن نارەزایی خۆیان دژی حکومەت دەربڕی کێشەکەیان بە بەشێك لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان دانا و خستیانە سەروی بەرژەوەندی کیانی ئێستایانەوە)[٥٠] هەرچەندە هەر لەوکاتانەدا (باڵوێزخانە) ی ئیسرائیل لە ولاتی (هۆڵەندا) تەقەیان لەو کوردانە کرد کە نارەزاییان بۆ پشتگیری کردن لە کێشەکەی خۆیان و دەسگیرکردنی ئۆجەلان دەردەبڕی و، ئەنجامەکەشی لەلایەن (ئیسرائیل)یەکانەوە بووە هۆی کوشتنی (٣) کەس لەو کوردە راپەڕیوانە.

## پەراوێزەکان:

١- بهجة المعرفة: موسوعة علمية مصورة، المجموعة الثانية (٣)، مسيرة الحضارة، المجلد الأول، دراسة خاصة (نخبة من اساتذة الجامعات العربية)، طرابلس ١٩٨٢، ص ١١٤.

٢- بهجة المعرفة، المصدر السابق، ص ١١٥.

٣- ساسۆن، کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل، مامۆستای کورد، ژمارە (١٩)، پاییزی ١٩٩٣، ل ٣٠.

٤- دکتۆر رەشاد میران، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، کوردستان، چاپی دووەم ٢٠٠٠، ل ٣٠.

٥- ساسۆن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

٦- جیمس فریزەر، الفولكلور في العهد القديم (التوراة)، الجزء الأول، ترجمة، دكتورة نبيلة ابراهيم، دار المعارف المصرية ١٩٨٢، ص ١٥.

٧- میهرداد ئیزدی، ئاین و تایەفە ئاینییەکان لە کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (٢٧)، ئابی ١٩٩٩، ل ٩٩.

٨- ساسۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

٩- سەرچاوەی پێشوو، ٣١.

١٠- فلاح حسن الأسدي، هجرة اليهود السوفيت الى اسرائيل، مجلة (المنار)، العدد (٦٢)، شباط ١٩٩٠، ص ١٠٢.

١١- حنابطاطو، العراق، الطبقات الأجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، الكتاب الأول، ترجمة: عفيف الرزاز، بيروت ١٩٩٠، ص ٢٨٩.

١٢- حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ٢٨٩.

١٣- حنا بطاطو، المصدر السابق، ص ٢٨١.

١٤- جوزف گر، سرگزشت دين هاى بزرگ، تهران - نيورك ١٣٤٠، ص ١٨٥.

١٥- الدكتور عبدالقادر ياسين، الهجرة اليهودية، مجلة (افاق عربية) العدد (٦)، شباط ١٩٧٨، ص ٩.

١٦- جون. ه ديفز، السلام المراوغ، ترجمة: محمد فتحى، الهيئة المصرية العامة ١٩٧٠، ص١٢.

١٧- جون. ه. ديفيز، المصدر السابق، ص ٢٣.

١٨- الدكتور عبدالقادر ياسين، المصدر السابق، ص ١٠.

١٩- نفس المصدر، ص ١٢.

٢٠- سعد سلمان المشهداني، النشاط الصهيوني في العراق و دوره في تهجير يهود العراق الى فلسطين، بغداد ١٩٩٢، ص ٦.

٢١- يعقوب يوسف كورية، يهود العراق، تأريخهم، اصولهم، هجرتهم لبنان ١٩٩٨، ص ١٩.

٢٢- المشهداني، النشاط الصهيوني، المصدر السابق، ص ٧.

٢٣- شاسوار. خ. هەر شەمی، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، چاپی دووەم: سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٩٤.

٢٤- الدكتور عبدالقادر ياسين، المصدر السابق، ص ١٥.

٢٥- الدكتور مهنا يوسف حداد، الرؤية العربية لليهودية، الكويت ١٩٨٩، ص ٢٨١.

٢٦- ابراهيم صقر أبو عمشة، التميز العنصري ابرز معالم الصهيونية، تونس (سنة الطبع بلا)، ص ٣٥.

٢٧- ابراهيم صقر، المصدر السابق، ص ٣٥.

٢٨- صادق السوداني، النشاط الصهيوني في العراق، بغداد ١٩٨٦، ص ١٠٦-١٠٧.

٢٩- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، یەهودی عێراق، یەهودی کوردستان، گەلاوێژینوێ، ژمارە (١٦)، ١٩٩٩، ل ١٠٦.

٣٠- الدكتور فريتز غروبا، رجال و مراكز القوة في بلاد الشرق، ترجمة: فاروق الحريرى، الجزء الأول، بغداد ١٩٧٩، ص ٢٨١. و كذلك (نجدة فتحى صفوة، العراق في مذكرات الدبلوماسين الأجانب، بغداد ١٩٨٤، ص ١٢٥.

٣١- رحلة المشرق الى العراق و سوريا و فلسطين، الرحالة الهولندي الدكتور ليونهارت راوولف، ترجمة: سليم طه التكريتى، بغداد ١٩٧٨، ص ١٩٦.

٣٢- ساسۆن، کورده جووله‌که‌کانی ئیسرائیل، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٣٢.

٣٣- ساسۆن، هه‌مان سه‌رچاوه، ل ٣٢.

٣٤- شاسوار. خ. هه‌رشه‌می، مێژووی ئارامیه‌کان، هه‌مان چه‌رساوه‌ی پێشوو، ل ١٩٩.

٣٥- عه‌بدوڵڵا غه‌فور، جوگرافیای کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١٩٢.

٣٦- ساسۆن، کورده جووله‌که‌کانی ئیسرائیل، هه‌مان سه‌رچاوه، ل ٣٣.

٣٧- ساسۆن، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٣٤.

٣٨- هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٣٤.

٣٩- مۆردیخای زاکین.، گه‌ڕانه‌وه‌ی کورده جووله‌که‌کان، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ١٤.

٤٠- ساسۆن، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٣٥.

٤١- سلومونکد یمون، الموساد في العراق و دول الحوار، ترجمة: بدر عقيلي، دار الجيل ١٩٩٧، ص ٢٦.

٤٢- موردیخای زاکین، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی، ل ١٧.

٤٣- زاکین، هه‌مان سه‌رچاوه، ل ١٢.

٤٤- هه‌مان سه‌رچاوه، ل ١٢.

٤٥- ساسۆن، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٢٥-٢٦.

٤٦- صادق السوداني،. النشاط الصهيوني في العراق المصدر السابق، ص ٢٨٦ ، ٢٩٣ ، ٢٩٤.

٤٧- موردیخای زاکین، سه‌رچاوه‌ی پێشو،و ل ١١.

٤٨- زاکین، هه‌مان سه‌رچاوه، ل ١١.

٤٩- هه‌مان سه‌رچاوه، ل ١١.

٥٠- عه‌بدوڵڵا تاهیر به‌رزنجی، یه‌هودی عێراق، یه‌هودی کوردستان، هه‌مان سه‌رچاوه، ل ١٠٨.

عادل گەرمیانی

# چەند سەرنجێک لەمەڕ
# بیناى هونەریی رۆمانی (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد

دەروازەیەك:

رۆمان، وەك پەخشانێکی هونەری، نەك تەنیا دەتوانێ سروشتی ژیانی کەرتێکیکۆمەڵ بەرجەستە بکات، بەڵکو هەندێ رۆمان دەتوانێ نەمری بۆ نووسەرەکەی لە یادەوەری و ویژدانی خوێنەرانیشیدا بە هەمیشەیی تۆمار بکات. بۆ نموونە رۆمانی (دۆن کیشۆت) نەمریی بۆ سیرفانتیس تۆمارکرد، هەروەها رۆمانی (بێنەوایان) یش نەمریی بۆ فیکتۆر هۆگۆی تۆمارکردو، بە هەمان شێوە رۆمانی (تاوان و سزا)ش نەمریی بۆ دیستۆیفسکی تۆمارکردو، دەشتوانم بڵێم رۆمانی (دایك) بەشێوەیەکی کاریگەرتر نەمری بۆ مەکسیم گۆرکی تۆمار کرد، ئێمەی کوردیش ئەگەر بەچاو سووکی نەڕوانینە بەرهەمی ئەدەبی کوردیمان ئەوا دەتوانم بە شانازییەوە بڵێم بەهەمان ئاست رۆمانی (ژانی گەل) یش توانیویەتی نەمریی هەمیشەیی بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی نووسەر و خەباتگێری میللەتەکەمان تۆمار بکات. لێرەدا حەزدەکەم بڵێم تا ئێستا چەندین وتار و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم رۆمانە نوسراوە، بەڵام من لەنێو نامەی ماجستێرەکەم (ریالیزم لە رۆمانی کوردیی هاوچەرخدا) بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە مامەڵەم لەگەڵ سروشتی بینای هونەری ئەم رۆمانە کردووە. لێرەدا بەبۆنەی کۆچکردنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ٢٠٠٠/٤/٨ دا و بۆئەوەی نامەکانی خوێندنی باڵا تەنیا لەنێو کتێبخانەی کۆلێجەکان نەشارێنەوە حەزمکرد ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم گۆڤارەدا بڵاوبکەمەوە تا خوێنەران بە هەندێ لایەنی ئەم رۆمانە ئاشنا بکەم.

لە رۆمانەکانی (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد[1] و (هیچ) ی خوسرەو جافدا هێڵە رامیاریەکە مۆرکێکی سەرەکییەو، هێڵە کۆمەڵایەتیەکەی نێو (ژانی گەل) و (هیچ) دا لە خزمەتی هێڵە رامیاریەکەیەو، لە رۆمانی (راز) دا هێڵە رامیاریەکەیە لە خزمەتی هێڵە مێژووییەکەیە.


لە رۆمانەکەی (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەددا دیاردەی ئاشکرا نەکردنی ناوی لایەنە رامیاریەکە وەبەرچاو دەکەوێت. تەنانەت نووسەر رەمزی (ل.ن.أ) بۆ ناوی ئەو لایەنە بەکاردەهێنێ و، بە مەزەندەی ئێمە ئەم سێ پیتە کورت کراوەی فرێزی لەشکری نیشتمانیی ئازادیخوازە.

هەروەها رۆماننوس هیچ تیشکێکی راستەوخۆ ناخاتە سەر ئەو حیزبەی سەرپەرشتی چالاکیەکانی ئەو لەشکرەی دەکرد. هەرچەندە وەکو زانراوە لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا زیاتر حیزبی شیوعی

عێراقی و حیزبی هیواو پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارەکانی کوردستاندا دەوریان لەنێو جەماوەردا هەبووە.

هەروەها نووسەر تیشکێکی ئەوتۆی ڕووناک کەرەوەی نەخستۆتە سەر سروشتی بیروبۆچوونی ئەو ڕێکخراوە (جوامێر) ی قارەمان و ئەندام و (نەریمان حەسەن) ی پیاوی باوەڕپێکراوی لەشکرەکەیان لەنێو شارەکەو، نامە و هەواڵ گەیەنەریان لەنێوان چەکدارانی لەشکرەکە لە دەرەوەی شار و لایەنگیرانیان لەنێو شاردا. کاروباری خەباتی نهێنییەکانیان بەڕێوەدەبرد.

ڕۆمانووس، لەم دەقەدا ڕەچاوی لایەنی هونەریی کردووە لە ناودانان بۆ قارەمان و کەسانی تری ڕۆمانەکە، بەڵام بۆ ناوی شارەکان ئەم کارەی نەکردووە و تەنیا پیتێکی وەك ڕەمز بۆیان بەکارهێناوە بۆ نموونە بۆ ناوی شارەکان ئەم پیتانەی بەکارهێناوە: (چ، هـ، ن، ك، م)[٢] و، ئەبوایە ئەم کردەوەی لەچاپکردنی ڕۆمانەکەدا بەتەواوی ئاشکرا بکردایە، چونکە سانسۆری چاپەمەنی ئەم ڕێگایەی لێنەدەگرت، شا ڕووداوی ڕۆمانەکە لەسەر بناغەی ڕوودانی ڕێکەوتێك بونیات نراوە، ئەویش گرتنی جوامێری پاڵەوان و شا کەسە لە کاتی چوونی، بە ناچاری، بەدوای (پیرۆز خان) ی مامان بۆ فریاکەوتنی (کاڵێ) ی ژنی لە کاتی منداڵبونی، ڕاستە جوامێر دەیتوانی بە ڕێگایەکی تر بۆ ماڵی پیرۆزخان بچووبایە و، ڕێگای ڕۆیشتن وەبەر دەرگای سەرای نەگرتایەتەبەر، بەڵام ڕۆمانووس بۆ ئەوەی ڕێکەوتەکەی نێو چنینی ڕۆمانەکە بهێنێتەدی وەها لە قارەمانەکەی دەکات ئەو ڕۆژەی وەبیر نەیەتەوە، کەوا جەماوەری شارەکە بڕیاری خۆپیشاندانێکی گەورەیان لەبەر دەرگای سەرادا داوە.




هەروەها ئەم ڕێکەوتە وەها لە جوامێر دەکات لەلایەن پیاوانی میرییەوە ، بە یەکێك لە ڕابەر و سەرکردەکانی ئەو خۆپیشاندانەدابنرێ. ڕاستی ئەم ڕێکەوتەش لە ڕێی باسکردنی ڕاستیی ئەو ڕووداوەوە لەلایەن جوامێر خۆیەوە بۆ خوێنەر دەردەکەوێ، کەوا نەك جوامێر تەنیا فری بەسەر ئەو خۆپیشاندانەوە نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی فەرمانبەر بووە هیچ چالاکییەکی حیزبایەتی نەبووە، ئەم ڕاستییە کەوا جوامێر لە باسکردنی ڕاستی ڕووداوەکە دەریدەخات مۆرکێکی ڕاستی و ڕیالیزمی بە چنینی شا ڕووداوەکەی بەخشیووە. جوامێر بۆ برادەرەکانی، لەپاش (١٠) ساڵ بەند کردن و بەرەڵاکردنی، بەم شێوەیە ڕاستی شا ڕووداوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە:

- داخم ناچێ! زۆر ئەترسم بەشی زۆری مێژووش هەروەها نووسرابێتەوە؟ باوەڕم پێبکەن چەندە ئەو کەسانەی ئیمپریالیزم بە ناوی گەورە و نوێنەری ئەم وڵات و گەلەوە هێناونییە کایەوە و بە ڕاستی گەورەی ئەم وڵات و گەلەن و پەیوەندییان لەگەڵیا هەیە، منیش ئەوەندە سەرکردەی ئەو خۆپیشاندانە خوێنینە

بووم وە هەر ئەوەندەش پەیوەندیم لەگەڵیا بووە...[٣]

هەروەها جوامێر لەسەر قسە گێڕانەوەکەی خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێت:

- راستییەکەی ئەمەیە.. کە لە ماڵ هاتمە دەرێ چەند مردوی گردی سەیوان خۆپیشاندانی پارتیی لەبیربووە منیش ئەوەندە!. بۆ ئەوەی بەپەلە بگەمە ئەو شوێنەی بۆی ئەچووم پێویست بوو بە بەر دەرکی سەرادا تێپەڕم کەنزیکترین ڕێگا بو. کە دیم ملەملی لێبڕاوە مەلی لێ دەرناچێت بە راگکردن گەڕامەوە تا وەکوو لەلایەکی کەوە خۆم بگەیەنمە شوێنەکە. بۆ بێوڵەتی من لەوکاتەدا لە سەربانی سەراوە مەیدانەکە درایە بەر دەستڕێژی شەستیر خەڵکەکە بە ناچاری کشانەوە ناو کۆڵانەکان و کەوتنە هەڵاتن، ئینجا جەنابم کە لەگەڵیان نەبووم و لە دوای هەموانیشەوە بووم کەوتمە پێش هەموانەوە و بەم جۆرە ئاوەژووە بووم بە پێشڕەوی خۆپیشاندانەکە و یەکێ لە سەرکردە ناودارەکانی بزووتنەوە![٤]..

لەم ئاخاوتنەدا دەردەکەوێ، کەوا جوامێر بە نیاز و بڕیاری خۆی نەبووە کاتێ لەنێو جەماوەری شارەکەی کراوە بە قارەمانێك لە قارەمانەکانی خۆپیشاندانە خوێناویەکەی ڕۆژی ٢٥ ی تشرین. هەر بەو شێوەش میری و پیاوەکانی بە سەرکردەیەکی ئەو خۆپیشاندانە تەماشایان کردووە و سزای توندیان داوە. ئەم وێنە بەرجەستەکراوەی پاڵەوان لەنێوان راستی ژیانی لە هەردوو کاتی رابردوو ئێستادا بەرە بەرە دەگاتە رادەی ئەوەی جوامێر، لەپاش زانینی نەمانی خێزانەکەی و ماڵ وێرانکردن و تەختکردنی خانووبەرەکەی، بۆردمان کردنی گوندەکان و، کوشتنی چەندەها مرۆڤی بێتاوان لە خەڵکی گوندەکان لەو بۆردومانکردنەی فرۆکەکانی رژێم و، پەیرەوکردنی ئەحکامی عورفی لەناو شارەکاندا، ئەم لایەنانە وەها لە جوامێر دەکات بڕیاری چوونی بۆ ناو (ل.ن.أ) بدات و، بەمەش رۆمانووس نەیویست پاڵەوانەکەی بکاتە فس فس پاڵەوانێکی درۆزنانە، بەڵکو بەرە بەرە زەمینە بۆ ئەو کردەوە خۆشدەکات و، لەوەوە ئیتر جوامێر بە راستی دەبێتە قارەمانێکی میللەتەکەی و، دەبێتە یەکێك لە پیاوە جوامێرەکانی.

رۆمانووس لە هەڵبژاردنی ناوی جوامێر بۆ پاڵەوانەکەی و (ژانی گەل) بۆ ناونیشانی رۆمانەکەی هەولیداوە سوود لە لایەنی مانای ئیدیۆمی و رەوانبێژی ئەم دوو وشەیە وەربگرێت. تەنانەت مانای ژانی گەل لە ڕێی نەریمان حەسەنەوە بەم شێوە شۆڕشگێڕانە لێك دراوەتەوە:

(شۆڕش ژانی گەلە. ژانیش ناوی خۆی بە خۆیەوەیە چ هی ژن بێت چ هی گەل، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ژانی گەلێك پڕ دەرد و ئازار و ئارەقە و فرمێسك و خوێن بێت، ئەمە وایە بەڵام ئایا هیچ گومان لەوەدا هەیە کە هاتنە دنیای نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەرز و بەختیار، ژانێکی لەوەش پڕئازار و ناخۆشتر نەهێنێت؟!)[٥].

راستی شا رووداوەکە لە ڕێی گەڕانەوە (Flash back) دەردەکەوێ، بەلام راستی شاگرێ و (Plot) رۆمانەکە کەوا لەسەر بناغەی گرێچنی بیر بونیات نراوە[٦]، پەرەسەندنی رووداوەکان دەریدەخات. شاگرێی رۆمانەکە هەوڵدانی پاڵەوانەکەیە بۆ دیتنی خێزانەکەی و، زانینی سەروسۆراخیانە، ئەم شاگرێیە بەشێوەیەك چنراوە رۆمانووس هیچ ڕێگایەك بەلاوەی ئامۆزای پاڵەوان نادات تا کۆتایی رۆمانەکە هەواڵی مردنی (کاڵێ) ی خێزانی جوامێر لەکاتی منالبوونی رابگەیەنێ. هەروەها ڕێگاش نادات برادەرەکانی جوامێر باسی ئەو بەسەرهاتەی بۆ بکەن، چونکە بەم جۆرە کارە نهێنی تەواوی شاگرێکە ئاشکرادەکرێ. ماقوولیش نییە ئەو جۆرە برادەرە دڵسۆزانە هەواڵی و سۆراخی خێزانەکەی جوامێر لە ماوەی (١٠) ساڵی بەند کردنەکەی نەزانن،

پاش ئەوەی بە گوللەیەك بریندار کراو، ڕەوانەی بەندیخانە کراو، بەهۆی ئەم کارەوە بە یەکێك لە رابەرەکانی خۆپیشاندانەکە دانرا.

شاگرێ و شا ڕووداوی ڕۆمانەکە خەیاڵی نییە،. بەڵکو لەنێو واقیعی کۆمەڵەکەمان سەردەمی پاشایەتیدا هەڵبژێراوە. تەنانەت سروشتی چنینی شاگرێی ڕۆمانەکە ڕێگا بۆ گەڕانەوەی جوامێر بۆ نێو خەباتی چەکداریی کەلەکەی خۆش دکات و، لە ریزی جەنگاوەرانی (ل.ن.أ) دا تۆڵە سەندنەوەی خۆی و گەلەکەی لە کردەوە خوێناویو تاوانبارییەکانی رژێمە دکتاتۆریەتەکەی سەردەمەکەی بجەنگێت.



ڕۆمانووس لە وێنەگرتنی دیمەنە دڵتەزێنەکانی ئەنجامی بۆمبارانکردنی دانیشتوانی گوندەکان زیاد ڕۆیی (مبالغە) بەکار نەهێناوە، هەروەها ئەم کارەشی لە وێنەگرتنی دیمەنی گوللەباران کردنی جەماوەری خۆپیشاندانەکە لەپاش کشانەوەیان نەکردووە، تەنانەت ڕۆمانووس لە هەڵوەستەیەکدا[٧] (وقفە) چەغماغەی هەڵوێستی (موقف) ویژدان بەشێوەیەکی ریالیزمی لەلای ژەندرمەیەکدا پیشان دەدات کاتێ دەبینێ ژنێك و منالێکی بێتاوانی کوشتووە و، بەم شێوە ئەو هەڵوێستە بەرجەستە دەکات:

(لە پەنجەرەیەکی ژێرخانی کتێبخانەی گشتیدا، کەوا لە چەقی کۆڵانەکەدا ئەیڕوانی سەری ژەندرمەیەك دیارە. بێترس لوولەی شەستیرەکەی بەردەمی بەخەلکا ئەگێڕێ و جاروبار گوللەپرژێنێکی شەقامەکە ئەکا، سا کێ بەرکەوت خۆی و بەختی! ژنێك لەولای ئەمەوە پەلی منالێکی رائەکێشا زریکانی و کەوتە زەوی. شەستیرەکە کپ بوو. کابرای ژەندرمە سەریشی بە سەریا شۆڕکربۆوە کەچی نەی ئەتەقاند! تۆ بڵێی کوشتنی ژنە بێتاوانەکە و هاواری منالەکە شڵەژاندبێتی؟ یا مشتومڕ لەنێوان ویژدان و پەنجەیا دەستی پێکردبوو، وا دوو دڵ دەرئەکەوت..)[٨].

بابەتی ڕۆمانەکە پڕ لە ڕووداوی رامیارییە و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە چەندەها لایەن لە سروشتی واقیعی ژیانی گەلەکەمان لە ساڵانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا پیشاندەدات، کەوا بە زەبری کوشتن و ئەحکامی عورفی و گرتنی تێکۆشەران و بەند کردنیان ، ماڵ وێرانکردن و تەخت کردنی خانووبەرەی ئەو کەسانەی دژی رژێم چالاکی رامیاریی دەنوێنن و، داخستنی ئەو دوکانانەی جاسووسێك لەبەردەمیاندا دەکوژرێ،، ئابلۆقەدانی شارەکان و مۆڵەت نەدان بە هیچ کەسێك بێ پسوولەی کاربەدەستانی میری بچێتە دەرەوەی شار و، قەدەغەکردنی هاتوچۆی ناو شار لە سەعات (٩) ی شەوەوە تا (٦) ی بەیانی، بەم جۆرە کردەوانە حوکمڕانی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی پابەندکرد. تەنانەت ژیانەکە ئەوەندە ناسۆر بوو هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژیانی ئەوەی لەنێو بەندیخانەیە و ئەوەی لە دەرەوەیەتی نەبوو. ئەم راستییە لە قسەکەی لاوە دەردەکەوێ کاتێ بە جوامێر دەڵێت: (کاکە جوامێر مەپرسە ئەم خەڵکە لە چ حاڵێکا ئەژین کەس خاوەنی سەربەستی و ژیان و

ناموسی خۆی نییە، بە درۆی مەزانە ئەگەر بڵێم ئێوەی بەندیخانە ئازادتر و دڵنیاتر بوون لە ئێمەی بەناو بەرەڵڵا!..[9] لە بونیاتی هونەریی ڕۆمانەکە سوود لە شێوەی یادگار گێڕانەوە و نامەگۆڕینەوە و خۆدواندن manalogue و گەڕانەوە Flash Back و گفتوگۆی Dialogue کورت و درێژدادڕ وەرگیراوە، هەروەها لەنێو دەقەکە چەندەها وێنەی هونەریی پڕ لە وشەی ڕەوانبێژی و، چەند دێڕە شیعرێك بۆ خزمەتی سروشتی ڕووداوەکە مەزرێندراوە.

کەسێتی لاوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە یارمەتیدانی چنینی شاگرێی ڕۆمانەکە، هەروەها دەوری کاریگەری خۆی هەیە لە هەڵگەڕانەوەی جوامێر بەرەو خەباتێکی شۆڕشگێڕانە، هەرچەندە لاوە لە ڕاستیدا لایەنگری هیچ حیزبێك نییە.، بەڵام بە کردەوەکانی وەها لە جوامێر دەکات دیسانەوە بچێتە نێو واقیعی گەلەکەی و بڕیاری خۆی لە ئەنجامی دیتنی ناسۆری ژیانی گەلەکەی بدات. کەسێتی لاوە وەها پیشاندراوە کە وا لە واقیعەکەی بێزارەو، لە ڕێی مەیخواردنەوە بەدوای خەونێکی خۆش دا دەگەڕێ، و کەچی کەسێتی جوامێر بەپێچەوانەوە دەرخراوەو، بەدوای واقیعێکی خۆش دەگەڕێ، مەی خواردنەوە لەلای بە هۆیەك بۆ سازاندنی خەونی خۆش دانانێت، بەڵکو لەو ڕۆژگارە سەختەدا بە هەڵاتن لە واقیع و، بە کردەوەیەکی ناپەسەند تەماشای دەکات، کەوا لەگەڵ باروودۆخی میللەتەکەی ناگونجێ. لەم بارەوە جوامێر بەم شێوەیە تەماشای کاری مەیحواردنەوە دەکات:

- لام وایە.. سەرخۆش بەو بێهۆشی و خۆشی و درۆزنەیەی پێی ئەگات ئیتر بە یەکجاری خۆشیی ڕاستەقینەی لەبیر ئەچێتەوە، ئیتر گوێ ناداتە هۆی بنچینەیی حاڵی خراپ و ماڵی وێران و ژیانی پڕ ناخۆشی خۆی و گەلی و دەست هەڵئەگرێت لە خەبات کردن لەپێناوی بنەبڕکردن و نەهێشتنیدا...[10]

ئەم هەڵوێستەی جوامێر تا کۆتایی ڕۆمانەکە ناچێتەسەرو، لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە کاتێك بە برادەرەکانی دەڵێت:

- لە گێڕانەوەکەمەوە ئاهم کردووە، لە جەژنی ڕزگاریدا نەبێ دەمی بۆ نەبەم[11].

ئەم لێکنەچوونەی هەڵوێستی جوامێر هاوتەریبی هەڵوێستی دەبێ لە خۆپیشاندانی خۆی وەکو مرۆڤێك حەز لە کاروباری ڕامیاری ناکات، بەڵام سەختی واقیعەکە وەهای لێدەکات پەنا وەبەر مەی خواردنەوە ببات و دوابڕیاری دەستکردنی بە خەباتی چەکداریی و شۆڕشگێری بدات، پاش ئەوەی خۆی وەکو سەڵتە زەلامێك دەبینێتەوە لەنێو شارێکدا دەژێت بواری ژیانی ئاسوودەیی تێیدا نەماوەتەوە.

جوامێری لە سەرەتا بێلایەن و پاشان وەکو پاڵەوانێکی پابەندی (بطل ملتزم) نەك تەنیا لە بواری ڕامیاریدا خاوەن هەڵوێستی چاك دەبێ، بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتیشدا خاوەن ئەو هەستە دەبێ، ڕاستە جوامێر زیاتر حەزی دەکرد ئاسکۆڵی ئامۆزای بخواستبایە، بەڵام کاتێك دەزانێ ئامۆژنی لە بۆچوونێکی چینایەتییەوە حەز لە دانی کچەکەی بەو ناکات ئیتر مەیلی لە ئامۆزاکەی سارد دەبێتەوەو، دیسانەوە ڕێکەوت و ناچاری دڵی بەرەو لای (کاڵێ) ی کچە هەتیوی زوڵم لێکراوی خزمی (پورە ئەجێ) ی دایکی کەمەن کێش دەکات. ڕۆمانووس لەم بوارەدا کوشتنی باوکی (کاڵێ) لە گوندی (گوڵان) لەسەر دەستی یەکێك لە پیاوەکانی سەر بە ڕژێم و دەست بەسەراگرتن بەسەر کانی ئاوەکەی دەکاتە هۆیەك بۆ مانەوەی (کاڵێ) و دایکی لە ماڵی (جوامێر) دا کاتێك بۆ شار دێن تاکو لە دادگا هەقی خۆیان وەربگرن، بەڵام پشتگیری زۆردار لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێمەوە بەو ئاواتەیان ناگەیەنێت. ئەم گرێچنە لاوەکییە ڕێ خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانی دڵداری لەنێوان جوامێر و کاڵێ داو، ئەنجامەکەی خێزانێك پێکەوە دەنێن، بەڵام ڕۆژگاری سەخت و نالەبار ناهێڵێ بە ئاسوودەیی دڵیان بە منالێك شاد بێتەوە،

ئەوەی جێی سەرنجە رۆمانووس (کاڵێ) وەها پیشان دەدات کەوا خوێنەوارییەکی چاکی هەیە. تەنانەت گیروگرفتێکی زۆر نابینێ لە خوێندنی هۆنراوەکانی نالی و شاعیرانی تردا، بەلام رۆمانووس رادەی پلەی خوێنەواری کاڵێ و جوامێر دەرناخات، هەرچەندە باسی کتێبخانەکەی جوامێر دەکات و، مەیلی دامەزراندنی کتێبخانەیەك لەناو شارەکەی پاش بەرەلاکردنی دەردەخات.

لە بواری هێڵی کۆمەلایەتی نێو رۆمانەکەدا باسی دڵداری و چەوساندنەوەی کۆمەلایەتی کراوە، بەلام ئەم هێڵە زیاتر بۆ خزمەتی پەرەسەندنی هێڵی رامیاریی نێو رۆمانەکە تەرخان کراوە. پاڵەوانەکەش لە هەردوو بوارە کۆمەلایەتی و رامیاریەکە خاوەن رۆڵی کاریگەری خۆیەتی و تەنیا بۆ ژیان لەنێو کۆمەڵەکەی هەوڵی نەداوە، بەڵکو ئەنجامی پەرەسەندنی رووداوەکان وەهای لێدەکات بڕیاری گۆڕینی بارودۆخە کۆمەلایەتی و رامیاریی گەلەکەی بدات. بەمەش هەنگاو بەرەو نواندنی خاسیەتی پاڵەوانی نموونەیی و باش دەبات.

سروشتی بونیاتی شوێن لە نێو دەقەکە داخراوە، چونکە (جوامێر) ی پاڵەوان زنجیرەی رووداوەکانی ژیانی لەنێوان شارەکەی و بەندیخانەکە دەباتە سەر، تەنانەت لە چوونی بۆ ناو چەکدارانی (ل.ن.أ) دا لە دەوبەری شارەکەی دوورناکەوێتەوە، هەروەها کەسانی تری رۆمانەکە لە شارەکەوە بەرەو شارەکانی تر گەشت دەکەن و بۆی دەگەڕێنەوە. پانتایی شوێن تا رادەیەك بەرفراوانە و ناوی زیاتر لە شارێك بە رەمز هێنراوەتە کایەوە، بەلام رۆماننوس بایەخێکی ئەوتۆی بە لایەنی وەسفی سروشتی شوێنەکان نەداوە. هەروەها لە وەسفی دەوروبەری پاڵەوان و کەسەکان کەمتەرخەمی کردووە. رۆمانووس لە بونیاتنانی کاتی نێو دەقەکەی شێوە تەقلیدیەکەی بەکارنەهێناوەو، کاتی ئێستای نێو دەقەکەی کردووە بە بناغەیەك بۆ باسکردنی رووداوەکانی رابردووی جوامێری پاڵەوان، کەوا ساڵەکانی چلەکان تا ناوەندی ساڵانی پەنجاکان دەگرێتەوە. ئەم کاتی ناوەوەی رۆمانەکە، یا گێڕانەوەکات.، لەگەڵ سروشتی دەقکات، یا کاتی دەرەوەی رۆمانەکە دەگونجێ، چونکە رۆمانووس ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەوا لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٦ دا دەستی بە نووسینی رۆمانەکە کردووە. واتە دەقکات و نووسینەکات لە سەردەمی پاشایەتین.

ئەوەی جێی سەرنجە رۆمانووس لە گێڕانەوەکاتدا پەنای وەبەر کاتی هەڵبەستراو (الزمن المفتعل) دەبات و دەکەوێتە هەڵەیەکەوە. بۆ نموونە ئەگەر (١٠) ساڵی بەند کردنەکەی جوامێر لە ساڵی ١٩٥٦دا، کاتی نووسینی رۆمانەکە، دەربکەین ئەوسا گێڕانەوەکاتەکە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ دەگرێتەوە. بەم شێوەیەش سەرەتای بەندکردنی جوامێر لەگەڵ مێژووی لەسێدارەدانی چوار قارەمانەکەی پارتی ناگونجێ، کەوا لە پاش لەناوبردنی کۆماری مەهاباد دا چوار ئەفسەرە قارەمانەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٤٩ دا لەسێدارەدران، لەبەرئەوەی لەو کۆمارە دەوریان هەبوو.

لەم بارەوە جوامێر ئاماژەی بۆ گرتن و حوکمی لەسیدارەدانی سێ قارەمانەکانی پارتی دەکات و، دەڵێت: (پیرۆت و باوەیس و مەریوان) سێ سەرکردەی قارەمانی پارتین، دڕندە جانەوەرەکان حوکمی هەڵواسینیان داوە)[١٢]. لێرەدا رۆمانووس تەمومژێکی بەکارهێناوە لە بارەی راستی ئەم رووداوە گرنگەوە، چونکە قارەمانەکان، کەوا لە بەندیخانەی باب المعظم لە رۆژی ١٩٤٩/٦/١٠ لەسێدارەدران لەبەر بەشداری کردنایین لە کۆماری مەهابادا، چوارن نەك سێ، ئەمانەن: موستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، خیروڵلا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی. ئەم تەمومژیە لەلایەن رۆمانووسەوە بەئاشکرا دووبارەبۆتەوە کاتێك بۆ خۆپاراستن لە سانسۆری چاپەمەنی دەقەکەی پێش کەش بە راپەڕینی گەلی جەزائیر دەکات، هەرچەندە

کەش و هەوای دەقەکە و سروشتی شوێن و ناوی پاڵەوانەکان لەنێو واقیعی بارو گوزەرانی میللەتەکەمان لەشاری سلێمانی هەڵبژێراوە، کەوا زیاتر لە پاش دەمکوت کردنی راپەرینەکەی جەماوەری سەرجەمی عێراقە لە ساڵی ١٩٤٨ دا دژ بە پەیمانی پۆرتسموث، کەوا لەنێوان سەرۆك وەزیرانی رژێمی پاشایەتی لە عێراق و نوێنەری حکومەتی بەریتانیا مۆر و ئیمزا کرا. هەروەها رۆمانووس لایەنێکی تەمومژاوی تری بەکارهێناوە لە راستی مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی چالاکی چەکداری لەنێو شار و ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا، چونکە ئەم دیاردەیەلەپاش ئەیلوولی ١٩٦١ دا سەریهەڵدا نەك لە ساڵانی چلەکاندا. ئەم لایەنەش مافی رۆماننوسە لە بەخشینی لایەنی راستی یا نادروستی بە سروشتی رووداوەکانی نێو دەقەکەی، هەروەها رۆمانووس تەمومژێکی تری بەکارهێناوە لە تۆمار کردنی مێژووی خۆپیشاندانەکە و تەنیا دەڵێت: (٢٥ ی تشرین)، بۆئەوەی دەربیخات مەبەستی مانگی تشرینی یەکەمە یا دووەمە !؟. هەروەها رۆمانوس تەمومژێکی تری بەکارهێناوە کاتێك لیژنەی نیشتمانی ئازادیخواز (ل.ن.أ) نەك پارتی هیوا یا پارتی دیموکراتی کوردستان دەکاتە سەرپەرشتکاری چالاکی چەکدارە پارتیزانەکانی ناوچەکە.

رۆمانەکە زیاتر سوودی لە شێوەی تاکە دەنگی (Monophone) وەرگرتووە[١٣]، کەوا لە چوارچێوەیدا تەنیا بۆچوونی (وجهه نظر Point of view) پاڵەوان دەردەخرێو، بەسەر بۆچوونی کەسانی دەوروبەریدا زاڵتر دەبێ. هەروەها رۆماننوس سوودی لە دەنگی نووسەری ناوەوەی (المؤلف الضمني) وەرگرتووە لە گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو دەقەکەو، لەم بوارەدا دەنگی (من) ی بگێڕی بزر (الراوي الغائب) لە رێی بەکارهێنانی راناوی کەسی سێهەمی تاك و، دەنگی (من) ی قارەمان لە رێی بەکارهێنانی راناوی کەسی یەکەمی تاك، هاویەش دەبن لە گێڕانەوەی سروشتی رووداوەکاندا. واتە رۆمانووس سوودی لە بگێڕی چاودێریکەر (الراوی المراقب) و بگێڕی بەشداریکەر (الراوی المشارك) وەرگرتووە. بگێڕە رۆمانەکە هەمان شتزانە و لەگەڵ پاڵەوانەکە دەڕوانێتە رووداوەکان. رۆڵی جوامێر لە خوێندنەوەی ئەو نامەیە لەلایەن لاوەی ئامۆزایەوە بۆ دێت بە خوێنەری ناوەوە (القارىء الضمني Implid reader) دادەنرێ، بەڵام لاوە و برادەرەکانی تری جوامێر لە کاتی گوێگرتنیان لە گێڕانەوەکەی رۆڵی بۆگێڕاو (المروی لە Narratee) دەبینن.

هەروەها رۆمانووس سوودی لە هەردوو شێوەی گێڕانەوەی دەرەوەیی (السرد الموضوعي) و گێڕانەوەی خودیی (السرد الذاتي) وەرگرتووە، بۆ نموونە لە چوونە ناو باس و وەسفی شوێن و جلوبەرگ و روخساری کەسەکان سوودی لە گێڕانەوەی دەرەوەیی وەرگرتووە، بەڵام لە وەسفی هەڵچوونی دەروونی جوامێردا گێڕانەوەی خودیی بەکارهێناوە. بەکارهێنانی ئەم دوو شێوە گێڕانەوە مۆرکێکی ریالیزمیانەی بە سروشتی واقیعی رووداوەکانی نێو رۆمانەکە بەخشیووە.

---

(١) ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩١٤ دا لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو، لە ساڵی ١٩٣٧ دا کۆلێجی حقوقی لە بەغدا تەواوکردووە. ئەم رۆماننوسە یەکێکە لە نووسەر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی میللەتەکەمان. لە ساڵانی ١٩٣٩–١٩٤٩ دا بە هاریکاریی خوالێخۆشبوو علاءالدین سەجادی گۆڤاری (گەلاوێژ) ی دەردەکرد. ئەم نووسەرە چەندین وتار و بابەتی ئەدەبی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:

١–بەرەو رووناکی.

٢–كوێـرەوەری، كۆمەڵـە چـیرۆك، چاپخانـــەی النجاح، بەغدا ١٩٥٩.

٣–ژانی گەل، رۆمان، چاپخانـەی کاکـەی فـەلاح، سـلێمانی ١٩٧٣ هـەروەها ئـــەم رۆمانـــە لەلایـــەن چاپەمەنیەکانی سەییدیانەوە چاپکراوەتەوە.

* بەشێك لەم رۆمانە لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری رزگاری لە ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەوە دوکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت: لـە سـاڵی ١٩٦٩ دا بـۆ یەکەم جار لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (رزگـاری) کـە لـە سـلێمانی دەرئـەچوو چـەند بەشـێکی لـــێ بڵاوکراوەتـەوە. دوا پارچـەی ئـەو بەشـەی کـە لـە گۆڤاری ناوبراودا (ژ ١٣ ، ل ٢٩) ئەوەسـتێ.. بڕوانـە لاپـەڕە (٢٤٩) ی رۆمانەکـە، کـەوا لـە چاپخانـــەی (سەییدیان) چاپکراوەتەوە.

(٢) رۆمانووس لەم بارەوە دەڵێت: (لە نیسانی ١٩٥٦ دا دەستم کرد بـە نووسـینی ئـەم داستانە. کۆسپی گەورەی رێگەم ئەوە بوو چۆن وا بکـەم لـە چنـگ سانسـۆری رژێمـی تۆکـەری و کۆنەپەرسـتی (نـوری سـەعید) رزگـاری بکـەم و بیگەیەنمە دەست خوێندەوارانی کوردی. بـۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کۆسپەدا رێگا کۆنەکـەم گرتـە بەر. رێگەی شوێنە ونی و شـاردنەوەی زەمـین و زەمانی داستانەکەو، دەرنەخستنی ناو و رگەز و نەتەوەی قارەمانەکانی).. بڕوانە هەردو لاپەڕەی ٢٥٠ و ٢٥١ ی کتێبەکـە. لـێرەدا نـازانین ئـەم روونکردنـەوەی نووسـەر چـۆن لەگـەڵ رسـتەی پێشکەشـکردنی رۆمانەکـە دەگونجـێ کـاتێك دەڵێت: _ژانـی گـەل.. پێشـکەش بـە خـەبات کـەرانی نەبـەزی جـەزائیری بـێ.. نیسـان ١٩٥٦ کـەرکووك.. هـ .ل.ن) ئـەم لایەنـەش نـە لـە پێشـەکیەکەی دوکتـۆر کـەمال فوئـادو، نـە لـە زانیاریـەکانی لــە کۆتــایی رۆمانەکـــە روون نەکراوەتەوە؟!.

(٣) ئەحمـەد، ئیبراهیم، ژانـی گـەل، رۆمان، ل ١٢٢ ، ١٢٣.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

(٦) بنەمای گرێچنی بیر (بریتـی دەبـێ لە پرۆسیسی گۆڕانکاری تەواو لە بیری پاڵەوان و، پاشان لە هەستی لایەنی کەسێتی و کردەوە بەسەریدا زاڵ دەبن و ئاراستەی دەکەن.. بڕوانە: الیزابیث دیـل – الحبکـە، ترجمـە عبدالواحـد لؤلؤە، ل ٣٠.

(٧) لە هەڵوەستەدا بەردەوامی کات و رووداوەکان رادوەستێ تاکو هەڵوێسـتی کەسـێك بەشێوەیەك پیشان بدرێت خوێنـەوار هاوبەشـی هەمان هەست بکات.

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨ ، ١٩.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦ ، ٣٧.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

(١٢) ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٥١ ، ١٥٢.

(١٣) لـە رۆمـانی تاکـە دەنگیـدا وەکـو فـاضل ثـامر لــە لاپـــەڕەکانی (٢٠ ، ٢١) ی کتیبەکـەیدا (الصـوت الاخـر – الجوهـر الحـواري للخطاب الادبي) ئاماژەی بـۆ دەکـات، بۆچونـی دەرخراو بە زاڵبوونی بگـێڕ، یـا ئـەو کەسـەی لـە چوارچێوەی بۆچوونـی خودیـی خۆیـەوە ئـەرکی بگێڕ دەنوێنـێ، بەسـتراوەتەوە، هـەروەها لــەم جۆرە رۆمانانـەدا تاکـە ئایدیۆلۆژیـای خـاوەن بۆچوونـە دەرخراوەکـە لـە سـەرجەمی بەرهەمـە ئەدەبیەکە زاڵتر دەبێ.

لە ئینگلیزییەوە:
شێرزاد حەسەن

# (٦) هۆنراوەی "بریان پاتن"

"کە بەیانی لەخەو هەڵدەستی"
کە بەیانی لە خەو هەڵدەستی
من هۆنراوەیەکت پێش کەش دەکەم
هۆنراوەیەکی پڕ لە ئاشتی
کە هەرگیز غەمگینت نەکات
کە قەت وەڕس و نیگەرانت نەکات
زۆر بە سادەیی.. تەنها هۆنراوەیەکە بۆ تۆ
کە بەیانی لە خەو هەڵدەستی
* * *
لە ژێر سەرینەکەتدا دەیدۆزیتەوە
کە دۆڵابەکەت دەکەیتەوە: وا لەوێدا
چەند بە سەرسامی‌یەوە چاو دەتروکێنی
هاوار دەکەی – "چۆن ئاواهی هەڵدەلەرزێ

وای لە رووتی ئەو شیعرەی دەمترسێنێ
وای لە تامی تازەیی..!"
* * *
بۆ قاوەڵتی بەیانی ئەو شیعرەمان دەبێ
لەسەر مێزەکەمان: ئەڤینەکە دادەگیرسێنێ
لە جێگەیەک کە داگیرە بە سەرسامی
ئەوساش ماچێکی کراوەش دەبەخشینە جیهان
ئەوکاتەی بەیانی‌یە و لە خەو هەڵدەستین
* * *
ئەو شیعرە پێشکەش دەکەین
بەو خاوەن ماڵە غەمگینەی وا لەناو بالکۆنەکەدا وەستاوە
بەوانەی کە لەپشت پەنجەرەکانەوە خەون دەبینن
بەو دەستەی بێ نیازێکی دیار بۆ سڵاوبەرزدەبێتەوە
پێش کەش دەکەین
شتێکە زۆر بەرچاو و سەرسوڕهێنەر
پێش کەشی دەکەین بە سەرجەم توخمی ئینسان
کە لە ناو من و تۆدا دەژی و رێدەکات
ئەوکاتەی بەیانی‌یە و لە خەو هەڵدەستین..!
* * *

"ئێوارەیەکی باران.. هۆنراوەیەک......"
هەرچی‌یەکی کە بزرم کردبوو.. سەرلەنوێ دۆزیمەوە.
تامی شەرابیش زایەوە سەر زبانم
دڵیشم هەر دەتوت گوڵ ئەستێرەیە..
بە نێو شتە زۆرتاریکەکاندا دەفڕێ
بەدەم پێکەنینەوە دەفڕێ و دەفڕێ
* * *
ئەوەی کە روویدا.. گەلێ هۆی هەبوون
بەردەوام بیرم لێ‌کردوونەتەوە

دەمتوانی بڵێم: ئەوەیان ڕووی تۆ بوو
دەمتوانی بڵێم: من شتێکم خواردەوە کە گێلی کردم
* * *
وەلێ تەنها هۆیەک بەس بوو
تەنها هۆیەک پەیوەندی نەبوو
خۆشی من مرد، ژینگەیەکی ساردو مردوو هەواو هەوەسی..
کوشتم
ئەوەندەش گەلێ زۆربوو
* * *
خوانێک بوو.. رازایەوە: هەر هەموو دونیای لەسەر بوو
کت و پڕ وای لێهات کە دەکرا بخورێ
کە دەکرا لەسەر ئەو خوانە تا ئەبەد بلەوەڕێین..!
*

"پاکی هەر لەشێک کە نووستوە"
لەتەکتا خەوتبووم کە خەونم بینی
لەتەکتا بووم کە لە خەو رابووم
لەتەکتا بووم و.. وەئاگا
کەچی وامدەزانی کە هێشتا خەونە و دەیبینم
* * *
تۆ قەت لە کەنار دەریایەکدا خەوتووی؟
بەڵێ.. باش..
دە کەواتە کت و مت وایە
* * *
هەرچی جووڵەی زەریاکان هەیە.. جووڵەی سروشت
وا دەنێو رۆحی ئەو شۆخەدا
ئەو ژنە خۆی..
پاکی لەشێکە کە خەوتووە
کراوە و سەربەست و سەر والآ

ئەم هیچ پارێزگارییەکی گەرەك نییە
* * *
لەوکاتانەدایە
کە دڵ دەکرێتەوە
هەرچی وا لەوێدا، لەو دڵەدا جێی دەبێتەوە
لە بوونی ئەو شۆخە زیاتر.. دەبێ چی بێ..؟
ئەو شۆخە خەڵکی کام وڵاتە؟
من ناتوانم بیڵێم
وەلـێ دەشزانم
چونکە لەوێدا ئەڤین هەیە
هەر ئەو ئەڤینەشە هەموو شەیتانەکان رادەماڵێ
ئیدی ئەو ئارام و سەلامەتە
من دەتوانم لەتەك ئەودا
کە لەکە نەگۆڕم و.. تێر بنووم
* * *
کە لە تەکیا وەئاگام.. هەر زیندەخەوە: دەبینم
خەون بەو جۆرە رابوونانە
من بۆ هەر هەموو هەستەوەرەکانی ئەم عیشقە..
وەئاگاو هوشیارم..!
*
"سترانی زستانە"
تۆ رووە و لای من دەهاتی
بێ ئەوەی هیچ بیانوویەك لە خەیاڵتا بێ
خەندەیەکی گەورەش: پڕ لە شادی لەسەر لێوانت
خەندەیەك کە لە تۆ دەکەوێ و..
هەر هەموو پیلانەکانم لـێدەشێوێنێ

* * *

هەموو ئەو وردە شتانەی وا لە دەورمایە

لەگەڵ ئیقاعی ترپەی پێیەکانت دەجووڵێن

ئەو وەختەی بەسەر رێگادا رێدەکەی

* * *

تۆ بڵێی منیش شێت بووبم.. کە بە هەمان شێوە دەجووڵێم

ئێمە چیمان هەبوو. خاوەنی چ شتێک بووین

کە سیفەتی وەرزەکانی نەبووبێ

سیفەتی ئەو هەموو مەرگە بێشومارە..؟

* * *

بێ هیچ بیانوویەک لە مێشکتا
ژیانیشت پڕە لە ئەڤین
ئەوە تۆی بە دەم و زمان دەچرپێنی
ئەو وەختەی کلوو کلوو بەفر دەباری
*

## "راڕا"

ئەم پیاوە لەودیو رووخساری ئەو شۆخەوە
رووخسارێکی دیکە دەبینێ
ئەوە ئەو رووەیە کە ئەم گەرەکیەتی
بە سەرسامیەوە لـێی رادەمێنێ
لە هیچ شوێنێکی دیکەدا رووخساری لەو چەشنە نییە
لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە نییە
شتێک کە ئەم گەرەکی بێ
* * *
ئەم شۆخەش لەودیو رووخساری ئەو پیاوەوە
رووخسارێکی دیکە دەبینێ
ئەو رووەی بە سەرسامییەوە لەو شۆخە رادەمێنێ

بەقەد سەرسامی ئەو پیاوەش

شۆخەژن لەو ورد دەبێتەوە

تۆ بڵێ: بۆ، ئەم ناتوانێ هیچ وەڵامێکی خۆی بداتەوە

هەر ئەوەندە دەزانێ ...

کە ئەم ئەوەی دەوێ..

ئەوە و بەس

* * *

ئەو دو رووخسارە..

زۆر دەمێکە چاوەڕێن..

چاوەڕێی یەکدی ناسین

مەگەر هەر خۆیان لەبەردەمی یەکدیدا

فریای شتێک بکەون.. لەم ساتەدا.

*

"من شەمەندەفەرێکم گرت بەو شارەدا

تێپەڕی کە تۆی تیا دەژیا"

من شەمەندەفەرێکم گرت..

بەو شارەدا تێپەڕی کە تۆی تیا دەژیا

لەو گەشتەدا من هەر خەیاڵم لای تۆ بوو

ئێوارەیەکیان کە باخچەکە تێر ئاو بوو

تۆ لەژێر درەختەکانیدا خۆت مات دا

هەرچی بە چواردەورتەوە بوو

خۆی لە تاریکی‌یەوە وەرپێچا

هەروەک بڵێی زەوی – یش بە لامپای گاز..

خۆی رۆشن کردبێتەوە

هەر ئەوکاتە من و تۆ

بڕوامان بە خۆمان کرد کە ئەڤین شتێکی ئەبەدییە

* * *

من شەمەندەفەرێکم گرت

بەو شارەدا تێپەڕی کە تۆی تیا دەژی.

*

پەراوێز:

* بریان پاتن: شاعیرێکی ئینگلیزییە و لـە سـاڵی (١٩٤٦) دا لـە شـاری – لیڤـەرپول – لـەدایك بـووە. لـە تەمەنی پازدە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێهێشتووە و لەگەڵ چەند شاعیرێکی هاوتەمەنی خۆیدا لـە گۆڤـاری (ئەندەردۆگ) دا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان. ئەگەرچی لە هەموویان بچوکتر بوو؛ بەڵام بووە پێشەنگی بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بەناوی (شاعیرانی لیڤەرپول)

خەریکی ئەدەبی منالانیشە و کارە هونەرییەکانی بۆ زۆر زمانی دیکە وەرگێڕدراون لە شـیعرەکانیدا دیـارە کە مەرجی نووسین بۆ ئەم ناوەرۆکە و ئیقاعی دەرەکی فـەرامۆش دەکـات، بەتـەواوەتی کێـش و سـەروا رەت دەکاتەوە.

رۆژنامەی "گاردیان" سەبارەت بە (بریان پاتن) نووسیویەتی – "یەکێکە لە باشترین نووسەرە لاوەکانمان"

سەرچاوە:


THE IRRELEVANT
Song
Brian Patten

London / UNWIN PAPEBACKS

چاپی /١٩٨٧


لاپەڕەکان (١٢ – ١٧ – ٢٠ – ٢١ – ٢٣ – ٢٥)

سامی هادی



# تابوتەکانی چرا

ئەی پیرۆزتر لە تابوتەکانی چرا
ئەم وەرزەش،
وەرزێکە عیشق ئاورِ لە شێت بوونی ئاو ناداتەوە
لەگەڵ تاریمایترین شازادە بە بخوردم وت
دەنکە ترێیەک ناتوانێ بە ئاسمان بڵێ
کچەکانی تۆیش،
بێ دۆزەخ، ئەسپەکانی، مۆمی کڵێسە بوون
چ سەفەرێکە!
جەنگەڵ ئاورِ لە باخی دوای ناشتنی گەڵا ناداتەوە.
شەپۆلە قرمزیەکانی مانگەشەویش
بە دەریاوانەکان دەڵێن:
شەرمنترین ئاوازی رۆشنایی
وەرزەکان ناشتیان.
گۆرِستان داگیرسا و
نۆتە شەرابیەکانیش لە پەنجەرەی ئەو رەنگانە رادەمان
کە حیکایەتی پیربوونی سێویان ئەزانی
ئێرە داستانی دڵتەنگبوونی حەرامەکان نیە
ئێرە چرای ئەو هێشوە سەرابیانەش نیە



هەر کتێبی ترسنۆکی بخوێنێتەوە
نا.. نامەوێت..
لە یەکەم دەرگاکانی درەختا
بە خەونەکانم بڵێم
ئێوەش ببن بە چیمەن و
تەسلیم بە وادەکانی بێدەنگی ببنەوە.
من بە ئاگر راهاتووم
بە کۆترەکان بڵێم، کەسێ هەیە
لە پەنجەرەی کەمانجەیەکی پیردا
تەنیایی عیشق ئەبینێ و
ئاوێنەیەکیش هەیە.
خەواڵوبونی گومانەکان بسڕێتەوە.
دە کەواتە
لەو دەرگایە، چاوەروانم مەکە، هەنارەکانی مناڵە و
شەقامەکانیش، سێبەر ونیکردون.
لەژێر ئەو فەرمودانە بمدۆزەوە
کە شەونم پێی وت: عیشق چیە؟
ئەمیش وتی:
چراخانێ بو لەو بارانەی
بە گالیسکەکانی شەوقی گەڵاوە
سەمای مردنیان ئەکرد.

سلێمانی
١٩٩٩/٥/١٤

سەمای مردن.

سازدانی: مەم بورهان قانع



# مێزگردێک لەبارەی هەواڵ و ئازادیی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

**دوو تێبینی بەر لە خوێندنەوەی مێزگردەکە:**

– بۆچوونی بەشداران وەك خۆیان بڵاوکراونەتەوە؛ بەڵام لە هەندێك شوێندا زاراوە و وشە عەرەبییەکان کراونەتە کوردی، ئەمەیش بۆئەوەی خوێندنەوەی لەلای خوێنەر خۆشتربێ و مێزگردەکە لە وشەی بێگانە بەدووربێت. هەندێك جاریش، بەپێویستم زانیوە وشە عەرەبییەکان وەك خۆیان دابنێمەوە، لەبەرئەوەی هەستمکرد کورداندنیان مۆسیقیی ڕستەکان دەشێوێنن.

–هەموو ئەوانەی لەناو کەوانەن، بەم شێوەیە( )، سەرنج و ڕوونکردنەوەی بەڕێوەبەری مێزگردەکەیە.


چەند ڕۆژێك بەرلە یادی "١٠٢" ساڵەی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی – کە بۆ ڕۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢ دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرە لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان دەرچوە– مێزگردێکمان ڕێکخست کە تایبەت بوو بە ڕۆژنامەگەریی و چەند تەوەرێکی تایبەت؛ لەوانە: ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، هەواڵ لە ڕۆژنامەدا، پەیامی ڕۆژنامەنووس و زۆر لایەنی تر، کە لە خوارەوە دەقەکەی دەخوێنیتەوە.

مێزگردەکەش چەند ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕێك – کە سەرجەمیان ئەکادیمین – بەشدارن، ئەوانیش بەڕێزان: فاروق عەلی عومەر ماجستێر لە ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە زانکۆی بەغدا و مامۆستای بەشی ڕۆژنامەنووسیی لە پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی و پەیامنێری ڕۆژنامەی "السفير" ی لوبنانی لە عێراق، عەبد عارف دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغدا و مامۆستای بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی، شێرکۆ مەنگوڕی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغدا و لێپرسراوی بەشی هەواڵ لە کوردستانی نوێ، شوان داودی خاوەنی ئیمتیازی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەنووس و سکرتێری دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد.

ئەمەیش دەقی مێزگردەکەیە:

**مەم: سەرەتا دەمانەوێت بزانین پەیامی ڕۆژنامەنووس چییە؟ دواتر شوێنگەی ڕۆژنامەنووسیی دەستنیشان بکەن؟**

**فاروق:** یەکەم پەیامی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە ڕاستی بڵێت، ئیتر ئەو ڕاستییە چۆن بێت بیڵێت، تاڵ یان شیرین. گرنگ ئەوەیە خزمەت بە خەڵکی بکات، واتە ڕۆژنامە دەبێت خەڵکەکە بخاتە بەرچاوی خۆی و لە خزمەتیاندا بێت بۆ بەرەوپێشبردنیان. بەمشێوەیە، بە بڕوای من پێگەی ڕۆژنامە یان هەر دەزگایەکی تری ڕاگەیاندن، بەشێکە لەو دەزگایانەی



فاروق عەلی عومەر

کە حوکمی کۆمەڵ دەکەن، گەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆیش بێت. بۆ نمونە گەر دەستەڵاتەکانی تر بەشێوەیەکی تەنفیزی و راستەوخۆبن. راگەیاندن یاخود رۆژنامە، رایەکی گشتی دروست دەکات کە کاردەکاتە سەر بۆچوون و تێروانینەکانی لایەنەکانی تر بۆئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو، یاخود چوارچێوەیەک بگرنە خۆ، ئەمەیان وادەکات کە رۆژنامە شتەکان پێک بهێنێ.

**شێرکۆ:** لە راستیدا بۆ مەسەلەی پەیامی رۆژنامە و رۆژنامەنووسیی، لیستێک هەیە بەو ئەرکانە کە رۆژنامە و چ رۆژنامەنووس پێی هەڵدەستن. لەو لیستەدا، ژمارەیەک ئەرکی تایبەت بەو پەیامانە هەن کە هەریەکەیان ئەرک و پەیامی رۆژنامەکە و رۆژنامەنووسەکە دەردەخات. مامۆستا فاروق باسی لەوە کرد کە پەیامی رۆژنامە، وتنی راستی‌یە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە پەیامی رۆژنامە وتنی راستییە، دەکرێت، بڵێین رۆژنامە پەیامێکی تریشی هەیە کە هەستکردنە بە لێپرسراوێتی. دیارە هەر رۆژنامەنووسێک هەست بە لێپرسراوێتی نەکات، ئەو پەیامەی کە هەیەتی ناتوانێت بەباشی بیگەیەنێت.


بۆیە، پەیامەکە لە رۆژنامەیەکەوە بۆ رۆژنامەیەکی تر، یان لە رۆژنامەنووسێکەوە بۆ رۆژنامەنووسێکی تر وە لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر جیاوازییان هەیە.

ئێمە ئەگەر باس لە پەیامی رۆژنامەنووس بکەین لە قۆناغی ئێستادا، هەمان ئەو پەیامە نییە کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا هەبووە، چونکە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لەبارە چ لە رووی سیاسییەوە، چ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چ لە رووی ئابوورییەوە، شێوازێکی نوێی ژیانی خوڵقاندووە کە پەیامی رۆژنامەگەریش لەگەڵیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە پێش قۆناغی رزگاری‌دا، پەیام و ئامانجی هەرە سەرەکی رۆژنامە و رۆژنامەنووسیی ئێمە، ئامانجێکی نیشتمانیی بووە بە پلەی یەکەم. بەڵام لە قۆناغی ئێستادا، وێڕای ئەوەی کە ئەو پەیامە ماوە، بەڵام پەیامێکی تر جێگای گرتۆتەوە کە ئەویش هەستکردنە بە لێپرسراوێتی بەرانبەر بە کۆمەڵ و هەریەک لە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ. دیارە، ئێستا رۆژنامەنووس پەیامێکی لەخۆگرتووە کە بتوانێت لەناو کۆمەڵدا پێگەی خۆی دیاریبکات لە رووی ئەوەی کە خزمەت بە کۆمەڵ بگەیەنێت؛ لە رووی بەدەنگەوەچوونی داخوازییەکانی، چارەسەرکردنی کێشەکانی و دەستخستنە سەر ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیە، بۆیە پەیامەکە سابت نییە، بەپێی قۆناغ و هەلومەرجەکە دەگۆڕێت.

**مەم: لێرەوە حەزدەکەم ئیزافەیەک بکەم، "سلفادۆر دالی" ی نیگارکێشی سوریالی قسەیەکی هەیە، دەڵێت: "تەنها گەمژەکان راستی دەڵێن" ئێوە باستان لەوەکرد کە رۆژنامەنووس کەسێکە راستی دەڵێت، لەم بارەیەوە و دەربارەی ئەو بۆچوونە هیچتان هەیە؟**

**شێرکۆ:** راستی شتێکی نسبی‌یە، ناکرێت وەک شتێکی موتڵەق (رەها) لێی بروانین. ئەوەی من دەیبینم رەنگە تۆ بە شێوەیەکی تر ببینی. ئەگەر بە نمونە رۆژنامەنووسێک بێنین کە لە رۆژنامەیەکدا


شێرکۆ مەنگوڕی

کاربکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەیی ئەو سیاسەتەی کە بۆ ڕۆژنامەکە دانراوە، ڕووداوێك دەبینێت، ئەو؛ ڕووداوەکە لە گۆشەیەکەوە دەبینێ کە ڕۆژنامەیەکی تر و ڕۆژنامەنووسەکەی لە گۆشەیەکی ترەوە دەیبینن. لەبەرئەوە ڕاستی نسبییە، هەر ڕۆژنامە و بەدوای ڕاستییەکدا دەگەڕێت هەموو قەزییەیەك، ڕاستییەك ڕاستییەکی تر دەشارێتەوە.

**مەم: کەواتە لێرەوە دەپرسین: کەی ڕۆژنامەنووس دەتوانێت سەددەرسەدی پەیامەکەی بگەیەنێتە خەڵکی؟**

عەبد: پێش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، نامەوێت ئەوانەی برادەران ئیشارەتیان پێدا، پێیدا بچمەوە، دەڵێم: ڕۆژنامەنووسی ئێستا، هی ئەم چەرخە کە ئەرکێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، پێویستە بزانێت چی دەڵێت، بە ڕاستی بیڵێت. نەك هەر بە ڕاستی بیڵێت، بەڵکو دەبێت بزانێت یەکەمجار چی دەڵێت؟ بەو مانایەی کە هەر ڕۆژنامەنووسێك لە هەر شوێن و مەوقعێکدا بێت کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرە کە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن لە شوێنێکی تر. بۆیە، ڕەنگە ئەوەی تۆ باست کرد دەربارەی سلفادۆر دالی ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت، کە هیچ کەس ناتوانێت لە لەحزەی خۆیدا ڕاستی بڵێت، ڕەنگە ئەوە هەر قسەکەی وا بزانم ئەرستۆیە کە دەڵێت: ڕووبارێك کە دەڕوا و بەردەوامی خۆی وەردەگرێت، جارێکی تر ئەو ڕووبارە کە دێت ئەو نییە، ئەو ئاوەی کە بە خوڕ ڕۆیشتووە ئەو نییە مەبەستی لە نسبیەت و بەردەوامی ئەو شتەیە، لە جوڵەی ئەو شتەیە. لەسەر ئەو ئەرکەی کە برادەران بۆ ڕۆژنامەنووسانیان دەست نیشان کرد، من پەیامی ڕۆژنامەنووس لەوەدا دەبینم کە خاڵی وەرچەرخان و بەیەك گەیاندنی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ئێستایە کە لە کۆمەڵگای کوردی دەکرێن بە ئاقاری دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنی، واتە ئەرکی هەرە گرنگی ئێستای ڕۆژنامەنووس ئەمەیە.

**مەم: کەواتە لە چ حاڵەتێکدا ڕۆژنامەگەریی دەبێتە زەمینەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووس؟ دەکرێت دەست نیشانی بکەن.. ئەگەر کاك شوان لەو بارەیەوە سەرنجی هەبێت؟**

**شوان:** بۆ وەڵامی پرسیارەکەی پێشتر، کەی ڕۆژنامەنووس دەتوانێت لە سەدا سەدی پەیامەکەی بگەیەنێت، ئەوە واقیعی ئەو شوێنەی کە ڕۆژنامەکەی لێ دەردەچێت، یان ئەو ڕۆژنامەنووسەی کاری لێدەکات، دەست نیشانی دەکات. پێموایە، ڕۆژنامەنووس هەمیشە هەوڵدەدات سەداسەدی پەیامەکەی بگەیەنێت، بەڵام کۆمەڵێك بەربەست دەبنە ڕێگر بەتایبەت لە وڵاتانی ئێمەدا، کەی یاسا بەتەواوی بەرقەرار بوو و مافەکانی ڕۆژنامەنووس پارێزراو بوون ئەوا ڕۆژنامەنووس – کە سیاسەتی ڕۆژنامەکەش دەوردەبینێ کە تا چەندە لێبڕاڵە و دەتوانێت شتەکان وەك خۆی بگوێزێتەوە – لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە بەر استی پەیامەکەی بگەیەنێت. من قەناعەتم نییە کە لە وڵاتی ئێمەدا بتوانین سەداسەدی پەیامەکەمان – وەك ڕۆژنامەنووس نەك وەك ئەو ڕۆژنامەیەی کە دەیەوێت

و کاری تێدا دەکەین — بگەیەنین. بۆیە، دەبێت ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەکە جیابکەینەوە.

**شێرکۆ:** ناکرێت بڵێین. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینەمان هەبێت، وەك پێشتر باسمکرد، هەر ڕۆژنامەیەك، هەر ڕۆژنامەنووسێك ڕێبازێك و سیاسەتێکی کاریگەر هەیە کە کاری تێدادەکات. بەڵام ئەگەر مەبەست ڕەخساندنی زەمینە بێت بۆ ڕۆژنامەنووس، واتە دەربارەی ئەو ئەرکانە بپرسین، یەکەمیان ئازادییە، دیارە بێ بوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی، هیچ داهێنانێکی ڕۆژنامەنووسیی نابێت. دووەم خاڵیان کە بەلای منەوە گرنگە و ئێستاش لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و کەم تا زۆر لە ڕۆژنامەکانی خۆیشماندا دەرکیان پێکردووە، لایەنی پسپۆڕێتی‌یە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کە تا ئێستا وەك پێویست دەرکمان بەو لایەنە گرنگە نەکردووە. بە ڕاستی لایەنێکی زۆر گرنگ پسپۆڕێتی‌یە؛ لە بوارێکی دیاریکراوی کاری ڕۆژنامەنووسییدا. سێیەمیان، دابینکردنی لایەنی مادییە. دیارە، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە لەلایەن دامەزراوە گەورەکانەوە بەڕێوەدەبرێت، وەك سەرمایەیەك ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەڵێ، پەیامی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك سەرمایەداریی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەبەرئەوە دابینکردنی لایەنی ماددی بۆ هەموو کارێکی ڕۆژنامەنووسییانە و خودی ڕۆژنامەنووس، یەکێکە لەو زەمینە خۆشکەرانەی کە کاری ڕۆژنامەنووسیی، یان ڕۆژنامەنووس بەرەوپێش دەبات.

**عەبد:** بەلای منەوە خودی پرسیارەکە لە ژێر فەحسدا دەرناچێت، لەبەرئەوەی ئەو پرسیارە وەك ئەوە وایە بڵێیت: کەی بەشەر دەگات بە مەحاڵ؟! یاخود کەی دەچینە بەهەشت؟! یان کەی سۆشیالیزم بونیاددەنرێت؟! ئەو پرسیارە لە بنەڕەتدا بە پلەیەکە، کە ناتوانرێت وەڵامی بەوشێوەیە بدرێتەوە. بڕوام وانییە کە هەرگیز ڕۆژنامەنووس بتوانێت سەدا سەدی ئەرکی خۆی ببینێ، یاخود ڕۆژنامەگەریی بەتەواوی لەم کۆمەڵگایە و لەم چەرخەی ئێستادا سەداسەدی ئەرکی خۆی ببینێ.

**شێرکۆ:** ڕاستە.. نەك هەر ڕۆژنامەگەریی، لە هیچ بوارێکدا ناتوانرێت سەداسەد بوترێت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ڕۆژنامەنووس لێرە وەك جەنابت (مەبەست مامۆستا عەبدە) ئاماژەت بۆ کرد، ئەرکی یەکەمی لە دیدی تۆوە ئەوەیە کە کۆمەڵی کوردەواری بەرەو کۆمەڵی مەدەنی بەرێت. بێگومان ئەوە خاڵێکی جەوهەرییە، بەڵام تا چەندە ڕۆژنامەنووس لێرە توانیویەتی ڕای گشتی دروست بکات لە چوارچێوەی ئەو قەزییانەی کە هەن؛ با سەداسەدیش نەبێت؟ دەتوانم بڵێم ڕۆژنامەی کوردی و ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو لایەنەوە کاریکردووە و مەهامەکانی خۆی بەدەستهێناوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە نەتوانراوە سەداسەدی بەدەست بهێنرێ. ڕۆژنامەگەریی ژیانە، بەردەوامی ژیانە؛ ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسێك کارێکی باش دەکات؛ ڕەنگە سبەینێ ئەو کارە باشەی بۆ نەیەتەدی، چونکە لەگەڵ بەردەوامبوونی ژیاندا ئەویش تەفاعولی هەیە لەگەڵ کۆمەڵدا و ئەنجامێکی دیاریکراوی نی‌یە. کەی ژیان لەسەر گۆی زەوی کۆتایی هات، ئەوکاتە کاری ڕۆژنامەنووسی و هەموو بوارەکانی تریش کۆتاییان پێدێت.

**مەم: دەمەوێ بتانگەڕێنمەوە بۆ پرسیارەکەی پێشووتر؛ لەبارەی ئەوەی کە چۆن پەیامی ڕۆژنامەنووس دەگەیەنرێت؟ یان کەی ڕۆژنامە دەبێتە زەمینەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووس؟ دیارە دەستەبەرکردنی ئازادی خاڵی جەوهەرییە، بۆیە لێرەوە دەمەوێ بچمە سەر پرسیارێکی تر، ئەویش: ڕۆژنامەی ئازاد چی‌یە و چۆن دروست دەبێت؟**

**فاروق:** بە ڕای من لێرەدا دەکەوینە ناو باسێکی ترەوە، ئەویش ئەوەیە: ڕۆژنامەنووس چۆن کاردەکات؟ لە وڵاتانی ئێمەدا تا ئێستا ڕۆژنامەنووس

نەیتوانیوە خۆی رۆژنامەیـەك هـەڵبژێرێ و کـاری تیـا بکات، واتە هەریەك لە ئێمە بەهرەی رۆژنامەنووسـی لـەخۆیدا ببینێتـەوە یەکسـەر هـەوڵی داوە لـە هـەر رۆژنامەیەکدا بێت، کاریکات. بەڵام کاتێك دەچێتە ناو ئەو رۆژنامەیەوە پێکدادانێك دروست دەبێـت، لەگـەڵ ئەوەدا کە ئەم رۆژنامەیە (مەبەست ئـەو رۆژنامەیەیـە کـە لەگـەڵ تـەواوی ئارەزووەکـانی رۆژنامەنووسـدا نـاگونجێت) ئـاوات و ئامانجـەکانی بـەدی‌ناهێنن، ئـەو رۆژنامەیە بۆ خۆی سنوورێکی داناوە، ئـەم نـاتوانێت لێی دەرچێت، ئەمە لەلایەك، لە وڵاتانی خۆمـاندا، لـە وڵاتانی ترا بە هـەمان شێوە، کۆمپانیـا و دامـەزراوی گەورە هەن کە رۆژنامـە دەبـەن بـەڕێوە و سیاسـەتی رۆژنامەکـەش بـۆ رۆژنامەنووسـەکە دەسـت نیشـان دەکەن؛ کە دەبێت چی بنووسـێ و چۆن بنووسێت؟ لەگـەڵ ئەوەیشـدا جۆرە چوارچێوەیـەك هەیـە کـە رۆژنامەنووسـەکە تیـایدا کاردەکـات و هـەواڵ و رووداوەکـان لـە گۆشـەنیگایەکەوە بڵاویکاتـەوە کـە ئیستیدام نەکات لەگەڵ ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکات.

واتە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئـازادیی رۆژنامـەنوس شتێکی زۆر نسبی‌یە و هـەروا بـە ئاسـانی نایەتـەدی. لەگەڵ ئەوەیشدا جاروبار رۆژنامە کاریگـەریی دەبێت بەسەر رووداوەکانی ناو کۆمەڵ و جیـهان، بـەڵام ئـەو کاریگەرییە بە پاڵپشتی هێزێکی تر دەبێت، بۆ نمونـە روخانی چاوچیسکۆ لە رۆمانیا، راستە رۆژنامـەکان و دەزگاکانی تەلەفزیۆن دەورێکی زۆریان بینـی لـەوەی کە پاڵ بنێن بە خێرایی روخاندنی چاوچیسکۆ، بـەڵام گەر بـاری گشـتی‌ی جیـهان – بەتایبـەت ئـەوەی کـە ئەمریکا شتەکان دەبات بەڕێوە؛ زیاتر بەو شێوەیەی کـە بـەرژەوەندی خـۆی تیایـە – گـەر وا نەبوایـە دەزگاکـانی راگـەیاندنیش نـەیاندەتوانی خـێرایی بـە روخاندنەکەی چاوچیسکۆ بـدەن و بـەرەو پێشـەوەی بـەرن. بـۆ نمونـە مـن باسـی "بـەهاری بـراگ" ت بـۆ دەکـەم، کـە لـە چیکۆسـلۆڤاکیا شۆڕشـێك بـەرپابوو؛ کەچی دەبابەکانی یەکێتـی‌ی سۆڤیەت شۆڕشـەکەیان سـەرکوت کـرد و کـەس نەهاتـە وەڵام و کەسـیش نەیتوانی درێژە بـە شـۆڕش بـدات. شۆڕشـەکەی دژی چاوچیسکۆ لە نـەوەدەکاندا درێـژەی پێدرا؛ چونکـە ئـەو زلێهزانـەی کـە جیـهان دەبـەن بـەڕێوە بـەو شێوەیەیان دەویست وە رۆژنامـەش بـە رەزامـەندی ئەوان (مەبەست هێزی دەسەڵاتە) توانـی کاریگـەریی بەسەر رووداوەکانەوە هەبێت.

**مـەم: کەواتـە ئـازادیی رەهـا نی‌یـە چوارچێوەیـەك هەیە بۆ ئازادی، با بزانـین ئـەو چوارچێوەیـە لـە بڵاوکراوەیـەکی وەك "رۆژنامەنووس" دا چۆنە؟**

**شـوان:** خـاڵێکی سـەرەکی هەیـە وەك چـۆن مامۆسـتا فـاروق باسـی کـرد، ئـەویش ئەوەیـە هیـچ پێوانەیـەك بـۆ ئـازادیی نی‌یـە، ئـازادیی شـتێکی نسبی‌یە، رۆژنامەنووسی کوردیش هـەر لـە کۆنـەوە و




بەگوێرەی ئـەو هەلانـەی بـۆی رەخسـاوە درێغـی نـەکردووە. لای مـن کـاتێك رۆژنامـەنووس دەتوانێـت ئـازادبێت خـۆی بـە رۆژنامەیـەکی دیـاریکراوەوە

نەبەستێتەوە، بۆ نموونە ماددەیەکی هەیە گرنگ ئەوەیە بڵاوی بکاتەوە، لە کوێ بڵاوی دەکاتەوە؟ چۆن بڵاوی دەکاتەوە؟ خۆی تەنها ببەستێتەوە بە دەزگایەکەوە. کە دیارە هەر دەزگایەک چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، بۆ نموونە من ئێستا سەرپەرشتی رۆژنامەیەک دەکەم (مەبەست بڵاوکراوەی رۆژنامەنووسە) چوارچێوەیەکی خۆم هەیە، زۆر شت هەیە ناتوانم بیکەم، کۆمەڵێک بارودۆخی بابەتی هەیە، کۆمەڵێک کێشەی شارەکە هەیە، رەنگە لە کاتی بڵاوکردنەوەی راستییەک، کۆمەڵێک کێشەی گەورە بشێوێنم، جا بۆیە لەو کاتەدا ئەو راستییە باس نەکەیت باشترە.

**مەم: کەواتە لێرەدا بۆ پەیامی رۆژنامەنووس (مەبەست کەسی رۆژنامەنووسە) دەگەڕێینەوە بۆئەوەی کە مەرج نییە هەمیشە راستی بڵێت؟!**

**شوان:** ئەو هەواڵەی کە بزانم کێشەیەک دروست دەکات، بڵاوی ناکەمەوە، واتە هەواڵێک نەتوانم راستییەکەی بڵاوبکەمەوە بڵاوی ناکەمەوە، یان بڵاوی ناکەمەوە یان کە بڵاوم کردەوە وەک خۆی بڵاوی دەکەمەوە.

**مەم: گەر بڵاویشت کردەوە و زانیت کێشەیەک دروست دەکات؟ ئەمە لە کاتێکدا کە هەواڵێکی راستیش بێت؟**

**فاروق:** دوور لەم پرسیارە، ئەمە دەمانباتەوە بۆئەوەی کە رۆژنامە یاخود دەزگاکانی تری راگەیاندن پێویستیان بە وەرگرێک یاخود گوێگرێک، یان خوێنەرێکی زیرەک هەیە، کە راستییەکان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە، رۆژنامەنووسێک دەیەوێت شتێک بگەیەنێت بە خەڵکی و ناتوانێت گشت راستییەکە بگەیەنێت، وە ناتوانێت راستییەکە بگەیەنێت بەبێ ئەوەی شتی تری لەگەڵدا بنێرێت کەوا بکات دەزگاکەی یاخود کۆمەڵەکەی یاخود دەسەڵاتی کۆمەڵ وەریبگرێ و رازی بن بە وەرگرتنی؛ کە ئەمەش دەبێت وەک دەڵێن هەندێک بەهاراتی پێوە بکرێت! لێرەدا دەڵێم: پێویستمان بە خوێنەرێکی زیرەک هەیە بۆئەوەی تەنها راستییەکە وەربگرێ و ئەوانی تر فڕێبدات.

**مەم: سارتەر قسەیەکی هەیە دەڵێت: تا ئەو ئاستە ئازادی، کە ئازادیی من پێشێل نەکەیت، واتە ئازادیی تۆ لەوێدا کۆتایی پێدێت؛ ئەگەر ئازادیی منت پێشێل کرد، ئەوە دەمانباتەوە دیسانەوە بۆ نسبیەتی ئازادیی، ئەگەر ئیزافەیەکی ترتان لەو بارەیەوە هەبێت؟**

**شێرکۆ:** ئێمە قسە لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ دەکەین؛ ئەویش رۆژنامەی ئازادە، ئەوە ئەگەر لە رووی مێژووییەوە سەیری بکەیت، شەڕێکی درێژخایەنە، چونکە ئازادیی رۆژنامەنووسی هەروەک ئازادییەکانی تری مرۆڤ هەڵگری بیروبۆچوونی جیاجیایە، لە سەرەتاوە کە رۆژنامە هاتۆتە ئاراوە، پاش ئەوەی کە پێکدادان لەنێو رۆژنامە و دەسەڵاتدا دروست بووە، ئەم شەڕە دەستی پێکردووە، زۆر قسە لەسەر رۆژنامەی ئازاد دەکرێت ئەمڕۆ لە ئەوروپا قسە لەسەر رۆژنامەی ئازاد دەکرێت کە دێنە سەر واری (مەبەست "بوارە"، بەڵام راستی وشەی "وار" بە مانای مەڵبەند یاخود نیشتمان دێت، بەڵام ئەمڕۆ هەندێک لە نووسەر و رۆژنامەنووسان ئەم وشەیە لە بەرامبەر "بوار" دادەنێن!) ئەوەی کە رۆژنامە لەوێ سەربەخۆیە. ئێمە پێناسەمان بۆ رۆژنامەنووسیی ئازاد ئەوەیە، کە ئەو رۆژنامەیەیە یان ئەو رۆژنامەنووسەیە کە ئازادانە و بێ سانسۆر بێ ئینحیاز (داشکاندن) کارە رۆژنامەنووسییەکانی خۆی بەدیدەهێنێ، رەنگە ئەمە لە رووی تیۆرییەوە وابێت، بەڵام کە دێینە سەر واری (دیسانەوە مەبەست بوارە) ئیش کردن، پێکدادانێک دروست دەبێت لەنێوان تۆ و سیاسەتی ئەو رۆژنامەیەی کە تۆ (مەبەست لە هەر رۆژنامەنووسێکە) کاری تیا دەکەیت.

کاتێک باس لە ئازادیی رۆژنامەنووسی دەکەین، دەبێت یەک خاڵی سەرەکی هەیە دەست نیشانی بکەین: ئایا ئەم رۆژنامەیە کێ دەریدەکات؟ ئەم

رۆژنامەیە لەسەر چ بنەمایەك دەردەچێت؟ رێبازی چییە؟ کێ لە پشتیەوەیەتی و تەمویلی دەکات؟ ئەمانە وادەکەن کە دەست نیشانی ئەوە بکەین کە ئەو رۆژنامەیە یان ئەو رۆژنامەنووسە ئازاد بن. من لە رۆژنامەیەکدا ئیش بکەم رۆژنامەیەکی حزبی بێت، ئەگەر خۆیشم بەخۆم بڵێم ئازاد، لە دەرەوە خەڵکی بە رۆژنامەنووسێکی ئازادم تێناگات؛ بۆ؟ چونکە من لە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی حزبێکی دیاریکرا و نەخشەیەکی داڕێژراودا ئیش دەکەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە من دژی ئازادیم، نەخێر بەپێچەوانەوە ئەوە دەکەم کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا دەیبینم، لە بەرژەوەندی حزبەکەدا دەیبینم، لە بەرژەوەندی کاری رۆژنامەنووسییدا دەیبینم، زۆرجار لە رۆژنامە حزبییەکانیشدا پێشنیازی هەندێك شت کراون، هەندێك بیروبۆچوون پێشنیاز کراون، کە ئیشی حزبەکە بووە، ئەمەش تەعبیرە لەوەی کە مەرج نییە رۆژنامەیەك حزبێك تەمویلی کرد ئیتر بڵێت تەواو ئەم رۆژنامەیە قوفڵی لە ئازادیی رۆژنامەنوسیی داوە، لەبەرئەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسیی وەك باسمان کرد شتێکی نسبییە و لە رۆژنامەیەکەوە بۆ رۆژنامەیەکی تر دەگۆڕێت. ئێمە هەر لە کوردستانی خۆمان، لە شاری سلێمانی، ئەگەر بێتو تەقیمێك بکەین یان لێکۆڵینەوەیەك بکەین لەسەر رێژەی ئازادیی لە رۆژنامەکاندا، چۆنیهەڵدەسەنگێنین؟ گەر بێتو قسە لەسەر "کوردستانی نوێ" بکەین دەبینین بە جۆرێك لە جۆرەکانی ئازادیی رۆژنامەنووسیی تیایە و پیادەی دەکات، تەماشای رۆژنامەی "رۆژنامەنووس" بکە بە هەمان شێوە ئەویش رۆژنامەیەکە ئازادیی بەجۆرێکی تر دەبینێت، لە بوارێکی تردا ئازادیی داوە بە خۆی؛ بەڵام لە هەندێك بواری تردا رەنگە نەبێت. یان گۆڤاری "سیخورمە" تەماشای بکە لە بواری کۆمەڵایەتیدا جۆرێك لە ئازادیی رۆژنامەنووسیی پیادە دەکات. ئازادیی رۆژنامەنووسیی ئەوەیە بەبێ سانسۆر دەست بخەیتە سەر کەموکوڕییەکان و ئەو دیاردانەی کە بەشێوەیەکی سەلبی کاریگەرییان کردۆتە سەر کۆمەڵ، بۆیە دەتوانم بڵێم: ئێستا لە رۆژنامەی خۆماندا ئازادیی هەیە، بەڵام قسە لەسەر ئەوە دەکرێت چەندە و چۆنە؟ وە بەرەو کوێ دەڕوات؟ رێگرەکانیشی زۆرن، بەڵام ئەوەیشمان لەبیر نەچێت کە باس لە ئەورووپا دەکرێت، رۆژنامەنووس هەیە زۆر راستی دەبینێت، زۆر کێشە دەبینێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەژێر کاریگەری زەبری پارە و دەزگاکاندایە چاوپۆشی لە زۆر شت دەکەن.

**مەم: لە رۆژنامەی ئازاددا، راستییەك هەیە نابێت لەبیرمان بچێت ئەویش نەکردنی تەحەیوزە (داشکاندن)؛ ئەو رۆژنامانەی کە لێرە بە رێژەیەك ئازادییان تیا هەیە، رەنگە لای هەندێك خوێنەر وا بکەوێتەوە کە تەحەیوز دەکەن، "رۆژنامەنووس" یەکێکە لە نموونە دیارەکان و لەو بڵاوکراوانەیشە کە هەندێك بەو شێوەیە لێی دەڕوانن؟**

شێرکۆ: تەحەیوز هەیە، لە هەموو رۆژنامەیەکدا هەیە. وەك ئینسانێکیش بتەوێ و نەتەوێ دەکەویتە ژێر کاریگەریی هەندێك غەریزەوە، بۆ نموونە وەك رۆژنامەنووسێك زۆرجار دەکەویتە ژێر کاریگەریی هەندێك رووداوەوە؛ بەتایبەتی ئەو روداوانەی کە زۆر نزیك بن لێتەوە زیاتر دەکەویتە ژێر کاریگەرییەوە، وەك لە رووداوێك کە زۆر دووربێت لێتەوە. قسەیەکی زۆر جوانی یەکێك لەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بواری رۆژنامەنووسیدا کاردەکەن لە یادە، کە ئەویش مستەفا ئەمینە، دەڵێت: رۆژنامەنووس ناتوانێت هەموو راستییەکان بڵێت، ئەگەر هەموو راستییەکانی وت، هەموو دەرگاکانی بە روودا دادەخرێن. بۆیە هەر کەسێك بێت دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە دواتر تەحەیوز دەبێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تەشویە نەکەیت.)

**مەم: بەڵام یەکێك لە هەرە خاڵە جەوهەرییەکانی رۆژنامەنووس (مەبەست کەسی رۆژنامەنووسە) ئەوەیە تەحەیوز نەکات.**

شێرکۆ: باشە، ڕۆژنامەنووسێك کە لە ڕۆژنامەیەکی حزبیدا کاردەکات، بەرامبەر بە ڕووداوێك هەڵوێستێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، دەکرێت ئەو ڕۆژنامەنووسە وتارێك لەسەر ئەو ڕووداوە بنووسێت، یان هەواڵێکی لەسەر بڵاونەکاتەوە، نەك بەپێچەوانەوە بێت هەواڵێکی تەشویهکراوی لەسەر بڵاوبکاتەوە، یان وتارێکی توندی لەسەر بڵاوبکاتەوە، هەڵوێستی نەبێت بەرانبەر بە ڕووداوەکە، خۆ ڕۆژنامەگەریی ئەوە نییە کە هەموو شتێك لە خۆی کۆبکاتەوە و هەموو شتێك بڵاو بکاتەوە، جاری وا هەیە خۆی لە بابەتێك لادەدات بۆئەوەی سیاسەتەکەی تووشی پێکدادان نەبێت.

شوان: شتێك هەیە ئەویش ئەوەیە: ڕۆژنامەگەریی دابڕاونییە لە دنیای سیاسەت، ئازادیی ڕۆژنامەنووسیش دابڕاونییە لەو ئازادییە سیاسییەی کە لەو ناوچەیە یان ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو وەزعە سیاسییەی تیا فەراهەم کراوە، بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا، چوار جۆر دەسەڵات هەیە: ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقی، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی دیموکرات، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی گروپە ئیسلامییەکان. لێرەدا دەتوانین تەقیمی ئەو ئازادییە بکەین: لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا، ڕۆژنامەکان بە هەموویانەوە تا چەند توانیویانە شت بڵێن؟ ڕۆژنامەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بە هەموویانەوە تا چەند شتیان وتووە؟ لێرە لە سلێمانی ئێمە بە هەموومانەوە تا چەند توانیومانە شت بڵێین و شت بدەینە ئەو خەڵکە؟ ئێمە بە هەموومانەوە دەتوانین هەندێك لە ڕاستییەکان بدەینە خەڵکی.

**مەم: باشە، دەتوانیت پێمان بڵێیت کە ڕۆژنامەگەریی لەم دەڤەرەدا (مەبەست ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییە) توانیویەتی سەدا چەندی پەیامەکەی بگەیەنێت؟**

شوان: بە گوێرەی ناوچەکان جیاوازی هەیە، پێم وایە لە شاری سلێمانیدا سەداپەنجای تێپەڕاندووە. توانیویانە ڕۆژنامەکان بە هەموویانەوە، چونکە گروپە ئیسلامییەکان بە ئارەزووی خۆیان شتەکانی خۆیان دەڵێن، کۆمۆنیستەکان بە ئارەزووی خۆیان شتەکانی خۆیان لە ڕێی کەناڵەکانیانەوە دەڵێن، حزبی دەسەڵاتدار لە ڕێی کەناڵەکانی خۆیەوە شتی خۆی دەڵێت و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی حزبی دەسەڵاتداریش هەموو شتەکانی خۆیان لە ڕێگای کەناڵەکانی خۆیانەوە دەڵێن، بۆیە ئەگەر هەمووی کۆبکەیتەوە واتە هەموو کەس شتەکانی خۆی وتووە.

شێرکۆ: من ئێستا ناتوانم بە نیسبەت ئەوە دەست نیشان بکەم کە سەدا چەند لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، بەڵام دەکرێت بە نموونەیەکی زۆر باش تەماشای بکەم، بەڵێ بە نموونەیەکی زۆر باش ئازادیی ڕۆژنامەنوسیی هەیە، بەڵام یەك خەڵەلی بچووك هەیە ئەوەیە ئایا تا چەند ئێمە بزانین چ بابەتێك یان چ باسێك هێڵی سووری بەزێردا هاتووە، ئێمە تەجاوەزی نەکەین، مامەڵەکردنی هەندێك لە ڕۆژنامەنووسەکانمان لە ڕۆژنامەکاندا، مامەڵەکردنێکە لە نەزانینی خۆیانەوە بەرانبەر بەو چوارچێوەیەی کە داڕێژراوە بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی، بمانەوێ و نەمانەوێ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەپێی خۆی یاسا و بەندی بۆ داڕێژراوە کە لە تەجاوەزکردنیدا لێپرسینەوەی تیا هەیە، ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە تا ئێستا بە حوکمی ئەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی وردە وردە لە سەرەتاو لە گەشەسەندندایە، لەبەرئەوە تووشی هەندێك پێکدادان دەبین.

ڕەنگە ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك بابەتێك بڵاوبکاتەوە ئەو بابەتە دژی موقەدەساتی خەڵك بێت، یان دژی سیاسەتێکی دیاریکراوی حزبێك بێت. ئەگەر بێتو ڕۆژنامەنووسەکە یان ڕۆژنامەکە بە سەلیقەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بکات، چەند

خەمی بڵاوکردنەوەیەتی ئەوەندەش خەمی ئازادییە ڕۆژنامەنووسییەکەی بێت، چونکە ئەگەر لاموبالات یان بە ئانقەست شتێك بڵاوبکەیتەوە کە دژی موقەدەسات بێت، دژی حزبێك بێت، بۆ لەکەدارکردنی کەسێك بێت، دژی کۆمپانیایەك بێت ئەوە مانای ئەوە نییە کە تۆ ڕۆژنامەنووسێکی ئازادی، بەڵکو بەوە ئازادیی ڕۆژنامەنوسیی دەخەیتە بەردەم هەڕەشە و ترسەوە و سانسۆری بۆ دروست دەکەیت، بۆئەوەی سیاسییەکان بەشێوەیەکی سانسۆر لەسەرت بسەپێنن. لەبەرئەوە ئەو خاڵە زۆر گرنگە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە پێکدادان دروست دەکەن لەگەڵ یاسادا لەگەڵ کۆمەڵگادا کە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**عەبد:** من یەك تێبینیم هەیە: بە رای من ڕۆژنامەنووس خۆی بەوە مەحکومە تۆزێك لە پێش خەڵکییەوە بیر لە ئازادیی و داهاتووی بکاتەوە.


عبد عارف

هەروەها خوێندنەوەی چۆنێتی ژیانی ڕۆژنامەنووس و سەرنج دان لەوەی ڕاستەوراست بریتییە لە تێگەیشتن لە ئاستی مومارەسەکردنی ئازادی لەو وڵاتەدا، لە ئاستی بەکارهێنانی ئەو مافەی کە ئینسان لە دەورووپشتی خۆیدا هەیەتی. واتە تۆ چەند بتەوێت سەرنج لە ژیان و تەمەنی ژیانی ڕۆژنامەنووس بدەیت، ئەوەندە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵگاکەت بۆ دەردەکەوێت و ئاستی ئازادیت لەو وڵاتەدا بۆ دەردەکەوێت.

**مەم: بۆچوونێك هەیە دەڵێت: گەر سەرپشکمان بکەن لەنێوان هەڵبژاردنی ڕۆژنامەگەریی بێ حکومەت یان حکومەتی بێ ڕۆژنامەگەریی، ئێمە ئەوەی یەکەمیان هەڵدەبژێرین، ئەولەویەت دەدرێ بە ڕۆژنامەگەرییەکە، لێرەوە ئەمەوێت بڕۆمە ناو ئەوەی کە دەوترێت ڕۆژنامەگەریی دەسەڵاتی چوارەمە، با نەختێك لەسەر ئەم لایەنە قسە بکەین، راتان چییە؟**

**فاروق:** تۆ ئەڵێی دەسەڵاتیچوارەم: دەسەڵاتی چوارەم یانی، وەك چۆن بڵێین ڕەقیبە بەسەر دەسەڵاتەکانی تردا، ئیتر چۆن دەتوانین یەکێك لەو سێ دەسەڵاتەی پێشووی خۆی بسڕینەوە. لێرەدا یانی هەم دەچینەوە سەر مەسەلەی ڕەقابە و سەر مەسەلەی ئەوەی ڕۆژنامەنووس کە تا چ ئاستێك دەتوانێت باسی شتەکان بکات و بچێت بۆ ڕاستییەکان و بیاندرکێنێ و بیانخاتەڕوو، من لێرەدا هەروەکو درێژەدانێك بە قسەکانی کاك شێرکۆ، دێینە سەر ئەوەی کە ئەو ئازادییە لە دوو شوێن بەدی ئەکەین:

**یەکەم:** لەلای ڕۆژنامەنووسەکە، دووەم لەلای خوێنەرەکە. لەلای خوێنەرەکە ئەوەیە کەوا یاخود وەرگرەکە یانی هەر دەزگایەکی تری ڕاگەیاندن بێت، ئەوەیە کە تا چ ئاستێك دەگەڕێت بەدوای ڕاستییەکاندا و دەیاندۆزێتەوە، یاخود ئەو خوێنەرە بۆچوونێکی هەیە سەبارەت بە ڕووداوێك بیستوویەتی یان بەلای ئەوەوە یانی بۆ نموونە ڕووداوەکە ڕاستییەکەی بەم شێوەیە. کە لە ڕۆژنامەکەدا

**رۆژنامەنووس ناتوانێت هەموو راستییەکان بڵێت؛ ئەگەر هەموو راستییەکانی وت، هەموو دەرگاکانی بە روودا دادەخرێت.**

بەشێوەیەکی تری ببینێت. دێت گومان دەکات لەسەر رۆژنامەکە، واتە مەبەستم چی‌یە؟ بۆ نموونە، هەروا نموونەیەك دێنینەوە، مەسەلەی دیلە عێراقی‌یەکان لە ئێران، دیلی وا هەیە لە هەشتاوە گیراوە وا دوانزە ساڵە شەڕەکە تەواوبووە، واتە شەڕەکە بە فیعلی تەواوبووە کەچی دوێنێ بەربوون، واتە دوای (٢٠) ساڵ. ئەمەیانە؛ یەکێکی وەکو من با بڵێین خوێنەرم لە ماڵەوە دانیشتووم ئەمەوێت لە رۆژنامەدا شتێك بخوێنمەوە دەربارەی ئەم رووداوە، دەربارەی مەسەلەی ئەم دیلانە، من لەلای خۆمەوە ئەڵێم ئەوە ئیسلامەتی نییە و پەیوەندی بە ئیسلامەتی‌یەوە نی‌یە، بەڵام ئەگەر رۆژنامەیەك بێت باسی ئەوە بکات کەوا ئەمە شتێکی ئاساییە و جەنگ شتی وای تیابووە و ئێران پیاوەتی کردووە کەوا بەریانی داوە... لەوکاتەدا، من دەکەومە گومانەوە لەو رۆژنامەیە و نیگەران دەبم کەوا راستی‌یەکەم پێنەگەیەنراوە و پێنەوتراوە، ئەمە لەلایەك. لاکەی تری رۆژنامەکەیە، رۆژنامەنووسەکە تا چ ئاستێك دەتوانێ کار بکات بە ئازادی بێ‌ئەوەی لووتی بتەقێتە دیوارێك لەبەردەمیا کە لە پڕێکدا بۆی هەڵدەکەوێت و رێگەی لێ‌دەگرێت زیاتر بچێت، یانی بمانەوێت و نەمانەوێت ئەم دەسەڵاتەی چوارەمە ناتوانێت کاربکات، تا لە کەشێکی وادا نەبێت کەوا ئەو سێ دەسەڵاتەی تر رێگای پێ‌بدەن بچێتە ناویانەوە و لەبارەیانەوە بنووسێت بتوانێ چاودێریان بکات و چالاکی‌یەکانیان بە رێکوپێکی بگەیەنێتە کۆمەڵ.

**مەم: بەڵام ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەو سێ دەسەڵاتەی تر بین ئەو ئازادی‌یەمان پێ ببەخشن، زۆر زەحمەتە. بۆیە دەبێت خۆمان ئازادی‌یەکە بەدەست بێنین، جا بۆیە حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێك رۆژنامەنووسێك بەڵگەنامەیەك لە کەناڵەکەی خۆیەوە بڵاودەکاتەوە، بۆ نموونە لەسەر دەسەڵاتی تەنفیزی بڵاوی دەکاتەوە کە لەکەدارکردنی ئەو دەسەڵاتە تەنفیزی‌یە و دواجار لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەبێتە هۆکارێك بۆ لابردنی دەسەڵاتەکە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەریەك لەو دەسەڵاتانەی تر (تەنفیزی – قەزایی – تەشریعی) ئامادەن ئەو ئازادییە ببەخشنە رۆژنامەگەریی کە بەهۆیەوە بوونی خۆیان دەکەوێتە خەتەرەوە؟**

**فاروق:** حەزدەکەم سەرنج رابکێشم بۆ ئەو باسانەی میشیل فۆکۆ لە بارەی هێزەوە ئەو شتانەی کە کۆمەڵ بەڕێوەدەبەن، کۆمەڵێك هێزن. واتە کۆمەڵ بە گشت چالاکی‌یەکانیەوە، کۆمەڵێ هێزن، پارە هێزێکە، سەربازیی هێزێکە، مەعریفە هێزێکە، بەم شێوەیە. بەڵام کامەیان هێزی بەهێزترە؟ بەلای منەوە بزانم هێزی پارە لە هەموویان بەهێزترە، لەبەرئەوە بۆ نموونە دەسەڵاتی یەکەم کە حوکمی بەدەستەوەیە بەوپێیەی کەوا هەموو سامانەکانی کۆمەڵەکەی بەدەستەوەیە بێ‌گومان گشت هێزەکانی بەدەستەوەیە: هێزی سەربازیی، هێزی پارە، هێزی حوکم کردن.

لەبەرئەوە، من بزانم ئەو خۆی دیاری‌دەکات ئازادیی بدات بە دەسەڵاتی چوارەم یاخود نەیدات، ئەمە لەلای خۆمان. لەلای وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام دیمەنەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەمەریکا، ئەمەریکا بمانەوێ و نەمانەوێ دیموکرتیەتێکی زۆر زۆر پێشکەوتوی تیاهەیە، بەڵام

ئایا لەوکاتەیا کە یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، فکری شیوعی هەبوو، ئەمەریکا رێگەی بەوە ئەدا کەوا رۆژنامەیەك بە ئازادیی مەدحی شیوعیەت بکات یاخود جارێدا بۆ فیکری شیوعی، نەخێر شتی وا نی یە.

**شوان:** من بۆچوونێکم هەیە. لای من وایە ئازادیی نابەخشرێت، ئازادی ئەوەیە کە خەڵکان لە دەسەڵاتەکانی وەردەگرن، هیچ دەسەڵاتێك نی یە لەخۆیەوە بێت بڵێیت کاکە ئەوا ئازادی لەسەر سینیەك هانێ بیبە بۆ خۆت. بەنیسبەت دەسەڵاتی چوارەمیش، من پێم وایە مەفهومەکە هەڵەیە. پێم وایە دەسەڵاتی چوارەم نی یە، تۆ رەقیبی چاودێری بەسەر دەسەڵاتەکانی ترەوە، هەرگیز دەسەڵات، نەك هەر دەسەڵات بەڵکو هەرچ کەسێك لادان بکات پێی خۆش نی یە لادانەکەی ئاشکرابکرێت. ئەرکی رۆژنامە ئەوەیە هەموو لادانێك و هەموو ئاکارێکی خراپ ئاشکرا بکات. کە تۆ بە ئاشکراکردنی، رای گشتی کۆئەکەیتەوە و شتەکانی خۆت بەدەست دەهێنی.

**دەسەڵاتی چوارەم ناتوانێت کاربکات؛ تا لە کەشێکی وادا نەبێت کەوا ئەو سێ دەسەڵاتەکەی تر رێگای پێبدەن بچێتە ناویانەوە و لەبارەیانەوە بنووسێت، بتوانێت چاودێرییان بکات و چالاکییەکانیان بە رێکوپێکی بگەیەنێتە کۆمەڵ.**

**فاروق عەلی عومەر**

**فاروق:** باشە من یەك شت دەڵێم: لە یەکێتی سۆڤیەتدا؛ یا کە ئەو دیکتاتۆریەتە زۆرە هەبوو بەسەر رۆژنامەگەرییدا، بەسەر ئەدەبدا بەسەر فیکردا بەگشتی، ئەبوایە خەڵکی هەمووی بەیەك لایەنێك بیربکەنەوە. من دڵنیام لەوەی کە میللەتانی یەکێتی سۆڤیەت قوربانیەکی زۆریان دا. گەر هەندێك ناو بخەینەوە بیرخۆمان کە وڵاتەکەیان بەجێهێشت لەو بارە ئاسکەیا و لەو بەدوورکەوتنە. کە هەندێکیان بە جوداخواز حسابکران، واتە قوربانیەکی زۆریان دا، بەڵام رۆژنامەی یەکێتی سۆڤیەت توانی ئازادیی بۆ خۆی بەدەست بهێنێ، وەکو تۆ (مەبەست شوان داودییە) دەڵێی دەبێ قوربانی بدا و ئەبێ خۆی بە زۆر بەدەست بهێنێ؛ نەیتوانی. ئەوکاتە نەبێت کە رژێمەکە بەگشتی رووخا، ئێستاش شتەکە گۆڕاوە، مەبەستم چی یە؟ قسەکەی تۆ من وا ئەبینم کەوا سۆزێکی شۆڕشگێڕانەیە و هیچی تر، واقیعەکان جیاوازن.

(لەراستیدا زاراوەی دەسەڵاتی چوارەم Fourthpower دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکانی "ئێدمۆندبێرگ" کە لەسەر ئازادیی چاپەمەنی و لە سالی "١٧٧١" داو لەنێو ئەنجومەنی پارلەماندا دەیگوت: لە پارلەماندا سێ دەسەڵات هەیە، بەڵام چوارەمیان لە هەمووی بە دەسەڵاتترە، کە مەبەستی رۆژنامەگەرییە).

**شێرکۆ:** ئێمە قسە لەسەر دەسەڵات دەکەین، رۆژنامە دەسەڵاتی چوارەمە، خۆی ئەو زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی هەزارو هەشت سەد، کە لەوێوە ئەو زاراوەیە دروست بوو کە هەرسێ دەسەڵاتەکە ئامادەبوونیان هەیە، رۆژنامەگەریش لە سەرەتادا بوو؛ لە سەرەتای گەشەسەندنیا بوو، حسابیان کرد کە ئەویش دەسەڵاتێکە ئەچێتە پاڵ دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی چوارەم کە ئێستاکە باس

دەکرێت، لە ئەوروپا دەڵێن دەسەڵاتی چوارمیشی تێپەڕاندووە، دەسەڵاتی پێنجەم و شەشەم. بەڵکو بووە بە چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی تریشەوە (دیارە خۆی دەسەڵاتی چوارەم مانای چاودێرە)، بەڵام نابێت ئەوەیان بڵێین کاریگەی کامیان بەهێزترە؟ هەر دەسەڵاتە و مەهام و ئەرکی خۆی هەیە، ڕۆژنامە نەهاتووە بیەوێت ببێ بە بەدیل بۆ دەسەڵاتەکانی تر، نەخێر هاوکارییەك و هەماهەنگی‌یەکی باش لەنێوان هەریەك لەو دەسەڵاتانەدا هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان؛ بۆ دروست کردنی سستمێك کە لە سەری دەڕۆین، ئەو سیستمەش لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە. ڕۆژنامە بەپێچەوانەوە هاوکاریی یاسا دەکات، هاوکاری وەك دەسەڵاتی تەشریعی، هاوکاریی دەسەڵاتی تەنفیزی دەکات لە ڕاپەڕاندن و لە جێبەجێکردنی و لە بەدەست هێنانی مەهام و ئەرکەکانی، واتە هاوکاری یەکترن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە هەمان کاتدا خاڵی جیاوازیی هەیە، کە هەمیشە پێکدادان دروست دەکات لەنێوان دەسەڵاتی چوارەم و دەسەڵاتەکانی تردا، لەبەرئەوە چ لایەنی ئەوەی کە ڕەقیب بێت بەسەریا لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتێکی یاریدەدەرە بۆ ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتەکانی تر. هەماهەنگی ئەکات لەنێوانیاندا.

**مەم: بەڵام ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ڕۆژنامەی بێ حکومەت یان حکومەتی بێ ڕۆژنامە، من ڕۆژنامەی بێ حکومەت هەڵدەبژێرم، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژنامە دەتوانێ ڕابەرایەتی میللەت بکات.**

**شێرکۆ:** ڕابەری چی‌یە؟ بۆ نموونە لە هوشیارکردنەوەی خەڵکیدا ئەو دەورە دەبینێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ڕۆژنامە ببێ بە بەدیلی دەسەڵاتی قەزایی و تەشریعی، بەڵام ئەم لە ڕوانگەی چی‌یەوە باسی ئەوە دەکات؟ وا بزانم یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا ئەو پرسیارەی لێدەکەن، کە دەڵێ من ڕۆژنامەیەکم دەوێت نەك حکومەتێك. مەبەست لەوەیە کە دەنگ و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لەناو کۆمەڵدا ئەرکێکی پیرۆزە. بەڵام خۆ نابێتە ئەوەی بڵێین ببێ بە بەدیلی دەسەڵاتەکانی تر. ناکرێت، بەڵکو ئەکرێت بڵێین مەهامەکانی خۆی زیاتر بکات. دەسەڵاتەکەی خۆی زیاتر بکات، نەك ببێت بە بەدیلی دەسەڵاتەکانی تر. هیچ کاتێك دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووس نابێت، ناتوانێت جێی دەسەڵاتی تەشریعی و دەسەڵاتی قەزائی بگرێتەوە، چونکە مەهام و ئەرکی ئەو جیایە و.. هتد. هەروەکو وتم تەنسیق و هاوکاریی‌یەکە ئەتوانێت بەو ئاقارەیا بیبا بەڕێوە.

**شوان:** بۆ وەڵامەکەی مامۆستا فاروق، مەسەلەی یەکێتی‌ی سۆڤیەت، ئەو (یەکێتی‌ی سۆڤیەت) ڕێگەی نەداوە ڕۆژنامەی تر دەربچێ، گەر ڕۆژنامەی تر دەربچوایە، ڕۆژنامەی تر هەبوایە لە دەرەوەی ئەو بیروبۆچونە، بێگومان جێگای تیا ئەبێتەوە، ئێستا بۆ نموونە دوور نەڕۆین حکومەتی عێراقی ڕێگا نادا بە ڕۆژنامەیەکی تر لە دەرەوەی ئەوە دەربچێت کە مەدح و سەنای بکات، ڕۆژنامەیەکی دەوێت مەدح و سەنای بکات. ڕۆژنامەیەکی ناوێت... ئەگەر چەند ڕۆژنامەیەکی تر هەبێت دزە ئەکەن و خەبەر دزە پێئەکەن و شتی وا ئەگەیەننە خەڵك بتوانن کۆمەڵێ شت بەدەست بهێنن..

**شێرکۆ:** کاك شوان، دەزانی چۆنە؟ ئێستا ئەگەر بێنین لەسەر ڕوونکردنەوەی مەهامەکانی و ئەرکی ڕۆژنامە بدوێین، ئەوە زۆر نمونە هەیە باسیان بکەین، ئێمە باسمان لە دەسەڵات کرد، وتمان ئەو چوار دەسەڵاتە هەر بۆ نموونە بزانە چەند توانیویەتی دەسەڵاتی چوارەم لە ئەمەریکا، ڕاگەیاندنی ئەمەریکی ڕۆژنامەی ئەمەریکی لەوێ بە حساب ئیتر لەوێ دەسەڵاتی ڕەقیبە بەسەر دەزگاکانی دەسەڵاتی تەنفیزی بۆ بکات کە حوکمە، بزانە لە شەڕی کەنداودا چ پشتگیرییەك و پشتیوانیەکی سوپای ئەمەریکی کرد لە سەرخستنی ئەو جەنگەدا؛ دەورێکی زۆر کارای هەبوو لە سەرخستنی شەڕی

کەنداودا کە ئیعلام نواندی. تەحلیلیان کردووە کە ئێستا ئەڵێن ئێمە بە پێچەوانەوە لە ڤێتنام راگەیاندن ئەو پاشەکشەی پێکردوین، ئەوە دۆڕانی ئەمریکایە، کەواتە لێرەیا وەکو وتم دەسەڵاتەکان هەرچواریان بەسەریەکەوە خزمەتی یەکتری ئەکەن. دەسەڵاتی ئیعلام دەسەڵاتی چوارەم، خزمەتی دەسەڵاتی تەنفیزی ئەمەریکی کرد لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی کە لە جەنگی کەنداودا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەرك و مەهامەکانی خۆی بەدەست هێنا. واتە ئەگەر بێینە سەر روونکردنەوە، مەبەستم ئەوەیە نموونە زۆرە باسی بکەین؛ بڵێین: لە یەکێتیی سۆڤیەت بۆچی بەوشێوەیەیە؟ لە وڵاتێکی تر بۆچی وایە؟ راستە بۆ نمونە لە یەکێتیی سۆڤیەت ئەکرێت ئەوەی کە پێی دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم نەبووە کە ببێ بە رەقیب بەسەر حکومەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر کێشە هەبووە دژی جەبهەکەی تر؛ ئەوان بە دەسەڵاتیان داناوە، ئازادییەکەی خۆیان لەوە دیوەتەوە کە هێرش بکەنە سەر سەرمایەداری، هێرش بکەنە سەر حزبەکەی تر.

**عەبد:** سەرنجێکم هەیە ئەگەر ئیجازە بدەن. مەبەستێکم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو پرسیارە دیسانەوە بە رای من وا کەوتۆتەوە کە جەوهەرێکی هەبێت؛ پەیوەستی بکات بە ئەرکی رۆژنامە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دەور و پێگەی لەسەر ئەو بینا کۆمەڵایەتیەی کە هەیە. لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا، بێگومان من ئەوە هەڵنابژێرم حکومەت و چوارچێوەیەك هەڵدەبژێرم پێش ئەوەی رۆژنامە هەڵبژێرم، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتودا من دڵنیام کاتێك ئاستی رۆژنامە و راگەیاندن دەگاتە ئەو شوێنەی ئەوەی کە ببێتە بەدیلی سێ دەسەڵاتەکەی تر، ئەوە خۆی دەلیلە لە جەوهەردا لەسەر بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چەسپاو و لەنگ و لە قۆناغێکی مێژوویی زۆر باڵادان، وە لە قۆناغێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر باڵادان، لەبەرئەوە ئەگەر پرسیارەکە لەسەر ئەوە بێت کامیان هەڵدەبژێریت؟بێگومان ئەوە هەڵدەبژێرم کە کۆمەڵگایەکی خاوەن رۆژنامەم دەوێت نەك حکومەت، لەبەرئەوەی دڵنیام لەوەی ئەو کۆمەڵگایە بینا نابێت تا کۆمەڵگایەکی تا رادەیەکی زۆر مەدەنیمان نەبێت.

**ئەو رای گشتییەی کە ئەمڕۆ دروستی دەکەین، سبەینێ نائومێدی دەکەین؛ لەبەرئەوەی نەمانتوانیوە نەریتێك دروستبکەین بۆ ئەوەی رای گشتی هەم بەشێوەیەکی باش دروست ببێ، هەم دەوری خۆی ببینێ لە گۆڕیندا.**

**عەبد عارف**

**مەم:** لێرەوە دەمەوێت سەرنجتان بۆ مەسەلەی هەواڵ رابکێشم، هەواڵ لە رۆژنامەی مولتەزیم و هەواڵ لە رۆژنامەی ئازاددا. حەسەن عەلەوی لە دوایین چاوپێکەوتنیدا کە خوێندومەتەوە باس لە هەواڵ دەکات لە رۆژنامەی حزبی و رۆژنامەی ئازاددا، دەڵێ:

یەکێك لە کارە نێگەتیڤەکانی راگەیاندنی حزبی ئەوەیە کە هەواڵەکان بە گەورەترین مانشێت دەست پێدەکات بەو مانایەی گەورەترین هەواڵ بە باشترین هەواڵی دادەنێت کەچی لە رۆژنامە جیهانیەکاندا بچوکترین

**هەواڵ دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەیەکی بەریتانی، هەواڵی دەربازکرنی پشیلەیەك لەنێو ماڵێکی سوتاودا لەلایەن تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە دەبێتە مانشێتی گەورەی ڕۆژنامەکە؛ نەك هەواڵی مەلیکە ئەلیزابێپ! ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**شێرکۆ:** بۆ مەسەلەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی، ئەوە سیاسەتی ئیعلامی ئەو کەناڵە دەست نیشانی دەکات؛ کە هەموو ڕۆژنامەیەك سیاسەتی خۆی و سیاسەتی ئیخباری خۆشی هەیە، دواتر بایەخ و قیەمی ئەخباریشی هەیە؛ بۆیە هەر زۆر دوور نەڕۆین، ڕۆژنامەگەریی ئەورووپی بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، بۆنموونە ئەڵێ: مردنی سەگێك لە گەرەکێکی بەریتانیا لە ڕۆژنامەی لەندەن لە بەریتانیا گرنگترە، بەلای منەوە لە لافاوێك لە چین کە چەندەها خەڵکی تیا دەخنکێن! واتە ئەوە بەهای هەواڵی (قیم الاخباری) یە کە هەر ڕۆژنامەنووسێك ئەوە بە هەواڵی خۆی دەزانێت لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیدا بێت، ئینجا بێتە سەرئەوەی ئایا ئەو هەواڵانەی کە هی ڕۆژنامەی حزبیە ڕۆژنامەی سەربەخۆیە، گرنگی بە چ هەواڵێك دەدات، ئەوەیان شتێکی واریدە، ڕۆژنامەیەکی حزبی هەیە کە حزبێك دەریدەکا و لەپێناوی حزبێکی دیارکراودا دەردەچێت، بێگومان دەبێت بە شێکیش تەرخان بکات بۆئەوەی هەواڵی سەرکردەکانی و چالاکیەکانیان پێشکەش بکات. ئێمە ئەمڕۆ لە سەدەی تەکنەلۆجیا (ئینتەرنێت) و ئەو هەموو زانیارییەداین، لە هەمان کاتدا تەماشای ئەو کەناڵە فەزاییانەی مەغریب و جەزائیر و میسر و لیبیاو.. بکە، هەمووی گەورەکردنی سەرکردەکانی خۆیانن، بۆیە ئێمە چارمان ناچارە دەبێت پابەندی هەندێك مەرج بین، هەندێك هێڵی سوور بین کە بەچواردەورماندا کێشراون؛ کەرەنگە گەر ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیش بێت، ئەو هەواڵانە نەبنە مایەی ئەوەی کە بەلای خوێنەرەوە چەند گرنگی هەیە، بۆیە بەرلەوەی سیاسەتی هەواڵی خۆمان دابرێژین دەبێت بزانین خوێنەر چی لە ئێمە دەوێت؟ تا ئێمە نەتوانین عەقڵیەتی خوێنەری خۆمان بخوێنینەوە و دیراسەیەك بکەین بزانین چ هەواڵێکی پێویستە، ناکرێت ئێمە لە خۆمانەوە هەواڵی ئەوەی کە تۆ (مەبەست لە بەڕێوەبەری مێزگردەکەیە) بە نموونە هێناتەوە، با سەربەخۆیش بێت بڵاوی بکەیتەوە، ڕەنگە بەلای خەڵکەوە ببێتە مایەی نوکتە (!) بڵێت ئەمە دیارە لە ئیفلاسیەوەیە بۆیە ئەم هەواڵە بڵاودەکەنەوە، ئێمەکە باس لە سیاسەتی ئەخباری خۆمان دەکەین، دەبێت خوێندنەوەشمان هەبێت بۆ خەڵك، بۆ بارودۆخی سیاسی، بۆ خۆمان؛ بۆ ئەو هەلومەرجە ئابوورییەی کە تیا دەژین، بێگومان وایە لە هەلومەرجێکی ئابووری ڕکوددا بژین، مەعقول نییە تۆ بچیت هەواڵی سودان بڵاوبکەیتەوە، وەرە باس لەهەڵایسان (تظخم) بکە لە کوردستان، ئەوە وادەکات ئێمە لێرەدا تووشی کێشە ببین تووشی بێ بروایی ببین بێ بروایی لە خوێنەردا، لە ئەنجامی چی؟ لە ئەنجامی ئەوەی خوێندنەوەیەکمان نەبوو بۆ عەقڵی خوێنەر، ڕەنگە یەکێك لەوانە کە ئەوەی دەست نیشان کردووە ڕۆژنامە حزبییەکانە کە نەیتوانیوە ئەو سنوورە ببەزێنێ، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت کە ئەو سنوورە دەبەزێنرێت. ئێمە لێرەدا باسمان لە نەداری و کەم دەرامەتی کردووە؛ باس لە دزی و ڕاوڕووت دەکەین. لە کوردستان هەواڵ هەیە، ڕووداو هەیە، بەڵام بڵاوی ناکەیتەوە، بەڵام دەچین دزی و ڕاوڕووت لە بانقێکی ئەمەریکی یان شوێنێکی تردا بڵاودەکەینەوە، ئیختیلاس هەیە باسی مناحم بێگن دەکەیتە ئیختیلاسی بەسەرەوە گیراوە بە حساب پارەی بردووە، بەڵام لای خۆیشمان ئەو حاڵەتە هەیە بەڵام باسی ناکەین، بۆ ؟ ئەمە وایکردووە خوێنەر مسداقیەتی هەواڵی لەلا نەمێنێت..

**فاروق:** بە ڕای من؛ وەکو کاك شێرکۆ وتی: هەر ڕۆژنامەیەك کە دەردەچێت پێویستی بەوە هەیە ئیستقلالی بیروبۆچوون و پێویستی خوێنەرەکانی

بکات؛ واتە من بزانم گرنگیتی هەواڵ خوێنەرەکە دیاریدەکات نەك رۆژنامەکە، رۆژنامەکە با هەواڵێکی پووچ بە مانشێتێکی گەورەش بڵاوبکاتەوە، خوێنەرەکە دەچێت ئەو هەواڵە دەخوێنێتەوە و زیاتر گرنگی پێدەدات کە پەیوەستە بە خۆیەوە و دەیەوێت، واتە بۆ نموونە هەر کەسێك زیاتر دەیەوێت پێش هەر هەواڵێکی تر ئەو هەواڵە بخوێنێتەوە کە باس لە زیادبوونی مووچەی خۆی دەکات. جا ئیتر رۆژنامەیەك بەو شێوەیە مامەڵە بکات لەگەڵ هەواڵەکاندا، ئەوە خۆی زیان بەخۆی دەگەیەنێت. بە رای من، شتی ناڕاستەوخۆ کاریگەرتر دەبێت لە شتی راستەوخۆ. بۆ نموونە؛ من دەمەوێت کەسێك مەدحکەم؛ لەجیاتی ئەوەی بە شان و باڵیدا هەڵدەم هەواڵێك بڵاوبکەمەوە لەسەر کارێکی چاکەی زۆر زۆر کاریگەرترە لەوەی پەنجا وتاری بەسەردا هەڵدەم، ئەمە لەلایەك، دواتر مەسەلەی هەواڵ پێویستی بە رۆژنامەیەکی خاوەن زمانێکی مێجگار بەهێز ە

هەمیشە شتەکان دەگۆڕێن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، گەر خۆمان بەراورد بکەین دەکەوینە هەڵەیەکی قوڵەوە. لای ئێمە وەزعیەتێکی جیاواز هەیە، من قەناعەتێکی تەواوم هەیە رۆژنامەیەك یان شتێك لێرە چەندە ئازاد بێت خۆی بە ئازاد بزانێت چەنێ بە ئازادی رەخنە لە خەڵکی تر بگرێ، کاتێك کە رەخنەیەك لەخۆی ئەگرێت تووشی هەڵچوون دێت و کێشەشت بۆ دروست دەکات؛ کە لە وڵاتەکەدا وایە عەقڵیەتی ئێمە، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر عەقڵیەتی سیاسی ئەو دەسەڵاتە و هوشیاریی خەڵك، هوشیاریی تا چ رادەیەك دەور دەبینێ و عەقڵیەتی سیاسیش چۆن مامەڵە لەگەڵ رۆژنامە و خەڵکەکە و هەواڵەکەدا دەکات.

**مەم: باشە، بەرای ئێوە لە رۆژنامەی کوردیدا تا چەندە هەواڵ بەشی شێری داگیرکردووە؛ بەنیسبەت رۆژنامەنووسەوە؟**

**شوان:** هەواڵ زۆر کەمە و ئەوەی دەبینرێت

> **ئەگەر بەئانقەست شتێك بڵاوبکەیتەوە کە دژی موقەدەساتی خەڵك بێت؛ دژی حزبێك بێت، بۆ لەکەدارکردنی کەسێك بێت، دژی کۆمپانیایەك بێت، ئەوە مانای ئەوە نییە کە تۆ رۆژنامەنووسێکی ئازادی، بەڵکو بەوە ئازادیی رۆژنامەنووسیی دەخەیتە بەردەم هەڕەشەوە و سانسۆری بۆ دروست دەکەیت.**
>
> شێرکۆ مەنگوڕی

بۆئەوەی یاری بە زمانەکە بکات بەوشێوەیەی بتوانێت مەبەستی هەواڵەکە و راستییەکان بە شێوەیەك بگەیەنێت کەوا زەق نەبن و موستەفیزنەبن و بەشێوەیەکی جوان سەرنجی خوێنەر رابکێشێت.

**شوان:** ئێمە زۆر بەهەڵەدا دەچین کاتێك خۆمان بەراورد دەکەین بە زۆر وڵاتی پێشکەوتوو، چونکە

هەواڵمان نییە، بەنیسبەت رۆژنامەی رۆژنامەنووسیشەوە ئەزموونێکە توانیمان کۆمەڵێك هەواڵی ناوخۆو، هەواڵی ناوخۆ کە پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە بە شکڵێکی کەم، لە مانگی دوو جاردا بدەینە خەڵك، دیارە خەڵکی ئێمە بە گشتی تینووی هەواڵە، ئەو چەند هەواڵە بچووکە

توانیویەتی خوێنەرێکی زۆر و جەماوەرێکی زۆر بۆ ئەو ڕۆژنامەیە پەیدا بکات، واتە خەڵك تینووی هەواڵە؛ ئەگەر بێت و ڕۆژنامەکان ڕۆژانە هەواڵەکان بگەیەننە خەڵك، دڵنیام زۆر کار لە هوشیاریی خەڵك دەکات بۆ وەرگرتنی هەواڵ.

**شێرکۆ:** خۆی کێشەکەمان لەوەدایە ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان کەمە، ئەوە یەکێکە لە خەلەلەکان کە تۆ باس لە هەواڵ دەکەیت، واتە هەواڵ تۆ دەبێت حسابی کاتەکەی بۆ بکەیت، لە ڕۆژنامەشدا بتەوی و نەتەوێ هەواڵ ئەو ئەهمیەتەی خۆی ماوە، بەڵێ سەبقی لەدەست داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانەت نی‌یە؛ لەبەرئەوە هەواڵێك ئەمڕۆ شائع دەبێت لەناو خەڵکدا تۆ گەر ڕۆژنامەی ڕۆژانەت هەبێت موعایەشەی بکات، ڕەنگە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەش گەر چارەسەری بکات خەڵك لێی بێزاربووە و لێی بێتاقەت بووە. بەربەستەکانیش، بە رای من لە هەواڵدا، تا ئێستا لە ڕۆژنامەی خۆمان نەبوونی زانیاری‌یە، کە تۆ بێ زانیاری ناتوانی هیچ هەواڵێك بڵاوبکەیتەوە و زانیاریت لەبەردەست نەبێت، ناتوانین بە قسەی پیروقار بڵێین هەواڵ. نەك ئەوە هەندێ جار ڕۆژنامە تووشی کێشە دەبێت؛ تووشی کێشەی لابەلایی دەکات تووشی شەڕمان دەکات.

**دووەم** : سەلیقەی ڕۆژنامەنووس، ڕۆژنامەنووسێك کە ڕووداوێك دەبینێت سەلیقەی ڕۆژنامەنووسی نی‌یە، هەواڵێکی زۆر گرنگە؛ خوێندنەوەی نی‌یە دیراسەی نی‌یە بۆ هەواڵەکە لای خۆیەوە یەکسەر نایکات بە هەواڵێك ڕەنگە سەلیقەکە لەلایەنێکی ترەوە، لەژێر کاریگەری سیاسەتی ڕۆژنامەکەدا بێت. تێگەیشتبێت کە ڕۆژنامەکەی بۆی بڵاوناکاتەوە، ئەویش خۆی وەك سەرنووسەرێك پشتگوێی دەخات. ئەو خاڵەی کە باسی دەکەین ئەو دەرگاوانە (حارس البوابة)، ئەو ڕەقیبە زاتیە لە خۆیا یەکسەر "شطب" ی دەکات، هەواڵ دەبینێ دەڵێت لە ڕۆژنامەکەدا بڵاونەبێتەوە من بۆچی بیکەم. دووەم لە سەلیقەی داڕشتنی هەواڵەکەدا، ڕەنگە زۆرجار ڕووداوی زۆر گرنگ بێت سەلیقەی ئەوتۆی نەبێت بەجۆرێك دایڕێژێتەوە هەواڵەکە دەمرێنێ، چونکە میزاجی ڕۆژنامەکە و ڕۆژنامەنووس کاریگەری خۆی هەیە.

بمانەوێ و نەمانەوێ مەسەلەی بەدەست هێنانی هەواڵ بەدواداچوونە، گەڕانە، ماندووبوونە، هیلاکی‌یە، ئەبێ بڕۆیت، ڕۆژنامەنووسەکە ڕەنگە توانایەکی مادی ئەوتۆی نەبێت پارەی لە گیرفاندا نەبێت، پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەر نەکرابێ ناتوانێت هەموو ڕۆژێك بچێت هەواڵت بۆ بهێنێ. لەبەرئەوە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سەرچاوەکانی هەواڵی خۆمان دیاری بکەین بۆ هەواڵە ناوخۆی‌یەکان، بۆ هەواڵە جیهانی‌یەکانیش، ئەوە بە حوکمی ئەوەی ئێمە تەنها لە ڕێی ئینسات و لەڕێی ئینتەرنێتەوە، ڕۆژنامەی کوردی توانیویەتی تەختیەی ئەو لایەنە بکا، تەختیەی بکات، بۆ ؟ چونکە شتەکە لەبەردەستایە ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئینتەرنێتدا دەکات هەموو زانیاری و سەرچاوەکان هەیە، بەڵام ئایا خەڵك پێویستی بەو جۆرە هەواڵەیە ؟ من بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر، خەڵك خوێنەری خۆمان، کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان پێویستی بەو هەواڵانەیە کە هەڵقوڵاوی ناوخۆیەتی، هەڵقوڵاوی زام و...

**مەم: بەڵام ڕۆژنامەی ئێمە نەیتوانیوە...**

**شێرکۆ:** نەیتوانیوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسم کرد.

**شوان:** خۆی شتێك هەیە، ئێمە خەلەلمان نی‌یە لە وەرگرتنی هەواڵی دەرەوە (جیهانی) و بڵاوکردنەوەی، خەلەلمان ئەوەیە زۆرجار هەواڵەکانی ناوخۆی خۆیشمان لە ئینتەرنێتەوە وەردەگرین و بڵاوی دەکەینەوە.

**فاروق:** حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ڕۆژنامەنووسەکانمان پێویستیان بەوەیە تێیان بگەیەنین کام هەواڵ چاکترە بۆ خوێنەرەکەمان و کام هەواڵ چاکتر خزمەتی کۆمەڵەکەمان دەکات، من خۆم بۆخۆم هەواڵێکم بیست لە ڕۆژانەیا،

لەرۆژنامەدا نەمخویندۆتەوە بەلام لەدەمی خەلکی بیستم، وابزانم یەکێك لەتەلەفزیۆن بینیویەتی لەبارەی ئەوەوە کە ئاسك ئێستا راوکردنی قەدەغەیە، کابرایەك ئاسکێکی گرتووە بەرپرسیارەکان چونە بەرەلایان کردووە و کابرای راوچیشیان گرتووە !.

**شێرکۆ**: ئەوە لەکوردستانی نوێ بلاو کرایەوە؛ بەرێوەبەری ناحیەی سەنگاو بوو.

فاروق: بەرای من ئەوە هەواڵێکی ئێجگار گرنگە، یەعنی حەق وایە زۆر ئیهتمامی پێ بدرێ، بارز بکرێتەوە کەخزمەتی زۆر شت دەکات، خەلکەکە ئەم جۆرە هەوالانەی دەوێت زیاتر لەوەی ئازاری دەدات هەواڵێك دەبیستێت یان باس لەدیاردەیەکی سلبی دەکات، بلاو کردنەوەی وای لێدەکات ئەو ترسەی لا دروست بێت کەئەمە دەبێتە مایەی دروست بوونی کێشەیەك، واتە زۆر جار ئێمە لەبەر ئەرکە نیشتمانیەکان، رۆژنامەکانمان بەپلەی یەکەم ئەرکەکەیان ئەرکێکی نیشتمانی یە وەکو کاك شوانیش باسی کرد، ئێمە نابێت بەراوورد لەگەل ولاتاندا بکەین، چونکە رەنگە ئەرکی رۆژنامەنووسێك لەئەورووپا ئەرکی ئەوە بێت مەسەلەی ئەوەی کەدەیبینێ بلاوی بکاتەوە؛ هەست بەپرسیارێتیەکەی خۆی بکات، کێشەیەکە دیاردەیەکە بەلام ئەو لە کێشەی رزگارکردنی نیشتمانی دەرچووە ، لێی دەرچووە ولاتەکەی ئازادە، ولاتەکەی ئارامی سیاسی تیایە؛ هەموو سیستەمەکانی ژیان لەوێ مافەکانیان پارێزراوە، بەلام لای ئێمە وانییە بەربەستەکان زۆرن، هۆکارەکان زۆرن، لەگەل ئەوەشدا پەراوێزێك هەیە بۆ ئەوەی کەئێمە بتوانین کەم تا زۆر لەکوردستانی نوێ بە نمونە ئەهێنمەوە، کەم تازۆر توانیومانە لەچەند قۆناغێکی جیاجیادا بچینە ناو ئەو هەوالانەی کەمەسی هەیە بەخەلکەوە. ئێستاش ئەو سیاسەتەی کەکوردستانی نوێ لەسەری ئەروات بەرای هەموو ئەو خەلکانەی چاودێری دەکەن، سیاسەتێکی زۆر باشە، سیاسەتێکە ئەو هەوالانە کەئەندەنووسیاو..

> **من کە ئێستا سەرپەرشتی رۆژنامەیەك دەکەم، چوارچێوەیەکی خۆم هەیە. زۆر شت هەیە ناتوانم بیکەم، کۆمەلێك بارودۆخی بابەتی هەیە، کۆمەلێك کێشەی شارەکە هەیە، رەنگە لە کاتی بلاوکردنەوەی راستییەك، کۆمەلێك کێشەی گەورە بشێوێنم، جا بۆیە لەوکاتەدا ئەو راستییە باس نەکەیت؛ باشترە.**
>
> خاوەنی ئیمتیازی "رۆژنامەنووس"

**شێرکۆ**: یەك تێبینی بچوکم هەیە ئەگەر بوارم بدەن،لەئیستقراریشدا، بەراستی ئێمە پێویستمان بە ئیستقرارە بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو ئەو هەوالانەی کەپەیوەندی بە خەلکەوە هەیە، ئێمە لەبارودۆخێکی سیاسیاین لەبارودۆخێکی نائارامداین بۆ ئەرکە نیشتمانیەکە دەگەرێمەوە سەر پەیامی رۆژنامەنووسیو ئەرکەکەی. بەپلەی یەکەم پەیام و ئەرکێکی نیشتمانی؛ بمانەوێو نەمانەوێ، واتە بەرەچاوکردنی هەندێك شت و زۆرجار رۆژنامەنووس هەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخی نائارامی وولاتەکەی

بڵاودەکاتەوە کەمەسی هەیە بەخەڵکەوەبە هاوولاتیانەوە، بەڵام رەنگە بارودۆخێکی سیاسی ئەوتۆ بێتە پێشەوە وەزعیەتێکی تر بێتە پێشەوە لەو سیاسەتە پاشگەزبێتەوە، واتە بەپێی ئیستقرارەکە دەگونجێ. من دڵنیام کوردستان کەی ئارامی تیا دروست بوو، ئارامی سیاسی کەی بەوە گەیشت کە لەڕووی ئابووریەوە و بارودۆخی بەرەو باشتر رۆیشت، ئەوکاتە رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەی ئێمە زیاتر نەشونمادەکات و گرنگی بەو هەواڵانەدەدات. زۆر رۆژنامەنووسمان هەیە، ئێمە ئیستا هەریەك لەخۆمان باس لەوە دەکەین کە ئەو هەواڵانە بەلای خەڵکەوە گرنگن، بەڵام ئایا ناتوانین بیکەین؟ ئەتوانین بیکەین، بەڵام ئەرکی تۆ وەك ئیستا، ئەرکێکی نیشتمانی گەورەترە لەوەی کەتۆ بێیت بچیت بەدوای ئەو هەواڵە وردانەی تەفاسیلی ورد و ژیانی خەڵك، یان تەفاسیلی ژیانی لەبەر ئەوە...

**مەم: باسی((کوردستانی نوێ)) ت کرد، هەندێ هەواڵ هەیە تا چەندە مەسەلەن ئەو دەرگاوانەی کەهەیە لەرۆژنامەدا کە "حارس البوابة" ی پێ دەڵێن وا دەکات زۆر هەواڵ هەیە کەلەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکەدا ناگونجێ یان ئەمنی حزبی، یان ئەمنی دەوڵەت دەخاتە مەترسی‌یەوە بەناچاری فڕێی بدەنە تەنەکەی خۆڵەوە؟!**

**شێرکۆ:** نا.. خۆی کەم تازۆر ئەوەنەك هەر لەکوردستانی نوێ لەپێشکەوتووترین رۆژنامەی ئەورووپاش و ئەمەریکاش ئەو حاڵەتە رەچاودەکرێت کاتێك کە کاری کردە سەر ئەمنی قەومی، کاری کردە سەر ئەمنی رۆژنامەکە، تەنانەت کاری کردە سەر شەخسیەت و کیانی یەکێك لەبەشداربووان، یان یەکێك لەکارمەندەکانی رۆژنامەکە وای لێ دەکات ئەگەر بڵاویشی نەکاتەوە هەڵوێستی خۆی لەگەڵدا دەردەبڕێ، هەیە؛ حاڵەت هەیە زۆر هەیە، مەسەلەن ناکرێت بڵێین دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا من " نۆرثکلیف" کە بەئیمپراتۆری رۆژنامەی بەریتانیا دادەنێم، ئەم رۆژنامەنووسە وتی سەردانی ئەمەریکا دەکەم، ئەو کاتەی کەمن دەچمە ئەمەریکا تکا دەکەم بەهیچ جۆرێك، هەرچی موحەرریری رۆژنامەکان بوو کۆی کردنەوە، وتی: بەهیچ جۆرێك لەسەر ئەمەریکا مەنووسن. ئەی باشە ئەمە بۆ؟ لەبەر ئەوەی تۆ بتەوێ و نەتەوێ ئەوە حاڵەتێکە پەیوەندی بەغەریزەی ئینسانەوە هەیە، پەیوەندی بەبەرژەوەندییەوە هەیە، پەیوەندی بەخۆ پاراستنەوە هەیە، بۆ نمونە رۆژنامەیەك ئەگەر بزانێت هەواڵێك بڵاو بکاتەوە تووشی داخستن دەبێت، دەڵێت: نەخێر بڵاوی ناکەمەوە باتووشی داخستن نەبم.. سبەینێ هەواڵێکی ترت بۆ دێت بەشێوەیەکی تر؛ ئەوە بڵاو دەکەمەوە، واتەهەندێك جار دەبێت خۆت بپارێزیت . خۆمەرج نی‌یە هەواڵێك ئەگەر فڕێی بدەیتە تەنەکەی خۆڵەوە پشت گوێ بخرێت؛ ئەوە لەوەوە بێت کە بڕوات بەئازادیی نی‌یە، نەخێر پەیوەندی بە خۆپاراستنی خۆتەوەیە.

**شوان:** خۆی یەك شت هەیە، بارودۆخی سیاسی– ئابووری کۆمەڵایەتی وهەموو جوگرافیای ئێمە وای لێ کردوین هێڵە سوورەکانمان زۆربن.

**عەبد:** من هەوڵ دەدەم زۆر کورتی بکەمەوە، بەڕای من ئەگەر بکرێت پرسیارەکە بەو شێوەیە بکەین: ئێمە لەکوێی گۆرانکاریەکانی دنیادایـن؟ ئینجا دەزانین چ هەواڵێکمان دەوێ و چەند هەواڵمان دەوێ.

لەلای دووەمیشەوە، ئەوەیە: شوێنی رۆژنامە لەناو کۆمەڵگادا چی‌یە؟ پێگەی چی‌یە؟ ئەوە دەست نیشانی دەکات داخۆ ئێمە چەند هەواڵمان پێویستە و چ جۆرە هەواڵێکمان پێویستە، لەبەر ئەوە لەو دوو لایەنەوە یەکێکیان کۆمەڵگاو یەکێکی تریشیان دنیا، بەوشێوەیە من هاوکێشەکە دەبینم.

فاروق: مەسەلەی دیاریکردنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ شتێکی ئاوەها ئاسان نییە، هەواڵت بێتە بەردەست و یەکسەر بڵاویکەیتەوە. بە رای من زۆر شتێکی ئاڵۆزە، هەر خۆی لە رووی زانستەوە زۆر شت بەشداریی دەکات لە بڵاوکردنەوەی، بەڵام ئێمە وەکو تایبەتمەندێتی خۆمان لەم وڵاتەدا، بمانەوێ و نەمانەوێت، پەنجا پۆلیس لە ناخماندا دروست بووە و سەریهەڵداوەتەوە، هەریەکەیان بەشێوەیەك فەرمانمان پێدەکەن. دیارە لە ناخی خۆماندا پەنجا پۆلیس دروست بوون کە هەریەکەیان بەلایەکدا رامان دەکێشن. وای لێهاتووە کەوا هەواڵێك بڵاودەکەینەوە کەوا نە زیانی هەبێت نە قازانج.

**مەم: باشە، ئەوە جۆرێك نییە لە داشکان (تحین)؟**

فاروق: تەحەیوز هەر هەیە، لە باشترین رۆژنامە و لە ئازادترین رۆژنامە تەحەیوز هەر هەیە، چونکە تۆ (مەبەست هەر رۆژنامەنووسێك)، خودی خۆت خاڵی رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵێك شت، خۆت لە خۆتدا هەواڵێك هەڵدەبژێری، بۆ نموونە تۆ کوردی، هەواڵێك هەڵدەبژێری کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، ئەوانە هەڵنابژێری کە پەیوەندی بە قەبیلەکانی ئەفریقیاوە هەبێت، بۆیە بتەوێ و نەتەوێ ئەوی یەکەمیان پێش ئەویتریان دەخەیت کە ئەوە دەبێتە تەحەیوز. یان وەکو رۆشنبیرێك، هەواڵێك هەڵدەبژێری کە بگونجێت لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانتا، بەڵام هەواڵێك کە بزانیت دژایەتی دەکات لەگەڵ بیرەکانتدا لە ژیاندا، رەنگە یەکسەر فڕێی بدەیت و بیخەیتە تەنەکەی خۆڵەکەوە و کەسیش نایبینێ! یان ئەگەر هەواڵێکی هێجگار گەورە نەبێت، بەیانی سەرنووسەرەکەت لە رۆژنامەیەکی تر بیانخوێنێتەوە، موحاسەبە ناکرێت.

**مەم: ناپلیۆن قسەیەکی هەیە، دەڵێت: سێ رۆژنامە لە سەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن،! رەنگە ئەو زیاتر مەبەستی لەو رۆژنامانە بێت کە هەواڵ بڵاودەکەنەوە و دەبنە هۆی مەترسی؟**

فاروق: بێگومان هەواڵ دەوردەبینێ، واتە من لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵێن وتار دەوردەبینێ، لەگەڵ ئەوەدام کە هەواڵ دەوردەبینێ، واتە هەواڵێك کاریگەرییەکانی لەکوێدا دەردەکەون؟ لەوێدا دەردەکەون کە تۆ هەڵت بژاردووە بۆ بڵاوکردنەوە، دوایی شێوەی دارشتنەکەی، دوایی ژمارەی ئەو راستییانەی کە خستوونەتە ناویەوە، دوایی ئەو زانیارییانەی کە لە هەواڵەکەدا هەن، واتە زانیارییەك ئەگەر وات لێبکا و بتهەژێنێ و بێگومان واتە هەواڵەکە دەوری خۆی بینیوە.

**مەم: یەکێك لە لایەنە جەوهەرییەکان لە رۆژنامەدا. بێگومان هەواڵە، هەواڵ زۆر دەوری کاریگەری هەیە بۆ دروست کردنی رای گشتی. ئەگەر زۆر بەکورتی لەم بارەیەوە قسە بکەین، تا چەندە توانراوە لای ئێمە رای گشتی دروست بکرێت؟ دیارە رای گشتی دروست بوونی دیدو بۆچوونی چوون یەکە بەرامبەر بە شتێك کە لە کات و شوێنی دیاریکراودا زەبری هەبێت.**

شێرکۆ: رای گشتی هەڵدەگرێت زۆر قسەی لەسەر بکرێت، ئێمە هەر بەگشتی باسی رای گشتی دەکەین، بەڵام دەبێت رای گشتی بۆ رایەکانی تر تەسنیف بکرێن، بۆ نمونە تا ئێستا هەواڵی ئێمە نەیتوانیوە رای گشتی دروست بکات لە چواردەوری قەزییەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کوردستانەکەت تووشی لەتبوون بووە، رۆژنامەگەریش تووشی لەتبوون بووە، رەنگە هەندێك جار هەواڵێك کە لە کوردستانی نوێدا بڵاودەکرێتەوە، لەولا (مەبەست ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە) بە ئیستیجابەیەکی باش وەربگیرێت، بەڵام ناکاتە مایەی ئەوەی کە .. بۆ؟ چونکە تەحەیوزکردنەکە، بوون لە ژێر کاریگەریی حزبدا وای کردووە لایەنی تر لێك بداتەوە، لەبەرئەوە هەواڵ نەیتوانیوە رای گشتی دروست بکات،

مەرجیش نییە هەر هەواڵ بەتەنها رای گشتی دروست بکات.


**مەم: بێگومان.. بەڵام یەکێك لە لایەنەکانە.**

**شێرکۆ:** یەکێکە لە لایەنەکان. هەر هەواڵ نییە، رۆژنامەکە خۆی بەشێوەیەکی گشتی دروستی دەکات، رای گشتی زۆر هۆکار هەیە کە دروستی بکات، بەڵام بێگومان هەواڵ لە ئەنجامی ئەوەی کە باسمکرد نەبوونی زانیارییە، کە تا ئێستا ئەو جۆرە هەواڵانە نەبوونەتە مایەی دروستبوونی. دیارە جاروبار دروستبووە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کە بوترێت هەواڵی ئێمە بەوجۆرەی کە خەڵکی بهێنێتە سەر شەقام و لە چواردەوری قەزییەیەکدا کۆی بکاتەوە؟ نەء. بەڵام توانیویەتی بە هەواڵێك تەعبیر لە ناخی فەرمانبەرێك بکات لەسەر موچە، واتە کێشەیەك بوروژێنیت.. ئەوانە کراون.

**عەبد:** ئێمە توانیومانە رای گشتی دروست بکەین؛ **هەمیشە رای گشتی لەئەنجامی هەواڵەوە هەیە و نسبیەتی ئەو زۆر و کەمیە کەوتۆتە سەر خۆمان. ئەو رای گشتیەی کە ئەمرۆ دروستی دەکەین، سبەینێ نائومێدی دەکەین. رەنگە هەواڵێك یاخود کۆمەڵێك هەواڵ وا بکەن، خەڵکانی ئێمەش وا لێبکەن برژێنە سەر شەقام، بەڵام هەر تەنها دوو قسەیە و سبەینێیش بە قسەیان ناکەین، لەبەرئەوە نەمانتوانیوە نەریتێك دروست بکەین بۆئەوەی رای گشتی هەم بەشێوەیەکی راست دروست ببێ، هەم دەوری خۆی ببینێ لە گۆڕیندا.**

**فاروق: وابزانم رای گشتی لای ئێمە بە مانای ئەکادیمی و زانستی و هۆشمەندی، نیمانە.**

**شوان: رۆژنامە رۆڵ دەبینێ لە دروستکردنی رای گشتیدا و بەتەنها بۆی ناکرێت، واتە چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت.**



# کاک نەوشیروان مستەفا
# دەرگای سیاسەت
# لە گۆڤاری گەلاوێژینوێ دادەخات

پێش ئەوەی - بەمەبەستی سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفادا- سەردانی بکەین ئارەزووی ئەوەی دەربڕی کە لە سیاسەت نەدوێ و چاوپێکەوتنەکە تایبەت بێت بە ئەدەب و مێژوو روناکبیریی. ئێمەش تەنها پرسیارمان دەربارەی ئەدەب و رۆژنامەگەریی و سەرەتاکانی ژیانی نووسین لە بەڕێزیان کرد.

کارێکی ئێجگار خۆشە سەرکردە و تێکۆشەران و نوسەرانی سیاسەت تاوێك سیاسەت بخەنەلاوە رایان دەربارەی ئەدەب، شیعر، چیرۆك، رۆمان، رەخنە، و کات و چۆنێتی نووسینیان لە چەن دەرفەتێکدا بگات بە خوێنەران.

کاك نەوشیروان مستەفا چەند دەیەیەکە لەپاڵ ژیانی سیاسیدا، گۆڤاری بردوەبەرێوە، دەربارەی ئەدەب نوسیوێتی، لەسەر مێژوو فیکر چەندەها کتێبی خستۆتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئێمەیش پێمان خۆش بوو بۆ چەند کاتژمێرێك سیاسەت بخەینە لاوە و گوێ لە رای تێکۆشەرێکی سیاسی بگرین تا دەربارەی شیعر و چیرۆك و رۆژنامەگەری و مێژوو بۆ ئێمە و خوێنەران بدوێ.

گ/ زۆربەی نوسەرانی کورد بە شیعر دەستیان بە نووسین کردووە، بەڕێزتان وەکو دەوترێت سەرەتا بە شیعر و دوایی بە چیرۆك و ئینجا بە مێژوو هاتوونەتە ناو جیهانی نوسینەوە. ئایا لەپاڵ مێژوودا بابەتی ئەدەبیت نەنوسیوە؟

■ جارێ چیرۆکم هەرگیز نەنوسیوە. ئەو نوسینانەیش کە من دەستم پێکردوون هەندێکیان لەسەر ئەدەب بوون. بۆ یەکەمین جار لە بڵاوکراوەکانی سلێمانیدا بڵاوم کردنەوە، بۆنمونە لە رۆژی نوێدا کە لە سەرەتای شەستەکاندا دەرئەچوو شتێکم لەسەر حەمەئاغای دەربەند فەقەرە نوسیوە. لە رۆژنامەی دەنگی کوردا کە لە بەغدا بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرئەچوو هەندێ وتارم لەسەر پێویستی بوونی یەکێتی قوتابیان نوسیوە. سەرەتای نوسین لەلای من لە وتاری ئەدەبی و سیاسییەوە بووە نە لە شیعرەوە بووە نە لە چیرۆکەوە.


گ/ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی چەند؟

■ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان، شەست، شەست و یەك.

**گ/** ئەو سەردەمەی گۆڤاری رزگاری دەرئەچوو سەردەمی سیاسەت بوو کەچی گۆڤارەکە زێتر بایەخی بە نوسینی مێژوویی داوە و بە ئەدەب، کەمتر لای لە سیاسەت کردۆتەوە. ئەمە پەیرەوێ بوو. یا بە رێکەوت واهاتبوو؟

■ لە راستیدا ئەو زەمانە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بوو بە دوو بەشەوە کەرتێکیان خوالێخۆشبوو بەرزانی سەرکردایەتی دەکرد کەرتەکەی تریشیان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری بوو ئێمە لەو حزبەدا بووین کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد رابەرایەتی دەکرد. ئەو حزبەیش لەناو خۆیدا بوو بوو بە دوو بەشەوە، باڵی راست و باڵی چەپ. ئەوکاتە ئێمە هەموومان لەژێر کاریگەریی بیری چەپی ئەو سەردەمەدا بووین کە ماوەیەك خۆی لەبیری گیڤارادا دەنوان، ماوەیەك خۆی لە بیری ماودا دەنواند. بەدوای رێبازێکدا دەگەڕاین حزبەکەی پێ تازە بکەینەوە. رێبازی جوڵانەوەکەی پێ بە ئاقارێکدا بەرین کە لە خزمەتی گەلی کورد و بەتایبەتی چینە چەوساوەکەیدا بێت. ئەو گۆڤارە کە دەرمانکرد بە رێکەوت نەبوو بەڵکو بە راو بۆچوونی یەکتر بوو کە هاوبیری یەکتر بووین. ئەوکاتە بەگوێرەی بیری ماو سێ شت پێویست بوون بۆ رزگاربوونی هەر گەلێك لە دنیا کە بریتیبوون لە: حزبی پێشڕەو، لەشکری گەل، لەگەڵ بەرەی یەکگرتووی گەل. ئەوکاتە ئەو سێ مەرجە لە تاقیکردنەوەی گەلان بەتایبەتی گەلانی رۆژهەڵات هەڵێنجراو بوون. ئەگەر بتویستایە بەرەو رزگاری بڕۆی دەبوایە پارتێکی تازەت هەبوایە، بەشێوەیەکی جیاواز لەو حزبەی کە لە یەکێتی سۆڤیەت دامەزراوە. ئەبێ بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیی هەبێت لە هەموو چینەکان کە خۆیان لە چەند حیزبی جیاواز بن ئەبێ لەشکری رزگاری هەبێت. ئێمە لەژێر کاریگەیی ئەو بیرەدا بووین. بۆ ئەوە کارمان دەکرد. گۆڤاری رزگاری راستە بایەخی بە چیرۆك و بە شیعری نوێ داوە بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین زۆرتر بایەخی بە لایەنی فیکری و نەزەری داوە، بەتایبەتی بە بیروباوەڕی مارکسیزم و لینینیزم و بیروباوەڕی ماو.

**پێمان وابوو**
**ئەدەب بەنیسبەت کوردەوە**
**لە رۆشنبیری کوردا**
**کاریگەرییەکی**
**زۆری هەیە،**
**چ شیعر، چ چیرۆك.**



**گ/** سیدار سەنگور کە سیاسەتمەدارێکی گەورەبوو، سەرەك کۆماری سەنگال بوو، لەسەر خواستی خۆی وتی واز لە سیاسەت دێنم و ژیانی خۆم بۆ شیعر تەرخان دەکەم. هەندێ شاعیر هەن وازیان لە شیعر هێناوە و سیاسەتیان هەڵبژاردووە لەوانە ماو. ئەم دوو هەڵوێستە چۆن هەڵدەسەنگێنن. ئایا بەڕێزتان حەزدەکەن ساڵانی داهاتوی تەمەنتان بۆ سیاسەت یا بۆ رۆشنبیری تەرخان بکەن؟

■ من ئەگەر بە ئارەزوی خۆم بێت حەزدەکەم پاشماوەی ژیانم بۆ رۆشنبیری بەتایبەتی بۆ نووسین تەرخانبکەم، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت هەمو کاتێك بە ئازادی ئیشی خۆی هەڵبژێرێ، جاری وا هەیە بەبێئەوەی بتەوێ کارێکت بەسەرا دەسەپێکە ناچاری پەیڕەوی بکەیت، من دڵنیام کە ئێوە ئەزانن سەدان کەس لە ناسراوەکانتان حەزیان لە ئیشەکانی خۆیان نییە بەڵام ناچارن ئەنجامی بدەن.

**گ/** یەکەمین بەشی رۆمانی ژانی گەلی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ژمارە پێنجی ساڵی ١٩٦٩ ی گۆڤاری رزگاریدا بڵاوبۆتەوە. ئەوسا رزگاری چاپخانەی تایبەتی خۆی هەبوو. ئایە بۆچی رۆمانەکە

بەشبەش بڵاوکرایەوە نەك وەك كتێب؟ ئایا سانسۆر هەبوو؟


■ نەخێر رزگاری سانسۆری لەسەر نەبوو. ماوەیەکیش رزگاری دواکەوت لەبەرئەوەی قبوڵمان نەکرد عێراق سانسۆرمان لەسەر دابنێت.

که گۆڤارەکەمان دەرکرد داوامانکرد لەوانەی کە بە توانا بوون، لەوانە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، مامۆستا زەبیحی، مام جەلال، بەشێك لە وتارەکان مام جەلال خۆی ئەینوسی. داوامان لە مامۆستا ئیبراهیم کرد، ئەوکاتە تەندروستی تەواو نەبوو تووشی غودەی دەرەقی بوو بوو. ئەگەر تێبینی بکەن ئێمە چاوپێکەوتنێکیشمان لەگەڵ کردووە و پرسیاری گرنگمان لێکردووە. داوامان لێکرد یەکێك لە چیرۆکەکانی یا رۆمانەکانی خۆیمان بداتێ بۆ بڵاوکردنەوە، کە هەڵیشی بژارد، ئەو رۆمانەی خۆی داینێ بەڵام بە تەواوی نەیدایێ بەڵکو بەش بەش بو هەر ژمارەیەك سەرلەنوێ خۆی بە رەشنوسەکەیدا دەچووەوە و ئامادەی دەکرد بۆ ئێمەی ئەنارد و چاپمانئەکرد. ئەوکاتەیش ئێمە چاپخانەکەمان نەکەوتبووە سەر ئەوەی کتێب چاپبکات بەسەریەکەوە، تازە چاپخانەی ژینمان ئاوەدانکردبووەوە. لە بەغاوە مەکینەیەکی لاینۆ تایپمان هێنابوو وەستای کارەکەمان نەبوو. ئەوەی ژانی گەلیش بە پارچە پارچەیی بۆمان دەهات.

گ/ گۆڤاری رزگاری بایەخی بە شیعری نوێ ئەدا شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمەی بڵاودەکردەوە. بۆ نمونە شیعری جەلالی میرزا کەریم. جەمال شارباژێری، عبدالله پەشێو. ئەمە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو یا لەسەر خواستی ئەو برادەرانە بوو کە لاپەڕەی ئەدەبیان دەبرد بەڕێوە؟

■ ئێمە، بۆم باسکردن، کۆمەڵێك گەنج بووین، هەوڵی نوێکردنەوەمان لە هەموو بوارەکاندا ئەدا. سەختترین مەیدان مەیدانی حزبایەتییە ئەمانەویست نوێکردنەوەی تیا ئەنجام بدەین و بە ئاقاری نوێکردنەوەیدای ببەین و بایەخ بە گەنج بدەین. ئەوکاتە ئێمە خۆیشمان گەنج بووین لەبەرئەوە حەزمان ئەکرد گەنج بێتە پێشەوە گەنج کاروبار بگرێتە دەست. لە بواری ئەدەبیشدا پێمان خۆش بوو کۆمەڵێك گەنجی تازە پێبگەن و بێنە پێشەوە. لە بواری شیعرا لە بواری چیرۆکدا. لە بواری لێکۆڵینەوەدا. ئەگەر سەرنج بدەن ئەوکاتە یەك ژمارەی تایبەتی رزگاریمان بۆ چیرۆك تەرخانکردبوو. بۆ یەکەم جار ئێمە فەهرەستی چیرۆکی کوردیمان بڵاوکردەوە. خۆمان یەخەی ئەدیبەکانمان دەگرت تا بێن بەشدارییبکەن، چونکە پێمانوابوو ئەدەب بە نیسبەت کوردەوە لە رۆشنبیری کوردا کاریگەرییەکی زۆری هەیە. چ شیعر، چ چیرۆك.






گ/ ئێوە لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك نوسەری گەنج بوون. چۆن بیرتان لەوە نەکردەوە کە پەیوەندی بە ئەدەبیانەوە بکەن تا یەکێتی نوسەران یا کۆمەڵەیەکی ئەدەبی دروستبکەن؟

■ خۆی لە راستیدا یەکێتی نوسەران پێش (١١ی ئازار) بووە، بەڵام مێژووەکەی شێوێندراوە. یەکێتی نوسەران پێش (١١ی ئازار) ئیجازەیان وەرگرت و دەستەی دامەزرێنەری هاتەکایەوە، بەڵام کردیان بە دەسکەوتی خۆیان. ئەگینا ئەوانەی دەوری گرنگیان لە دامەزراندنیا بینی (کاکە مەم فەخری

و خالید دلێر و ئەوان بوون)، ئـەویش بە پشتیوانی ئێمە. بەڵام (١١ی ئازار)ی بەسەرا هات. لەبەرئەوەی هـەندێك لەوانـە موتەهـەم بـوون بـەوەی بـاڵی جەلالین، ئێمەش دەربەدەربووین. لـە دواییدا کردیان بـە دەسـکەوتەکانی (١١ی ئازار).


گ/ رەنگە لـە فەلەستینا شیعری مـەحمود دەروێش سـەد جـەنگاوەری دروسـتکردبێت، یـا وتـارێکی سیاسـی لینـین سـەد جـەنگاوەری دروسـتکردبێت. ئایـا شـیعری شۆڕشگێڕانەی کـوردی ئـەو دەورەی بینیوە؟

■ ئەگەر بێینە سەر ئەوە، پێموایـە شیعری شۆڕشگێڕانەی کوردی ڕۆڵی زۆری هەبووە لە دروستکردنی ورەی جـەماوەری کـورد لـە هـەموو قۆنـاغێکدا. شـیعرەکانی کامـەران و دیـلان و ئـەوانی تـر ڕۆڵێکـی زۆریـان هـەبوو لـە پێگەیاندنی نەوەیەکی شۆڕشگێڕدا، لە دواییدا پـاش ساڵی (١٩٧٥) ئێوە خۆتـان باشتر ئاگـادارن ئـەو کۆڕانـەی کـە لـە نوسـەران و شـوێنەکانی تـرا سـازدەکران، خۆیـان جۆرێـك بـوون لـە ئـەدەبی بـەرەنگاری. زۆر کاریگـەر بوون. هەرچـەندە لـەناو شارا بوون و لەژێر دەسـەڵاتی حکومـەتدا بـوون. بۆ نمونـە مـن لـەبیرم دێت کـاك عـەلی عەسـکەری لـە سنوری تورکیا یەکەمجار هات بـۆ ئـەوێ هەگبەکـەی کردەوە دوو سـێ دیوانی تـۆی تیا بـوو (مەبەستی کاك نەوشیروان لە دیوانەکانی کاك لەتیف هەڵمەتە).

گ/ ئەی چیرۆك؟

■ چیرۆکیش دەوری بینیـوە. بۆ نمونـە چـیرۆکی حەمـە فـەریق حەسـەن، ڕەوف حەسـەن، لـەو چیرۆکانـەن، بـۆ نمونـە ئەفسانەی هـات و نـەهاتی ڕەوف بێگەرد شتێکی باش بوو.

شاعیر هەیە
(١٠٠)
شیعری داناوە
بەڵام لەوانەیە
دوو شیعری
بە جاویدانی بمێنێتەوەو
ئەوانی تریشی
وەك کاڵای ڕۆژ
دەڕۆن و تێدە پەڕن.



گ/ بەردەوام باس لەوە دەکرێت کـە ئێمە گەمارۆیەکی ئابوریمان لەسەرە، بـەڵام لـە هـەمان کـاتدا گەمارۆیـەکی ڕۆشنبیریمان لەسەرە کە بێبەرین لەو سـەرچاوە ڕۆشـنبیرییانەی کـە تەنانەت لە وڵاتـانی دەوروبەریشمانا دەردەچن، هەر بۆ نموونە ڕەنگـە لـە سوریا و ئێران چەندین گۆڤاری بـاش دەربچێت، چاپ کراوەکانی لوبنـان و سوریا و ئێران زۆر دوورنین پێویستە چارەسـەرێك بـۆ گـەیاندنیان بدۆزرێتـەوە پێویسـتە ئـەدیبی کـورد ئاگاداری ئەدەبی جیهانی بێت، ئێمـە بەدەگمـەن دەتوانـین، هەرچـەندە ئـەوەی کە مەبەسـتی بێـت هـەوڵ دەدات گـەر تیکـەی دەمـی خـۆی نـەخواردووە و داوێتـی بـە کتێـب، بەڵام ئەمە بۆ هەموو کـەس نـاکرێت، ئایا ناکرێت ئەو گەمارۆ ڕۆشنبیرییەی کە لەسەر کوردستانی ئەمڕۆیە بشکێنرێت؟

■ تا ڕادەیـەك ئاسان نیـیە، بـەڵام مـن لایـەنگریت دەکـەم کـە گـەمارۆی ڕۆشـنبیریش لەسـەر میللەتەکەمانـە، بـەڵام ئێسـتا بەئەندازەیـەکی زۆر سەتەلایت ئەو ڕێچکەیەی شکاندووە، بێجگە لەوەش مـن لـەو بڕوایـەدام کـە ئینتـەرنێت بێتـە وڵاتـی ئێمەشەوە و ئەوەش وەك سەرچاوەیەکی زانیـاری و ڕۆشنبیری بۆ خۆمان بەدەست بهێنین. ئێوەمانانیش وەك دەزگایەکی ئەدەبی دەتوانن ناو بـەناو خـەڵکی بنێرن بۆ ئێران و سوریا تا شـتە پێویسـتەکانتان بـۆ بکڕن و وابزانم ئەوەیش بۆ چەند جارێك ڕوویداوە.

گ/ هەندی لە ڕەخنەگران وای دەبینن ئەوکاتـەی کە شـیعاراتی مارکسی یـاخود قـەومی هاتـە نێـو ئەدەبەوە، ئـەوا ئاستی ئـەو دەقە کـەم دەکاتـەوە، زۆرکات ڕەخنە لە (بەدر شاکر سەیاب، –جـەواهیری، عەبدولوەهاب بەیاتی، ئەدۆنیس) و تەنانەت لە گۆران


دەگرن کە دەڵێن شیعرە سیاسیەکانی ئەوەندەی شیعرەکانی تری بەهێز نین. بۆ نمونە شیعری کۆریای سور و کۆنگرەی مامۆستایانی شەقڵاوە و هەندێ لەو شیعرانەی کە بۆنی ئایدیای لێدێت رەخنەگران دەڵێن بەقەدەر شیعری (گوڵی خوێناوی) و شیعری (جوانی بێناو) و شیعری (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە) بەهێز نین...


■ لەوانەیە ئەمە راست بێ، بەڵام ئەوکاتەی کە گۆران ئەو شیعرەی بۆ کۆریای سور یاخود بۆ مامۆستایان نووسیوە پێویست بووە، بەڵام مەرج نیە هەموو شیعرەکان نەمر بن، شاعیر هەیە (١٠٠) شیعری داناوە بەڵام لەوانەیە دوو شیعری بە جاویدانی بمێنێتەوە و ئەوانیتریشی وەك کاڵای رۆژ دەرۆن و تێدەپەرن، هەروەك چۆن وتارێکی سیاسی کە ئەو بۆنەیە تێدەپەرێت دەرواو نرخی نامێنێت. هەندێ جار بەرهەمی ئەدیبانیش بەهەمان شێوەیە، ئەدیبی زۆر گەورە هەیە لەنێو چیرۆکەکانیدا لەوانەیە دووچیرۆکی بۆ بمێنێتەوە، بەبۆچونی من ئێرانی یاخود عەرەب، یان ئینگلیز، چونکە هەلومەرجی سیاسی وڵاتەکەمان لە رووی سیاسییەوە زۆر جیاوازترە و گەر ئێمەش لە وڵاتێکی ئازاددا بژیاینایە و هیچ کێشەیەکمان نەبوایە، بەتایبەت کێشەی سیاسی و هەرەشەی لەناو بردنمان لێنەکرایە، دیاربوو ئەدیبەکانمان شتی تریان دەنووسی، بەڵام لەکاتێکدا داگیرکەر دەیەوێت میللەتەکەت لەناوبەرێت تۆش دەبێت دروشمی سیاسی تیکەڵاوی ئەدەبەکە بکەیت تا گەلەکەت راپەرێت.

گ/ کەواتە نوێگەری ئێمە نابێت وەك نوێگەری ئەوروپی بێت و دەبێ نمونەیەکی خۆمان بێت بەردەوام هەوڵ بدەین ئەو سەنتەرە ئەوروپیە بشکێنن چونکە سیاسەت و فیکری ئەوروپی دەیەوێت زاڵ بێت بەسەر رۆشنبیری هەموو جیهاندا.

■ بۆ مەسەلەکە وا باس بکەین، بۆ ئێمە شتی خۆمانمان نەبێت و کەڵکیش لە شتی خەڵکیش وەرنەگرین، ئەدەبی گەلانی ئەوروپی ئەدەبێکی زۆر




هەلومەرجی کورد جیاوازتربووە لە گەلانی تر، لەبەرئەوە ئەو قوتابخانە ئەدەبییانەی کە تیایدا دروست بوون، جیان لە میللەتانی دی. ئیهتیماماتی ئەدیبی کورد جیاوازترە لە ئیهتیماماتی ئەدیبی دەوڵەمەندە جا گەر بەراوردبکرێ لەگەڵ ئەدەبی گەلانی رۆژهەڵات بە گشتی و بەتایبەت گەلی کورد، ئەوان زۆر لەپێش ئێمەوەن، هەمیشە دەتوانین سودی لێوەربگرین، نەك ببینە ژێردەستەی ئەو،

یاخود بیکەیتە بەدیلی خۆت، نە تۆ بەدیلی ئەویت و نە ئەو بەدیلی تۆیە، بەڵام دەکرێت یەکێك ڕۆمانێکی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە کە باس لە کەش و هەوایەکی ئینگلیزی دەکات کاتێك وەردەگێردرێت و کوردێك دەیخوێنێتەوە لەوانەیە هەمان لەزەتی لێوەربگرێت کە خوێنەوارێکی ئینگلیزی لێی وەردەگرێت، ئیتر بۆچی پێم ناخۆش بێت.

گ/ من مەبەستم ئەوە نیە کە لێیان دابڕێین، بەڵکو نمونەکەی خۆیان زاڵە و دەسەپێ، ئێستا لە ڕۆرشنبیری عەرەبی‌دا ئەوە هەیە کە دەڵێن پێویستە ئێمە نمونەیەکی تایبەت بەخۆمانمان هەبێت نەك نمونەیەکی ئەوروپی کە بە سەقەتی بیهێنینەناو خۆمانەوە. مەبەستم دابڕان نییە بەیەکجارەکی.

■ بەبۆچوونی من ئەدیبی کورد پێویستی بەوە هەیە کەشارەزاییەکی قووڵی لە ئەدەبی جیهانی دا هەبێت، ئەدیبی کورد نابێتە ئەدیبێکی گەورە گەر شارەزاییەکی گەورەی نەبێت لە ئەدەبی ڕوسی‌دا لە ئەدەبی ئینگلیزی‌دا، لەئەدەبی فەرەنسی دا، بزانێت کەڵە نوسەرەکانیان کێن و لە بواری چیرۆك نوسیندا و لە بواری شیعردا، لە بواری رەخنەدا، لە بواری لێکۆڵینەوە، ڕۆمان نووسی کورد پێویستە سەدان ڕۆمانی خوێندبێتەوە کە بەدەستی ڕۆماننوسە ناودارەکان نوسرابێتن تا شتیان لێوەفێربێت، دیارە ئەم پارێزگاری کەسایەتی خۆی لە هەموو حاڵەتێکدا دەکات بەڵام خوێندنەوەی ئەوانە ڕۆشنبیریی ئەم دەوڵەمەند دەکات و دەتوانێت بەرهەمەکەی بەپێزتر بێت.

گ/ بە ڕای بەڕێزتان پردێك هەیە لەنێوان شیعر و سیاسەتدا، لەنێو کورددا ئەو پردە هەیە، ئایا دەتوانین ئەو پردە بکەینە شتێکی گشتی لەنێوان ئەدەبی هەموو گەلاندا، گەلێك لە سیاسییەکان وەك پێشتریش باسم کرد شیعریان نووسیوە، (هۆشی منە) شیعری هەیە، (سیدارسەنگور) شاعیر بووە، گەلێك لە سەرۆکەکان و سیاسەت مەدارەکان، بۆ نموونە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆمان نووس بووە سیاسەت مەدارێکی گەورەش بووە، بەڕێزیشتان بەئەدەب دەستتان پێکردووە و دواتر وەك سیاسەت مەدار تا ئێستاش هەر لە مەیدانەکەدان، ئایا دەتوانین بڵێین تەنها لەنێو کوردا پردێك لەنێو سیاسەت و ئەدەبدا هەیە یاخود لەنێو هەموو گەلاندا هەیە؟

■ من پێم وایە پردێکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەیە، زۆر لەو سەرکردانەی کە لە وڵاتاندا گەیشتونەتە پلەیەکی سیاسی یان ئەدیب بوون یاخود زۆر بابەتی ئەدەبییان خوێندۆتەوە. بەداخەوە لەلای ئێمە فەرهەنگی خوێندنەوە زۆر کەمە، واتا ئەگەر میللەتەکەی خۆت بەراورد بکەیت بە میللەتانی تری دنیا، میللەتانی تری دنیا زۆر شت دەخوێننەوە، بۆ نموونە هەرکەسێکی ئەوروپی بەیانیان دەچێت بۆ سەر ئیشەکەی کتێبێك لەنێو گیرفانیدایە بەتایبەت ڕۆمان، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەکرێت لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دەیخوێنێتەوە و گرنگ ئەوەیە نایەڵێت کاتی خۆی بەفیڕۆ بڕوات، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ڕۆڵی شیعر کەمتربووبێتەوە لەجیهاندا لەچاو چیرۆك و ڕۆماندا، مەبەستم ئەوەیە بابەتی ئەدەبی لەلای هەموو سیاسیەکانی دنیا باوە، کەم سیاسی هەیە بابەتی وا نەخوێنێتەوە.

گ/ کاتێك سیایەت هاتە نێو ئەدەبەوە کۆمەڵێك شیعاراتی هێنایە نێو ئەدەبەوە، ئایا ئەو شیعاراتانە لەناو شاعیران و چیرۆك نووساندا بەشێوەیەکی سلبی کەوتنەوە یاخود بە ئیجابی؟

■ من پێم وایە ئیجابی بووە، من وەك سیاسەت تۆ وەك شاعیرێك هەردوکمان یەك مەسەلەی هاوبەشمان هەیە، ئەویش بەدەست هێنانی مافەکانی گەلەکەمانە ڕزگارکردنێتی لە چەوسانەوە ئەوساش لە تۆ چاوەڕێ دەکەم بەو ئەندازەیەی من لە بواری سیاسی یاخود پێشمەرگایەتیدا کاردەکەم تۆش لە بواری شیعردا خەڵکی ساز بکەیت. لەبەرئەوە هەندێ کات دروشمی سیاسی دێتە ناو شیعر و لە هەر

ولاتێکدا کە چەوسانەوە هەبێت مرۆڤ بەجۆرێکی تر بیردەکاتەوە، ئەگەر لە ولاتێکدا هەرەشەی لەناوبردن و چەوسانەوە بوو ئەوا مرۆڤ بەشێوەیەکی تر بیردەکاتەوە و ئەرکی پیشمەرگە چییە ئەرکی شاعیرەکەش ئەوەیە، ئەو بە چەك و تۆش بە پێنووسەکەت.

گ/ بەڕێزتان دەڵێن لە ئەوروپا خەڵکی کتێب لە گیرفان دەنێن بەمەبەستی خوێندنەوەی کە ئەو جۆرە لە کوردستاندا نیە، هۆی ئەو خوێندنەوەیەی ئەوێ و نەخوێندنەوەیەی ئێرە دەبێت چیبێت؟ من لەبیرمە لە ساڵی حەفتاکاندا هەندێ کتێب و گۆڤار (٦-٧) هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا و دەخوێندرایەوە، بەڵام ئێستا (٣٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرێ و (٢٠٠) دانەی لە کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە، ئایا هۆکارەکەی بارودۆخەکەیە یاخود خەڵکی خەریکە لە ئەدەب دووردەکەوێتەوە؟

■ ئەوە پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە. لە ئەوروپا مامۆستاکان لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە قوتابیەکان فێردەکەن کە رۆژنامە بخوێننەوە و هەموو قوتابخانەیەك کتێبخانەیەکی هەیە و کتێب دەدەن بە قوتابیان بۆ خوێندنەوە. جاری وا هەیە کە قوتابیەکە حەزی لێی نیە، بەڵام دەیکەن بە زۆر تا دایك و باوکی پێی بخوێننەوە، ئەوە سیستەمی پەروەردەی ئەوروپایە کە منداڵ فێردەکەن هەر لە سەرەتاوە رۆژانە رۆژنامە بخوێنێتەوە، کتێب بخوێنێتەوە، رۆمان بخوێنێتەوە، شیعر بخوێنێتەوە. بەداخەوە ئەوەندەی من بزانم لێرە ئەوە نیە بەپلەی یەکەم و بە پلەی دووەمیش رەنگە هۆکەی خراپی بارو گوزەرانی خەڵکی بێ، بۆ


**ئیهتیماماتی ئەدیبی کورد جیاوازترە لە ئیهتیماماتی ئەدیبی ئێرانی یاخود عەرەب، یان ئینگلیز، چونکە هەلومەرجی سیاسی وولاتەکەمان لە رووی سیاسییەوە زۆر جیاوازترە**




نمونە دوکاندارێکی مام ناوەندی یاخود فەرمانبەرێکی میری ناتوانێ ئەو هەموو گۆڤارانەی کە باسمان کرد بۆ منداڵەکانی لە مانگێکدا بکڕێت، هەروەها لەگەڕەکەکانیشدا کتێبخانەی بچوك بچوك نیە تا بە خۆڕایی بتوانن ئەو گۆڤارانە بخوێننەوە، چونکە لەناو شاری سلێمانی‌دا چەند کتێبخانەیەك هەیە کە ئەوەندە نیە تا بەسەر گەڕەکەکاندا دابەش بووبێت. لە ئەوروپا وایە لە هەموو گەڕەکێك کتێبخانەی بچوکی لێیە کتێب و رۆژنامەی رۆژانەی تیادایە بۆئەوەی گەر یەکێك پارەی نەبوو بتوانێت لەوێ بیخوێنێتەوە.

گ/ وا باس دەکرێت کە روانگە لەژێر کاریگەری برادەرانی کۆمەڵەدا بووە و هەر ئەوانیش لە پشتیەوە بوون بۆ دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە، ئەوە تا چەند راستە؟

■ ئەوە راست نیە، ئەوانەی کە بەیاننامەی روانگەیان دەرکرد کەسیان کۆمەڵە نەبوون، بەڵام ئەو زەمانە کۆمەڵە وەك باسم کرد کۆمەڵێك لاو دایان مەزراند نوێکارییان کردبوو بە رێبازی کاری خۆیان، هەرچەندە ئەوانەی ئەندامی کۆمەڵە بوون کۆمەڵێك شتیان نووسی لەسەر روانگە لە رۆژنامەی هاوکاری‌دا بەمەبەست، تاکو بتوانرێت گفتوگۆیەکی فکری لەسەر ئەدەبی کوردی سازبکرێت، لەوانەی کە ئەندامی کۆمەڵە بوون (بەکر حسێن، فوئاد قەرەداخی) هەندێ جاریش خۆشم شتم بڵاودەکردەوە تاکو بتوانین گفتوگۆکە گەرم تر بکەین، بەڵام ئێمە لەپشتیانەوە نەبووین، ئێمە پشتگیریمان لێدەکردن و دەست پێشخەرییەکە لەلایەن خۆیانەوە بووە.







گ/ بەڕێز کاك نەوشیروان ئەو هەواڵە ڕاستە کە سەرجەم بەرهەمەکانی نەجمەدین مەلا کۆبکەنەوە و سەرلەنوێ چاپبکرێتەوە؟

■ بەڵێ هەوڵم بۆداوە.

گ/ کارێکی زۆر باشە.

■ من قەرزاری نەجمەدین مەلام چونکە زمانی فارسی لەلای ئەو فێربووم و هەر ئەویش هانیدام کە حەزم لە شیعری کوردی بێت، یاخود زۆرکات شیعری ئەدامێ و دەیوت بڕۆ بینووسەرەوە.

گ/کاك نەوشیروان گەر بیرت بێت یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتانەوە و کاریگەییەکەی چیبوو؟

■ بەڕاستی لەبیرم نەماوە، بەڵام بەردەوام ماڵی ئێمە دیوانی شاعیرە کۆنەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی تیادا بوو لەوانە دیوانی مەحوی، مەولەوی، نالی، دەتوانم ئەوە بە سەرەتای خوێندنەوەی خۆم دابنێم.

گ/ یەکەم وتاری سیاسیت لە چیدا بڵاوکردۆتەوە؟

■ لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردا بڵاوم کردۆتەوە کە باس لە پێویستی یەکێتی قوتابیان دەکات.

گ/ کاك نەوشیروان کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ نووسین؟

■ نەخێر، کاتێکی دیاریکراوم نیە بۆ نووسین، بەڵام بەزۆری لە شەودا دەنووسم.

گ/ وەك لە سەرەتادا بەڕێزتان ڕوونتان کردەوە گۆڤاری ڕزگاری گرنگی بە وتارەکانی ماو دەدا، ئایا ئەو بایەخدانە شتێکی تاکەکەسیبوو یان پەیڕەوی گۆڤارەکە بوو؟


■ پەیڕەوی گۆڤارەکەبوو، ئەو کۆمەڵە لاوەی کە خێزانی گۆڤارەکە بوون بیروباوەڕیان بە بڕواکانی ماو هەبوو، دەیانویست بیروباوەڕەکە بڵاوبکەنەوە و بیکەنە پەیڕەوی کاری سیاسی لە وڵاتەکەدا و ئیشەکە ئیشی تاکەکەسی نەبوو.

گ/ پێشنیازی بەڕێزتان چیە بۆ ئەو کێشەیەی نێوان هەردوو ناوچەکە، ئەدیبانی ئێرەو ئەوێ، بەڕێز مام جەلال لە سێیەمین کۆنگرەی بنکەی گەلاوێژدا پێی ڕاگەیاندین کە دیالۆگ دروست بکەین بەڕێزتان دەڵێن چی؟

■ ئێستا وەکو ئەڵمانیای شەرقی لێهاتووە و دیالۆگ دروست ناکرێت تا ئەو دیوارە نەڕوخێنرێت، بە ڕاستی ئەوان وایان لێکردووە دیوارێکیان دروست کردووە لەنێوان ئەم ناوچە و ئەو ناوچەیەدا لەنێوان ڕۆشنبیران و نێوان زانکۆکاندا کە دەکرا هاوکارییەکی بەهێز هەبوایە.

گ/ پاش مێژوونووس هیرودوت، توکیدیس (٤٠١-٤٦٥) کە مێژوونوسێکی یۆنانییە تیۆری (پیاوی گەورەی) هێنایەکایەوە، لەوێدا ئەو رۆڵە روندەکاتەوە کە پاڵەوانان لە دروستکردنی مێژوودا دەیبینن. چونکە کارەکانی پاڵەوان (مەلیك و سەرکردایەتی و ئازایەتیان) مێژوویان دروستکردووە، ئەمە ماوەیەك مەنهەجە مێژووییەکانی ئاراستەکردووە، رۆڵی تاکی زلکردۆتەوە و رۆڵی کۆمەڵی لە دروستکردنی مێژوودا کەمکردۆتەوە. ئایا ئەمە تا چەند رۆڵی لە مێژووی ئێمەدا بووە و، تا چەندیش لە نوسینە مێژووییەکانماندا رەنگیداوەتەوە، لە سەدەی هەژدەیەمدا مێژوونوسێکی وەك تۆماس کاریلی کتێبێکی بەناوی (پاڵەوانەوە) داناوە؟ ئایا پاڵەوان بەرهەمی هێزی کۆمەڵایەتییە؟

**رۆمان نووسی کورد پێویستە سەدان رۆمانی خوێندبێتەوە کە بەدەستی رۆماننووسە ناودارەکان نووسرابێتن.**



■ خۆی ئەگەڕێتە سەر باری راستی، مێژوونووس لەناو کوردا کەمن، وەختی خۆی شەرەفخانی بەتلیسیمان هەبووە کە مێژوونوسێکی گەورەیە، شەرەفنامەی نوسیوە و بۆ یەکەمین جار مەلا مەحمودی بایەزیدی کردویەتی بەکوردی، و مێژووی کوردستانیشی نوسیوەتەوە. بەڵام ئەو مێژووەی کە مەلا مەحمودی بایەزیدی نوسیویەتی، بەداخەوە بێسەروشوێنە. پاشان ئەمین زەکی بەگ مێژووی کوردی نوسیوە، حسێن حوزنی موکریانی نوسیوێتی، محەمەد عەلی عەونی نوسیوێتی (ئەمانە لە کۆنەکان). ئەوەی راستی بێت ئەو مەنهەجەی کە ئەمین زەکی بەگ مێژووی پێنوسیوە، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری هێناون، دەتوانین بڵێین باوکی مێژووی نوێی کوردییە. چونکە ئەو مەنهەجەی کە بەکاری هێناوە زانستی بووە، پشتی بە زۆر سەرچاوەی زانستی بەستووە. دیارە حسێن حوزنی پیاوێکی زۆر کوردپەروەر بووە، بەڵام هەندێك لە نوسینە مێژووییەکانی جێگەی بایەخ پێدان نین چونکە هەندێکی تیایە خۆی دایڕشتووە، لە خەڵکی بیستووە، پشتئەستور نییە بە سەرچاوەی مێژوویی ئەوتۆ. لە مامەڵەکردن لەگەڵ نوسینە مێژووییەکانی ئەمین زەکیدا دەکرێ دوودڵ نەبی، بەڵام لە ئاست نوسینە مێژووییەکانی حسێن حوزنی جۆرێکی ترە، دەبێت ئیستێکی لەسەر بکەی، هەڵیسەنگێنی. لەناو مێژوونوسەکانی ترا، دەتوانین ناوی مەلا جەمیلی رۆژبەیانی بهێنین کە شارەزاییەکی باشی لە مێژووی سەدەکانی ناوەراستدا هەیە. یا دکتۆر جەمال رەشید کە ئەویش شارەزاییەکی چاکی لە مێژووی چاخە کۆنەکاندا هەیە. یا لە مێژووی تازەی خۆماندا یەکێك لە مێژوونوسە هەڵکەوتووەکان دکتۆر کەمال مەزهەرە کە بە راستی نوسینەکانی زۆر زانستی و بەکەڵکن کە پێویستە نەوەی تازە بیخوێنن و پێی پەروەردە ببن. ئێمە خۆمان زانکۆیەکی تایبەتیمان نەبووە، دەزگایەکی مێژووییمان نەبووە کە بەشێوەیەکی مەنهەجی لێکۆڵینەوە بکات، هەوڵەکانمان پچڕ پچڕن. ناتوانین بڵێین ئەمە پەیرەوی ئەو قوتابخانەیەیە، یا فلان سەر بەم یا بەو مەنهەجەیە، ئەبینین لە هەموا تێکەڵاوە، واتا دەبینین هەم باسی پاڵەوانی تیایە وەك تاك، و هەم باسی گەلی تیایە وەك قارەمان. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەتوانی شت بدۆزیتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم، پێموایە گەل قارەمان دروستدەکات و بایەخدان بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی،

ئـابووری، رۆشـنبیری، سیاســی، فۆلکلۆری گەلان دروستدەکەن. هـەتا پاڵـەوانی تـاکیش لـەناو کۆمەڵـەوە دێتــەدەرەوە. مـن بـە زۆری لــە نوسـینەوەی ئـەو باسـە مێژوویانـەما زیاتر مەنهەجی وەسفیم بەکارهێناوە، هــەوڵمداوە روداوەکــە بگێرمـــەوە بۆئـەوەی خوێنـەر خـۆی بیروڕایـەکی تایبەتی لێوەرگرێ، چونکە هـەندێك کەسمان هەیە لە نوسینەوەی مێژوودا پێشـتر بـاوەڕێکی لا دروســتبووە شــتەکە ئەگێڕێتـــەوە بۆئـــەوەی باوەڕەکـەی خـۆی بسـەپێنێ، مــن بەپێچەوانــەی ئــەوەوە، وەختێــك لەسەر رووداوێك دەنووسم لەلای خۆم هیـــچ قەناعـــەتێکی پێشـــین دروســتناکەم، بــەڵکو هەوڵئـــەدەم رووداوەکە هەمووی بگێڕمەوە، تـا لـە دواییدا خوێنەر خۆی قەناعەتی خۆی لا دروست ببێت، بێگومـان تـۆ دەتوانـی بـەجۆرێك رووداوەکە بگێڕیتەوە کە خوێنـەر ئیستنتاجی ئـەو مەبەستە بکات کە خۆت دەتەوێ.

> **هەرکەسێکی ئەورووپی بەیانیان دەچێت بۆ سەر ئیشەکەی کتێبێك لەنێو گیرفانیدایە بەتایبەت رۆمان، هەروەها رۆژنامەیەکی رۆژانە دەکرێت...**

**گ/** رای کاک نەوشیروان، بەکورتی دەربارەی ئەم مێژوونوسانە:

١. د. کەمال مەزهەر.

بەلای منـەوە، ئێستا کــەمال مەزهــەر گــەورەترین مێژوونووسی کوردە.

٢. مەلا جەمیلی رۆژبەیانی.

ئەویش مێژوونوسێکی گەورەیە.

٣. د. جەمال رەشید.

ئەویش باشە.

٤. رەشید یاسمی.

نایناسم.

**گ/** رەشید یاسمی ئێران.

■ بـەڵێ بـەڵێ، رەشـیدی یـاسمی، بێگومان کەسێکی زانا بوو، هەرچەند ئەو کتێبەی کە ئـەو بـەناوی (کرد و پیوسـتگی نــژادی و تــاریخی رۆم چاپیکرد، بـۆ ئـەوەبوو خزمایـەتی بەینی کـورد و فـارس دیـاری بکـات، بـەڵام لــە روی دڵسـۆزییەوە بــووە، شاهپەرسـت نــەبووە، مامۆسـتای دانشگاه بووە، بەرهەمی بـە فارسـی زۆر بـووە، جێگـای خۆشحاڵییە کــە کەسێکی کورد بووە.

**گ/** هیــچ پێشــنیازێکتان بـــۆ نووسینەوەی مێژووی کورد هەیە؟

■ مـن نـاڵێم چاوخشـــانەوە بـــە مێـــژووی کــــورددا. بەمەبەســـتی نوسینەوەی ئەوە کەسانێك دایانهێنا بۆ شـێواندنی مێـژووی کـورد. بـەڵام دەڵێم بەپێویسـتی دەزانم مێـژووی کورد بنوسرێتەوە بەتایبـەتی ئەگـەر بکرێت لـە دانشـگا بەشـێکی بـۆ تەرخانبکـەن تـا بەشێوەیەکی سیستەماتیك ئەو قۆناغە جیاجیایانەی کورد دابەشبکرێت بەسەر کۆمەڵێك لـە پسپۆڕەکانا، ئەو خوێندکارانـەی کـە ماجستێر و دکتۆرائـەخوێنن بۆئـەوەی ئـەو ئەڵقـە جیاجیایانـەی مێـژووی کـورد بـەهۆی زانکۆوە لێکۆڵینـەوە و تـەحقیقی زانسـتی لەسەر بکرێت. بـەو شـێوەیە ئێمـە مێـژووی خۆمـان بنوسـینەوە نــەك بەوشــێوەیەی بەعســیەکان مێژوویەکی نا زانستی و پڕ لە هەڵە و خۆهەڵکێشان و شێواندنیان نوسیوەتەوە، بەداخەوە نـەوەی تـازە پێگەیشتوی عـەرەب تووشــی هەڵـە دەکـات لــەم رووەوە.

**گ/** بـەلای ئێـوەوە، سـەرچاوەی مێژوونووسـە عەرەبەکان باشترە و دوورە لە گومان، تا بۆ نووسین و ساغکردنەوەی رووداوەکان پشتیان پێببەستین، یا سەرچاوەی مێژوونووسە فارسەکان؟

■ ئەوانەی بەباشی لەسەر کوردیان نوسیوە لە ناو عەرەبەکانا، (شاکیر خصباك) یەکێکە لەوانەی لەسەر کورد نوسیویەتی، کوردێك چۆن بەدڵسۆزی لەسەرخۆی دەنوسێ ئەویش ئاوای نوسیوە، هەیشە بە خراپ نوسیویەتی، یانی ئەتوانین پۆلێنیانکەین. هەندێکیان هەن بە مەبەستێك نوسیویانە، رەگەز و مێژووی کورد بشێوێنن، هەندێکیشیان هەن، وەکو لێکۆڵینەوەی زانستی ئیشیانکردووە، ئەوانەی کە بەشێوەیەکی زانستی کاریان کردووە دەتوانین پشتیان پێببەستین. هەرچەندە من بە چاکی دەزانم بە هەموو شێوە و جۆرەکانیانەوە بخوێنرێنەوە، تا بزانین چییان لەسەر کورد نوسیوە.

گ/ جەنابتان لەسەر مهابادتان نوسیوە؟ زۆریش لەلایەن بێگانە و ئێرانیەکانەوە لەسەر مهاباد نووسراوە، یەکێك لەوانە نجفقلی پسیانە، راتان بەرانبەر نوسینەکانی، بەتایبەتی کتێبی (از مهاباد خونین تا کرانهای ارس) چییە؟

■ ئەو زەمانەی کە نەجەفقلی پسیان کتێبەکەی نوسیوە، دوای روخانی مهاباد بووە بۆ روخاندنی ورەی کورد نوسیویەتی، دوو کتێبی نوسیوە. هەردووکی بە ئامانجی روخاندنیورەی کورد و دەرخستنی گەورەیی و مەزنی دەسەڵاتی ئێران نوسیوە، بەڵام بەهەرحاڵ کۆمەڵێك بەڵگە و رووداوی تیایە کە دەتوانین شتی لێ هەڵێنجێنین. ئەو لەوانەیە کە دۆستی بزوتنەوەکە نەبووە بەنەفەسی دوژمنانە کاری کردووە.

گ/ لەو نوسەرە ئێرانیانەی تر کە بەشێوەیەکی راست و دوور لە دەمارگیری باسی مهابادیان کردبێت؟


■ یەکێك لەوانە تێزی ماجستێری لەسەر کۆماری مهاباد، لە زانکۆیەکی بەریتانی نوسیوە، زۆر بەباشی نوسیویەتی. لە تاران، لەو بەشەشدا کە کەسێك بەناوی جەعفەر نەیاوە لەسەر ژیانی (قوام السلطنة) نوسیویەتی، لەوێشدا بەباشی لەسەر مهاباد نوسراوە. کۆمەڵێك هەن لە ئێراندا لەسەر مهابادیان نوسیوە، بەداخەوە ئێستا لە یادم نین.

گ/ ئەوەی حەسەنی ئەرفەعیش.

■ حەسەنی ئەرفەع دوژمنانە نەینوسیوە.

گ/ شوێنەوارە گەورەکانی دنیا دیکتاتۆر دروستی کردون وەکو ئەهرامەکان و شورای چین، راتان بەرامبەر ئەم واقیعە چییە؟

■ ئەوە لە زەمانی زوودا راست بووە، خۆزگە ئێمەش دووسێ لەو دیکتاتۆرانەمان هەبوایە، تا دووسێ شتی وایان بۆ بەجێبهێشتینایە، بەڵام لەم سەردەمەدا دیکتاتۆرەکان میللەت کوژی و شەڕ و




**لە ئەوروپا وایە لە هەموو گەڕەکێك**
**کتێبخانەی بچووکی لێیە**
**کتێب و رۆژنامەی رۆژانەی تیادایە**
**بۆ ئەوەی**
**گەر یەکێك**
**پارەی نەبوو**
**بتوانێت**
**لەوێ بیخوێنێتەوە .**

روخـــاندن دەکـــەن نمونـــــەی لەبەرچاویش زۆرە.

گ/ ئایا ئاسـەوارەکانی دەوڵـەتی میدیا ئەوە دەسەلمێنن کە کـوردن، چ هەوڵێکی لەبەرچاو بۆ ئەمە دراوە؟

■ مـن پێموایـە کـە هـەموو ئـەو ئاسارانەی دۆزراونەتەوە ئەیسەلمێنن کە میدییەکان باوباپیرانی ئێمە بوون، بەڵام نـەك بـەو مانایـەی کـە ئـەم کوردەی ئێستا هەیە هەمووی نەوەی میدییـەکان بن، چونکە ناوچەیـەکی تێکەڵوپێکەڵـە، لەگـەڵ گـــەلێك نەتەوەیشـدا دراوسـێبووین، دوایـی گـەلێك مـــەوجاتی ئـــاری لـــە شوێنەکانەوە هـاتوون. هیچ گـەلێك لـەم دنیایـەدا نـەماوە کـە بـە ڕەگـەز خـاوێن بێـت، بـەڵکو تێکـەڵ بـووە لەگەڵ نەتـەوەی ترا، من پێموایە، بۆ نموونـە، کـورد وەکـو ڕەگـەز لایـەکی میدییەکانە و لایەکی تریشـی مـەوجاتی ئارییـە و لـە هەمان کاتدا تێکەڵاو بووە لەگـەڵ ئەرمـەنی، لەگـەڵ عەرەب، لەگەڵ فارس، لەگەڵ ئازەربیجـانی، لەگـەڵ نەتەوەی دەرودراوسێدا.

گ/ چـاپکراو و ئـەدەبیاتی شـاخ دەخوێنینـەوە هەڵەیان زۆر کەم تیا دەبینی، ئەو ئامێرانە چی بوون ئێوە کارتان پێدەکردن؟

■ لە سەرەتادا یەك تایپی برازەرمان هەبوو لەگـەڵ رۆنیۆیەکدا. ئەوانەی کە سەرپەرشتییان دەکرد کـاك حەمە سەعید بوو کە ئێستا لـە فەرماندەییـە لەگـەڵ هـاوڕێ جـەبارا بـە زۆریـش بـە کۆڵـی هێسـتر ئەمانسوڕاندنەوە. هـەتاوەکو تـۆزێ لـە نـاوزەنگ جێگـیر بوویـن، لـەوێ هـەوڵماندا تـاپێی ترمـان پەیداکرد. هەر دەسی بوو کارەبامـان نـەبوو. سـاڵی یەکەم ڕووناکایمـان نـەبوو، بۆئـەوەی ئاشکرانەبین، ساڵی دووەم بوو بە چرای غازی بچوك، ساڵی سێیەم بوو بە لۆکس، ساڵی چوارەم بوو بـە کارەبا. بەڵام لە دواییـدا ئۆفسـێتمان پەیداکرد فۆتۆستێنسڵمان پەیداکرد. هـــەندێك تـــایپی ئەلـــەکترۆنیمان پەیداکرد. ئەوانەی کـە قوببەیـەکیان بـە سـەرەوەیە بەتایبـەتی دوای ئـەوەی کـە شـــا ڕووخـــا، چـەند کەسێکمان نـارد بۆ ئێران کۆمـەڵێك کەرەستەی باشیان کڕی کە بەکەڵکی ئەو سەردەمە دەهات. لـە یـەکێك لـە بۆردومانـەکانی توژەڵــە و نـاوزەنگ دەزگـــای ڕاگـــەیاندنمان زەرەری لێکـەوت. فـەرهادی شـێخ مسـتەفا شەهید بوو کە یەکێك بوو لـە کـادر و نوسـەرانی دەزگـای ڕاگەیاندن. لـەو بۆرودومانـەدا ئامێرەکانمـان خـراپ بووبوون سەرلەنوێ چاکمانکردنەوە. دوا شت کە هـەمانبوو ئۆفسێتێکمان هەبوو.

گ/ رات دەربارەی ئەدەبی بەرگری؟

■ من زۆر بەباشی هەڵیدەسنگێنم، مـن رام وابـووە کە هەمیشە شاعیران و ئـەدیبان و چیرۆکنوسـەکانی کورد رۆڵێکی باشیان هـەبوە لـە زیندووهێشتنەوەی گیـانی بـەرگری لـەلای کـورد و هـاندانی خـەڵك بـۆ سـوربوون لەسـەر خـەبات و داواکردنـی مافـەکانی خۆیـان، ئێمـە بـە شانازییەوە دەتوانـین بڵێـین: کـە ئەدەبێکی بەرەنگاری دەوڵەمەندمان هەیە.

گ/ لـەدوای ڕاپەڕینـەوە بـواری ڕۆژنامەگـەری کوردی چەندە چۆتە پێشەوە هەرچەندە وەك ژمارە زۆرە بـەڵام وەك جۆر ئـەو سـەرکەوتنەی بەدەسـت نەهێناوە بەڕێزتان دەڵێن چی؟

■ زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاجیا لە باش و خراپ و مام ناوەندی لە سلێمانی و هەولێر و دهـۆك دەردەچێت. بـە ڕاستی ئـەوە جێگـەی خۆشـحاڵیە کـە دەبێتـە هـۆی

**من قەرزاری نەجمەدین مـەلام چونکـە زمـانی فارسـی لـەلای ئەو فێربووم.**

***

**هیچ گـەلێك لـەم دنیایـەدا نـەماوە کەبەڕەگـەز خـاوێن بێـت، بـەڵکو تێکـەڵ بـووە لەگەڵ نەتەوەی ترا.**

***

**مـن ڕام وابـووە کەهەمیشـە شـــاعیران و ئـــەدیبان و چیرۆکنووسەکانی کورد رۆڵێکی باشیان هـەبووە لـە زینـدوو هێشتنەوەی گیـانی بـەرگری لەلای کورد.**

پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی راگەیاندن لە بواری رۆژنامەنووسیدا، لەبواری تەلەفزیۆندا، لەبواری رادیۆدا، لەپاش چەند ساڵێك دەوڵەمەند دەبن، وەك میللەتانی تر، بۆ نمونە وڵاتانی عەرەبی بهێننە بەرچاوی خۆتان؛ و بۆ نمونەش لوبنان لە سی چل ساڵی رابوردوودا چەند رۆڵی گێڕاوە لە پەروەردەکردنی کادری راگەیاندندا، بۆ نمونە هەریەك لەو رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆیانە بگرن لە سەرتاسەری دنیادا کەمیان هەیە کە کادرێکی بەتوانای لوبنانی تیادا نەبێت، من ئومێدەوارم لەلای ئێمەش ئاوها بێت، من پێم وایە دیاردەیەکی باشە و دیاردەیەکی خراپ نیە، لەوانەیە خەڵکی بەلایەوە خراپ بێت کە ئەو هەموو رۆژنامەیە دەردەچێت. هەروەك چۆن لە کۆندا لە گوندێکدا نەخۆشخانە نەبووە کۆمەڵێك منداڵی تیادا ژیاوە، هەندێکیان نەخۆش بوون، و هەندێکیان لەش ساغ بوون، ئەوانەی نەخۆش بوون مردوون و لەنێوچوون و تەنها لەش ساغەکان ماونەتەوە، هەمان شت لە بواری رۆژنامەوانیدا ئەوانەی لاواز و سیخن بن وردە وردە نامێنن و ئەوانەی لەش ساغن دەمێننەوە و درێژە بە کارەکانیان دەدەن و من تەمەنای تەمەن درێژی بۆ هەموویان دەخوازم.

گ/ پیشنیازتان بۆ گۆڤاری گەلاوێژی‌نوێ چییە؟

■ بەڕاستی ئێستا من ناتوانم هەڵسەنگاندنێکی راست و دروستی هەمو لایەنەکانی بکەم، بەڵام بە گشتی بە گۆڤارێکی زۆر باشی دەزانم و ئومێدیشم وایە باشتریش ببێت، بەڵام چونکە زۆر دەردەچێت، ئینسان فریای ناکەوێت هەرچەندە من لەگەڵ دنیای ئەدەبدا زۆر پەیوەندیم نەماوە و سەرقاڵی شتی ترم.

گ/ چ پرۆژەیەکی رۆشنبیری لە یادی کاك نەوشیرواندا هەیە کە تا ئەمڕۆ ئەنجام نەدرابێت؟

■ ئەمساڵ من کە هاتمەوە زۆرم حەزدەکرد کە (فەرهەنگ سەرا)یەك دابمەزرێنم وەك ئەوەی کە ئێرانی پێی دەڵێن، ئیشی تیادا بکەم و پوختەی رۆشنبیرانی کورد لە چوارچێوەیدا کۆببێتەوە بۆ یارمەتی‌دانی، دامەزراوێك بێت بە کەمترین ژمارەی کارمەندی زۆرترین بەرهەمی بەسودی هەبێت بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەم توانیوە.

گ/ کاك نەوشیروان تۆ پێت وایە رۆژنامەنووسی موحتەریف لەناو کوردا دروست بووبێت؟

■ بەڵێ کۆمەڵێك لەو لاوانەی کە لە دەزگاکانی ئێوە ئیش دەکەن هیچ کارێکیان نیە جگە لە نوسین، بەشێکیان لەوانەی کە لە دەزگاکانی یەکێتی‌دا کاردەکەن لە کوردستانی نوێ‌دا رۆژنامەوانن و هیچ کارێکی تریان نیە، من پێم وایە ئێستا دروست بووە، بەڵام خوانەخواستە ئەم هەلومەرجە گۆڕا چی ئەبێت ئەوە ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم.

گ/ گەر بەڕێزتان ئیمتیازی گۆڤارێك وەربگرن حەزدەکەن سیاسی بێت یاخود ئەدەبی؟

■ ئەوی راستی بێت بیرم لێ‌نەکردۆتەوە، بەڵام ئەو گۆڤارانەی کە یەکێتی دەریاندەکات بە هی خۆمیان دەزانم.

**کتێبی ئەم جارە**

**ئامادەکردنی /حسین نێرگسە جاڕی**

# جوگرافیای تأریخی (کوردستان)

ئەم کتێبە لە نوسینی مامۆستا ((جلال الدین شافعی کورد))ە، بە (١٠٢١)لاپەڕەلە تاران و ساڵی ١٩٩٩چاپ کراوە. وەك لە ناوی کتێبەکەوە دەرئەکەوێت نووسەر لە بنەماو ڕێچکە مێژووییەکانەوە باسی جوگرافیای پارێزگای ((کوردستان-سنە)) دەکات وەك جوگرافیای سروشتیو ئابووری و دیموگرافیو...

پارێزگای ((کوردستان)) ناوچەیەکی ئێجگار بەربلاوە، هاو سنورە لەگەڵ ناوچەی ئێمە، لەگشت رووداوە کانی مێژووی دورو نزیکدا هاوبەشینو پێکدائالاوین، من شارەزا بوونی خوێنەران لەم بەشەی کوردستان بە پێوست دەزانم، بە تایبەتی ئەم کتێبە زانیارییەکی چڕوپڕی خستۆتە بەردەم خوێنەران، منیش بە کورتی باسی ئەو کتێبە دەکەم.

ئەم کتێبە لە مێژوو (وە) دەروات بۆ نەك تەنها جوگرافیا؛ بەڵکو هەمو شتێك لە بارەی سروشتو بەرهەمی ئابووری، کەشو هەوا، باری خوێندەوارییو ڕۆشنبیری، شوێنە وارە دێرینەکانو دانیشتوانو دەیان دیاردەی ژیان، مەودای ئەم کتێبە پارێزگەی (کوردستان)ەو لە چەندین شوێنیشدا بە ناوچەکانی باشوری کوردستانیشەوە پەیوەندی دەکاتەوە. بۆ دیاریی کردنو نەخشاندنی خاکی (ماد)بە ناوە ڕۆی ڕووبارو چەمەکان پشت دەبەستێت کە بە (١٢)ناوچەدا تێدەبڕن، ئەم دوازدە ناوچەیە گشت پارچەکانی کوردستان دەگرنەوە.

مامۆستا جەلال الدین ڕەنجێکی فەرهادانەی کێشاوەو؛ ئێجگار ماندوو بووە، سەری بەکۆشی (٥٠)سەرچاوەی گرنگی مێژوویی عەرەبی و فارسیو کوردیدا کردووە، سەردانی قورئانی پیرۆز و گوتەکانی پێغەمبەر وتەفسیرەکانی قورئانو مێژوو نوسە ئیسلامیەکانی کردووە، ئەمەیش بۆ


**سەلماندنو مکۆمکردنی:-**

- نەتەوەی کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە.
- لە دوای تۆفانی گەورەی مێژوو، کەشتی (نوح) پێغەمبەر لە کوردستاندا لەسەر چیای (جودی) وەستاوە ئەمەش لە قورئاندا باسکراوە.
- لە قورئاندا گەلی کورد بە ئازاو کۆڵنەدەر باسکراوە، ئەمەیش بە ئایەتی :- ((قل للمخلفین من الاعراب ستدعون الی قوم أولی بأس شدید))، بۆ ڕاڤە کردنی ئەم ئایەتە پشتی بەراو بۆچوونی دوو قورئان زانی بەناوبانگ بەستووە:- تفسیری ابن کثیر / نووسینی عمادالدین الدمشقی، تفسیری روح المعان

نوسینی محمودالآلوس، بێجگە لە مانەیش گوتەیەکی پێغەمبەری هێناوەکە دەڵێت مەبەست لەو قەومە نەتەوەی کوردەو بە (البارزون)ناویان دەبات.

■ سروشتی خۆرسکی ( مرۆڤ بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی لەسەر پاکی و سەرشۆڕنەکردن بۆزوڵم و ستەم بووە.

■ نزیکەی (١١)هەزار ساڵ لەمەو پێش لە خاکی پاکی موکریاندا زەردەشت پێغەمبەر لەلایەن یەزدانەوە بۆ گەلی کورد ڕەوانە کراوە، وەك قورئان دەڵێت :_ ((ومامن أمة الاخلافيها نذير)). چەندین ئایەتو فەرمودەی تری پێغەمبەر لەم بوارەدا باس دەکات. نوسەری هێژا رای وایە کە وشەی (کوردستان)بە شێوەیەکی ڕەسمیی لە نیوەی سەدەی شەشەمی کۆچی (٦٥٠ك)وە بەکار هاتووە، پایەختی (کوردستانی) ئەو سەردەمە شاری (بەهار)بووە لە نزیك (هەمەدان)، پاشان سوڵتان (ئۆلجایتو)ی مەغۆلی شاری (سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ))ی لە نزیك کێوی بە ناوبانگی (بێستوون)ی کرد بە دووەمین پایەختی کوردستان. ابن المستوفی لە کتێبی ((نزهت القلوب) دا ناوی (١٦)ناوچەی کوردستانی هێناوە کە ئەمانەن:- ئالانی -ئەلەشتەر-بەهار -خوفتیان-دەربەندی تاج خاتوون-دەربەندی زەنگی- دەزبیل-دەینەوەر- سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ-شارەزوور- کرماشان- کەرەندو خۆشان-گەنگاوەر-مایدەشت- تاقەوستام-بیستوون،پاشان نوسەری بەڕێز




بەدرێژیی باسی شوێنە مێژوییو کەشوهەواو ئابووری هەریەك لەو شوێنانە دەکات، من بە نموونەو بەکورتی تەنها باسی شارەزوور دەهێنمەوە:- شارێکی کۆنی کوردستان بووە لە ناوچەیەکی بەرینی(٢٣٢٠)کم٢،خاکی بە پیتو ئاوو هەوای خۆشە، سنوورەکانی باسکردووە، ئەڵێن:- شاری شارەزوور بە فەرمانی قوبادی ساسانی دروست کراوە، شاری شارەزور لەگەڵ گوندەکانی ((یاسین تەپە))و (بەکر ئاوا)ی ئێستادا دەگونجێت. (هرقل)ی پاشای ڕۆمان لە سێیەمین شەڕی لەگەڵ ئێراندا (ساڵی ٦٢٨ز)بەناوچەی شارەزووردا تێپەڕیووە، خەڵکی زۆری کوشتووە، دێهاتی زۆری سوتاندووە. شارەزور بە هۆی دووری لە ناوەندی دەوڵەتی ئیسلامەوە؛ بنکەو مەکۆی یاخیان بووە لە دەوڵەت وەك:- خەوارجو خورەمیەکانو...، ماوەیەکیش شارەزور لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی کوردی ·حەسنوی)دا بووە،

لەسەرەتای سەدەی (١٨ز)دا تورکانی عوسمانی (ئەیالەت)ی شارەزووریان لەم ناوچانەپێکهێنا:- ناوچەکانی کەرکوکو هەولێرو چەندینی تر، ئەهلی حەق دەڵێن کە ڕۆژی قیامەت لە دەشتی شارەزووردا بەرپا دەبێت.

پاشان نووسەر بەدرێژیی باسی گرنگی هەڵکەوتی جوگرافی شارەزووردەکاتو دەڵێت:- خێڵ و سەرۆك خێڵەکوردەکانی ئەم ناوچەیە لە پێکهێنانو دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد) ا ڕۆڵێکی گەورەو

کاریگەریان بووە، جوگرافیا نووسەئیسلامیەکان شارەزوریان بە ((قەرەمیسین)ناوبردووە، لە پاش سەدەی (١٠ن) ناوچەی کرماشانیان بە (قەرەمیسین)ناو بردووە.

## سنوری پارێزگەی کوردستان

نوسەری هێژا بەدرێژایی باسی سنوری کوردستانی گەورە دەکات و ئەڵێت روبەری دەگاتە (٤٠٩٦٥٠) کم چوارگۆشە، بەتەنیا لە چەندین وڵاتی ئەوروپا بەرین ترە، لێرەدا هەڵبەستێکی حاجی قادری نەمر دەهێنێتەوە کە باسی سنووری کوردستانی گەورە دەکات و دەڵێت:

کوردە! دەزانی لە کۆساکنە خزمانی تۆ
گوێ گرە بۆ تۆ بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
هەتا دەڵێت:

ئەهواز و کێوی حەمرین، -ژنگار و رێی (نەسیبین)
بۆ سەرحەدی جنوبە رەوضە یی رضوانی تۆ
حاجی درۆیە ئەسڵەن نفوسیان نەنوسرا
دەکاتە بیست ملیون بنوسرێ قەومانی تۆ

پاشان گوتەیەکی رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (فاسیل نکیتین) دەهێنێت کە لە کتێبی (کورد و کوردستان) دا دەڵێت: کوردستان سەرزەویەکی یەکپارچەی پێکەوەنوساوە، کە لە دەریای رەشەوە هەتا کەنداوی فارس و رێك کێشراوە، نیشتمانی گەل و نەتەوەیەکی هاوخوێن و هاونەژادە، کە بەسەر دەوڵەتانی تورکیا – عێراق – ئێراندا دابەشکراون بەم شێوەی خوارەوە:

لە (١٩٪) ی گشت روبەری زەوی هەرسێ دەوڵەتەکە و لە (٢٤٪) ی گشت دانیشتوانیان کوردن، لە ناوچە سنوریەکانی سوریا و سۆڤیەتیشدا (٢٥٠–٢٦٠) هەزار کوردیان تیا دەژین.

پاشان لە بارەی ژمارەی کوردەوە تەنها لە پارێزگای فارس دا و لە رۆژگاری خەلافەتی (مأمونی عەباسیدا) کە نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەکات؛ ژمارەی کوردان بە چەند ملیۆنێك دەخەملێنێت، ئەم بۆچوونەیش لە کتێبی: (التمدن الاسلامی / ج٢ ص ٤٧–٤٨) داهاتووە.

لەبارەی سنوور و ژمارەی کوردانەوە چەندین را و بۆچونی مێژوونوسان و رۆژهەڵاتناسان دەهێنێتەوە وەك:

– زانای گەورەی کورد ایةالله مردوخ لە کتێبی (کوردو کوردستان) دا.
– ئەدمونز لە کتێبی (کورد، تورك، عەرەب) دا.
– ئەنسکلوبیدیای بەریتانی.
– دائره معارف قرن العشرین و قاموس الأعلام.
– ئەنسکلوبیدیای گەورەی سۆڤیەتی.

نووسەری بەرێز مێژووی کوردان دەگێرێتەوە بۆ زیاتر لە (١٠–١١) هەزار ساڵ پێش زاین و دەڵێت:

((وەك کتێبە مێژووییی و ئاینی و ئاوێستای زەردەشت و شانامە و دەیان بەڵگەی مرۆڤناسی و ئەنتیکەناسی و شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستان شاهیدی ئەدەن و بە زمانی بێ زمانیان هاوار دەکەن: رەگەز و نەوتەوەی کورد زیاتر لە (١٠–١١) هەزار ساڵ لەمەوپێش لەسەر خاکی کوردستان ژیاوە)).

لە باسی مێژووی کورد و زەردەشتی پێغەمبەرەوە چەندین دەق و پەرەگراف لە کتێبی زانای بەناوبانگی ئێرانی (عماد الدینی دەوڵتشاهی بەناوی جوغرافیای خۆرئاوای ئێرانە) وە دەهێنێت و لێیان دەکۆڵێتەوە، و باسی زمانی ئاوێستا دەکات، ئەو بۆچوونانە رەت دەکاتەوە کە دەڵێن زمانی ئاوێستا ئاسەواری نەماوە، لەم بارەوە دەڵێت:

وشەکانی ئاوێستا لە ناوچەکانی کوردستان؛ بەتایبەتی لە مەڵبەندی کرماشان بەچاکی و روونی لێی ئەگەن، وە لەگەڵ وشەی کوردی ئێستادا یەکدەگرنەوە، پاشان نووسەر دەڵێت:

"من کوردێکی سۆرانیم بە جوانی لە زۆرتری وشەکانی ئاوێستا تێئەگەم، بەمجۆرە گومان لەوەدا نیە کە زمانی کوردی ئاوێستایی دایکی گشت زمان و لەهجە بەربلاوە جۆربەجۆرەکانی کوردی گشت کوردستانی (ئێران – تورکیە – سوریە – شۆرەوی – عێراق)ە.

لە باسی هاتنی زردەشتدا و پشت بەستن بە کتێبی ناوبراو بەچڕو پڕی نووسیوە:- لەقەراخ گۆمی ورمێ پێغەمبەرێکی گەورەو مەزن لەلایەن خودای تاکەوە بە پێغەمبەر هەڵبژێردرا و بۆ شارەزایی و رابەری گەلی کورد رەوانە کرا، زەردەشت پشتیوانی هەزاران و دوژمنی زۆرداران بوو، پاشان بەرەو کوردستانی ناوەند کۆچی کردو هاتە سەر کێوی (ئاوێدەر) لە خۆرئاوای شاری سنە، پاشان لێرەیش کۆچی کرد بۆ کوردستانی کرماشانی ئێستا، لەسەر چیای هەجیر (خۆرهەڵاتی ناوچەی سنە و باکووری خۆرهەلاتی کرماشان).

لێرەدا سێیەمین سروشی – وحی – نهێنی بۆ هات و ئاینی بە بایەخی تاکپەرستی و برایەتی و یەکیەتی بۆ کوردان دامەرزاند، ئەم ناوچەیە هەتا ئێستایش بە (دینەوەر) و (جەیجونئاوا) ناودێرکراوە.

لە بەشێکی تری کتێبەکەدا نوسەری دڵسۆز و هێژا چەندین (ناوی) بەناوبانگی مێژوویی هێناوە کە بە هەڵە یان بە نیازی خراپ شێوێندراون و دەڵێت:

مێژوونوسان بەهۆی ئەوەی کە زمانی کوردیان نەزانیوە، ناوی هەرێم و کێو و شارو شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستانیان نەناسیوە، هاوشکڵی و هاودەنگی ناوەکان بۆتە هۆی شێواندنیان، بە نموونە: زابان و زابانی: بۆ خەڵکی نێوان زێی گەورە و زێی بچوک لە کوردستانی عێراقدا بەکارهاتووە کە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، بەڵام ئەم وشەیە بووە بە (زابل و زابلی) لە ناوچەی سیستان.

لە بارەی زمانی کوردی و دیالیکت و لەهجەکانیەوە دەڵێت:

بە رابەری کۆمەڵی زماننانسی کۆلیجی ئەدەبیات و علومی ئینسانی زانکۆی تاران زمانی کوردی بە پێنج زاراوە (لەهجە و شاخە) دابەش دەبێت:

١-کرمانجی باکوور: لەم مەڵبەندانەدا قسەی پێدەکرێت: (ماکۆ، ورمێ، خۆی سەڵماس –شکاك – هەرکی – جەلالی – قۆچان و کوردانی خۆراسان، کوردستانی تورکیا، مەڵبەندەکانی سوریا و باکوور و خۆرئاوای کوردستانی عێراق و ئەردەن و شۆرەوی.

٢-گۆرانی: ناوچەکانی هەورامان لە پارێزگەکانی کوردستان، کرماشان، دینەوەر، زەنگەنە، سیامنسور، شێخان لە کوردستانی ئێران و عێراق، کوردان لە ئەفغانستان.

٣-کرمانجی باشوور یان سۆرانی: (مهاباد، موکریان، منگوڕ، مامش، شنۆ، سەردەشت، پیرانشار، نەغەدە، بانە، بۆکان، سەقز تیکاب و دیواندەرە، مەریوان، سنە، کامیاران، جوانرۆ، پارێزگاکانی هەولێر، کەرکوك، سلێمانی لە کوردستانی عێراق.

٤-لەکی و کەلهوڕی: ئەم ناوچانە بەم لەهجەیە ئەدوێن: پارێزگەی کرماشان، ناوچەکانی خانەقین، مەندەلی، بەدرە، ناوچەی کوت لە عێراق، قوڕوە، ئەسەدئاباد، برێك لە ناوچەی بیجاڕ.

٥-لوڕی: لە دوو لەهجە پێکهاتووە:

أ-لەهجەی بەختیاری لە ناوچەکانی: (پشتکۆ، شاری کورد، چوارمحال و ناوچەکانی تری بەختیاری.

ب-زاراوەی فەیلی: مەڵبەندەکانی ئیلام، خورەمئاباد، پارێزگەی لوڕستان.

لە باسی ئاین و مەزهەبدا نووسەر لەو بڕوایەدایە کە (غەیرە موسوڵمانەکانی پارێزگەی کوردستان هیچکامیان کوردنین). لەبەرئەوەی دانیشتوانی پارێزگەی کوردستان سوننی مەزهەبن، بۆیە نوسەری هێژا بەدرێژیی و چڕ و پڕی ژیاننامە و راوبۆچوونەکانی چوار پێشەوا _امام)ە کەی سوننی باس دەکات (شافعی، حەنەفی، مالکی، حەنبەلی).

من بەش بە حاڵی خۆم ئەم کتێبە پڕبایەخە بە ئنسکلوبیدیای پارێزگەی کوردستانی دەزانم و هەروایشە، چونکە لەبارەی هەموو شتێکی ئەم بەشەی کوردستانەوە ئەدوێت:

(جوگرافیای سروشت، ئیداری، ئابووری، دیاردە سروشتیەکان، هەڵکەوتوان و بەهرەمەندانی ئەم ناوچەیە، دەیان و سەدان دیاردە و ناو و بەسەرهاتەکانی مێژوو، داب و نەریتی ناوچەکان، کارەساتە سروشتیەکانی وەك بوومەلەرزە، لافاو، گڕکان..

بەندە بەونیازەی خوێنەرانی ئازیز هەتا رادەیەك شارەزای ئەم بەشەی کوردستان بن؛ زۆر بە کورتی کۆمەڵێك زانیاریی لەبارەی ئابووری و دانیشتوان و جوگرافیای سروشتی دەخەمە پێشچاو.

- ئەم پارێزگەیە دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٣٤-٤٣ ی باکوور.
- رووبەری بە گشتی (٢٩٣٨٥) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
- لای باشووری کوردستانی عێراق و پارێزگەی کرماشانە، لای خۆرهەڵاتی پارێزگەی (زەنجان) و (هەمەدان)ە، لای باکووریشی پارێزگەی (ئازەربایجانی خۆرئاوا) و بەشێك لە پارێزگەی (زەنجان)ە.

خشتەی ژمارە (١) رووبەری شارەکانی پارێزگەی کوردستانە بەپێی تازەترین ئامار و هێڵکاریی.

| ناوی شار | رووبەر/کیلۆمەتری چوارگۆشە |
|---|---|
| سنە | ٨٠٤٣ |
| بیجار | ٦٢٠٠ |
| سەقز | ٥١٢١ |
| قوروە | ٤٣٤٣ |
| مەریوان | ٤٣٣١ |
| بانە | ١٣٤٧ |

ئەم پارێزگەیە مەڵبەندێکی چڕو کوێستانە، بە چیای سەخت و پڕ لە چەم و لەوەڕگا تەنراوە، نوسەری هێژا چیاکانی کردووە بە چەند بەشێکی سەرەکیی بەپێێ ناوچەکان و نزیکیان لە شارەکانەوە، ئەم زنجیرە کێوانە بەشێکن لە زنجیرە چیای (زاگرۆس)، ئەم زنجیرە کێوە بە سام و پڕنەخش و نیگارانە بە شارەکانی: ماکۆ، خۆی، سەڵماس، ورمێ، شنۆ، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان و سەردەشتەوە پەیوەند ئەبن و دەگەنەوە بە ناوچەی سەقز و بانە.

لە باسی کەش و هەوای کوردستاندا بەدرێژیی باسی (٤) کۆمەڵ شەپۆلە هەوای سارد و گەرم و شێدار دەکات کە رودەکەنە ناوچەکە وەك (بە نمونە) شەپۆلە هەوایەك کە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و دەریاری ناوەڕاستەوە کاردەکەنە سەر کەشی ناوچەکە.

لە باسی لەوەڕگەو بژێودا، دەیان جۆر باس دەکات کە جێگایەکی باش دەگرن لە بژێوی خەڵك و ئاژەڵیاندا، پاشان سەرجەم رووبەری لێرەوار و لەوەڕگەی پارێزگەی کوردستان بەپێی شارەکان بە هێکتار دەخاتە روو، وەك خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی ژمارە (٢)

| شارەکان | رووبەری لەوەڕ/هێکتار | چاك | نە چاك نە خراپ | خراپ | تێکڕا/هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|
| سنە | ٧٨٠٠٠ | ١٩٨٠٠ | ١٠٧٨٠٠ | ٩٢٤٠٠ | ٢٢٠٠٠٠ |
| کامیران | لە کتێبەکەدا نەنوسراوە | | | | |
| سەقز | ٧٠٠٠ | ٢٩٧٠٠ | ١٦١٧٠٠ | ١٣٨٦٠٠ | ٣٢٠٠٠٠ |
| بانە | ٥٠٠٠٠ | ٥٠٤٠ | ٢٧٤٤٠ | ٢٣٥٢٠ | ٥٦٠٠٠ |
| بیجاڕ | | ٢١٩٦٠ | ١١٩٥٦٠ | ١٠٢٤٨٠ | ٢٤٤٠٠٠ |
| مەریوان | ١٨٥٠٠٠ | ١٢٦٠٠ | ٦٨٦٠٠ | ٥٨٨٠٠ | ٩٢٩٠ |
| نەنوسراوە دەبێت قوروە بێت | | ١٨٩٠٠ | ١٠٢٩٠٠ | ٨٨٢٠٠ | ٢١٠٠٠٠ |

لــــەبارەی زەویناســــی و جیۆلۆجیــــدا، زەوی کوردستان دەکات بە چوار بەشی ســەرەکیەوە، هـەر بەشـە بە چـەندین خەسـڵەتی تایبـەت و هاویـەش لەگەڵ بەشەکانی تری ناوچەکەدا دەبەستێتەوە.

پاشـان باسـی رووداوی زەویلـەرزەو گرکانـەکان بەدرێژی دەکات بە (٤) بەشی سەرەکیی:

١—زۆر وێرانکـەر: بەشـی خـوارووی شـاری بانـە، بەشێکی گرنگ لە ناوچەی مـەریوان و شـاری سنە و کامیران و ناوچەیەکی شاری بیجار.

٢—بـەهێزی ناوێرانکـەر: ناوچـەکانی بـاکووری نـاوەندو باشووری خۆرئـاوای مـەریوان، خۆرهـەڵاتی شاری قۆروە.

٣—بێهێز: ناوچەکانی باشووری شارستانی بانـە، باکووری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی مەریوان و ناوچەکانی خۆرئاوای شاری سنە.

٤—بە چـاکی هەستیپێدکرێت: هـەندێك ناوچـەی کامـیران و باشـووری سـەقز بـەرەو بۆکـان، بـاکووری سنە و چەندین ناوچەکانی تر.

سـەبارەت بـە گرکـان: لـە پارێزگـەی کوردسـتاندا گرکانی چ هەڵچوو، چ دامرکاو وجودی نیە.

لـە باسـی ئـابووری پارێزگـەی کوردسـتان زۆر بـە چرو پڕی باسی داهات و سەرچاوەی بژێـوی دەکـات، بـەڵام تەنـها باسـی ئـابووری کشـتوکاڵ دەکـات و بـە بــواره ئابوورییــەکانی تــری وەك پیشەســازیی و بازرگانی و... پەیوەندی ناکاتەوە.

لە باسی رەوشی مولکداری کشتوکاڵیدا دەڵێت لە سەردەمی شادا بـۆ دامرکـاندنی رقـی خـەڵك؛ یاسـای ریفۆرمی کشت و کاڵ پیادەئەکرا، بەڵام ئـەم یاسـایە بێجگـە لـە فریـودان و چاوبەسـتکردن چیـدی نـەبوو، چونکـە زەویـە بـە پیـت و بـەراوەکانی بـەناوی مولکایەتی تایبەتەوە لە ئاغاکانی نەسەندەوە، زەویە رەقەن و بەردەڵانەکانیش بە پارەیەکی زۆر فرۆشتی بە جوتیاران.

باسی ئەوەیش دەکات کە ناوچەی کورسـتان بـێ بەشە لە پێشەسازیی گەورە، خەڵك بە ناچاریی و بـۆ دابین کردنی ژیانیان بۆ ناوچـەکانی تـری ئـێران رەو دەکەن.

لە شوێنێکی تردا باس لـەوە دەکـات کـە ئامـاری رەسمی و تۆکمەی بەدەستەوە نیە لە بارەی رەوشی ئابووری و کشت و کاڵ بەتایبەتی، بەڵام لە شوێنێکی تـردا سـەرجەمی زەوی کشـت و کـاڵی لـە پارێزگــەی کوردسـتاندا بـەپێی ئامـارێکی رەسمـی بـە (٩١٦٩٢) هێکتـار زەوی بـەراو (وە) (٤٦٦٦٩٥) هێکتـار زەوی دێم لەقەڵەم ئەدا.

سـەبارەت بـە پیـت و بڕشـتی خـاکی پارێزگـەی کوردستانەوە دەڵێت: بەپێی ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەی دەزگا تایبەتەکانی خاکناسیی، کوردستان دەکات بە دوو ناوچەی سەرەکی:

١—بەشی خۆرهــەڵات کـە شـارەکانی بیجـار — قـۆروە — دیوانـدەرە — ناوچـەی لـەیلاخ و دیگـولان دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە خاوەنی دەشتانێکی پان و بـەرین و بـە بڕشـت و بـەخێر و بەرکـەت و چاکـاترین خاکی کشت و کاڵیی کوردستانن.

٢—بەشی خۆرئاوا لە ناوچەکانی سەقز — بانـە — مەریوان و بەشێکی ناوچەی سنە، ئەم ناوچانە لەوەڕ خۆشـــترین و ئـــاوزۆرترین و بـــە بەرهەمـــەترین کوێستانەکانی ناوچـەی پارێزگـەی کوردسـتانن. بـۆ ئـــاژەڵداری — باخـــەوانی — بەرهـــەمی روەکـــی پیشەسازی و دەرمـانی وەك: گوڵەبـەڕۆژە — کـەتیرە = سـلمە — ئەسـپون — بنێشـت — توتـن... بـەڵام زەویـەکانی ئـەم بەشـە پیـت و ڕێژەنیـان کـەمترە، ئەمــەیش بــەهۆی لێــژی و ســەختی و رووتانــەوەی (تعریــة) زەوی. ئافــات و زیــانی نەخۆشـــیەکانی کشتوکاڵ ساڵانە بە (٣٠٪ —٥٠٪) دەخەمڵێت.

لە شوێنێکی تردا نووسەر دەڵێت: بەداخەوە هەتا ئێسـتا لـە پارێزگـەی کوردسـتاندا لێکۆڵینـــەوە و (ئامارگـیریی) نـەکراوە بۆئـەوەی لـە زەوی سـوودی باشتر وەربگیرێت و بەرهەمیان بـە ڕێـژەن تـر بێـت و ئافەت و بەڵایان لەسەر نەمێنێت.

لـه هـەمان کاتیشـدا خۆشـبەختانە سیسـتـمی دەرەبەگایـەتی و (ئاغا و رەعیـەتی) لـە مەڵبـەندی کوردستاندا باری کردو نەما، خەڵکی گوندەکان بوونە خاوەنی بەشە زەوی خۆیان، بەڵام ئێستاش کێـڵان و بـەکارهێنانی زەوی بێجگـە لـە تراکتـۆر و کومبـاین و خەرمان کوت؛ زۆرتر بەشێوەی کۆن بەڕێوەدەبرێت.

دانەوێڵە بەتایبەتی گـەنم و جۆ و نـۆك گرنگـترین بەرهەمی ئەم مەڵبەندەیە، ساڵانە بەشێکی زۆری زیاد لـە پێویست دەچێتـە دەرەوەی پارێزگـە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ ز دا پارێزگـەی کوردسـتان لـەنێو گشـت پارێزگەکانی ئێراندا پلەی دووەمی بەدەست هێنا.

بەپێێ ئاماری رەسمی لە ساڵی ١٩٨٦ دا ژمارەی دانیشتوانی تێکڕای پارێزگە (١٠١٩٠٤٦و١) کەس بووە، بۆ هـەر یـەکێك سـاڵانە ئەگـەر (١٤٥) کیلـۆ گـەنم بەکاربـهێنێت، ئـەوا رۆشـن دەبێـت بەرهـەمی گـەنم چەندە، لەکاتێکدا زۆریـەی جوتیـاران نـان و تـۆم لـە گەنمی خۆیان دائەنێن و کەمتر لە گـەنمی چاککراوی دەوڵەت بەهرەمەند ئەبن.

گـەورەترین کڕیـاری گـەنم دەوڵەتـە، ئـەو نرخـی لەسەر دائەنێت، بـەپێی ئامـاری رەسمی لـە سـاڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) دا (٢٠٠و٤٥٣) تـەن گـەنم هاتوتـە بەرهـەم، لـە شـارەکانی سنە - سـەقز - بیجـار - قوڕەوەدا سایلۆی تایبەت هەیە.

برنج: بەرهەمی برنج لە پارێزگەی کوردسـتاندا لـە جۆری (گردە) یـە و بە رادەیـەکی کـەم دێتـە نـاو، بەرهەمی ساڵانەی نزیکەی (٢٨) تەنە، کە (٦) یان لە دێی (حەسەنئاوا) ی نزیك شاری سنەو (٢٢) تەنیشی لە ناوچەی مەریواندا وەبەرهەم دێت.

پـاش باسـکردنی سـامان و داهـاتی پارێزگـەی کوردسـتان، نوسـەر دێتـە سـەر باسـی گونـد و شـارو شارۆچکەی پارێزگە، گشت ناحیە و قەزا یەك بە جیـا هەموو شتێکی باس دەکات، باسی هەمو گوندێـك - زنجیرە کێوێك - داهاتیان- ژمارەی دانیشتوانیان - شوێنەوار و کۆنینەو ئاین و مەزهەبیان دەکات، باسی (٣٦) حکومەتی ئەردەڵانیـەکان بـە درێژیـی دەکـات، پاشان بە درێژیی و چڕوپڕی باسـی فـەقێ ئەحمـەدی دارەشمانە و نەوەکانی دەکات.

بـەکورتی ئـەم کتێبـە سـەرچاوەیەکی ئێجگـار بایـەخدارە بـۆ شـارەزابوون لـە بەشـێکی گرنگـی کۆمەڵگای کوردەواری کە پارێزگەی (کوردستان)ە.

بـۆ پسـپۆڕانی ئێسـتا و ئـایندەی گـەلی کـورد لـە بوارەکـانی جوغرافیـا و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و مێژوودا سەرچاوەیەکی ئێجگار بەنرخـە، بوونـی ئـەم کتێبە لە زانکۆ و کۆلێج و کتێبخانـە گشـتیەکاندا زۆر پێویستە.

لەگـەڵ ئەمانەیشـدا بـەندە چـەند خۆزگـە و تێبینیـەکم هەیـە کـە لـە دامێنـی کێـوی ئـەو رەنجـە پڕماندووبونەدا ئێجگار گچکەن:

١-کتێبێك بەو قەوارەیە دەبوو بە چەندین وێنەی سروشت و شوێنەوار و کەڵەپیاوان و بـە نەخشـەی - لانیکـەمی- ئیـدارات بنەخشـایە، بـەڵام پێـبزانم و هێنـدەی ئاگـاداریم نـەبوونی وێنـە و نەخشـەبووە بـە داب و نەریتێك لـە زۆریـەی ئـەو کتێبانـەدا کـە چـەند ساڵێکە لـە ئـێران دەرئـەچن، لـەکاتێکدا بوونـی ئـەو شتانە لە جیهاندا بەشێکی گرنگن لە خودی کتێبەکە، هیواداریـن بـۆ چـاپی دووەم ئـــەم کەلێنـــەیش پڕبکرێتەوە.

٢-خۆزگە سەیدا و هێژایەکی دیی مامۆستا جـلال الدین ئاسا چاکی لێهەڵکردبا و تەلاری ئنسـکلوبیدیای بـۆ ناوچـەکانی پارێزگـەی کرماشان و ئازەربایجـانی خۆرئـــاوای رۆئـــەنا و کتێبخانـــەی کـــوردی پێدەوڵەمەندتر دەکرد.

٣-بابەتەکانی ئەم کتێبـە چـەندە دەوڵـەمـەندە.. چـەندە چـڕو پڕمانایـە، خۆزگـە باشـتر پۆلێـن و تصنیف دەکران بەتایبەتی بواری ئابووری؛ کە دەبوو بە ئاماری زۆرتر و هەمەجۆرترمکۆم بکرایە، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی نێو خشـتە ئاماریـەکان وردەکاریـان تیانـەکراوە، کـۆی ژمارەکـان هەڵـەیان زۆرە و لـە هـەندێك شـوێندا یەکناگرنـەوە، ئەمـە نـەك بەتەنـها ژمارەی نێو خشتەکان بەڵکەو ژمارەکانی تریش.

نووسینی: کەیوان ئازاد ئەنوەر

# کە بەڵگەنامەکان دێنە زمان

## لە ئەرشیفی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە

**پێشەکی:**

(بەڵگەنامە) کە لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الوثیقة) و لە زماتی ئینگلیزیشدا زاراوەی (Documents) ی بۆ دانراوە، مەبەست لێی ئەو نوسراوانەیە لە "نامە و راپۆرت و بروسکە" کە لە قۆناغێکی مێژوویی و لەسەر باروودۆخێکی تایبەتی دیاریکراو نوسراون. ئەوانەش دەبنە کۆمەڵە بەڵگەیەکی مێژوویی کە راستیەکانی ئەوباروودۆخە تایبەت و قۆناغە مێژووییە روون دەکەنەوە. بە رادەیەك بەدەرکەوتنی بەڵگەنامەکان کە دەبنە سەرچاوەیەکی رەسەن و سەرەکی ئێدی قسەی سەرزار و بیرەوەری لەسەر ئەو قۆناغە مێژووییە ئەو بایەخەی نامێنێ و رۆڵی هەرەگەورە بۆ وەدەرخستنی راستیەکان بە بەڵگەنامەکان دەدرێن.

"کۆماری دیموکراتی کوردستان" یش وەك تاکە ئەزموونێکی سیاسی مێژووی کورد کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی "کۆمار" دا خۆی بببینێتەوە و کورتترین تەمەنی ئەو سیستەمە سیاسیەیی بۆ خۆی چری بێت، زۆری لەسەر نوسراوە و وتراوە. لەسەر ئەو راستیەیی رووداوەکان زۆریان بە سەردا تێنەپەریوە و کەم نین ئەوانەی ئەو رۆژگارە هاوسەردەم و هاوەڵ و خەمخۆر و پێشمەرگەی ئەو کۆمارە ساوا کوردییە بوون. ئەمەو سەرجەم ئەوانەی لەسەر ئەو دەسەڵاتە سیاسیەیان نوسیوە و قسەیان لەسەر کردووە راستی بوون تا ئەو کاتەی " ناوە ... ناوە... یەکێك لێرەو .. یەکێك لەوێ.. بەڵگەنامەیەك .. دووان... سیان .. تاد" یان کە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی کۆمار دۆزیوەتەوە و چنگ کەوتوە دواتر ئەو بەڵگەنامانە بوونە تاقیگەی لێکۆڵینەوە و نوسراو و بیرەوەرییەکان و راستی و ناراستی ئەو نوسین و بیرەوەریانەیان دەرخستوە، بەمەش وردەکاریەکانی ئەو ئەزمونە کوردییەیان روو لە تەواو بوون کردووە و روون کردۆتەوە.[1]

ئەو نوسراوە رەسمیانەی سەردەمی کۆمار کە دواتر بوونە کۆمەڵێك بولگەنامەی گرنگ و کەم وێنەی ئەو قۆناغە مێژووییە و بوونە سەروەرییەکی گەورەی ئەو دەسەڵاتە کوردییە، بەوەی پێشکەوتوویی و بەتوانایی ئەو دەسەڵاتەیان دەرخست، کە لە ماوەی "٣٣٠" رۆژی تەمەنیدا سەرجەم کارو چالاکی و پەیوەندییە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکانی لەسەر بنەمایەکی یاسایی و سیاسی و پێشکەوتوو بەرێوەبردووە. سەرجەم بەڵگەنامە دۆزراوەکانی ئەرشیفی کۆماری دیموکراتی کوردستان راستی ئەو مەسەلانە دەخەنە روو.[2]

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت سەرنجی بخەینە پاڵ و ئاوڕی لێبدەینەوە، چەند بەڵگەنامەیەکی دەگمەنی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەیە، کە لەپاڵ سەدان بەڵگەنامەی تردا لەلایەن دڵسۆزان و تێکۆشەرانی کوردوە پارێزران، تا لە ئایندەدا واقعیەتی ڕۆژانی تەمەنی کۆمار بە ئەمەك و ڕاستییەوە دوور لە شێواندنی مێژوویی ببنە زمان حاڵی سەردەمی کۆمار و وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژگارەی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی بە نەوەکانی ئایندە بگەیەنن. یەکێك لەو کەسایەتیانەی شەرەفی پاراستنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەڵگەنامانەشی بەسەردا بڕا و دڵسۆزانە و کوردانە لە مەرگی فەوتاندن و لەناوچوون ڕزگاری کردن "جینراڵ حەمە ڕەشیدخانی بانە[٣]، بریکاری وەزارەتی جەنگ[٤] و فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری کۆمار بوو[٥].

## پارێزەرانی ئەرشیفی کۆمار:

کۆماری دیموکراتی کوردستان وەك هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، خاوەن ئەرشیفێکی گەلێك دەوڵەمەند بوو، لەگەڵ ئەوەی تەنها یانزە مانگ درێژەی بە دەسەڵات داو لەو ماوەیەشدا بەردەوام لە بەرگریدابوو لە دژی دەوڵەتی ناوەندی تاران و پیلانە نێودەوڵەتیەکان بۆ لێدانی ئەو ئەزموونە کوردییە[٦]. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگ و بایەخدار لە مەترسی لەناوچوون ڕزگاربوون سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی ئەو بەڵگەنامانەی زمانحاڵی سەردەمی کۆماربوون و ئەوانەشی لەبەر ڕۆشنایییاندا ئەم لێکۆڵینەوەیەی لێ دروست کراوە، بۆئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە (جەنراڵ حەمە ڕەشیدخانی بانە) لەدەرئەنجام کۆمەڵە هۆکارێك و جیاوازی بیروڕای سیاسی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی کۆماردا لە مەهابادی پایتەخت[٧] لە "٢ ی ئابی ساڵی ١٩٤٦" وازی لە کۆمار هێناو سنووری ئەو دەسەڵاتەی بەرەو ناوچەی پێنجوین گوندی (دارۆخان) بە جێهێشت[٨]. کە لەگەڵ ئەو کارەیدا سەرجەم نوسراوەکانی سنووری بەرەکەی لەگەڵ برد، لەسەر ئەو بڕوایەی کە "مەترسی لەسەر کۆمار نزیك بۆتەوە و پێویست بوە ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆی ببات تا دەست دوژمن نەکەون و لەلای خۆی بیان پارێزێت و لە ئایندەشدا کۆمەڵی کوردەواری و بێگانەکان بزانن ئەو دەسەڵاتە کوردییە سەروەرییەکی گەورە بوە و ئەویش بۆچی وازی لە کۆمار هێناو سنووری ئەو دەسەڵاتەی لەوکات و ڕۆژەدا بەجێهێشتووە[٩].

ڕاستیەکەشی وابوو، ئەو "٥٥٠" بەڵگەنامەیەی ئەو جەنراڵە کوردە لە فەوتاندن ڕزگاری کردن بوونە گەورەترین سەرچاوەی توێژەرەوەی ئەو ئەزموونە ساوایە و کەم وێنەیەی کورد[١٠]. دیارە فەوتاندنی زۆربەی هەرەزۆری ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی کۆمار لە دەرئەنجام کۆمەڵە هۆکارێك بوو، کە گرنگترینیان ئەو پێشوازییە گەرمەی "میرزا ڕەحمەتی شافعی و شێخ حەسەنی شمس بورهان و عەلی ئاغای ئەمیر عەشار" بوون لە (سەرهەنگ هومایون) ی سەرکردەی سوپای ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆمار لە شاری (میاندواو) لەبەرواری "١٤ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦" کە دواتر ئەو نەریتەش پێشەوا قازی موحەممەدی سەرۆك کۆمار و حاجی بابەشێخ ی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماریان گرتەوە بەوەی لە ڕۆژی "١٦ ی کانوونی یەکەم" ی هەمان ساڵدا چونە پێشوازی هەمان سەرکردەی ئێرانی لە نزیك میاندواو[١١] و دواتر زەمینەی داگیرکردنی شاری مەهاباد ڕەخسا و ئەو هەلەیان بۆ دوژمنی کورد ڕەخساند کە بە وردی بەهۆی دۆستەکانیانەوە بکەونە کۆکردنەوەی نوسراو و نامەی ڕەسمی و بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆمار و زمانحاڵی، تا لە زووترین کاتدا لەناوی بەرن، دەرئەنجامەکەشی وادەرچوو کە پیلانی دوژمنانی بەشێکی گەورەی ئەرشیفەکەشی گرتەوە.

ئەو بەڵگەنامانەی لە فەوتاندن ڕزگاربوون لە (مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦) ەوە تا سەرەتای

نەوەدەکان کە بەرەو دوا رووناکییان بینی شەرەفی گەورە بە کۆمەڵێکی دڵسۆز و تێکۆشەری کورد بەخشرا کە لە سەرووی هەموویانەوە جنراڵ حەمەرەشیدخان لە ساڵانی "١٩٤٦ – ١٩٧٤" رۆڵی گەورە و بەرچاوی لە پاراستنیاندا بینی[١٣].

لە (هاوینی ساڵی ١٩٧٣)، (دکتورە شیرین مستەفا خۆشناو) بوو بە یەکێك لە پارێزەرانی ئەرشیفی کۆمار بەوەی لە سەردانێکدا بۆ گوندی دارۆخان" ١٢ بەڵگەنامەی باوکی خوالێخۆشبووی "شەهید مستەفا خۆشناو" ی لە خودی حەمەرەشیدخان خواست تا لە ئەرشیفی بنەماڵەکەیاندا بیان پارێزێت، دواجار داواکەی پەسند کراو و بەڵگەنامەکانی پێشکەش کرا، کە ساڵانی دواتر ئەو بەڵگەنامانە کەوتنە لای "دکتۆرە پەری مستەفا خۆشناو" و بە ئەمەکەوە پارێزران[١٤]. بەڵام نزیکەی "٥٢٥" بەڵگەنامەی تر لە دەرئەنجام سەردانێکی مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت لە (ئازاری ساڵی ١٩٧٣) بۆ گوندی دارۆخان هەر لەلایەن حەمەڕەشیدخانەوە پێشکەشی کرا[١٥]. تا لە دەرفەتێکی شیاودا بڵاویان بکاتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت[١٦]. هەرچی ئەندامانی بنەماڵەشن "بەختیاری مەجیدخان و بەهنامی مەجیدخان و ئازادی ئەنوەر بەگ، بوونە سێ ئەستێرەی تر و شەرەفی پاراستنی بەشێکی ئەو بەڵگەنامانەو بیرەوەری و یادگارەکانی کۆمار و جنراڵیان بەسەردا برا[١٧]. تا ئەو کاتەی لە دەرفەتەکانی بڵاوکردنەوەیاندا بۆ ئەبەد لە فەوتاندن رزگاربوون.

## ئەزمووونەکەی کۆمار لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەکاندا:

ئەو بەڵگەنامانەی تەوەرەی باسەکەمانن و وا دەخوازن لەبەر رۆشناییياندا ئەزمونەکەی کۆمار تاوتوێ بکرێت. کۆمەڵێك نهێنیان لەخۆگرتوە کە پێدەچێت هەتاکو ئێستا بە زۆریەمان نامۆ بن و وردەکاریەکانی ئەو ئەزموونە وەك پێویست نەخرابنە روو. بۆیە خستنەڕووی ئەو نهێنیانە بە پێویست دەزانرێت و شایستەی ئەوەن روونکردنەوەی وردیان بۆ بکرێت.

لەم باسەدا دەمانەوێت لەبەر رۆشنایی چەند بەڵگەنامەیەك رۆڵی چەند سەرکردە و بەرپرسانی باڵاو پێشمەرگەکانی کۆمار بخەینەڕوو، تا بزانین بە چ شێوازێك و بە چ گیانێکەوە خزمەتی ئەو ئەزموونەی کوردیان کردووە.

بەڵگەنامەیەك ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن دوو لاوی کورد خوازیاری ئەوەبوون لە بەرەیەکی شەڕدا شەهیدبن، نەك بەوەی بە مردنی ئاسایی بمرن![١٨] "مەحمود رۆستم" و "باملامل" ئەو دوو لاوە کوردە بوون[١٩]، شەرەفی دوو پێشمەرگەی جوامێریان بەسەردا برا. بەڵام مەرگ مەودای سێ مانگ تەمەنی پێشمەرگایەتی و خزمەتکردنی لە کۆماردا پێدان[٢٠]، پێش ئەوەی لە نەبەردێکدا لە بەرامبەر دوژمن شەهید بن، کۆچی دوایییان کرد[٢١]، ئەو دوو پێشمەرگە لاوە ئەوەندەیان لەلا گران بوو کە لە بەرەیەکی شەڕدا نەبوون، پێش سەرەمەرگیان "ئاخ" یان بوە بەوەی کە بۆچی بەو شێوازەماڵئاواییان لە کۆمار و لە ژیان کردووە[٢٢]؟ بە رادەیەك دوا وتەی سەرەمەرگیان "ئاخ" بوو بێت دوور لە وەسیەت و راسپاردە بۆ کەس و کاریان!

شایەنی رێز بوە بۆ کورد و سەروەری بوە بۆ کۆمار کە رۆڵەکانی ئا بەو گیانەوە خزمەتیان کردوە دیارە ئەوەش دوا سەروەری نەبوو، بەڵگەنامەیەکی تر ئاماژە بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەفسەرێکی دەرەجەداری تر دەکات بەناوی "مستەفا خۆشناو" کە لە رۆژانی کۆماردا پلەی "عەقید" ی پێ دراو کرا بە سەرکردەی لکی یەکی هێزی بارزانیان لە بەرەی فەرماندەیی هێزەکامی بۆکان و دەوروبەری[٢٣].

ئەو ئەفسەرە دەرەجەدارە زۆر بە حەسرەتەوە رۆژانە چاودێری جموجوڵی هێزەکانی دوژمنی کردووە و بەردەوام، بە راپۆرت لێپرسراوە باڵاکانی لێئاگادارکردۆتەوە. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە "وا دەنگ هەیە کە صەد سوارێکی دوژمن بە پشت

کێوی پشت ایچن وه هەیە، کەوا بوونی أوانە لەو جێگایە تەنیشت أیمە تهدید أکات لە وەقتێکا کە دەکەوینە فعلیتەوە و ڕێگای بانەو سقزیش دەپارێزی و مرونەتی مناوەرە دوشمن زیاتر أبی یەعنی لە وقتی لزوما بەهۆی أو صەد سوارەوە أتوانن هێز لە بانەوە جلب بکەنەوە بە ماشین بو تهدید مجنبەی أیمە لەبەر أوە داخلی بوونی هیزی أیمە بو ایچن و تمونمە أو صەد سوارەی دوشمن دەمرینی و مجبوری تسلیم بونیان دەکات"[٢٤].

لەو بەڵگەنامەدا باس لە گردبوونەوەی سەد سواری دوژمن کراوە کە لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەری گوندی مامەشای (١٠کم) ی خورئاوای شاری سەقز لە پشت چیایەك کە ناوی "ئایچی" یەو بنکەی پێشەوەی لکی‌یەکە خۆیان لە سەنگەر گرتوە و بەڕادەیەك مەترسیان بۆ سەر سنوری باشووری خۆرهەلاتی کۆمار دروست کردووە[٢٥] و ڕێگا بۆ هاوکاری هەردوو هێزی گەمارۆدراوی دوژمن لە شارەکانی (سەقزو بانە) خۆش کردووە[٢٦]. ئەو ئەفسەرە دەرەجەدارە پیشنیاری لێدانی هێزی دوژمن دەکات و داوا لە لێپرسراوی بالآی "فەرماندەی بۆکان و دەوروبەر دەکات کە ڕەزامەندی لەسەر ئەو پیشنیارەی نیشان بدات[٢٧].

هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا دوو نهێنی تر دەردەکەون، ئەوانیش "کارکردن بوە بە کاتی عەرەبی و بەکارهێنانی دەزگای زانیاری کۆکردنەوە دەربارەی هێزی دوژمن "لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە" لەسەر لوتکەکانی هەوارە بەرزە کە بەسەر کوندلان و مرخوزە و قشلاغ دا دەڕوانێ دوێنی سعات هشت عربی نزیکەی (٦–٧) سوارم بە دوربین دیت لە گردی‌لا سید کوردە وەکە پوستی ایمە لەویەو لگردی مامەشاوە. أوجا نازانم أو سوارانە عائدی أیمەن یاخود أی دوشمنە چونکە زۆر پی‌ویستە أو گردە لە دەستمانابی چونکە هیزمان لە مرخوزەیە. رجا ئەکەم اگەر هیزی أیمە خبرم بدەنی اگەر موافقی رأیتانم"[٢٨] بەپێی ئەم بەشەی بەڵگەنامەکە پۆلێکی (٦–٧) سوارە لە بەری پیشەوەی شەڕگە بە :دوربین" بینراون کە نازانرێت ئەوانە لە هێزی پیشمەرگەی کۆمارن یان لە سوارەکانی هێزی دوژمنن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە سەرکردەی (لکی یەك) لە فەرماندەی بۆکان و دەوروبەری دەکات.

بەڵام بەپێی زانیاری و بیرەوەرییەکانی لای چەند کەسایەتیەکی کوردی کە لە ڕۆژانی کۆماردا پلەی شیاویان پی‌درا لەوانە" مەجید خانی کوڕێ حەمەڕەشیدخان"[٢٩] و "میرزا سدیقی فقێ مەحمود"[٣٠] و "حاجی کەریم بەگی نجنە"[٣١] بەرەی فەرماندەی بۆکان و منطقە" چەند پۆلێك پێشمەرگەی (٥–٨) کەسی هەبووە کە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر دوژمن پێك هێنرابوون[٣٢]، تەنانەت چەند بەڵگەنامەیەکی تر لەناو کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان "ڕاستی ئەو پێکهاتووانە دەخەنەڕوو[٣٣]. ئەمەو هەر لەو بەڵگەنامەیەدا ئەو ڕاستیانە دەردەکەون کە لە ڕۆژگاری کۆماردا کاریە کاتی عەرەبی کراوە و لە سنووری هەر بەرەیەکی شەڕدا ئامێری (دوربین) بۆ چاودێری هێزەکانی دوژمن بەکارهاتووە[٣٤]، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕووکارێکی پێشکەوتوویی تەکنیکی سەربازی ئەو ڕۆژگارە بۆ کۆمار دەخاتەڕوو.

ئەمەو لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا فەرماندەی لکی یەك داوای لە لێپرسراوی باڵای خۆی کردوە کە بە هەواڵە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکان دەوڵەمەندیان بکات و لە گۆڕانکاری ڕووداوەکان بەتایبەت لە ئەنجامی گفتوگۆکانی "تاران – مەهاباد" ئاگاداریان بکات، تا لە ڕێگای ئەو گۆڕانکاریانەوە هەڵوێستی پێویست و کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدەن[٣٥]. لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە لە ڕۆژگاری کۆماردا "دەزگای رادیۆ؟ تەنها لە سنووری فەرماندەییەکاندا بەکارهاتووە و سوودی لێوەرگیراوە[٣٦].

لە بەڵگەنامەیەکی تردا باس لە پێویستیەکانی لکی سێی هێزی بارزانیان کراوە، کە بریتیبوە لە دوو سندوق فیشەك بۆ چوار چەکی جۆری رەشاش بە واتا (بۆ هەر دوو رەشاش یەك سندوق فیشەك). داواکە ئاراستەی فەرماندەی هێزی بۆکان و دەوروبەری کراوە تا بۆی جیبەجێ بکات و فیشەکەکانی بۆ دابین بکات[٣٧].

فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری وەك نەریتێکی سەربازی پێشکەوتوو سەرجەم پێویستیەکانی سنووری فەرماندەییەکەی و دابین کردنی پێویستیەکانی سنووری هەر چوار لکەکەی ژێر دەسەڵاتی بە داواکەی لکی سێشەوە بە داوایەك ئاراستەی وەزارەتی جەنگ (هێز) ی تۆمارکراوەو پاشان بۆ پێشەوا قازی موحەممەدی سەرۆك کۆمار و سەرکردەی گشتی هێزی پێشمەرگی کوردستان بەرزکراوەتەوە و رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە و داوا لە فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەرکراوە لیستی پێویستیەکانی سنووری دەسەڵاتی بۆ خودی پێشەوا بەرزبکاتەوە تا بۆی جێبەجێ بکرێت[٣٨].

ئەو بەڵگەنامەیەی لیستی پێویستیەکانی سنووری ئەو بەرەیەی لەخۆ گرتوە، بەڵگەنامەیەکی دەگمەنی ئەرشیفی کۆمارە کە کۆمەڵێك نهێنی لە خودی پێویستیەکاندا حەشاردراوە، دەخوازێت لە چەند خاڵێکدا روونکردنەوەی پێویستی بۆ بکرێت[٣٩].

١–یەکەمین داواکری ئەو فەرماندەییە لە پێشەوا دابین کردنی (١٥٠ تا ٢٠٠) چەکی برنەوی فرۆکەشکێنە، کە لەوانەیە جیگای سەرنج بێت چەکی جۆری برنەو توانای تێکشاندنی فرۆکەکانی دوژمنی هەبێت؟ بەڵام راستیەکە و جێگای گومان نییە کە داواکە تەنها چەکی جۆری برنەوی ئاسایییە کە لە رۆژگاری کۆماردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ لێدانی فرۆکە و هێلیکۆپتەرەکانی دوژمن بەکاریان هێناوە کاتێك بۆمبارانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماریان کردووە. جێگای بایەخو سەرنجە کە سنووری فەرماندەیی سێ تا چوار هەزار پێشمەرگە لە گەورەترین و گرنگترین بەرەی شەڕ هاوسنووری دوژمن" تەنها بە (١٥٠ تا ٢٠٠) برنەو بتوانن دژایەتی دەیان فرۆکە و هێلیکۆپتەری شەرکەری دوژمن بکەن و جوامێرانە رووبەڕوی هێزەکانی دوژمن بوەستن[٤٠].

٢–پێویستیەکی تری ئەو فەرماندەییە دابین کردنی فیشەکی پێویست بوە بۆ چەکەکانی هێزی پێشمەرگەی بەرەکە[٤١].

٣–داواکاری سێهەم دابین کردنی تەنها (دە) دەمانچەی جۆری (گوڵت) بووە وەك دیاری رێزلێنان لەو ئەفسەرە دەرەجەدار و سەرکردە لێهاتووانەی سنووری بەرەکە کە جوامێرانە لەنەبەردەکەی قاراوادا[٤٢]، رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان بینیوە. سەبارەت بەو ئەفسەرو پێشمەرگانەی فەرماندەی ناوبراو داوای خەڵاتی بۆ کردوون، لە بەڵگەنامەیەکدا ناوی "هەشت"یان تۆمارکراوە، لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە "سەرکردەی دەستەی بارزانی اغای میرحاج و اغای بەکر اغای حوێزی و مصطفی خۆشناو و وەهاب اغا ناوان فوق العادە سەربەرزیان کردم حقیقتاً خدمتی ئەم چوار ظابطە گنجنانە بە هەمو معنایکەوە تقدیر أکری...... و معاونی ڤابگانی ناوبراو (اغای محمد أمین میرخان و مامند مسیح و ساکورە و خوشەوی خلیل) فوق العادە نشانەی قارەمانیەت و مسلکی نیشتمان پەروەری بەخەرج دا بۆ لشکریکی تازە (تەمەن) کاری کوردستان پیویستە کە هەمیشە بەم واتانە اقدامات و تنزیناتی پێبدری"[٤٣]. بەپێ ئەو بەڵگەنامەیە فەرماندەی هەر چوار لکەکەی هێزی بارزانیان و یاریدەدەرەکانیان نموونەی هەشت پیشمەرگەی قارەمانی سنووری بەرەکە بوون شایستەی ئەو پاداشتەبوون فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری داوایخەڵاتی بۆ کردوون. بەڵام سەبارەت بە دوو پیشمەرگەکەی تر فەرماندەی ناوبراو داوای ئەو خەڵاتەی بۆ کردوون، بەڕێز (میرزا سدیقی فقێ مەحموود) کە خۆی لێپرسراوی کۆگای چەکی سنووری فەرماندەییەکەبووە[٤٤] لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت

(ئەحمەدخانی فاروقی سەرۆکی هۆزی فەیزوڵلا بەگی و یاریدەدەری فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و منگقە و حەمەئەمین خانی قادر خانزادەی فەرماندەی هێزەکانی قبغلو، نموونەی دوو جوامێری سنووری فەرماندەییەکە بوون کە ئەو خەڵاتەیان بۆ وەرگیراوە[45]،ئەمەو ئەوانەی ئەو بەڵگەنامانە وەفاداری و دڵسۆزی ئەو ئەفسەر و پێشمەرگانە دەردەخەن کە بە چ تاوان و دڵسۆزیەکەوە خزمەتی ئەو ئەزموونە کوردییەیان کردووە و فەرماندەی ناوبراویش بە چ شێوازێك ئەوانی بە پێشەوای کوردستان ناساندووە و ڕێزی لێ گرتوون.

٤-لە داواکاریەکی تردا، ناردنی یەك پزیشك بۆ چارەسەری زامی برینداران و نەخۆشەکانی سنوورەکە و پێداویستیە پزیشکیەکان بۆئەو بەرەیە[46]، بەڵگەی ئەو راستیەیە کە بەرەیەکی وەها گەورە تەنها پزیشکێکی تیا نەبوە و یەك پزیشك کارئاسانی پێویستیەکانی بۆ کردوون، ئەوەش جێگای سەرنجە بەرەیەکی وەها گرنگ و گەورە لە کۆماردا خاوەنی بچوکترین بنکەی تەندروستی یان تیمارگە نەبێت و کاروبارەکانیش ئاسایی بەرێوەبچن[47].

٥-داواکاری پێنجەم، دابین کردنی (تۆپێکی دورهاوێژ) بوە بۆ بەرەکە تا سنووری باشووری خۆرهەڵاتی کۆمار لە دەست درێژی و هێرشی چاوەڕوان نەکراوی دوژمن بپارێزێت[48]..

٦-لە داواکاری شەشەم دا داوای (٥٠٠) جووت پێڵاو بۆ هێزی بارزانیان کراوە[49] کە بەبێ پێڵاو یان بە پێڵاوی دڕاوەوە پەیوەندییان بە کۆمارەوە کردووە و ئامادەی قوربانیدان بوون تیایدا، دیارە ئەوەش سەرەڕای دڵسۆزی و لەخۆبردویی ئەو پێشمەرگانە، هەژاری و کەم دەستی ئەوسای کۆمەڵی کوردەواری دەردەخات کە بەو هەژاریەش کۆڵیان لە خزمەتکردنی کۆمار نەداوە.

لەلایەکی ترەوە داواکردنی (٥٠) پاڵتۆ (قاپوت) بۆ پێشمەرگەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕ، دوو راستی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان سیستەمی (نۆبەچیەتی) یان (مناوبە) لەسەردەمی کۆماردا، کە بۆتە نەریتێکی ئاسایی یاسای سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەوەی بۆ هەر ماوەیە و (٥٠) پێشمەرگە لەبەرەکانی پێشەوەدا ئامادەی بەرگری کردنی راستەوخۆی هێرشەکانی دوژمن بونو دواتر بە (٥٠) پێشمەرگەی تر ئاڵو گۆڕ کراون،.. دووەمیان لەسەر دەسەڵاتداریەتی کۆمار پێویست بووە سەرجەم پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابین بکات.[50]

٧-دوا داواکاری فەرماندەی ناوبراو لەپێشەوا، ناردنی کۆمەڵێك پێشمەرگەی هێزی شوکاك بوون بۆ سنووری فەرماندەییەکەی[51] تاگرو توانایەکی نوێ بەبەرەکە بدرێتەوەو خۆیان بۆ هێرشی چاوەڕوان نەکراوی دوژمن ئامادە بکەن.

ئەوانەی باسکران کۆمەڵێك راستی بوون کە تەنها چەند بەڵگەنامەیەك بوونە زمانحاڵی ئەو دەسەڵاتە کوردییەو واقیعیەتی ئەو رۆژگارەیان خستۆتە بەرچاو. جێگای بایەخ و سەرنجە فەرماندەو سەرکردەی لکەکانو پێشمەرگەکان بەو گیانەوە خزمەتی ئەو کۆمارە ساوایە بکەن، بەڵگەنامەیەك گەورەیی ئەو هەڵوێستەی سەرکردەیەکی لکەکان دەخاتە روو، ئەویش سەرکردەی لکی سێیە، لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە (نامان ئەوێ ژیانو سەرو ماڵ لەرێگەی نیشتمان پەروەری بەرامبەر بەو دوشمنە زالمانەی نشتمانی خۆشەویستمان... لەبەر ئەمە ایمە هەر پایەداری نشتمانی خۆشەویستمان ئەوێ والێن بژی دیموکراتی کوردستانی مەزن وەزعمای کوردستان)[52] ئەمە هەڵوێستی سەرکردەی لکی سێ بوو تائەوکاتەی لە (مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٤٦) دووچاری هەندێك هەڵەهاتو بەفرمانێکی بالا لەسەر کار لایان بردو کاتێکیش فرمانەکە جێبەجێ

کرا گوێڕایەڵی دەسەڵاتو بڕیاری کاربەدەستە باڵاکانی کۆمار بوو.[٥٢]

ئەمەو سەرجەم ئەو راستیانەی باسکران ئەبێت ئەو پرسیارەی لەلای کۆمەڵی کوردەواری دروست نەکردبێت کەوا "ئێمەی کۆمەڵی کوردەواری ئەو رۆژگارە ئابەو گیانو هەڵوێستەوە خزمەتی کۆمارمان کردو تەنها توانیمان (٣٣٠) رۆژ تەمەن بکەین بەبەرجەستە شکۆدارەکەیدا دەکرێت ئیدی ئەو ئەزموونە نەبێتە کۆمەڵە ئەزموونێکی نوێ بۆ ئەمڕۆو ئایندەی نەتەوەو کێشە رەواکەمان کوردیش جوانی فەرمووە "تاریکی هەموو دنیا ناتوانێت رووناکی مۆمێك بشارێتەوە" هەروەها فەرموویەتی "ئەو کەسە کەسە .. ئەلفێکی بەسە"

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە/ دەوڵەتی جمهوری کوردستان/ نامەو دۆکۆمێنت/ مەحموودی مەلا عیزەت (کۆی کردۆتەوەو رێکی خستووە، نامە فارسیەکانی کردووە بەکوردی، پەراوێزو تۆماری بۆ کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوە/ بەرگی یەکەم/ چاپی یەکەم/ سوید/ ١٩٩٢، بەرگی دووهەم/ چاپی یەکەم/ سوید/ ١٩٩٥، بەرگی سێهەم چاپی یەکەم/ سوید/ ١٩٩٧.

٢-باشترین دوو لێکۆڵینەوە کە لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی کۆماردا،راستیەکانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەیان خستۆتە روو هەردوو بەرهەمی بەنرخی "کۆماری میللی مەهابادو حکومەتی کوردستان"ن بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە/ أ. کۆماری میللی مەهاباد (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی‌یە) مەحمودی مەلا عیزەت/ چاپی یەکەم/ چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ/ ١٩٨٤، ب. حکومەتی کوردستان/ کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا/ نەوشیروان مستەفا ئەمین/ چاپی یەکەم/ هەولێر/ ١٩٩٣.

٣-حەمە رەشید خانی بانە: کەسایەتیەکی ناسراوی کوردستانو سەرۆکی بەگزادەکانی بانە بوو ساڵی (١٨٨٩) لەگوندی شوێ گوێزان لەناوچەی پێنجوێن لەدایك بووەو ساڵی (١٩٢٥) لە یەکەمین چالاکی‌دا سوپایەکی دوو هەزار سەربازی ئێران لەگوندی وێنەی دۆڵێ شلێر دەشکێنێتو لەساڵانی (١٩٤١-١٩٤٤) دەسەڵاتێکی خۆجێیەتی لەناوچەکانی (بانە - سەقز - سەردەشت) دادەمەزرێنێتو لەگەڵ دامەزراندنی کۆماردا لە (سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٦) پەیوەندی پێوە دەکاتو پلەی (جنراڵ)ی پێ دەبەخشرێت، پاش وازهێنانی لەکۆمارو (دوانزە) ساڵ ژیانی دورخراوەیی لەشارەکانی (رۆمادی - کەرکوك) لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٦١/٩/١١) پەیوەندی پێوە دەکاتو رۆڵێ کاریگەری تیا دەبینێت تا لە بەرواری (١٩٧٤/١٢/٣) لەگوندی دارۆخان بۆ دواجار ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

٤-بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان/ د. عەزیزی شەمزینی/ وەرگێڕانی (فەرید ئەسەسەرد) چاپی سێهەم/ ١٩٩٨/ ٢٢٨.

٥-دەوڵەتی جمهوری کوردستان/ ٣٣٢/١.

٦-بڕوانە حکومەتی کوردستان/ ١٨١-١٩٧.

٧-مەبەست لەجیاوازی بیروڕای جنراڵ حەمە رەشید خانی بانە بووە لەگەڵ پێشەوا قازی محمدو حاجی بابەشێخو جنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازیو جنراڵ مستەفا بارزانی، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە/ رۆژنامەی کوردستانی نوێ/ ژمارە (١٥٢٩) بەرواری (١٩٩٧/١٢/٣٠) سێ شەممە/ بابەتی (رۆڵی حەمە رەشید خانی بانە لە کۆماری مەهاباد)/ کەیوان ئازاد ئەنوەر/ ٦، گۆڤاری مرۆڤایەتی / ژمارە (٦) ساڵی یەکەم/ ئەیلول - ١٩٩٨/ بابەتی (گەمارۆدانی شاری سەقز)/ کەیوان ئازاد ئەنوەر/ ٤٧-٥٣.

٨-رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (١١٠٠) بەرواری (١٩٩٥/٩/٢٩) یەك شەممە/ بابەتی (بەسەرهاتی سیاسیەکی کورد) نوسینی (میرزا حەمە ئەمین مەنگوری/ ٣.

٩-بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە بەڵگەنامەکانی هەر سێ بەرگی (دەوڵەتی جمهوری کوردستان).

١٠-بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتووە، سەرجەم بەڵگەنامەکان خۆی لە (٥٥٠) بەڵگەنامە دەدات بەوەی (٥٢٥) کەوتنە لای مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت (١٢) بەڵگەنامەی کەوتنە لای دکتورە شیرین مستەفا خۆشناو (١٣) بەڵگەنامەش لە ئەرشیفی بنەماڵەکەماندا دۆزراوەتەوەو پارێزراوە.

١١-حكومەتی كوردستان/ ٢٦٥.

١٢-راستیەكەو جێگای گومان نی یە كە داگیركردنی شاری مهابادی پایتەختی كۆمار لەرۆژی (١٦ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤٦) بەو شێوازەی كە ئاماژەمان بۆ كرد زیاتر زەمینەی ئەو كارەی بۆ سەرانی دوژمن رەخساند كە ویستیان لەرێگای لەناوبردنی نوسراوو بەڵگەنامەكانی كۆمارەوە، ئاسەواری ئەو دەسەڵاتە كوردییە لەرەگەوە هەڵ بكێشن.

١٣-بیرەوەریەكانی حەمە رەشید خانی بانە/ ئازاد ئەنوەر حەمە رەشید/ دەست نووس/ ٧.

١٤-چاوپێكەوتنی دكتۆرە پەری مستەفا خۆشناو/ بەرواری (١٩٩٨/٦/٢٠) شەممە/ سلێمانی.

١٥-كۆماری میللی مەهاباد/ ٧.

١٦-بەرهەمی (كۆماری میللی مەهاباد)و هەر سێ بەرگی (دەوڵەتی جمهوری كوردستان) راستی بەڵێنەكانی مامۆستا بوون بە حەمە رەشید خان.

١٧-بیرەوەریەكانی حەمەرەشید خانی بانە/٨.

١٨-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (١) ئەرشیفی شەهید بەختیاری مەجید خان لە (ئەردەڵان بەختیاری مەجید خان) / بەرواری (٢٢- ٨ - ١٩٩٨) لە شاری بانەی كوردستانی ئێران پێشكەشی كردم/ سوپاسی دەكەم.

١٩-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (٢) / هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠-بە واتا لە دامەزراندنی كۆمارەوە لە بەرواری (١/٢٢/ ١٩٤٦) تا بەرواری (١٩٤٦/٤/٣٠) كە هەردوو پێشمەرگە كۆچی دواییان كردووە. چاوپێكەوتنی بەرێز مەجید خانی حەمە رەشید خانی بانە/ بەرواری (١٩٩٤/١٠/١٧) / شاری مهو شهری كۆماری ئیسلامی ئێران/ بەرێزی فەرماندەی هێزی بانە بوو لە سەردەمی كۆماردا و بەرواری (١٩٩٤/٢/١٥) لە شاری مهر شهر كۆچی دوایی كرد.

٢١-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (١).

٢٢-بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣-دەوڵەتی جمهوری كوردستان / ٣٣٢/١.

٢٤-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (٥) / ئەرشیفی دكتۆر پەری مستەفا خۆشناو/ بەرواری (١٩٩٩/٤/١٣) لە شاری سلێمانی پێشكەشی كردم / سوپاسی دەكەم.

٢٥-بۆ زیاتر روونكردنەوەی مەبەستی سەركردەی لكی یەك بڕوانە/ گۆڤاری مرۆڤایەتی/ ژمارە (٥) ئابی ١٩٩٨ ، ساڵی یەكەم / بابەتی (شەڕی مامەشا) كەیوان ئازاد ئەنوەر/ ٥٠-٥٧.

٢٦-بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەو مەبەستەی سەركردەی لیكی یەك بڕوانە/ گۆڤاری مرۆڤایەتی ژمارە (٦)/ ئەیلول - ١٩٩٨ / ساڵی یەكەم / بابەتی (گەمارۆدانی شاری سەقز/ كەیوان ئازاد ئەنوەر / ٤٧ -٥٣.

٢٧-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (٥).

٢٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٩-چاوپێكەوتنی پێشووی بەرێز مەجید خانی حەمەرەشید خانی بانە.

٣٠-چاوپێكەوتنی بەرێز میرزا سدیقی فقێ مەحموود / بەرواری (٢٥ - ٦ -١٩٩٨) / پێنج شەممە / سلێمانی.

٣١-چاوپێكەوتنی بەرێز حاجی كەریم بەگی نجنە/ بەرواری ٢٥- -١١-١٩٩٤) شاری بانە / كوردستانی ئێران/ بەرێزی جێگری فەرماندەی هێزی بانە بووە.

٣٢-هەرسێ چاوپێكەوتنی پێشوو.

٣٣-بڕوانە/ دەوڵەتی جمهوری كوردستان / ٧٤/١ - ١٥٠ -٢٧٩.

٣٤-بڕوانە / بەڵگەنامەی ژمارە (٥).

٣٥-بڕوانە/ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو/ چاوپێكەوتنەكانی پێشوو بەرێزان (مەجیدخان و میرزا سدیق و حاجی كەریم بەگ،

٣٧-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (٣) ئەرشیفی شەهید بەختیاری مەجید خان/ لە بەرێز ئەردەڵانی بەختیاری مەجیدخان/ لە بەرواری (٢٢-٨-١٩٩٨) لە شاری بانە/ كوردستانی ئێران/ پیشكەشی كردم/ سوپاسی دەكەم.

٣٨-بڕوانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤) / دەوڵەتی جمهوری كوردستان / ٥٧/١.

٣٩-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٠-بڕوانە / هەمان سەرچاوەی پێشوو / بەكارهێنانی فرۆكە و هێلیكۆپتەر دیاردەیەكی سەربازی دوژمن بوە لە دژی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی

کۆمار/ بۆئەو مەبەستە بڕوانە / حکومەتی کوردستان / ١٨٢-١٨٣، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران/ کەریمی حسامی / چاپی یەکەم / بەغداد/١٩٧٠. /١٦-١٧، گۆڤاری مرۆڤایەتی/ ژمارە (٤) حوزەیرانی - ١٩٩٨ / ساڵی یەکەم / بابەتی (شەڕی قاراوا)/ کەیوان ئازاد ئەنوەر/ ٣٤-٤٦، گۆڤاری مرۆڤایەتی/ ژمارە (٥) ئابی - ١٩٩٨ / ساڵی یەکەم / بابەتی شەڕی مامەشا/ کەیوان ئازاد ئەنوەر / ٥٣ - ٥٧.

٤١-بەڵگەنامەی ژمارە (٤) / دەوڵەتی جمهوری کوردستان / ١/٥٧.

٤٢-سەبارەت بە شەڕی قاراوا بڕوانە/ گۆڤاری مرۆڤایەتی / ژمارە (٤) / هەمان سەرچاوەی پێشووی باسکراو، حکومەتی کوردستان/ ١٨١ - ١٨٣ "بەداخەوە بەهەڵە بە شەڕی صاڵحاوا هاتووە".

٤٣-بڕوانە / دەوڵەتی جمهوری کوردستان / ١/٥٥-٥٦.

٤٤-بڕوانە/ دەوڵەتی جمهوری کوردستان / ١/١٦١.

٤٥-چاوپێکەوتنی پێشووی بەڕێز میرزا سدیقی فقێ مەحموود.

٤٦-بەڵگەنامەی ژمارە (٤) / دەوڵەتی جمهوری کوردستان / ١/٥٧، چاوپێکەوتنی پێشووی بەڕێز میزرا سدیق فقێ مەحموود،

٤٧-چاوپێکەوتنی پێشوو، چاوپێکەوتنی مامۆستا کەریم زەند / بەرواری (١٥/٧/١٩٩٨) سلێمانی.

٤٨-بەڵگەنامەی ژمارە (٤) / دەوڵەتی جمهوری کوردستان / ١/٥٧.

٤٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥١-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٢- بەڵگەنامەی ژمارە (١).

بڕوانە/ دەوڵەتی جمهوری کوردستان/ ٣/ ٨٢٥، گۆڤاری مەدەنیت، ژمارە (٢) / ئازاری ١٩٩٩ / بابەتی (ڕۆڵی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە بنیاتنانی کۆمەڵێکی مەدەنیدا/ کەیوان ئازاد ئەنوەر.

**بەڵگەنامەی ژمارە "یەك" (*)**

ژمارە/ ٤٨

ڕۆژی/ ٣٢٥/٢/١٢.

لە - سەرکردەی هێزی بارزان سەرچاوە

بۆ - فەرماندەی هێزی بوکان و أطرافی

موضوع / جوابی تعزیەنامە

أشارەیە بە نوسین ژمارە (١٣٤) ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١١

١- هەمو پێشمەرگەکانی بارزانی هێزی سەرچاوە بە نفرات و سەرکردە شکرو سوپاسی لطفتان ئەکەن بەرامبەر بەو تعزیەنامە کە بو أیمەتان نوسیبو بە ژمارە سەرەوە لەبەرئەمە جوابی تعزیەنامەمان بەرامبەر بە نوسراوتان ئەمەیە نامان ئەوی ژیان و سەرو ماڵ لە ڕێگەی نیشتمان پەروەری بەرامبەر بە دوشمنە ظالمانەی نیشتمانی خوشەویستمان. بەڵام داخی گرانن وتەی ئەو دو گەنجە بە قیمەتە لەناوچووانە ئەمەبو پیش سەرەمەرگیان ئەیانگوت "اخ" کە أیمە بە گولەی دوشمن نەکوژراین لە ڕێگەی نیشتمان خۆمان بە مردن مردین. لەبەرئەوە أیمە هەر پایەداری نیشتمانی خوشەویستمان ئەوی و ألین بژی دیموکراتی کوردستانی مەزن زعمای کوردستان.

ئیمزا

سەرکردەی

هێزی بارزانی سەرچاوە

* * *

**بەڵگەنامەی ژمارە "دوو"(*)**

ژمارە / ٤٩

ڕۆژی / ٢٥/٢/١٢

لە - سەرکردەی هێزی بارزانی

بو - فەرماندەی هیزی بوکان و أطرافی

لەژێرەوە بیانی ژمارەی سلاحی ئەو دو گەنجە لەناوچووانەی بارزانی لە سەرچاوەوە ناوی گوندیان لەگەڵ ناوی خویانو باوکیان تقدیم ئەکەین بو پێوست ایکە أمرتان.

ئیمزا

سرکردەی

هێزی بارزانی

| ژماره | ژمارەی دگمه | نوعی تفنگ | ناوی خاوەن |
| --- | --- | --- | --- |
| ٩٠٧٣٠ | مطابق | برنوپیاده | محمود روستم |
| ٩١٥٠٢ | مطابق | برنوپیاده | باملامل |

باملامل – له عشیرەتی بە رۆژی ساکینه له گوندی شاری شنۆ.

محمد روستم – له عشیرەتی مزوری ولات ژیری ساکینه له گوندی (ئەسپەپوغە) عائدی بوکان.

تێبینی / بەرواری نووسینی هەردوو راپۆرتەکە "بەڵگەنامەکانی یەك و دوو" بەرواری "٢/ مایسی /١٩٤٦ ز.

* * *

بەڵگەنامەی ژمارە "سێ" (*)

ژماره/٦٧

رۆژی /٣٢٥/٢/١٣

له – سەرکردەی هیزی بارزانی سرچاوه

بو – فەرماندەی هیزی بوکان و اطرافی

موضوع / جعبەی أبزاری مسلسلی چوك

لەبەر ئەمه که چوار مسلسلی چوکرمان لایه پیویسته أمر بفەرمون بە ناردنی دو جعبە ابزاری مسلسل بومان أیتر أمرتان.

ئیمزا

سرکردەی

هێزی بارزانی سرچاوه

* * *

بەڵگەنامەی ژمارە "چوار" (*)

بروار/ ٣٢٥/٢/١٣

وزارت هیز دیموکرات کوردستان

(ستادکل)

بۆ پێشەوای بەرزی جمهوریەتی کوردستانی معظم

نظر بە أمر و ارادەی ژمارە فوق العاده و روژی ٣٢٥/٢/١٢ پیشەوای بەرزمان لوزامی حالی حاضرمان عبارەته لەو مفرەداتانەی که له خوارەوە بە عرض ئەگیدتری تکایه بە ئەوەل و سیله بومان تأمین بفرمون.

ئیمزا

فرماندەی هیزی بۆکان و منطقه

له سەرا

١– له حدودی ١٥٠ تفنگ هەتا ٢٠٠ تفنگ برنەو و طیارەشکێن.

٢– فیشەکی تەواو.

٣– (١٠) دەمانچەی کولت مان زور لازمه بو ئەو شخصانەی که أعتمادی سەرکردەی یان پی أکری وه بو ئەو سرکردانەی که لەم جنگەدا شادەیتان نشان داوه.

٤– دوکتورێك بە ئەدەواتی کافیەوە بنێرن چونکه نخۆشمان یکجار زوره.

٥– ئەگەر امکان ئەبی یەك طۆپ.

٦– مقداری ٥٠٠ جوت کەوش و کلاش بو پیش مرگەی بارزانی.

٧– مقداری ٥٠ پاڵتاو بو نوبەت چیەکانی جبهه.

٨– أگر أمکان ئەبی عدەیك شکاك روانه بفرمون بو بوکان و ناچیشت وه دوشتەپه.

تێبینی// بەرواری نووسینی هەردوو راپۆرتەکە "بەڵگەنامەکانی سێ و چوار" بەرواری "٣/ مایسی ١٩٤٦ز.

* * *

بەڵگەنامەی ژمارە "پێنج" (*)

بروار ١٣٢٥/٢/٢٥

ژماره/٢٥

هیزی

دیموکراتی کوردستان

(لکی بوکان)

ملحق به تقریر ژماره

بو – فرماندەی هێزی بۆکان
لە – فرماندەی لکی (١) بارزان

١– وا دەنگ هەیــە کــە صــەد سوارێکی دوشمن بـە پشت کێوی پشت أیچیوە هەیە.

طبعا بوونی أوانە لەو جێگایە تەنیشت أمینــە تـهدید أکات لە وەقتێکا کە دەکەوینــە فعلیتــەوە و ریگـای بانەو سقزیش دەپارێزی و مرونەتی مناوەرە دوشمــن زیــاتر ابی یعنــی لـە وقتــی لزومــا بــەهوی أو صــەد سوارەوە أتوانـن هـیز لـە بانـەوە جلب بکەنـەوە بـە ماشین بۆ تـهدید مجنبـەی أیمـە لەبــەر أوە داخلــی بوونی هیزی أیمە بو أیچی و تمونە أو صەد ســوارەی دوشمن دەمرینی و مجبوری تسلیم بونیان دەکات.

٢– لەســەر لوتکــەکانی هوارەبــەرزە کــە بەســەر کونـدلان و مرخـوز و قشلاغ دا دەروانــی دوینــی سعات هشــت عربــی نزیکـەی (٦–٧) ســوارم بـە دوربین دیت لە گردی سیدە کوردەوە کە پوستی أیمەی لەویە و لگردی مامەشاوە. أوجا نــازانم أو سوارانە عائدی أیمەن یاخود أی دوشمنە چونکە زور پیویستی أو گـردە لـە دەستمانابی چونکە هیزمان لە مرخوزەیـە. رجـا ئەکـەم اگـەر هـیزی أیمە خبرم بدەنی أگەر موافقی رایتانم.

٣– زور بـە مصلحـەت دەزانم پوســتیکمان لەســەر محلەی مامەشاوەبی.

٤– زۆر بە کلکە بو أیمە بزانین کە أخبــاری سیاسـی لـە رادیـۆدا چیـیــە و مفاوەظــاتی وفــدی أیمــە گەیشتوتە چە پلەیەک.

٥– جنرال مصطفی لە کوێیە دیت یا نا.

٦– أیتر ربەرزی فرماندەی محترمان لامطلبە.

ئیمزا

فرماندەی هیزی بارزان

لکی (١) سیداوە

تێبینی /

١– بــەرواری نووســینی راپۆرتەکــە "١٥/ مایســی / ١٩٤٦ ز" ە.

٢– بــەرواری گەیشــتنی راپۆرتەکــە "١٥/مایســی /١٩٤٦"ە.

*

تێبینی:

"بەڵگەنامەکان"

"لە ئەرشیفی جنراڵ حەمە ڕەشیدخانی بانەوە" لـەم بەڕێزانەوە وەرگیراون:

- بەڵگەنامەی ژمارە (یەك) / لـە بـەڕێز (ئـەردەڵان بەختیار مــەجیدخان) (لـە بـەرواری "٢٢/ئـابی / ١٩٩٨" بانە کوردستانی ئێران).
- بەڵگەنامەی ژمارە (٢) / لە هەمان بەڕێزەوە.
- بەڵگەنامەی ژمارە (سێ) / لە هەمان بەڕێزەوە.
- بەڵگەنامـەی ژمــارە (چـوار) کتێبــی دەوڵــەتی جمهوری کوردستان/ / مەحمودی مـەلا عـیزەت/ بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم/ سوید/ ١٩٩٢/٥٧.
- بەڵگەنامـەی ژمـارە (پێنـج) لـە "دکتــور پــەری مستەفا خۆشناو" (لـە بــەرواری ١٣،نیســان / ١٩٩ز / سلێمانی / کوردستانی عێراق)

بورهان قەرەداغی

# چەند ڕوگەیەکی نوێگەری لە شانۆدا

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا شانۆ چەند ڕەوت و شەپۆلێکی نوێگەریانەی ئەکتیڤی بەخۆیەوە گرت، هەریەك لەو ڕەوت و شەپۆلانە ستایڵ و فۆرم و میتۆدێکی جیاوازی بۆ خۆی پراکتیك کرد و لەسەر رووبەر و پانتایی شانۆی ڕۆژئاوا جیاوازبوونی خۆیان پیادەکرد و ڕاگەیاند.

سەرهەڵدانی ئەم ئەزمونانە لەکاتێکدا پارسەنگ کردنی خودی ژیان بوو، لە کاتێکی تردا دروست کردنی ژیانێکی تایبەتی هونەریانە بوو لە چوارچێوەی گروهێك یان تیمێکدا.

شانۆ لای هەندێك لەو ئەزمونکارانە دانەبڕابوو لە ژیان، بۆیە وەك کەناڵێك وەزیفەی هۆشیارکردنەوە و جوانی بەخشین و ڕەخنەگرتن و خستنە رووی لایەنە ناشرینەکانی ژیانی واقیعی لەخۆگرتووە. لەم ڕەوتە نوێگەریانەی شانۆ هەریەکەیان ویستوویانە بە ڕێگە و شێوازێك بێنەوە ناو ژیان و پێناسەی ژیانبکەن؛ هەربۆیە زووربەیان هەڵوێستی ناڕازیو یاخی و شۆڕشگێڕێتیان هەبووە لە بەرامبەر ژیانی ژێر سیستەم و دەسەڵاتی سەرمایەداری.

جێگەی باسە ئەم ئەزمونانە زووربەیان بە هەڵوێستە دژەکانیان پێگەی خۆیان لەنێو پانتایی شانۆی ڕۆژئاوادا توندوتۆڵ کرد.

هەندێك لەم ڕەوت و شەپۆلانە لە شێوەی تیم و گروهی بچوك بچوکی گەڕۆکدا بەدەرکەوتن. هەندێکیان لە ڕێگەی شانۆوە بژێوی خۆیان دەستەبەر دەکرد و لە هەمان کاتیش دا گوتاری خۆیان ئاڕاستەی وەرگر دەکرد.


لەو بزوتنەوە و شەپۆلە رادیکاڵانەی کە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیانن:

**<u>یەکەم:</u> شانۆی نان و بوکەشوشە:**

شانۆی نان و بوکەشوشە لە سەرەتای (١٩٦٠) دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن هونەرمەند (پیتەر شۆمان)ەوە دامەزرێنرا. لە سەرەتادا هەر خۆی و (ئەلکا)ی ژنیبوون، پاشان چەند هونەرمەندێکی تر لە شاری نیویۆرك پەیوەندیان پێوەکردن. هەر هەمووشیان بە هاوکاری و هەرەوەزی لە خێزانێکی هونەریدا پێکەوە دەژیان، هەروەها هەمووشیان بەشداری چالاکیان لە داهێنان و دروست کردنی کەرەستە و یەکە و بوکەشوشەکانی نمایشی شانۆکەیاندا دەکرد. پیتەر شۆمان بڕوای وابوو کە نواندنی ئیمائی بەهۆی بوکەشوشەوە بنەمایەکی چاکە بۆ ئەفراندن و دامەزراندنی چەمکی شانۆیەکی نوێ. شۆمان داوای لە ئەکتەرەکانی دەکرد لە پاڵ بوکەشوشە و بوکۆڵەکاندا بەشێوەی پانتۆمایم و بێدەنگانە ڕۆڵ

ببینن. دیارە هەموشیان شارەزایی تەواویان هەیە لە جوڵاندنی بوکۆڵە و بوکەشوشەکان دا.

وەك وتمان هونەرمەندانی گروپەکە هەموو پێکەوە بێ جیاوازی کردن ژیان دەگوزەرێنن و پێکیشەوە هونەر زیندوو دەکەنەوە. وەکو شۆمان خۆی دەڵێت (نان و هونەر لای ئێمە دوو دوانەن کە لە یەکتر جیانابنەوە). وا دەڕوانێتە شانۆ کە وەك نان پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤ. ئەم ئەزموونە رۆڵی ژیان دەگێڕێت و بێ بەرامبەرە. بۆیە کارە هونەریەکانیان لەناو گۆڕەپان و سەر شەقام و ناو کارگە و گەراج و شوێنانی تر نمایش دەکرد، جگە لەوەی گرنگیەکی تایبەتیان بەو چالاکیانە دەدا کە لە نێو خوێندنگە و زانکۆکاندا ئەنجامیان دەدا.



هەریۆیە پیتەر شۆمان دەیوت (باشترین بینەر ئەو بینەرانەن کە وەك نەریت ناچن بۆ بینینی نمایش). بۆیە رای وابوو کە دەبێت هونەرمەند بە خۆی و بەرهەمەکەیەوە بچێت بۆ لای بینەران بۆئەوەی زیاتر لە یەك نزیك ببنەوە.

زۆرجار ئەو کەرەستە و بوکەشوشە و ئامێرە مۆسیقیانەی کە نمایش پێویستی پێبوون، لە پاشماوەی ژیانی هاوچەرخ کۆکراونەتەوە و دروست کراون. نمایشەکانی ئەم ئەزمونەش بۆ خۆی گوزارشت کردن بووە لەو شتانە کە پابەندی کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخە. بۆیە شانۆی نان و بوکەشوشە هەڵوێست وەرگرتنە لە بەرامبەر سیمای ژیانی هاوچەرخ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە هەموو زەخم و قورسایی و پەشێوی و ئاڵۆزکاویەکەوە.، شانۆی‌نان و بوکەشوشە بەشداری کردنی فیعلی خەڵکە لە رووداوەکانی وەك مانگرتن و نارەزایی و خۆپشیاندان.

**دووەم: شانۆی زیندوو:**

جۆلیان باك، ئەمریکی‌یەکی یاخی‌بوو هەر بە راهیبێکی بوزی و جولەکەیەکی سەرگەردانی کۆچ کردو دەچێت. بە هاوڕێیەتی (جودیت مالینا) ی ژنی تیمی شانۆی زیندوویان لە ئەمریکا دامەزراند، پاشان لەگەڵ هاوەڵ و ئەکتەرەکانی‌دا لەنێوان کیشوەرەکان و تاراوگە و کونج و بەندیخانە و باخچە و گۆڕەپانە گشتیەکاندا مژدەی شۆڕش و مانگرتن و هەڵگەڕانەوە و ناسکی و ناڕازی‌بوونیان دا.

جێگەی باسە گروپی شانۆی زیندوو گروپێکی گەڕۆك بوون، بە خۆیان و ژن و منداڵەکانیانەوە هونەرەکەیان لە ئەمریکاو ئەوروپا پێشکەش کردووە.

شانۆی زیندو شانۆی ئەمڕۆیە و ناوەکەشی هەر لەوێوەهەڵقوڵاوە، شانۆی زیندو بۆ خۆی خاوەنی

ستایڵ و فۆرمێکی تایبەت و نوێیە و خۆی نابەستێتەوە بە تاقە میتۆدێکەوە؛ بەڵکو خۆی لە گۆڕانکاری بەردەوامدا دەبینێتەوە.

ئەم تیمە وەك باسمان کرد هۆڵەکانیان بەجێهێشت و لەنێو باخچە و ناویبازاڕ و جێگە قەرەباڵغەکاندا نمایشەکانیان پێشکەش کرد؛ چونکە پێیان وانەبوو شانۆ بۆ چینێك بێت. بەڵکو ئەمان لە نمایشەکانیاندا زیاتر گرنگیان بە قەیران و دۆز و گرفتەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی سەرمایەداریدا بوو بووە ژمارەیەکی ئەبستراك.

ئەمان پێیان وابوو شانۆ دەبێت لەگەڵ ژیاندا راست گۆ بێت، هەربۆیە هیچ بەربەستێکیان لەنێوان ئەکتەرەکان و بینەرەکانیاندا نەهێشت و لە نمایشدا تێکەڵاوی یەکتریان کردن. چونکە لەو بڕوایەدابوون کە بینەران ئەکتەرێکن خۆیان ناناسن.

شانۆی زیندو پشتی بە سیستمی دەستەگەلی بەستووە هەر لە توێژینەوە و گەڕان دەربارەی تەکنیکی نوێ و ئەدای گونجاو هەتا دامەزراندنی نمایش و گرنگیدان بە رۆڵی ئیرتجال کردن کە زۆرجار لەگەڵ بینەراندا تێکەڵ دەبن و وەك خۆپیشاندان دەڕژێنە سەر شەقامەکان.

(جولیان باك) ی بەرپرسی تیمەکە دەنوسێت (شانۆ خەونە، هەروەکو چۆن خەونیش وێنەی جیهانە). وە جودیت مالیناش دەنوسێت و دەڵێت (ئەگەر بمانەوێت جارێکی تر مرۆڤێکی پڕ هەست بین، نابێ روو لە یەکتری وەرگێڕین، جارێکی تر لەبەردەم ئەو زوڵمەی کە لە جیهاندا دەیبینین سازش ناکەین). جێگەی باسە دەرهێنەرێکی ناوداری وەك (پیتەر بروك) دەربارەی شانۆی زیندوو دەنوسێت و دەڵێت (لە دوای مانایەك دەگەڕێن بۆ ژیانیان، بە واتایەکی تر ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر هات وبینەریشیان نەبێت ئەوا بەردەوام دەبن لە پێشکەشکردنی نمایشیەکەیان، چونکە رووداوی شانۆیی لای ئەوان لوتکەی سەنتەرو بەدواداچوونە..).

سێیەم: شانۆی خۆر:

تیمی شانۆی خۆر لە ساڵی ١٩٦٤ لە وڵاتی فەرەنسا لەسەر شێوەی هەرەوەزی و هاوکاریەکی کارگەرانەی بەرهەم هێن دامەزراوە.

تیمی شانۆی خۆر گرنگی دەدەن بە روئیای کۆمەڵی، ئەمەش کارێکی باش و دروستە بۆ بەرجەستەکردنی نمایش، چونکە شانۆ کارێکی کۆمەڵیە. وەکو (ئاریان منوشکین) ی ژنە دەرهێنەر و بەڕێوەبەری تیمەکە دەڵێت: (ئێمە هەمومان رووڵەیەکین، بۆیە کارەکەمان هەرەوەزی کۆگەلییە، هەریەکێکیش لە ئێمە گرفتێکی تاك لایی هەیە بۆ داهێنان، بەڵام لە شانۆکەماندا تێڕوانینێکی چەپڕەوانەمان هەیە. ئێمە نامانەوێت هیچ دەقێك وێران بکەین، هێندەی دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەین). گرووپی شانۆی خۆر پاش ئەوەی دەقەکە بە هەموویان تۆمار دەکەن، ئینجا رای دەکێشن و بەسەر کاستەکەدا دابەشی دەکەن، وە پاش دوو رۆژ نمایش سەرلەنوێ کاری نمایش دەوەستێت و کاستەکە دەست دەکەنەوە بە کارتیاکردن و ئیرتجال کردنی بەرهەمەکە، چونکە ئەکتەرەکان ئامادە و شارەزایی و توانای زۆریان دەربارەی دەقەکە هەیە. ئەم توانایەش بریتییە لە کرداری چاکردن و رێکخستن و دۆزینەوەی ئاست و رووداوی نوێ و حاڵەتی نوێ و رووبەرو پانتایی نوێ و جیهانبینی نوێ: پاش ئەمانەش ئەمجارە تۆماری دەکەنەوە و ئاستێکی بەرزی ئیستاتیکی پێدەبەخشن و گوتارە شانۆییەکەیان کامڵ دەکەن. ئەمە بیرۆکەی ئیرتجال کردنەکەبوو، سەرەتاش وێنە و هێڵی یەکەمی کارەکە دادەڕێژن و پاشان درێژەی پێدەدەن.

جێگەی باسە تیمی شانۆی خۆر لە بەرهەمە شانۆییەکانیاندا چارەسەرێکی رامیاریانە بۆ کێشە و گرفتەکان دەکەن. هەربۆیە لە نمایشەکانیاندا زیاتر

گرنگی بە رۆڵی مێژوو و رووداوە مێژووییەکان دەدەن؛ ئەمەشیان وەك بابەتێك سود لێببینیوە بۆ نمایشەکانیان.

جێگەی باسە لە بەرهەمەکانیاندا هەوڵیان داوە نمایش بکەنە خاڵی بەیەك گەیشتن و دیداری بینەران و ئەکتەرەکان؛ ئەم بەیەك گەیشتنەش لە دۆزینەوەی ناوەڕۆکێکی هاوبەشەوە دروست دەبێت لە کارە هونەریەکەدا. بۆ نمونە گرنگیدان بە حیکایەتی میللی ئەو حیگایەتەش وەك بەرهەمێکی رۆشنبیری دەبێ. زۆرجار ماوەی نمایشێکی تیمی شانۆی خۆر بۆ سێ کاتژمێر درێژ دەبێتەوە، چونکە تەنها دوو رۆژ نمایش دەکەن پاشان مانگێك دەوەستن و پاشان دەست پێدەکەنەوە. نایانەوێت تەمسیلی هەقیقی شۆڕش بکەن. هێندە هەیە وێنەیەکی شۆڕش بەرجەستەدەکەنەوە.

جێگەی باسە یەکێك لە لایەنەکانی شانۆی خۆر رێکخستن و ئامادەکردنی تەختەی شانۆیە، چونکە تەختەی شانۆ لای شانۆی خۆر جێگیر نی‌یە و بزۆکە، بۆ نمونە هەندێك جار نمایش لە گۆڕەپانی یاری تۆپی سەلەدا یان لە گۆڕەپانێکی بازاڕدا یان لە گەراجێکدا دەبێت. بۆیە شوێن (منصة) ی نواندن دیاری دەکەن، دوو مەنەسەیان لەلایەك و سیانەکەی تریشیان لەلایەکی تر، بینەرانیش لە چواردەورو ناوەڕاست دا بەپێوە یان بە دانیشتنەوە نمایش دەبینن.

(ئاریان منوشکین) دەڵێت: (ئێمە بە ئەکتەر ناڵێین ئەوە بکە یان ئەوەت بۆ کرد، من وەك دەرهێنەرێك ئەوە رەت دەکەمەوە، پێموایە هەندێك لە دەرهێنەرەکان ئەوەی دەیانەوێت لە پێش پرۆسەی بەئەنجامدانی دەرهێناندا دەینوسن، بەڵام من لە زۆربەی کاتدا لەدوای نمایش کردنەوە و لەدوای پرۆسەی دەرهێنانەوە تێبینیەکانی خۆم دەنوسم).

جێگەی باسیشەبەردەوام دەبێت و دەنوسێت: (هەرکاتێك شانۆی خۆر دەرگای کوخەکەی داخست، ئەوا من دەست دەدەمە کارێکی جیاوازتر لە شانۆ. چونکە ئێمە ئەوەی بەرهەمی دەهێنین بۆ خۆمان نی‌یە، بەڵکو بۆ خەڵك و لەبەردەم خەڵکدا نمایش دەکەین). ئەمان بۆ خۆیان تەمسیلی کۆمەڵێکی بچوك دەکەن کە زۆر نمونەیی و یوتۆبیایی دەژین، هەربۆیە ئەندامانی تیمی شانۆی خۆر هەمویان بەشداری بەڕێوەبردنی تیمەکە دەکەن و رووگەکەشی دیاریدەکەن.

هەندێك لەو نمایشە شانۆییانەی کە تیمەکە ناوبانگیان پێدەرکرد لەوانە:

١- بورژوازیە بچوکەکان، ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٦٥ دەقی مەکسیم گورکی، ئامادەمکردنی ئارتۆر ئەدامۆف، دەرهێنانی ئاریان منوشکین.

٢- کابتن فراکاس، ساڵی ١٩٦٥ بۆ ١٩٦٦، دەرهێنانی ئاریان منوشکین.

٣- چێشتخانە، ساڵی ١٩٦٦ بۆ ١٩٦٧، دەرهێنانی ئاریان منوشکین.

٤- خەونی نیوەشەوێکی هاوین، لە ساڵی ١٩٦٨ دەقی ولیەم شکسپیر، دەرهێنانی ئاریان منوشکین.

٥- لێبوکەکان، لە ساڵی ١٩٦٩ کە سیناریۆیەکی شانۆیی بێنوسەر و بێدەرهێنەربوو، لەم بەرهەمە بەدواوە تیمەکە روگەی (اتجاه) خۆی دیاریکرد. ئەم بەرهەمەش کارێکی کۆمەڵی وهەرەزەیانەی کاستەکەبوو.، کە لەگەڵ شانۆی کۆمۆنەدا بەرهەمیان هێناو لە (فێستیڤاڵی ئەفینیون) ی ئەوساڵەدا بەشداریان پێکرد.

٦- لە ساڵی ١٩٧٠ نمایشی (١٧٨٩) پێویستە شۆڕش بگاتە ئاستی کامڵی شادی - ئەم بەرهەمەش وەك (لێبوکەکان) بەرهەمێکی هەرەوەزی و کۆمەڵی بوو لە رووی داڕشتنی دەق و دەرهێنان و نواندن و دروست کردنی کەرەستەکانی نمایشەوە.

چوارەم: شانۆی هەژار:

ئەگەر هەرکەسێك بیەوێت لە رۆژگاری ئەمرۆماندا باس لە کایەی نواندن بکات، ئەوا

ناتوانێت خۆی لە میتۆدەکەی شانۆی هەژاری (جیرزی کرۆتۆفسکی) لابدات و ئاماژەی پێنەکات و ناوی نەبات.

کرۆتۆفسکی لە شاری (رزینزۆ) لە بەشی خۆرهەڵاتی وڵاتی پۆڵەندا لەدایك بووە. بڕوانامەی دبلۆمی لە هونەری نواندن دا لە خوێندنگەی (کراکۆفی شانۆیی) بەدەستهێناوە. لە ماوەی خوێندنیدا وەك دەرهێنەر لە شانۆی (ئەستاری) لە شاری کراکۆف و لە شانۆی (بولسکی) لە شاری (بوزنان) گەشەی بە ئەزمونەکانی خۆی داوە، هەربۆیە هونەری نواندن لای کرۆتۆفسکی پیرۆزو نمونەیی بووە تا رادەی ئەوەی خۆی وەك راهیبێك کار لە شانۆ و نواندن دا بکات.

کرۆتۆفسکی لە ماوەی کارکردنی لەو دوو تیپەدا ئەزموونەکانی خۆی پراکتیك کرد و رێرەوێکی تایبەتی لە دەرهێناندا بۆ خۆی دۆزییەوە، سەرەتای ئەو کارانەشی لە دەرهێنانی شانۆیی (کورسیەکان) ی یونسکۆ و (خاڵە ڤانیا) ی چیخۆف و (ڤاوستی یەکەم و ڤاوستی دووەم) ی (گۆتە) وە دەست پێکرد.

لە ساڵی ١٩٥٩ سەرۆکایەتی تاقیگەی شانۆی (١٣) ریزی لە شاری (ئابول) کرد، ئەوکاتە بچوکترین دەرهێنەر بوو کە هەڵگری ئەو بەرپرسیەبوو، هەمان تاقیگەی ئەکتەری لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ شاری (وردکلاو) گواستەوە. بە هاوکاری لەگەڵ ئەندازیاری بیناسازی و ئەکتەری سەرەکی تیمەکەی ( ریسزارد کیسلاك) پەرەیان بە ئەزمونەکەیان دا و زیاتر گەرانەکەیان لەسەر بنچینەی پەیوەندی نوێی نێوان ئەکتەر و بینەر دەست پێکرد.

وە لە دوای پشکنین و هەوڵە بەردەوامەکانیان چەند نمایشێکیان بەرهەمهێناو توانیان ئەکتەر و بینەران یەك پێبگرن.

کرۆتۆفسکی وەك ئەزموونکارێك تێروانینەکانی بەناوی شانۆی هەژارەوە تۆمارکرد. شانۆی هەژار شانۆی ئەکتەر و بینەرە بە تەنها، واتە جل و بەرگ و مکیاژ و دیکۆر و روناکی دروست کراو رەت دەکاتەوە.

زیاتر گرنگی بە توانا فیزیکیەکانی ئەکتەر دەدات، واتە توانا جەستەیەکان.

لە شانۆی هەژاردا بینەر بەتەنها ناوەستێت و تەماشابکات، بەڵکو داوای لێکراوە بەشداری سروشتی نمایش بکات لەگەڵ ئەکتەرەکاندا.

جێگەی باسە پیتەر بروکی دەرهێنەر لە پێشەکی کتێبەکەی کرۆتۆفسکیدا وا دەنوسێت: (کرۆتۆفسکی بێهاوتایە، بە بۆچوونی من کەسێکی تر نییە لە جیهاندا لە دوای ستانسلافسکییەوە وەك کرۆتۆفسکی بەدوای سروشتی هونەری نواندن دا بە قوڵی و فراوانیەوە، بەدوای دیاردە و مانا و زانیاریەکانیدا گەرابێت؛ هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە لایەنە جەستەیی و هزری و رۆحیەکانی ئەکتەرەوە هەبێت).

شانۆ لای کرۆتۆفسکی رێگەیە بۆ ژیان. وە هونەرمەند (دانا رەوف) لە وتارێکیدا بەناوی (کرۆتۆفسکی مرد!) دەنوسێت: (لە پەنجاو شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، گۆرانکاریەکی گرنگ تێکرای ستركتوری شانۆی هاوچەرخی جیهان دەگرێتەوە. تەوژمێکی نوێی راستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەوت و بزوتنەوەی شانۆی ئەوروپا. گەنجێکی بلیمەت لە پۆڵۆنیاوە زۆر بە خێرایی هەنگاو دەنێت. شانۆ شانۆی ئەکتەرە و تەنیا ئەکتەر لە چەق و سەنتەری دیدی شانۆدا گەوهەری هەموو شتەکانە.

کرۆتۆفسکی لەو روانگەیەوە لێکۆڵینەوە قووڵەکانی دەست پێدەکات و بۆ ئەو مەبەستەش گروپێکی ئەزموونگەری لە پۆڵۆنیا دادەمەزرێنێت، مرۆڤ لەو تاقیکردنەوە قووڵە فەلسەفیە گرنگانەدا سەرچاوەیەکی فرەمەزنە، هاوکێشەی تێکەڵ بوونی نێوان ئەکتەر و بینەر دەبنە بەشێکی گرنگی ئەو سرووت و مەشقە پڕ لە ژانەی گەمەیەکی فەلسەفی و ئەبەدییە...

هەوا، ئاو، زەوی و ئاگر. پێداویستیە گرنگەکانی مرۆڤ خولّقاندنی گێتیو، سەرچاوە فەلسەفییەکانی کتێبە زۆر کۆنەکانی مرۆڤایەتی و بونیادی جیهان، خالّە زۆر گرنگەکانی بیرو هۆشی ئەو فەیلەسوفە گەورە شانۆییەیە.) و یەکێك لەو لایەنانەی کە بەخشی بە شانۆکەی پرۆسەی پاکژبوونەوەی بینەر و ئەکتەرە پێکەوە کە ئەمەش لە پاش حالّەتی دانپێدانان دەبێت.

شانۆی هەژار گرنگی بە ئیرتجال کردن دەدات و نمایشیش بۆ خۆی راهێنان و ئیترجالە. هەر بۆدەقە مێژوویی و ئەفسانە و خو و نەریتەکانی کۆمەڵی سەرەتایی دەگەرێتەوە، سودی لە سەماو یۆگای هیندی و لایەنە رۆحیەکان و ئایین و ئەفسانەکانی گەلان بینیوە. ئەزمونەکانیان لە ئاسیا و ئەورپا و ئەفریقا و ئەمریکا بەئەنجام داوە.

پێنجەم: شانۆی رەش:

شانۆی رەش لەلایەن هونەرمەندی چیکۆسلۆڤاکی (فرانتشیك کرا توخفیل) ەوە لە شەستەکانی سەدەی بیست دا لە شاری (براغ) دامەزرێنراوە. جێگەی باسە هونەرمەند (کراتوخفیل) نەخشەکێش و ئەکتەر و دەرهێنەر و وێنەکێش و پەیکەر تاش بووە.

ئەم ئەزمونە شێوەکارییە بە رێژەی یەکەم گرنگی بە نمایش دەدات و هەموو ئەو توخمانەی کە نمایش پێکدەهێنن لەسەر ئاستی شێوەکاری و ئیستاتیکا کاری پێدەکرێت. جێگەی باسیشە دەق لەم ئەزمونەدا لەسەر ئاستی دیالۆگ و مەنەلۆگ ئامادەنابێت، هێندەی لەم ئەزمونەدا رۆڵی توخمە بینراوەکان و رۆڵی فیزیکیەتی جەستەی ئەکتەر کارا دەبێت لەگەڵ مۆسیقا و کارتێکەرە دەنگیەکاندا. راهێنان و ئامادەکردنی ئەکتەر بۆ ئیرتجال کردن، بۆ دارشتنی بیری تابلۆکان، بۆ ئامادەکردنی نمایش، ئەکتەری ئەم ئەزمونە خاوەنی توانایەکی جەستەیی بەرزە، جەستە لەم ئەزمونەدا دەبێتە سەرچاوەی هەڵقولّینی ئاماژە و رەمز.

دیارە بۆ ئامادەکردنی نمایش سەرەتا ئەکتەرەکان دەست بە راهێنانی ئیرتجال دەکەن تا بیرۆکەی تابلۆکان گەڵاڵە دەبێت، پاشان لە شێوەی سیناریۆیەکی بێ دیالۆگ دا دەق ئامادە دەبێت، بەڵام لەماوەی راهێنانێکی توندوتیژ و درێژدا بەهۆی زیادکردن و لێلابردنی لەلایەن ئەکتەر و دەرهێنەرەوە گۆرانی بەسەردا دێت و وەك خۆی نامێنێتەوە.

لە نمایشی ئەم ئەزمونەدا گرنگی دەدرێتە هێڵ و کوتلە و ئاماژە و جوڵەی پانتۆمایمی و سەما ئامێز. شانۆی رەش جیهانێك لە خەون و ئەفسون و تێرامان بە بینەر دەبخشێت. ئەم زیاتر گرنگی بە دوو رەنگی سەرەکی دەدات کە ئەوانیش (رەش و سپین)، دیارە هەموو سینۆگرافیای نمایشی ئەم ئەزموونە شانۆییە بەسەر رەنگی رەش و سپیدا دابەش دەبن.

بۆ نمونە ئەکتەرێك دەستکێش و کڵاو و پێڵاوی سپی لەبەر دەکات و جل و بەرگەکانیشی هێڵ هێڵ کراوە بە رەنگی سپی و رەش، چەند هێڵێکی سپیش لە دەست دەگرێت و هەموو ئەمانەش لە پانتاییەکی رەش دا روودەدات. کە ئەمەش کەشێکی شیعر ئامێز و سروت ئامێزمان پێدەبخشێت چونکە لەم ئەزمونەدا زیاتر گرنگی بە تیشك و روناکی سەرووبەنەوشەیی دەدات. تاریکایی و رەنگی رەش سیمای سەرەکی ئەم ئەزموونەن، ئەم تاریکاییەش پانتاییەکی بێ سنور بە بینەر دەبەخشێت.

سەرچاوەکان:

() المخرج في المسرح المعاصر — سعد اردش.

() تجارب جديده فى الفن المسرحى — د. سمير سرحان.

() گۆڤاری (الاقلام)، ژمارە (٤ ، ٥) ی ساڵی ١٩٨٣.

() گۆڤاری (ئێستا)، ژمارە (٢٠) ساڵی ١٩٩٩.

() گۆڤاری (الحياة المسرحي)، ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٧٨.

() گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥) ی ١٩٩٦/٨/٧.

() رۆژنامەی (هەرێم) ژمارە (١٤٢) ی ١٩٩٩/٨/٧.

و: سامان حوسێنی

# فەلسەفەی زانست

# وتووێژێک لەگەڵ ئالبێر ژاگارد دا

# (Albert qacquard)

★ ئێوە ساڵی ١٩٢٣ لە فەرانسە لەدایك بون، بەشی ژنیتیك (Genetics) تان لە قوتابخانەی پۆلی تەكنیك تەواوكردووە. چ شتێك سەرنجی ئێوەی بۆ لای ژنیتیك و بایەلۆژی راكێشا؟

—لە راستیدا دایك و باوكم تا رادەیەك بونە هۆی چونم بۆ پۆلی تەكنیك، من حەزم دەكرد ببمە پزیشك. بەڵام خۆم بە خوێندنی فیزیك و ریازیاتەوە خەریك كرد، داوتریش چومە پێوشوێنی زانستی ئابوری. بەوحاڵەش لە سی نۆ ساڵیدا بوو كە توانیم بەكەڵك وەرگرتن لەو شتەی كە لە ماتماتیك دا فێری ببوم خەریكی خوێندنی ژنیتیكی ماتماتیك بم چونكە خەڵك كاتێ بیر لە ژنیتیك ئەكەنەوە زیاتر ژنیتیكی تاقیگەخانە یا ژنیتیكی ژیانی كیمیایی بە خەیاڵیانا دێ. بەڵام من خەریكی ژنیتیكی گروپی تاكەكان بوم واتە ئەو ژنیتیكەی كە لە ناویدا زیاتر لەگەڵ هاوكێشەی ریازیدا روبەرودەبینەوە، كەوابێ فێربونی ماتماتیك بەكەڵكە، هەربۆیە لەگەڵ ژنیتیكی گروپی تاكەكان دا ئەو دەرفەتم بۆ رەخسا كە كەڵك لە زانستی ماتماتیكەكەم وەربگرم و وەڵامی نیازەكانم بدەمەوە لەناو بابەتەكانی پەیوەندیدار بە ژیانەوە.

★ لەو سەردەمەدا مامۆستاكانتان چ كەسانێك بون. كاریگەریچ كەسانێكتان بەسەرەوەبوو؟

—كەسێ كە زۆرترین تەئسیری لەسەر من دانا پرۆفیسۆر رۆفیە بو.

★ مەبەستم ئەو كەسانەشە كە لە دەرەوەی ناوەندی زانستگایی و ئاكادیمیدا بوون؟

—لە زانستەكان دا بیریاریانێك كە زۆرترین كاریگەرییان لەسەر من هەبوو تیادۆشاردن و ژان رۆستان بون.

★ من واتێگەیشتوم كە هەندێك جار ئێوە زۆر لە ژان رۆستانەوە نزیكن.

—بەڵێ، بەبێئەوەی بۆ خۆم بمەوێ ناوبراو شوێنەوارێكی بەرچاو و چارەنوس سازی لەسەر من هەبو.

★ رۆژێك پیكاسۆ سەبارەت بە هونەرەكەی خۆی ئەیوت: "من ناپشكنم، ئەدۆزمەوە" ئاخۆ ئەم رستەیە لە باری كاری زانستیشەوە راستە؟ ئاخۆ بە رای ئێوە دۆزینەوەی زانستی بە رێكەوت بەدەست دێ یا ئاكامی رێكخستنێكی رێكی فكرییە؟

—حەزدەكەم بڵێم كە ئاكامی هەردوكیانە، واتە ئەبێ زۆر هەوڵ بدەین، بەڵام ئەوەی كە دێتە ئەنجام وەڵامی ئەو پرسیارانە نیە كە هاتونەتە گۆڕێ، بەو مانایە كە ئێمە زەینمان بەجۆرێك ئامادەدەكەین كە لەبەرامبەر وەڵامگەلێك دا كە سروشت پێشكەشی دەكا كراوەبێ.

له هەمو لایەنەکان دا هەوڵ دەدەین و کت و پڕ رۆژێك بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کارەکان چارەسەرنەکرێن و وەڵام نەدرێنەوە، بەڵام من پێم وایە کە دەبێ هەوڵ بدەین و پرسیارەکان بینینە گۆڕ و نابێ خەمناك بین لەوەی کە وەڵامی پرسیارێکی جیاواز دیتە ئاراوە. دەبێ بۆ هێنانەگۆڕی بابەتگەلی چاوەڕوان نەکراو ئامادەبین، بابەتی سەرەکی ئەمەیە و تایبەتمەندی زۆربەی زانایانێك کە شتێکیان دۆزیوەتەوە ئەمە بووە، ئەوان زانیویانە چونکە ئامادەی دۆزینەوەی شتێك بون تەنانەت ئەگەر ئەمە ئەو شتەش نەبوبێ کە ئەوان بۆی گەڕاون.

**★ گەوابێ بە رای ئێوە بۆ گەیشتن بە پلەی زانایی دەبێ لەبەرامبەر پرسیارگەلێ جۆراودۆردا بەردەوام ئامادە و کراوەبین.**

—باشتر وایە بڵێم ئەمە بۆچونێکە سەبارەت بە بابەتی ئامادەبون بۆ تێگەیشتن لە شتێك کە کت و پڕ رون ئەبێتەوە لەکاتێکدا کە تاکەکەس بەشوێنیەوە نەبووە. زۆر جار دەبینە ئەسیری دەق گرتویی بابەتگەلێك کە دەبنە بەرگری روونبونەوەی بینینی ئێمە.

**★ ئایا ئێمە لەم روانینە بەتەنیا هەر ئاگاداری واقیعێکی لەم جۆرەین کە ناکرێ جیهان بناسین یان ئەوەیە کە ئەم بۆچونەش هەر لەوەدا ئەبیندرێ کە جیهان خۆی لەخۆیدا زاتەن بەریکەوت نادڵنیاو دیارینەکراوە؟**

— من بۆخۆم تا رادەیەك هاتومەتە سەر ئەو بڕوایە کە جیهان پێش بینی هەڵنەگرە، پرسیاری (ئایا جیهان لە زاتی خۆی دا دیاری نەکراوە؟) پرسیارێکی میتافیزیکیە، لە راستیدا بۆ پرسیاری هەبونی زاتی جیهان وەڵامێکی زانستی لە ئارادا نیە، بەهەرحاڵ زانا هەر تەنیا دەتوانێ پەی بە واقعی ئەو شتانە ببا کە ەتوانێ بیانبینێ بەڵام ئاخۆ لەودیو ئەم شتە رواڵەتیانەوە شتی دیکە بونی هەیە؟ ئەمە روانین و پرسیارێکی میتافیزکیە کە زانایان وەڵامێکیان نیە بۆی و وەڵامی ئەم پرسیار و روانیە کاری بیریارەکانە. ئەگەر پرسیارم لێبکەن ئاخۆ جیهان نادڵنیایە؟ وەڵام ئەدەمەوە کە ئەمە پرسیارێکی میتافیزیکیە و من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەگەر بپرسن: ئایا جیهان پێش بینی هەڵنەگرە؟ دەڵێم کە ئەم پرسیارە زانستیە و وەڵام ئەدەمەوە: بەڵێ جیهان پێش بینی هەڵنەگرە ئەم روانگەیە لە زانست دا زۆر نیە، چونکە پێشتر پێیان وابو کە بەر گریمانەی نادڵنیایی ناسینی سەرەتاو ناسینی خاوەن سەرەتا مومکین دەکا، ئەمەهەمان بەڵگەی بەناوبانگی لاپلاسە کە دەڵێ: (ئەگەر هەمو شتێکی ئەمڕۆ بزانم هەمو شتێکی سبەینێش دەزانم، بەڵام ئەمڕ دەزانین کە ئەم بەڵگەیە هەڵەیە، چونکە تەنانەت ئەگەر هەمو شتێکی ئەمڕۆش بناسین سبەینێ نەناسین گۆڕانێکی زۆر کەم پێویستە تاکو ئاراستەی بابەتەکان پێچەوانە بکاتەوە، ئاکام ئەوەیە کە ئەمەوێ بڵێم ئێمە لە دنیایەکی پێش بیمنی هەڵنەگردا دەژین و ئەمەش بۆ من بە رادەیەك پێویستە تاکو ئازادی لەسەر بنیات بنێم. لە حەقیقەت دا بە بۆچونی لاپلاس هۆکاری ئازادبوون هۆکارێکی بەتەواوی ئامانج خواز و خەیاڵی بو، بەپێچەوانەوە من وا بیر ئەکەمەوە کە ئەکرێ هۆکاری ئازادبون هەبێ بەمەرجێك ناسینی ئەمڕۆ گرەنتی ناسینی سبەینێ نەکا.

**★ بە رای ئێوە ئازادی واتایەکی بەدەست هاتووە یا زاتی؟**

—بە بڕوای من ئازادی بەتەواوی مانا واتەیەکی بەدەست هاتووە، ئازادی واتایەکە کە مرۆڤ دروستی کردوە و زۆریش بە خراپی پێناسە کراوە، پێم وایە کە ئازادی لە بەرامبەر شهوەتڕانیدا دابنرێ ئازادی واتە نەبونی مافی ئەنجام دانی هەمو کارێك، ئەوەش زیاد ئەکەم کە ئازادی تەنیا کاتێ خاوەنی مانایە کە چەند جەستەبین، ئازادی واتە کۆمەڵە یاسایەکی جێگای پەسەندی هەمولایەك. کاتێ بەتەنیا لە جەزیرەیەك دا دەژیم بەدڵی خۆم ئەجوڵێمەوە و ئەتوانم ئەوەی کە حەزم لێی بو

ئەنجامی بدەم، بەڵام بەوحاڵەش ئازاد نیم، بۆ ئازادبون لانی کەم دەبێ دو کەس بین و لەبارەی ئەو شتەوە کە دەبێ ئەنجام بدرێ پێکەوە بڕیاربدەین: ئایا یەکتر بکوژین؟ بچینە لای چەپ یا لای ڕاست؟ بە دڵنیاییەوە ئەم کارانە بەناوی ئەو شتەوە دەکەین کە دۆخێکی بەکۆمەڵی پەسندە هەربۆیە بە بڕوای من ئازادی تەنیاوتەنیا هەر لە کۆمەڵ دا بەدەست دێ و بەتەنیا ئیمکانی نیە.

★ کەوابێ ئازادی ئاکامی ئەو شتەیە کە لە کتێبەکانتان دا (humanitude) ی پێدەڵێن؟

-بەڵێ ئاکامی ڕێکخراوەیەکی بەکۆمەڵە، بەلام ئەوەش زیاد بکەم کە بۆ ئازادبون پێویستە سەبارەت بە هەبونی خۆمان ئاگاداربین و منیش ئەم ئاگاداریەم سەبارەت بە هەبونی خۆم هەر تەیا ئەو کاتە هەیە کە دەوروبەرم بە کەسانی دیکە داڵدەدراوە، لە تەنیاییدا لە هەبونی خۆم ئاگادار نیم چونکە بە من ئەڵێن (تۆ) من ئەڵێم (من) هەر بۆیەشە کە ناچار دەبێ لە هەر کۆمەڵگەیەك دا بەتەواوی تاکەکان بڵێین (تۆ) لێرەوەیە کە بابەتی یەکسانی مرۆڤەکان دێاتەئاراوە، واتە یەکسانی لە دەست ڕاگەیشتن بە ڕوانینی کەسانی دیکە.

★ کەوابێ ئێوەش پێدەنێنە شەڕی دیالۆگ خواز (dualajiste) و دەچنە پاڵ بیریارانێکی وەك مارتن بوبرو ئەمانوئیل لونیاس و پل ریکۆر کە بابەتێکی دیکە دەهێننە گۆڕێ؟

-دواجار پێم وایە کە هەبونی من لە پلەی زاتێکی هۆشیاردا تەنیا لە ڕێگای ئەو پەیوەندیانەوە کە لەگەڵ کەسانی تردا دایدەمەزرێنم وەدیدێ، پێم وایە کە ڕەسەنی بنەڕەتی هەوین دانوستان لەگەڵ ئەویتردایە..

★ بەڵام بە ڕای ئێوە لە دنیای ئێستای ئێمەدا ئەم (ئەرکناسی سەبارەت بە ئازادی)یە تا چ ڕادەیەك لەبەردەم مەترسیدایە؟



ئالبێرژاگاردا

-بۆچونی من وایە کە لەم سەردەمەدا ئەم بەرپرسیاریەتیە سەبارەت بە ئازادی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا نیە و زۆربەی خەڵك و تاکەکانی تر نالێن (تۆ) ئەمەوێ لەم بارەوە سەبارەت بە مەسەلەی (لابردن exclusion) بدوێم، بە ڕای من کۆمەڵگەی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای کێبەرکێ دامەزراوە و هەربۆیەش لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە ئێستا پێم وتن دانراوە پێم وایە کە کێبەرکێیەکی ئابوری بەتەوژم و توند کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا دەبیندرێ دەبێتە هۆی لابردنی ئازادی و دەترسم بەو ڕێگایەی کە لە ڕۆژئاوادا گرتومانەتە بەر سەرەنجام بگەینە جیهانێك کە ئورول لە ڕۆمانی ١٩٨٤ دا تاریفی دەکا، بۆئەوەی لە حەقیقەت دا لەگەڵ (براگەورە) (Biq Brother) دەکرێ ئازادی لەناوبرێ. لەهەمان کاتیش دا

لەلایـەنی ئیداریـەوە، کارامـەتر ببـێ، ئـەنجامیش ئەوەیەکـە ئـازادی لـە کارامەییـەوە دەخەینـەلاوە ئەمەش ئەوەیە کە من زۆر ئەترسێنێ.

★ ئـەی دەوری زانایـەکی وەك ئێـوە لـە گۆڕینـی ئەم دۆخەدا دەتوانێ چی بێ؟

—مـن بڕوام بەدەسـتەڵاتی کـەلام هەیـە، رەنگـە هەندێك ساکارانەبێ، بەڵام ئەو کەسانەی کـە ئـەدوێن کەسانێکن کە پارێزگاری لە جیـهان دەکـەن. ئـەبینی کە بە هێزێکی زۆر کەم ئەکرێ شـتەکان بـە جۆرێکـی دیکە بگـۆڕی. مـن ئـەم شـتەم سـەبارەت بـە بابـەتی ژینگـە لـە پـاریس دا تاقیکردۆتـەوە. لـە چـەند سـاڵ لەمەوبەرەوە من و تاقمێك لە رۆشـنبیران هـەوڵمان دا زەینی خەڵکی سەبارەت بەم مەسەلەیە لە پـاریس دا بگۆڕین و هێشتا دەبـێ کـارێکی زیـاتر ئـەنجام بـدرێ بـەڵام لەسـەرخۆ دەچێتــە پێـش، وشـەگەلێکن کـە ماناکـەیان گۆڕانـی بەسـەردادێ، پێـم وایـە کـە دەسەڵاتی حەقیقی لێرەدایە، هێزی قسەکردن لەسەر بابەتـەکان، پێغەمبـەرە گـەورەکانیش بێجگـە لـە قسەکردن کارێکی دیکەیان نەکردوە.

★ بەڵام ئاخۆ بە رای ئێوە کەلام سەرچاوەیەکی بـاڵای (Transcendante) ی هەیـە یـان ئـەوەی کە بەتـــــەواوی خـــــاوەن جەوهـــــەری جیهان(immanente)ە؟

—نازانم؟ لە راستیدا ئێوە خەریکن بابـەتی خـودا دێننـە ئـاراوە، مـن وام پێباشـترە کـە ئـەم بابەتـە نەیەتە ئاراوە، چونکـە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە دژوارە، بـەڵام دەشـزانم کـە لـە نـاو مـن دا نیـاز بـە مەزنایەتی (Transcendauce) بونی هەیە، تەنانەت ئەگەر هـەموو شـتێکم سـەبارەت بـە کاکێشانەکان و دنیاش بزانیایە هێشتا بۆ من بەس نەبو لـە مـرۆڤ دا نیازێك هەیە بۆ (جارێکی دیکـەش زیـاتر) ئـەم رسـتە بەناوبانگـەی ئاوگوستینۆسـم زۆر خـۆش دەوێ کـە دەڵێ: (زیاتر لەناو من دایە) ئـەم نیازمەندیـەش بـە زیاتر هەمان نیازە بـە مەزنایـەتی و دەرنگـە هـەر ئـەو شتەش بێ کە لەناو هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەشە، واتە ئەم هەستی پەیوەندیە بە جۆرێکی زۆر تایبەت و زۆر سـەرتر لـە رادەی پێویست، ئایە دەبێ باسـی رۆح بێنینە ناوەوە؟ نازانم کە وشـەی بـەجێ ئەمەیـە یـان نا. بەڵام دەزانم کـە نیـاز هەیـە و ئـەم نیـازەش هـەم لەلای منالێکی رەوەندایی‌دا کە خەریکە دەبێتە تریت دەبینین و هەم لەلای منالانی پاریسی و منیـش ئەمـە پەسند ناکەم.

★ کاتێ ئێوە باسی مەزنایەتی دەکەن من بیری قسەکەی شوبنهاوەر دەکەمـەوە کـە دەڵێ: (مـرۆڤ گیانداریکی میتافیزیکیە) بـەڵام زانایانی رەسـەن هەمو کات میتافیزیکیان وەك شتێکی ناسـەقامگیر و نـارێك خسـتۆتە لاوە، رای ئێـوە لـەم بارەیــەوە چیە؟

—وەك کەسێکی لایەنگری زانست من پەیڕەوی لە یاسایەك دەکەم کە میتافیزیك وەلا دەنێ، چونکە من دەمـەوێ ئـەو شتە بخەمـە ژێـر لێکۆڵینـەوەوە کـە دەیلێم، لەکاتێکدا کە میتافیزیك وەدیهاتن هەڵناگرێ. بەڵام ئەمە بەرگری لەوە ناکا کـە ناوەندگـەلێك هـەبن کە ئەم یاسایە سەبارەت بەوان هەڵـەبێ و من حاشا لەو شتە ناکەم.

★ حەزدەکەم بگەڕێینەوە سەر بابەتگـەلێك کە لە رۆژهەڵات دا لەنێوان خودی لایـەنگرانی زانست دا لەئارادایە، بەتایـەبت و زیـاتر سـەرنجم لەسـەر ئـەو بابەتانەیـە کـە سـەبارەت بـە دڵنیـایی (determenisme) و نادڵنیـــــــــــــایی (indeterminisme) لـەنێوان کەســانێکی وەك ئادگـار مـۆرن و پریگۆژیـن یـان رۆنـە تـۆم دا رودەدەن، تۆ لە من باشتر دەزانی کە کەسێکی وەك رۆنـە تـۆم ئـەو گرنگیـەی کە ئەدرێتـە رێکـەوت و نـەبونی دڵنیـایی وەك روانگەیـەکی دژی زانسـتی دێنێتـە ژێـر پرسـیارەوە، ئـەوە لەکاتێکدایـە کـە رەخنـەگر و لێکۆڵەرانێکی وك مۆرن و پریگۆژیـن دەڵێـن کـە زانسـتە هاوچەرخـەکان لەگـەڵ بابەتگەلێکی ناسـەقامگیر و ئـاڵۆز (Complexe) دا

**رووبەرون ئێوە لەم باسەدا لایەنگری لە کام لا دەکەن.**

-من بە باشی لایەنی پریگۆژین دەگرم کاتێ ئەو قسە لە یەکگرتنێکی نوێ لەنێوان زانست و سروشت و بیستنی شاعیرانەی جیهان بەهۆی زانستەوە دەکا، بەپێچەوانەوە من پێم وایە کە وشەی (ئاڵۆزی) چەپ و راست لە رادەبەدەر بەکاریان هێناوە بەبێ‌ئەوەی سەرنج بدەنە ماناکەی. بە بڕوای من ئەوەی کە پریگۆژین دەری‌دەخا زۆر رون و ئاشکرا دێتە بەرچاو ئەمە رێك هەمان دیاردەی ئانترۆپی‌یە، واتە لەگەڵ ئەوەدا کە ئانترۆپی زۆر دەبێ نارێکی دێتەئاراوە و هەمو شتێك دەبێ لەناو بچێ ئەم شتە سەبارەت بە بونیادێکی بەتەنیا و جیاکراوە حەقیقەتی هەیە، بەڵام لەم بابەتەدا وشەی (بەتەنیا) لەبیردەچێتەوە. واتە کە بونیادێکی تر بەتەنیا نەبێ ئیتر ناتوانێ لەبەردەم ئانترۆپی بەهێزکەردا دابندرێ.

هەروەها دەکرێ بوترێ کە بونەوەرێکی زیندوش ئانترۆپی‌یەکی هەیە کە زیاد ناکات، بەڵام ئەم حاڵەتە بەنرخی ئانترۆپی‌یەکی دیکە لە شوێنێکی دیکە تەواودەبێ، ئەمە بەو مانایەیە کە بەڵگەی کارنۆیان بولتزمن بەکاریهێنین. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نیە کە عالەم داخراوە، چونکەهێنانەبەرچاوی عالەمێکی داخراو پێویستی بە هێنانەبەرچاوی سنور هەیە، سنوری عالەمێك شتەکانی (ناوەوەی لە شتەکانی دەرەوەی خۆی جیائەکاتەوە، بەڵام عالەم بەپێی پێناسەکەی (گشت) یکە و لە ئاکام دا گشت دەرەوەی نیە، کەوابێ وتنی ئەوەی کە رەسەنی ئانترۆپی سەبارەت بە عالەم بەکاریهێنین بێ‌مانایە، هەرە بۆیە من پەسەندی دەکەم کە پەیوەندیم بە جۆرێکەوە هەیە تاك و تەنیا نیە و دیاردەی ئانترۆپی سەبارەت بەو شتە بۆ بەکارهێنان نابێ و هەر بۆیەش حەزم لە ئانترۆپی نیە، بە بڕوای من ئانترۆپی (مودیل) یکی نائاساییە کە ناکرێ بۆ هیچ شتێك بەکاریبردرێ، چونکە مۆدێلی جۆری بەتەنیا هەبونی نیە و هەر بەم هۆیەشەوەیە کە پریگۆژین قسە لە هەبونێکی پێش بینی هەڵنەگر دەکا.

**⋆ هەروەها پریگۆژین قسە لە جۆرێك (بیستنی شاعیرانەی سروشت) و مەعریفەتی هاوئاهەنگ (reconcilie) یش دەکا کە دەکرێ گەلاڵەی سەرنجێکی نوێ بۆ جیهان بنیات بنێن، لەم بارەوە چۆن بیرئەکەیتەوە؟**

-بەتەواوی قەناعەتم بەم بۆچونە هەیە، ئەوەندەی کە بیردەکەمەوە ئیتر لە جیهانی ئێمەدا زانا لە بەرامبەر شاعیردا دانانرێ، بە رای من ئیتر بەرامبەریەك لەنێوان روانگەیەکی بە تەواوی زانستی و روانگەیەکی شاعیرانە سەبارەت بە جهان وجودی نیە ئیتر لە بۆچوونی زانادا هەموو شتێك مومکین نیە، بەڵکو ئیمکاناتێکی زۆر زۆر هەن، کەوابێ ئەو هەموو کات چاوەڕێی سبەینێیە، چاوەڕێی کارێکی چاوەڕوان نەکراوە، کاری چاوەڕوان نەکراو بەشێکە لە سنوری زانست.

**⋆دیکارت دەیوست کە مرۆڤی مودێرن (ئاغا و خاوەنی سروشت) بێ و بە رای ئەو دەبو زانست روانگەیەکی لەم چەشنەی هەبێو بەڵام تۆ لە کتێبی (ئەمەیە سەردەمی جیهانی کۆتایی هاتو) دا دەنوسی کە (ئەرکی لێکۆڵینەوەی زانستی ئاگادربون لە واقیعێکە کە ئێمەی داگرتووە) بە رای ئێوە ئایا مومکینە کە دیالیکتیك لەنێوان ئەم دوو شێوە جیاوازەدا دروست ببێ؟**

-دیکارت نیوەی رێگاکە دەپێوێ، ئەو دەڵێ کە بۆ بون بەخاوەن شتێك دەبێ ئەو شتە شی‌بکرێتەوە، ئەوە راستە بەڵام ئەمڕۆ دەبی ئەو شتەش بزانین کە ئەم شتە بۆ خۆی توخمی چ شتێکی دیکەیە. بە واتایەکی تر مرۆڤ کۆمەڵێك لە توخمەکانە و بۆ تێگەیشتن لەوەی کە مرۆڤ چۆن دەکارێ. بە واتایەکی تر مرۆڤ کۆمەڵێك توخمەکانە و بۆ تێگەیشتن لەوەی کە مرۆڤ چۆن دەکارێ، دەبێ

توخمەکان بناسین، لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەوەش دیاری‌بکەین کە مرۆڤ سەر بە کام زلکۆمەڵە. دەبێ بە دوو ئاراستەدا بجوڵێین. یەکەمیان ئاراستەی ئەو توخمانەی کە ئێمە دروست دەکەن ئەویتریشیان ئەوەی کە من یەکێك لە توخمە پێکهێنەرەکانیم و لە ئاکام دا زۆربەی ئەو شتانەی کە لە من دا تێدەپەڕن بەستراوەن بە توخمێکەوە کە من بەشێکم لەو توخمە هەروەها بەستراون بەو توخمانەوەی کە من پێکدەهێنن. هەردو رێگاکە زەرورەتیان هەیە بەڵام دیکارت هەر تەنیا نیوەی رێگاکەی پێواوە.

* ئەم قسەیە وتەکانی ئیسپنسەربروانم بیردەخاتەوە، ئەو دەیوت: ئەگەر جیهان دەیەوێ خۆی بناسێ دەبێ بەشێکی کەم لە خۆی بکاتەوە تاکو ئەو بەشە بچوکەی جیهان بتوانێ لە دەورەوە جیهان بناسێ، رەنگە بکرێ هەمان قسە سەبارەت بە زانستیش بکەین، ئایا زانیاریەك کە زانست دەتوانێ لە خۆیدا وەدیبێنێ بەر لە هەر شتێ پێویستی بە دورکەوتنەوەی زانست نیە لە خۆی؟

—مەجالم بدەن چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە: لەگەڵ چەند کەس لە هاورێیانی لایەنگری زانست دا خەریکی ئامادەکردنی قاموسێکی وشەگەلی زانستین، رۆژێك بابەتی باسی ئێمە وتارێك بو سەبارەت بە هەبون (عالەم) بەڵام عالەم چیە؟ یەکێك لە هاورکارەکانمان لە وتارەکەدا دەنوسێ: عالەم کۆمەڵەی ئەو شتانەیە کە هەن، و چەند رستە لە خوارتر دەنوسێ: ئێستا دەمەوێ لە روانگەیەکی دەرەوەی عالەمەوە سەیری عالەم بکەم. من وەڵامی ئەدەمەوە و دەڵێم: بەڵام تۆ سەلماندت کە خودا نیە، چونکە دەڵێی کە هەر شتێکی کە بوونی هەبێ لەناو عالەم دایە و بەپێی پێناسە خوا لە دەرەوەی عالەمە، وەڵامی دامەوە و وتی: بەڵێ راستە دەبێ سەرلەنوێ رستەکە بنوسمەوە، کارەکەی ناوبراو لەو وتارەدا بە دانەستە نەبو، بەڵام بە بروای من لەگەڵ هێنانەگۆڕێی ئەم بابەتە ئێمە توشی گریمانەی بریار هەڵنەگری (indecidabilie) گۆدەل ئەبین.

* بەڵام پرسیارەکەی من زیاتر پەیوەندی هەبو بە هەل و مەرجی زانست تاکو عالەم بەگشتی پێم وایە کە زانست ناتوانێ بە جۆرێکی رەخنەگرانە لەخۆی دوربکەوێتەوە، کەچی لە مێژوی فکردا هەموکات لە رۆچنەی فەلسەفەوە سەیری زانستیان کردوە؟

—پێم وایە مرۆڤ بەمەبەستی رەخنە لە ئامرازێك کە بۆخۆی دروستی دەکاو هەشەی پێدەدا، بێئەوەی کە تاکرادەیەك (فەیلەسوف) بێ ناتوانێ خەریکی کاری زانستی بێ، راستە کەزانست بۆئەوەی کە رەخنەگری خۆی بێ دەبێ بەشێك لە خۆی لە خودی خۆی جیابکاتەوە، ئەمەش کارێکە کە زۆر کەس لایەنگرانی زانست (زانایان) حاشای لێدەکەن.

* بەڵام زۆر لە زانایانی سەرەتای ئەم سەدەیە(سەدەی بیستەم) ئەم بۆچونەیان هەبو، کەسانێکی وەك ئەنیشتاین، ئوپنهایمەر، یان هایزنبرگ، ئەمانە هەمو حەزیان لە فەلسەفە بوو، بەڵام ئەم بۆچونە ئەمرۆکە بەو رادەیە لەناو زانایان دا نایەتە بەرچاو؟

—تەکنیك (Techniqe) ئەوانی لارێکردوە و تەکنیکەکانیشیان ئەوەندە ئاڵۆزە کە کاتێ کارەکانیان کۆتایی پێدێنن بەتەواوی هیلاکن. ناچاریون ئەوەندە شت فێربین کە ئیتر هیچ پرسیارێك سەبارەت بە جیهان و کاری زانست ناهێننە گۆڕێ. جێگای داخە زانستخوازەکان ئەمرۆ دەڵێن: (ئێمە ئەهلی زانستین کەوابێ دەبێ هەمو لایەك قسەی ئێمە وەربگرن)، بەڵام ئەمە هەڵەیە، بە رای من بەپێچەوانەوە پێویستە بریارەکان دەعوەت بکرێن تاکو بێن و پرسیاری گرانمان بێبکەن.

* کەوابێ دەبێ وتوویژێکی زیاتر و بەربلاوتر لەنێوان زانست و فەلسەفەدا بێتە ئاراوە؟

— بێگومان، لەبەرئەوەی کە رێگای زانایان دەگاتەوە رێگای هونەرمەندان. هونەرمەندان بێجگە لە فکرێك هیچی تریان مەبەست نیە ئەویش لێهاتوویە، بەڵام ئەوان هیچ کاتێ لە خۆیان ناپرسن،

هونەر بەکەلکی چی دێ؟ بەم دواییانە چەند وتارم بە پسپۆڕەکانی ئاستی بەرز لە (قوتابخانەی پۆلی تەکنیك) ی مونترِاڵ پێشکەش کرد، پێم وتن کە باشترین مامۆستا بۆ ئەوان مامۆستای کیمیا نیە بەلکو مامۆستای فەلسەفەیە. ئەوان بەم قسە پێکەنین و وتیان کە (بە رای ئێمە فەلسەفە شیعرە و ئەوەی بایەخی هەیە لێهاتووییە، دواجار ئەوەیە کەپسپۆڕەکان کەسانێکی ترسناکن، کاتێ کە بڕیار بێ مرۆڤ تەنیا هەر لێهاتو بی ئیتر نازانن هونەر بەکاری چی دێ و لە ئاکام دا توشی گێلی دەبن، ئەگەر نەتوانین دوائەنجامی کار یا کردەیەك بخەینە ژێر پرسیارەوە دەبێ چاوپۆشیش لە بابەتی لێهاتوویی بکەین.

★ بۆچونەکانی تۆ ئێمە دەگەیەنێتە چەمکی رەسەن و تایبەتی (زانست) بەپێی رێوشوێنی فەلسەفی رۆژئاوا واتای (زانست) بەر لە هەر شتێك تەعبیرە لە بەرزترین شێوەی مەعریفەی مرۆڤانە، بەلام لە هەمان کاتیش دا ئەم چەمکە دەربڕی شێوازێکی تایبەتیە لە تێکۆشانی کۆمەلایەتی لە کۆمەلگە مودێرنەکان دا. ئەم دو بەکارهێنانەی چەمکی (زانست) بەستراون بە دوو مەبەستی جیاوازەوە یەکەمیان گەڕانە بەدوای حەقیقەت دا، لەکاتێکدا ئەوەی دیکە هەبونی لێکۆلەرێکی پێویستە کە (زانست) بۆ ئەوان ئیمکانێکە بۆ خزمەت بە ژیانی وەزیفی و دەسەلاتی کۆمەلایەتی، بەداخەوە وا دێتە بەرچاو کە لە کۆمەلگەی رۆژئاوایی دا دیدی دوهەم زاڵ بوە بەسەر روانگەی یەکەم دا.

—پێم وایە بابەتی زانست زیاتر داهێنانی ئەو مۆدیلانەیە کە دەشێ کۆنترۆڵ بکرێن و بەپێی توانا دەستیان بکاتە هەندێك واقعی دەست پێڕانەگەیشتوو، لە زانست دا هەمو جارێك مۆدێل بەوەی کە واقع دەینوێنێ نزیکتر دەبێتەوە من پێم وایە کە زانا کەسێکی چەتونە کە سروشت روت ئەکاتەوە، بەلام سروشت قەت روت نابێتەوە، بەو هەموشەوە، زانا بەوە رازیە کە هەر جارە بەشێك لە جل و بەرگی سروشت لەبەرخۆی دابکەنێ، لە حەقیقەت دا حەزێکی شاعیرانە و مەزنانەی وەك (ئەمەوێ کارا بم) و بەشێوەی نیاز بە دۆزینەوە و داهێنانی شتێك بەرلەوەی تر گۆڕانی شێوەی بەسەردا هات، بەلام لە راستیدا ئەمانە هەمویان سەرچاوەگرتون لە مانەوەی منداڵێتیەوە (infanjilisme)، بونی خەلاتی نۆبل شاهیدێکە لەسەر سەلماندنی ئەم منداڵیەی زانست، چی روودەدات ئەگەر کەسێك بەر لە من فۆرمێك بدۆزێتەوە، بێمانایە بە رای من کاتی ئەوەە کە بە (منداڵ مانەوەیی) لە تێکۆشانە زانستیەکان دا لەناو بیەین.

★ ئەم قسەیە رستەیەکم دەخاتەوەبیر کە لە کتێبێك دا سەرابەت بە خەلاتی نۆبل نوسیوتە لەو کتێبەدا نوسیوتە: نازانم ئایا دەبێ خەلات بکری یان بخرێتە بەندیخانە ئەو زانایەی کە لەبەر دەست لێدانێکی ترسناك لە بواری ژنیتیك دا خەلاتی نۆبلی پێشکەشکراوە؟

—بەلێ من بیرم لەم قسەیەی ئەنیشتاین کردۆتەوە: (کارگەلێك هەن کەوا باشترە هیچ کات ئەنجام نەدرێن) بەلام زانایەك کە خەلاتی نۆبلی دەوێ بۆئەوەی ببێتە یەکەم لە هەر چەشنە کارێکدا دەستی بۆ دەبا.

★ ئەم بابەتە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە زانست دا بابەتی ترس دێنێتە ئاراوە. بۆئەوە کە لەم کۆتایی سەدەی بیستەمەدا ئیتر ترسی مرۆڤەکان لە ئەستێرە کلك دارەکان نیە بەلکو لە کون بونی توێی خاك (ئوزون) یان شوێنەواری گولخانەیی، ئیتر کەس لە دێووپەری ناترسێ بەلکو دەست لێدانە ژنەتیکیەکان هۆی نیگەرانیە، بە واتایەکی دیکە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست دا فەرهەنگی هاوچەرخ وێنەی زانستی لە بیرەوەریدا پەروەردە دەکا کە دەتوانێ ترسناك و سەرسوڕهێنەر

**بیخولقێنی سەبارەت بەم واقیعە لە بنەرەت دا ژین ناسی مرۆڤ ناسی چۆن بیردەکەنەوە؟**

—بە رای من ئەم قسانە زۆر راستە، ئەمرۆ دەکرێ ئەستێرە کلکدارەکان بە کەڵك وەرگرتن لە بۆمبە ناوەکی لە ئاراستەی خۆی لبدرێن، دواجار مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە هەرەشە دەرەکیەکان بپارێزێ، بەڵام مەترسی راستەقینە لە خودی خۆمان دایە نەك لە دەرەوەی خۆمان، دەزانی کە لە تەمەنی خۆر تەنیا پێنج ملیار ساڵ ماوەتەوە، کەوابێ دەبێ بیر لە شێوەی تری وزەی =یان بکرێتەوە، بەڵام ئێمە هەر ئێستا خەریکی وێران کردنی هەموو چوارچێوەی ژینگەکەمانین.

**★ هەڵوێستی ئێوە سەبارەت بە پرۆژەی ژنۆم (qenime) ی مرۆڤ کە مەبەستی کێشانەوەی نەخشەی ژنیتیکی جۆری ئێمەیە چیە؟**

—من سەبارەت بەم پرۆژەیە هەندێك بەدگومانم، بە رای من زانینێکی لەو جۆرە دەکرێ ترسناك بێ و من حەز دەکەم هەموو زانینەکان باش بن، بەڵام ئەم زانینە هانی کردەوە لە ئێمەدا دەدا بەبێ ئەوەی بزانین خەریکی چین.

**★ کەوابێ بە رای ئێوە بەڵگەی باش هەن کە ببنە هۆی ترسمان لە ئەگەری بەکارهێنانە ژنیتیکیەکان؟**

—بەڵێ ترسەکەم لەوەیە کە راکێشرانی ئێمە بۆ ئەوە بەهۆی لۆژیکی کارامەیی‌یەوە بێ، بەتەواوی مناڵانەیە کە وا بیرکەینەوە باشترە گروپێکی فەرانسی لە سەروی لێکۆڵەرەوانێکەوە دابندرێن کە لە بواری ژنیتیك دا کاردەکەن،ئەم بۆچونە گێلانەیە چونکە زانست نەتەوەی نیە.

**★ بە رای من چاخی بیۆتەکنەلۆجی - کە لە مێژە دەستی پێ‌کردوە، پێویستی بە پیاچونەوەیەکی ئەخلاقی هەیە، ئەڵبەت ئەگەر خوازیاری باشترین دنیای ئالدۆس هاکسلی نین، ئایا تۆ رازی بە شیکردنەوەی بیریارێکی وەك هانس یوناس کە هەوڵ دەدا لەسەر بناغەی بەرپرسیاریەتیەکی داهاتوو دورو لە پەیوەندی لەگەڵ (دەسەڵاتی دەسەڵات) دا جۆرێك ئەخلاق دابمەزرێنێ؟ بە واتایەکی تر بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی زانایان لە جیهانی ئێمەدا چییە؟**

—لەم سەردەمەدا بەرپرسیاریەتی زانایان مەزنە، چون ئەوەتا ئەوان ئیمکانی ئەنجامی کارگەلێکی سەرسورهێنەر یان هەیە و پێویستە کە بیر لە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی بکەنەوە بەڵام ئەوان ناتوانن کەهەر تەنیا بیربکەنەوە بەڵکو دەبێ زەنگی مەترسیش لێبدەن و بڵێن: (من دەتوانم فلان کا ریکەم بەڵام ئایا دەبێ بیکەم؟ وا دیارە کە هێشتاش ئەوان لە ئەم جۆرە رووبەڕوبونەوە لەگەڵ شتەکاندا تێنەگەیشتوون.

**★ ئایە خودی ئێوە پەیمانێکی ئاوا ئەخلاقیتان داوە؟**

—بەڵێ، بەڵام حاڵی حازر پەیمانە ئەخلاقیەکەی من تەنیا لایەنی کۆمەڵایەتی گرتۆەوە، بەو حاڵەش دەخوازم زەنگی مەترسیەکەش لێبدەم.

**★ ئەمە هەمان ئەو کارمیە کە لە پێشەکی کتێبی (زانایان ئەدوێن) دا ئەنجامت داوە؟**

— رێك وەك ئەوەی ئەم کتێبە چاك دەناسی لەوە ئەترسم نەزانین چی بکەین، ناکرێ زانست بوەستێنرێ، بەڵام دەبێ تەکنەلۆجی بوەستێنرێ، چونکە لە جیهانی ئەمڕۆکە یەك لە پێنجی مرۆڤەکان هەشتا لە سەدی سەرچاوەکانی سامانیان لەبەر دەستدایە، ئەم هەل و مەرجە ناکرێ درێژەی هەبێ و پێویستە بگۆرێ.

**★ ئەگەر لە چوارچێوەی وتەکانی خودی خۆتان دا بجولێین، لێکۆڵینەوە زانستیەکانتان چۆن پەیمانە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکەتان دەژیەنن؟**

—پێم وایە پێچەوانەی ئەمەبێ، باشترە بڵێم کە پەیمانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکەمە کە لێکۆڵینەوە زانستیەکەم دەوڵەمەند دەکەن دەیژیەنن، دەژیەنن، بەڵام ئەوەش راستە کە بۆچونە زانستی‌یەکەم هانم دەدا ببمە هاوشارییەکی سیاسی.

**★ تۆ قەت نەچوویتەتە ناو سیاسەتەوە؟**

-با جارێك لە هەڵبژاردن دا بەشداریم کرد و (٣-٪) ی دەنگەکانم بەدەست هێنا، بەڵام مەبەستی من بردنەوەی هەڵبژاردن نەبو بەڵکو دەمویست لەم دەرفەتە کەڵك وەربگرم و لەگەڵ خەڵك دا باسی بێکاری و بۆمبی ئەتۆمی و رەگەزپەرەستی بکەم، بەڵام بەپێچەوانەوە هەمو شتێ بووە بلقی سەر ئاو چونکە مەجالی چونە سەر رادیۆ و تەلەفزیۆنم نەدرایە.

★ ئەی لە ئێستادا بیر لە چ شت گەلێك دەکەیتەوە؟

-خەریکی ئامادەکردنی کتێبێکم کە لە کۆمەڵەیەکی تازەدا بە نێوی (من تاوانبار دەکەم) لەلایەن کلمان - لۆی بڵاودەکرێتەوە، من ئابوری زانەکان تاوانبار دەکەم، چونکە پێم وایە ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی ئێمە لەناوبچێ ئامادەیی ئەم ئابوری زانانەیە ئێمە لە رادەبەدەر بروامان بە ئابوریزانەکان و یاسا ئابوریەکان هەیە، دەمەوێ هەندێك لە پارادۆکسەکانی لۆژیکی ئابوری نیشان بدەم، بۆ وێنە نمونەی میترۆ لەبەرچاو بگرن، ئابوری زانانێك هەن کە دەڵێن دەبێ نرخی بیتاقەی میترۆ بچێتە سەر، بەڵام کەسێکی وەك من کە کەڵك لە سەیارەی تایبەتی وەردەگری بۆی دەلوێ کە سواری میترۆ نەبێ و لەسەر خۆ لێبخورێ. لەسەر ئوتۆمبێل سوارەکانە بەشێك لە نرخی بلیتی میترۆ بدەن؟ لەبەرئەوەی کە لە شەقامەکانی پاریس دا ئاسودەن، مەبەستم ئەوەیە کە ئابوریزانەکان هەر تەنیا قوژبنێکی بچوك لە واقع لەبەرچاو دەگرن و دەرەنجامەکانی بەربڵاودەکەن.

★ ئێوە حەز لە باس و جەدەل دەکەن؟

- بەڵێ و پێی لێدەنێم کە بەشداری باس و وت وێژم پێخۆشە، بەڵام بێزارم لە توندوتیژی.

★ لە کۆتایی ئەم وت و وێژەدا حەزدەکەم بۆچونی تۆ بزانم لەسەر کۆتایی (سەدەی بیستەم) لەم قۆناغی پەرینەوەی کۆتایی سەدەیەدا، دوای شکستی هیوا گەورەکانی شۆڕش و ئەو مودیلانەی کە چاوەڕوان دەکرا ببنە ج.ێگرەوەی مودیلی گەشە و هێزی تەکنەلۆجیا، بە رای ئێوە بە پێوقەدەمی کامە هیواوە دەگرێ ناقوسەکان بێنینە دەنگ؟

-ئەگەر لایەنگری باس و جەدەلم و خەبات دەکەم لەبەرئەوەیە کە (هیوادارم) بە رای من تەنیا هیوای مومکین مرۆڤخوازیە، واتە گرنگیدان بەو شتەی کە ئێمە تایبەتین بە جۆرێکی زۆر تایبەتەوە پەیوەستین کە دەتوانێ بۆ خۆی خۆی پەروەردە بکات و لە ئەنجامیش دا دەبێ ئەولەویەتی پێویست بە شان و شکۆی هەرکام لە مرۆڤەکان بدرێ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش نابێ رادەی کۆمەڵ لە رادەبەدەربێ دەبێ منالبون لە جیهان دا سنوردار بکرێ و دەبێ پەنابەرینەبەر ئایدیای زۆر سادە ئایدیای ئەخلاقی و ئاینی وەك (قەتڵ مەکە) و دەبێ یەکترمان خۆش بوێ و بەو کەسانەی کە دەڵێن دەبێ لەگەڵ یەکتردا هەستین بە رقەبەرایەتی و نانی هاوسێ هەڵبگیرێ یا بدزرێ دەبێ بڵێین (نا) بە رای من دەبێ سەیری ئەویتر بکەین و قسەکەی ببیستین، دەبێ یەکتر دەوڵەمەند کەین بایەخی چی هەیە کە لە دوو کەس دا کامیان باشترن، کەوابێ دەبێ گیانی رەقەبرایەتی بە قازانجی گیانی بنیات نان بەیەکەوە وەلابخەین، بە رای من لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی رۆژئاوایی سەرمەشقێکی خراپەیە بۆ جیهان، رۆژئاواییەکان زۆر دڵخۆشن کە خەڵکی جیهانی سێهەم یەکتر دەکوژن و یەکتر لەناودەبەن، ئەمە خەمی ئەوان نیە، من لە خێزانێکی مەسیحیدا گەورەبوم بەڵام پێم وایە ئەمڕۆ مەسیحیەت زۆر لە وتەکانی مەسیح دورە بە رای من مرۆڤخوازی هەمان وتەی ساکاری مەسیحە: (یەکترتان خۆش بوێ)

سەرچاوە:

کتێبی (نقد عقل مدرن) گفتگوی با اندیشمندان امروز جهان - رامین جهانبگلو جلد دوم - لاپەڕە ٤٦ تا ٦١.

تێبینی: ئەو وشانەی کەوتونەتە ناو قەوسەوە لەلایەن وەرگێڕەوە بەپێی پێویستی زیادکراون -و-

د. کەمال ئەبودیب

وەرگێڕانی: سالار مەحمود

# زەکەریبیا تامر

## داهێنەری سەرسوڕهێنی جیهانێکی وروژێنەرە

هونەر لە یەکێك لە بەرجەستەبوونە مەزنەکانیدا هونەری ئەتك کردنی خەفەکراوە و ئازادکردنی داپڵۆسێنراوە و رووتکردنی خەیاڵە دژ بە یەکدیەکانی ئەودیوی پەردەکانی جیهان و سەختیی واقیعە و درەوشانەوەی هۆشە.

بێگومان (زەکەریبیا تامر) هونەرمەندی ئەم دۆزینەوە و ئەتك کردن و رووتکردنەوەیەیە، نووسینە سەرسوڕهێنەرەکانی لە فەزایەکدا دەجوڵێن تێدا ئاگابوون لەگەڵ ئەوەی لە قووڵاییەکانی نائاگاییدا لە ئاشوبێکی تۆقێنەری نێژراوی قوڵایی نائاگاییدا ئاساییە ئاسایی بەزێن و ئەفسووناوی بە ئاشنا و ئەقڵانی بە شێتانە و مەرگەساتە دڵتەزێنەکە بە قاقای گاڵتەجاری یەکتر دەبڕن. ئەو بە هەموو ئەوانە و شتی تردا جوانناسیەکی نوێ دادەمەزرێنێ کە یەکەم سیمای داهێنانیەتی.


جوانناسیەکانی ئاسایی بەزاندن و بە ئاساییکردنی ئاسایی بەزێن و دەرخستنی ئەفسووناوی و تراویلکەیی و چاوبەستی و ماسکێتی واقیعە، هیچ شتێك وەکو خۆی دەرناکەوێت کە لە رواڵەتدا دیارە، راستێتی لەو ژێرزەمین و تووناوتوونانەدا نێژراوە کە بە تۆقین و توندوتیژی و تاوان و پاکی و خەونی ناسك و تاسەکردنی جیهانێکی تر دەتەقێنەوە کە پتر درەوشاوە و ئازاد و مرۆڤانە و ئارامە و شێوە تەکنیکە سەرسوڕهێنەرەکانی بەجۆرێك بەرجەستەدەبن کە بە هۆیانەوە خەون و واقیع، ساختە و راستی.، گوفتار و کردار لە فەزایەکدا یەك دەگرن و هیچ شتێك نە بە مەجاز و نە بە کردەوە لەیەکیان جیاناکاتەوە، خود بە وردی ئاگای لە سنووری جیاکەرەوەی نێوان خەون و واقیعە، بەڵام تەکنیکی گێڕانەوە و رووداوی چڕ ئەم سنوورە دەبەزێنن و بەڵکو لە بنەڕەتدا ددان بە بوونیا نانێن.

لە هەر هەمو ئەمانەدا (زەکەریبیا تامر) گەمەیەکی هونەری درەوشاوە ئەنجام دەدات: ئەو ناماقووڵ ئەقڵ گرتە دەکات و لەپێناوی ئەوەدا نا کە بە ئاسانی وەرگیرێ بەڵکو لەپێناوی پەردەلادان لە رووی تۆقاندن و نامۆیی و سەرکێشی و کاریگەییە بەهێزەکانی کە گشت لایەنەکانی ژیان دەگرنەوە: تاکە کەس و کۆمەڵگا، پیاو و ئافرەت، ئاگابوون و نائاگایی.

ئەو لەمەدا جوانیەکانی پەیکەری ئێسکی رووت دادەهێنێ، بەبێ نەخشاندن و رازاندنەوە یان رەوانبێژی وایان دەتاشێ. شێوەکانیان پتر زەق و بێگەرد دەکات. لێرەدا دەست گرتن بە سامانی زمان و سادەیی گێڕانەوە دژ بە خۆیان دەبن بەتایبەتی کە بۆ لاقاوی (دەلالەت) و چڕی دۆزینەوە دەگۆڕێن، وا

لە وەرگر دەکەن لە بارێکی نیمچە وڕپو کاس بووا بێ کاتێ بەر تافگە رەشەکانی (دەلالەت) گیراوەکان و رەمزە بروسکەییەکان دەکەوێ و دەبنە لافاوێك لە بۆشاییەکانی دەقەکە و هورووژم دێنن بەبێ ئەوەی زمانی داهێنەر بیاندرکێنێ یان سەرنجێکیان بۆ راکێشێ.

لە کۆتایی گەشتەکەدا، (زەکەریا تامر) گۆڕەڵکەندی ژێر هوشیاریەکانی عەرەبە، لە سەردەمێکدا، ئەوەی لە ژێرەوەیە هەزار داپڵۆسێنراو و خەفەکراو و ئارەزوو هەوەس و پێکهاتەکانی مەرگەسات و شکست و شۆڕش و لەباربردن و دژایەتیەکان و ململانیەکانی تێدا کۆدەبنەوە، ئەو شایەتێکی داهێنەرە بەسەر سەردەمی خۆیدا و دروستکەرێکی سەرسوڕهێنەری جیهانێکە هەتا رادەی تۆقاندن ورووژێنەرە.




(زەکریا تامر) هونەری کورتە چیرۆکی گەیاندە ئاستێکی ئەوەندە بەرز ژمارەیەکی کەم نەك هەر لەناو عەرەبا بەڵکو لە هەموو جیهانی بەریندا توانیوانە هەتا ئەو ئاستە هەڵکشێن و بەشداریەکی رەسەنی عەرەبییانەی لە پێکهێنانی فەزای داهێنانی هاوچەرخدا پێشکەش کردووە. لە سەردەمێکدا بەشداربوونی عەرەب لە پێکهێنانی رۆشنبیری و شارستانیەکانی جیهان لە دەرەوەی داهێنـاندا پووکانەوەیەکی مەرگەساتیانە پووکاونەتەوە.

لەم چیرۆکە نوێیانەیدا (زەکریا تامر) درێژە بە سەرکێشی دۆزینەوە و سازدانی ئامرازەکانی خۆی و قووڵکردنی مەودای پێکهاتە مەعریفیەکان دەدات و لەسەر دڵسۆزی خۆی بۆ ئەو هونەرەی مۆرکە جیاوازەکەیی بەسەردا بەجێهێشتووە بەردەوام دەبێ، هەروا سورە لەسەر هەوڵدانی بۆ گرێدانی هونەری گێڕانەوە بە سەرچاوە قووڵەکانی ناو ناخی مێژووی داهێنانی عەرەبەوە هەروەها پەیبردن بە ئاسۆی داهێنانی چیرۆك لەسەر ئاستی جیهان، لە مێژووی وێژەییماندا ئەو دەنگێکە لە هەموو دەنگەکان تاك و جیاوازترە.

## تاریکاییەکان بەسەر تاریکاییەکاندا

چاومان لە هاوسێکەمان بوو لە بانێژەی ماڵەکەی خۆی لە حەوتەم نهۆمی تەلارێکی گەورەدا کە ئێمە لە ژێر زەمینەکانیدا نیشتەجێ بووین دەرکەوت تەماشای خوارەوەی کرد. ئەوەی لەبارەیەوە دەیزانین، هانی ئەوەی داین دەست راوەشێنین و بە هاوارەوە بانگی بکەین و تکای لێبکەین بۆ کارێکی زۆر گرنگ و ناکرێ دوا بخرێ لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێ. کاتێ بەپەلە بەدەنگ بانگکردنەکانمانەوە هات سەرسام نەبووین و پێمان وت: (بەتەنیا لە سەرەوە چی دەکەیت؟ بێزار نەبووی؟ بە رووێکی خۆش و بەدەم پرسیارکردنەوە وتی: (ئەی ئێوە لە خوارەوە چی دەکەن؟)؟

پێمان وت: (بەلای تۆوە چۆنە کەمێ پیاسە بکەین تا ئەوە چاوەڕوانی ببینیت کە چاوەڕوانی بینینیت نەئەکرد ؟).

وتی: ئەوەی ئێمە پێشنیازی دەکەین ئارەزوی زانینی نابزوێنێ، چونکە شتێك نەماوە نەیبینیبێت یان نەیزانیبێت، پێمان وت: (تاقی بکەرەوە و ئەوسا بۆت دەردەکەوێ ئێمە درۆ ناکەین).

پێکەوە بەسەر زەویدا کەوتینە رێ و هاواری داد و بێداد بە دوامانەوە بوو ئابڵوقەی دەداین.

پیاومان بینی گۆڕ بۆ ئافرەتانێك هەڵدەکەنن لە ئەوان بەولاوە ئیتر کەسی تریان خۆش ناوێ..

دڵگیرترین ئافرەتمان بینی دەبوون بە بوکەشووشەی مۆم و ئاوریشم، سێدارەمان بینی مناڵ و پاساری پیا شۆڕدەبوەوە.

گوڵی سپیمان بینی خوێنی بەناهەق رژاوی بۆ گوڵی سور دەگۆڕێ رووبارمان بینی سواڵی ئاو لە لم دەکەن..

چیای سەرکەشمان بینی دەبوونە تۆز..

دایکمان بینی مناڵەکانیان بۆ ناو سندووقی خۆڵ و پیسایی هەڵدەدان. رۆڵەمان بینی بە پێکەنینەوە شەقیان لە باوك و دایکەکانیان هەڵدەدان پیاومان بینی بەبێ پەشیمانی قاچی خۆیان دەبڕنەوە تاکو مافی مانەوەیان لە پەناگای پەککەوتەکاندا هەبێ...

پیاومان بینی بۆ فرۆشتن پیشان دەدران و کاتێ کڕیار نەئەبوو خەم دای دەگرتن..

بتمان بینی دەپەرستریێن و بەقسەیان دەکرێ و ئەوەی سەرپێچی بکات بۆ ناو ئاگری ئەم دنیایە تووڕەدەدرێ.

ئەستێرەمان بینی لەو خەڵکەی کە سەریان شۆڕ کردبووەوە دەپاڕانەوە، پێش ئاوابوونیان ماڵ ئاواییان لێبکەن..

باڵندەمان بینی فڕینیان لەیاد چووبوو.

فیلمان بینی شێتگیربووبوون و لە کەروێشکی ترساو دەپاڕانەوە پەلاماردانیان دوا بخەن..

جرجمان بینی پشیلەیان راودەنا کە بە هەموو خێراییەکەوە رایان دەکرد و لەترسا دەیانمیاوان و بۆ پارێزگارییەك دەگەڕان..

جوانترین وشەمان بینی دەخنکێنران..

بەردمان بینی دەگریا..

مانگمان بینی دەگریا..

مانگمان بینی بەسەر شارانێکدا هەڵدەهات کە تەنها ئەوانەی تێدابوون کە بۆ رزگاربوون لە مردن بەسامتر خۆیان دەکوشت..

شارانێکمان بینی بەدرێژایی شەو دەگریان و بە رۆژ فرمێسکەکانیان دەسڕی و دەیاندایە قاقای پێکەنین..

زیندانیمان بینی رقیان لە رۆژی لە زیندان دەرچوونیان دەبووەوە.. میللەتانێکمان بینی لە گۆڕا لەدایك دەبوون و لە گۆڕدا دەمرن.. مناڵانمان بینی نە پێکەنینیان دەزانی و نە گریان..

گەلانمان بینی چاو بەستراو چاوەڕوانی ساتی لەسێدارەدانیان دەکرد و جەللادەکانیان تاکو چێژ لە بینین تۆقینیان وەرگرن خۆیان لە ئەنجامدان دوادەخست.

بە حەزی شت زانینەوە تەماشای هاوسێکەمان کرد کە هەمو شتێك دەزانێ کەچی پەست و

توورەبوو دەتگووت ئەوانەی چاوی پێیان کەوتبوو ئازار و ناخۆشییان دەچەشت رۆڵەکانی خۆین کە ناتوانێ فریایان بکەوێ و لە هیچ رۆژێکدا هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی تێدا نیشتەجێ بوو نەدا ژمارەی ستەمدیدەکان زۆرتر بوو.

## فڕینی ماندووەکان

(عیسا) هەستی بە ماندووبوونێکی بێهودە و لەپڕ بەترسەوە هاواری کرد کاتێ بینی خەریکە دوو باڵی بەهێز لە پشتیەوە بۆی دەروێن، هاوسەرەکەی بزەیەکی کرد و بەخۆشییەوە پێی وت: (ئێستا دەتوانی بە فڕین بۆ کۆگاکان بچیت و بە فڕین بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە و پارەی بەنزینکەشت دەمێنێتەوە. (عیسا) بە هاوسەرەکەی وت: (ئەگەر بفڕم چی لەوە دڵنیام دەکات کە ناکەوم و کەللەم ناتەقێ؟ بەم دوو باڵەوە چۆن کاربکەم و پێشوازی لە کڕیارەکان بکەم و سەوا و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم؟ ئەبێ خەڵکی چۆن باسم بکەن؟ بە چاو دەمخۆن و ئابڕووم دەچێ. من پیاوێکی دەوڵەمەندم و ئەوەندە پارەم هەیە بەشی خۆم و منداڵەکانم و کوڕ و کچەزاکانم بکات. هەتا ئەم دو باڵەم لێنەبنەوە ماڵەکە بەجێناهێڵم).

(عیسا) هەتا مرد لە ماڵەکەی خۆیدا مایەوە و بێئەوەی رۆژێ لە رۆژان ئەم دوو باڵەی لە فڕیندا تاقیبکاتەوە. بەڵام منداڵ و کوڕوکچەزاکانی لەچاو ئەودا جیاواز بوون و کاتێ باڵیان لێڕوا هەوڵی لاسایکردنەوەی ئەویان نەدا.

(ئادەم) یەکێك بوو لە نەوەکانی ئەو، هەژار بوو، رەنگ پەڕیو و چاوگێڕ بۆ ماڵ گەڕایەوە و هاوسەرەکەی ئاگاداری کردەوە کە لە کۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر و لە کارگەیەکەوە بۆ کارگەیەکی تر بە فڕین بۆ کار دەگەڕا، هەتا ماندو بوو. لەسەر لقەدارسێوێك نیشتەوە، خاوەنی درەختەکە و کێڵگە بەرینەکانی دەوروبەری داوای لێکرد لە کۆکردنەوەی سێوە گەییوەکاندا یارمەتی بدات. هاوسەرەکەی بە دەنگی دڵخۆشییەو پێی وت: (ئەوەتا کارێکت دۆزییەوە، کرێکەت لێوەرگرت چەند بوو؟).

(ئادەم) وتی: (هیچ کرێیەکی بە من نەدا و گۆچانەکەی بە هەڕەشەوە لە روومدا راوەشاند، یان دەبێ بە خۆڕایی یارمەتی بدەم یان پێش ئەوەی دارەکە لەژێر قورساییما بشکێ، درەختەکە بەجێبهێڵم).

هاوسەرەکەی وتی: (ئەی چیت کرد؟).

(ئادەم) وتی: (لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر فڕیم و تاقە سێوێکی گەییوم بەجێنەهێشت نەیچنم).

هاوسەرەکەی وتی: (ئەی لە کۆتایی مانگدا چۆن کرێی خانوەکە بدەین).

(ئادەم) وتی: (کۆتایی مانگ نایەت).

هاوسەرەکەی وتی: (ئەی چۆن نان بخۆین).

(ئادەم وتی: (خۆمان فێردەکەین بە بێ نان خواردن بژین).

(ئادەم) و هاوسەرەکەی لەوەدا سەرکەوتووبوون کە لە ژیاندا بەبێ خۆراك بەردەوام دەبوون و منداڵیان بەبێ گەدە لەدایك دەبوو.

## بەیانی باش

(سلێمان) بەیانی زوو لەخەو هەستاو زۆر لای سەیر بوو، هەرچی لە ژوورەکەدا بوو باسی دەکرد. بەچاو نووقاوی مایەوە و بۆئەوەی بزانێ چی پێدەوترێت، هەوڵیدا هیچ جووڵەیەك نەکات. دیوارێکیان وتی: (ئەوە خەوتووە یان مرووده؟).

دیوارێکی تریان وتی: (هیچ جیاوازییەك نیە، خەوتوو بێ یان مردوو یان وریا لە شەقامەکاندا رادەکات).

دیواری سێیەمیان وتی: (هەر جارێ بۆ ناو ژوورەکە دێت، بڕوا دەکەم کە ژمارەمان زیاتر بووە و بووین بە پێنج دیوار).

بنمیچەکە وتی: (خۆ داپۆشین بەتەنگ ئابڕووهاتنەوە پێویستە، بۆچی بە ڕووتی دەخەوێ کە وەرزەکە هاوین نییە؟).

کورسی ئەودیوی مێزەکە وتی: (لە یادتانە، پێش چەند ڕۆژێك کاتێ بەدزییەوە ئافرەتێکی بۆ ناو ژوورەکە هێنا، چی کرد؟ وەکو سوالکەری برسی دانیشتبوو چاوی لێ زەق کردبووەوە زۆر بە حورمەتەوە و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە لەگەڵی دوا و هەوڵی نەدا بونباخەشی داتەوە.

ئەو کە وتی: لە ڕۆژی ئەزموونندا مرۆ نە ڕێزی لێدەگیرێ و نە سووکایەتی پێدەکرێ).

دۆڵابە دارینەکەی جل و بەرگەکان وتی: (ئیتر بڕستی ئەم ژیانەم پێ نەماوە و خۆزگە دەخوازم زوو بیبرم و بۆ دارێکی کرمۆڵ بگۆڕێم کە هەر بە کەڵکی سوتانی ناو سۆپاکاندا بیم).

ئاوێنەی دۆڵابە دارینەکە وتی: (هیچ پەستم ناکات ئەوە نەبێ ئالوودەی سەیرکردنی منە و بزەی بەدڵبون بۆئەوەی دەیبینێ دەیگرێ).

تەلەفزیۆنەکە وتی: (چرووك نیم، بەڵام ئەو هەر ئەو فلیمانەی پێخۆشە کە پڕ لە فرمێسك و هەناسە ساردیە).

شانەکە وتی: (دەڵێی کوێرە و هێشتا ئاگای لەوە نیە کە تاڵە سپیەکانی سەری لە ڕەشەکان زیاترن).

پێنووسێکیان وتی: (ئەگەر تووشی لاوازی یادکردنەوە نەدەبووم بەدرێژایی چەندین مانگ بۆ ئێوەم باس دەکرد پووچیەك لە نامەکانیدا بۆ ئافرەتان دەنووسێ کە خوێن لە دەمارەکاندا وشك دەکا).

فلچەی ددانەکان وتی: (لە باس کردنی خۆشەویستی بێزار نابێ و کەسی خۆش ناوێ و لەباس کردنی ژن هێنان و منداڵی زۆر بێزار نابێ و ژنیش ناهێنێ).

قەرەوێڵەکە وتی: (تکاتان لێدەکەم باوەڕی پێ بهێنێن کە کێشی خۆی کەم بکاتەوە).

لەوساتەدا دەرگای ژوورکە کرایەوە، دەست بەجێ هەرچی لە ژوورەکەدا هەبوو بێدەنگ بوو. (سلێمان) یش کەوتە خۆی و بە جووڵەیەکی پەشۆکاوەوە جەستە ی خۆی بە لێفەکەدا داپۆشی.

لە هەمان کاتدا کچۆڵەیەك فنجانێ قاوەی هەڵدەگرت بۆ ناو ژوورەکە هات و بۆ (سلێمان) ی دانا و بەدەنگی دڵخۆشییەوە وتی: (بەیانیت باش).

(سلێمان) بەدەم خۆکێشانەوە و باوێشك دانەوە پێی وت: (یەکەم جار پێم بڵێ.. (لوما) ئایا تۆ خوشکێکیت بەتەنگ دڵی کاکتەوە دێیت؟).

(لوما) وتی: (بەم بەیانییە ئەم تاقیکردنەوە سەرتێکدەرە چییە؟).

(سلێمان) وتی: (ئەگەر بە ڕاستی‌منت خۆش دەوێ، ژوورەکەی خۆم بەرەو ژوورکەی خۆتم پی بدە).

(لۆما) وتی: (گاڵتەم لەگەڵ دەکەی، چونکە ژوورەکەم بچوکە و ژوورەکەت گەورەیە).

(سلێمان) وتی: (گاڵتە ناکەم، چی دەڵێی، ئەمڕۆ ژوورەکانمان ئاڵ و گۆڕ بکەین؟ هەمو شتێك بۆ تۆ بەجێ دەهێڵم و هەر جل و بەرگەکانم دەبەم).

(لوما) بە خۆشییوە پێشوازی لەم پێشنیارەی کرد و لە ژوورەکەی دەچوو ئەمی بەتەنیا بەجێ‌هێشت لەسەرخۆ قاوەکەی دەخوارد و بەپێ خۆشبوونێکەوە تەماشای چواردەوری خۆی دەکرد.

## مەلا بانگ نادات

کاتی بانگی عەسر تەواوبووە بەڵام مەلا بانگی نەدا، مامۆستای مزگەوت ددانی بە توڕەیی خۆیدا گرت و لەباری مەلای پرسی، پێیان وت بۆ سەر منارەکە سەرکەوتووە و لەوێ وەستاوە لە شام و ڕێگە و بینا و خانو و دوکانەکانی خوارەوە رادەمێنێ. مامۆستای مزگەوت پرسی: چییەتی، پێیان وت باشە بەڵام بێدەنگە و بانگ نادات. مامۆستای مزگەوت داخ وخەفەتی ئەوە دایگرت کە

ئەو کەسەی مەلا بۆ ئەم کـارە پـیرۆزەی هـەڵبژاردوە هێزی دەنگ و رەوانی وتنی تاقی کردۆتەوە بەڵام لـە خواپەرستی و مل کەچ بوونـی بـۆ فەرمانـەکانی خـوا تاقی نەکردۆتەوە.

کاتی بانگ تەواوبووە و مەلا بانگی نـەداوە و لـەم دەنگەدەنگە توورەیـەی لـە خـوارەوە بەرزدەبێتـەوە بێباکە.

تەندروسـتی خراپـتر دەبـێ و هـەموو رۆژێ پێنـج جار سەرکەوتن بۆ سەر منارەکـە مـاندووی دەکات و دەنگی لاواز دەبێ و دەنووسـێ و گـڕ دەبـێ و وەکـو گریانێکی خنکاوی لـێدێ و گـوێ بـە ئاگاداریـەکانی پزیشـکەکان لـە بـارەی زیـانی بـەردەوام بـوون لـە جگەرەکێشـان نـادات و واز لـە کەللـەرەقی خـۆی ناهێنێ کە دەشـێ' کاتـێ رووبـەڕووی پـەروەردگاری بێ جگەرەکـەی بـەلێوەوە بـێ. پێش چـەند مـانگێك لەگەڵ هاوسەرەکەی دەمەقاڵێیەکی بـوو، دوو زللـەی لێداو وەکو پێڵاوە کۆنێك لە ماڵەکەی دەرکرد.

ئەو بۆ ماڵی کەس و کاری خۆی چوو، لەوێ مانی گرت و سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ ئەو بەدوایـەوە بچێـت و داوای لـێبوردنی لـێبکات و دڵـی چـاك بکاتەوە و بەڵێنی ئەوەی پێبدات کە خۆی بگۆڕێ و بە نەرمی رەفتاری لەگەڵدا بکات.

مووچەکـەی کەمـە و ئـەوەندە پـارەی پێنیـە هەتاکو ژنێکی بچوکتر و جوانتر بهێنێ و سوێ بکاتـە دڵیەوە. کوڕە تاقانەکەی نە سرکەیە و نە شەرابە. نە بەکەڵکی خوێندن دێ و نە بـە کـەڵکی کـارکردنیش و دەنگی لـە هـەموو دەنگێك ناسـازترە و شـەوان تـا نزیکی بەرەبەیان نەبێ بۆ ماڵەوە ناگەڕێتـەوە. کـاتی بانگ بووە و مەلا نەیتوانی بانگ بـدات و نەریتـەکانی کارەکەی بواری نادەن ئەوەی بەدەستیەوە دەناڵێنێ بـەدەنگێکی بـەرز و لـە بـانگێکی نـوێ و نائاشـنادا بیدرکێنێ.

تۆفیق موشیر پەناهی

# سێ چرکانە چیرۆک

## یەک

سێ ژنی چارشێو بەسەر لە بـەردەرگای نـەخۆش خانەدا ماتڵ بوون سواری ماشین بن. یەکێکیان وتی: کورە خوشکە خـۆی ڕۆیشتبوو بەسەریانا بـەچاوی خـۆی دیبـووی دەستی وا لـە ملی ئــەو ســەلێتەدا، هەرئەوبوو دڵی نەوەستا.

ناوەڕاستینەکەیان وتی: کورە بە توون و تەوەس بە فـی نـاری سەقەر مـن پیـاوی وام هـەر نـاوێ! وا ئەزانم هەر مێردم نیە، بەخوا ماڵەکەی بـۆ جێدێڵم و دێمە دەروە، ئاواش ناکەم بە خۆم، بێچـارە لاشـەی وەکو پارچەی کشمیری لێهاتبوو.

ئەویتریان وتی: چی ئـەڵێی خوشکە؟ ژن چارە رەشـە، لـە هـەمو سـەرێکەوە چارە رەشـە هـەر لـە ئەزەڵەوە بۆ چارە رەشی هاتۆتـە دونیـاوە. تـو خـوا خێراکــەن بــا بڕۆیــن چـــارە ڕەش..؟ چـــارە ڕ ەشین...



## دوو

وتـی: ئـەڵێی هـەر ئا ئێستەیە، لـەپێش چـاوی خۆمان و خۆیەوە قاچی چوو بە ئاسمانا، قـاچی بـە پۆتینە سەربازیەکانیەوە وەك چۆلەکەیەك کـە لـە پـڕ لەناو گەنم هـەڵفڕێ چـوو بـە ئاسمانـا و پـەنجا مـەتر لەولاترەوە داکەوت.

وتـی: تـا گەیاندیانـە نەخۆشـخانە تــەواوی کـرد (مرد).

وتی: ئـاخ، چ قـەد و باڵایـەکی بـوو، تـەنیا کـوڕی مـاڵ بــوو، سـیانزە ڕۆژی مــابوو ســەربازیەکەی تـەواوبێت. دوای ئـەوەش سـیانزە ڕۆژی نـەخایاند، شەڕ تەواو بوو.



وتی: کاکە سوپاس دابەزین هەیە، برا ئەم قاچە تۆ کردووتـە بـە بەرئاوێنـەی سـەیارەکەتا مـرۆڤ ئەباتەوە بۆ چ فیکر و خەیاڵ گەلێك.

لەبەرخۆیەوە وتی: سـوپاس دابـەزین هەیـە.. زۆر گەنج بوو زۆر زوو مرد.

سێ

ژنەکـە لـە بـەینی دوو پەنجـەرەی قـاوەیی‌دا وەستابوو. پارەکەی ژمارد، ماتێکیکی توند هێنـا بـە لچیا و تازەی کردەوە و بنێشـتێکی لـەناو جانتاکـەیا دەرهێنـا و تەپاندیـە دەمـی و دای بەسـەر شـانی پیاوەکـەدا و لـە قـەراخی باخچکـەوە رۆشت. لـەناو باخچەکەدا لە بەینی نوقرەییەکان و رۆژە زەردەکانـا بنێ یاسی سپی وەك غەریبەیەك بۆنی ئەهات.

پیاوەکە لە پەنجەرەکـەوە روانـی، ژنەکـە چوو. پیاوەکـە لـەناو بـۆن و بەرامـەی نـەعنای بنێشـت و ماتیك و بۆنی یاسە غەریبەکانا مـاوە. دڵـی گووشـرا، کەوتە بیری منداڵیەکەی، لە کوێ؟ کـەی؟ کـێ بـوو؟ گوێی کێشا و تـەزێ دای لـە دڵـی و فرمێسـك لـەنێو چاوانیا کۆبوەوە. پیاوەکە بەدەم فرمێسکەوە چوو دەرگای حەوشەکەی بـەدوای ژنەکـەدا بەست، بۆنـی یاسە غەریبەکان ناو حەوشەکەی پڕکردبوو.

هۆشەنگ عاشور زادە
وەرگێڕانی: سیامەند مەحمود فەرەج

# بۆنی خەم، بۆنی باران

کاتێ دەنگی زەنگەکە لەماڵدا دەنگیدایەوە، دایکم وتی: "ئەمە ئەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوە، لەم کاتەدا پێش ئەوە رووی کردە باوکم و وتی:

"دە ئێستا پێم بڵێ، چۆن پێی بڵێم؟"

باوکم کە هێشتا بەتەنیشت سفرەکەوە چوارمشقی دانیشتبوو هەردوو شانی بادا و وتی:

"دەبێ تۆ پێی راگەیەنی، بۆ ئێمە هیچ قەرزاری ئەوین؟".

دایکم وتی: "شەرم لەوەدەکەم، چۆن پاش ئەم هەموو ساڵە؟"

لە هەیوانەکەدا دانیشتبووین، خۆر تازە گزنگیدابوو بۆنی گوڵی (پەنجەی خانم) کە دەوری حەوزەکەی نێو باخچەکەی تەنیبوو، بە ماڵەکەدا بڵاوبووبوو. دایکیشم خۆی ئاسایی لەبەر سەماوەرەکە دانیشتبوو، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، سروەیەك بۆ دەرکردنی گەرمای پێش وەختی هاوین هەڵیکرد.

کاتێ جارێکی تر دەنگی زەنگەکە لە ماڵەکەدا دەنگیدایەوە، دایکم رووی لە من کرد و وتی:

"عەلی گیان، تۆ برۆ و پێێ بڵێ!"

وتم: "من"؟

وتی: "بەڵێ هەستە!"

وتم: "بەڵام..."

باوکم قسەی پێ بڕیم وتی: "دەی.. هەستە!"

کاتێ دەرگای کردەوە (نە نەسوغرا) لەو دیوەیەوە وەستابوو، دەمویست پێی بڵێم بەڵام هەستم کرد ناتوانم، خۆمم لاداو رێگەم بۆ چۆڵ کرد

وەکو تارماییەك بەنێو دەرگاکەدا خۆی کرد بە ژووردا و

وتی:"ماشاڵلا. ماشاڵلا عەلی خەریکە گەورە دەبێ".

(نەنە سوغرا) چەند ساڵێکە دێت بۆ ماڵی ئێمە. رۆژانە لە بەرەبەیانەوە لە ماڵەکەماندا پەیدادەبوو. قۆڵی لێهەڵدەماڵی و سەتڵ و تەشتەکەی لەژێر زەمینەکەدا دەردەهێناو لە پەنای حەوزەکەدا دایدەنان. لەنێو قەدیەوە کراسە چرچ و لۆچەکەی گرێدەدا و لەسەر لێواری حەوزەکە دادەنیشت و سەتڵەکەی پڕ ئەکرد لە ئاو و ئەیڕشتە ناو تەشتەکە. پاش ئەوە لەسەر تۆپەڵە گەورە گەورەی جلەکان دا دادەنیشت و بەدوو دەستە سوورهەڵگەڕاو قڵێشاوەکانیەوە دەکەوتە گلۆفین و گوشینی جلەکان. هەتا دەوری نیوەڕۆ لە جل شوشتن دەبووەوە، ئەوسا نۆرەی قاپ و قاجاغ شتن و گسك دان و ماڵ پاکردنەوە دەهات. کاتێ بانگی نیوەڕۆ بەرزدەبووەوە ماڵەکەی وەکو چەپکە گوڵێك دەدایە دەستی دایکم.



له رۆژانی لاوێتیدا دەم و چاو خڕ و پـڕ بـوو، نـەم دەزانی چی لـه چاوەکـانیدا بـوو کـه وای لـه منـدالآن دەکرد بـه تاقـه نیگایـەك گوێڕایـەڵی بـن. هەمیشـه دەنکه نوقڵی بۆدەهێنام.

لەو جۆره نوقڵانەی زەرد و درێژن و هـەندێ جـار سەرێکیان وەکو گۆچانەکەی باپیرم چەماوە بوون بە هێمنی و دوور له چاوی خەڵکی دەهـات و نوقڵـەکانی دەخسته گیرفانم. رۆژانی هـەینی لـه بـەیانی زووەوە هەڵدەسام و بـۆ چاوەڕوانی ئـەو دائەنیشـتم. لەگـەڵ بـانگی کەڵەشێراندا دەهـات. دەرگـام بـۆ دەکـرەوە و خۆمم بۆ باوەشی هەڵدەدا. هـەرگیز پێکـەنین لەسـەر لێوەکـانی ئـاوا نـەدەبوو. دەتگـوت بـه دەرزیـەك بـه سووچێکی دەمیـەوە هەڵواسرابوو. هـەر ئـەوەندەی ئەو دەهاته ژوورێ ئیتر جموجوڵ دەکەوته ماڵەکه و تینی تێدەگەڕا. ئەوسا خۆزگەمان دەخواست زوو لـه جل شوشـتن تـەواو ببـێ تـاکو بـێ و لـه سـووچێکی گەنجینەکەدا دابنیشێ و حەقایەتمان بۆ بگێڕێتەوە.

رۆژێـك لــه رۆژانــی هەینیـه خـامۆش و دەسـت بەتاڵیەکانی بوو. کاتێ ماڵەکەمان له پرخـەی خـەودا بـوو. لـه کـازیوەی بەربـەیاندا لەخـەو هەسـتام و لــه هەیوانەکـەدا بـه چـاوەڕوانی دانیشـتم. پەڵەهــەوری چڵکن بەری ئاسمـانی گرتبـوو، بایـەکی سـارد لـەلای چیاکانەوە هەڵیکرد و پێستی جەستەمی گرژدەکرد. هەینیـەکی خـەمناك بـوو. بۆنـی خـەمی لـــێدەهات. بۆنی بـارانی لـێدەهات. لـەو رۆژەدا زۆر چـاوەڕوانی ئەوم کرد، بەڵام (نەنە سوغرا) نەهات.

له هەینیەکەی دوای ئەو هەینیه هات. پشت کۆم و تێکشکاو ماندو، له حەوشەکه، له نزیـك دەرگاکـەدا دانیشت و بەبێ دەنگ دەگریا.

دایکم وتی:

"ئەوە چیته (نەنەسوغرا) بۆ لەوێ دادەنیشی؟"

له گۆشەیەکی حەوشەکه وەکو باڵندەیـەکی بـاڵ شکاو گرمۆڵەبووبوو. دایکم وتی:

"بۆ دەگری؟ هیچ ناخۆشیەکت بەسەرهاتووە؟"

هێدی هێدی دەنگی گریانی بەرزبووەوە.

"ئەسغەر، ئەسغەری کوڕم"

"چی بەسەر هاتووە؟"

"کوشتیان، کوڕەکـەمیان کوشـت، ئوتومبیـل، ئێتۆمبیلێك"

ئیـتر لـەو کاتـەوە پێکـەنینی سـەر لێوەکـانی نەبینرایەوە، دەتگـوت یـەکێك هـاتووە و دەرزییـەکی لـێکردۆتەوە و پێکەنینەکـەی لـه سـووچی دەمـی درزیوە. (نەنه سوغرا) له جاران تێکشـکاوتر دیـاربوو، وەکو تۆپەڵه پووشێك — وا بوو با له ناوی بردبێت و کۆتایی به بوونی هێنابوو.

(نەنەسـوغرا) لەسـەر پێپلیکانــەی هەیوانەکـه دانیشتبوو دەرگاکەم داخست و دانیشتم، له دوایـەوە دانیشـتم و بـه نائومێدیـەوە تەماشـام دەکـرد. نـەم دەزانی چی له قسەکانیدا هەیە. ئـاوا دڵمی پـڕ خـەم دەکرد.

دایکم وتی: "بەڵێ (نەنەسوغرا) وا خەریکە دەبی بە پیاو".

وتم: "چۆنی؟ باشیت؟"

وتی: "هێشتا ماوم، هێشتا هەر هەناسە دەدەم. سوپاس بۆ خوا".

لام ئاسان نەبوو پێی بڵێم. پیربووە و چەندین ساڵە بۆتە بەشێك لە ژیانمان، تەماشایەکی دایکمم کرد، دایکم وتی: "سەرکەوە، نانی بەیانیت خواردووە؟"

"بەڵێ کچم".

دایکم چایەکەی تێکردو خۆی دانەواند تاکو لەسەر لێواری پێپلیکانەکەی دابنێ.

"بەڵام. دەبێ چایەکە بخۆێت".

"دەستەکانت خۆش بن".

باوکم هەستایە سەرپێ و بۆ ناو ژوورەکە چوو، دەمی دایکم تەتەڵەی کرد و لەپاشان وتی:

"دەزانی ئێمە ئامێرێکی جل شوشتنی کارەباییمان کڕی؟

پاش ئەوەی چاییەکەت دەخۆیت، نیشانت دەدەم، ئەرکی ئیش کردنی لەکۆڵ ئێمە کردۆتەوە.

(دایە سوغرا) بەتەمای ئەوە نەبوو. پیاڵەی چایەکە لە دەستیا کەوتە لەرزین. دایکم وتی:

"کارمان ئاسان بووە و ئیتر لە ئەمڕۆوە نابینە مایەی سەغڵەت کردنت"

هەینیەکی خەمگین بوو، بۆنی خەمی لێدەهات، بۆنی بارانی لێدەهات.

ئەم چیرۆکە (زوبەیدە عەلی ئەشکەنانی) بۆ عەرەبی وەریگێڕاوە و لاپەڕە (٢٥) ی ڕۆژنامەی (الدستور) ی ڕۆژی ١٩٩٩/٧/١٦ دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەربارەی چیرۆکی بۆنی خەم، بۆنی باران

ئەم چیرۆکە فارسییەی هوشەنگ عاشور زادە تا بڵێی ئاسانە، لە شێوەی دەربڕینا، لە دیدی نوسەر و حیکایەتخوانەکەیدا، لە جووتبونیا، وەك بابەتی خام، لەگەڵ واقیعی ژیاندا، کە دەکرێ پاش خوێندنەوەی بڵێین، هێشتا هەر شیاوە و دەکرێ لە ڕووداوی ڕۆژانە و بە زمانێکی ئاسایی واقیعیانە چیرۆك بنوسرێت. دەتوانین ئێستایش دوور لە پەنابردنەبەر ئەفسانە و فەنتازیا و بە نامۆکردن چیرۆکێکی هونەریی بەرز، لە روداوی ئاسایی بنوسین.

من بۆ خۆم بە فارسی تەنها یەك نوسینی (عبدالعلی دست غیب) م لەسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی هوشەنگ عاشور زادە خوێندۆتەوە، بەگوێرەی ئەو نوسینە هەموو چیرۆکەکانی هوشەنگ لەسەر شێوەی واقیعی و نزیکبوونەوە لە واقیع نوسراون.

هوشەنگ لەم چیرۆکەدا هێشتا ئیقاعی سیانەیی چیرۆکنوسینی نەشکاندووە (سەرەتا، گرێ، کۆتایی) تەنانەت لە کۆتاییەکەشدا لێدانێکی هونەریی توندوتیژ دەهاوێت و هەموو گرێکان بەو لێدانە هونەرییە دەکاتەوە (دەزانی ئێمە ئامێرێکی جل شوشتنی کارەباییمان کڕی؟) روداویش بەشێوەیەکی یەك (بەدوای یەك هاتوو) ڕێدەکات، تەنانەت حیکایەتخوانیش لە جۆری حیکایەتخوانی زانایە، منداڵێکە کە بەرەو گەورەبوون چووە. واتا لە دیدی منداڵێکەوە کە پڕە لە سەرسوڕمان و بەرائەت نەشونمای چیرۆکەکەمان دەخرێتە بەرچاو، ئەمەش بۆ گەورەکردنەوەی روداوە واقیعیەکەیە، کە لە بۆچوونی منداڵا ئیزندانی ئافرەتێکی جل شۆر سەرسوڕهێنەرە، بەپێچەوانەی پیاوەوە کە ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت لەلای. وەك لە سەرەتای چیرۆکەکەدا باوکی کوڕەکە دەریئەبڕێت و داوا لە دایکەکە دەکا ئیزنی بدا (دەبێ تۆ پێی رابگەیەنی، بۆ ئێمە قەرزاری ئەوین؟).

روداوێکی ئێجگار ئاسایی و واقیعی: ماڵێك جل شۆرێکی کارەباییان کڕیوە و دەیانەوێت ئەو ئافرەتە ئیزنبدەن کە چەندەها ساڵە جلیان بۆ دەشوا، نازانن چۆن پێی بڵێن بەلایانەوە ساتێکی پڕ لە گرفت و خەم و خەفەتە، بەتایبەتی بۆ دایك و کوڕە بچکۆلەکە. تا لە کۆتاییدا بە زمانی ئامێراوی تێیدەگەیەنن (دەزانی ئێمە ئامێرێکی جل شوشتنی کارەباییمان کڕی؟).

ئیتر لێرەدا وەك چۆن ئامێر (جلشۆرە کارەباییەکە) دەبێتە بەدیل، بەدیلی مرۆڤی ئافرەتێکی چەوساوە و خزمەتکار، لەگەڵ خۆیدا زمانێکی ئامێراوی دەسەڵاتدار دێنێتەکایەوە و گفتوگۆکە دەکاتەوە. واتا، لەم چیرۆکەدا ئامێر جێگای مرۆ دەگرێتەوە و کێشەکە دەبڕێنێتەوە دەبێت بە ئیشارەت. ناوهێنانی ئامێرە کارەباییەکە ئافرەتە خزمەتکارەکە تێدەگەیەنێت و دەبێت بە جێگری و گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکان کەمدەکاتەوە. لەجیاتی ئەوەی بە زمانێکی راستەوخۆ پێی بڵێن: ئیتر تۆمان ناوێ، ئیتر جلمان بۆ مەشۆ. دەڵێن: دەزانی ئێمە ئامێرێکی جل ششتنی کارەباییمان کڕی؟ لێرەدا ئامێر دەبێت بە جێگر و زمان و دەسەڵاتدار.

هوشەنگ عاشور زادە، لەم چیرۆکەدا لە واقیعەوە هاتووە بۆ سەر واقیعیەتی دەق، بەڵام سەرکەوتنی لەوەدایە کە لەسەر روی واقیع ناوەستێ، بە شتە گشتییە دیارەکانی واقیع رازی نابێت، بەڵکو ناخی واقیع دەبڕێت، گۆشەنیگایەك غەریب لە پەیوەندییە واقیعیەکان هەڵدەبژێرێت.

ئێمەی کورد چیرۆکمان زۆرە، بگرە زۆربەری چیرۆکەکانمان لە روداوی واقیعی و شێوازی واقیعی پێکهێنراون. بەڵام هەروەکو واقیعە دیارە گشتییەکە دەریان دەبڕین، کەمجار گۆشەنیگای تایبەتی دەدۆزینەوە، ئەڵێی هەموومان لەکاتی مامەڵەکردنماندا لەگەڵ روداوە واقیعیەکاندا یەك گۆشە نیگامان هەیە، نەك گۆشەنیگای جیاواز.

کەژاڵ ئەحمەد

# سەحەر رەسایی

# ئەو بەهرەمەندەی پێدەچێ خوشکی شەهرەزادبێت !

چیرۆکەکانی سەحەر رەسایی لە وروژاندنی دنیای ئەقڵ و خەیاڵماندا و لەو ئەفسوونەدا کە لە خوێنەر یان بیسەری چیرۆکەکانی دەکات بە خوشکی شەهرەزاد دەکات؛ جیاوازی لەنێوان ئەم دوو خوشکەشدا بەتەنیا هەر لەوەدانیە کە ئەمیان کچە چیرۆکنوسێکی گەنجی نێو دنیای ئەدەبی کوردییە و خەڵکی مەریوانە لەکاتێکدا کە شەهرەزاد ئەفسانەیەکی هێند دڵگیر و واقیعێکی هێند ناوازەیە چەندین ساڵە دڵ و مێشکی سەراپای جیهانی بۆ خۆی بردووە جیاوازییەکە ئەگەر بەتەنیا ئەوەندە بوایە هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەدەکرد بە خوشکی یەکدیان بشوبهێنم؛ راستە چیرۆکە دورودرێژو ئاڵۆز لە تەکنیك و داهێنەر و ناوازە لە دارشتنی (هەزار شەو و شەوێك) ی شهرەزاد مایەی پرسیار و تەنانەت تووڕەبوونیشە ئەگەر بە کورتە چیرۆکەکانی خانمێکی لای خۆمان بەراوردبکرێ کە هێشتا ماویەتی لەنێوەندە ئەدەبیەکەماندا بناسرێ؛ بەڵام ئەوەی من مەبەستمە کەسایەتی داستان ئامێز و ئەفسانەیی خودی شەهرەزاد خۆیەتی؛ لە نزیکبوونەوە و تێگەیشتنێکی زیاتردا بۆ کەسایەتی ئەو کچە حیکایەتخوانەی بە بەهرە سەرسوڕهێنەرەکەی شەهرەیاری بکوژی ژنانی سەرمەستی چیرۆکەکانی کرد.

لەو کەسایەتی‌یەدا خوشکێکم بۆ شەهرەزاد بینیەوە؛ کە حیکایەتی کورت بەڵام سەرسوڕهێنەر بۆ شەهرەیاری بکوژی بەهرەکانی ژنانی ئەم سەردەمە دەگێڕێتەوە و لەکاتێکدا کە ئەو دەستەڵاتە زاڵمە لە زوڵم و زۆر دووردەخاتەوە و بەدیار بەهرەمەندی خۆیەوە واق وڕماو دایدەنێ؛ لەلایەکی دیکەوە وێڕای گۆڕینی رێچکەی جەوروستەم کەسێتی داهێنەرانە و بەهێزی ژن بە دنیای دەرەوە دەناسێنێ و رۆڵی جوانی خۆی ئا بەمجۆرە لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆماردەکات.

پاش خوێندنەوە و بینینی زۆربەی کورتەچیرۆکەکانی سەحەر رەسایی بە چیرۆکە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکانیەوە، دڵم ئاوی خواردەوە و شتێ کە ئاواتم پێدەخواست هاتەدی؛ جارێکیان لە سۆنگەی ئاواتەخوازیمەوە بۆ کچە چیرۆکنوسێکی وەکو لەیلا عوسمان کە کچە بەهرەمەندێکی خەڵکی کوێتە و لەسەر رۆمان و چیرۆکە جوانەکانی دووچاری چەندین گێچەڵ و دادگاییکردن بۆتەوە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا و لە گۆشەی مەوداکانی ژن – دا نوسیبووم ئێمەش لەیلا عوسمانێکمان پێویستە؛ لە دەقی نووسینەکەشدا باسم لەو زمان و شێوازەکردبوو کە ئەو خانمە بەهرەمەندە لە رێگەیەوە گوزارشتی پێ لە ئازارەکانی ژنانی وڵاتەکەی کردبوو؛ شێوازێکی

ئەفسووناوی کە مەگەر هەر داهێنەرێ بزانێ چۆن شێوازێکی وا دڵگیر دەخوڵقێنێ.

لە راستیدا نازانم سەحەر رەسایی دەتوانێ تا چەند لە بوارەکەدا بمێنێتەوە و گەشە بکات و ئازایانەش رووبەرووی ئەو ئازار و گرفتانە ببێتەوە کە دێنە رێگای هەموو بەهرەمەندێ؛ بەڵام چەندم کرد نەمتوانی لە ئاستی ئەم سەرەتا جوانەی سەحەردا بێدەنگ بم کە هیوادارم بەردەوام سەرکەوتووبێ و زاڵبێ بەسەر زیرەکی و جوانی و ئەفسوون و سەراسیمەکردنی دەوروبەردا چونکە هەڵبژاردنی چارەنووسێکی وەك چارەنووسەکەی شەهرەزاد هەروا ئاسان نیە و چەندین تەرم لەپێش هاتنی شەهرەزاد و سەحەرخانمیشدا کەوتوون؛

بەهرەمەندی شەرتی مانەوەیە لەو دنیایەدا، بۆئەوەی سەحەریش وەك شەهرەزاد بەتوانا و هێزی خۆیەوە و بە شاکارێکەوە ژیان بەسەربەرێت و بەجێی بهێڵێت؛ پێویستە هێندە کەم توانا و بێزەخیرەی رووناکبیریی و فیکریی نەبێت کە بە دەستی شەهرەیارەکانی زەمان بەرەو لەیادچوونەوە و سڕینەوە بچێت.

دووبارە دەیڵێمەوە نازانم ئەم کچەی کە مانگێکە لە ئەفسوونی ئەو کورتە چیرۆکەیدا دەژیم کە بە ناونیشانی (ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهوەکان نەبێ)یە؛ بە چی دەگات و بەرەو چ ئاستێ دەچێ بەڵام سورم لەسەرئەوەی بەوپەڕی خۆشەویستییەوە بە هەموو ئەو کەسانەی بناسێنم کە وەکو من تامەزرۆی هاتنی وەرزێکی لەمجۆرە و ئەفسوونێکی بەوجۆرەبوون؛ ئێستاش هەستەکانی من وەکو هەستی کەسێکن توحفەیەکی لەنێو مشتدا بینیبێتەوە بۆیە ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانم و ئەوەی لێم چاوەڕێ دەکرێ خستنەڕووی تەواوی بەهاو جوانییەکانی ئەو توحفەیەیە کە دەکرێ بڵێین کورتە چیرۆکی (ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهوەکان نەبێ) بەردێکی گرانبەها و سەرنج راکێشی نێو توحفەکەیە.

سەحەر وێڕای ئەم کورتە چیرۆکە و کورتە چیرۆکی (تاریکی) و ئەو دوو کورتە چیرۆکەی لە ژمارە (٢١٤٣) ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا بڵاویکردۆتەوە و چیرۆکی ئەو دایکەی ناوی کچەکەی لە یادکردووە و چەندین چیرۆکی دیکە کە لە هەڵمەتێکی بەرفراوانی بڵاوکرنەوەیاندا بە خوێنەری کورد ئاشنادەکرێن؛ ئەم خانمە تا ئێستا لە ئێراندا و بەتایبەتی لە بڵاوکراوەکانی ئەودیوودا ژمارەیەکی باش لە بەرهەمەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و تەنانەت لە چالاکییەکی وەك دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی و فەرهەنگی شاری مەریواندا وەك یەکێ لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنە دەست نیشان کراوە و تاکە کچێك بووە کە ناوی لە لیستی ئەدیبە دیارەکانی ئەو ئەنجومەنەدا نوسراوە، ئەگەرچی نەیتوانیوە لەو ئەنجومەنەدا دەست بەکاربێ و لە ئاکامیشدا پیاوێکیان لە شوێنی داناوە بەڵام ئەمە یەکێکە لە هەوڵەکانی ئەم خانمەی بە سودوەرگرتنی لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردیی – فارسیی و بە خۆپێگەیاندن و ماندووبوونێکی زۆر توانیویەتی کەسێتییەکی جودا لە کەسێتی باو و تەقلیدی کچە چیرۆکنووس و ژنە نووسەرەکانی دیکەی کورد لەنێو دنیای نووسیندا بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

لەوەتەی خولیای خوێندنەوە لێیداوم و بەنێو دنیای رۆمان و چیرۆکی بیانی و کوردیدا گوزەردەکەم؛ لە ئەدەبیاتی خۆماندا قەڵەمێکی مێینە لە بواری چیرۆکنووسیندا داگیری نەکردووم؛ گەلێ بە وردی خوێندومنەتەوە بەڵام قووڵ بوونەوەیەکی وەك قووڵ بوونەوەی (سەحەر رەسایی) م بەرچاونەکەوت بۆ نێو دنیای پیاوە ناشیرینەکان سەحەر تەنیا کچە کوردێکە کە ماچی داوە بە پیاوێ کەس ماچی نەداوەتێ کاهوەکان نەبێ؛ ماچێکی ئەدەبی ناسك بوو ئاوڕدانەوەیەکی ئینسانیانەی لێوان لە خۆشەویستی بوو لە جیهانی پیاوێکی ناشیرین لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە چەپاندن (کبت) دا و لە کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤە

کۆیلەو تینووەکانی لە ناچاریدا خۆشی و لەززەت لە میوەکاندا دەبیننەوە.

بیرۆکەیەکی ناوازە؛ بە تەکنیکێکی ساحیرانە کە لە چەند دێڕێکدا ژیانی پڕ لە تامەزرۆیی پیاوێك و مردنی بەدیار مردنی کاهوەکانەوە و حەسرەتی دڵی ئەوژنەیش بە چەند دێڕێکی کورت بەڵام کاریگەر دەگێڕێتەوە کە کاهوەکانی بە گوناهبار دەزانێ بەرامبەر بە ئەو تاکە ماچەی لەگەڵ خواردنی کاهوەکاندا تامەکەی لە یادەوەری پیاوە ناشرینەکەدا کاڵ دەبۆوە تامی ئەو ماچەی کە لە نێو ترس و تۆقاندن و چەپاندندا ژنێك بە پیاوێکی بەخشیووە؛ بۆیە نەوتی دەکردە ژێر کاهوەکان و جوتیارەکانی وڵاتیش نە ئەم ژنەیان ناسی و بێگومان نە هۆکاری پەشۆکان و سیس بوونی کاهوەکانیان زانی و هەرگیزیش باوەڕ ناکەن ئەگەر پێیان بوترێ نەمانی کاهوەکان بوونە هۆی مردنی ئەو پیاوەی بە تەنیا کاهوەکان ماچیان دەداپێ.

ئەوەی لەم کورتە چیرۆکەی سەحەرخانمدا زیاتر سەرنجم رادەکێشی ئاوڕدانەوە و نەخشاندنی بەهرەمەندانەی ئازارەکانی مرۆڤی چەوساوەیە بەبێ لێکدانەوەی رەگەز؛ پیاوێکی ناشیرین لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە تابو و بڤە و خەتی سوردا هێندەی ئەو ژنە سۆزانیە سۆزمان بۆ لای خۆی دەبات کە ئەویش لە قوربانیەکانی نیزامی ئابوری کۆمەڵگایە و لە چیرۆکی (تاریکی) دا پێی ئاشنادەبین ژنێ کە بیر لە خۆش گوزەرانی خەڵکی دەکاتەوە و هەوڵی بۆ دەدات ئەگەر بە لەش فرۆشیش بووە، لایەنگری سەحەر رەسایی بۆ مرۆڤی لارەمل مرۆڤی چەوساوە بەبێ ئەوەی هەوڵبدا ئەو کەسایەتی یە هەر بە زۆر لە کەسێتی ژندا دروست بکات جیهانبینی جیاوازی ئەم خانمەمان پێدەناسێنێ؛ هەروەها خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ توانای خەست کردنەوەی دوورودرێژترین حیکایەت و ئازار و رووداوە لەلایەن سەحەر رەساییەوە لە چوارچێوەی دێڕی کورت بەڵام کاریگەردا؛ بۆیە ئەوەی کە خوێنەری وریا لە چیرۆکەکانی سەحەرخانمدا دەرکی پێدەکات کورت کردنەوەیە کە ئەمە بۆخۆی لە چوارچێوەی پێداویستییەکانی سەردەمدایە بەڵام ئەو هەستەیش دەوروژێنێ کە سەحەر زوڵم لەو حیکایەتە شیرینانە دەکات کە بە شێوازێکی نوێ دایاندەڕێژێ کە دەگرێ؛ ئازادییەکی زیاتر بە پەیڤەکانی بدات و چیرۆکی درێژتر یان رۆمانێکی دلگیرمان پێشکەش بکات.

چونکە هەمیشە لە دوای خوێندنەوەی هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانی ئەم خانمە هەست دەکەیت ئەوەی خوێندوتەوە کورت کراوەی رۆمانێکە.

پێدەچێ ئەم هەست و خواستەی ئێمە هەڵقوڵاوی ئومێدی ئێمە بێت بەوەی سەحەر رەسایی بەشێوەیەکی زۆرتر و تارادەیەکی باشتر لە شەهرەزاد ی خوشکی بچێت؛ بەڵام لە کۆتاییدا کارەکانی لەمەودوای ئەم کچە و هەوڵەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کە ئایا مەرجە منداڵییەك ماڵ یان دوو خوشکی جگەرگۆشەی هەمان دایك لەیەك بچن؟!

# ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهوەکان نەبێ!

کیلۆیەک کاهوی کڕی. کاتێک خواردی یەکەم ماچی بیرکەوتەوە تامی نیشتە گیانی. یەکەم جار شیرین، دوایی تاڵ، چەوریەکیش ئەنیشێتە سەر لێوی. سەد کیلۆ کاهوی کڕی. چاوەکانی گەشانەوە و لێوی بۆنی لەززەتی لێ ئەهات. دوای ئەوە بە حەسرەتەوە ئەیڕوانیە هیچ ژنێک. ئەوەندەی کاهو خواردبوو، کە وەک سنەوبەر سەوز بوو، سەوز. دوو سەد کیلۆ کاهوی کڕی. یەکەمجار ویستی بە هەموان بڵێت (خەڵکینە بەبێنێکە کاهو تامی ماچ ئەدات بەڵام پەشیمان بۆوە و ترسا گران بێت و نەمێنێت. کاهو لە شارا نەما، زەردبوو پەشۆکا. عاقیبەت مرد ئەو پیاوە ناشیرینەی کەس ماچی نەدایە کاهوەکان نەبێ.. میراتی ئەم پیاوە تابلۆیەک بوو، پیاوێک بەدیار سەوزبوونی کاهویەکەوە پیربوو گیانی دەرچوو بوو. فەلاحەکانیش قەد ئەو ژنەیان نەبینی کە شەوان ئەوتی ئەکردە بنی کاهوەکان، لەبەرئەوەی وای ئەزانی ئەم کاهوانە تامی یەکەم ماچێ کە بە پیاوێکی ناشیرینی داوە لەبەین بردووە.

### تاریکی

گوڵە سورەکانی پەڕ پەڕکرد. زەمیلەکانی پڕکرد لە سێو و گوڵە سوورە. هێنای، خستیە ناو ئوتۆمبیلەکە. لەناو قەبرستانەکەدا ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند. تا گەیشتە لوتکەی کێوەکە حەوت چین عارەقی دەردا. زەمیلەکانی تل کردەوە، بە جارێک سێو ڕژایە خوارەوە زۆریەیان ئەکەوتنە سەر قەبرەکان و لای سێوە سیسەکانی ڕۆژانی پێشوو ئەگیرسانەوە، هەندێکیشیان بەرەو شار ئەچوون.



زەمیلە گوڵەکانیشی بەرزکردەوە، با بردنی و لە ئاسمانی شاردا هەڵفڕین.

گەڕایەوە ئۆتۆمبیلەکەی داگیرساند بیری لەوە ئەکردەوە کەی ئەتوانێت بە لەش فرۆشی فڕۆکەیەک بکڕێت بۆئەوەی سێو بکات بە هەموو ماڵێک و کەس بێبەش نەبێت. چش لە گوڵەکان با ئەیبردن. قەبرستان تا هەفتەیەکی کە لە ڕۆژیشدا تاریک بوو ئەم ژنە هەفتەی جارێ ئەهات و سێو و گوڵی بە سەر شاردا ئەڕژاند.

ئەم کچە لەش فرۆشە پارەی پیاوانی شاری بەم جۆرە خەرج ئەکرد. تەنیا هیوای ئەوەبوو بتوانێت فڕۆکەیەک بکڕێت. کاتێک ئەگەیشتە ناو شار و سێوەسوورەکان و گوڵە سوورەکانی بەدەست خەلکەوە ئەبینی، لەتاو لەززەت هەموو گیانی ئەکەوتە لەرزین و دوایی خەمێکی قورس ئەیبردەوە و لەبەرخۆیەوە ئەیووت (ئەترسم بمرم و لەدوای من شارەکەمان بۆنی مەرگی پیاو کاس بکات، کەس بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە بێجگە گوناح!

جەلیل ئازادیخواز
ئێران

# هاوبەشیەکانی نێوان مەم و زین و ئیتللو

بێگومان شاکاری نەمری حەزرەتی خانی مەم و زین یەکێ لەو بەرهەمە نەمرانەی مێژووە کە هەرگیزاو هەرگیز خۆری تەمەنی بەرەو ئاوابون نەچوە و ناچێت. هەر بەرهەمێکی نەمری مێژووی بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەت مەندییە کە تەنیا و تەنیا، تایبەتی ئەو شاکارەیە و بەس خوڵقان و چاو هەڵ هێنانی بەرهەمێکی وا زۆر ئەستەمە و بەدەگمەن پێدەخاتە دنیای بوونەوە.

چەندین دەیان ساڵ پێویستە تاکوو بەرهەمێکی ئەدەبی نەمر سەرهەڵ بات و چرای چاوی شەوگاری سەردەمەکەی رۆشن بکاتەوە.

بەدیهێنانی شاکارێکی وا مەزنی ئەدەبی کارێکی ساکار و ئاسایی نیە. توانای لە بڕان نەهاتو و باوەڕی پتەو ئەندێشەیەکی کراوە و خەرمانێك زانین و پشکنینی وردی ئەوێ، لە توانا و وزەی هەرکەسێکدا نیە و نەبوە. ئەگەر وا نەبوایە و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە دەخوڵقا راستەوخۆ بچوایەتە یانەی نەمرانەوە، ئایا بە راستی شاکاربون مانایەکی دەما و ناوی خانی و نالی و مەولەوی و هەزارانی تری جیهان تا ئەمرۆ سنورەکانی داهاتو لە ورشە و تریفەدا دەبوون؟

ئاڵ و گۆڕی هەراوی ژیان و پۆست فڕێدانی کۆمەڵگا و بەرگرتنی درەختی ئەندێشەی مرۆڤایەتی لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دیکە سەدان ساڵ زەمانی ئەوێت و هەزاران هەزار فرمێسکی خوێنین و شارا شارا و خەرمان خەرمان جەستەی بە ئاوات نەگەیشتوو بە نەمان و ئەبەدێت دەسپێرێ. لە رەوەندی پێك هاتن و خۆدەرخستنی سەردەمی نوێدا تەنیا ئەو کەس و توانانەن ئەتوانن بە نەمری و هەمیشەیی بمێننەوە کە لە ترۆپکی ئەندێشەدا هۆشیارانە دەڕواننە ئەم روداوانە و بە هەموو بوونیانەوە تاڵی و سوێری شادیەکانی هەست پێدەکەن. خانی یەکێ لەو سوارخاسانەیە کە لە رەوتی مێژووی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا توانیویەتی هەست بەم راستیەی لای سەرەوە بکات بە وەرگرتنێکی هوشیارانە و روانینێکی ژیرانەوە لە لوژێکی گۆڕانی سەردەمەکەی خۆی بکات و گیانی زیندوی زەمانەکەی بناسێت و بە هەموو بوونی خۆیەوە پێویستەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بناسێ.

حەزرەتی خانی لەم روانین و وەرگرتنەوە چرای ئەندێشەی رۆشن کردوە و دەستی بردوە بۆ شاکارە نەمرەکەی خۆی (مەم و زین) لەدایك بون و

چاوهەڵهێنانی مەم و زین ناتوانێ لەم راستیەی سەرەوە دوربێت و جیابکرێتەوە.

بەڵگەی رۆشن و دیاریش بۆ سەلماندنی ئەم راستیە نەمری مەم و زینە و شکاندنی سنوری زەمان و کاتە کە تا ئەمڕۆ نەیان توانیوە بەربەستی سیما و ناوەرۆکی مەم و زین بن و مەم و زین ئێستا نەك هەروەکو بەرهەمێکی نەمری کوردی بەڵکوو وەکو شاکارێکی هەمیشە زیندوی جیهانی سەیردەکرێت حەزرەتی خانی بە تێگەیشتنێکی زانایانە لە شێوازی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی و جۆری ئابوریەکەی و ناوەرۆکی بیری زاڵ بوو لەو کۆمەڵەدا، بە وردی هۆیەکانی گەشەکردن و دواکەوتنی سەردەمەکەی خۆی دەناسێنێ و لەو دژایەتی و زۆرانبازیە دەگات کە بووەتە هەوێنی دروست بوونی هەزاران کارەساتی تراژێکی وەك مەم و زین.

پەرژینی بێبواری دەسەڵات و شورەی سەختی خۆپەرستی و بڕوای وشك و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەنی دەسەڵات دارانەوە بارودۆخێکی وای خولقاندوە کە مرۆ بە خاتری بڕواو ئەندێشەی سەربەست ئەکرێتە سووتەمەنی ئاگری دەسەڵات و سوودی تایبەتی هەرکەس و هەر شت لەم چوارچێوەیەدا نەگونجێ مەودای بوون و ژیانی نیە لێرەدایە کە دۆخی کاسەلستنەوە و فەرهەنگی پیاهەڵدان و کلکەسوتێ سەرهەڵ ئەدا و تۆماری ژیانی کۆمەڵگا بەرەو نەمان و گلان رادەماڵێ.

ئەوەتا تەشەنەی ئەم ئازارە روخنێنەرە نەك هەر لە بواری ئەوین دا گل بە ویژدان و جوانی ئەدا بەڵکو پانتایی ژیانی کۆمەڵیشی گرتۆتەوە خانی نەمر ئاوەها دەریدەبڕێ و ئەڵێ:

**کەس بۆ کەسێ نابێ چاو دەبەربێ[1]**

**هەرکەس دەیەوێ زل و لەسەربێ**

**هەر خۆیەتی زل کەوە ورەش و بۆر**

**هەر بۆیەیە بونە هێزی خۆخۆر**

گومان نیە لە ئاوەها هەل و مەرجێکا ئەوین و خۆشەویستیش وەك هەموو مەسەلەکانی تر ژیان و ژیوار ئەکەونە بازنەی تەسکی ویستی تایبەتی و بەرژەوەندی خوازی دەسەڵاتدارانەوە.

جەنگەی دوو روی و لەژێرپێنانی هەست و ویژدانی مرۆڤانە ئاپورە دەبەستێ و رەوەی بەکر مەرگەوەرەکان وەك بودەڵەترین لایەنەکانی کۆمەڵگا دەکەونە بەلەسەو گێرەشێوێنی و کێشەنانەوە. حەزرەتی خانی هەروەکو خۆی ئەفەرموێ روداوی مەم و زین تەنیا بەهانەیە و لە پشت سەر ئەم بەهانەیەوە هەزاران مەبەستی نەتەوەیی و هەستی مرۆڤانە و دادەری و راستی و ویژدان داری و ئاین و باوەڕ خەوتوون و خانی ئەیان خاتە رووی ژیان و ئەکەوێتە پژار و تەتڵەکردنیان.

**دەردی دڵی خۆم بێ لەم وتانە**

**زین و مەم ئەدی چین؟ بەهەمان ل ٢٥٢**

حەزرەتی خانی لەم شاکارە نەمرەیدا بە وردی ویستی دەورنی میران و خاوەن دەسەڵاتان ئەخاتەڕوو دەریدەخات چۆن لە کۆمەڵ و مرۆڤ دەڕوانن و پێوەریان تەنیا سەروەری دەسەڵات و پەرژەوەندی خۆیانە و بەس. لەم رەووتەدا ترسی سزادان و کەوتنە بەر پلاری خۆی ناشارێتەوە و بە راشکاوی دەری دەبڕێ کە ترسی هەیە لە میران و گزیران و دەسەڵاتدارانی بێئەندێشە و نەزۆکی سەردەمەکەی خۆی و دەڵێ:

**کوێخا و گزیر بەڵان نەزانن**

**دەکەین کوڵ و خەم ئەویش لەوانن ل٢٥٣**

**سەرخۆش بم و بەخۆم نیازم**

**نیازم هەمو ئاشکرا بخوازم ل٢٥٤**

خامە رەنگینیئەم رووبەڕوبونەوەیە واتە خانی نەمر تەنانەت سەرخۆش بوون دەکاتە سەرپۆشی دەربڕین و توێژینەوەکانی خۆی و بەم هۆیەوە ترسی خۆی فڕێ ئەدا و گیانی ئەخاتە مەترسی لەناوچوونەوە دەست دەکات بە روونکردنەوەو دەربڕینی دەردو کەسەرەکانی کۆمەڵی خۆی و باوەڕە نەمر و پیرۆزەکانی کوردەواری ئەکاتە هەتوانی ئەم دەردو کەسەرانە. ئەوەتا بە راشکاوی

هۆکـاری سـەرەکی ئـەم بەرهەمـە ئەخاتـە پـاڵ سەربەرزی گەلەکەی و روونی دەکاتـەوە لـە دنیایـەکی ئاوەها پەشێو و چەواشـەدا مەبەست لـەم نوسـینە تـەنیا هـەتوانی کەسـەرەکانی گەلـە و سـەربەرزی نەتەوەکـەی و گەڕانـەوە بـۆ بـاوەڕە نـەمر و پیرۆزەکانی.

واتا نە بە زیرەکی و بە ژیری
سەربەرزی هۆزی هاتە بیری
دیتمان کە جیهان وەها شێواوە
هەر جەنگ و هەرا لەسەر دراوە ل٢٥١

لە رۆژگاری نوێی و پیاهەڵدانەدا، لـە سـەردەمی ترسان و زمان بڕانەدا ئەوەتا جەژنی پـیرۆز و نـەمری نەتـەوەی نـەورۆز کۆت و زنجیرەکانی بارەگای میر دەشکێنێ و ئەسـتێ و زیـن دوور لەهـەموو چاودێر و یاساوڵێك وەك هەمو کەسانی تری کۆمەڵ لە کۆشـکی مـیر ئەچنـە دەەروە و تێکـەڵ بـە دنیـای خـەون و خەیاڵـەکانی کۆمـەڵ ئـەبن و بـێ هیـچ بـەرگر و بەربەستی دڵدار و دڵخوازی خۆیـان هـەڵدەبژێرن؟ سەرەڕای ئەمەش خانی نەمر بەردەوام و بێ بڕانـەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەموو کەرەسـە و هۆکارەکانی ئـەم بەرهەمـە و هـەموو بـاوەڕ و فەرهەنگـەی کـە هەتوانی دەردەکانی سەردەمێتی هەمووی خۆماڵیە و سەرچاوەکەیان تەنیا زێد و وڵاتەکـەی خۆیـەتی و لـە هیچ کەس و هیچ لایەکی دیکەی وەرنەگرتوون.

پێش من دەسی هیچ کەسی نەدیوە
میوەی رەزی خۆمە نەم دزیوە
خەڵ و جل و یار و زێڕ و زەمبەر
نەم خواستەوە هی منن سەر و بەر
ناوئاخن و پیت و تیپ بە جارێک
رێژێکی وشێکی یان و تارێک
هی خۆمە لە کەس نەهاتە چەنگم
خۆم خاوەنی کەسم و خێوی رەنگم ل٢٥٥

ئەوەی لێرەدا سەیر و سەرەنج راکێشەرە ئەوەیە کە خـانی هیـچ کـات بـاوەڕە چـەوت و هەڵـەکانی سەردەمی خۆی بە توڕە و فەرهەنگی گەلەکەی خۆی نازانێ و بێ یەك و دوو وای نیشـان ئـەدات کـە تـۆزێ زەمـان و هۆکارەکـانی سـەردەم بووەتـە هـۆی لەبیرچوونەوەی ئەم باوەڕانە و جێگیربوونی ئەم شتە تازانە.

دیسان کە نواندی جەیژنی نەورۆزی
لە گوێرەیی رێ و شوێنی پیرۆزی
کش ورد و درەستی تاو جزرێ
بیگرە لە شوانێ تا وەزیرێ
شاری و رەمەکەی و گزیر و هەرچی
تێیدابو شرە و گەرۆ و کوچەرچی ل٢٦٤

لە بەڕێوەچوونی ئەم رێورەسمە پـیرۆزەدا چرای چاوی خـاتو ئەستێ و زیـن دڵـی تـاژەدینێ و مـەم دەکەنـە هێلانـەی عشـق و ئـەوین. پـاش گـلان و بریندار بوونی تاژەدینێ و مەم و بەسەربردنی کەسەری دووری تـاژەدینێ کـە کـوڕە وەزیـری مـیرە و لـە پیاوچاکانی دەربار و نەترس و دلێرە دەم راستان و گەورەپیاوانی دەزگا و مەلا و خاوەن رێزانی سەردەم ئەکەونە تەکبیر بـۆی و دەچنـە خوازبێنـی ستێ بۆ تاژەدینێ میر بە بێ هیچ گرێ و گوڵێك بـێ سێ و دوو لـێکردن ئەسـتێ دەبەخشـێتە تـاژەدینێ و گـۆڕی گۆیەند و زەماوەن ساز دەبێ ئەوەتا خـانی نـەمر ئـەم رێ و رەسمی خوازبێنیە ئاوەها باس دەکات و ئەڵێ:

کۆبوونەوە هەریەکی لەلایە
چەند پیر و ردێن سپی و مەلایە
هەرچی کە لە پێش و کەیخودا بوو
گشتی بەرەو رووی ماڵی شا بوو

لـەبیرمان بـێ کـە مـەم هـاوڕێ گیـانی و هـاوەڵی خۆشەویستی تاژەدینـە و شـادی و خۆشـیەکانیان تێکـەڵاوە مـەم کـوڕی نوسـەری دیوانـی مـیرە، کـام نوسـەر خـانی نـەمر ئەمـەمان بـە جوانـی بـۆ روون دەکاتـەوە کە بـابی مـەم یەکێکە لـە نووسـەرەکانی دیوانی میر و لە پلە و پایەیـەکی بـەرزی کۆمەڵایـەتی دەزگا و دەسەڵاتی میردا نیـە. لێرەدا ئـەم پرسیارە دێتـە پێشـەوە، ئـەی بۆچی کوێخـا و ریش سـپی و دەسـەڵات داران بـۆ رێکخستنی کارەکـەی مـەمیش

ناچنه پێشەوە؟ خانی لەوە وریاتر و زیرەك ترە کە ئەم ئەرکە بخاتە ئەستۆی ئەمانەوە و روبەڕوی روداوەکەیان بکاتەوە. لە راستیدا خانی بەئەنقەست و هۆشیارانە ئەم دەستەوتاقمانە لەم بەستێنە دووردەخاتەوە چونکە دەزانێ کە نە ئەوان بەو کارە هەڵدەستن ونە ویستی ئەوەشیان تێدایە کە مەم و زین بە یەك بگەیەنن. چونکە کۆمەڵ نەخۆشە و پێوەرەکانی نەتەوەی رووخاون و روو لە ناوچوونن. تەنیا سوارچاکی و جوانی و لێهاتووی دەست و داوێن پاکی بەس نیە بۆئەوەی مەم بێتە هاوسەری خاتووزین و کۆچی گیانی ماندو هەستی روکاوی لە سای هەواری زولفی زێنیدا هەڵخا. ئەگەر تاژەدین تا رادەی گیان لە دەست دان و مردن داکۆکی لە زین دەکات، ئەوە بابەتێکی دیکەیە و خانی نەمر روونی کردۆتەوە کە تاژەدین باوەڕی خۆی هێشتا لەدەست نەداوە و لە جەرگەی تورە و کەلەپوری نەتەوەی خۆیەوە دەڕوانێتە مەم و خاتو زین و ئەو دڵپاك و ئاسمانی ئەم دوانە و بێ برانەوە هەوڵی بەیەك گەیشتنیان ئەدات مەگەر ئەوە نیە کە تاژەدین و ئەستێ خاتوو زین و کاکە مەم گۆشکراوی لووتکە و داوێنی چیا بەرزەکانی کوردەوارین و پەروەردەی فەرهەنگ و باوەڕی کۆمەڵەکەی خۆیانە. راستە میر میری کوردەواریە و سەرۆکی دەسەڵاتێکی خۆماڵیە بەڵام هەر خانی نەمر خۆی دەری دەخا و روونیدەکاتەوە کە میر تاژەدین نیە و تۆزێ زەمان و هێرشی درا و باوەڕی پارێزگاری دەسەڵات و پەرژینی بێ بواری سود ئابلۆقەیان داوە.

تاژەدین گەلێ ئەیگەیاند لە میری
تۆ خاوەنی ناو دەنگ و ژیری
کێ بخوازێ کە خێوی نێوی چابێ
زۆر شەرمە سەگێکی وای لەلابێ
هەر جار لە وەرامی بەرزی تاژەدین
ئەیگوت ئەمە باشتری دەزانی
تا یەك دەکرێ بە خان خانان
زۆ رکەس دەبێ ببنە تۆزی بانان ل٢٩١ تا ٢٩٣

خانی نەمر میر ئەوێ و سەری پڕ سەودای قوربانی میرە بەڵام کام میر ئەو میرەی کە بە گفتی خۆی لەپێناوی میربونی خۆیدا هەزاران بکاتە تۆزی بانان، بێگومان هەرگیز رۆحی نەمری خانی و گیانی بەرز و پەڕ هەستی و ئەندێشەی مرۆڤ دۆستانە و عارفانەی خانی هەرگیز بە کوژران و لەناوچوونی پەپوولەیەکیش رازی نابێت. ئەوەتا حەزرەتی خانی خۆی لە زۆر جێگای بەرهەمە نەمرەکەیدا دوری و تورەی خۆی لەم میرانەدەردەبڕێ و شکۆی کۆمەڵ و مرۆڤ لەوەدا دەزانێ کە میر بێت و کۆمەڵ دور لە زۆر و زۆردار کە برا و کوڕ و کەست بێ:

چیت لێنەوێ دوری ئەو بەست بێ ل٢٩٣

خانی لەم شاکارە نەمرەی خۆیدا بە وردی زۆران بازی و ململانێ چینەکان دیاریدەکات و بەبێ هیچ ئەم لاو ئەولا کردنێ نەخۆشیەکانی کۆمەڵی چینایەتی ئەخاتەڕوو. راستە کە بەسەرهاتو و روداوەکە لە بنەما مێژوویەکەی خۆیدا تراژیکە و ئەبوایە ئەم کارەساتە هەر بەم جۆرە تراژیکە کۆتایی پێبهاتایە.

بەڵام خۆ خانی نەمریش ئەتوانێ و ئەو دەسەڵاتە ئەدەبیەی هەبوو کە دڵنوازانی ئەم کارەساتە تا رادەیەکی وەك یەکی چینایەتی بەرێتە سەرەوە و ئاکامەکەش هەر تراژیك بێتە ئەوەتا نزامی گەنجەوەی فەرهاد و شیرین و خەسرەو دەخاتەیەك پلەی کۆمەڵایەتیەوە و کەچی ئاکامی داستانەکەش هەر تراژیکە ئەوەتا لەیل و مەجنون و وەیس و رامین هەموو لە یەك پلەی کۆمەڵایەتیدان و داستانی دڵخوازیەکەشیان هەر تراژیکە. ئەی بۆ؟ خانی ئەم کارەی نەکردووە و مەمی لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا راگرتووە گومان نیە بەتەنیا لەبەرئەو راستیە بوە کە روانگە و تێگەیشتنی دەسەڵاتداران بخاتە بەرچاو روونی کاتەوە چۆن لە کۆمەڵگا مرۆڤ پەیوەندیەکان دەگەن. ئەوەتا راستەوخۆ لەبارەی تاژەدینەوە دەڵێ:

میر کامە رەگەز بوو ئەو لەوان بو
سەرکۆمەڵ و گەورە و گران بو ل٢٦٠

بەڵام لەبارەی ناساندن و دیاریکردنی پلەوپایەی مەمەوە چی دەڵێ؟ ئەوەتا کە وەها دەیناسێنێ و دەڵێ:

مەم رۆڵەی نوسەرێکی میر بو
تاژەدین گورِی گەورەتر وەزیر بو ل۲٦۰

جگە لەمەش لە چەند جێگای تری ئەم بەرهەمە نەمرە لەزمانی مەم خۆیەوە دەبیسین کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی مەم لە زین گەلێ خوارترەوە مەم خۆی هەست بەم راستیە دەکات ئەوەتا لە دیداری تایەن و تاژەدین و مەم دا کاتێ کە تایەن موستیلەکەی ئەستێ و زینی دەوێ تاژەدین موستیلەکەی ئەستێ ئەداتە دەست تایەن و بەڵام مەم ئاوەها دەڵێ:

تاژەدین لە دەستی دەرانی هی خۆی
پێوت وەرە فەرمۆ بیبەوە بۆی

بەڵام کاکە مەم بەم جۆرە وەڵامی تایەن ئەداتەوە و ئەڵێ:

بم بەخشە گووتی سەرم لەبەر پێت
هەر دامەوە پێت لە جێ دەبم شێت
ئەو شایە ئەگەرچی من گەدابم
لێم روونە کە ناهومێدی نابم
با خواستن و دیتنی نەوێرم
دڵخۆش بە خەیاڵی رادەبوێرم

لەم دیدار و چاوپێکەوتنەدا زۆر قسە و باس هەیە جێگای وەستان و رامانە تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە تاژەدینەوە هەیە بێ هیچ گازە و گلەییەك موستیلەکەی سێ دەنێرێتەوە و چاوەڕوانی وەڵام و بەیەك گەیشتن دەکات بەڵام کاکە مەم جگە لەوەی کە خۆی بە هەژار دەزانێ و زین بە دەسەڵات دار هەتا لە هەندێ شوێنی ئەم چاوپێکەوتنەدا بە راشکراوی و وردی دوو دڵی خۆشی لەسەر ئەوین و خۆشەویستی خاتوزین ئەدرکێنێ و وای بۆ دەرچێ رەنگە زین لەبەرئەو جیاوازیە مەمی خۆش نەوێت و رازی بە بینن و هاوسەری ئەو نەبێت کاکە مەم بە تایەن دەڵێ:

ئاخ خۆزگە لە پێش ئەوەی دەمردم
دەم گوت ئەوە زینە یادی کردم
زۆر جوانە لە ئاهی دڵ بترسێ
جار جارە چلۆنە یەك بپرسێ ل۲۷۸

بەڵام دڵی زین لەو دڵە رمۆك و سرکانەیە کە لەپێناوی ئەوین و دڵخوازیدا هەرچی غول و زنجیرە ئەیبرێت و پشت لە کۆشك و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات و چارەنوسی خۆی ئەبەستێتەوە بە ژیان و دوارۆژی کاکە مەمەوە.

بەم جۆرە و بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوە جێگای هیچ گومانێك نامێنێتەوە کە گەورەترین بەربەستی بەیەك نەگەیشتنی کاکە مەم و خاتوو زین جیاوازی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زین و کاکە مەمە لە بۆچوون و روانگەی میرەوە و خانی نەمر بەو دڵە گەورە و باوەڕەیەوە کە هەیەتی و بە ئەندێشەی عیرفان و نەتەوایەتیەوە کە وڵاتی گیانیان کردۆتە هێلانەی مرۆڤایەتی لەو کەسانە نیە کە بە ئەنقەست و لە خۆڕا ئەم تاوانە بداتە پاڵ میر. بێگومان ئەمە راستیەکی روونە و خانی نەمری دژی ئەم نەریتە چەوتەی کۆمەڵی چینایەتی وەستاوە و راستیەکانی خستۆتە روو.

کاتێ میر خۆی ئەم مایە و باوەڕە لە گیانیا ریشەی داکووتاوە و جێگیر بووە ئیتر هاتنە مەیدانی بەکر ئاسان ترە و ئەویش وەك مرۆیەکی پەروەردەی ئەو فەرهەنگ و داموودەزگا لەکاتی تایبەتی خۆی دەگەڕێ بۆ ئاژاوەنانەوە دڵ شکاندن. ئەو شۆفارە بێ بەهەرەیە نیشتمانی ئەندێشەی جگە لە وێرانکاری و لەناوبردن و مردن شتێکی دیکەی تیادا نیە و بەم جۆرە ئەبێتە خورەو گیانی درەختی ئەوینی مەم و خاتوو زین هەر رۆژە جۆرێ و هەر ساتە بەزمێ ساز دەکا و درەختی کرمۆڵی باوەڕی میر کرمۆڵ تر دەکات تا بە مەبەستی چەپەڵ و گڵاوی خۆ دەگات و میر بڕیاری گرتن و بەند کردنی مەم دەردەکات.

ئەوەتا میر خۆی بۆ بەهانە دەگەڕێ و بە بەکر دەڵێ ئادەی چ بکەین و چۆن مەم بخەینە داوەوە و لە بەندیکەین؟

بۆم رون کەوە بیخەرە بناوان
چۆنی بگرین بە سوچ و تاوان ل٣١٨

بەم پێیە درۆ هەڵبەستن و دوزمانی و گێرەشێوێنییەکانی بەکر درەختی کرمۆڵی باوەڕی میر ریشەکەن دەکات مەم لە گرتوخانە توندەکرێت.

توندکردنی مەم لە گرتوخانە و مانەوەی تا هەڵمەت و شالاوی تاژەدین و یارانی دەبێتە هۆی پسان و چرانی کۆتی دەست و پێی بەڵام ئەم هەوڵەش ناتوانێ مەم بە ئاواتی بگەیەنێ و پەپوولەی گیانی هەرگیزا و هەرگیز چرۆی چاوی زین ناکاتە هێلانەی ئشق و دلداری و لە کلپەی دووری و ئاواتی دێ نەهاتوودا بالاکانی دەسووتێن و بارانی گڕ جەستەی ئەکاتە خۆراکی مەرگ و لەناوچوون.

ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە دژایەتی چینایەتی و هەڵوێستی دەسەلاتداران هۆکاری سەرەکی بە ئاوات نەگەیشتن و لەیەك برانی خاتوو زین و کاکە مەمە. حەزرەتی خانی زۆر بە جوانی و وردی دەریخست کە چۆن و بۆچی شورەی سەختی دەسەلات و سودی تایبەتی هەوێنی خولقاندنی هەزاران کارەساتی وەك مەم و زینە.

با هەر لەم روانگە و وەرگرتنەوە سەیرێکی ئیتللۆیش بکەین و بزانین هەڵسوکەوت و جوولانەوەی دەسەلاتدران لەگەڵ ئەوینی دزدمونیا و ئیتللۆ چۆنە.

هەرچەندە کە شێوەی دارشتن و دونیای خولقانی ئیتلۆ لەگەڵ مەم و زین زۆر جیاوازە و شکسپیر بەرهەمە ئەدەبیەکەی خۆی لەژێر باڵی ئەفسانە و بیرو ئستورەکانی یۆنانی کۆندا خولقاندوە و هەر لەو رێبازەشەوە بنەما و کۆتایی چیرۆکەکەی خۆی دارشتووە.

جگەلەوەی کە کۆتایی تراژیکی رووداوی ئیتللۆ گومان و کرمۆڵی ئەویندارە پالەوانەکەیە و ئەنجامی مەم و زین ئەوین و وەفا و باوەڕبەخۆبوونی هەردوو دڵدار و دڵخوازەکەیە.

برابانیو کە خۆی لە خاوەن دەسەلاتان و گەورە پیاوانی ولاتە و روانینی تایبەتی خۆی هەیە لەبارەی کاروباری کۆمەلایەتی و ژیانەوە، بە هیچ جۆرێ رازی نابێ کە دزدمونیای کچی مێرد بە ئیتللۆ بکات ئەم رووداوە بە هەتك و سووکایەتی دەزانێ و خۆی بۆ رازی ناکرێت.

ئەوەش رونە کە سەرچاوەی ئەم نارەزایەتیە تەنیا و تەنیا پێگەی کۆمەلایەتی و ئابوری و رامیاری خۆیەتی و ئیتللۆ خۆی لەو پلەو رادەیەدا نابینێ کە جەنگاوەرێکی وەك ئیتللۆ بێتە هاوشان و مێردی کچەکەی و خۆی زۆر لەوە بە بەرزتر دەزانێ کە جەنگاوەرێك بێتە هاوسەر و هاوشانی بنەماڵەی ئەو.

راستە کە ئیتللۆ سەرداری سوپایە بەلام ئەبێ ئەم راستیەش بزانین کە لە چینی شازادە و نەجیبەکان نیە و جەنگاوەرێکی نەترس و بوێرە کە هێزی بازووی خۆی کردویەتیە سەرداری سووپا، لە راستیا بەهۆی توانای خۆیەوە وە هەروەها سوارچاکی و بوێریەکەی خستویەتیە خزمەت چینی دەسەلاتدارەوە برا بانیو هەروەکوو هەموو دەسەلاتدارێکی تری لە کۆمەلگا و فەرهەنگی گەل براو پەیوەندی وئیتللۆ دزدەمونیا بە سودی خۆی نابینێ و جەنگاوەرێکی وەك ئیتللۆ کە خولقاوی هەولی خۆیەتی و پێگەی کۆمەلایەتی و چین و بنەماڵە دروستی نەکردوە بەوە نازانێ کە شیاوی ئەوەی هەبێت کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ ژن بخوازێت و تێکەڵ بە دونیا و بۆچوون و پێگە کۆمەلایەتیەکەی ئەوان بێت. سەیرە چ نزیکێکی سەیر هەیە لەنێوان روانینی برابانیو و میردا ئەو لەبارەی مەمەوە و ئەم لەبارەی ئیتللۆوە.

برابانیو کە دەزانێ پەیوەندی دزدەمونیا و ئیتللۆ لە چوارچێوەی ویست و هەڵوێستی ئەودا نیە، دێتە سەر ئەم رایە کە بەرگری لەم کارە بکات و ئیتللۆ

ناچار بکات کە بکشێتەوە یا بەشێوەیەك لـەناوی بەرێت.

کاتێك کە برابانیو دەچێتە کۆڕی دوکەوە دەبینێ کە خەریکی کاروباری سەربازین و لە هەواڵەکانی شەڕ دەکۆڵنەوە، داوای لـێدەکەن کە رای خۆی دەربـڕێ، لە وەڵامدا ئەڵێ بـەخاتری ئـەم هەواڵانـە نـەهاتووە و خەم و پەژارەی خۆی ئـەوەندە گەورەیـە و زۆرە کـە ئەگەر دنیا ئاو بیبات بۆی گرنگ نیە.

راسـتی ئـەوە چ پـەژارە و خەمێکـە ئـەوەندە گەورەیە مەترسـی شـەڕ و لـەناوچوونی وڵاتـی لـەبیر دەسەڵاتدارێك بردۆتەوە راستی ئەمە تـەنیا نیشانەی خۆپەرستی و بۆخۆژیان نیـە و ئـەو راسـتیە روون ناکاتەوە کە کەسانێ هـەن تـەنیا و تـەنیا بـۆ خۆیـان دەژێـن و هـەر کاروبـارێك لـە سـنوری دەسـەڵات و شورەی بەرژەوەندیەکانیان بەدەربێت گۆڕی دەکـەن و بۆیان گرنگ نیە وڵاتێك بکەنـە قوربـانی هـەوەس و ویستی تاکەکەسی خۆیان.

زۆردار و دەسـەڵاتداری بـێ فەرهـەنگ و لـە جەماوەر بڕاو چ لە یۆنـان بێـت و چ لـە بۆتـان چ میر بێت و چ دووك و نوێنەری پارلمان بۆچـوون و روانگـە گشتیەکانیان وەك یەك و چ جیاوازیەکی ئەوتۆی نیـە و هەموو هەڵسووکەوتێکی مرۆڤ تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیانا جێگای رەزامەندیە و بەس. وەگەر نـە هـەوڵی سـەرکوتانە وە لـەناوبردنی ئـەدەن و بـۆ نـەمانی تێدەکۆشن.

دووگ کاتێ کە لە کارەساتی برانـانیو ئاگاردەبێ خێرا و بـێ بیرکردنـەوە بڕیـاری سزادانی ئـەو کەسـە ئەدات کە دزدەمونیای کچی ئەوی بردووە هەتا ئەگەر کوڕی خۆیشی بێت.

ئـەم هەڵوێسـتە توونـد و هەڵەشـەیەی دووگ لەبەئەوەیە کە براتانیو هاوبیری خۆیـەتی و شـەریکی دەسـەڵاتی و یـەکێ لـە کـارگێڕانی دەسـەڵات و سوودەکانی نـەك لەبەرئـەوەی کـە زۆری لێکـراوە و دەست درێـژی کراوەتـە سـەر و مەبەسـت پاراسـتنی ماف و کەرامەتی مـرۆڤ نیـە. وەگـەرنا لـە هەرێمـە و پاوەندی دەسـەڵات و بەرژەوەندیـەکانی ئـەودا رۆژی هـەزاران کارەساتی دڵتـەزێن روودەدات و ئـەخولقێ کەچی هەر کەس باسی‌یان ناکات.

چ بگات بەوەی کە دوگ بڕیاری چارەسەرکردن و سزادانی کـارگێڕان بـدات. بـەڵام کـاتێك ئـەزانێ کـە کـارگێڕی ئـەم رووداوە ئێتللۆیـە لـە بڕیـاری خـۆی پاشگەزدەبێتەوە.

پاشگەزبوونەوەی دووگ لەبەرچاوی کـاڵی ئێتللۆ نیـە. بەڵکو لەبەرئەوەیـە کـە دام و دەزگـای دووگ و بـەرژەوەندی دەسـەڵات خـوازان لـە مەترسـیدایە و ئاگری شەڕ هەڕەشە لە پاوەنی دەسەڵاتیان دەکـات، لەم هەل و مەرجەدا بۆ پاراسـتنی ویسـت و داخـوازی خۆیـان پێویسـتی بـە ئێتللۆیـە و ئێتللـۆ وەك جـەنگاوەرێکی دلـێر توانـای پارسـاتنی ئـەو بەرژەوەندیانەی هەیە.

جا کەوابوو باشتر وایە کە دووگ پاشگەزبێتەوە و قسەکانی ئێتللـۆ بسـەلمێنێ. روانـین و مامەڵـەکردنی دووگ و میر چـەندە لـە یەکـەوە نزیکـە لـەبارەی تـاژەدین و ئێتللـۆوە هەرچـەند کـە تـاژەدین زۆر جیاوازە لە ئێتللـۆ. جیـاوازی تـاژەدین لـە ئێتلـۆ لەوەدایـە کـە تـاژەدین چەکدارە بـە بـاوەڕ و خـوو خدەکانی فەرهەنگی نەتەوەیە و لە هەست و ویستی جـەماوەر نـەبڕاوە و تـاکێکی بەئەمـەکی کۆمەڵەکـەی خۆیـەتی و ناسـنامەی فەرهـەنگی و ریشـەی باوەڕەکانی رۆشـن و روونـن. ئەمـە لـە کاتێکایـە کـە ئێمـە لـەبارەی فەرهـەنگ و ریشـەی ئێتلـۆ و باوەڕەکانیەوە هیچ نازانین و ئاگاداریمان نیە.

ئایا لەنێوان یاگۆی بوودەڵە و بەکر لە نامـەردی و ناجوامێردا هیچ جیاوازیەك هەیە؟ جگەلەوەی ئەو لـە وڵاتێکی تر بووە و بەکر لە وڵاتێکی تر.

هـەردوو لـە ژێر دەسـەڵاتی فەرهـەنگی بۆگـەنی زۆرداران و پـاوەن خوازانـدا بوونەتـە دوو دڕنـدەی خوێـن مـژ و گێرەشـێوێن کـە تـەنیا بـە تـاوان و چەوسانەوە ئارام دەگـرن و بـەس هـەردوو پیشـەیان تەنیا دووزمـانی و تەڵەنانـەوە و تـاوان خوڵقاندن بۆ

گەیشتن بە ئامانجی گڵاوی خۆیان یا گۆی دوو زمان و درۆزن دەست بە هەر تاوانێك ئەدات و پەیمانەی هەر خراپە و ناشیرینێك لە گۆزەی تەپیوو داڕزاووی ویژدانی مردووی خۆیا دەخواتەوە تەنیا بۆئەوەی بە ئامانجی گڵاوی خۆی بگات و پلەیەك لە دەسەڵاتدا هەڵکشێت و ببێتە جێگیری ئیتللۆ. ناکۆکی دروست دەکات و هەمان ڕێگای بەکر دەگرێتەبەر چونکە هەردوکیان گۆش کراووی فەرهەنگێکن یا گو لە نێوان ئیتللۆ و کاسیوێی داوێن پاك و بەوەفادا کە دیار نیە چۆن کەوتۆتە ئەو چوارچێوە تەپیووو بۆگەنەوە و هەوڵێ دەربازبونی خۆی نادا هەرچەندە وا دیارە نووسەر تەنیا لەبەر دەرخستنی تاوانباری و نامەردی یاگۆ ئەوی کێشاوەتە ناو ئەو هەڵقەیە و ڕێگەی دەربازبوونی لێ داخستووە لەلایەکی ترەوە رودریکۆی تاونبار و خۆپەرست وەك هەمو هاوکارەکانی تری خۆی وادەزانێ ئەتوانێ بەهۆی چەند دراوەشێرەیەکەوە ببێتە فەرماندەی گیان و لەشی دزمونیا.

یاگۆی تاوانبار ئەوەندە درێژە بە کارە دزێوەکەی ئەدات تا دەبێتە هۆی ئەو کارەساتە ویژدان تەزێنە و خۆشی ئەنجامەکەی بەکری بۆ دەبێت و درەوی تاوان و گوناحەکانی ئەکات.

لەم ڕەوتەدا هەتا بەشێوەیەکی ناجوامێرانە ژنەکەشی ئەکاتە داردەست و ئەی سەلمێنێ کە لەم فەرهەنگە بۆگەنەدا لە هیچ تاوانێك دووری ناکرێت. هەتا ئەگەر قوربانی ناموسی خۆشی بێت.

بە وردبوونەوەیەکی خێرا و کەم خایەن گەلێ یەکسانی لەنێوان کارەساتی مەم و زین و ئیتللۆدا بەدی ئەکرێت کە بە ڕاستی جێگای سەرنجە. ئەم یەکسانیە لەوکاتەدا گرنگ تر دەبن کە بزانین مەم و زینی خانی وردتر و قوڵتر شۆڕبۆتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و پاڵەوانەکان وەك نوێنەری ئەو کۆمەڵگایە زۆر بە وردی و ڕوون دیارن و دەوری خۆیان ئەبینن.

لەکاتێکا لە داستانی ئیتللۆدا ئێمە هەنگاو هەنگاو لەگەڵ دنیای کارگێڕانی ئەم ڕووداوە ئاشنا نابین و زۆر بە گشتی کۆمەڵێك زانیاری پچڕ پچڕمان لەبارەی ئەوانەوە ئەدرێتە دەس.

بەراوردکردنی ئەم دوو شاکارە نەمرە لەپێناوی سەلماندنی لایەنی زاڵ و بەرزی هیچ کامیان بەسەر ئەویتریاندا نیە و تەنیا مەبەست ڕوون کردنەوەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەبوو کە باسمان کردن بەو هیوایەی کە لەمەولا هەرچی زۆرتر و باشتر ئاوڕ لە گەنجینەی فەرهەنگ و ئەدەبی خۆمان بدەینەوە و هەوڵی لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بدەین و بیان خەینە بەردەس ڕای گشتی جەماوەر و مەیدانی توێژینەوە.

سەرچاوەکان:

١) مەم و زینی خانی چاپی سوئد هەژار.
٢) مەم و زینی خانی هەژار ئێران.
٣) توحفەی موزەفریە ئوسکارمن.
٤) ئیتلۆ شەکسپیر.
٥) گۆڤاری بەیان.

لەتیف هەڵمەت



# یادگار.. کتێب.. کتێبخانە
# (یەکەم کتێب/ دوا کتێب)

لە دەورویەری ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤) دا یەکەم کتێب کە بەخۆشەویستی‌یەوە توند باوەشم پیادا کرد کتێبەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بوو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی - الاتحاد- ی سەرەتایی لە قەزای کفری بەسەرماندا دابەشیکرد. بێگومان کتێبەکان بە عەرەبی بوون و لەوناوچەیەدا بە کوردی خوێندن قەدەغە بوو.. تەنانەت زۆربەی مامۆستاکان بە تورکمانی یا بە عەرەبی لەگەڵماندا دەدوان.


دواتر لە پۆلەکانی چوارو پێنجی سەرەتایی‌دا گەلێ کتێب لە ماڵی خۆماندا سەرنجی هەستی منداڵیمیان راکێشا لەوانە: قورئانی پیرۆز و چیرۆکی پێغەمبەران بێگومان بە عەرەبی بوون.. لەپاڵ ئەوانەشدا هەنێ کتێبی دیم لە ماڵی خۆماندا بەرچاوکەوت کە بە کوردی نووسرابوون و تێیان گەیاندم کە کتێب بە کوردیش دەنووسرێ و لەناو ئەو کتێبانەدا ئەمیر ئەرسەلان و میعراجنامە و فەتحی قەڵای خەیبەر و رۆستەم و زۆراب و رۆستەم و جیهانگیر و رۆستەم و بزرۆ و حیکایەتی نان و ماست و سەنگتەراش و شیرین و فەرهاد و لەلایلاو مەجنون و هتد ئەگەرچی بەکوردی نەمخوێندبوو کەوتمە خوێندنەوەیان و لە رێگای خوێندنەوەی ئەو کتێبانەوە فێری خوێندنەوەی کوردی بووم و شایانی گوتنە ئەو کتێبانە سەروبۆر و حەوت و هەشتی پیت قەڵەوکردن و پیت کردنەوەیان نەبوو..

هەر لەو ساڵانەدا جگە لە قورئانی پیرۆز کتێبێکی دی سەرنجی راکێشام ئەویش ئەو کتێبی دۆعایە بوو کە باوکم دەیخستە کۆشی‌یەوە و تەماشای دەکرد و دۆعای بۆ ئەو نەخۆشانە دەنووسی کە دەهاتن بۆ لای و دەستیان ماچ دەکرد و داوای دۆعای چاکبوونەوەیان لە فڵان نەخۆشی و فیسار نەخۆشی لێ‌دەکرد و زۆر جار بەدزی باوکمەوە سەیرم دەکرد و هەندێ پەرەگرافیم دەخوێندەوە و سەیری خشتە چوارگۆشە و شەش گۆشە و بازنە پڕ لە خاڵ و ژمارە و پیتە جۆرەبەجۆرەکانم دەکرد و ئێستا بیر دەکەمەوە پەیوەندی‌یەکی گیانی بە گیانی لەنێوان کتێبی دۆعاو شیعری نوێدا هەیە و رەنگە هەرئەوە بوویێتە هۆی ئەوەی من هەر لە سەرەتاوە حەزم لە شیعری نوێ بێ..

لە پۆلەکانی شەشی سەرەتایی و یەکی ناوەندی‌دا واتا دەتوانم بڵێم لە ساڵانی (١٩٥٩ - ١٩٦٠ - ١٩٦١) رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری بڵێسە و کتێبێکم کڕی بەناونیشانی - نهێنی‌یەکانی بارزان - ناوی نوسەرەکەییم لەبیرنەماوە.. بەهەرحاڵ ئەو کتێبانە و چەند کتێبێکی دیشم لەباردۆخێکی سیاسی ناخۆشی ئەو ساڵانەدا بە خاك سپاردن و لەژێر

زەوی‌دا پووان چونکە یەك دوو کەسێك لەسەر کتێبی شیرین و فەرهاد لە کفری گیران و گوتم ئەگەر خەڵك لەسەر کتێبی شیرین و فەرهاد بگیرێن لەوانەیە لەسەر کتێبی نهێنی‌یەکانی بەرزان خەڵك لە سێدارەبدەن.

هەرچۆنێ بێ من لەو سالانە بەدواوە حەزم لە خوێندنەوەی عەرەبی بوو.. هاتوچووی شاری کەرکوکم زۆر دەکرد و لەوێ لەناوەندی شەستەکانا گەلێ لە کتێبەکانی (جبران خليل جبران) و (مصطفى لطفي المنفلوطي) و (ميخائيل نعيمە) م دەستکەوت وەکو: دمعة وابتسامة – النبي – السابق – المجنون – المواکب – رمل و زبد – و – هەندێ لە کتێبەکانی – مصطفى صادق الرافعي – و دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی و هەروەها هەندێ ژمارەی کۆنی گۆڤاری – المعلم الجديد – ی عێراقیم خوێندەوە کە شیعری مایاکوفسکی و بۆدلێر و مالارمیە و دی مۆسیە و گەلێ لە شاعیرانی تری جیهانی تیایدا بوو.. دواتریش کۆمەڵە چیرۆکی – هەمیشە بەهاری عەلائەدین سەجادی و کۆمەڵە چیرۆکی کوێرەوەری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کتێبێکی دی بەناونیشانی – غراميات فكتور هوجو – خوێندەوە ناوی نوسەرکەیم لەبیرنەماوە.



لە ١٩٦٥ بەدواوە بارودۆخێکی هەندێ لە جاران هێمنتر هاتە کایەوە و لە قوتابخانەی ئامادەیی کفری لە سالانی شەست و پێنج و شەست و شەشدا چەند برادەرێکی بەزاو هاوتەمەنی خۆم ناسی لەوانە کاك فەرهاد شاکەلی و کاك عەلی عبدالله کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانە و وازی لە کاروباری رۆشنبیری هێناوە و کاك ئەحمەد شاکەلی و کاك محمد بێکراس.. هەموومان شەیدای کتێب بووین و لەبیرمە لەو سالانەدا فەرهاد شاکەلی چیرۆکی (لالۆکەریم) و عەلی عبدالله (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم) یان بۆ هێنام بۆ خوێندنەوە بەلام هیچیان سەرنجیان رانەکێشام چونکە لە راستی‌دا من لەو سالانەدا نەزار قەبانی و بەدر شاکر السياب و هەروەها کۆمەڵە هۆنراوەیەکی وەرگێردراوی عەرەبی نازم حیکمەت و عبدالوهاب البياتي و نازك الملائكە و محمود دەرویش و بلند الحيدري و سميح القاسم و توفيق زياد و فدوى طوقان و گەلێ شاعیری دی نوێخوازی عەرەبیم لە رێگای خوێندنەوەوە ناسی بوو زۆربەی ئەو

کتێبانەش یا لە کەرکوک دەمکڕین یاخود لە کتێبخانەی گشتی کفری وەرم دەگرتن و جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم بۆیەکەم جار لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزم ئەحمەد شاکەلی‌دا چوومە کتێبخانەی گشتی کفری و گرنگترین کتێبێك کە لەوێ خواستم و خوێندمەوە کتێبێك بوو بە ناونیشانی (دیوان الارض المحتلة) کە شیعری دەیان شاعیری کۆن و نوێی فەلەستینی گرتبووەخۆی و راستە من پێشتر (الاباریق المهشمة) ی بەیاتی و (انشودة المطر) ی سەیاب و (رحلة الحروف الصفر) ی حەیدەری و هتد خوێندبۆوە.. بەڵام (دیوان الارض المحتلة) جیهانێکی تایبەتی بوو دەرگاکانی شیعری بەرگری لەسەر خستمە سەرپشت و هۆنراوەی – ناونیشان – و چرایەك لە شەپۆلی گەرداودا – و – لە سەنگەری ژیانا – و – شەبەق لە وشەدا –و – لقی هەتاو – و – هەندێ کۆپلە هۆنراوەی جۆربەجۆری دی کە لە دیوانی – خوا و شارە بچکۆلەکەمان – دا بڵاوم کردوونەتەوە لەژێر کاریگەرێتی ئەو دیوانەدا نوسیومن. یادی بەخێر من و فەرهاد شاکەلی بە پاسەکەی حاجی حەسەندا کەلە کفری‌یەوە بۆ کوڵەجۆ دەچوو بەپێچەوانەشەوە دەگەڕایەوە، کاتی هاوینان گەلێ کتێبمان بۆ یەکدی دەنارد. هەر لە ڕێگای ئەویشەوە کتێبەکانمان دەست دەکەوتەوە..

هەر لەو ساڵانەدا (البؤساء) و (احدب نوتردام) و هەندێ ژمارەی کۆنی گۆڤاری – شعر – ی لبنانی و چەند دیوانێکی احمد الصافي النجفي و – المعلقات السبع – و دیوانی – جمیل بثینة – و– هەندێ لە شیعرەکانی – ابو العلاء المعری – و – ابو نواس – و هەروەها کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاعیرانی ئەوروپایی. کە خوالێخۆشبوو بەدر شاکر سەیاب کردبوونی بە عەرەبی.. هەروەها لە کتێبخانەی گشتی کفریشدا هەندێ کتێبی دیم خوێندەوە لەوانە دیوانی شاعیرێکی میسری رۆمانسی بەناوی محمد کامل الصیرفي کە وابزانم طه حسێن پێشەکی بۆ نووسیبو.. هەروەها هەندێ کۆمەڵە هۆنراوەی (ابراهیم ناجي و عەلی محمود طه) ی میسری و رۆمانێکی گەورەش بەناونیشانی (اهلا و سهلا) ناوی نووسەرەکەیم لەبیرنەماوە.. هەر لە کتێبخانەی گشتی کفری‌دا دیوانێکی پاکیزە رەفیق حیلمیم خوێندەوە بەناونیشانی – کورد – گوایە پەخشانی هونەری بوو بەڵام زۆر سادە بوو سەرنجی رانەکێشام.. هەروەها دیوانی رەسافی و شەوقی و زەهاویش نەچوونە دڵمەوە و نەمتوانی تەواویان بکەم و چەژم لێوەرنەگرتن.. نازانم بۆ..!

هەروەها چەژم لە دیوانی مەولەویش وەرنەگرت کە لەلای مەلا عەولقادر کەریم و لەوماوەیەدا لە کفری لەپاڵ دیوارەکەی مزگەوتی حەنەفی بەرامبەر بە چاخانەی حەمە فەخە لەسەر زەویەکە کتێبی دەفرۆشت.. رەنگە لەبەرئەوەبووبێ زاراوەی هەورامیم نەدەزانی.

هەر لەو ساڵانەدا یەکەم دیوانە شیعری نوێی کوردی کە خوێندمەوە دیوانی – بەستەی مەبەست – ی مامۆستا جەمال شارباژێڕی بوو. هەروەها کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاعیری هیندستانی – تاگور – م بە ناونیشانی – چیترا و کەشتی خوێندەوە لەبیرم نیە کێ کردبووی بەکوردی.

دەتوانم بڵێم لە شەست و حەوت بەدواوە بوو رۆژێکیان چووم بۆ کەرکوك و خۆم کرد بە کتێبخانەکەی (محمد ئەمین عصری) دا کە لە بازاڕی حەڵواچی‌یەکاندا بوو لەوێ دیوانی – رازی تەنهایی – هەردیم بە – ٦٠ – فلسی ئەوسا کڕی.. و دواتریش – بە هەشت و یادگار – ی گۆران و – دیوانی دڵدار – و – دیوانی صافی هیرانی – و – دیوانی – مصباح الدیوانی ئەدەب – و– وەفایی – و – ئەدیب – و– حاجی قادری کۆیی – و – نالی – و – طاهر بەگی جاف – و – ئەحمەد موختار بەگی جاف – و هەندێ لە کۆمەڵە هۆنراوەکانی – دیلان – و – کامەران موکری – و گەلێ دیوانی دی کوردیم خوێندەوە.. بەڵام لە راستی دا زۆر سەرنجی یاخی‌بووی لاوییان رانەکێشام و من زیاتر متۆو شێت و شەیدای شیعری

نوێی عەرەبی بووم و لەو شاعیرانە تەنها گۆران تا رادەیەکی دیارکاری لێکردم. شایانی لەبینەرکردنە هەندێ لەو کتێبانەم لە هەولێر لە کتێبخانە و چاپخانەکەی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی دەکڕی.

لە ساڵی ١٩٦٩ دا بۆ یەکەم جار شیعری ئەدۆنیسم خوێندەوە ئەویش کۆمەڵە هۆنراوەی – المسرح والمرايا – بوو کە لە هاوڕێم، ئەحمەد شاکەلیم وەرگرت و ناوی – جلال حسين پالانی – واتا جەلال زەنگابادی لێنووسرابوو دیارە کاك ئەحمەد لەوی وەرگرتبوو ئەو کتێبەی ئەدۆنیس هەڵیشێلام و لەسەرەوە دروستی کردمەوە.. و هەر لەو ساڵەدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (شیعر ٦٩) کە گۆڤارێکی شیعری بوو بایەخی بە نوێنگەری دەدا لە رێگای ئەحمەد شاکەلییەوە کەوتە دەستم و ئەو بەیاننامە شعرییەی کە شاعیرانی نوێخوازی عێراقی (فاضل العزاوي – سامي مهدي – فەوزي كريم – هەروەها خالد علی مصطفی) کە فەلەستینی بوو لە عێراقدا دەژیا / لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا بڵاویان کردبۆوە و سێ ژمارەکەی تری ئەو گۆڤارە کە پڕ بوو لە نموونەی شیعری نوێی عەرەبی و جیهانی و بەتایبەتی هۆنراوەی – هذا هو اسمي – ئەدۆنیس کە وا بزانم لە ژمارە ؟؟؟؟؟ بڵاوکرابۆوە هەڵشێلان و دروستکردنەوەکەیان پەرەپێدام و گەلێ پەنجەرە و دەرگا و رێگای نوێیان لێخستمە سەر پشت و دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو ساڵەو و دواتریش خوێنەرێکی باشی گۆڤاری – الكلمة – و – الغباء – بووم و لە رێگای ئەو دوو گۆڤارەوە هەندێ بەرهەمی حسين مەردان و حەميد المطبعي و موسى كريدى و سەرگۆن بوڵس و جەلیل قەیسی و چەندین نووسەری دی عێراقی و عەرەبیم خوێندەوە..

شانبەشانی ئەو گۆڤارانە گۆڤاری – العاملون في النفط – کە هەندێ لاپەڕەی تەرخان کردبوو بۆ بابەتی نوێ و نوێکاری سەرچاوەیەکی خوێندنەوەم بوو. دەبێ ئەوەشم لەبیر نەچێ خوێنەرێکی باشی نامیلکەکانی ماوتسیتۆنگ بووم هەروەها گەلێ لەو گوتارانەیم دەخوێندەوە کە لە گۆڤاری – رزگاری – دا بە کوردی بڵاو

دەکرانەوە.. سەرسامیم بە بیروبڕواکانیەوە وای لێکردم لە هۆنراوەی – ئەم کوولەکانە ئەشکێنم – دا وەکو پاڵەوانێکی رزگاری خواز ناوی تۆمار کەم.

لە دوای رێکەوتنامەی ١٩٧٠ راپێچی سەربازی کرام و لە نەخۆشخانەی سەربازیی کرکوك جێگیربووم.. ئەو حاڵەتە ئەوەی خۆشبوو بەتەواوی لە کتێب و کتێبخانە و گۆڤار و رۆژنامەکانەوە نزیك بوومەوە و بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو گوتیان ئەوانەی بەر لە ریکەوتننامەی یازدەی ئازار پیشمەرگەبوون لە سەربازی خۆشدەکرێن و ئەوەبوو پاش هێنان و بردنی چەند نووسراوێك سەلمێندرا کە پێشمەرگە بووم و لە سەربازی دەربارز بووم و بەڵام پاش ماوەیەك گەڕیان لێئاڵاندم و کردمیانەوە بە سەرباز.. بە هەر حاڵ لەو ساڵانەدا لە کاتی سەربازیدا کۆمەڵێ کتێبی گرنگم خوێندەوە لەوانە – كتاب التحولات والهجرة في اقاليم الليل والنهار – کە دیوانێکی گەورەی ئەدۆنیس بوو لە کتێبخانەی – ئاسۆ – کریم کە کاك جەبار بەڕێوەی دەبرد.. هەروەها – الانسان المتمرد – ی کامۆ – و – المسخ – ی كافكا و – هەروەها – الطاعون – و – الغريب ی کامۆ – و الغثيان – و ماهو الادب – و – الابواب المغلقة – ی سارتەر و في انتظار گۆدۆ – ی بیکت و الف ليلة و ليلة – و – و كليلة و دمنة – و – الهوى والشباب –ی (بشارة الخوري) و – عاشق من الفسطين و العصافير تموت في الليل) و هەندێ دیوانی دی محمود دەروێش و چەند دیوانێکی سميح القاسم و توفيق زياد و – رياح اسيا – ی نێرودا م خوێندەوە ئەمە جگەلەوەی کە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری – الكلمە – ولەلای کاك فازیل جافیش گەلێ لە شانۆنامەکانی ژان ژێنێە و یۆنسکۆ و کامۆ و سارتەر و بریخت و نووسەرە نوێکانی دی فەرەنسام دەخوازت و دەمخوێندنەوە بە راستی کتێبخانەکەی فازیل جاف کە ئێستا لە ئەورووپا دەژی و

هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە لەسەر ئاستی ئەوروپا.. لەو سەردەمەدا کتێبخانەکەی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بوو من گەلێ شانۆنامە و ڕۆمانی نوێم لەلای ئەو وەردەگرت و دەمخوێندەوە.. بەتایبەتی بابەتی ئەدەبی ناماقووڵ و بوونگەری و بێهوودەیی.

شایانی باسە گەلێ جار ئەو کتێبانەی کە دەمکڕین پاش ماوەیەك دەمفرۆشتنەوە بە کتێبخانەکان و کتێبی نیم لێیان دەکڕی.. هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێ کە لەبەر بێپارەیی کتێبی — کتاب التحولات والهجرە في اقالیم اللیل والنهار — ی ئەدۆنیسم فرۆشتەوە. بە کاك جەباری خاوەنی کتێبخانەی ئاسۆ لە کەرکوك..

هەروەها لە ساڵانی ناوبراوی حەفتاکاندا — انفعالات — ی سارتەرم خوێندەوە شانبەشانی ئەوەش شەن و کەوێکی باشی هەموو بەرگەکانی — في ظلال القرآن — ی (سید قطب) م کرد و لەلای کتێبفرۆشانی سەرجادەکانی کەرکووکیش گەلێ جار کتێبی دەگمەنم دەست دەکەوت و یەکێ لەوانە کۆمەڵە شیعرێکی ڤێتنامی بوو کرابوو بە عەرەبی و ناونیشانی کتێبەکە و وەرگێڕەکەیم لەبیرنەماوە..

هەر لەو ساڵانەدا لەلای کاك — صلاح — ی کتێبخانەی شەعب — یش جارجار کتێبم دەکڕی.. وابزانم — قریة في سفح الجبل — ی کاك (بەهائەدین نووری)م لەوێ کڕی و شتێکی جوان بوو بەلامەوە و ئێستا دەڵێم خۆزگا کاك بەهائەدین نووری سیاسەتی نەدەکرد و دوو کتێبی دی وای دەنووسی.

لە ناوەندی حەفتاکاندا لە چۆمان بووم.. کتێبخانەیەکی باشی لێبوو گەلێ کتێبی ئاینی و هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری تیایدا بوو. کاك عبدالخالق سەرسامی شاعیر و هاوڕێ بەڕێوەی دەبرد.. لەبەرئەوەی ڕێگایەکی دوورم دەبڕی تا بگەمە کتێبخانەکە.. حەزم دەکرد هەموو جارێ شەش حەوت کتێب بخوازم.. بەڵام کاك عبدالخالق سووربوو لەسەرئەوەی هەرجارەی کتێبێك بخوازرێ... جارێکیان زۆر تووڕەی کردم و نەیهێشت چەند کتێبێك بەیەکەوە بخوازم و وای لێکردم دەستی لێبدەمە تفەنگ و ئیتر برادەران کەوتنە نێوانمان و ئەگەر ئەو شەڕە تفەنگەم بکردایە. دەبوو بەیەکەم شەڕە تفەنگی بواری ڕۆشنبیری و باوەڕناکەم کەس پێشتر لەسەر خوازتنی کتێب و خوێندنەوە پەلاماری تفەنگی دابێ.. بەهەرحاڵ یەکێ لەو کتێبە گرنگانەی کە لەو کتێبخانەیە وەرم گرت و خوێندمەوە کتێبی — جاهلیة القرن العشرین — ی محمد قطب بوو هەروەها — کرد / ترك / عرب — و — سنتان في کردستان — و — و چەند ڕۆمانێکی نەجیب مەحفوز کە بەداخەوە نەبوو لەبەرئەوە هیچیانم پێ تەواو نەکرا. کە پیلانەکەی — الجزائر — دژی شۆڕشی ئەیلوول ئەنجامدرا.. زۆربەی نووسەران لە دەوروبەری بینایەی ئێزگەکە و قاوشەکانی کۆبیبوینەوە دەستە دەستە خەڵك خۆی دەپێچایەوە و خۆی دەکرد بە پاش و پێشی تۆمبێلدا و ئاودیو دەبوو.. بە ڕاستیش ئەوانەی کە دەڕۆشتن پارەیان پێبوو.. من دووسێ دینارێك یا کەمترم پێبوو.. بەتەنیا مابوومەوە.. لەگەڵ چەند کەسێکی تردا خوایەگیان چ بکەم.. وا کات دەڕوات و فڕۆکە بۆردومان دەکات و لوولەی تانگ نزیك بۆتەوە و من پارەم پێ نیە بڕۆم.. بەبێپارە لە ئێران چ بکەم.. بەهەرحاڵ کۆمەڵێ جانتای گەورە گەورە لە ژوور و قاوشەکانی ئێزگەدا توورڕدرابوون و بە سەدان کتێبی فارسی لە ژوور و ڕاڕەوەکاندا پرش و بڵاو ببوونەوە.. ئەو دوو بەتانییەی کە پێی دەنووستم لە جانتایەکی گەورەدا جێم کردنەوە و گوتم ئەمە لەودیو چەند دینارێك دەکات و دواییش جانتایەکی گەورەم پڕ کرد لە کتێبی فارسی و گوتم ئەمانەش بڕێ پارە دەکەن.. یەکێ لە کتێبەکان کە لەو ناوەدا کەوتبو و نەموێرا لەگەڵ خۆمدا بیبەم کتێبی — پێشمەرگە — ی ڕەحیمی قازی بوو — گوێم لێبوو سێ و چوار جار بە چپە بانگی کردم منیش لەگەڵ خۆتدا بەرە لەودیو پارەدەکەم.. بەڵام بەداخەوە نەموێرا بیبەم و لە تاقی ژوورەکەدا بەتەنها بەجێمهێشت.. هەرکە

گەیشتمە شاری – سنە – ی میهرەبان بەتانی‌یەکانم فرۆشت و گیرفانم ئاوەدان بۆوە و خۆم تێر کرد.. شایانی باسە ئەگەر بە یارمەتی کاك مولود حەسەن و براکەی نەبوایە من هەرگیز نەمدەتوانی بە خۆم و ئەو دوو جانتا زلەوە بچمە سەر ئەو گەلابەیەی کە خوا ئاگادارە نزیکەی شەش حەوت مەتر بەرز دەبوو.. بەهەرحاڵ.. سوپاس بۆ کاك مەولوود کە لە شێوە رەش ئەو یارمەتی‌یەی دام و ئیتر کە گەیشتمە سنەو بەتانی‌یەکانم لەکۆڵ کردەوە.. کەوتمە مشووری فرۆشتنی کتێبەکان.. من دەربەدەر و رووتەڵە و نەشارەزا جانتا کتێبەکەم دەخستە بەردەستی خاوەن کتێبخانەکان و چەند کتێبێکیان لێهەڵدەبژارد و هەندێ پارەیان دەدامێ... و نیوەی کتێبەکانم لە – سنە – فرۆشت و هەندێکیشیانم لە مەریوان فرۆشت و چەند کتێبێکیشم بۆ خۆم گل دایەوە و لەگەڵ خۆمدا هێنامنەوە بۆ سلێمانی و یەکێ لە کتێبەکان هەڵبژاردەیەکی شیعری فارسی بوو یەکێکیشیان کۆمەڵە هۆنراوەی – تولد دیگر – ی فەرۆغی فەروغ زادە بوو کە لە رێگای منەوە گەیشتە دەست شاعیری هاورێم هیشام طاهر بەرزنجی و لە رێی ئەویشەوە گەیشتە دەستی شاعیری گەورە ئەنوەر قادر جاف و ئەویش گەلێکی لێکردن بە کوردی.

لە حەفتاو پێنج بەدواوە سەرجەمی بەرهەمەکانی شاعیرانی فەلەستین و هەروەها شاعیرانی وەك محمد ماغوط و خەلیل حاوی و شاعیرانی نوێی عێراق و گەلێ رۆمانی گرنگی وەکو – موبیدیك –و – جەمیلە – ی ئەیتەماتۆف و – ذکریات من بیت الموتی – ی دستۆیفسکی و بەرهەمەکانی جاك لەندەن و تۆلستۆی و شۆلۆخۆف و پۆشکین و گۆرکی و مۆباسان و بەلزاك و گۆگۆل و هەمزاتۆف و مەسنەوی‌یەکانی جەلالەدینی رۆمی بە عەرەبی هەروەها – منطق الطیر – ی فەریدەدینی عەتاریش بە عەرەبی بەلام لەبیرم نیە کێ وەریگێڕابوون و رۆمانی چیای ئاگری یەشار کەمال کە شکور مستەفا کردبووی بە کوردی زۆر کاری تێکردم و زۆریش بەدڵم بوو.. هەروەها رۆمانی – باڵندەکانیش کۆچیان کرد – هەر هی یەشار کەماله و ئەحمەد محمد ئیسماعیل کردوویەتی بە کوردی زۆری کارتێکرم.. گەلێ کتێبی دیش کاری تەواویان تێکردووم لەوانە – ازهار الشر – ی بۆدلێر و – اوراق العشب – ی ویتمان و هەروەها یانیس ریستۆس و ئیلیۆت و رامبۆ و نازم حیکمەت و نێرودا رفائیل ئەلبرتی و مایکۆفسکی و یەسەنین و انس الحاج و یوسف الخال و فازیل العراوی و حسین مەردان و صلاح عبد الصبور و محمد عبدالمعطي الحجازی و و بلند الحیدری و جان دمۆ و ئەمەل دەنقل و یوسف الحیدری‌و جەلیل قەیسی و محی‌الدین زەنگەنە و سەرگۆن پولس و جەبرا ئیبراهیم جەبراو گەلێ شاعیری دی لە ئاوێنەی دیوانەکانیاندا کۆچم کردووە و جاری وا هەبوو برسیم بووەو نانم نەخواردووە و دیوانی یەکێ لەو شاعیرانەم کڕیوە.. گەلێ جاریش لە بری پانتۆڵێکی نوێ حەزم کردووە دیوانی یەکێ لەو شاعیرانە بکڕم و بێگومان سەرجەمی ئەو دیوانانە و و سەدان دیوانی دی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەوروپایی و رووسیم لەلایە بەڵام شاردوومنەتەوە و نایدەم بە کەس بیانخوێنێتەوە و دوایی بێ فەلسەفەم پێ بفرۆشێ و بڵێ تۆ فلان شاعیرت خوێندۆتەوە.. چونکە جارێکیان تووشی حاڵەتێکی لەم جۆرە بووم.. هەروەها گەلێ جار دەبینم کاك عبدالله تاهیر بەرزنجی بە عەلاگەی گەورە گەورە کتێب بەم و بەو دەدات بۆ خوێندنەوە و دووایی دێن فەلسەفەی ئەو کتێبانەی پێ دەفرۆشنەوە و دەڵێن ئێمە فلان کتێب و فیسار کتێبمان خوێندۆتەوە..

شایانی باسە ئێستاش گەلێ جار ئەگەر پێویست بکات هەندێ لە کتێبەکان دەفرۆشم بەلام کتێبی زۆر باش نا (بە پارەکەی کتێبی باش دەکڕم) یا گەلێ جار لای کاك (حسێن بەفرین) ی شاعیر و کاك حەسەنی خاوەنی کتێبخانەی شێخ رەزای

تاڵەبانی (کتێب بە کتێب ئاڵ‌گۆڕ دەکەم) بێگومان لەم ساتو سەودایەدا زەرەیش دەکەم.

هەرچۆنێ بێ ئێستاش بەردەوام کتێب دەکڕم و گەلێ جار.. ئەتوانم بڵێم هەموو مانگێ کاک عبداالله تاهیر بەرزنجی پازدە بیست کتێبێکی باش (کوردی – عەرەبی – فارسی) لەگەڵ خۆیدا بۆ بنکەی گەلاوێژدێنێ و هەڵیان دەرێژێ و دەڵێ کتێبم هێناوە کتێب منیش پاش مامەڵەکردنێکی زۆر نیوەی بەقەرز دەکڕم و نیوەکەی دی بە پارەی حازر.. یا هەرهەمووی بە قەرز سەیر ئەوەیە بۆ وەرگرتنی قەرزەکە پەلەدەکات و دەڵێم بابە خۆ رام نەکردووە دەڵێ ئاخر منیش بە پارەکەی کتێبی تر دەکڕم و زۆرجار ناچارم دەکات بۆئەوەی زوو قەرزەکانی بدەمەوە بچم کۆمەڵێ کتێبی خۆم هەرزان فرۆش بکەم.. کاک عبدالله تا رادەیەك لە فرۆشتنی کتێبەکاندا لێزان و شارەزایە و ئەگەر کتێبەکانی زۆر باش بن و من مامەڵەی زۆر لەگەڵدا بکەم دەڵێ ئەگەر ناتەوێ و نایانکڕی زوو قسە بکە با بیان بەم بۆ عەلی برام بەخوا ئەو بە پارەی حازر دەیان کڕێ.. سەیریش ئەوەیە هەندێ جار چەند پێنج دیناری یا دە دیناری یەکی دڕاو یا دوو رەقەم دێنێ و دەڵێ ئەمە لەناو پارەکانی تۆدابوو.. واتا پارەی ئەو کتێبانەی کە لێم کڕیوون و بەڵام لە راستیشدا وا نیە و هەندێ جاریش دەڵێ ئەرێ من فلانە کتێبم بەتۆ فرۆشتووە بەخوا نەختێ ئێشم پێیەتی دەمەوێ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بکەم حەزدەکەی بمدەرەوە و پارەکەت دەدەمەوە بەڵام من نە گوێ لەو جۆرە قسانەی دەگرم و نە کتێبەکەشی بۆ دێنمەوە و زۆر لەسەر خۆ پێی دەڵێم ئەرێ بەشکو تۆ کتێبفرۆش بوویتایە و منیش خەڵکی شارێکی دوور ئایا دەتوانی داوای کتێبە فرۆشراوەکان بکەیتەوە..! دەبێ ئەوەش بڵێم لە ناوەندی نەوەدەکاندا کاک ئاوات ئەحمەدی شاعیر لەگەڵ کاک عومەردا کە ئێستا لە ئەرشیفی نەتەوەیی وەزارەتی رۆشنبیری بە جارێکیان سەد کتێ بم دانێ بە دووسەد دیناری نیوە قەرز و نیوە حازر کاك ئاوات خۆی بە زەرەرمەند دەزانی..

بەهەرحاڵ بەردەوام دەخوێنمەوە و بەدوای کتێبی نوێدا دەگەڕێم و یەکێ لەو کتێبانەی کە لە ساڵی – ۲۰۰۰ – دا خوێندوومەتەوە و زۆرم بەدڵە کتێبێکی – ئەدۆنیس – ی شاعیرە بەناونیشانی (النص القراني وافاق الكتابة).

دوا کتێبیش کە تا نوسینی ئەم بیرەوەرییانە کڕیومە کتێبێکی محمد عابد الجابرییە بەناونیشانی – بنية العقل العربي – شایانی باسە ئەم کتێبەشم هەر لە کاك عبدالله تاهیر بەرزنجی کڕیوە.

ئێستا ئەوەی شانازی پێوەبکەم لە ماڵی دونیا هەر کتێبە.. بەڵام زۆرجاریش ئەم کتێبانە دەبنە مایەی سەرئێشە بۆم بەتایبتی لە کاتی گوازتنەوەی ماڵ لە خانوویەکەوە بۆ خانوویەکی تر.. جارێکیان ماڵمان گوازتەوە چەند برایەکی حەماڵ کە ماڵەکەیان دەگوازتەوە کە بینییان (۲۵–۳۰) گوێنی کتێب ریزکراوە گوتیان کاکە تۆ خاوەنیکتێبخانەی.. گوتم نەء.. گوتیان ئەی ئەو هەموو کتێبەت بۆچییە.. لەبیرم نیە چیم وەڵامدانەوە ئەوەندەی دەزانم باسی عەشقم لەگەڵ کتێبدا لێرەدا تەواو نابێ و بابەتەکە خۆی لە خۆیدا دەبێ بکرێ بە کتێبێکی تایبەتی.

جۆزێ گولارم میرکوار

و: ئاوات ئەحمەد

# میشێل فۆکۆ: داخرانی گەورە
# یان تەریب بوون بە شێتی

فۆکۆ لە ساڵی ١٩٦١ دا کتێبی (شێتی و گەمژەیی، مێژووی شێتی لە سەدەمی کلاسیکدا) بلاوکردەوە، کتێبێکی قەبارە گەورە بوو، نێوبانگێکی زۆری پەیداکرد، لەو کتێبەدا روونی کردەوە کە (گوتاری لەمەڕ شێتی)[1]، لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە بە چوار قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە.

لە سەردەمی کلاسیکیدا، شێتی شتێکی پیرۆز و یەزدانیی بوو، بەلام لە سەردەمی ڕێنساسندا بوو بە چەشنە عەقلێکی بالای گاڵتەجاڕ، لەو چەشنانەی کە بۆیان تامەزرۆین. لە توێی: (دانایی لە دەمی شێتەکانەوە ببیستن) کە بە ستایشە نێودارەکەی ئێراسم ناسراوە. ئەم حیکمەتە لە کەسێتیەکانی شکسپیر و سێرڤانتسیشدا هەیە.

ئەم ئیزدوبواجیەتەی لە قۆناغی پێش مۆدەرنیزمدا، سەبارەت بە شێتی سەریهەڵدا، بە راشکاویی لەو پاپۆڕەدا دەیبینینەوە کە لە سەردەمی ڕێنسلنسدا ئەندێشەی میللی نیگەران کردبوو. ئەمەش لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەم بریتی بوو لە هێمای پاپۆڕی شێتەکان، چونکە خۆرلاوای پێش مۆدەرنیزم بۆ زاڵبوون بەسەر شێتیدا، شێتەکانی خۆی شاربەدەرکرد. دووەم، چونکە ئەو چەشنە پاپۆڕانە وەك (پاپۆڕی حاجیەکان وابوون، ئەو پاپۆڕە ڕەمزییانەی کە تیایدا شێتەکان بەدوای عەقڵی خۆیاندا دەگەڕان).

ئەو شێتەی کە لەو ماوەیەدا بابەتێکی کۆمەلایەتی بێزارکەر نەبوو، کە سەمەرەیی جیهانی دەردەخست (وەك لە گاڵتەجاڕیی مرۆییدا، یاخود لە نیگارەکانی بریگالدا)، وای لێهات دەلالەت لە جیهانێکی ماناکان بکات کە عەقڵ جێدەهێڵێت، بۆیە شێت بێزرا، بەلام لە کۆمەڵ دانەبڕا. واتە، فیکری ڕێنسانس دەورێکی وەزیفییدا بە شێتی و، پەیوەندییەکی نزیاکایەتی لەگەڵدا هێشتەوە، بەجۆرێکی وەها کەچەند رایەڵێکی کۆمەلایەتی و فیکریی لە نێوانی عەقڵ و ناعەقڵدا مانەوە. لای پیاوی ڕێنسانس،شێتی بەشێك لە حەقیقەتی تێدایە. لەپڕێکدا، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا (شێتی وای لێهات کۆتایی جیهان نەنوێنێت، هەروا نە کۆتایی مرۆڤ و مەرگ، نە سیمایەکی ئاخیرەتییانەشی نەدەنواند).


ئیتر ئەورووپا زیندانەکانی نەخۆشیگەڕیی– کە ماوەیەك بوو چۆڵکرابوون – گۆڕی بۆ زیندانی شێتەکان، چونکە لەگەڵ جەنگەکانی خاچپەرستاندا، گەڕیی پاشەکشەی کرد و زیندانەکانیان بەتاڵ بوونەوە. ئیتر لەوەبەدوا پڕکران لەوانەی عەقڵیان گەڕیووە. با لە وتەکەی فۆکۆ لەم بارەیەوە

وردبینەوە: (لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، گەڕیی لە جیهانی خۆراوادا نەما و شارەکان دەرگاکانیان خستە سەر پشت و ئەم خراپە خەجاڵەتکەرە لە گۆڕێ نەما، وەلێ شوێنەکانیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە چۆڵی مانەوە. ئەم ناوچانە، بۆ ماوەی چەند سەدەیەك (لە سەدەی چواردەوە تا حەڤدە) گوزارشتیان لە نامرۆیی دەکرد، ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕەوانیدا بوون تا سەرلەنوێ دەوری خراپە ببیننەوە، تاکو چەشنە سلکردنەوەیەکی دیکە هاتەکایەوە و سەرلەنوێ مەسەلەی پاکژکردن و پەراوێزکردن تازەبوونەوە (...) گەڕەکان وەلانران و جێگا بێنرخەکانیان بەبێ بەکارهێان مانەوە. ئەم شتگوێ خستنە بۆ قەلاچۆکردنی نەبوو، بەڵکو بۆئەوەی لە دوورەوە بیهێڵێتەوە و بە جۆش و خرۆشێکی ناکۆکەوە بیچەسپێنێت. ئەوەی دوای گەڕیی، ماوەیەکی دوورودرێژ مایەوە، بریتی بوو لەو نەریتانە یاخود وێنانەی کە بە گەڕیەوە لکابوون، گەرچی زیندانەکانی گەڕیش بەتاڵ و حەتاڵ ببوونەوە کە ئەوەش مانای ئەوەبوو کۆمەڵگا ئەو سیما دیار و ترسناکەی رەت دەکردەوە، کە بەبێ کێشانی خەرمانەیەك لە پیرۆزیی بەدەوریدا، لەناو نابرێت)[٢].

ئەم رستانە لە بەشی یەکەمی کتێبی (مێژووی شێتی) وەرگیراون، بیرۆکەیەکی روونمان دەدەنێ دەربارەی شێوازی فۆکۆ کە بەشێوەیەکی نایاب ئاڵ و واڵایی و رەوانبێژیی پێکەوە گرێدەدات. ئەم زمانپاراوییە ئەدەبییە ئامانجەکەی فۆکۆ دەردەخات، کە بریتییە لە هەواڵ و یاس و خواس و دادگاییکردنی داخرانە گەورەکە (ئەم زاراوەیە لە وتە باڕۆکییەکەی ئەو ماوەیە وەرگیراوە) ، کە بە مەبەستی جڵەوگیریکردنی شێتەکان، بە جیا داینابوون، چونکە دەستەیەکی ناکۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، هەر لەسەر دەمی کلاسیکەوە (سەدەی حەڤدە و هەژدە) شێتی بە راشکاویی لە دروستیی عەقڵ جیاکرایەوە. دەرگا لەسەر شێتەکان داخراو خرانە شوێنی تایبەتەوە، وەك گروپە لادەرەکانی دیکە، مامەڵەیان کرا: هەژاران و تاوانکاران و بێکاران، بەپێێ فۆکۆ، رەوشتی سەختی کار، بوو بە شێوازی تایبەتی فیکری تازەی جڵەگیارو، کە بۆرژوازیەت هێناویەتی لە رێنسانسدا شێتی بە نەخۆشی دانەدەنرا، بەڵام لە سەردەمی کلاسیکیدا بوو بە خەلەلێکی عەقڵیی. ئەوکاتەش عەقڵی عەقڵانی دادگایی ناعەقڵی نەخۆشی کردو نەفرەت بارانی کرد و ناتۆرەی کۆمەڵایەتی دایە پاڵی.

لە سەردەمی کلاسیکدا، شوێنەکانی داخران دەورێکی پزیشکیی یان چارەسەرییان نەما. فۆکۆ دەڵێت دەوری ئەوان ئەشکەنجەدان و دابڕین بوو. وەلێ لە دەرەوەی نەخۆشخانە، چەندان رێگاچارەسەر دەکرا، کە سەمەرەو دڕندانە بوون، یان لە ژێر دەمامکێکی زانستیدا خۆیان شاردبۆوە. شوێنەواری دزێویشیان لێ بەجێدەما، هەوڵیان دەدا خراپ بوونی میزاج نەهێڵن. پێیان وابوو شێتی چەشنێکە لە خراپبوونی جەستە، بۆیە بە چەند رێگایەك چارەسەردەکرا، بەمەبەستی (شێواندنی مادە زیادەکان یان تواندنەوەیان) دەتوانین بۆ روونکردنەوەی ئەم رێگایانە، باسی (فالاوس FALLOWES) بکەین، کە رێگای (رۆنی دەماخ) ی بەکاردەهێنا. ئەم دکتۆرە پێی وابوو (لە حاڵەتی شێتیدا، هەڵمێکی رەش ناو ئەو دەمارانە دەگرێت کە گیانە ئاژەڵییەکان هاتووچۆی تێدا دەکەن، بەمجۆرە خوێن هاتوچۆناکات. بۆیە دەمارەکانی مێشك قورس دەبن و دەیبەستن، مەگەر بە توندی بجوڵێنرێت بۆ ئەوەی بیرەکانی ناومێشك تێکەڵاوبێن) بۆیە رێگای رۆنی دەماخ سودی خۆیی هەیە، چەند درزێك لە کەللەی سەردا دروست دەکات و چەوریان دەکات تاکو وشك نەبنەوە و بە کراوەیی بمێننەوە بۆئەوەی هەڵمی ناو مێشك بێتە دەرێ. هەموو سوتاندنەکانی سەرجەستەش هەمان کاریگەرییان هەیە. پێیان وابوو کە نەخۆشیەکانی پێست (گەڕیی یان ئاوڵە بۆ نموونە) لە رادەی شێتی کەم دەکەنەوە. بەمجۆرە دەمارەکان و مێشك چاك دەبنەوە و نەخۆشییەکە

لەسەر پێست دەردەکەوێت و لەوێشەوە دەچێتە دەرەوە. بۆیە دۆبلێ (Doublet) لە بڕیارەکەی ساڵی ١٨٧٥ یدا داوا لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان دەکات کە (لە حاڵەتی بێکەڵکیی پاکژکردنەوە یان شوشتنی زۆردا، پێویستە درز یان برینی دەرەکیی دروست بکرێت، یاخود میکرۆبی گەڕیی بکرێتە ناو لەشی شێتەکانەوە)[٣].



هەموو چارەسەرو شێوازە بەکارهێنراوەکانی سەردەمی کلاسیک گەمژەو کێویی نەبوون. چونکە لەپاڵ چارەسەری جەستەییدا، چەند دەرمانێکی مینۆکی – مەعنەویی – و ئاکارییش لە گۆڕێبوون، فۆکۆ لە بەشی (دکتۆرەکان و نەخۆشەکان) دا باسی لێوەدەکات، کە بریتیە لە زانینێکی وەسفیی دوورودرێژ کە مەسەلەکە جوان روون دەکاتەوە. بیرۆکە بنەڕەتیەکە وەکو هەتاو ئاشکرایە، لەسەردەمی کلاسیک و سەرەتای سەردەمە نوێیەکاندا، خۆراوا شێتیی بە نەخۆشیی لەقەڵەم داوە. بەمەش ئەو شکۆ و ویقارەی نەما کە دەوترا ناعەقڵ بارگاویی بووە بە ماناکان.

لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، لە ئەنجامی کارەکانی دکتۆرانی وەك کار ولیەم تۆك، گۆڕانکاریی تەواو بەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشییە عەقڵییەکاندا هات، ئەم دکتۆرە ژیانی خانەنشینی خۆی لە شاری یۆرك بەسەربردووە، هەروەها فیلیپ پیناڵ لە پاریس، ئەو کەسانەی تێکچووبوون، جیای کردنەوە لە هەژار و تاوانکارەکان. فۆکۆ لە دیدێکی مارکسیستانەوە ئەم جیاکردنەوەیەمان بۆ راڤە دەکات و دەڵێت: (بەند نەکردنی هەژاران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە پیشەسازییەی کە پێویستی بە بازووی سوپایەك لە کارگەران هەبوو). بەڵام ئەوانەی تێکچوون نەخۆشن و وا سەیریان دەکرێت کە زەینیان خراپ گەشەی کردووە. ئەوانە تەنیا لە رووی جەستەوە ئازاد کران. بینال کۆت و پێوەندەکانیانی شکاند و سستمێکی پەروەردەیی مرۆیی بەسەریاندا پیادەکرد، وەلێ فۆکۆ پێی وایە ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەقڵیان زیاتر بەندبکرێت، ئەم کارەش خرایە ئەستۆی دامەزراوەی پەناگاکان.

کاتێك ناتەواوەکە دەچێتە پەناگا – ملجأ –، دەبێت بە نەخۆشێك و دەخرێتە ژێر دەسەلاتی (گوتاری نەخۆشییە عەقڵییەکانەوە). لێرەدا بە راستی بەدەستی دادگاییکردنێکی دەروونیەوە دەناڵێنێت، بەڵام دەشێ بە تۆبەکردن رزگاری ببێت[٤]. لێرەدا ئەشکەنجەدانی مینۆکیی – مەعنەویی بوو بە یاسایەك کە ئەشکەنجە و ئازاردانی گرتۆتەخۆی و عەقڵ بەسەر شێتیدا مومارەسەی کرد. فۆکۆ پێمان دەڵێت پێش گۆڕانکارییەکانی پینال و هاوڕێکانی لە دام و دەزگاکانی نەخۆشییە عەقڵییەکاندا، شێتەکان سەربەستییەکی زیاتریان هەبوو، چونکە دەسبەسەرکردنی کلاسیکی هەولێ نەدەدا هۆشیان بگۆڕێت. جەستەکانیان کۆت

کرابوون، بەڵام عەقڵیان سەربەست و باڵداربوو. بەداخەوە دوای باڵادەستبوونی عەقڵ ئەو باڵانە لەبندا قرتێنران "کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا شێتی بە نەخۆشیی عەقڵیی لەقەڵەم درا، ئیتر وت و وێژی نێوان عەقڵ و ناعەقڵ نەما). زاراوەی زانستی نەخۆشییە عەقڵییەکان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە لاواندنەوەی عەقڵ بۆ شێتی کە لەسەر ئەو بێدەنگییە بیناکراوە. (ژیانی عەقڵ) لە توێی پرشنگی کارەکانی هۆڵدرێن و نێرڤاڵ و نیچە و ئارتۆوە کەوتەروو. بەڵام زانستی نەخۆشیە عەقڵییەکانی (بینال و تۆک) کورتکرایەوە بۆ (دەسبەسەرکرنێکی بەربڵاوی زەین) زیندانی شێتەکان ئاوێنەیەکە بونیادێکی دەستەڵاتخوازی تایبەت بە کۆمەڵگای بۆرژوازیی پەرچ دەکاتەوە، ئەم دامەزراوە جیهانێکی بچکۆلە وێنادەکات وەکو هەر یەکێك لە دامەزراوەکانیتری کۆمەڵگای بۆرژوازیی و بەهاکانیشی: پەیوەندییەکانی خێزان بە منداڵەوە، بابەتی دەستەڵاتی باوکایەتی، پەیوەندییەکانی هەڵە و سزا، بابەتی داپەروەریی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پەیوەندییەکانی شێتی و پەشێویی، بابەتی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئاکاریی. لێرەوە پزیشك دەستەڵاتی چارەسەرکردن وەردەگرێت[٥].

دواجار، لە سەردەمی ئێمەدا رێچکەیەکی چوارەمین دەرکەوت بۆ تێگەیشتن پەیوەندیی نێوان عەقڵ و ناعەقڵ. فرۆیدا گەیشتە ئەوەی تەندروستی عەقڵیی و شێتی لە یەك جیابکاتەوە، بەوەی چەمکی نیڤرۆس (NEVROSE) ی لە دەوری هەردو جەمسەرەکانیدا، دانا گەرچی فرۆید هەنگاوێکی زۆر گەورەی نا و زیهنیەتی پەناگەی لاوازکرد، بەڵام هێشتا هەر پارێزگاریی لە دەستەڵاتخوازیی کرد، چونکە ئەو عەقڵ ناتەواوەکانی دایە دەستی جادووگەران (لێرەدا وشەی — جادووگەران— مایەی سەرسوڕمانە، چونکە فرۆید نەخۆشەکانی رووبەرووی ئەو کەسانە کردۆتەوە کە پسپۆڕی دەرون شیکارین. گەرچی لە کاتی فرۆیددا خەڵکانێك ئەو کارەیان ئەنجام دەدا کە زیاتر ئارەزوومەندبوون و هەموویان دکتۆر و پسپۆڕ نەبوون. رەنگە نوسەری ئەم بابەتە سەر بە رەوتی دژی درونشیکاریی بێت. و—ك).

گومانی تیا نیە، کتێبی مێژووی شێتی کایەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە واڵادەکات. پێویستە بایەخی پێبدەین جگەلەوەیکە ئاماژە دەکات بۆ چەند گریمانەیەکی کەلتوریی ناڕاستەوخۆ لەو مەسەلانەدا کە تایبەتن بە رەفتاری مرۆیی. میشێل سێرس، بەجۆشەوە باسی کتێبەکەی فۆکۆ دەکات و دەڵێت بریتیە لە (ئارکیۆلۆژیای نەخۆشییە عەقڵییەکان).

(وادیارە ئەمە یەکەمین بەکارهێنانی زاراوەی ئارکیۆلۆژیایە کە بەسەر فۆکۆدا پیادەدەکرێت. فۆکۆ ئەم زاراوەیە وەکو ناونیشانی سەرەکی یاخود لاوەکی سێ کتێبی دواتری خۆی بەکاردەهێنێت)، (دیارە ئەمەیە ئەو نوکتەیەی کە فرانسوا دۆس لەمەڕ فۆکۆ دەیگرێتەوە و دەڵێت: "فۆکۆ زاراوەی ئارکیۆلۆژیای لە نوکتەیەکەوە بۆ هات. نوسینەکەی فرانسوا دۆسمان کردووە بە کتێبێکی سەربەخۆ و بەم زووانە بە زمانی کوردی بڵاودەبێتەوە. و—ك". میشێل سێرس دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە کتێبی مێژووی شێتی بە نیسبەتی کەلتوری سەردەمی کلاسیکەوە وەکو کتێبی لەدایکبوونی تراژیدیای نیچە وایە بەنیسبەتی کەلتوری یۆنانیەوە، چونکە ئەو دوو کتێبە هوشیاریی زاتیی (دیۆنزۆس) دەخەنە بەر رۆشناییەکەی ئەپۆلۆ[٦]. لەکۆتاییدا سێرس هەڵچوونە بەجۆشەکەی خۆی بەم رستەیە تەواودەکات: (دواجار، رۆژەکان بە چ شەوانێك دەرویان گیراوە !).

کتێبەکەی فۆکۆ دەنگیدایەوە، بەتایبەتی لای نەیارانی زانستی نەخۆشییە عەقڵیەکان ANTI-PSYCHIATRIE، کە بریتی بوو لە کاردانەوەی راستەوخۆی ئەو تەسەورکردنە دژێوە لەمەڕ نەخۆشیە عەقڵییەکان. رەخنەکانی ئەمریکا دەریان خست کە فیکری فۆکۆ، بەلایەنی کەمەوە لەهجەکەی یان پێڕەوەکەی لەگەڵ فیکری نۆرمان

براوان دا لێك نزیكن، كە لەساڵی ١٩٥٩ كتێبی (ژیان دژی مەرگ) ی بڵاوكردۆتەوە. هەروەها كتێبەكەی فۆكۆ بوو بە هۆی دەركەوتنی ژمارەیەك كاری تر كە هەموویان لە قاڵبی (دژە كەلتور) دا داڕێژران. ئەم كارانە داكۆكی لە "تێكچوون — زەمان" دەكەن، دیارترینیان كتێبی (دژی ئۆدێب): سەرمایەداریی و شیزۆفرینیا) ی هەردوو نوسەر ژیل دۆلۆز و فیلیكس گاتاری، كە لە ساڵی ١٩٧٥ دا بڵاوكراوەتەوە.

یەكەمین شیكردنەوەی ئەم لێكۆڵینەوە مێژوویی — فەلسەفییە، رامان دەكێشێت بۆ پرسیار كردن لەوەی ئایا فۆكۆ مێژو تەحریف ناكات! هەندێك پێیان وایە ئەم پرسیارە پێویست نیە، چونكە فۆكۆ لەگەڵ راكەی نیچەدایە كە لاف و گەزافی مێژوونوسەكان رەت دەكاتەوە لەوەدا كە دەیانەوێت بگەنە بابەتیەیكی بێلایەن. فۆكۆ لە مەقالێكدا بە ناونیشانی (نیچە، جینالۆجیا و مێژوو) لە ساڵی ١٩٧٠ دا، بە گاڵتەجارییەكی نیچەییانەوە مامەڵە لەگەڵ (مێژووی مێژوونوسەكان) دا دەكات، ئەوانەی خۆیان ماندوودەكەن بۆئەوەی بێلایەن بن و، وا دەزانن خاڵێكی راگیربوون لە دەرەوەی زەماندا بوونی نیە. فۆكۆ دانایانە دەڵێت: (جینالۆجیای نیچەیی ناترسێ لەوەی ببێت بە مەعریفەیەكی ئایندەیی، بەجەرگانە گریمانەی سیستمی ستەمكاری خۆی دەكات).

گەرچی فۆكۆ بانگەشەی شەرعییەتی پێكهێنانی (مێژووی ئێستا) دەكات، لەگەڵ مومارەسەكردنی مێژوویەكی مولتەزیمدا، دەڵێ ئەمە مێژوونووس لە ئەركە ئەزمونیەكانی خۆی بەرامبەری دراوەكان — المعطیات—. دەڵێت ئەو مێژوونووسانەی بایەخ بە ئێستا دەدەن، بۆئەوەی وردیی كارەكانیان بسەلمێنن، پێویستە قەناعەتمان پێبكەن كە خوێندنەوەكانیان بۆ رابوردوو دروستە. فۆكۆ خۆی وەسفی كتێبەكەیمان بۆ دەكات بەوەی (بریتیە لە مێژووی بارودۆخە ئابوریی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیی و دامەزراوەییەكان كە بەهۆیەوە لە قۆناغی كلاسیكدا ناتەواوەكان لەوانیتر جیادەكرێتەوە)[٧]، لە پێشەكی چاپی یەكەمی كتێبەكەیدا ئاماژە دەكات بۆئەوەی (ئەو پێشنیاری نوسینی مێژووی شێتی كردووە، پێش ئەوەی هیچ زانینێك بایەخی پێبدات).

ئەمەش پرۆسەیەكە وەك ئالان میگێل ئاماژەی پێدەدات بە هیچ جۆرێك جیاوازنییە لە بەمێژووبوون. دواتر فۆكۆ نكولیی لەوەكرد كە ئامانجەكەی بریتیبوبێت لەوەی سەرلەنوێ شێتی وەكو چاوگێكی مێژوویی سەربەخۆ پێك بهێنێتەوە — بیرمان نەچێت كە لەو ماوەیەدا مێژووی شێتی نوسی، ئامانجەكەی هاوشێوە بوو لەگەڵ ئەوەدا بە مێژووبوون مەبەستی بوو. ئەو ویستی لێكدانەوە مێژووییەكانی پێشوو رەت بكاتەوە بەبێ ئەوەی گومان بخاتە بەر شەرعییەت و توانستەكانی لێكۆڵینەوەی مێژوویی — لەمەشەوە بەبێدوودڵیی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە بیرۆكەی (دژە — مێژوو)، لای فۆكۆ لە سەردەمی لاوێتیدا نەڕسكاوە. لەوكاتەدا تەنیا بیرۆكەی (دژە مێژوونووس) ی لەلا هەبوو. بەمانای ئەو مێژوونوسەی كە لێكدانەوە زاڵەكان بەسەر رابوردوومان‌دا رەت دەكاتەوە: بۆ نمونە شێتی.

دوای ئەم پەخشكردنە، كاتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: ئایا مێژووی فۆكۆ لەگەڵ واقیعدا جووتە؟ بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین بەڵێ. تەنانەت لۆرانس ستۆنیش كە یەكێكە لە نەیارە خەتەرەكانی فۆكۆ دان بەوەدا دەنێت كە فۆكۆ لەسەر حەقە لەوەدا كە دەڵێت ئەو شەپۆلی داخرانەی لە كۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا روویدا، هەنگاوێك بوو بەرەو دواوە، چونكە بەبێ جیاوازیی هەموو ئەو كەسانەی كە تووشی پەشێویی عەقڵیی ببوون، هەموویانی ملكەچكرد بۆ چارەسەركردنێكی زۆرەملێ كە تایبەت بوو بە نەخۆشیی تێكچون — ذهان—، بەڵام گرفتەكان گەورەتربوونەوە، كاتێك فۆكۆ[٨]:

١-ئاماژە دەكات بۆ بوونی گفت و گۆ لەگەڵ شێتیدا، لەماوەی سەدەكانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانسدا، لەجیاتی جیاكردنەوە و لەت و پەتبوونەكەی سەردەمی نوێ واتە سەردەمی عەقڵانیەت.

٢-جەخت لەسەر داخران دەكات، تا بزانین كە (سەردەمی كلاسیك، سەردەمی داخرانە گەورەكە) قۆناغێكە لەوەپێشتر وێنەی نەبووە، بەپێی شێوازی كەنارگیرییەكەی، نەك تەنیا لەبەر بڵاوبوونەوەی یان شێوازەكانی چارەسەركردنی. هەروەها جەخت لەوەش دەكات كە ئەو شوێنانەی تایبەت بوون بە نەخۆشی گەڕیی، گۆڕان بۆ زیندانی شێتەكان و، تەسەوركردنێكی دەروونیانە، لەمەڕ شێتی سەری هەڵدا، وەكو نەخۆشیی مامەڵەی كرا.

٣-شێوازی چارەسەركردنی بەكارهاتوو لەلایەن (تۆك و پینال)ەوە، بە ڕێگایەكی نوێ دادەنێت بۆ قەلاچۆكردنی نەخۆشی عەقڵی، بەڵام ڕەخنە لە پرۆسێسە مینۆكییەكانی ئەم شێوازە دەگرێت و دەڵێت زۆر سەركوتكەرانەیە.

پیتەر سیدویك، لە بەشی پێنجەمی كتێبی (سیاسەتە دەرونیەكان-١٩٨٢) چەند بنەمایەكی گریمانە سەرەكییەكانی فۆكۆ تێك دەشكێنێت، كە نمونە مێژووییەكەی خۆی لەسەر بیناكردبوو. بۆ نمونە دەریدەخات كە لە ئەوروپادا، پێش داخرانە گەورەكە، ژمارەیەك لە ناتەواوەكان گیراون و خراونەتە بەر چارەسەر (گەرچی چارەسەرێكی بەراییی بووە). بەڵام لە چەند شارێكی سەر ڕۆخی روباری "ڕاین"دا، خەستەخانەیان هەبووە و لەو خەستەخانەدا بەشی تایبەت بە چارەسەركردنی ئەو كەسانە هەبووە كە تووشی پەشێویی عەقڵیی بوون.

تەنانەت لە ئیسپانیاش، لەگەڵ ئەوەدا كە كۆمەڵگای ئیسپانی بایەخی نەداوە بە قبووڵكردنی عەقڵانیەتی هاوچەرخ. هەر لە سەدەی شازدەیەمەوە زنجیرەیەك پەناگای خێرخوازی تێدابوو، كە لە بنەڕەتەوە تەرخان كراون بۆ ئەوانەی عەقڵیان تەواو نیە. زۆرێك لەو تەكنیكانەی دەگەڕێنەوە بۆ تەسەوركردنێكی فسیۆلۆژیی نەخۆشیی عەقڵیی، كە نمونەكەی فۆكۆ دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس، لە ڕاستیدا پێش سەردەمی بە عەقڵانیكردن لە ئەوروپادا بڵاوبووە و زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵگا ئیسلامییەكان. لەنێوانی ئەو تەكنیكانەدا دەتوانین باسی پارێزو، ڕۆژوو، گێژكردن واتە خولاندنەوە (كە وا لە ناتەواوەكە دەكات شتی لەیاد نەمێنێت). زۆرێك لەم تەكنیكانە دەگەڕێتەوە بۆ پزیشكی چاخی دێرین (سەردەمێك كە لێكۆڵینەوەكەی فۆكۆ نایگرێتەوە). گرنگ ئەوەیە (سیدویك) جەخت لەسەر بەردەوامیی هونەری پزیشكی دەكات لە توێی سەردەمەكانەوە.

ئەو خۆی لە پەرەسەندنی (هەڵوێستی پزیشكیی) گێل ناكات، كە هاوشانی سەرەتاكانی بە عەقڵانیكردنی هاوچەرخە، بەڵام ئاماژە دەكات بۆئەوەی ناشێت لە هیچ حاڵەتێكدا پەرەسەندنی بۆچوونی پزیشكیی لەمەڕ شێتی بەتەنیا لە (بە عەقڵانیكردنێكی بیرۆكراسییەوە بەرهەم هاتبێت و، هیچ پەیوەندییەكی نەبێت بەوەوە كە لە زۆر كرنەوە پێی دەوترێت نەرمیی و سنگ فراوانی و لێبوردە بەرامبەری شێتی.

هەروەها ئیریك میدەلفۆر[٩] كۆمەڵێك بەڵگەی مێژوویی وەهای كۆكردەوە كە ئەو ڕێسایانە هەڵدەتەكێنن كە كتێبەكەی فۆكۆیان لەسەر بیناكراوە. ئەو ناڕەزا نییە لەو شێوازەی كە فۆكۆ بەكاریهێناوە لە لابردنی دەمامكەكاندا، بۆیە ئەو ڕەخنەگرە خۆی دەكات بە داكۆكیكەرێكی سەرسەختی پێشكەوتنی پزیشكیی، وەلێ بە وردی لەو ئەدەبیاتە ڕەسەنە دەكۆڵێتەوە كە لە دەرەوەی مێژووی شێتی و وەخۆشیە عەقڵییەكان هەیە. با خوێنەر ئەو پوختەیەی میدەلفۆر بخوێنێتەوە و سودیش لە سەرچاوە دەوڵەمەندەكانی وەربگرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بكەین بۆ چەند خاڵێك:

١-ژمارەیەك بەڵگەی تێدایە كە دەری دەخەن لەسەردەمی ناوەڕاستدا، خراپەكاریی لەگەڵ ناتەواوەكاندا كراوە.

٢-لە كۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست و ڕێنسانسدا، شێتەكان لە ژوور و زیندان و شتی وادا دەسبەسەر نەكرابوون.

٣-ئەگەر وت و وێژێك لەگەڵ شێتیدا هەبووبێت یان نا، ئەوا لەو سەردەمەدا شێتی بەسترابوو بە گوناهەوە، ئەمەش لە ئەفسانەی پاپۆڕی شێتەكاندا دەگاتە لوتكە، بۆیە وەك فۆكۆ دەڵێت: (فیكری پێش مۆدەرنیزم رازیی بوو بە واقیعی شێتی — شێتی وەك بەشێك لە حەقیقەت — وەك چۆن بە واقیعی گوناهەش رازی بوو. ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوانە چەند گوناهیان پێ ناپەسەندە، بە هەمان رادەش شێتی پەسەند دەكەن)و بۆیە نەرم و نیانی بەرمبەری شێەكان نەنوێنراوە.

٤-وەكو مارتن شرینك روونیكردۆتەوە (ئەمیش بەرامبەری فۆكۆ توندە)، پەناگەی شێتەكان لە سەرەتای سەردەمی نوێدا دەرگای بۆ شێتەكان خستە سەر پشت و، لەپێشا ئەو پەناگایانە بریتیبوون لە نەخۆشخانە یان دێرەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، نەك هەموویان شوێنی تایبەت بە نەخۆشە گەڕەكان بووبێتن.

٥-داخرانە گەورەكە بە پلەی یەكەم لادەرەكانی نەدەگرتەوە، بەڵكو هەژارەكانی دەگرتەوە، جا چ ئەو هەژارانە تاوانكار یان شێت، یان هەر خۆیان هەژارین. بۆیە بیرۆكەكەی فۆكۆ كە دەڵێت جیاكردنەوە لەسەر بناغەی عەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ بۆرژوازییەت لەبەردەم شیكردنەوەی ورددا خۆی ڕاناگرێت.

٦-هەروەك كلۆس دۆرنەر روونی كردۆتەوە، یەك داخرانی یەكگرتووی چاودێریكراو لەلایەنی دەوڵەتەوە لەگۆڕێ‌نیە، بەڵگەش ئەوەیە هەردوو نمونەی ئینگلیزیی و ئەڵمانی بە ئاشكرا لەو داخرانە گەورەیە دووردەكەونەوە كە فەرەنسا لەسەردەمی لویسی چواردەدا ئەنجامیدا.

٧-وادیارە ئەو چوارچێوەیەی فۆكۆ لەناویدا وێنەی شتەكانی گرتووە، هەڵەیە، چونكە وای دانا كە زیندانیكردنی هەژاران لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە، بیرۆكەیەكی فاشیل بوو، بۆیە لەو ماوەیەدا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریكا، بیرۆكەی زیندانیكردنی شێتەكان فراوان بووە. ئامارە تایبەتەكانی ئەو سێ وڵاتە ئەمە دەردەخەن.

٨-تووك و تینالّ (نەخۆشی زەینییان) دانەهێنا، بەڵكە بەپێچەوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چارەسەركردنەی كە پێشتر باوبوو، هەروەها ئەو شێوازانەی پێڕەویان كردووە.

٩-لە سەدەی نۆزدەدا چارەسەركردنی زەینی تا ئەو رادەیە گرنگ نەبوو لە چارەسەركردنی شێتیدا وەكو ئەندرێ سكۆڵ روونیكردۆتەوە و دەری خستووە كە دكتۆرەكان ئەو چارەسەرە زەنییەی تۆك یان وا لێكداتەوەتەوە كە مەترسییەكە و ئارەزوومەندێك لەسەر هونەرەكەی ئەوان تاقیدەكاتەوە، بۆیە ئەوپەڕی توانایان خستۆتە كار بۆ دوورخستنەوەی یان كۆنترۆڵكردنی لەناو مومارەسەكانی خۆیاندا.

دواجار دەتوانین بڵێین بیناكەی فۆكۆ لەژێر زەبری ئەو هەمو لێدانەدا كە بەڵگەمێژووییەكان دەیخەنەڕوو، وردەوردە خەریكە هەرەس دەهێنێت.

هێشتا بەتەواویی ئەو جەورو ستەمەی كە فیكری پزیشكیی مومارەسەی كردووە، بە بەڵگەنامەكانی چارەسەركردن لەناو زینداندا نەسەلمێنراوە — لێرەوە ئەو لێكۆڵینەوە رەسەنانەی كە داود رۆسمان لە كتێبی (گوتاری لەمەڕ پەناگە ١٩٧١) دا، كە بریتیە لێكۆڵینەوەیك دەربارەی دامەزراوەكانی نەخۆشییە عەقڵییەكان لە ئەمریكای جاكسۆنیدا، تا گەیشتە ئەوەی بیسەلمێنێت كە لەسەدەی نۆزدەدا چەندان شێوازی چارەسەركردنی عەقڵی هەبووە لە خزمەتی زیندانیكردنێكی روو كەشییدا.

ئەوەی رۆسمان دەیلێت بە تەواویی لەگەڵ (عەدەمییەتی چارەسەرگەرایی) ئەو قۆناغەدا دەگونجێت. ئەم ناچارکردنەی کە لەلای دکتۆرەکان بۆ ئەوەبوو لە پشکنینەوە بچن بۆ چارەسەرکردن، ناچارکردنێکە لەسەر تەسەورکردنێکی رەشبینانەی دەستەڵاتی پزیشکیی — سلطة الطب— دامەزراوە. (دوای نیو سەدە، فرۆیدی لاو دژایەتی ئەم ئایدیۆلۆژیایەی کرد کە لە ڤییەنا تەشەنەی کردبوو)[10].

رۆسمان لە هیچ حاڵەتێکدا نالێت پەناگای زیندانیکردن (بە بەراورد لەگەڵ پەناگەی پزیشکیی عەقڵیدا) شتێکی باشە. بەڵکو بەپێچەوانەوە پێی وایە پەیوەندییەك هەیە لە بۆرژوازییەتی هەڵکەوتوو دەیەوێت لەسەر تاقمە کۆمەڵایەتیە خەتەرناکەکان مومارەسەی بکات. بەڵام ئەگەر قسەکەی رۆسمان راست بێت، ئەوا دیاردەی سزادانی شێت چەشنێکە لە (ملکەچکردنی) پزیشکەکان، نەك هەلپەکردنێکی پزیشکیانە، وەك فۆکۆ وەسفی کردووە بەوەی (هۆکارێکە بۆ گوێڕایەڵیکردنی عەقڵێکی ستەمکار و خۆپارێز).

کتێبی مێژووی شێتی، یەکەمجار رەخنە لە رای باوی مرۆڤکەرایی سەردەمی رۆشەنگەریی دەگرێت، کەواتە تەحەداکردنی راو بۆچوونە رەگ داکوتاوەکانە، کە پسپۆڕەکانی ئەو قۆناغە داکۆکییان لێکردووە، بەڵام زانراوە کە (لۆرانس ستۆن) تەحەدا دەکات کە ئەو پسپۆڕانە شتی وایان دەرنەخستووە)[11].

بەڵام دەبێ چۆن بیر لەم بیرۆکەیە بکەینەوە کە دەڵێت دامەزراوەی عەقڵی بریتیە لە (زیندانیکردنێکی مینۆکیی زەبەللاح؟) لە راستیدا جاران پەناگەی شێتان یاخود پەناگە گشتیەکان زۆر دزێوبوون، ئەگەرچی ریفۆرمەکان تۆك و پینال، کە دواتر بوو بەهۆی دامەزراندنی یەکەمین خەستەخانەی عەقڵیی هاوچەرخ، بریتی نەبوو لە بەهەشتێك وەك بۆی دەچوون، وەلێ بەلایەنی کەمەوە کارێکی خێرخوازی رۆشنگەرانەبوو. دژەوەستانەوەی بیرۆکە سەرکوتکردنی رەوشتیی، یان ئەوەی ناومان لێناوە سادیزمی ئاکاریی، کە فۆکۆ ئاراستەی پزیشکیی عەقڵیی کرد لە قۆناغی سەرهەڵدانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ درامایەکی ئایدیۆلۆژیی. راوەستان لە تەنیشتی شێتیەوە بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام حەز بکەین ناتەواوەکان بکەین بە قوربانی کۆمەڵگا، ئەمەیان باش نییە، چونکە لەبیرمان دەچێتەوە کە ئازارەکانیان پێویستی بە چارەسەرکردنە. ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت پەروەردەکردن بە ئاسن و زەبروزەنگ شێوازێکی سەرکوتکەرانەی هەڵگرتۆتەوە (تەنانەت بەشێوەیەکی نەستییانە)، لە بەرامبەری شیکردنەوەیەکی رەخنەییدا خۆی راناگرێت — رقی فۆکۆش لە بۆرژوازیی لە دادگاییکردنێکی خێرای ئاغای براوە دەچێت، بەڵام بۆرژوازییەکی مامناوەندیتری وەك چارلس دیکنز، کە مرۆڤگەرایی ماڵە کاریگەییە لەندەنییەکانی بێزارکرد، دیکنز مرۆڤایەتی ئەو کەش و هەوایەی بەدڵ بوو کە نەخۆشخانە عەقڵییە بچووکەکانی ئەمریکای داپۆشیبوو، لەوێدا دکتۆر و کارگەرەکان لەگەڵ نەخۆشەکاندا نانیان دەخوارد.

دەبێ وریابین لەوەی ناتوانین لەم نمونانەوە یان گەواهییە ئیجابیەکانی قسەکەرەکانەوە، وێنەیەکی میسالی بۆ مرۆڤایەتی خەستەخانە عەقڵییەکان بکێشین، وەلێ رووداوەکان پێچەوانەی ئەمە ناسەلمێنن؛ بە واتای ئەوەی چارەسەرکردنی شێتی لە سەردەمە زووەکاندا، بەهۆی پزیشکیی عەقڵییە بۆرژوازییەوە، بەشێك بووە لە کۆمەڵگای دزێوی دەسبەسەرکردن.

لە ساڵی ١٩٦٩ بەدواوە، پوختەیەکی سروشتیی ئەو یەکەیەمان لەبەردەستایە کە فۆکۆ رەسمی کردووە. مەبەستمان لەو لێکۆڵینەوە بەنرخەیە کە کلاوس دۆرنەر دەربارەی (مێژووی کۆمەڵایەتی شێتی و چارەسەری عەقڵیی) ئەنجامیداوە و لەکتێبێکدا بەناوی (شێتەکان و بۆرژوازییەت) بڵاوی کردۆتەوە.

لەوێدا ئەزموونە بەریتانی و فەرەنسی و ئەڵمانیەکان بەراورد دەکات. دژی وەسفەکەی فۆکۆ نیە لەمەڕ چارەسەری عەقڵیی لە سەرەتاکانیدا، گەرچی ئاماژە دەکات بۆئەوەی هەندێجار فۆکۆ لەسەر نمونە فەرەنسییەکە گشتاندن دەکات. بەڵام دۆرنەر لەم حوکمەدا لە مێژووی شێتی دووردەکەوێتەوە.

با بەشی دووەمی وەربگرین، کە بەشێکی بەنرخە و تایبەتە بە پینالْ، یاخود بەشی یەکەمی تایبەت بە (ولیەم باتی) کە دکتۆرێکی لەندەنیە. دۆرنەر ئاماژرە دەکات بۆئەوەی باتی یەکەم کەس بووە نزیکبوونەوەیەکی سەرانسەریی گرتۆتەبەر ئەو پێڕەوانەی دکتۆرە زرنگەکانی وەك (پینالْ) لەسەری دەڕۆیشتن، بوون پەرەسەندنێکی بنەڕەتی: وازهێنان لە زیندانیکردنی شێتەکان. ئیتر گەڕاینەوە بۆ دەرکەوتنێکی کۆمەڵایەتیانەی شێتی لە پەناگە کراوەکاندا و لەبەردەمی چاودێریی کردنی خێزاندا. هەروەك چۆن بەنیسبەتی پزیشکە پسپۆڕەکانی نەخۆشییە عەقڵییەکانەوە یان قوتابیانی پەیمانگا پزیشکیەکانەوە کرایەوە. لەوکاتەدا کە فۆکۆ دادگایی ئاسۆکانی ئامانجی پزیشکیی دەکات لەکاتی کارکردنیدا بەشێوازیی تێبینی کردن و سەرنجدانی نەخۆشەکان، دۆرنەر ئاماژە دەکات بۆ ئەو ئەولەویەتەی دراوە بە چارەسەرکردنی مینۆکی، کە بووە هۆی وازهێنان لە شێوازە سواوەکان و وازیشی هێنا لە هەڵوێستی خۆ بە زل زانین بەسەر نەخۆشەکاندا (با ئەو خەستەخانە ئەمریکییە بێنینەوە پێش چاومان کە دیکنز بۆی وەسف کردووین).

هەروەها، دۆرنەر ئاماژە دەکات بۆ کاریگەریی رۆسۆ لەسەر پەروەردەی رەوشتیی دژ بە دەستەڵات (بیرمان نەچێت، پینالْ قوتابی رۆسۆ بوو)، رۆڵی پەرەسەندنی حەساسیەتی پێش رۆمانسییەت پشتگوێ ناخات، لە سەرەتای ریفۆرمە تایبەتەکانی نەخۆشیە عەقڵییەکاندا. دەڵێت ئەو بەرنامەیەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا لەلایەنی (باتی) یەوە دانراوە، بە راستی مرۆڤدۆستانەبوو، چونکە ئامانجەکەی چاسەرەکردن بوو، نەك وەك هەندێك دەڵێن، چاودێریکردن.

باتی کتێبەکەی لە ساڵی ١٧٥٨[١٢] دا داناو، هەرزوو پشتگوێ خرا. ئەو کتێبە رەخنەیەکی توندبوو دژی ئەو پەشێوییە چارەسەرییەی کە خێزانی (مۆنرۆ) پیادەیان دەکرد لە بەڕێوەبردنی پەناگەی (بێدلام) دا، کە هی خۆیان بوو، دوو سەدە بو کاری دەکرد. هەروا جەخت لەوە دەکات کە شێتی بریتیە لە ونبوون، ناونیشانی کتبەکەی پینالێش هەروا دەگەیەنێت (لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیی – فەلسەفیی، بۆ تێکچوونی زەین یان دەست لێوەشاندن ١٨٠١). پینالْ شێتی دەخاتە ناو مرۆڤەوە، چ لە جەستەیدا بێت یان لە فیکریدا،بەڵام پایەی نەخۆشی ناداتێ (ئەمەش لەلای فۆکۆ خاڵی نەگبەتیەکەیە)، هەروا شێتی بە حاڵەتێکی فەردیی دادەنێت، ئەم ئامادەیە بۆ فەرد – تاك – (کە فرۆید ئاشکرای دەکات) بەبێ شك هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە، تەریبە بە پەرەسەندنێکی گرنگ لە پزیشکیی جەستەیی نوێدا، کە فۆکۆ بەشێوەیەکی جوان لە کتێبی داهاتویدا وەسفی دەکات. درۆنەر بەکورتی دەڵێت: (ئەگەر فۆکۆ دانەری یەکەمین کتێبی گرنگ بێت لە سۆسیۆلۆژیای نەخۆشییە عەقڵییەکاندا، بەڵام راڤەکرتنێکی زۆر تەرەگفیرانە پێشکەش دەکات، کە تیایدا دیالەکتیکی رۆشنگەری کورت دەکاتەوە بۆ تاقە سیمایەکی رووخێنەرانە).

فۆکۆ لە کتێبی (لەدایکبوونی عەیادە، ئارکیۆلۆژیای دیدی پزیشکیی – ١٩٦٣) دا، بە جوانی و کارامەیی مژووی پزیشکی شیدەکاتەوە، لە ماوەیەکی تەسکتردا لەو ماوە مێژووییەی کە لە کتێبی پێشووتریدا بایەخی پێدابوو. بەڵام ماوەکەی قۆناغێکی دەوڵەمەند پێك دەهێنێت، لە سێیەکی کۆتایی سەدەی هەژدەوە دەست پێدەکات تاکو قۆناغی بیناسازیی کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٨١٥ –١٨٣٠. ئەم کتێبە تەرکیزی کردە سەر

لێکۆڵینەوەی شێوازە پێشووترەکانی چارەسەرکردن و زۆر بە جوانی راڤەی دەکات، ئەم کتێبە بە هاندانی گانگلیم ی مامۆستای بڵاوکرایەوە. بە راشکاویی بونیادە ئیدراکییە جیاجیاکان روون دەکاتەوە کە لەگەڵ سێ نمونەی یەك بەدوای یەکدا هاتووی تیۆرەوە مومارەسە پزیشکییەکاندا هاتوون.

وادیارە دوو پەرەسەندنی بنەڕەتی لە گۆڕێـە، یەکەمیان لە سەرەتای پزیشکیی چەشنەکاندا، کە هەتاکو سالّی ١٧٧٠ باڵادەست بوو، پاشان جێی چۆڵ کرد بۆ پزیشکیی عەیادەیی. پزیشکیی چەشنەکان، لە پۆلاندنی چەشنەکاندا هەمان کاری (لینە) دەگات لە بواری رووەکدا. چونکە نەخۆشییەکان بەپێی چەشنەکان دەپۆلێنرێن. بڕوای وایە کە نەخۆشییەکان کیانی سەربەخۆیان هەیە بەبێ بوونی هیچ پەیوەندییەك بە جەستەوە. گوێزانەوەی نەخۆشی بریتییە کێشبوونی نەخۆشییەکە بەرەو نمونەی دەرونی نەخۆشەکە (لێرەدا لە گالین و تیورەکەی لەمەڕ میزاج نزیك دەبینەوە)، بۆیە جوتیارەکان لەچاو ژینگەی نائاسایی یاردەی پەرەسندنی نەخۆشی دەدات، بۆیە جوتیارەکان لەچاو خەڵکی شارستاندا کەمتر تووشی دەبن (بەڵام پەتاکان بەپێچەوانەی نەخۆشییەکانەو، کیانی دیاریکراویان نیە بەڵکو بەرهەمی کەش و هەوایان خێزان یان فاکتەری دەرەکین). پزیشکیی لە قۆناغی یەکەمدا پێچەوانەی ئەمەوە (پزیشکیی نیشانەکان) بوو، نەخۆشییەکانی بەدیاردەی دینامیی دادەنا. لەجیاتی ئەوەی نەخۆشییەکان یەکەی دیاریکراوبن، وا پێناسە دەکران کە تێکەڵەیەك بن لە نیشانەکان، نیشانەکانیش بە فاکتەری پەرەسەندنی نەخۆشیی دەدەنران. لە تیورەی پزیشکیدا خشتەکانی پۆلاندن گۆڕان بە بەردەوامیی زەمەنیی کە زیاتر و زیاتر لە حاڵەتەکە دەکۆڵێتەوە و، رەچاوی دەکات.

دواجار، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، نمونەیەکی پزیشکیی دیکە دەرکەوت: فیکری پزیشکیی، هات پزیشکیی شانەکان — طب الانسجة — ی خستە جێگای پزیشکیی نیشانەکان، واتە تیورەی ئەناتۆمیای پزیشکیی هاتە کایەوە. بەمجۆرە نەخۆشییەکان نەگەڕێنرانەوە بۆ چەشنەکان یاخود نیشانەکان، بەڵکو بوون بە نیشانەی توێکاریی بۆ شانە تایبەتیەکان. دکتۆرەکان بۆئەوەی زانینی خۆیان لە کایەی نەخۆشییدا، قووڵ بکەنەوە، زیاتر بەیاخیان دا بە نەخۆش وەك تاك.

ئیتر تێڕوانینی پزیشکیی قووڵتر بۆوە، نزیك بووەوە لە هەستی دەست لێدان، بەو حیسابەی دکتۆر بەدوای هۆیە شاراوەکاندا دەگەڕێت، نەك تەنیا نیشانە سەرەتاییەکان یان رووکەشییەکان. مەرگیش وەك پرۆسەی ژیان سەیردەکات، چونکە بووە بە لوتکەی ئەناتۆمیای پزیشکیی، چونکە لە رێگەی لەت و پەت بوون و پووکانەوەی جەستەکانەوە دەگەینە ئەو حەقیقەتە نەبینراوانەی کە زانستی پزیشکیی دەیەوێ کەشفیان بکات.

فۆکۆ روونی دەکاتەوە کە بابەتەکانی مەرگ و تاك لە هەمان کاتیشدا بابەتی هونەری بڵند و ئەدەبی رۆمانسی دڵگیرن، هەروەها دەلالەت لە یاسای ئیدراك دەکەن لە پزیشکیدا. سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم یاسایە لە کتێبی (ئەناتۆمیای گشتیی) دا بەرجەستە دەبێت کە کزاگێرییشا )١٧٧١–١٨٠٣) لە سالّی ١٨٠١ دا دایناوە. هەروەها فرانسوا برۆسان (١٧٧٢–١٨٣٨) لە کتێبی (تاقیکردنەوەی باوەڕە پزیشکیەکان – ١٨١٦) چەند رەگەزێکی تازە دەخاتە سەر ئەناتۆمیای شانەکانی (بیشا)، کە مەعریفەیەکی پزیشکیی فسیۆلۆژییە — نەك تەنیا دەربارەی توێکاریی — راگەی تالێهاتن دەکات و دەڵێت بریتییە لە کاردانەوەیەکی نەخۆشییانە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ برینداربوونی یەکێك لە شانەکان. مەبەستەکە لێرەدایە: لە ئەنجامی ئەو زەبرانەوە کە اە زسنتە پزیشسکیەکانەوە وەشێنران، پزیشکیی کلاسیکیی کۆتایی هات.

بابەتی پزیشکیی کلاسیکیی بریتیبوو لە نەخۆشی، ئامانجیشی بریتیبوو لە تەندروستی. بەڵام کاتێك پزیشکیی عەیادەیی پێگەیشت، جەستەی نەخۆشی کرد بە جێگای تێڕامانی پزیکشیی (نەك نەخۆشیی کە جاران وادەکرا)، حاڵەتی عەیادەییشی کرد بە هونەری پزیشك (نەك تەندروستیی، کە جاران وادەکرا)، بەمەش میسالییەتی ئەو حاڵەتە ئاساییەی کە مێژووی شێتی رەخنەی لێدەگرێت و وەك بەڵگەی سەرکوتکردن، سەرلەنوێ بەر چاوە تیژەکەی فۆکۆ، لە کۆتاییمێژووەکەیدا بۆ لەدایکبوونی پزیشکیی نوێ دێتەوە سەری.

ئەمجارەیان، ئەو تابلۆیەی کە فۆکۆ پێشکەشمان دەکات، فیکرە دژە مۆدێرنیزمەمان و رەتکەرەوەی بۆرژوازییەت کەم دەکاتەوە، لە یەکەمین کتێبیدا، نەخۆشی عەقڵی و سایکۆلۆژیا — ١٩٥٤).

سەرنج دەدەین، ئەو بەرۆریی وەك شیکاریستێکی دەروونیی سەریە قوتابخانەی کەلتوریی بیری کردۆتەوە، پەشێوییە عەقڵییەکانی دەداتە پاڵ ئەو ململانێیەی کە کۆمەڵگای پیشەسازی بەرپای کردووە. فۆرکۆ لە مێژووی شێتیدا، هەتا ئەوپەڕی دەڕوات و دەگاتە ئەوەی شێتیی خورافیی بکات بە دژی عەقڵی بۆرژوازیی. هەردوو تێڕوانینەکەی رەت کردبێتەوە، بەڵام دەشێ بڵێین فۆکۆ لە ئەریك فرۆمەوە گواستویەتیەوە بۆ لای نرۆمان براون، گوێزانەوەی کەسێك کە هانمان دەدات فۆرتەکانی بەردەمی کامەرانی مرۆڤ بیەزێنین، بەرەو هاواری رزگارکردنی ئەویتری جڵەوی خۆگرتوو.

لە کتێبی لەدایکبوونی عەیادەدا، هیچ تەقینەوەیەکی لەم بابەتە نابینین. ئەم کتێبە بە شێوازێکی ئەدەبیی جوان نوسراوە — وەلێ ئاوازەکەی لە هەوڵەکانی کانگیلمی مامۆستای دەربارەی مێژووی بیرە زانستییەکان دوور ناکەوێتەوە.

فۆکۆ لە کتێبی لەداییکوونی عەیادەدا بە بونیادگەریی نزیك دەبێتەوە، دەربارەی بونیاد و یاسای ئیدراك قسە دەکات، وەسفی جێگاگرتنی نەخۆشیی دەکات، پەنجە دەخاتە سەر راڤەکردنێکی ناهێڵیی — غیر خطي — بۆ مێژووی فیکر، هەروەها پەنجە دەخاتە سەر ئارکیۆلۆژیا وەك راڤەکردنێکی ئاسوودەکەر بەپێی رێگاکەی کۆهین و، بەپێی پەرەسەندنێکی رێك و پێکی فیکری پزیشکی. پێویستە ئەم هەوڵە بەراوردبکرێت لەگەڵ تیۆرە ئاوازەکانی فەرەنسای ئەوسادا.

پامێلا ماجیۆر پۆیتزل[١٢] دەڵێت (ئەگەر مێژووی شێتی هەوڵ دەدات تێڕوانینی ئاسایی ئێمە لەمەڕ شێتی بگۆڕێت، بەڵام هەوڵ نادات تێڕوانینمان بۆ مێژوو بگۆڕێت. ئەو سەربەخۆییەکی گەورە دەبەخشێتە پێکهاتەی گوتار، نەك هەر ئەوەندە و بەس، بەڵکو پرسیاریش دەکات کە گوتارێك (بیرکردنەوەی پزیشکیی) چۆن دەتوانێت لەگەڵ مومارەسە کۆمەڵایەتیەکانی تردا پێوەست ببێت. هەر لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات خۆی لە گوزارشتە حەتمیە باوەکانی وەك (راڤەکردن) بەپێی ژووربینا و ژێربینای مارکسیزم لابدات، بە هەر نرخێك بێت، بۆئەوەی نموونەی راڤەکردنی بەپێزتر پێشکەش بکات بەبێئەوەی بکەوێتە ناو ئەو کورتکراوە تەزمەی کە زۆرجار مارکسیزمە بونیادگەرەکەی ئاڵتۆسێر و لایەنگرەکانی دەکەوتە ناوی، ئەوانەی کە زۆر قسەدەکەن دەربارەی (حەتمیەتی زێدەڕۆ) و (سەبەبییەتی بونیادگەرا)، هەروەها شوێنەوارەکانی بونیادیش بێئەوەی پەتابیاتە بەر واقیعی تاقیکراوە (واتە نایانەوێ دەستی خۆیان بە شیکردنەوەی مێژووی واقیعی پیس بکەن).

کتێبی لەدایکبوونی عەیادە چەند بەشێکی تێدایە کە تایبەتن بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە لەناویدا گۆڕانکارییە گەورەکانی تایبەتی بە تیۆریی و مومارەسەی پزیشکیی روودەدەن، بۆ نموونە بۆمان روون دەکاتەوە کە چۆن لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا دەوڵەت ناچاربوو چەند شێتخانەیەك بکاتەوە بۆ

قەرەبۆکردنــەوەی ئــەو ناتەواوییــەی لــە ژمـــارەی خەستەخانەکاندا هـەبوو، دکتـۆر و شـارەزاکان کـەم ببوونە، لە ئـەنجامی زیادبونی ژمارەی نەخۆشـەکان بـەهۆی جەنگــەوە، بـەلام شـێتخانەکانیش ڕێگــەی شێواندنی کۆمەڵــە پزیشکییەکان دەدات، کـە بـووە هۆی دەرکەوتنی بونیادی ئیدراکیی تــازە لـە بـواری پزیشکیدا. لـێرەوە دەردەکـەوێت کـە پـەیوەندیی ســەبەبیی نێـــوان چوارچێـــوەی کۆمەڵایـــەتی و پەرەســەندنی پــێرەوە سروشــتێکی ناڕاســتەوخۆی هەیە، بگرە پەیوەندییەکی لادەرانەیـە، مەبەست لـە ڕونکردنەوەی (چـۆن چۆنـی گوتـاری پزیشـکیی وەك مومارەسـە، ئارسـتەکراوە بـۆ هــەندێك بابـەت کـە دەکەوێتە دەستی هەندێك کەسەوە کە یاسا داینـاون بۆ ئەنجامدانی چـەند وەزیفەیـەك لـە کۆمـەڵگادا، کە پێویسـتە بـە مومارەسـەکانی دەرەوەی خـۆی کـە سروشـــتێکی ئیســـتیدلالییان هەیـــە[١٤]. زاراوەی ستراتیژی کە سەرنجی فۆکـۆی ڕاکێشـاوە بریتیـە لـە پێوەستی یان جومگان. ڕۆلان بارت شانازیی بەوەوە دەکات کە بونیادگەریی زۆر حەزی لە جومگانــە، بـە مانـای ئـەو دیراسـانەی کـە پشـت بـەو پێوەسـتیی و پەیوەندیی دەبەستن.

پەراوێزەکان:

١- Folie et derasion – Histoire de l folie lage classique.

لـە سـالّی ١٩٦٤ یشـدا چـاپێکی کورتکــراوەی بڵاوکرایەوە و پاشان کرابە ئینگلیزیی.

٢-فۆکۆ، چاپی تازە ل ١٣-١٦.

٣-فۆکۆ، هەمان سەرچاوە ل ٣٣٠-٣٣١.

٤-فۆکۆ هەمان سەرچاوە ل ٥٢٣.

٥-فۆکۆ هەمان سەرچاوە پێشەکی چاپی یەکـەم ل ٢، هەروەها ل ٥٢٥-٢٣٠.

٦-دیۆنزۆس: خوداوەنـدی شـەراب و تـرێ لـەلای یۆنـان، بەرامبـەری ئەپۆلۆیـە. وەلــێ بـەپێی نیچـە بریتیـە لـەو حاڵەتـەی کـە تێیـدا مـرۆڤ بەرامبـەری خودی خـۆی هوشیارەو، زیـرەك و توانـای وێنـاندنی هەیە. ئەپۆلۆ: بریتیە لە خوداوەنـدی جوانـی، وەلـێ لای نیچە مانـای ئـەو مرۆڤەیــە کـە بیردەکاتــەوە و جیهان وێنادەکات.

٧-بڕوانە وەلامەکەی فۆکـۆ بـۆ جـۆرج ستینەری نوسـیوە کـە نوسـەری کتێبێکـە دەربـارەی مێـژووی شێتی، بڵاوکراوەتەوە لە:

Dictrics, voll, nol, 1971 New Yourk review of books.

8-Stone, madnees, New Yourk review of books, 16 dec . 1982, p 36.

9-Midelfort, in malament, B.C (ed), sfter the reformation; Essays in Honar of J. H. Hexter, pennsylavania 198.

١٠-دەربارەی ئەم خاڵە بڕوانە:

Johanston, Willam M, The Austrian mind: an intellectvel and social history, 1648-1938, university of Califonia press 1972.

١١-بۆ سەیرکردنی ڕەخنەیەکی دیکە، بڕوانە:

peter Goy dans Commentary 40 october 1965.

12-Battie Threatise on Madness 1758.

13-Majior – poetzl, pamela, Michl focoults Archaelogy of Westren culture, Brigton, Susey, the Harvest press 1983.

١٤-فۆکـۆ هـەمان سـەرچاوە، ١٩٧٩، ل ٣١٤-٣١٥.

چاوگە:

گۆڤاری – دراسـات عربیـة. ژمـارە ١١-١٢ ی سـاڵی ١٩٨٩. ل ٩٨-١٠٩. وەرگـێڕانی بـۆ عـەرەبی: عـەبدول ڕەزاق جـەلالی، زانکـۆی عەنبابە.

غفور صالح عبدالله

# وەرگێڕانی (درەختەکان و تیرۆری مەرزوق) بۆ کوردی

دڵسۆزن ئەوانەی کە رۆشنبیری میللەتانی تر دەکەن بە کوردی، وەرگێڕ وەکو سەربازی ون وایە، بەڵام خزمەتەکەی کتێبخانەی میللەتەکەی دەوڵەمەند دەکات. کاك (دلاوەر قەرەداغی) یەکێکە لەو گەنجانەی کە کارێکی باشیان لەم بوارەدا کردووە.

ئێمە وەك رای سەربەست و باری سەرنجی نوسەرانی تر ئەم نوسینەی کاك (غەفور ساڵح) بڵاودەکەینەوە. بۆیە دەبێت بیشڵێین کە وەرگێڕانی رۆمانێکی گەورە، یاخود هیچ ئیشێکی گەورەی تر خاڵی نابن لە هەڵە، لە زۆر شوێندا ئێمە وەرگێڕ بە هەڵە نازانین چونکە پەیڕەوی ئەو جۆرە وەرگێڕانەی کردووە کە کتومت خۆی بە زمانی یەکەمەوە نابەستێتەوە. بەڵام ماناکەی بەباشی دەگەیەنێت.

گەرچی ئەمە تاقە دەق نیە کە بە ئەمانەتەوە ناکرێ بەکوردی، بەڵام چەندین دەقی دیکە لە زمانی فارسیەوە کراون بە کوردی تووشی ئەم غەدرلێکردنە بوون، دەمێکە گوتراوە وەرگێڕان یان — تەرجوومە — دیوی دووەمی بەڕەکەیە، بەڵام لەلای ئێمەی کورد زۆرجار ئەودیوەش کاڵ و سوودبەخش نیە و زیان گەیاندنە بە دیوی یەکەمی بەڕەکە. گەرچی وەرگێڕانی دەقاودەق یان عەرەب وتەنی (نصاً) یان (حرفیاً) کارێکی ناجۆرە. بەلام گەر لە وەرگێڕان دا (حوشتر) بکرێ بە (گامێش) یان (مار) بکرێ بە (دووپشك) ئەوەیان واتاگۆڕینە. یان رستەیەك کە کرا بە کوردی دواجار ئەگەر ئەو رستەیە بکەیتەوە بەوزمانەی کە لێوەی وەرگێڕاوە هەمان واتای پێشووی نادات.. لێرەشدا برای شاعیر (دلاوەر قەرەداغی) لە وەرگێڕانی رۆمانی (الاشجار واغتیال مرزوق) ی عبدالرحمن منیف بۆ کوردی (درەختەکان و تیرۆری مەرزوق) لە زۆر شوێندا ئاوهای کردوە، چونکی بەتەواوی زاڵ نیە بەسەر زمانی عەرەبیدا.

من دەقە کوردیەکەم لەگەڵ چاپی چوارەمی دەقە عەرەبیەکەدا بەراورد کردووە کە ساڵی ١٩٨٤ چاپ کراوەتەوە. بڕواناکەم عبدالرحمن منیف دەستکاری دەقەکەی کردبێ لەم چاپەیشدا. یان دەقێکی وەرگێڕدراوی سەر عەرەبی نیە، لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێك دەقەکان جیاوازیان هەبێ بەلام وەرگێڕانەکە لە دەقە ئەسڵە عەرەبیەکەوەیە.

یان مەسەلەی گۆڕینی زەمەنی کردار (زمن الفعل) زۆر کار دەکاتە سەر دەقەکە، بۆ نموونە (رابردوو — الماضي) بکرێتە (هەنووکە — المضارع)، یان بەپێچەوانەوە. یان (ئایندە — المستقبل) بکرێتە

رابردوو یان هەنووکە) یان بەپێچەوانەوە. لەم دەقەدا ئەمەیان کراوە، هەر بۆ نموونە:

(انشاء الله لن يذوق أي منهم الخمرة).

(لەسایەی خواوە هیچیان تامی ئەو ژەهرەیان نەکردوە).

جارێ، يذوق، بۆ ئایندەیە بۆ رابردوو نیە انشاء الله – ناکاتە (ئەگەر خوا بیەوێ) بەڵام کورد هەر دەڵێ (ئینشائەڵا)، (الخمرة) ناکاتە (ژەهر) ئەمەیان واتاگۆڕینە. نوسەری رۆمانەکەیش دەیتوانی بنووسێ (هذا السم) واتا (ئەم ژەهرە) بەڵام وەرگێڕی کوردی ئەو هەقەی بەخۆی داوە ئەو وشەیە بگۆڕێ گەرچی نموونەی وا زۆرە لەنێو دەقە کوردیەکەیدا.

ئێمە لێرەدا بۆ بەراوردکردنی هەردوو دەقەکە، پتر دیالۆگەکانمان (الحوار) بەراورد کردوە، کە ئاسانترین بەشی دەقە، چونکە زمان و بیرکردنەوەی پاڵەوانەکانن بۆیە ئاسانن، بەڵام زمانی سەردەکەش ئەم بەراوردکردنە شایەتی دەدا لەسەری کە زۆر لەنگی تیایە. گەرچی زۆرن ئەوانەی لە فارسی و عەرەبیەوە بۆ کودری وەردەگێڕن زۆریش تووشی نشووستی هاتوون. دەقەکانیان لەبەر زمانەزانی و پەلەپەل شێواندوە. د. سامی درووبی هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ وەرگێڕانی (دۆێستۆفیسکی).

گەرچی لە زمانی فەرەنسیەوە وەریدەگێڕان بەڵام لەگەڵ دەقە رووسیەکاندا بەراوردی دەکردن.

ژمارە (١) دەقە ئەسڵەکەیە، ژمارە (٢) وەرگێڕانەکەی دلاوەر قەرەداغیە، ژمارە (٣) راست کردنەوەکەیە..

* * *

١- المحلات عندك فارغة

٢- ئەم کورسیانەی لای تۆوە بەتاڵە.. ل٩

المحلات: جێگایە یان شوێن.

٣- راستیەکەی: ئەم شوێنانەی لای تۆ چۆڵن.

* * *

١- لا يشبع عيون الناس الا التراب

٢- تەنها قەبر چاوی خەڵکی تێردەکات.. ل١٠

٣- التراب: واتا خۆڵ نەك قەبر.. کورد دەڵێ تەنها خۆڵ چاوی تێردەکا.

* * *

١- وجاءت ساعة السفر

٢- سەعاتی سەفەر هات..ل١٠

٣- کورد دەڵێ: کاتی سەفەر هات..

* * *

١- و تبتعد معها الاضواء التي بدت أول الامر مثل نجوم في سماء مقلوبة

٢- گڵۆپەکانیش کە یەکەمجار وەك ئەستێرەی ئاسمانێکی سەرەبەرەوخوار وەهابوون، لەگەڵیدا دوورکەوتنەوە.. ل١١

الاضواء: رووناکیەکان

سماؤ مقلوبة: ئاسمانێکی سەریەرەوخوار ناگەیەنێ بەڵکە (هەڵگەڕاوە) دەگەینێ

٣- رووناکیەکان کە یەکەمجار وەکو ئەستێرەی ئاسمانێکی هەڵگەڕاوە دیاربوون لەگەڵیدا دووردەکەوتنەوە..

* * *

١- تنتظم في اشرطة طويلة متداخلة

٢- لە دەزوولەی درێژی پێك داچوودا ریزیان ئەبەست.ل١١

اشرطة: تیلماسك

متداخلة: بەیەکاچوو

تنتظم: رێك دەخرێ

٣- لەشێوەی تیلماسکێکی درێژ و بەیەکاچوو رێك دەخران..

* * *

١- رفع الرجل السمين رجليه الاثنتين على المقعد وفك رباط عنقه..

٢- پیاوەکە قەڵەوەکە هەردوو قاچی بۆ سەرکورسیەکە بەرزکردەوە و بویمباخەکەیشی شل کردەوە ل١٢.

على المقعد: واتای لەسەر نەك بۆ سەر..

فك: واتــە کردیـەوە نـەك شـلی کـردەوە ئەمـە واتـای رستەکەی گۆڕیوە

٣- پیاوە قەڵەوەکە هەردووقاچی لەسەر کورسـیەکە هەڵبڕی و بوینباخەکەی کردەوە.

* * *

١- الرجل يأخذ حريته. أنا لا أشكل بالنسبة له حالـة حضارية مادمت أجهل هذا الطريق. بدأ يغزوني، يريد أن يسيطر علي..

٢- سەربەستی خۆی وەردەگرێ، مادام بـەم رێگەیـە نەشارەزام، بەلای ئەوەوە حاڵـەتێکی حـەزاریی نیـم، خەریکە هێرشم بۆ دێنێ، ئەیەوێ خۆیم بەسەرا بـدات ل١٢

یغزوني: واتا داگیرم دەکا نەك هێرش دەکا

٣- یسیطر: دەست بەسەراگرتن.

پیاوەکە سەربەستی خۆی وەردەگرێ، بەلای ئەوەوە حاڵەتێکی شارستانی دروسـت ناکـەم مـادامێکی ئـەم رێگایـە پێـنازانم، خەریکـە داگـیرم دەکـا، دەسـتم بەسەردا دەگرێ.

* * *

١- يجلس على نفس مقعدي، بعيداً في الزاوية.

٢- لەسەر هەمان کورسییەکەی پاڵ من دانیشتووە، دوور لە گۆشەکەدا ل١٢

٣- لەسەر هەمان کورسیەکەی مـن لـە سـووچەکەدا دوور دانیشتووە.

* * *


١- لولا السجائر لا شتعل العالم بالحرائق

٢- گەر جگەرە نـەبا، دنیـا بـە گڕ کڵپـەی دەسـەند ل١٢

٣- ئەگـەر جگـەرە نەبووایــە جیــهان بــە ئــاگر دەسووتا..

* * *

١- يجب أن استـفزه اكـثر. اذا كـان رجلاً فليتدخـل، ليس العـالم صغـيراً كمـا يتصور ليقارن كل شيء بعمله حتى يكتشف كم هو بعيد و منبوذ




٢- پێویستە زیاتر گاڵتەی پێ بکـەم، گـەر پیـاوە بـا بەرگە بگرێ، ژیـان هێنـدە بچکۆلـە نیـە وەك ئـەوەی ئەو مەزەنەی دەکا، با هەموو شتێك لەگەڵ کارەکەی خۆی بەراورد بکا، تا بۆی دەرکـەوێت چـەند نـەفام و ترۆیە ل١٢.

استفزاز: واتا (وروژاندن) نەك گاڵتە پێکردن..

(عالم) ی کردوە بە ژیان

بعيد و منبوذ واتا، دوورو نەفرەت لـێکراو.

٣- دەبێ زیـاتر بیوروژێنـم ئەگـەر پیـاوە وەکـو ئـەو بـۆی دەچـێ، بـا هـەموو شتێ لەگـەڵ کردەوەکــەی خۆیدا بەراورد بکا، تا بۆی ئاشکرابێ کە چەند دوورو نەفرەت لێکراوە..

* * *

١- التنقيب عن الماضي واحد من الكتب التي ترتاح على الطاولة الصغيرة امامي

٢- توێژینەوە لە رابوردوو یەکێکە لەو کتێبانەی لەسەر مێزە چکۆڵەکەی بەردەمم دانراوە ل١٣

التنقيب : واتا گەڕان، پشکنین

٣. گەڕان بەدوای رابردووا یەکێکە لەو کتێبانەی لەسەر مێزە بچووکەکەی بەردەمم ئیسراحەتی کردوە..

* * *

١- يكفيك شرها !

٢- ئیهمالی کە..ل٢١

٣- راستیەکەی: خۆت لە شەڕی لادە..

* * *

١- غمغمت بكلمات كانت أشبه بصوت حيوان ردا على كلماته

٢- بە بۆڵەبۆڵێکی نزیک لە مڕەی ئاژەڵ وەڵامیم دایەوە ل١٤

٣- بە بڵمەبڵمێك وەکو دەنگی ئاژەڵێك وەڵامی قسەکانیم دایەوە..

* * *

١- حالة توجس تتقابل فيها الرغبة بالخوف بالشك.

٢- کەوتە حاڵەتێکەوە کە تیایدا ئارەزوو لەگەڵ ترس و گوماندا بەیەکا دەهاتن. ١٤

تتقابل: واتا بەرامبەر دەبنەوە، نەك بەیەکاهاتن..

توجس: وریایی،

٣- حاڵەتێکی وریایی کە تێیدا ئارەزوو لەگەڵ ترس و گوماندا بەرامبەر دەبن.

* * *

١- قلت لنفسك لن
تشرب ستتركه.. و
ها أنت تبدأ قبل أن
تجف الايمان التي
اقسمتها..

٢- وەعدتدا نەخۆیتەوە، وزای لێبێنی، کەچی ئەوەتانێ بەرلەوەی سوێندەکەت کۆن بێ دەست پێدەکەیتەوە ل١٥..

٣- بەخۆتت وت ناخۆیتەوە و وازی لێدێنی، ئەوەتا بەرلەوەی ئەو سوێندەی خواردبووت وشك بێتەوە دەستی پێدەکەیتەوە.

* * *

١- و اشار الى المكان الفارغ بيننا..

٢- دەستی بۆ جێگەکەی نێوانمان راکێشا.. ل١٨

٣- ئاماژەی کرد بۆ جێگە بەتاڵەکەی نێوانمان..

* * *

١- و كانت في عينيه مرارة عذبة..

٢- لە چاوانیدا ئازارێکی بەچێژ قەتیس ما..ل١٨

مرارة: واتا، تاڵی نەك ئازار

قەتیس: واتا مجمد..

٣- چاوانی تاڵیەکی خۆشیان تیابوو

* * *

١- ربما لا يقبل..!

٢- ئەی ئەگەر قایل نەبوو..؟ ل١٨

٣- راستیەکەی: (لەوانەیە رازی نەبێ!)

* * *

١- اذا كان اليوم دور الذين اعرفهم، الذين كانوا في المرة الماضية، فلن يسألوا!

٢- گەر ئیمڕۆ نۆرەی ئەوانە بێ کە دەیانناسم، گەر نۆرەی ئەوانەی جاری پێشوو بێ چ گەڕم پێناکەن..ل١٨

٣- ئەگەر ئیمڕۆ دەوری ئەوانە بێ کە دەیانناسم، ئەوانەی جاری پێشوو، ناپرسن..

* * *

١- اذا كان غيرهم.. مشكلة..

٢- گەر هینی تر بن، ئەکەونە گێچەڵ پێکردنم..ل١٨

٣- ئەگەر کەسانی دی بن.. موشکیلەیە

* * *

١- تعال فاوض من جديد. يتظاهرون بالصراحة والقسوة لكي يحصلوا على مقابل اكبر.

٢-وەرە و سەرلەنوێ لەگەڵیاندا ڕێك كەوە؟! زەبروزەنگ ئەنوێنن تاكو بەرامبەرێكی زیاتر وەرگرن..ل١٨

٣- وەرە لەگەڵیاندا دانوستان بكە، كەڵلەرەقی و سەرسەختی دەنوێنن تا پاداشتێكی گەورەتریان بەركەوێ..

* * *

١- لا يمكن أن تتوبوا حتى تأكل السجون من جنوبكم..

٢- تەمێ نابن تا لاكەلەكەتان لە زیندانا دانەڕزێ..ل١٩

التوبة: واتا تۆبە، نەك تەمێ

جنوبكم: واتا پاشەڵ نەك لاكەلەكە

٣- ئەمە راستیەكەیەتی: (تۆبە ناكەن تا بەندیخانەكان لە پاشەڵتان نەخوات)..

* * *

١- أوصوني على الف شغلة..

٢- هەزار بێگاریشیان دا بەسەرما.. ل١٩

بێگار: واتا السخرة ناكانە (شغلة)

٣- هەزار ئیشیان پێ‌ڕاسپاردم.

* * *

١- ثم هز راسه و حرك يديه دلالة اللامبالاة و قال:

٢- سەری باداو دەستەكانی بەیەكا داو وتی: ل١٩

(دلالة اللامبالاة) ی پەڕاندوە كە واتایەكی زۆر دەبەخشێتە ناخی قارەمانەكە.

٣- پاشان سەری باداو دەستەكانی جوڵاندەوە كە نیشانەی كەمتەرخەمی بوو و وتی:

* * *

١- اذامشي الحال دون ابتزاز كثير تكون مربحة و لكن ماذا تعني مربحة؟ تعني مستورة.

٢- گەر بەرتیلەكە زۆر نەبێ، ئەوا قازانجی هەیەو بەڵام مانای چی قازانجی هەیە، مەبەست ئەوەیە خوانەیبڕێ.. ل١٩

ابتزاز: واتا رووتكردنەوە نەك بەرتیل

مستورة: پارێزراوبێ..

٣- ئەگەر حاڵ بەبێ رووت كردنەوەیەكی زۆر بەڕێوەچوو قازانجی دەبێ، بەڵام قازانجی دەبێ یانی چی؟ یانی پارێزراوبێ.

* * *

١- انا اسف انقل لك هذا القرار، ولكن وظيفتي تحتم علي ذلك.

٢- من بە ئەسەفەوە ئەم بڕیارم پێ‌ڕاگەیاندی، من چ گوناهێكم نییە. ل٢٠.

٣- و لكن وظيفتي تحتم علي ذلك ی كردوە بە : (من چ گوناهێكم نیە)!

راستیەكەی وایە: (بەداخەوەم كە ئەم بڕیارەت پێ ڕاكەیەنم و، بەڵام وەزیفەكەم بەسەرمدا دەیسەپێنێ..)

* * *

١- كان يمسك بين يديه سترة حائلة اللون، ومن طراز قديم.

٢- چاكەتێكی كۆنی كاڵی بەدەستەوە گرتبوو. ل٢٠.

٣- طراز قديم: واتا مۆدێلەكەی كۆنە نەك كۆن

راستیەكەی وایە: (چاكەتێكی مۆدێل كۆنی رەنگ بواردوی بە هەردوو دەستیەوە گرتبوو.

* * *

١- كان النبي يا ولدي يغمس خبز القمح بخبز الشعير..

٢- كوڕم پێغەمبەر نانی گەنمی لە نانی جۆ دەنا..ل٢٢

يغمس: تێوەردەدا، تێهەڵدەكێشا

٣- كوڕم پێغەمبەر نانی گەنمی لەنانی جۆ وەردەدا..

* * *

١- أهتزت عضلات وجهه أول الامر. كأنه يقاوم شيئاً..

٢- یەكەمجار ماسولكەكانی رووخساری گرژبوو، وەك ئەوەی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادە دەكا..ل٢٢.

اهتزت: لەرانەوە، نەك كرژبوو

يقاوم: بەرگری دەكا

٣- راستیەكەی وایە: (سەرەتا ماسولكەكانی سەروچاوی لەرینەوە، وەك بڵێی بەرگری شتێك دەكا.

* * *

١- قال الرجل الضعيف داعيا الرجل السمين، الذي ظل نائماً طوال الوقت..

٢- پیاوە لاوازەكە، فەرمووی لە كابرای قەڵەو كرد كە تازە لەخەو هەستابوو.. ل٢٢

٣- پیاوە لاوازەكە داوای لە پیاوە قەڵەوەكە كرد. كە بە درێژایی كات نوستبوو.

* * *

١- لاتزال بعيدة.. اكثر من ساعتين.

٢- هێشتا ماوێتی، زیاتر لە دوو سەعات. ل٢٢

٣- هێشتا دوورە.. لە دوو سەعات زیاترە.

* * *

١- سيطر علي في تلك اللحظة شعور التحدي

٢- لەوساتەدا حەزم بە تەحەداكردن بوو. ل٢٣

٣- راستیەكەی وایە: (لەوساتەدا هەستی تەحەداكردن بەسەرما زاڵ بوو).

* * *

١- سألني الرجل الضعيف بلهجة مستسلمة:

٢- پیاوە لاوازەكە بە دەنگێكی ترسنۆكانە لێی پرسیم ل٢٣

مستسلمة: خۆبەدەستەوەدان

٣- لعجة: زمان نەك دەنگ.

راستیەكەی وایە: (كابرا لاوازەكە بەدەم و دوویەكی خۆ بەدەستدانەوە لێی پرسیم..)

* * *

١- لكي نقشر الخيار..

٢- خەیارەكەی پێ قاش كەم..ل٢٣

نقشر: پاكی كەم نەك قاش كەم

٣- بۆئەوەی خەیارەكەی پێ پاك كەم..

* * *

١- كنت اريد أن استفزه

٢- دەمویست گاڵتەی پێ بكەم. ل٢٣

٣- راستیەكەی ئەمەیە: (دەمویست بیوورووژێنم).

* * *

١- اصلاً عرق السوق زبالة، ولولا ان الانسان مضطر لما شربه..

٢- لەراستیدا ئارەقی بازاڕ پیسە، گەر ئادەمیزاد ناچار نەبێ، نەیخواتەوە باشترە.. ل٢٤.

٣- زبالة: زبڵ

راستیەكەی وایە: ئەسڵەن ئارەقی بازاڕ زبڵە ئەگەر مرۆڤ ناچار نەبێ نایخواتەوە.

* * *

١- ولم ار فائدة في الاستمرار. تراجعت. و بسرعة شربت.

٢- نەمویست درێژەی بەمێ، بێدەنگ بووم و بەخێرایی پێكەكەم هەڵدا. ل٢٤

٣- تراجعت: پاشگەزبوومەوە.

راستیەكەی وایە: (هیچ سوودێكم لەبەردەوام بوون نەدەبینی. پاشگەز بوومەوە و بەپەلە خواردمەوە)

* * *

١- كان وجهه يتكلم. و باستهتار سألت الرجل السمين:

٢- بە روخسار ئەدوا، كابرای قەڵەو كەللەڕەقانە لێی پرسی. ل٢٥

استهتار: كەللەڕەقانە نیە

٣- راستیەكەی وایە: (سەروچاوی قسەی دەكرد كابرای قەڵەو بە ئیستیهتارەوە لێی پرسی

* * *

١- و بلهجه وديعة أقرب الى الخوف، قال الرجل الضعيف:

٢- بە دەنگێكی نەرم و كەمێ بەترسەوە پیاوە لاوازەكە بەردەوام بوو) ل٢٥.

لهجه: واتا دەم و دوو

وديعة: روح سووك

اقرب: نزیكتر

٣- راستيەكەی وايـە: (بـەدەم و دوويـەكی روح سوكەوە و نزيكتر لە ترس پياوە لاوازەكە وتی).

* * *

١- لا يا استاذ، حسن الغاظك، أولادي عندهم شرف، واذا اشرب واحد منهم قطرة اقطع راسه.

٢- نا مامۆستا، ئاگات لـە دەمت بـێ، منداڵـەكانم ئابڕوومـەندن، گـەر يـەكێكيان دەمـی تێـوەدا سـەری دەبڕم ل٢٦

٣- راستيەكەی وايە: (نەخێر مامۆستا، قسـەی بـاش بكە. منداڵەكانم ناموسيان هەيە، ئەگـەر يـەكێكيان دڵۆپێك بخواتەوە سەری دەبڕم)

* * *

١- يبدو انك بطل تقطع الرؤوس!!

٢- ديارە تۆ پاڵەوانی سەربڕاندنيت ل٢٦

٣- تقطع: دەبڕی

راستيەكەی وايـە: (ديـارە تـۆ پاڵـەوانی كـە سـەران دەبڕی!)

* * *

١- و انشاء الله لن يذوق أي منهم الخمرة.

٢- لەسايەی خـواوە هيچيـان تـامی ئـەو ژەهرەيـان نەكردوە.

٣- راستيەكەی ئەمەيـە: (ئينشـائەڵا هيچيـان تـامی مەی ناكەن.

* * *

١- و هل نحن اولاد شوارع؟

٢- ئەی خۆ ئێمە خۆێڕی سەر جاددە نين؟ ل٢٦

٣- راستيەكەی ئەمەيـە: (ئايا ئێمـە منداڵانی سـەر جادەين؟

* * *

١- اتركني يا صاحبي، انا اعرف هذا النوع من البشر.

٢- بەرمدە هاوڕێم، من ئەم جۆرە كەسـانە دەناسم. ل٢٦

٣- لێم گەڕێ برادەر، من ئەم جۆرە خەڵكە دەناسم.

* * *

١- هل اكون دونكيشوتا جديداً واعتبر هذه القفـة مـن القذارة، التي تجلس امامي الان خصماً.

٢- ئايا ببمـە دۆن كيشـۆتێكی نـوێ و ئـەم كەڵەكـە پۆخڵەيەی ئێستا لەبەردەمما دانيشتووە بە دوژمنی دانێم؟ ل٢٧.

٣- القفة من القذارة: واتا سەرانگوێڵ

خصم: دژ، نەك دوژمن

ئەمە راستيەكەی: ئايا ببم بـە دۆنكيشـۆتێكی نـوێ و ئەم سەرانگوێڵەی لە بەرامبەرم ئێستا دانيشتووە بـە دژی لەقەڵەم بدەم؟

* * *

٢-وأن بعـض البغايـا اشرف مـن اللواتـي لم ترهـن الشمس؟

٢- هەندێك سۆزانيش لەو ئافرەتانە بە ئابڕووتربن كە نەچوونەتە بەر خۆر. ل٢٦

٣- راستيەكەی وايە: هەندێ سۆزانی لـەو ئافرەتانـە شەريفترن كە خۆر نەيديون.

* * *

١- لا اريد ان اضربك و لا اريد أن ارى وجـهك، و لكن سيادتك وقفت مثل الخطيب في يوم الجمعة..

٢- نامـەوێ سـوكايەتيت پـێ بكـەم و ناشمـەوێ سەروفەسـاڵت ببينـم، بـەڵام جـەنابت وەك ئيمـامی جومعە كەوتويتە وەعزدان. ل٢٧

٣- راسـتيەكەی ئەوەيـە: (نامـەوێ لێـت بـدەم و نامـەوێ سـەروچاوت ببينـم، بـەڵام بـەڕێزتان وەكـو ئيمام خوتبەی هەينی وەستای.

* * *

١- هل انت أخ لمزاجنا.

٢-خۆ شەريك ميزاجمان نييت؟ ل٢٧

٣- راستيەكەی ئەمەيـە: (خـۆ بـرای مـيزاجی ئێمـە نيت.

* * *

١- انا لم أتدخل

٢- خەتای من نەبوو. ل٢٧

٣- من تەدەخولم نەكردوە.

* * *

١- و ماذا يغير في الأمر أن يكون غنياً او لا يكون؟

٢- دەوڵەمەندبوون چ پەیوەندیەکی بەو مەسەلەیەوە هەیە ل٢٩

٣- بەڵام ئەمەیە راستیەکەی: (چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێ ئەگەر دەوڵەمەند بێ یان نەبێ؟

* * *

١- انت تعرف ان الرجال الاغنياء أقوياء. اقوياء جداً و من الخطأ أن يصطدم الانسان بهم.

٢- ئاخر دەوڵەمەندەکان بەهێزن، زۆر بەهێزن، هەڵەیەکە گەر ئادەمیزاد لەگەڵیانا بەشەڕ بێ. ل٢٩

يصطدم بهم: واتا: لە روویانا بوەستێ

٣- ئەمەیە راستیەکەی: (تۆ دەزانی کە پیاو دەوڵەمەندەکان بەهێزن، زۆر بەهێزن، هەڵەیە گەر مرۆڤ لە روویانا بوەستێ..

* * *

١- لم يقل هذا ابداً

٢- کوا وای وت..؟ ل٢٩

٣- راستیەکەی وایە: (هەرگیز وای نەوت)

* * *

١- و هل قلنا شيئاً..؟

١- هیچی خراپمان وت..؟

٣- راستیەکەی وایە: (ئایا هیچمان وت؟)

* * *

١- ان تقتله، نعم أن تقتله ثم تفتح باب العربة و تلقي بجثته خارج القطار، و في هذا الليل لن يعرف احد!

٢- بیکوژە.. بەڵێ بیکوژە و پاشان دەرگای فارگۆنەکە بکەرەوە و لاشەکەی فڕێبەرە دەرەوە و شەوە و کەس پێنازانێ.. ل٣٠

٣- ئەمە راستەکەیەتی: (کە بیکوژی.. بەڵێ بیکوژی و پاشان دەرگای فارگۆنەکە بکەرەوە، و لاشەکەی فڕێدەرە دەرەوەی شەمەنەفەرەکە و لەم شەوەدا کەس نازانێ.

* * *

١- كما تشاء، و لكن تذكر جيداً انني حذرتك.

٢- کەیفی خۆتە.. دوایی نەڵێی پێت نەوتم..! ب٣٠

٣- بەڵام راستیەکەی ئەمەویە: (چۆنت دەوێ وایە و، بەڵام باش لەبیرت بێ کە من ئاگادارم کردیتەوە).

* * *

١- مازلت تمزح، وانت تعرف انه لا يمكن ان تقتل انساناً لانه لا يشرب العرق!

٢- ئەزانم سوعبەت ئەکەیت، خۆت باش ئەزانیت کە ناکرێ مرۆڤێك لەبەرئەوەی ئارەق ناخواتەوە بکوژرێ. ل٣٠

٣- راستیەکەی وایە: (هێشتا گاڵتە دەکەی، تۆ دەزانی نابێ مرۆڤێ بکوژی چونکی ئارەق ناخواتەوە.

* * *

١-اذا لم يكن هذا سبباً كافياً، فمن اجل أي شيء يمكن أن يقتل الانسان؟

٢- گەر لەسەر وەها تاوانێك مرۆڤ نەکوژرێ.. ئەی لەسەرچی بکوژرێ؟ ل ٣٠

٣- ئەمەیە راستیەکەی: (ئەگەر هۆیەکی تەواو نەبێ دەسا لەپێناوی چیدا دەبێ مرۆڤ بکوژرێ؟

* * *

١- انفجرت بضحكة قوية طغت على صوت القطار الرتيب.

٢- قاقایەکی هێندە گەروەم لێدا کە دەنگم وڕەی شەمەنەفەرەکەی شاردەوە) ل٣٠

٣- راستیەکەی وایە: (بە پێکەنینێکی بەهێزی وا تەقیمەوە کە بەسەر دەنگە سستەکەی شەمەنەفەرەکەدا زاڵ بوو)

* * *

١- أنا لا أفهم لماذا يرفضون. لن ازعجهم. لن اشترك معهم في ارباحهم

٢- تێناگەم بۆچی ناهێڵن. مەزاحیمان نابم، قازانجەکەیان لەگەڵ بەش ناکەم ل٣١.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (تێناگەم بۆ رەتی دەکەنەوە، بێزاریان ناکەم. لە قازانجا بەشداریان نابم.

* * *

١- والله لا خرب بيتك، ستكون نهايتك..

٢- بەو خوایە ماڵت وێـران دەکـەم، بۆ ئـەو دونیـات ئەنێرم.

٣- ئەمەیە راستیەکەی: (وەڵا ماڵت وێـران دەکـەم و ئەوە کۆتایت دەبێ).

* * *

١- اينما اضع يدي يحل النحس والشؤوم.

٢- دەست بدەمە هەر شتێ ئیتر نەگبەتی ئـەو شتە دەگرێ ل ٣٢.

٣- راستیەکەی وایە: (لەکوێ دەست دانێم نەگبـەتی و شووم دەیگرێتەوە.

* * *

١- لقد عاكستني الظروف كثيراً..

٢- زەمانە زۆر غەدری لێکردم ل٣٣.

٣- راستیەکەی وایە: (زرووف زۆر دژم وەستاوە.)

* * *

١- حتى الحمير لا تطيق الحياة بدون عمل.

٢- هەتا کەریش ناتوانێ بێ کار دانیشێ. ل٣٣.

٣- راستیەکەی وایە: (تەنانەت گوێدرێژیش بەبێ کار لە ژیان دا هەڵناکات.

* * *

١- كانت عيناه تضيقان وهو ينظر عبر الزجاج.

٢- لە جامەکەوە دیاربوو، چاوانی چکۆڵە ببوونەوە، ل٣٤.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (چاوانی تەسـك دەبوونـەوە هەرکە لە جامەکەوە تەماشای دەکرد.)

* * *

١- الحياة يا صديقي شـيء جدي اكثر ممـا يتصـور الناس و من يريـد أن يحيـا عليـه أن يغـامر كثـيراً، ان يكون شجاعاً.

٢- (هاورێم ژیان زۆر لەوە زەحمەت ترە کـە خـەڵکی مەزەنـەی ئەکـەن. ئـەو کەسەیشـی بیـەوێ بـژی، پێویستە لەسـەری موغامـەرە زۆر بکـا و لەسەریشـی پێویستە کەسێکی ئازا و بوێر بێ) ل ٣٤.

٣- راسـتیەکەی ئەمەیـە: (ژیـان بـرادەر شـتێکی جدیترە لەوەی خەڵکی بۆی دەچێ، ئەوەی دەیەوێ بژی لەسەریەتی موغامەرەی زۆر بکا و ئازا بێ.

* * *

١- وضعتها في صندوق تركته امـي بعـد وفاتـها: و اذا لم تحرض ادمة الصغار على فتح ذلـك الصنـدوق فـهي ما تزال ترقد هناك.

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (لە سندوقێکا دامناون کە لـە پـاش مردنـی دایکـم جێمـاوە. گـەر منالـەکان سندووقەکەیان نەکردبێتـەوە ئـەوا تـا ئێسـتا مـاون) ل٤٢.

٣- راستیەکەی: (لە سەندووقێکدا دامناون کە دایکـم دوای مردنـی بـەجێی هێشـتووە. ئەگـەر ئادەمــە منالـەکانی هـان نـەدابێ بـۆ کردنـەوەی سـەنووقەکە هێشتا لەوێ راکشاون.

* * *

١- الكلمة الحلوة قبل الاجر!

٢- بەر لە کرێ وشە خۆشەکە بڵێ ل٥١

٣- راستیەکەی وایە: (قسەی خۆش بەرلە کرێیە.

* * *

١- يا خسارة الاحسان في غير مكانه

٢- وەرگێرانەکـەی دلاوەر: (حەیفــە چاکە لەگەڵ سپڵەدا بکەی.) ل ٥١.

٣- راستیەکەی ئاوهایـە: (ئـای بـۆ زەرەری چاکە ئەگەر لەجێی خۆیدا نەبێ.)

* * *

١- ان كنت تفكر هكذا فـأنت لا تعرف شيئاً في هـذه الحياة.

٢- گـەر وا بیربکەیتـەوە ئـەوا فـرت بـە ژیانـەوە نیـە ل٥٤

٣- راستیەکەی: (ئەگەر ئاوها بیر بکەیتـەوە کەواتـە تۆ هیچ لەم ژیانە نازانی

* * *

١- قلت بلهجة بدت لي كاذبة مصطنعة.

٢- بە زمانێك كە بەلامەوە درۆ نییە و مردوو بوو وتم) ل٥٤

٣- ڕاستیەكەی: (بەدەم و دوویەكەوە وتم كە بە درۆ و دروست كراو هاتە بەرچاوم)

* * *

١- قال وقد تغير كل شيء فيه، ملامحه، لهجته، بريق عينيه.

٢- دلاوەر وای وەرگێڕاوە: (زمان و ڕوخسار و پرشنگی چاوەكانی گۆڕاو وتی: ل٥٤

٣- ڕاستیەكەی ئەمەیە: (ئەوەی وت و هەموو شتێكی تێدا گۆڕا: سەروچاوی، قسەكردنی، تروسكایی هەردووچاوی.

* * *

١- بدأ الصمت قاسياً، و هدير القطار يشق الظلام مثل حيوان مجنون.

٢- بێدەنگیەكی قورس باڵی كێشا، وڕەی شەمەندەفەرەكەش وەك ئاژەڵێكی بەلەسە تاریكی شەقار دەكرد ل٥٤.

٣- القاسي: واتا ڕەق و توند

الهدير: هاژە

مجنون: شێت نەك بەسەلە

ڕاستیەكەی وایە: (بێدەنگیەكە ڕەق و توند دیاربوو، هاژەی شەمەندەفەرەكەوەكو ئاژەڵێكی شێت تاریكی شەق دەكرد).

چونكی كورد دەڵێ شەوگارم شەق كرد نەگەیشتمە مەنزڵ.

* * *

١- لا أدعي ان الحياة خالية من الاسرار، ان ادعاء مثل هذا لا يقوله أحد، ولكن الانسان ميال بطبيعته لان يضفي على بعض الاشياء الغموض والقداسة، و يرتاح وهو يكتشفها).

٢- نكوڵی لەوە ناكەم ژیان خاڵی لە نهێنیبێ، كەس وەها نكوڵیەك ناكا، بەڵام ئادەمیزاد بە سروشتی خۆی ئارەزوو دەكا ڕاز و پیرۆزیی بداتە هەندێ شت ەب كەشف كردنیان دڵخۆش ئەبێ.) ل٥٤

٣- من لافی ئەوە لێنادەم كە ژیان بێ نهێنیە، ئەم جۆرە لاف لێدانە كەس نایڵێ، بەڵام مرۆڤ لە سروشتیدا خولیای ئەوەی هەیە، ئاڵۆزی و پیرۆزی ببەخشێتە هەندێ شت، بەدۆزینەوەیان ئاسوودە دەبێ).

* * *

١- سألته و قد اصبح الامر شيقاً و عابثاً في نفس الوقت.

- هل رأيت الاشجار تتفجر في نيسان؟

٢- ئەمەم پرسی و لەیەك كاتا مەسەلەكە خۆش و بێهوودە ئەینواند بە توندی وەڵامی دایەوە: درەختەكانت دیوە كاتێك لە مانگی نیسانا بە شكۆفە ئەتەقنەوە؟) ل ٥٤.

٣- ڕاستیەكەی وایە: (لێم پرسی و مەسەلەكە لە هەمان كاتدا بە جۆش و بێ هوودەیش بوو:

ئایا دیوتە درەختەكان كە لە نیساندا دەتەقن؟

* * *

١- اسالك ان كنت رايتها تتفجر، تتمزق باللهب الصاعد من اعماق الارض؟

٢- دلاوەر وەهای وەرگێڕاوە: (دیوتە چۆن بە شكۆفە ئەتەقنەوە؟ لە قوڵایی زەویەوە بۆ سەرەوە بڵێسە ئەدەن؟) ل٥٤.

٣- لێت دەپرسم ئەگەر دیوتە دەتەقن، بە گڕێكی هەڵایساو لە قوڵایی زەویەوە دەقەڵەشێن).

* * *

١- العادة أن يرى الانسان الاشياء التي يحب!

٢- شتێكی ئاساییە، ئادەمیزاد ئەو شتانە دەبینێ كە حەزی پێیانە. ل٥٤.

٣- زۆر جار مرۆڤ ئەو شتانە دەبینێ كە پێی خۆشە.

* * *

١- قلت و قد بدت لي مداعبة الكلمات والافكار مملة:

٢- لەبەرئەوەی هەستم ئەكرد خەریكە قسەكان بەلایەكی ترا ئەڕۆن.. وتم) ل٥٤.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (وتم و گەمەی وشەکان و بیرۆکەکان وەرز دەهاتنە بەرچاوم)
* * *

١- تتحدث عن اشياء تتوهمها، تشتهيها!
٢- لەو شتانە دەدوێین کە خەیاڵیان دەکەینەوە و حەزیان لێدەکەین.) ل٥٤
٣- باسی ئەو شتانە دەکەی کە بە مێشکتدا دێن و ئارەزوویان دەکەی.
* * *

١- لن اقاطعك - تكلم كما تشاء - عن هذا السرالذي تحبه و تطارده..
٢- دلاوەر قەرەداغی وای وەرگێڕاوە: (پێت نەبڕم، هەرچۆنێ ئەتەوێ لەم نهێنیە بدوێ کەخۆشت دەوێ و لەدوای ئەگەڕێێ) ل ٥٥.
٣- راستیەکەی وایە: (قسەت پێ نابڕم - بەکەیفی خۆت قسە بکە دەربارەی ئەو نهێنییەی کە خۆشت دەوێ و دوای کەوتووی).
* * *

١- هل أحببت يوماً؟ قد اكون متطفلاً و لكن ما ساقوله لا يفهمه الذين خطبت لهم امهاتهم و تزوجوا ثم ماتوا!.
٢- کوردیەکەی دلاوەر: (رۆژێک لە رۆژان خۆشەویستیت کردوە؟ مەبەستم خۆ تێهەڵقورتان نیە، بەڵام ئەوەی دەیڵێم ئەو کەسانە تێی ناگەن کە دایکیان ژنی بۆ هێناون و پاشان مردوون) ل٥٥.
٣- راستیەکەیوایە: ئایا رۆژێ لە رۆژان دڵداریت کردوە؟ دەشێ خۆمی تیا هەڵقورتێنم، بەڵام ئەوەی دەیڵێم ئەو کەسانە تێی ناگەن کە دایکیان مارەی ژنی بۆ بڕیوون و ژنیان هێناو پاشان مردن)
* * *

١- احك الشيء الذي نعرفه.
٢- ( باس لەو شتە بکە کە دەیناسیت) ل ٥٥.
٣- راستیەکەی وایە: (شتێ بگێڕەوە کە دەیزانین)
* * *

٢- قلت لك لن اتدخل.. قل لي ما تحتاج؟

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (پێم وتیت من هەقم نیە. پێم بڵێ چی گەرەکە). ل ٥٦.
٣- راستیەکەی وایە: پێم وتی خۆمی تیا وەرنادەم، پێم بڵێ ئافرەت چی پێویستە؟
* * *

١- و هل هذه الوصفة لاتزال سارية المفعول؟
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (هێشتا ئەم رەچەتەیە ئەخوا؟ ل٥٦.
٣- سەیر لەم وەرگێڕانە ئەوەیە کە (الوصفة) کە لە وەسفەوە هاتووە وەرگێڕی کوردی بە (رەچەتە) ی دکتۆر تێگەیشتووە (سارية المفعول) یشی کردوەتە (ئەخوا).! راستیەکەی ئەم رەستەیە وایە: (ئایا ئەم وەسفە هێشتا لە کاریگەری خۆی بەردەوامە؟).
* * *

١- انا لا أقول ذلك.
٢- وام نەتووە. ل٥٩.
٣-راستیەکەی وایە: (من ئەوە ناڵێم)
* * *

١-هل تراجعت.؟
٢- پەشیمان بوویتەوە؟ ل ٥٩.
٣-راستیەکەی وایە: (پاشکەزبوویتەوە؟)
* * *

١- اكثر ما يهين الانسان أن يعرض نفسه، دون أن تكون هناك حاجة!
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (شتێ کە زیاتر سوکایەتی بێ بۆ ئادەمیزاد ئەوەیە کە بێ سەبەب خۆی لە هەموو مەسەلەیەکەوە بگلێنێ) ل٥٩.
٣- راستیەکەی: (زیاتر ئەوەی کە مرۆڤ ریسوا دەکا خۆی تووش کات، بێئەوەی لێرەدا هیچ پێویستیەك هەبێ).
* * *

١- مازلت اريدك ان تتحدث.. و تأكد ان الشوق الذي احسه نحو ما تقوله يزداد في قلبي، و لكنك تريد أن تعذبني، كما عذبت النساء!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (حەز ئەکەم بدوێی. دڵنیابە زیاتر پەرۆش دەبم گوێم لێت بێ، بەڵام تۆ دەتەوێ ئازارم بدەیت هەروەك ئەو ئازارەی کە هی ئافرەتانت داوە) ل٥٩.

٣- راستیەکەی: (هێشتا دەمەوێ قسە بکەی. دڵنیابە ئەو تاسەیی کە هەستی پێدەکەم سەبارەت بەوەی دەیڵێی لە دڵما زیاتر دەبێ، بەڵام دەتەوێ ئەشکەنجەم بدەی، وەکو چۆن ئەشکەنجەی ئافرەتانت دەدا.

* * *

١- کانت جراحاً صغیرة

٢- زامی چکۆڵەن.. ل٦٠

٣- لێرەدا وەرگێڕ زەمەنی کردارەکانی گۆڕیوە لە رابردووەوە بۆ هەنووکە. لەم وەرگێڕانەدا نموونەی وەها زۆرە..

راستیەکەی: (زامانێکی چکۆڵە بوون)

* * *

١- و انفلتت ضاحکة و هربت..

٢- دایە قاقای پێکەنین و رایکرد ل ٧٤.

٣- راستیەکەی: (بە پێکەنینەوە خۆی دەرباز کردو هەڵهات).

* * *

١- و بعد أن یروا ظهرك تنبسط وجوههم و قد علتها ابتسامة الرضا

٢- کاتێ ئەڕۆیت روویان دەکرێتەوە و زەردەخەنەی رەزامەندی دەیانگرێ ل٧٤.

٣- راستیەکەی: (دوای ئەوەی روویان پشتیان لێدەکەی سەروچاویان دەگەشێتەوە و زەردەخەنەی رەزامەندیان دەکەوێتە سەر)

* * *

١- اساءات صغیرة.؟ لم یمکن ممکنا ان تعمل غیر ذلك!

٢- ئەو سوکایەتیانە چکۆڵەن.. جگە لەوە چیت کردبا؟) ل٧٥.

٣- أساءة: واتە خراپە، نەك سوکایەتی رستەکەی بە نیشانەی پرسیار کۆتایی نایەت بەڵکو بە نیشانەی سەرسووڕمان.

راستیەکەی وایە: (خراپەی بچووکن، نەدەکرا جگە لەوە هیچی دیکە بکەی

* * *

١- و في اللیلة الاخیرة اکتشفت فیه خوري القریة!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (دواهەمین شەو بۆی دەرکەوت ئەو پیاوە قەشەی گوندەکەیە) ل ٧٥.

٣- اکتشفت فیە: واتا ژنەکە لەنێو دەماخەکە ئاشکرایکرد.

خوري: ناکاتە قەشە لە قەشە بچووکترە پارێزەری کڵێسایەکی بچووکە.

راستی رستەکە وایە: (لەدوا شەودا ژنەکە خۆری گوندکەی لەنێو دەماخەکەدا ئاشکراکرد).

* * *

١- و أهل بیله حتی الان لا یعرفون سوی أم البیادر أما ابو البیادر فلا یعرفه أحد..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (تا ئێستا خەڵکی بیلە دایکی بە یادر دەناسن و کەسێك نیە باوکی بەدیار بناسێ) ل٧٥.

٣- ام البیادر واتە ژنی خەرمانەکان لێرەدا کینایەیە چونکی ژنەکە لە خەرمانەکان لەگەڵ پیاوان دا بەیەك دەگەیشت، بەڵام وەرگێڕی کوردی دەقاودەق کردویە بە کوردی..

راستی رستەکە وایە: (خەڵکی بیلە تا ئێستا جگە لە ژنی خەرمانەکان (ام البیادر) بەلاوە کەس ناناسن بەڵام باوکی خەرمانەکان کەس نایناسێ)

* * *

١-و أنت کیف واصلت مشوارك في المدینة؟

٢- ئەی تۆ چۆن لە شاردا ژیانت بردەسەر؟ ل٧٥.

٣-چۆن لە شاردا بردەوام بووی؟

* * *

١- حتی لم أترك عملاً یعتب علي.

٢– وەرگێڕانەکـەی دلاوەر: (لـە کـارێك دەرنـەکرام سەرزەنشت نەکرێم) ل٧٥.
٣– راستیەکەی: (تەنانـەت کـار نـەدەما نەیکـەم تـا گلەییم لـێبکرێ.

* * *

١– ایدیهم لامعة، ابتسامتهم تملأ الوجوه، و دون تعب كانت النوافذ تنفتح بایدیهم. أن هذه الحیاة عجیبة یا صاحبي لدرجة لا تصدق!
٢– وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (دەست و پلیان بە ئارنگ و زەردەخەنـە روخسـاریانی پۆشـیبوو، پەنجـەرەکان بـێ مـاندوویی بەدەست دەکرانـەوە.. هـاورێم! ئـەم ژیانە تا رادەیەکی وەها سەیرە کە ناچێتـە ئەقڵـەوە. ل٧٦.
٣– راسـتیەکەی وایـە: (دەسـتیان دەدرەوشـایەوە. زەردەخەنـەکانیان سـەروچاوی پڕکردبـوون و، بـێ مـاندووبوون پەنجـەرەکان بەدەسـتیان دەکرایـەوە. برادەرە ئەم ژیانە سەیرە بە رادەیەك باوەڕناکرێ..

* * *


١– و مع ذلك لم تتحدث عن المرأة في رحلة هـذه السنة كلها..!
٢– لەگـەڵ ئەوەشـا لـە گەشـتی هـەموو ئـەو ساڵانەدا لە ئافرەت نەدوای؟ ل٧٩
٣– لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرجەم گەشتی ئەمساڵدا لە بارەی ئافرەتەوە نەدوای..!

* * *

١– عرفت نساء كثیرات، لكن مثلها لم أعرف..
٢– ئـافرەتم زۆر ناسـی، بـەڵام لەشـێوەی ئـەودا نەمناسین.. ل٧٩.
٣– راستیەکەی وایە: (ئافرەتی زۆر ناسیوە، بـەڵام ئافرەتی وەکو ئەوم نەناسیوە.

* * *

١– اترید ان تقول ان حنـة ظلت في قلبك و لم تدخل اخری مكانها.
٢– وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (مەبەستت ئەوەیـە حەنـە لە دڵتا مایەوە و کەسی تری نەچووە ناو) ل ٧٩.




٣– راستیەکەی ئەمەیە: (دەتەوێ بڵێی کە حەنە لـە دڵتا مایەوە و ئافرەتێکی دیکە جێگای نەگرتەوە)

* * *

١– لا اعرف كیف اقـول لـك مـا یـدور في هـذا الـراس المتعب، و لكن اشعر بالتعاسة، لم یكن الفقر عیبـاً بالنسبة لي..
٢– نـازانم چـۆن پێـت بڵێـم کـە چـی لـەم سـەرە ماندووەدایە، بەڵام هەست بە کڵۆڵی دەکەم، هـەژاری لەلای من شوورەیی نیە) ل٨٠
٣– راستیەکەی: (نازانم چۆن پێتی بڵێم کە چی لـەم سـەرە مـاندووەدا دەخولێتـەوە، بـەڵام هەسـت بـە بەدبەختی دەکـەم، هـەژاری بـەلای منـەوە عەیبـە نەبووە)..

* * *

١- ربما تطاولت عليك..
٢- رەنگە لێم درێژ كردبێتەوە. ل٩٤.
٣- تطاول واتە دەم درێژی كردن
راستیەكەی: (لەوانەیە دەم درێژیم لەگەڵتا كردبێ).

* * *

١- و أنا اثقب جدار الصمت..
٢- كە دیواری بێدەنگی شەقار دەكەم ل٩٤.
٣- اثقب دەكاتە (كون دەكەم) نەك (شەقار دەكەم)
راستیەكەی: (كاتێ دیواری بێدەنگی كون دەكەم).

* * *

١- و ابتسم وهو يغير جلسته، كأنه ينتزع نفسه من الواحل.
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (دانیشتنەكەی گۆڕی و زەردەخەنەیەكی هاتێ، هەروەكو ئەوەی خۆی لە قوڕاوێك هێنابێتە دەرەوە) ل ٨١.
٣- راستیەكەی وایە: (بە دەم گۆڕینی دانیشتنەكەیەوە زەردەخەنەیەكی هاتێ، وەك بڵێی خۆی لە قوڕ دەردەهێنێ)

* * *

١- و بصوت اقسى من قبل واغلظ: اغرب عن وجهي ايها المنحوس، والا فأنني سادبغ جلدك.
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (بە دەنگێكی توورەتر لە جاری پێشوو وتی: نەگبەت ون بە لەبەرچاوم، ئەگینا كەوڵت ئەكەم) ل ٨٢.
٣- دبغ: پێستە خۆش كردنە نەك (كەوڵ كردن)
راستیەكەی ئەمەیە: (بە دەنگێكی رەقتر لەوەوبەرو گڕتر: لەبەرچاوم ون بە ئەگینا پێستەت دەبەم بۆ دەبەخانە)

* * *

١- ثلاث سنوات و لم تستطع ان تفهم لماذا هربت؟
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (سێ ساڵ لەگەڵیا ژیایت و نەتزانی بۆ هەڵات؟ ل ٨٥.
٣- راستیەكەی: (سێ ساڵ و نەتوانی تێبگەی بۆ هەڵهات؟)

* * *

١- انت تعرف ان ليس للسخرية مكان هنا، و لكن استغرب انك لم تنتبه في الوقت المناسب، و الم تلاحظ شيئاً؟
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (ئەم قسانە هی گاڵتە نین.. بەڵام سەیرم لێدێ چۆن لە كاتی خۆیدا ئاگادار نەبووین، چۆن لەو ماوەیەدا سەرنجی هیچ شتێكت نەداوە؟) ل ٨٥.
٣-راستیەكەی: (تۆ دەزانی گاڵتەپێكردن لێرە جێی نابێتەوە، بەڵام سەرم سووردەمێنێ كە بۆچی لە كاتی شیاودا ئاگات لەوە نەبوو، ئایا هیچ شتێك سەرنجی رانەكێشایت..؟)

* * *

١- من الخطأ يعتمد الرجل على ملاحظاته وحدها في فهم المرأة. اذا هي لم ترد ان تساعده فلن يستطيع فهمها ابداً..
٢- هەڵەیە گەر ئادەمیزاد لە تێگەیشتنی ئافرەتا، تەنها پشت بەسەرنجەكانی خۆی ببەستێ، گەر ئافرەت نەیەوێ یارمەتی بدا. پیاوەكە هەرگیز ناتوانێ تێی بگا..) ل ٨٥.
٣- وەرگێڕی كوردی تا ئێستا جیاوازی ناكات لە نێوان (الانسان) و (الرجل)، هەردوكیان بە (ئادەمیزاد) وەردەگێڕێ.
راستیەكەی وایە: (هەڵەیە پیاو بۆ تێگەیشتن لە ئافرەت پشت بە تێبینیەكانی خۆی ببەستێ، ئەگەر بێتو خۆی یارمەتی نەدا ئەگینا هەرگیز ناتوانێ لێی تێبگا.

* * *

١- انا بطيء الفهم، لا أستطيع ان افسر الاشياء الا بعد وقوعها..
٢- وەرگێڕانە كوردیەكە: (من لە تێگەیشتنا خاوم، كە شتەكان روو ئەدەن ئەوجا ئەكەومە لێكدانەوە و راڤەكردنیان) ل ٨٥.

٣- راستیەکەی وایە: (من درەنگ تێدەگەم، ناتوانم شتەکان شیکەمەوە تەنیا دوای روودانیان نەبێ)
* * *

١- الم تنجب لك اطفالا؟
٢- وەرگێرانەکە: (منداڵت لێ نەبوو؟)
٣- گەرچی خۆی ئەمە راستە (منداڵی لێت نەبوو؟)
* * *

١- لو ظلوا احياء لكانوا الان الى جانبي يلبسون سترات كثيرة و يعبرون الحدود.
٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (گەر نەمردنایە ئێستا لەگەڵم ئەبوون و تا لە سنوور ئەپەڕینەوە ئەم چاکەتانەیان لەبەرئەکرد) ل٨٥.
٣- بەڵام راستیەکەی وایە: (ئەگەر زیندووبوونایە ئێستا لە تەکم بوون و چاکەتی زۆریان لەبەر دەکرد و لە سنوور دەپەڕینەوە)
* * *

١- لا تكاد تصل الشهر الثالث او الرابع حتى تبدأ تنوح و تبكي، كانت تعكر حياتي كلها وهي حامل، حتى انها لا تترك لي فرصة لأنام. كانت تحمل الخزانة كل يوم مرتين لكي تسقط الاطفال. كانت تقفز من السرير الى الارض على كعبيها. كانت تتشاور مع الخنزيرة طوال الليل، و في كل مرة تجد لنفسها حلا..!
٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (ساواکان لە سکیدا تەمەنیان سێ و چوار مانگێك بوو، ئیتر کەوتە لاڵانەوە و گریان، بە دووگیانی هەموو ژیانی لێ تاڵ کردم، کار گەیشتە رادەیەك ئیدی نەیدەهێشت بنووم، رۆژانە گەنجینەکەی هەڵدەگرت، تا منداڵەکان لە سکیدا لەباربچن.. لەسەر سیسەمەکەوە لەسەر پاژنەی پێ بازی بۆ زەوییەکە ئەدا. بە درێژایی شەو لەگەڵ ئەو کەمتیارەدا خەریکی چەنەبازی بوو.. هەموو جارێکیش بیانوویەکی ئەدۆزییەوە) ل٨٥.
٣- الخزانة دۆڵاب نەك گەنجینەکە دەکاتە الخزینة..
الخنزيرة: مالۆس، مێینەی بەراز نە (کەمتیار) بە عەرەبی (الضبع) ە.

(الحل) ناکاتە: بیانوو بەڵکو واتای (چارەسەرە)
راستیەکەی ئەمەیە: (ناگەیشتە مانگی سێ و چوار دەستی بە نوزەنوز و گریان دەکرد، کاتێ سکی پڕبووایە ژیانی لێتێکدەدام، تەنانەت هەلێکی نەدەدام بۆ نووستنیش، رۆژی دووجار دۆڵابەکەی هەڵدەگرت تا منداڵەکەی لەبار چێ، لەسەر قەرەوێڵەکەوە لەسەر پاژنەپێ بۆ زەوییەکە بازیدەدا، بە درێژایی شەو لەگەڵ ئەو مالۆسەدا قسەی دەکرد، هەموو جارێکیش چارەسەرێکی بۆ خۆی دەدۆزیەوە).
* * *

١- و كأنهم الخراف الصغيرة التي تبول على نفسها، فلم اطق الامر...
٢- وەرگێڕی کوردی: (وەك ئەوەی کاریلەی چکۆڵەبن و میز بەخۆیاندا بکەن، حەوسەڵەم نەما).. ل٨٥.
٣- الخراف = بەرخۆڵە، نەك کاریلە.
راستیەکەی وایە: (وەك بڵێی بەرخۆڵەن و میز بەخۆیاندا دەکەن، تاقەتی مەسەلەکەم نەما.
* * *

١- اتريد أن تربيني؟
٢- (ئەتەوێ نەسیحەتم کەیت؟) ل٨٦..
٣ - دەتەوێ تەربیەتم بدەی؟
* * *

١- وضربت ألارض برجلها.
* ثلاثة شهور لم يدفع اجرة وانا ساكتة، لم اقل كلمة واحد.
* كنت اقول لنفسي لابد ان الجماعة في ضيف ولكن كما ترون من يحسن الى الناس لايلاقي غير الاساءة..
٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (قاچی بەزەوییەکەدا ئەدوا سێ مانگە نەیداوە منیش لێی بێدەنگم، تەنها وشەیەکم نەوتووە، ئەوەی چاکە بەرامبەر سپڵە بکا، خراپەی دەرحەق ئەکرێ) ل٨٧.
٣- راستیەکەی وایە: ژنەکە پێی دا بەزەویدا..

سێ مانگە کرێی نەداوە، دەنگ ناکەم، یەك وشەم نەوتووە، بەخۆمم دەوت دەبێ جەماعەت دەستیان کورت بێ، بەڵام ئەوەتا دەبینن ئەوەی چاکە لەگەڵ خەڵکی بکا لەخراپە زیاتر هیچی چنگ ناکەوێ.

* * *

١- ولا يمكن أن يقف في وجهها سوى شيء واحد.

٢- (تەنها یەك شت ئەتوانێ بەر لەجێبەجێ کردنی بگرێ).. ل٨٨.

٣- راستیەکەی: (هیچ شتێ لەرووی ناوەستێ تەنها یەك شت نەبێ).

* * *

١- فالنقود التي تدخل الى جيوبنا لاتستقر فيها، صحيح إني لم أعد أنام في العمارات الجديدة او المهجورة، اخلص من الدباغة ومن المدينة ومن كل شيء! لولا انني شعرت بتحد خفي لتركت الامر قبل أن تهرب!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ئەو پارەیەی دێتە گیرفانمانەوە لەخۆیەوە تەواو ئەبێ. راستە ئیدی لەخانووە چۆڵو تازە گەچ کاری کراوەکاندا نەئەنوستم، بەڵام کەڵکەڵەی شتی نوێ کەوتبووە سەرم.. ئەمویست لە پێستە خۆشکردن لەشار لەهەموو شتێ رزگارم بێ.. گەر بەر لەهەڵهاتنی ژنەکەم لەناخمەوە هەستم بە بەرەنگارییەکی شاراوە نەکردبا، ئەوا وازم لەکارەکەم ئەهێنا..) ل٨٨.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (ئەو پارەیەی دەچێتە گیرفانمانەوە تێدا جێگیر نابن، راستە ئیدی لە ئاپارتمانە نوێو چۆڵەکان نانووستم، بەڵام سەرم قاڵ بوو بەبیرکردنەوەی نوێ، دەمەوێ رزگارم بێ لەپێستە خۆش کردنو شارو هەموو شتێ، ئەگەر هەستم بەتەحدایەکی شاراوە نەکردبایە وازم لەمەسەلەکە دەهێنا بەر لەوەی ژنەکەم هەڵبێ..).

* * *

١- وأنتهى الامر بأن أصبحت اتعامل مع عدد محدود، وحتى هؤلاء لاحظوا الخشونة والجفاء فانكمشوا..

٢- وەرگێڕانە کوردیەکە: (کار گەییەی ئەوەی زۆربەی مشتەرییەکانم لێ تەکینەوەو تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی دیاری کراوا مامەڵەم هەبوو.. تەنانەت ئەو ژمارە کەمەش بەڕەقیو ووشکی زمانەکەم قەڵس بوون. بۆیە ئەوانیشم لی تەکینەوە) ل٨٩.

٣- راستەیەکەی: (مەسەلەکە گەیشتە ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراودا مامەڵەم دەکرد، تەنانەت ئەوانەش هەستیان بەڕەقیو وشکی من کردو کشانەوە).

* * *

١- ماكادت النقود تصل الى يدي، حتى زلزلني نداء وحيد: أن ازور قبر حنة..

٢- (هەرکە پارە هاتە دەستم، کەڵکەڵەی دیدەنی کردنی گۆڕی (حەنە) کەوتە سەرم..) ل٩١.

٣- راستیەکەی (هەر کە پارە دەگەیشتە دەستم، تا تاکە بانگەوازێك دەیهەژاندم: کە سەردانی گۆڕەکەی (حەنە) بکەم).

* * *

١- ولكن سمعت وأنا اجثو على قبر حنة صوتاً ضعيفاً أقرب الى البكاء. كان صوتها، وكان بكاؤها اهتزت كل عضلة في جسدي وانتابتني موجة حارة من البكاء..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بەڵام لەسەر گۆڕەکەی حەنە، دەنگێکی گریاناوی هاتە گوێم، دەنگی (حەنە) بوو، ئەو دەنگە گریاناوییەی گشت ماسولکەکانی جەستەمی هێنایە لەرزەو شەپۆلێکی بەکوڵی گریان هوروژمی بۆ هێنام) ل٩١..

٣- راستیەکەی وایە: (بەڵام کاتێ لەسەر گۆڕەکەی (حەنە) بەچۆکا هاتم گوێم لەدەنگێکی کز بوو نزیکتر لەگریان، دەنگی ئەو و گریانی ئەو بوو، هەر ماسولکەیەکی جەستەم هاتە لەرزینو شەپۆلێکی گەرمی گریان دایگرتم..).

* * *

١- وذاك القبر الذي حملك من اقصى الدنيا لتنثر عليه باقات من الزهر؟

٢- ئەی ئەو قەبرەی لەمپەڕی دونیاوە هەڵیگرتیت تاكو تاجە گوڵینەی لەسەر دانێی..؟
٣- أقصى، واتا: ئەوپەڕ.
باقات الزهر: واتا چەپكە گوڵ نەك تاجە گوڵینە، تاجە گوڵینە بەعەرەبی دەكاتە (اكليل).
ئەمە راستیەكەیەتی: (ئەی ئەو گۆڕەی كە لەوپەڕی دنیاوە هەڵیگرتی تا چەپكە گوڵی بەسەر بیرژێنی).

* * *

١- لم أعد املك الا الحلم.. هل تريد أن تسرقه مني؟
٢- تەنها خەون شك ئەبەم.. ئەتەوێ ئەویشم لێ زەوت كەی.
٣- سرقة: واتا دزی نەك زەوت كردن.
راستیەكەی وایە: هیچم نیە جگە خەون نەبێ، ئایا دەتەوێ ئەوەشم لێ بدزی؟

* * *

١- وهذا الشيء الوحيد الذي يخفف من عذاب هذه الحياة..
٢- تەنها شتێكیشە كە ئازاری ئەم ژیانەم لاكەم ئەكاتەوە.. ل١٠١.
٣- راستیەكەی: (تاكە شتە كە ئەشكەنجەی ئەم ژیانە سووك دەكات).

* * *

١- بدون أن يحلم الانسان ان اياماً أجمل من الايام التي يعيشها تنتظره في المحطة القادمة، أن أمرأة اجمل واكثر حنانا من زوجته تنتظره في المدينة الثانية! من أن اشجاراً أجمل الف مرة من اشجار الطيبة، التي اصبحت صفراء قاسية، سوف تنبت على الهضبات والسهول وعلى جوانب الطرق وفي كل مكان..
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (خەونە وا لەمرۆڤ ئەكا لەرۆژانێكی جوانتر لەرۆژانی ئێستای بنوارێ كە لەویستگەی ئەولاتردا چاوەڕێی ئەكەن. خەونە وا لەئافرەتێ ئەكا كە پیاوێكی قۆزترو میهرەباتر لەمێردەكەی ببینێ كە لە شارەكەی ئەولاتر چاوەڕێی ئەكا.. خەونە وائەكا درەخت ببینرێ هەزاران جار جوانتر لەدرەختە زەرد هەڵگەڕاوەكانی تیبە، كە لەسەر گردۆڵكەو لەدەشتو لەملاولای ڕێو بانو لەهەموو شوێنێكا ڕوواون.) ل١٠٢.
٣- راستیەكەی: (مرۆڤ بێ خەو بینین نازانێ كە رۆژانێكی جوانتر لەو رۆژانەی كە دەژێ لەوێستگەی داهاتوو چاوەڕێی دەكاو ئافرەتێك جوانترو بەسۆزتر لەژنەكەی خۆی لەشارێكی دیكە چاوڕێی دەكا، درەختانێك هەزار جار جوانتر لەدرەختەكانی تیبە كە زەردو رەق هەڵگەڕاون دەڕوێن لەسەر گردۆڵكەو پێ دەشتو ئەم لاو ئەولای ڕێگاكانو هەموو شوێنێكدا)..

* * *

١- لااريد أن أفسد احلامك ولكن ماذا لو حدثتني عن الاشجار الجديدة التي زرعتها في الطيبة؟
٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (نامەوێ خەونەكانت لێ بزرێنم، بەڵام بۆچی لەبارەی ئەو درەختانەوە قسەم بۆ ناكەیت كە دواتر لەتیبەدا رووانت؟ ل١٠٢.
٣- نامەوێ خەونەكانت بشێوێنم، بەڵام چی دەبێ ئەگەر بێتوو دەربارەی درەختە نوێیەكان قسەم بۆ بكەی كە لە تیبە چاندووتن.

* * *

١- لم تعد الحياة في الطيبة تشوق احداً.
٢- (ئیدی ژیان لەتیبەدا كەسی بۆ لای خۆی رانەئەكێشا).. ١٠٢.
٣- راستیەكەی: (ئیدی ژیان لەتیبە كەسی پەرۆش نەدەكرد.

* * *

١- أليس في قلبك دودة هي التي تخض هذا القلب ليل نهار؟
٢- ئەی تۆ كرمێك لەدڵتا نیەو شەوو رۆژ دڵی كۆت كردوویت؟ ل١٠٢.
٣- تخض: دەژەنێ.
راستیەكەی: (ئایا لەدڵتا كرمێك نیە كە شەوو رۆژ ئەو دڵە دەژەنێ).

* * *

١- ماتقول بي؟ هل أبدو انساناً سيئاً ونذلاً؟

٢- بەهیچم ئەزانی؟ کابرایەکی بەدو بەدخود دیارم! ل١٠٢.

٣- راستیەکەی: (بەمن چی دەڵێی؟ ئایا مرۆڤێکی خراپو بەدڕەوشتم؟

* * *

١- التقينا صدفة، وبعد قليل سنفترق، ولكن كما أتصور نفسي لست سيئاً! لم تراودني فكرة الاساءة اليك أو سرقتك، واما أن أقلد حياتك، فأن هذا ما اتمناه! فالذي سمعته حتى الان يغري.. هل تسمح ان اقلد حياتك؟.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ڕێکەوت بەیەکتری ئاشنا کردین، دوای ماوەیەك لەیەکتری جیا ئەبینەوە.. بەڵام وابزانم خەڵکێکی بەدنیم، نەمویستووە سوکایەتیت پێ بکەم.. یاخود ویستبێتم ژیانت بدزم.. بەڵام سەبارەت بەوەی کە بمەوێ لاسایی ژیانت بکەمەوە.. ئەمە ئەوەیە کە ئاواتی پێ ئەخوازم، ئەوەی تائێستا گوێم لێی بووە، شتێك بووە هاندەر.. ڕێم ئەدەی لاسایی ژیانت بکەمەوە؟. ل١٠٢.

٣- راستیەکەی وایە: بەڕێکەوت بەیەکگەیشتینو دوای تۆزێکی تر جیا دەبینەو، بەڵام وەکو خۆم بناسم خراپ نیم! بیرم لەوە نەکردووەتەوە خراپەت لەگەڵ بکەم! یان دزیت لێ بکەم، بەڵام لاسایی ژیانت بکەمەوە ئەمەیان ئاواتمە، ئەوەی تائێستا بیستووتە هاندەر بووە، ئایا یارمەتی هەیە لاسایی ژیانت بکەمەوە..؟

* * *

١- نعم ليس اكثر من الحمير.

٢- دنیا بڕوخێ بەسەر کەرا ئەکەوێ.. ل١٠٢.

٣- بەڵێ لەکەر زۆرتر چی هەیە.

* * *

١- أنك تسرف كثيراً، تسرف حتى العذاب وانت تتصور ان الاشجار التي قطعوها كانت بمثل هذه الاهمية.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (زیاد لەپێویست بەقسەکانتەوە ئەنێی. کاتێ مەزەنە ئەکەیت برینەوەی درەختەکان لەئاستی ئەوە ئەهمیەتەدایە). ل١٠٤.

٣- زۆر لەسەری دەڕۆی، تاڕادەی ئەشکەنجەدان لەسەری دەڕۆی، کاتێ پێت وایە ئەو درەختانەی کە بڕیویانەتەوە بەم جۆرە گرنگ بوون).

* * *

١- ولكن يجب ان تعرف ان هذه الدودة لا تنمو في هذه المدن..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بەڵام پێویستە بزانی ئەو کرمە لەشارا گەشە ناکا) ل١٠٤.

٣- گەشە = واتا (ازدهار)، یان (تطور).. نەك (النمو).. يجب= دەبێ، هذه = ئەمە نەك ئەو.. راستیەکەی ئەمەیە: (بەڵام دەبێ بزانی کە ئەم کرمە لەم شارانەدا شین نابێ).

* * *

١- اتصر على أن تعرف؟
نعم اذا كان اصراري مجدياً.

٢- سووریت لەسەر ئەوەی بزانیت؟

- بەڵێ.. گەر پێ داگرتنەکەم بێ هودە نەبێ!

٣- اصرار = سوور بوون. لەدیالۆگی یەکەمیان (سووریت)ی بەکار هێناوە. کەچی لەدیالۆگی دووەمیان (پێ داگرتنی) بۆ (اصرار) بەکار هێناوە.

* * *

١- الناس يعرفون ان حنة اكثر حياة بالنسبة لك من كل اهل الطيبة. اذا ارادوك فعند قبرها، واذا سمعوك تغني فتلك التي يرددها الرعاة، واذا سألك احد عن أمر أدرت ظهرت ومشيت..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (خەڵکی ئەزانن حەنە لای تۆ لەهەموو خەڵکی تیبە خۆشەویستر بوو، گەر کەسێك ئیشێکی پێت بێ لەسەر گۆڕەکەی ئەتدۆزێتەوە، گەر کەسێ بیەوێ گوێت لێ بگرێ، ئەو گۆرانیانە ئەچڕی کە بەسەر دەمی

شوانەکانەوەیە، گەر کەسێ پرسیارت لێ بکا، رووت وەرنەگێرێو ئەڕۆیت).. ل١١٠.
٣- راستیەکەی ئەمەیە: (خەڵکی دەزانن کە حەنە لەلای تۆ لەژیان زیاتر بوو. ئەگەر تۆیان ویستبایە لەلای گۆڕەکەی دەبینرای. ئەگەر گوێیان لێت بووایە گۆرانی دەڵێی، ئەو گۆرانیانە بوو کە شوانەکان دەیڵێنەوە، ئەگەر یەکێك لەمەسەلەیەك پرسیارت لێ بکا پشتی تێ دەکەیتو دەڕۆی..).

* * *

١- لم تعد صالحاً لشيء ياالياس، لو كنت عاقلاً بحثت عن أمرأة وعشت معها مثل باقي الناس!.
٢- بەکەڵکی هیچ نایەت، گەر ئاقڵ بویتایە، ئەوا وەکو هەموو خەڵکی بەدوای ئافرەتێکا ئەگەڕایتو ئەتخواست).. ل١٠١.
٣- راستیەکەی ئەمەیە: (بەکەڵکی هیچ شتێ نەماوی، ئەگەر ئاقڵ بوویتایە ئەوا بەدوای ژنێکدا دەگەڕایو لەگەڵیا دەژیای وەکو خەڵکانی دیکە)..

* * *

١- بعد ايام كنت ازور عمتي، فرحت بي اكثر من كل مرة السابقة. قالت وهي تقدم لي الشاي:
- لايحن على العود الا قشره.. لقد أبتدأت ياولدي الياس تعرف اهلك.
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (دوای چەند رۆژێك چووم بۆ لای پوورم. لەهەر جارێکی تر زیاتر بەبینینم گەشایەوە، بەدەم چا هێنانەوە وتی قەدر دگان بەلێوەوەیە، ئەلیاس کوڕی خۆم وا ئیتر خەریکە خزمایەتی ئەفامیت).. ل١١١.
٣- راستیەکەی وایە: (دوای رۆژانێك سەردانی پوورم دەکرد. زۆری پێ خۆش بوو پتر لەجارەکانی پێشوو چایەکی دامێو وتی: تەنها توێکڵ بەزەیی بەداردا دێتەوە. ئەلیاس کوڕم خەریکە کەسو کارت دەناسیتەوە).

* * *

١- تكتب لها ماتملك..
٢- (هەرچیت هەیە، ئەیخەیتە سەر ئەو). ل١١٢.
٣- راستیەکەی: (چیت هەیە دەیکەیتە ناوی ئەوەوە).

* * *

١- على خيره الله لم نرك ولم ترنا..
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (خێری پێوە بێ. مادامێ وایە تۆ بەڕێگەی خۆتا بڕۆو ئێمەیش بەڕێگەی خۆمانا..) ل١١٢.
٣- راستیەکەی وایە: (خوا خێری کات. نەتۆمان دیوەو نەتۆش ئێمەت دیوە).. یان (نەدەتناسینو نەدەماننناسی).

* * *

١- انت برأيه ماتزال رجلاً متزوجاً، ولايمكن ان يكللك مره اخرى!
٢-(ئەوە پێی وایە تۆ تائێستا خاوەن ژنیت، نایەوێ جارێکی تر ژنت لێ مارە کا) ل١١٢.
٣- يكللك: لەوشەی (اكليل)ەوە هاتووە واتا= تاجە گوڵینە لەسەرت بنێ.. راستی ئەم رستەیە وایە: (تۆ بەڕای ئەو هێشتا پیاوێکی ژنت هێناوەو ناکرێ جارێکی دیکە تاجە گوڵینەت لەسەر بنێ)..

* * *

١- الخوري سمعان لاتمتد يده الى رأسك حتى ترضيه..
٢- تاقەشە سەمعان رازی نەکەی.. دەست بەسەرتا ناهێنی.. ل١١٢.
٣- الخوري= ناکاتە (قەشە) خوری لەقەشە بچوکترە.
راستی ئەم رستەیە وایە: خوری سەمعان دەستی ناگاتە سەرت تارازی کەیت)..

* * *

١- اترك هذا الحارس الصغير.. المهم الان ان يرضى ناطور الرب..
٢- (لەو حەسحەسە گرگنە گەڕێ.. گرنگ پاسەوانەکەی خوایە).. ل١١٢.

٣- راستیەکەی ئەمەیـە: (وازبێنـە لـەو پاسـەوانە بچووکە، ئێستا گرنگ ئەوەیە کە پاسـەوانەکەی خـوا رازی بێت)..

* * *

١- ان كنت خائفاً على الاكل فالحق معك، اما اذا كنت خائفا على فأنا اعرف كيف أحافظ على نفسي..
٢- وەرگێڕانەکـەی دلاوەر: (بۆ رەزیلی‌یەکـە حـەقی خۆتە، بەڵام گەر تەندروستی منت بەلاوە گرنگە، ئەوا مەترسـە. خـۆم ئـەزانم چـۆن تەندروسـتی خـۆم ئەپارێزم). ل١١٦.
٣- راستیەکەی وایە: (ئەگەر لەخواردنەکـە دەترسی حەقی خۆتە، بەڵام ئەگەر لەمن دەترسی خۆم دەزانم چۆن خۆم دەپارێزم)..

* * *

١- عين الفقير دائماً ضيقة..
٢- (هەژاران دایمەی خوا چاو برسین) ل١١٦.
٣- راستیەکەی (هەژار هەمیشە بەرچاو تەنگە).

* * *

١- لقد جربت الاخوان والزوج فكان حظي معهم سيئا اريد الان أن اجرب حظي مع الاولاد..
٢- (دوو بـراو مـێردێکم تاقیکردۆتـەوەو شانسـم لەگەڵیاندا نەیهێناوە، ئیتر ئەمـەوێ لەمـەولا شانسی خۆم بەمناڵ تاقی بکەمەوە).. ل١١٦.
٣- راستیەکەی وایە: (دوو براو مێردم تاقی کردەوەو لەگەڵیانا بەدبەختم بـووم، دەمـەوێ ئێسـتا بـەختی خۆم لەگەڵ منداڵدا تاقی بکەمەوە).

* * *

١- ليس لدينا شيء نفعلـه الا أن نجب اولادا.. لست انا وحدي انجبهم، لو لم تكن تريد لما جاءوا..
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (جگە لەمناڵ خستنەوە چ شتێکی تر هەیە بیکەین؟ دوای ئەوە مـن تەنـها خـۆم نەمخستونەتەوە، خواسـتی تۆیشـی تیـا بـووە).. ل١١٦. رستەکەی کردووەتە رستەی پرسیار کە خۆی لە ئەسڵەکەدا رستەی پرسیار نیە.

٣- راستیەکەی وایە: (هیچمـان نیـە بیکـەین جگـە ئەوەی مناڵ بوون نەبێ، بەتەنیا خۆم نـامبن، ئەگەر نەتویسیبایە نەدەبوون).

* * *

١- وهي نائمة او هي تأكل..!
٢-وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ژنێك کە جگە لە خواردن‌و نوستن چ شتێکی تر نەزانێ؟).
٣- رستەی عەرەبیەکـە رستەی پرسیار نیـە بـەڵکو رستەی سەرسـوڕمانە، کـەچی وەرگێڕەکـە کردویـە بەرستەی پرسیار.. راستی ئـەم رستەیە ئاوهایـە: (ژنێکە یان نووستووە یان ئەوەتا نان دەخوا!.

* * *

١- * اذا لم تقل هذا فأنت تفكر فيه..
* اما الاشياء التي لا أشارك فيها الناس فهنا.
٢- * گـەر واش نـەڵێی ئـەوا بـیر لـەوەها شـتێك دەکەیتەوە.
* بەڵام ئەو شتانەی کە لەخەڵکی ترم جیا ئەکەنەوە لێرەو لەوێدایە).. ل١١٧.
٣- راستیەکەی ئەمەیە: ئەگەر ئەمەیش نەڵێی بەڵام بیری لـێ دەکەیتەوە.. بەڵام ئەو شتانەی کە خـەڵکی لـێ بەشدار ناکەم لێرەن.

* * *

١- وأي شيء يطحن هذا الحجر؟
٢- ئەو بەردە چی ئەهاڕێ؟ ل١١٧.
٣- راسـتیەکەی ئەمەیـە: (ئـەم بـەردە چـی دەیهاڕێ؟)..

* * *

١-هـذه المرة تمزح.. اذا لم تكن تمزح فمـاذا كنـا نتحدث من اول الليل؟
٢- دلاوەر وای کردووە بەکوردی: (ئیتر ئـەمجارەیان رائەبوێری. گەر رانابوێری ئەی لەسەرەتای شـەوەوە باسی چیت بۆ ئەکەم؟). ل١١٧.
٣- راستیەکەی وایـە: (ئـەمجارە گاڵتـە دەکـەی.. ئەگـەر گاڵتـە ناکـەی ئـەی لەسـەرەتای شـەوەوە لەبارەی چیەوە قسەمان دەکرد؟).

* * *

١- لاأقصد انني جاهل لهذه الدرجة،ولكن أريد أن أسمع منك مباشرة..

٢- (تا ئەم رادەیە نەزان نیم.. ئەمەوێ راستەوخۆ گوێم لێت بێ..) ل١١٨.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (مەبەستم ئەوە نیە کە من تا ئەم رادەیە نەزانم، بەڵام دەمەوێ لەخۆتەوە راستەوخۆ گوێم لێ بێ..

* * *

١- اسمع.. بعد أن عدت للطيبة اشتغلت أربع شغلات، عدا الشغلة التي امارسها الان!

٢- (گوێ بگرە دوای ئەوەی بۆ تیبە گەڕامەوە جگە لەم کاسبی‌یەی کە ئێستا ئەیکەم، چوار کاسپی ترم تاقی کردەوە).. ل١١٨.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (گوێبگرە دوای گەڕانەوەم بۆ تیبە چوار ئیشم کرد جگە لەم ئیشەی کە ئێستا دەیکەم.

* * *

١- أنت سيء الظن بالناس. لماذا تفترض دائماً أني اسخر منك؟

٢-وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (تۆ بەدگومانیت لە خەڵکی بۆچی بەردەوام هەست ئەکەیت پێت رائەبوێرم؟ ل ١١٨؟

٣- راستیەکەی وایە: (تۆ لە خەڵکی خراپ تێدەگەی، بۆچی پێت وایە هەمیشە من گاڵتەت پێدەکەم؟

* * *

١- الا تريد أحداً يساعدك يا معلم صالح..

٢- وەستا ساڵح شاگردت ناوێ..؟ ل ١٢٠.

٣- کەست ناوێ یارمەتیت بدا وەستا ساڵح؟

* * *

١- لم أعد أطيق الارض، والارض لا تطعم أحد بعد أنا أصبحت صغيرة هكذا، فأنا اعلفها طوال العام حتى يأتي الموسم، و في الموسم ترخص الثمار، لا تجد من ينقلها، و بعض الاحيان نتركها تذبل و تخرب ولو لم يحصل هذا فأنتم تأخذون المال ولا تتركون لي شيئاً!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ئیتر حەوسەڵەی زەویم نەماوە، زەویەك هێندە هاتۆتەوەیەك کە ئیدی کەسی لەسەر ناژی، بە درێژایی ساڵ تاکو وەرزی خۆی دێت خزمەتی ئەکەم، کە وەرزی خۆیشی هات میوە لە بازاڕدا هەرزان ئەبێ، کەس نیە بیانگوێزێتەوە، هەندێ جاریش لەو ناوەدا ئەگەنن گەر نەبوومایەتە نانەوا، ئێوە پارەکەتان ئەبرد و هیچتان بەش نەئەدام) ل ١٢٠.

٣- راستیەکەی وایە: (تاقەتی زەویم نەماوە، زەوی بژێوی کەس نادات دوای ئەوەی بەم جۆرە بچووك بویەوە، بەدرێژایی ساڵ پەینی دەکەم تا وەرزی دێ، لە وەرزیشدا میوە هەرزان دەبێ، کەس نادۆزیتەوە بیگوێزێتەوە، هەندێ جاریش وازیان لێدەهێنین سیس بن و بگەنن، ئەگەر ئەمە نەبوایە ئێوە پارەکەتان دەبرد و هیچتان بۆ من نامێشتەوە).

* * *

١- و هل اصبحت صاحب فرن؟ انت صانع، تعمل يوماً يقول لك صالح الاعور كش فتموت..

٢- ناشێ بڵێی خاوەنی نانەواخانەم؟ تۆ شاگردیت، چەند رۆژێکە و دوایی ساڵحەکوێر ترۆت ئەکا) ل ١٢٠.

٣- راستیەکەی ئەوەیە: (ئایا بووی بە خاوەنی نانەواخانە؟ تۆ شاگردیت، رۆژێك ئیش دەکەی و پاشان ساڵحە کوێر پێت دەڵێ کش و دەمری..

* * *

١- كن عاقلاً يا الياس، لم تعد وحيداً الان، اصبح لك زوجة و أولاد، يجب أن تفكر، بمستقبلهم..

٢- ئەلیاس ئەقڵ بێنەروە بەرخۆت، تۆ ئێستا وەك جاران زگوورتی نیت، خاوەن ژن و منداڵیت، بیرێك لە ژیان و پاشەرۆژیان بکەرەوە) ل ١٢١.

٣- راستیەکەی: (ئەلیاس ئاقڵ بە، ئێستا تۆ بە تەنیا نیت، بووی بە خاوەن ژن و منداڵ، دەبێ بیر لە ژیان و پاشەڕۆژیان بکەیتەوە.

* * *

١- دعك من النصراوي. أنه حيوان قذر، لا يفهم من الدنيا الا أن يجمع الاموال و يكدسها فوق بعضها!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (لە نەسراوی.. لەو ئاژەڵە بیفەڕە گەڕێ.. جگە لە پارە کۆکردنەوە فڕی بە دونیاوە نیە!) ل ١٢١.

٣- ڕاستیەکەی ئەوەیە: (لێگەڕێ لە نەسراوی ئەوە حەیوانێکی چەپەڵە، لە دنیا هیچ تێناگات جگە لە پارەکۆکردنەوە نەبێ و لەسەریەکیان کەڵەکەبکات).

* * *

١- عين لها ناطوراً

٢- جوتیارێکی بۆ گرت ل١٢١.

٣- ناطور: واتا پاسەوان نەك جوتیار

ڕاستیەکەی وایە: (پاسەوانێکی بۆ دامەزراند).

* * *

١- لم نعد انا والمعلم صالح على وفاق..

٢- خەریکە ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان من و وەستا ساڵحەوە) ل ١٢٤.

٣- ڕاستیەکەی وایە: من و وەستا ساڵح وەکو جاران بەینمان باش نیە.

* * *

١- انت درت في هذه الدنيا و تعرف ما يحتاجه الغرباء. و أنت فوق ذلك تفك الحرف، لا اريد مشاكل يا أليأس.. اريدك دائماً وراء الطاولة فاذا كنت امينا و نشيطاً فلن اجعلك الا راضياً.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (تۆ دنیا دیدە و شارەزایت، بە حەزی ڕێبواران ئاشنایت.. لە سەروو ئەوشەوە سەرت لە خوێندەواری دەرئەچێ. ئەلیاس نامەوێ چ تەنگ و چەڵەمەیەکم بۆ بێنێتەوە، ئەمەوێ هەمیشە لە پشت مێزەکەوە بیت.. گەر دەست پاك و گورج و گۆڵ بیت.. کرێیەکت ئەدەمێ بە دڵی خۆت) ل ١٢٥.

٣- ڕاستیەکەی وایە: (تۆ ئەم دنیایە گەڕاوی و دەزانی غەریبان چییان پێویستە، تۆ سەرەڕای ئەوەش خوێنەواریت هەیە، ئەلیاس گیروگرفتم ناوێ، دەمەوێ لە دوای مێزەکەوە دانیشی، ئەگەر ئەمین و چالاك بووی ڕازیت دەکەم).

* * *

١- انت تتعب نفسك اكثر من الاخرين.

٢- تۆ زیاد لە پێویست خەمت بە دنیاوە هەڵگرتووە. ل ١٢٦.

٣- ڕاستیەکەی وایە: (تۆ لە خەڵکانی دیکە زیاتر خۆت ماندوو دەکەی).

* * *

١- مثل كل مرة، أوهم نفسي بالراحة.. كن عاقلاً. لم تعد فرداً واحداً كما كنت من قبل. يجب ان تفكر بالأخرين و تترك نفسك..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (وەك هەر جارێکی تر خۆم خەڵەفاند بەوەی کە ئیتر حەواومەتەوە. ئەلیاس ئۆقرە بگرە، ئاقڵ بە، وەك جاران تەنها ڕەبەن نیت.. پێویستە لەمەولا بیر لە خەڵکانی تر بکەیتەوە) ل ١٢٦.

٣- ڕاستیەکەی وایە: وەکو هەموو جارێ خۆم بە ئیسراحەت دەخەڵەتێنم. ئاقڵ بە، ئێستا وەکو جاران تاکەکەسێك نیت، دەبێ بیر لە کەسانی دیمکە بکەیتەوە و واز لە خۆت بێنی).

* * *

١- ماذا تريدين ان نفعل بارضكم يا أختي؟

٢- خوشکێ زەویەکەتان چی لێ بکەم ل١٣١.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (خوشکێ دەتەوێ چی لە زەوەیکەتان بکەین؟).

* * *

١- و لكنك يا حنا أخذت الارض وقلت ان للاولاد ثلث الفرن! و يردد بصوت زجاجي ميت:

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ئاخر حەننا تۆ زەویەکەت بردو وتت موقابیلی ئەوە سێیەکی نانەواخانەکەبۆ مناڵەکان! بە دەنگێکی شوشەیی مردوو وتبووی) ل ١٣١.

٣- ڕاستیەکەی وایە: بەڵام حەننا تۆ زەویەکەت وەرگرت وتت سێیەکی نانەواخانەکەیش بۆ

منداڵەکان و بە دەنگێکی شوشەیی مردووەوە وەرامی دایەوە).

* * *

١- انت تعرفين يا ادمة أنني لا احسن العمل بالارض والارض تحتاج الى رجل فوقها.

٢- ئەدەمە تۆ ئەزانیت فرم بە زەوییەوە نییە، زەوی بۆ کەسێ باشە، بەردەوام خزمەتی کات) ل ١٣١.

٣- ئادەمە تۆ دەزانی کە من کاری زەوی باش نازانم و زەویش پێویستی بە پیاوێکە بەسەریەوە بێ).

* * *

١- تركوا الامر لي واتركوه للايام فانها تحل جميع المشاكل..

٢- مەسەلەکە بۆ خۆم جێبێڵن بۆ رۆژانی جیبێڵن.. و هەموو گیروگرفتیەکان خۆبەخۆ یەکلایی ئەبنەوە.. ل ١٣٢.

٣- واز لە مەسەلەکە بێنن ۆ خۆم وازیان لێبێنن بۆ رۆژگار کە هەموو گیروگرفتەکان چارەسەردەکات).

* * *

١- اصابني خلالها الخدر، لم أعد قادراً ان اسال احداً عن عمل..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (لەو ماوەیەدا گۆد ببووم، تاقەتم نەبوو پرسیاری ئیشێ لە هیچ کەسێ بکەم) ل ١٣٢.

٣- سوأل لێرەدا واتای پرسیار نیە بەڵکو واتای داواکردنە بۆیە راستی رستەکە ئاوهایە: (ئەو دەمە سڕبووبووم، نەمدەتوانی لە کەس داوای ئیش بکەم).

* * *

١- و مازال في الدنيا و سائل سفر كثيرة..

٢- دلاوەر وای کردووە بە کوردی: (لە دنیادا بە زۆر شت سەفەر ئەکرێ) ل ١٣٨.

٣- راستیەکەی وایە: (هێشتا لە دنیادا ئامرازی زۆری سەفەرکردن هەیە).

١- انا اعرفه ياجماعة.. أنه رجل شهم.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (خەڵکینە من ئەیناسم.. پیاوێکی حسابییە) ل ١٤٦.

٣- شهم: واتا، کەڵەمێرد یان مەرد.

راستیەکەی وایە: (برادەرینە من دەیناسم پیاوێکی مەردە).

* * *

١- لا أعرف كيف جرني الى حديث موجع.

٢- (نەمزانی چۆن لە ئاخاوتنێکی قۆڕییەوەی گلاندم) ل ١٤٦.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (نازانم چۆن راکێشام بۆ باسێکی سەریەشاوی)..

* * *

١- مثل عادتك، عندك اعذار

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بۆتە عادەتت، داییم بیانووت هەیە) ل ١٤٦.

٣- راستیەکەی: (وەکو عادەتتە، پاکانەی خۆت هەیە).

* * *

١- اسمح لي هذه المرة.. المرة القادمة اذا جئت

٢- (ئەمجارەیان لێم ببورە. ئەگەر جارێکی تر بێی) ل١٤٦.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (ئەمجارە رێگەم بدە، جاری داهاتوو ئەگەر هاتی).

* * *

١- و ماذا نشرب الان؟

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (ئەی ئێستا چی قوزەڵقورت کەین؟) ل ١٤٦.

٣- راستیەکەی: (ئێستا چی بخۆینەوە؟).

* * *

١- يا أخي في راسي مائة مشكلة و لكني لم أنس الدواء.

٢- (براگیان.. سەرەرای هەموو گیروگرفتەکانی خۆم.. دەرمانەکەم بیرنەچوو) ل ١٤٦.

٣- راستیەکەی: (برام، سەرم سەد گێرمەوکیشەی تیایە، بەڵام دەرمانەکەم لەبیرنەچووبوو).

* * *

١- و من اجل جلد المور يجب أن يتحول خط الأستواء الى قطب اسود.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بۆ پێستە سمۆرە پێویستە هێڵی ئیستیوا ببێتە قوتبی شێر) ل ١٤٧.

٣- المور: سمۆرە نیە و لە (المنجد) دا هاتووە (المور، جنس من الخراف).

اسود: لێرە دەکاتە رەش نەك کۆی (اسد)

راستیەکەی ئەمەیە: (لەپێناوی پێستەی (مور) دا دەبێ هێڵی ئیستیوا ببی بە قوتبێکی رەش).

* * *

١- اصبح هذه الايام حريصاً !

٢- ( بەم دووایيە رەزیل و چرووك بووە) ل ١٤٨.

٣- راستیەکەی: (لەم رۆژانە وریابووە). یان (ئاگای لە خۆیەتی).

* * *

١- هكذا يقول الكبار المجوفو الخدود خوفاً من الموت.

٢- پیرەمێرە چاو بەقوڵاچووەکان لە ترسی مەرگ وا ئەڵێن) ل ١٤٦.

٣- راستیەکەی: (پیرەمێردە روومەت قوپاوەکان).

* * *

١- الله يسامحك انت.. اتنكر؟

٢- (خوا تۆ عافووکا.. ئەتەوێ نەیدەیت؟) ل ١٤٨.

٣- راستیەکەی: (خوا لێت خۆش بێ، نکوولی لێدەکەی؟)

* * *

١- السفر سياحة أم عمل؟

٢- سەفەرەکەت بۆ کاسپیيە یان بۆ سیاحەت؟ ل ١٤٩.

٣- وەرگێڕ لە وەرگێرانی ئەم رۆمانەدا بەرامبەر بە وشەی (العمل) (کاسپی) بەکارهێناوە، گەرچی (العمل) دەکاتە (کار)، کاسپیش لە وشەی (کسب) ی عەرەبییەوە هاتووە.

* * *

١- اثار؟ هل تحمل موافقة؟

٢- شوێنەوار؟ ئیجازەت پییە؟

٣- راستیەکەی: (رەزامەندیت هەیە)

* * *

١- كتب تأريخ و كتب عامة.

٢- کتێبی مێژوو و جۆراوجۆر) ل ١٥١.

٣- کتێبی مێژو و کتێبی گشتی.

* * *

١- التنقيب عن الماضي؟

٢- (هەڵکوڵینی رابردوو) ل ١٥١.

٣- التنقيب: واتا (پشکنین) نەك هەڵکوڵین.

راستیەکەی ئەمەیە: (پشکنین لە رابردوو)

* * *

١- ما هو موضوعه؟

٢- (ئەو کتێبە باسی چی دەکا)؟ ل ١٥٢

٣- راستیەکەی: (بابەتەکەی چیيە؟.

* * *

١- هل تعرف الشخص الذي كان يجلس هنا؟ هل انتما معاً؟

٢- ئەو کابرایەت ئەناسی کە لاتەوە دانیشتبوو؟ ئەوەی کە پێکەوە بوون؟ ل ١٥٥

٣- راستیەکەی: (ئایا ئەو کەسەت دەناسی کە لێرە دانیشتبوو؟ ئایا پێکەوەن؟).

* * *

١- هل منصور دائم السكوت مثلما اراه الان؟

٢- مەنسور هەروا مەنگە؟ ل ١٦٦

٣- راستیەکەی: (ئایا مەنسور هەمیشە بێ دەنگە وەکو ئێستا دەیبینم؟)

* * *

١- لا يتكلم مثل باقي الاولاد، ولكن اذا اراد شيئاً لا يمكن لاحد أن يمنعه.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (وەك منالانی تر نادوێ.. بەلام گەر شتێکی بوێ چ قورەتە کەس بتوانێ رێی لێبگرێ) ل١٦٦.

٣- راستیەکەی: (وەکو منداڵەکانی دیکە قسە ناکات، بەڵام ئەگەر شتێکی بوێ کەس ناتوانێ ڕێگای لێبگرێ).

* * *

١- الجروح في كل مكان من جسمه، على خده، على يده، و قبل ايام أكتشفت صدفة جرحاً عميقاً في ساقه،.. وأشارت الى مكان مرتفع من الساق، و صمتت بحزن، ثم قالت: (الشقاوة في دمه).

٢- هەموو جێگەیەکی لەشی برینە، سەر ڕوومەتی، گۆنای، سەردەستی. چەند ڕۆژێ لەمەوبەر بە ڕێکەوت جێگە برینێکی قووڵم لەسەر ڕانی بینی — بە هەناسە هەڵکێشانەوە بێدەنگ بوو.. پاشان وتی: (سەرچڵیی چۆتە ئێنیەوە).. ل ١٦٦.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (برین هەموو شوێنێکی لەشی گرتوەتەوە، لەسەر ڕوومەتی، لەسەر دەستی، چەند ڕۆژێ لەمەوبەر بە ڕێکەوت برینێکی قووڵم لە قاچی ئاشکراکرد.. دەستی درێژکرد بۆ شوێنێکی بەرزی قاچی، بە خەمەوە بێدەنگ بوو، پاشان وتی: (بەرەڵایی لە خوێنەکەیدایە).

* * *

١- ايها الاحول سأحطم راسك و اجعلك مثل كلب.

٢- هەی خێلە، سەرت ئەشکێنم و ئەتکەمە سەگ..

٣- راستیەکەی: (ئەی خێلە، سەرت دادەڕزێنم وەکو سەگت لێدەکەم).

* * *

١- الا تتركون هذه الكتب..

٢- بۆچی واز لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە ناهێنن؟ ل ١٦٨.

٣- راستیەکەی ئاوهایە: (بۆ واز لەو کتێبانە ناهێنن؟)

* * *

١- المعلم اوصانا بمطالعة هذا الكتاب.

٢- مامۆستا داوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لێکردووین) ل ١٦٨

٣- لێرەدا مەبەست یەك کتێبە کە ئەویش کتێبی (النبي) _جبران خليل جبران)ە بۆیە راستیەکەی ئەمەیە: (مامۆستا ڕایسپاردین ئەو کتێبە سەعی بکەین).

* * *

١- اشتر او اترك ياعم. حاجات مثل الذهب، مرة واحدة في العمر هذه الحاجات لا تحصل كل يوم، اشتر وامش.

٢- (مامە یان بیکڕە یان فەرموو بە ڕێگەی خۆتەوە برۆ. ئەم کەل و پەلانە ئاڵتونن.. ئاڵتون.. هەلی عومرە. هەموو ڕۆژێك کەل و پەلی واتان دەست ناکەوێ. یان بیکڕە، یان بە ڕێگەی خۆتەوە برۆ) ل ١٧٨.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (بکڕە یان لێی گەڕێ مامە، شت و مەك وەکو زێڕ وایە، لە تەمەنی خۆت جارێکە، ئەم شت و مەکانە هەموو ڕۆژێ نیە، بکڕە یان برۆ).

* * *

١- انت عجوز خرف، لا تعرف، ماذا حصل في الدنيا؟

٢- تۆ پیرەمێردێکی خەڵەفاویت، فرت بە دنیاوە نیە! ل ١٧٨.

٣- (تۆ پیرەمێردێکی خەڵەفاویت، نازانی لە دنیا چی ڕوویداوە).

* * *

١- اشترأو امش..

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (یان بیکڕە یاخود عارەبانەکەت ڕکێشە) ل ١٧٨.

٣- راستیەکەی: (بکڕە یان برۆ).

* * *

١- الذي حصل حتى الان ان العرب لم تكن تحكم نفسها، لو كانت العرب حرة و لها كلمتها لما ظل حجر على حجر..

٢- هۆی ئەم کارەساتانە ئەوەیە کە عارەب تا ئێستا خاوەنی خۆیان نەبوون. گەر عارەب ئازاد و خاوەنی

قسـەی خۆیـان بـان، ئـەوا داریـان بەسـەر بـەردەوە نەئەهێشت) ل ١٧٩.

٣- راستیەکەی ئاوهایە: (ئەوەی تا ئێستا رووی‌داوە لەبەرئەوە بووە عـەرەب حوکمی خۆیـان نـەکردووە. ئەگەر عەرەب سەربەست بوونایە و خـاوەنی قسـەی خۆیـان بوونایـە ئـەگینا بـەردی بەسـەر بـەردەوە نەدەما..

* * *

١- بدا الغراب البين

٢- (قەلە رەشی شووم نوقلانەی لێدا..) ل ١٧٩

٣- راسـتیەکەی: ((قەلەرەشـی ئاشـووب بـەدیار کەوت).

* * *

١- الدنيا في اولها.. لا تفرحوا كثيراً.

٢- (هێشتا ئەووەڵێ دنیایە.. زۆر گەشـبین مـەبن) ل ١٧٩.

٣- گەشـبین: تفـاؤل نـەك فـرح. بۆیـە راسـتیەکەی ئاوهایە: (دنیا هەوەڵیەتی.. زۆر دڵخۆش مەبن..

* * *

١- راحت تلك الايام التي كنا فيها نساق مثل النعاج.. اليوم دورنا!

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (ئـەو رۆژانـە تێپـەڕین کـە وەك گایەل یەخ ئـەدراین.. ئیـتر نـۆرەی خۆمانـە! ل ١٧٩

٣- راحت: واتای رۆیشت نە (تێپەڕی).

النعاج: دەکاتە (مەڕ) نەك (گایەل).

یەخ ئـەدراین: واتـا یـەخ دانـی حوشـتر نـەك رانەمەڕ لێخوڕین.

راستیەکەی ئەمەیە: (ئەو رۆژانـە رۆیشـتن کـە وەکو رانەمـەڕ وەبـەر خۆیـان دەدایـن، ئـەمڕۆ رۆڵـی ئێمەیە..

* * *

١- ماذا فعلت حتى الان؟

٢- ئێستا گەییویتە کوێ؟ ل ١٩٠.

٣- راستیەکەی وایە: (تا ئێستا چیت کردوە؟).

* * *

١- رايتـها عـدة مـرات، تحدثنـا في امـور كثـيرة، و قـد لمحت لها برغبتي، و قلت لمنى ان تسألها.

٢- وەرگێرانەکـەی دلاوەر: (چـەند جـارێك یـەکترمان دیـوە. قسـەمان لـەبارەی زۆر شـتەوە کـردوە، ناڕاستەوخۆ پێـم وتـووە کـە نیـازێکی وام هەیـە. بـە (مونا)شم وتووە لەوبارەیـەوە پرسـیاری لـێ بکـا) ل ١٩٠.

٣- راستیەکەی وایە: (چـەند جـارێك دیومـە، لـە زۆر مەسەلە دواوین، ئـارەزووی خـۆم بـۆ درکـاندوە و بـە (مونا)شم وت لـێی بپرسێ).

* * *

١- قلت لنفسي لن اقرر شيئاً قبل أن اسألك.

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (بڕیـارم دابـوو بەرلـەوەی پرسیارت لـێنەکەم چ هەنگاوێ نەنێم) ل ١٩١.

٣- راسـتیەکەی ئەمەیـە: (بـەخۆمم وت هیـچ شـتێ بڕیار نادەم بەرلەوەی لە تۆ نەپرسم).

* * *

١- استطيع ان اشرب كل خمور العالم..

٢- وەرگێرانەکـەی دلاوەر: (ئامـادەم هـەموو بـادەی دونیا بخۆمەوە) ل ١٩٢.

٣- راستیەکەی ئاوهایە: (دەتوانم هەمو مەی جیـهان بخۆمەوە).

* * *

١- الليل ما يزال في أوله، لماذا تسرع؟

٢- هێشتا ئێوارەیە، پەلەی چیتە؟ ل ١٩٢.

٣- هێشتا سەرەتای شەوە، بۆ پەلە دەکەی.

* * *

١- مازال الامر بعيداً، ليست قبل سنة أو سنتين..

٢- هێشتا ماویەتی، ساڵێ دوو ساڵی تـر ئەخایـەنێ) ل ١٩٣.

٣- راستیەکەی وایە: (هێشتا مەسەلەکە دوورە، نەك بەر لە ساڵ و دوو ساڵ)

* * *

١- هل تمزح؟ نظر الي يقرأ افكاري في عيني، قال يتابع، لم افكر بالموضوع بعد، سابق لاوانه الان!

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (رائەبوێری؟ سەیری کردم تا روخسارم بخوێنێتەوە.. وتی: هێشتا بیرم لەوە نەکردوەتەوە زۆری ماوە) ل ١٩٣.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (ئایا گاڵتەدەکەی؟ سەیری کردم لە چاوما بیرکردنەوەکانمی دەخوێندەوە، وتی و بەردەوام بوو: هێشتا بیرم لە مەوزوعەکە نەکردوەتەوە، هێشتا وەختی نەهاتووە).

* * *

١- في الاسكندرية، مرسى مطروح، واذا ساعدتني الظروف قد أسافر الى اليونان.

٢- با بزانین دلاوەر چۆنی وەرگێراوە: (لە ئەسکەندەریە بێ، لە بەندەری مەتروح بێ، خۆ ئەگەر زروفم لەبار بێ رەنگە بچم بۆ یۆنان) ل ١٩٣.

٣- سەیرلەوەدایە وەرگێر وشەی (مرسى) بە بەندەر تێگەیشتووە.. وەلێ (مرسى مطروح) شارێکە لە باکووری رۆژئاوای میسر بەوناوە، ئەمەیان بێئاگایی وەرگێر دەگەیەنێ لە گوجرافیا. راستی ئەم پەرەگرافە وایە: (لە ئەسکەندەریە، یان مرسى مطروح، ئەگەر زروف یارمەتیم بدا سەفەر ئەکەم بۆ گریکستان.)

* * *

١- و هل تتصور انني سأقوم بهذه المراسيم؟

٢- بۆ پێت وایە من نیازی وەها ئەتەکێتێکم هەیە) ل ١٩٣.

٣- ئایا پێت وایە کە من ئەم رێورەسمانە دەکەم؟)

* * *

١- ان نبعد رحاب عن هذه السهرة.

٢- (ناوی رەحاب لەم دانیشتنەدا نەهێنین) ل ١٩٤.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (رەحاب دوورخەینەوە لەم شەوچەرەیە)

* * *

١- هكذا أريد.

- هل تخاف عليها؟

- ليس موضوع خوف، ولكن أفضل ان نتركها. هذه جلسة سكر، و نريد أن نشرب دون حرج.

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (وام پێباشە،

- ئەترسیت؟

- مەسەلەکە ترس نییە، بەڵام وا باشترە ناوی نەبەین ئێرە شوێنی خواردنەوەیە و ئێمەش ئەمانەوێ بە ئیسراحەوت بخۆینەوە) ل ١٩٤.

٣- راستیەکەی وایە:

ئاوهام دەوێ..

- ئایا لێی دەترسی.

- مەوزوعەکە ترس نیە، بەڵام باشترە لێی بگەرێین، ئەمە دانشتنی سەرخۆشیە، دەمانەوێ بەبێ ئیحراج بخۆینەوە)

* * *

١- رحاب بالنسبة لي كما هي بالنسة لك. اعزها مثلك و اكثر منك.

٢- رەحاب چەند بەلای تۆوە گرنگە، بەلای منیشەوە گرنگە، وەك تۆ رێزی ئەگرم، بگرە لە تۆ زیاتریش) ل ١٩٤.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (رەحاب بەلای منیشەوە وایە وەکو چۆن بەلای تۆوە، وەکو تۆ لای من ئازیزە و لە تۆ زیاتر)

* * *

١- رب رحاب.. دين رحاب.. حل عنها يا أخي!

٢- (رەحاب.. رەحاب.. کاکی برا.. باسی مەکە) ل ١٩٥.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (لە خوای رەحاب.. لە ئایینی رەحاب.. برام وازی لێبێنە).

* * *

١- أشرب ايها المقبل على الهلاك!

٢- بخۆرەوە ئەی ئەوەی وای بەسەر لێواری نغرۆبونەوە) ل ١٩٥.

٣- (الهلاك) ناکاتە (نغرۆبوون) بەڵکو واتای (لەناوچوونە).

راستیەکەی وایە: بخۆرەوە هەی ئەو کەسەی بەرەو لەناوچوونی.

* * *

١- يمكن أن تنزلي الى البحر.

- أريد أن اخلص من هذا البرد القاسي.

٢- ئەتوانیت بچیتە کەنار دەریا.

- ئەمەوێ لەم سەرما دڵرەقە رزگارم بێ) ل ١٩٨.

٣- القاسي: واتا سەخت نەك دڵرەق.

راستی ئەو دوو رستەیە وایە:

- دەتوانی دابەزی بۆ نێو دەریا

- دەمەوێ لەم سەرما سەختە رزگارم بێ.

* * *

١- ليست بلادنا مثل بلادكم.

٢- (لایئێمە وەك لای ئێوە نیە) ل ١٩٩.

٣- وڵاتی ئێمە وەکو وڵاتی ئێوە نیە.

* * *

١- أتصور أن الانسان حين يتحدث عن وطنه يتحدث عن الرغبة والحنين.

٢- (من پێم وایە کاتێ ئادەمیزاد باسی وڵاتەکەی خۆی ئەکا. بە خولیا و تامەزرۆبوونەوە باسی ئەکا) ل٢٠٠.

٣- راستیەکەی وایە: وا بزانم کە مرۆڤ کاتێ باسی نیشتمانەکەی دەکات، باسی ئارەزوو سۆز دەکات..

* * *

١- لان حياتنا تافهه و تحتاج الى أن تدمر، ان تحرق..

٢- (لەبەرئەوەی ژینمان لەوێ بێ مانایە و پێویستە هیچی بەسەر هیچەوە نەهێڵرێ.. بسوتێنرێ) ل٢٠٠.

٣- چونکی ژیانمان هیچ و پووچە و پێوستی بە وێران کردن و سووتاندن هەیە..

* * *

١- و غارق فيها.

٢- (تیایدا قاڵ بوویت) ل ٢٠٠.

٣- تێیدا نووقم بوویت.

* * *

١- تأكد يا منصور أنني لم أكن اجهل ما تتكلم عنه مثلما الامر الان. منذ أول الليل و أنت تتحدث عن امور غامضة. الدماء، المزابل.. ولا اعرف أي شي أخر. انا لا أفهم ما تقوله.

٢- مەنسور.. دڵنیابە ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر سەر لە قسەکانت دەرناکەم.. تۆ هەر لە یەکەمین شەوەو شتی سەیر باس ئەکەیت، خوێن..زبڵ.. جگە لەو قسانە چ شتێکی ترم لەتۆ نەبیستووە، نازانم باسی چی ئەکەی..) ل ٢٠٠.

٣- دڵنیابە مەنسور. ئەوەی باست دەکرد لێی دەگەیشتم وەکو ئێستا نەبوو، هەر لە سەرەتای شەوەوە دەربارەی مەسەلەی ئاڵۆز قسان دەکەی: خوێن، سەرانگوێلەکان، نازانم ئیدی چی تریش. ئەوەی دەیڵێی لێی تێناگەم!

* * *

١- الجواب بديهي، اقصد الارض كروية، ولا يمكن للانسان ان يشك في ذلك لحظة واحدة.

٢- خرێتی عەرد شتێکی بەڵگەنەویستە.. ئادەمیزاد بۆ تەنها ساتێك ناتوانێ گومان لەوەبکا) ل٢٠١.

٣- وەڵامەکە ئاساییە، مەبەستم کە زەوی خڕە، ناکرێ مرۆڤ گومان لەوە بکا بۆ تەنها ساتێکیش..

* * *

١- و هكذا يمثل لقاء عالمينا.. اما السؤال الثاني فهو ما تفترضينه بديهياً. والاطفال في المدارس يرددونه مثلما يرددون اسمائهم، ولا يعرفون شيئاً غيره. ان هذا مدار خلاف كبير في بلادنا.

٢- وەرگێرانەکەی دلاوەر: (ئەوەش لە بەیەك گەیشتنی هەردوو دونیاکەی ئێمە ئەچێ. سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش کە تۆ بە بەڵگەنەویستی دائەنێیت و منالان لە قوتابخانەکانا وەکو ناوی خۆیان لەبەریانە و جگە لەوە شتێکی تر نازانن.. کەچی ئەوە لە وڵاتەکەی منا، هەر لە ئەزەلەوە تا ئێستا بۆتە تەوەری گومانێکی گەورە) ل ٢٠١.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (ئەمەیش بەیەکگەیشتنی هەردوو جیهانی من و تۆیە. بەڵام پرسیاری دووەم کە تۆ بە ئاسایی دایدەنێی و منداڵان لە قوتابخانەکاندا دەیڵێنەوە وەکو چۆن ناوی خۆیان دەڵێنەوە و هیچی تر جگە لەوە نازانن ئەمەیش خولگەی ناکۆکیەکی گەورەیە لە وڵاتی ئێمەدا هەر لە ئەزەلەوە تا ئێستا).

* * *

١- من فرط سرعة الدوران أصبت بالدوار، فلم أعرف اين ابتدأنا و اين انتهينا.

٢- (خێرایی ئەو سوڕانەوەیە گێژی کردم. نازانم لەکوێوە دەستمان پێکرد و لەکوێدا تەواوبووین) ل ٢٠١.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (لەبەر زۆر خێرایی خولانەوەکە تووشی سەرەگێژکە بووم، نەمزانی لەکوێ دەستمان پێکرد و لەکوێ تەواومان کرد.

* * *

١- كاترين، ايتها الصغيرة المحبوبة، ليس عندي كلمات، و لكن جحب ان تعرفي اننا من عالمين مختلفين التقينا في نقطة، و لكن كل عالم منا سيواصل رحلته سيظل يمشي الى اخر الدنيا، الى اخر الحياة دون ان نلتقي مرة أخرى.

٢- با بزانین دلاوەر چۆنی کردوە بە کوردی (کاترین، کچە چکۆڵە نازدارەکە.. ئیدی چ وشەیەکم پێ نییە، بەڵام پێویستە بزانیت کە ئێمە لە دوو دنیای جیاوازەوە هاتین و لە خاڵێکا بەیەکگەیشتین، هەر دونیایەك لە ئێمە بەرێی خۆیدا ئەڕوا.. تا ئەوپەڕی جیهان.. تا ئەوپەڕێ ژیان ئەڕواو جارێکی تر بەیەك ناگەینەوە) ل ٢٠٢.

٣- لەم پەرەگرافەدا دوو وشە بەکارهاتووە( العالم) (الدنيا) بەمانای جیاواز لە عەرەبیەکە. بەڵام وەرگێڕلە کوردیەکەدا هەردووکیانی کردووە بە (دونیا) کەچی لە کوردیدا بەرامبەر وشەی (العالم) وشەی (جیهان) هەیە لە عەرەبیدا زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان (العالم) کە نێرە و (الدنيا) دا کە مێیە.

ڕاستی ئەم پەرەگرافە ئاوهایە: (کاترین، هەی کچۆڵە خۆشەویستەکە، هیچ قسەم پێ نیە، بەڵام دەبێ بزانی ئێمە لە دوو جیهانی جیاوازین و لە خاڵێکدا یەکمانگرت. بەڵام هەریەك لە جیهانەکەی ئێمە بەردەوامە لە گەشتی خۆی. تا کۆتایی دنیا دەڕوا، تا کۆتایی ژیان بێ ئەوەی جارێکی دیکە بەیەك بگەینەوە).

* * *

١- و منذ الايام الاولى راودتني افكار رائعة.
- و لكن عندما افكر بذلك الشبح..
- انت لا تصلحين لان تذهبي معي مهما حاولت أن تقوالي الان.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر:
- هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە کە تۆم ناسی خەیاڵی جوان جوان بە هزرما هات..
- بەڵام کاتێ بیر لەو دێوەزمەیە ئەکەمەوە.
- تۆ ئێستا هەرچەندێ پێداگریت ناکرێ لەگەڵما بێیت) ل ٢٠٢.

٣- الشبح: واتا (تارمایی) نەك (دێوەزمە) لەلاپەڕەی دواتر وشەی (الكابوس) ی کردووە بە (دێوەزمە).

ڕاستی ئەم دێڕانە ئاوهایە:
- هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە بیرۆکەی جوان بە مێشکمدا دەهات.
- بەڵام کە بیر لەو تارمایە دەکەمەوە.
- تۆ ناشێی لەگەڵما بێیت هەرچەندێ هەوڵدەی بڵێی ئێستا.

* * *

١- و أنا انتزع نفسي من هذا الحب.

٢- خۆم لەو خۆشەویستی‌یە دائەماڵم) ل ٢٠٣.

٣- انتزع: واتا دەرهێنان، نەك داماڵین

* * *

١- تقصد علاقتنا؟

٢- مەبەستت خۆشەویستیەکەمانە؟ ل ٢٠٤.

٣- ڕاستیەکەی: (مەبەستت پەیوەندیەکەمانە؟)

* * *

١– لقد اتفقنا قبل الان ان نظل اصدقاء، ان تكتب لي عن كل شيء، عن حياة الجديدة و افكارك واحلامك.

٢– وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (لەمەویەر بەڵێنمان بە یەکدی دابوو کەهەر هاوڕێ بین، بەڵێنت دابوو لەبارەی هەموو شتێکەوە نامەم بۆ بنووسیت. لەبارەی ژیانی خۆتەوە لەوێ. لەبارەی خەون و پرۆژەکانتەوە) ل ٢٠٤.

٣– بەرلە ئێستا رێکەوتین بە برادەر بمێنینەوە، لەبارەی هەمو شتێکەوە بۆم بنووسی، دەربارەی ژیانی نوێ و بیرکردنەوە و خەونەکانت).

* * *

١– كأنك تفتش عن المتاعب، تريد ان تعذب نفسك تكفيرا عن الخطيئة التي تمارسها الان.

٢– (پێئەچێ حەزکەیت بەدوای سەرئێشەدا بگەڕێی، حەز بکەیت ئازاری خۆت بەیت لە تۆڵەی ئەو گوناهەدا کە ئێستا ئەنجامی ئەدەیت) ل ٢٠٤.

٣– وەك بڵێی بەدوای گێروگرفتدا بگەڕێی، دەتەوێ ئازاری خۆت بدەی بۆ پاككردنەوەی ئەو گوناهەی کەئێستا دەیکەی..

* * *

١– دعنا من هذا الان، مثلما اتفقنا احسن.

٢– (ئێستا لەوەگەڕێ، هەروەك بڕیارەکەی خۆمان باشترە) ل ٢٠٥.

٣– راستیەکەی ئەمەیە: (ئێستا وازمان بێنە لەوە وەکو رێکەوتین باشترە).

* * *

١– يمكن ان تؤمن المبلغ.

- اعتقد اننا تساهلنا اكثر مما يجب.
- لنؤجل كل شيء الان. واترك لي فرصة لافكر

٢– وەرگێڕانەکەی دلاوەر بۆ ئەم رستانە:

- پەیایکە.
- پێم وایە زیاد لە پێویست دابەزین.
- با ئێستا هەموو شتێ هەڵگرین.. دەرفەتێکم بدەرێ بیری تیا بکەمەوە) ل ٢١٠.

٣– راستی ئەم رستانەش ئەمەیە:

- دەتوانی پارەکە دابین بکەی.
- بە بڕوای من زیاد لە پێویست لێگەڕاین.
- با ئێستا هەموو شتێ بخەینە لاوە. هەلێکم بەرێ تا بیربکەمەوە.

* * *

١– لا اشترط ان يتم الزواج فوراً

٢– (نامەوێ هەر ئێستا ژن هێنانەکە تەواوبێ) ل ٢١١.

٣– راستیەکەی ئەمەیە: (مەرجی ئەوە دانانێم دەسبەجێ زەماوەند بکرێ..

* * *

١– تزوجت سهام بعد أربعة اشهر من تركي العمل جاء مهندس و تزوجها.

٢– (چوار مانگ دوای دەرکردنم لە زانکۆ سیهام شووی کرد ئەندازیارێك چووە داوای شووی پێکرد و لەگەڵیدا سەفەری کرد) ل ٢١١.

٣– راستیەکەوی وایە: (سیهام دوای چوار مانگ لە کار وازهێنام ئەندازیارێك هات و خواستی و لەگەڵیا سەفەری کرد.)

* * *

١– ليس لي راي..

٢– ( من هەقم نییە) ل ٢١٣.

٢– من رەئیم نیە.

* * *

١– هل تريد أن تحرجني؟

٢– ( ئیمتیحانم ئەکەیت؟) ل ٢١٤

٣– راستیەکەی ئەمەیە: (ئایا دەتەوێ ئیحراجم کەیت؟)

* * *

١– و بعدها يمكن ان نرتب كل شيء بعناية!

٢– ( دواتر ئەتوانین لەسەرخۆ بپەرژێینە سەر هەموو شتێ) ل ٢١٤.

٣– راستیەکەی ئەمەیە: (پاشان دەکرێ هەموو شێ بە دڵ و داو رێك بخەین.

* * *

١- هل يمكن ان نخلص من هذه التقاليد السخيفة، و من الركام الابله التي يسمونه جهاز.

٢- (تاكرێ خۆمـان لـەو داب و نەريتـە خراپانـە رزگاركەين. ؟ لەو شتە هيچ و پووچەی كە ناويان ناوە جيازی؟) ل ٢١٤.


٣- راستيەكەی: ئايا دەبی رزگارمان بێ لـەم نەريتە چەپەڵانە لەو پاشماوە گەمژەيەی كە پـێی دەڵێن جيازی)

* * *

١- سوف اتذكر هذه الايام الثلاثة اكثر من الايام الاخرى.

٢- وەرگێڕانەكەی دلاوەر: (ئەم سێ رۆژە لە هەموو رۆژانی تر زياتر لە يادەوەريما رۆچووە) ل ٢١٥.

٣- راستيەكەی ئەمەيە: (ئەو سێ رۆژەم زياتر




بيردەكەوێتەوە لە رۆژانی ديكە).

* * *

١- لان وجودك سيبقى حاضر معي و لن أحتمل أن تأتي امراة مكانك.

٢- (لەبەرئەوەی تازە بوونت لـە بوونمايە و نامەوێ چ ئافرەتێكی تر جێگەت بگرێتەوەی) ل ٢١٦.

٣- چونكـی بوونـت لەگـەڵمدا ئامـادەگی دەبـێ و ئافرەتێكی ديكە بێتە جێگات پێم تەحمول ناكرێ.)

* * *

١- و صمت أريد ان أتذكر الدفء الحاد واصابعها تنغرز في لحمي المحروق، و قلت وانا اتذكر كل شيء.

٢- وەرگێڕانەكـەی دلاوەر: (بێدەنـگ بـووم و ئەمويست گەرم و گـوڕی پەنجەكانيم بيربێتـەوە ئـەو كاتەی بە پێستە سوتاوەكەما رۆنەچوون كاتێ بيری هەموو شتێكم كەوتەوە وتم) ل ٢١٦.

٣- راستيەكەی ئەمەيە: (بێدەنگ بووم دەمـەوێ گەرمايە تيژەكـەيم بيركەوێتـەوە كـە پەنجـەكانی لـە گۆشتە سووتاوەكەم دەچەقين وتم و هـەمو شتێكم لەبيرە).

* * *

١- كيف انقلها اليك بكلمات!

٢- نازانم چۆن بيانكەمە وشە.

٣- راستيەكەی وايە: (چۆن بـە وشـە بيانگەيەنمـە تۆ).

* * *

١- لم يبق الا وقت قصير و تذهبين.

٢- (تاوێكی تر ئەڕۆيت) ل ٢١٦.

٣- ئەمە راستيەكەيەتی: (ئەوەندەی نـەماوە جگـە كاتێكی كورت نەبێ و دەڕۆی).

* * *

١- قلت دون ان افكر: اتمني ان يحصل ذلك.

٢- (بێبيركردنەوە وتم: ئاواتی پێ ئەخوازم) ل ٢١٦.

٣- راستيەكەی وايە: (وتم بێئـەوەی بيربكـەوە: ئاواتمە ئەمە روويدات).

* * *

١- انهم لا يريدون من السؤال الا أن يتحرشوا.
٢- (بۆیە پرسیار ئەکەن تا لێت نزیك بنەوە!) ٢٢١.
٣- ئەوان لە پرسیارکردن هیچیان ناوێ جگە لە شەڕفرۆشتن نەبێ.

* * *

١- هل يجب أن ابقى خرساء؟
٢- (واتە ئەبێ قوڕوقەپی لێبکەم) ل ٢٢١.
٣- خرساء: واتا لاڵ یان کچی لاڵ. ڕاستیەکەی وایە: ((ئایا دەبێ لاڵ بم).

* * *

١- انا لا أقول انك كذا و كذا.
٢- ( من ناڵێم شتی خراپت کردووە) ٢٢١.
٣- ڕاستیەکەی وایە: (من ناڵێم تۆ وایت و وایت).

* * *

١- انا اتكلم الا من اجلك، اذا ضايقك هذا الكلام اسكت.
٢- من بۆ خۆتمە.. گەر ئەم قسانەت پێ ناخۆشە بێ دەنگ ئەبم. ل ٢٢١.
٣- من قسە ناکەم جگە لەبەر خاتری تۆ نەبێ، ئەگەر ئەم قسەیە قەڵست دەکا بێدەنگ دەبم.

* * *

١-سأعيش بالعرض. ولا أريد أن أعمر مثل سنديانة بلهاء. خمسون عاما تكفي.
٢-(پان ئەژیم. نامەوێ وەکو داربەڕوویەکی گەمژە زۆر بژیم پەنجا ساڵ بەسە..) ل ٢٢٩.
٣-سندیانة: وەکو دار سەروو بە بڕو ئەستوورە، داربەڕوو نیە.
أعمر: واتا تەمەن درێژیم، نەك (بژیم)
بۆیە ڕاستی ئەم ڕستەیە ئاوهایە: (بە پانی دەژیم، نامەوێ وەکو دارسەروویەك تەمەن درێژ بم، پەنجا
ساڵ بەسە)

* * *

١- لن يستطيع جسمك أن يحتمل، أن يقاوم، ستنهار ذات يوم و تبدأ تلاحقك الامراض!
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (لەشت بەرگە ناگرێ، حەوسەڵەی نامێنێ، ڕۆژێك دێ کە پەکت ئەکەوێ و نەخۆشی یەخەت ئەگرێ). ل ٢٣٠
٣- لەشت ناتوانێ دەرقەت بێ، بەرگری ناکات، ڕۆژێك دێ هەرەس دێنی و نەخۆشیەکان تەنگت پێهەڵدەچنن).

* * *

١- يجب ان تعدل في كل شيء.
٢- (ئەمەوێ هاوسەنگی خۆت لە هەموو شتێکا وەرگریتەوە) ل ٢٣٠.
٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (دەبێ لە هەموو شتێکدا مامناوەندی بی).

* * *

١- من اجل ماذا؟
٢- ( بۆچی ڕێکیخەم) ٢٣٠.
٣- لەپێناوی چی؟.

* * *

١- و من قال لك ان هذه رغبتي؟
٢- ( کێ ئەڵێ من ئارەزوو ئەکەم زۆر بژیم؟) ل٢٣٠.
٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (کێ پێی وتی ئەمە ئارەزوومە؟..)

* * *

١- هكذا يجب أن يفكر الانسان العاقل!
٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (پیاوی ئاقڵ وا بیرئەکاتەوە) ل ٢٣٠.
٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (دەبێ مرۆڤی ئاقڵ ئاوها بیربکاتەوە).

* * *

١- المناقشة معك عميقة!
٢- قسەکردن لەگەڵ تۆ بێسوودە! ل ٢٣٠.
٣- ڕاستیەکەی وایە: (دەمەتەقێ لەگەڵ تۆ نەرزۆکە).

* * *

١- لماذا تناقشني اذن؟
٢- کەواتە بۆچی ئەمهێنیتە قسە؟ ل ٢٣٠
٣- ڕاستیەکەی: (بۆ کەواتە موناشەقەم دەکەی؟).

* * *

١- هكذا افترض.

٢- (خۆم پێم وایە) ل ٢٣٠.

٣- ڕاستیەکەی وایە: (ئاوهای بۆ دەچم).

* * *

١- افتراض خاطيء.

٢- (هەڵەیت) ل ٢٣٠.

٣- ڕاستیەکەی وایە: (بۆچوونێکی هەڵەیە)

* * *

١- يجب أن تعالج الاسباب.

- و تتصور ان الامور عادت الى طبيعتها، فأنك تخطيء كثيراً.

- لا أريد أن اتدخل، و لكن اصبحت كبيراً مدركا.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بەڵام پێویستە هۆیەکانی دەست نیشان بکەیت.

- پێت وابێ کە مەسەلەکان چوونەتە دۆخی جاران.. ئەوا زۆر هەڵەیت.

- بەڵام شارەزا و هەستیار بووم) ل ٢٣٤.

٣- ڕاستیەکەی ئاوهایە: (دەبێ هۆیەکانی چارەسەربکەیت.

- پێت وایە کاروبارەکان گەڕاونەتەوە سروشتی خۆیان تۆ زۆر هەڵە دەکەی.. نامەوێ خۆمی تێوەردەم، بەڵام گەورەبووم و درك دەکەم).

* * *

١- ان تكف عن هذه الاسئلة التي الا جدوى منها.

- اما الكلمات التي يقولونها.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (کە واز لەم پرسیارە هەڵبیت و پلێتانە بێنیت، مەنسور جەنگ ڕوویداو تەواو.

- ئەو پاساوانە کە بۆ ئەم شکستە ئەهێنرێتەوە) ل ٢٣٥.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (لەم پرسیارانە گەڕێ کە سوودیان نیە..

- بەڵام ئەو قسانەی کە دەیڵێن.

* * *

١- ولكنهم يقولونها.. يقولونها باصوات عالية. و في كل وقت.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بەڵام خۆ هەر ئەو پاساوانە ئەهێننەوە.. بەدەنگی بەرز ئەو پاساوانە ئەهێننەوە) ل ٢٣٥.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (بەڵام دەیڵێن. بە دەنگی بەرز دەیڵێن و لە هەموو کاتێکدا).

* * *

١- كنت ابحث من طلوع الشمس حتى مغيبها، فاذا جاء الظلام نمت بانتظار اليوم التالي.

٢- (لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابوون، کە تاریك دائەهات ئەنووستم و چاوەڕێی ڕۆژێکی ترم ئەکرد تا سەرلەنوێ بە دواتا بگەڕێم) ل ٢٣٧.

٣- ڕاستیەکەی ئەمەیە: (هەر لە خۆرکەوتنەوە تا خۆرئاوا دەگەڕام، هەر کە تاریکی داهات دەنووستم بە چاوەڕوانی ڕۆژی دواتر).

* * *

١- فأنه مادة الحياة.

٢- (هەوێنی ژیانە) ل ٢٣١.

٣- ڕاستیەکەی: (کەرەستەی ژیانە).

* * *

١- لا تقلق.. ليست هناك مشكلة. أحضرهنا يحفر. احمل التراب من هنا، يعمل التراب تعال يجيء. ماذا تتصور الترجمة بيننا و بين العمال يا مسيو منصور؟

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (خەمت نەبێ.. ئەوەیان کێشەیەك نییە. هەر هێندەیە لێرەدا هەڵکەنە، هەڵئەکەنێ. خۆڵەکەی ئێرە لابە. لای ئەبا، وەرە، دێت، مسیۆ مەنوسور پێت وایە تەرجومەی نێوان ئێمە و کرێکارەکان بەو گرانییەیە؟) ل ٢٤٥.

٣- ڕاستیەکەی وایە: (نیگەران مەبە. لێرەدا گرفتێك نیە، لێرە هەڵکەنە، هەڵدەکەنێ. خۆڵەکەی ئێرە هەڵگرە، خۆڵەکە هەڵدەگرێ. وەرە، دێ. مسیۆ مەنسور تەرجەمەی نێوان ئێمە و کرێکارەکان بەچی دەزانی؟

* * *

١- سيكون لدينا وقت للمساعدة، و لكن الاهم الان ان تؤمن ترجمة الاشياء الضرورية.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (کاتی ئەوەش دێ بۆئەوە پێویستمان بە یارمەتیت بێ، بەلام ئێستا گرنگترین شت ئەوەیە تەرجومەی شتە پێویستەکان رابەڕێنیت) ل ٢٤٥.

٣- راستیەکەی ئەمەیە: (کاتمان دەبێ بۆ یارمەتی‌دان و، بەلام گرنگترین ئێستا ئەوەیە کە وەرگێڕانی شتە زەروورییەکان دابین کەی).

* * *

١- ميسو منصور أترك الاوراق التي بين يديك، تعال معنا للموقع يجب ان نستمتع باللحظة الخطيرة، لحظة الاكتشاف.

٢- (مسیۆ مەنسور، ئەو کاغەزانە دانێ، وەرە لەگەڵمان بۆ شوێنی کار پێویستە تامی خەنی بوون بە ساتی دەگمەن.. بە ساتی دۆزینەوە بکەین) ل ٢٤٥.

٣- راستیەکەی وایە: (مسیۆ مەنسور، گەڕێ لەو کاغەزانەی بەدەستەوەیە، وەرە لەگەڵمانا بۆ سەر ئیشەکە، دەبێ چێژ لە ساتی ترسناك وەرگرین، ساتی دۆزینەوە.

* * *

١- سأنجز هذه الاوراق في وقت اخر يا مسيو دونال. نعم ساذهب معكم فوراً.. يجب ان اشهد الاكتشاف. لحظة الاكتشاف. سأتذكر هذه اللحظات حتى نهاية حياتي، لقد انتظرنا طويلاً، عملنا كثيراً والان وصلنا.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (مسیۆ دۆناڵ، لە کاتێکی ترا ئەپەرژێمە سەر تەرجومەکردنی ئەم کاغەزانە، بەڵێ هەر ئێستا لەگەڵتان دێم، پێویستە شاهیدی ئەو دۆزینەوەیە بم، تا دوا هەناسەی ژیانم ئەم ساتانە لە لە یادەوەریما ئەمێنێ، زۆر چاوەڕێمان کرد.. کارمان زۆر کرد.. وا ئێستاش بردمانەوە) ل ٢٤٥.

٣- یەکەم: لە رستەکەدا وشەی (الترجمه) نەهاتووە.

دووەم: وشەی (أشهد) واتا (دەبینم) ی کردوەتە (شایەتی)، هەروەها وشەی (وصلنا) ی کردووەتە (بردمانەوە) راستی ئەم پەرەگرافە وایە: (مسیۆ دوناڵ لە وەختێکی دیکە ئەم کاغەزانە تەواو دەکەم، بەڵێ یەکسەر لەگەڵتانا دێم، دەبێ دۆزینەوەکە ببینم، ساتی دۆزینەوە، تا کۆتایی ژیانم ئەم ساتانە لەبیرناکەم، دەمێکە چاوەڕێی دەکەین، زۆریش ئیشمان کرد وا ئێستایش گەیشتین).

* * *

١- أنا أتحدث عن التأريخ، واما ينطبق على واقعة كبيرة كانت الى وقت قريب مثل حقيقة أزلية، ثم تهشمت بعد أن برزت وقائع أخرى. ما ينطبق على تلك الواقعة ينطبق على غيرها.

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (من لەبارەی مێژووەوە ئەدوێم، تا ئەم دواییەش ئەوەی بە رووداوی گەورە ناوزەد ئەکرا، بە راستییەکی ئەزەلی دائەنرا.. پاشان ئەوە لەبەریەك هەڵوەشاوە رووداوی تر کەوتنە روو. ئەوەی بەسەر ئەو رووداوەدا ئەچەسپێ بەسەر ئەوانی تریشا ئەچەسپێ.) ل ٢٥١

٣- وشەی تهشمت: واتا وردوخاش بوو نەك (هەڵوەشا).

ينطبق: ئەسپێ نەك (ناوزەرد)

واقعة: لێرەدا مەبەست (جەنگە)

راستی ئەم پەرەگرافە وایە: (من سەبارەت مێژوو قسە دەکەم، ئەوەی کە بەسەر جەنگێکی گەورەدا دەسەپێ کە تا کاتێکی نزیکیش وەکو حەقیقەتێکی ئەزەلی وابوو، پاشان وردوخاش بوو دوای ئەوەی شەڕی دیکە هاتنەگۆڕێ ئەوەی بەسەر ئەو شەڕەدا دەسەپێ بەسەر ئەوەکانی دیکەش دەسەپێ).

* * *

١- الى التأريخ الحقيقي. ان نفهم الدنيا و على أي قرن تدور!

٢- وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (مێژوویەکی راستەقینە، تا لە دونیا حاڵی بین و بزانین لە چ سەدەیەکا ئەژین!) ل ٢٥١.

٣- وەرگێڕ لەبەرئەوەی لە وشەی (قرن) تێنەگەیشتووە بە (سەدە) وەریگێڕاوە، (قرن)

لێرەدا واتای (شاخ) ی گا، چونکی لێرەدا مەبەست لەو خورافەتەیە کە دەڵێ دنیا لەسەر شاخی گایە.

بۆیە راستی ئەم پەرەگرافە وایە: (بە مێژووی راستەقینە، تێبگەین لە دنیا کە لەسەر چ شاخێك دەخولێتەوە..)

* * *

١- منصور.. انت تعرض نفسك للخطر.

٢- (مەنسور تۆ سەرئێشە بۆ خۆت دروست ئەکەیت) ل ٢٥٥.

٣- مەنسور.. تۆ خۆت دووچاری مەترسی دەکەی..)

* * *

١- انا لا أريد أن تخون قناعتك، و لكن يجب ان تتصرف بلباقة.

٢- من نامەوێ خیانەت لە بیروباوەڕی خۆت بکەیت) ل ٢٥٦.

٣- قناعة: قەناعەت نەك بیروباوەڕ.

* * *

هەروەکو لە پێشەکی ئەم باسەدا وتم من تەنها دیالۆگەکانی رۆمانەکەم بەراورد کردوە لە هەردوو دەقەکەدا، وەلێ لە وەرگێڕانی زمانی سەردەکە گەڕاوم چونکی ئەویش هەڵەی وەرگێڕانی زۆر تیایە بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٦٧) دا بە رێکەوت ئەم رستانەم بەرچاو کەوت:

(لكن صاحب المكتبة و كان احول العين، بدأ ينغض حياتي، كان ينهرني و أنا اتصفح المجلات، يقول لي بصوت عال: يداك قذرتان ايها الفأر. ثم ان المجلات ليس لا مثالك. حزنت كثيراً و لكني صمت، لم أقل كلمة واحدة).

وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (خاوەنی کتێبخانەکە کابرایەکی خێل بوو، هێندەی نەبرد کەوتە دەوژمنایەتی کردنم.. کاتێ تەماشای گۆڤارەکانم ئەکرد، قاوی ئەدام و بە دەنگێکی بەرز پێی ئەوتم: هەی مشکە، دەستەکانت چڵکنن، گۆڤار بۆئەوە نییە نموونەی وەك تۆ سەیری کا.

یان: (ذات يوم اقترب مني الاحول و انا انظر الى صورة امرأة و حصان، اقترب مني وامسك باذني و قال مثل اب، يجب ان تفتش عن الخبز في المزابل.. لا تفتش عنه في الكتب).

وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (رۆژێکیان لە گۆڤارێکدا تەماشای وێنەی ئافرەت و ئەسپێکم ئەکرد، کابرای خێل هاتە پێشی و گوێچکەی گرتم بە زمانێکی باوکانە وتی: وا باشترە لە تەنەکەی زبڵ دا بەدوای نان دا بگەڕێی نەك کتێبا) ل١٦٧.

لە دەقە عەرەبیەکە وشەی (گۆڤار) ی تیا نیە یان وشەی (يجب) ی کردووەتە (باشتر) یان وشەی (المزابل) ی کردوەتە تەنەکەی زبڵ، کە لێرەدا المزابل واتای سەرانگوێڵە، یان (مثل اب) ی کردوەتە (بە زمانێکی باوکانە)..

یان ئەم رستەیەی ئاوها وەرگێڕاوە: (ولكن الحجر ضاع بين الكتب و بقي صوتي يدوي وانا ابتعد)

وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (بەردەکە کەوتە بەینی کتێبەکانەوە، بەدەم راکردنەوە جنێوم ئەدا) ل ١٦٧.

یان هەر بۆ سەقەتی وەرگێڕانەکە وەکو یانەسیب دەست دەخەینە سەر پەرەگرافێکی سەردەکە چۆن کراوە بە کوردی لە لاپەڕە (١٨٥) (النساء.. اللحظات التي شعرت انك تحمل الارض على اصبعك و تلف بها مثلما يلف الساحر الكرة بين اصابعه ! قلت انك تعرف النساء، و قلت ان النساء عذبتك.. هذا ما قلته في البداية، ها نسيت؟ اذا لم تشأ أن تتحدث عن نساء واقعيات التقيت بهن، فلماذا لا تكذب مثلما تفعل دائما و تتوهم)

وەرگێڕانەکەی دلاوەر: (لەبارەی ئافرەتەوە بدوێ، لەبارەی ئەو ساتانەوە کە هەستت کردوە زەویت وەك تۆپێ لەسەر پەنجەکانت هەڵگرتووە و وەك جادوگەرێك خولاندووتەوە، وتت ئافرەت ئازاری داویت، لە سەرەتادا وات وت و بیترچۆوە؟ گەر ناتەوێ لەبارەی ئەو ئافرەتانەوە بدوێی کە ناسیوتن.. ئیتر بۆچی ناکەویتە درۆکردن؟ هەروەك ئەوەی هەمیشە وا دەکەیت؟ واهیمە ئەکەیت).

ئەمە بە راستی مشتێ بوو لە خەروارێکی ئەو وەرگێڕانە هەڵەیە.

# نامەی کراوە

دوو ساڵ ئەبێت کە گۆڤاری وێران بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی نامەی نوسەران، چەندەها، نامەی لە ئەدیبان وەرگرتووە تا مەلەفێکی تایبەتییان بۆ بکاتەوە. بڵاوکردنەوەی نامەی نوسەران، بەتایبەتی نامە کۆنەکانیان، نەریتە و هەزارەها رۆژنامە و گۆڤار لە جیهاندا بە بایەخەوە نامەی نوسەرانیان بڵاوکردۆتەوە. ئێمە چوار پێنج مانگێك پێش ئێستا لە دانیشتنێکی دەستەی نوسەراندا بڕیارماندا کە لە هەموو ژمارەیەکدا، تا ماوەیەك نامەی کراوەی نوسەران بڵاوبکەینەوە، جا دەبێت ئەو نامەیە نویبێت، بەمەبەستی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری گەلاوێژیی نوێ بۆ سەرکردەیەك، ئەدیبێکی کورد یا بێگانە، یا هاوڕێیەك لە هەر کوێیەك بێت، نوسرابێت. واتا نابێت نامەکە کۆن بێت. نوسەرەکەیشی سەربەستە چ دەڵێت بەمەرجێك کە وتراوەکانی نامەکە ماقول بن.

گەلاوێژی نوێ دەرگای واڵایە بۆ نامەی کراوەی نوسەران.

**گەلاوێژی نوێ**

## نامەیەکی کراوە
## لە عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجییەوە

سلێمانی

٢٠٠٠/٦/٤

برای بەڕێزم سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە هۆڵەندا یا لە هەرکوێیەك بیت.

ئێستا لە ژورێکی بێپانکەدام، بەڵام پەنجەرەکان روە و شاخن. هەروەکو جاران. دەڵێی لەناو کتێبخانەدام و کتێبفرۆشم، دەیەها کتێب و رۆژنامە و گۆڤار دەوریانداوم، کە رێدەکەم قاچم لە کتێب گیردەبێت. قەت ئەم ژور و کتێب و کتێبخانەیەم بۆ رێکناخرێن، وەك ناوەوەی مێشك و دەرونم پەرتوبڵاون، وەك ئەو پرۆژانەی کە لە هەشتاکاندا ئێواران لە شەقامەکانی کەرکوك و سلێمانی بۆم باسدەکردن. زۆر کەس تازە لە (٢٠٠٠) دا بە نقە نق خۆیانی لێدەدەن. ئایا من تەمبەڵم، وەك ئێوە ئەتانوت، یاخود رێزم لە بیری گەورەی مرۆڤایەتی دەگرت و نەمئەویست بەئاسانی بیانخەمەڕوو بۆیە هەروەك پرۆژەی دواخراو لەلام دەمانەوە. بەلامەوە سەیرە، ئەمڕۆ، کەسانێك زۆر بەئاسانی خۆیان لە هەموو شت دەدەن و زۆر بە ئاسانیش بۆیان دەچێتەسەر، دەرگاکانی ئەمڕۆ زۆر بەئاسان

دەکرێنەو ە، ئای دەرگاکانی دوێنێ چەند کرانەوەیان قورس بوو، لە گۆڤارێکی وەك ئاداب، یاخود.. نوسەر دەگوشرا ئینجا دەخرایەڕوو، ئەو گوشینە زۆر سودمەند بوو. بەڵام بەداخەوە ئێستا نەماوە.

بیرتە ئێواران کە دەچوینە ناو باسەکانەوە، بە پێکەنینەوە دەتوت: ئێستا ئەم قسانەمان وتارن، نوسینن. ئینجا بە شوێنە چۆڵەکان، بە شەقام و کوچە بێدەنگەکاندا دەمبردی، لەوێشدا حەزمئەکرد هەر تەنیابم، لەگەڵ چەند کەسێکی وەك ئێوەدا نەبێت. رویبدایە و کەسێکمان تووشبوایە کە ناسراوی من نەبوایە یەکسەر حاڵەتەکانم لی تێکدەچوون، وەك ئەوەی دڵم گۆمێك بێت و بەردێکیان تێفڕێدابێ و هێمنییان شڵەقاندبێ. ئای من چەند پێویستم بەم تەنیایی و تێڕامانەیە، تەنیایی دڵسۆزترین شتە، دڵسۆزتر لە باوك، خوشك، دایك. تۆ سەیرکە لەسەر گۆڕستان هەموویان مردو بەجێدێلن، برا، هاوڕێ، باوك.. بەڵام هەر تەنیاییلێی نابێتەوە بە دڵسۆزییەوە ئەویش دەچێتە ناو گۆڕەکەوە و لەپاڵیا رائەکشێ.

دەموت چەند قورسە لەلام تا رادێم، لەگەڵ کەسێکدا سەعاتێك ببەمەسەر کە تازە دیبێتم. ئەبوایە بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکەم وانەبومایە ئەوکاتانەیشی هۆگری کەسێك بومایە حەزمدەکرد تا دوورنەکەوتایەتەوە.

سەلاح، خەڵکی کە گەوەر دەبن منداڵییان وندەبێت و لێیان دەبێتەوە. ئەمە سوننەتی ژیانە بەڵام من تا دێت منداڵیم لەگەڵدا فراوان دەبێتەوە، سەرم سپی و روتاو هاوکێشەیەکی سەیرە جوتنابن، سەرێکی سپی و ناخێکی منداڵ، دیدێکی منداڵانە، هەستی تازەپێگرتوو. خۆزگە هەموو مرۆڤایەتی لە پیریی و گەورەیشیا منداڵیی لێنەبوایەتەوە، ئەوکاتە بیرمان لە شەڕ و شۆڕ و کینە و رق نەدەکردەوە، ئەوکاتە وەك منداڵی بێتاوان سەیری دنیامان دەکرد.

زۆرجار (دامون) لەگەڵ هاوتەمەنەکانی گەرەك دێن و دەچن وەك پەپولە بێگەردانە یاریدەکەن، بیردەکەمەوە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم: خۆزگە هەموو مرۆڤایەتی بێئەوەی کەسی لێ جیابکرێتەوە لە تەمەنی ئەم منداڵانەدا دەبوون و هەر بیریان لە شتی جوان دەکردەوە تا گەورە نەبونایە و بیریان لە شتی خراپ نەکردایەتەوە، گەورەیی شتی خراپمان پێدەکات، گەورەیی!

خۆزگە سەرکردە و شاعیرە گەورە بەتەمەنەکانیش منداڵیی لێیان نەبوایەتەوە بەختەوەر دەبووین چونکە منداڵانە بیریان دەکردەوە و کاری بەدیان لەدەستنەئەهات. ببورە بەڵام لەو زەمانەیشدا ئەگەر سەرکردە ناخی منداڵانەی هەبوایە هەر زوو بە فیکەیەك لەسەر کورسییەکەی لایانئەدا. بەڵام سورم لەسەرئەوەی کە شاعیر دەبێت منداڵانە بیربکاتەوە تا شتەکان بە تازەیی بێنە بەرچاوی، خەیاڵی سەیری منداڵانەی هەبێت تا دنیای بەیەکاچوو بێمەنتیقی بۆ بەرجەستەببێت.

شاعیر ئەبێت بیدائیبیانە وەك منداڵ مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات. ئەم بیدائیەتە زەمینەیەکی بە پیت و بەرینە بۆ شاعیر. منداڵییش قۆناغی سەرەتایە، هەمیشە، تیایدا شتەکانی، نوێ دێنە بەرچاو، من هەژاریی جیهانی شیعریی هەندێك شاعیر دەگەڕێنمەوە بۆ بزربوونی دیدی منداڵانە لەلای. سەیرکە پیرەمێرد کە لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری) پیرەمێرد لەم شیعرەدا گەورەیە چونکە منداڵانە بیردەکاتەوە بەڵام لە زۆربەی شیعرەکانی تریا ئەم دیدە منداڵانەی نییە. لە شیعرێکی جوانی ئاوەهادا بۆی لواوە بڵێ سەرم بەفرە، چونکە منداڵی لەو تەمەنەیشدا لێی نەبۆتەوە لەجیاتی ئەوەی بڵێ سەرم سپییە، یا لێکچونێکی بەلاغی دروستبکات و بڵێت سەرم وەك بەفر وایە، یەکسەر لە وەرچەرخانێکی زمانەوانیدا، بناغەی بەلاغەی شکاندوە و وتویە سەرم بەفرە ئەم حاڵ و جەزیە منداڵییە کە لە دەقەکەدا جەستەی داگرتووە وای لێکردووە کە بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ زماندا

بکات، ئەو دیدە منداڵانە لە زۆربەی شیعرەکانی تریا نەبووە بۆیە خەیاڵێکی فراوانی وایان تیا بەدئیناکرێت.

سەلاح: دامون زۆر جار کە سەیری چاویلکەکەم دەکات دەڵێ بابە پەنجەرە، ئەوە پەنجەرەکەی باوکمە. ئەو پەنجەرەم بدەرێ. دامون کە منداڵە و ناوی شتەکان نازانێ و بەخەیاڵی خۆی چاویلکەی بە پەنجەرە دێتە پێش چاو.

شاعیر دەبێت ئاوا شت ببینێت بە زمانێکی تر بیانخاتە روو. یا سەیری مانگ دەکات و دەڵێ بابە ئەو تەتەیەم بۆ بێنە. بەڵێ شاعیر دەبێت سەیری مانگ وەك تەتەیەك لە تەتەکان بکات نەك وەك خۆی یا وەك روی کچێك کە سەردەمێکە باوە لە شیعرا.

کاکە: یەکێك لە نامەکانتم ماوە، ئێستایش کە دەیخوێنمەوە دەڵێم. بڵێی ئەمە کەسێکی وەك سەلاح بێت باسی بێزاری دەکات. هیچ بیرم لە کۆچ و دەرەوەی وڵات نەکردۆتەوە، جاران بۆم بلوایە بۆ خوێندن دەچووم. چەند کەسێك هەین ئەڵێی هەر بۆ ئەوە دروستکراوین لە شارێکی بچوکیش دەرنەچین. تا کتێب و چاوی هێز مابێت خەمی گەورەترم نابێت، دەربارەی وڵاتان دەڵێم: مادام لە هەموو شوێنێك، لە هەموو وڵاتێك گۆڕێك چاوەڕوانمان دەکات بیر لە جێگۆڕکێ ناکەمەوە. ئەگەر شوێنێك هەبوایە گۆڕی لێنەبوایە پێیدەگەیشتین.

گاڵتەم دێ زۆر هەن دەڵێن ژیان بێهوودەیە، ئێمە عەبەسیین. بەڵام رادەکەن بۆ ئەوروپا وەك ئەوەی خۆیان بخەڵەتێنن.

نازانم تا چەند ئێمە لکاوین بەم خاکەوە، بەڵام ئەوانەی دەمێننەوە لایان لێناکرێتەوە، کەچی ئەوانەیش کە دەچن بۆ دەرەوە، کارئاسانییان بۆ دەکرێ، پەساپۆرتیان بۆ دەکرن، پارەی زۆریان ئەدەنێ کە رەنگە بەشی ژیانی رۆشنبیریی تەواوی ئەو ئەدیبانە بکات کە قانیعن و لە وڵاتدا ماونەتەوە.

سەلاح: بە هەموو شتێك رازیم، تەنها بەوە نەبێت کە حاڵەتی تێڕامانم (التأمل) بۆ دروست نابێت، ئەو تێڕامانەی کە بۆ فیکر و شیعر پێویستە. بۆ خۆشەویستی و بەخۆداچوونەوە پێویستە. حەزئەکەم تەنها سەعاتێك مۆڵەتی پاك و هێمن و تێڕامانم بۆ بڕەخسێ تا بیر لە شتە پیرۆزەکان بکەمەوە بیر لە دایك و باوکی کۆچکردووم بکەمەوە و لەگەڵ یادگارەکانیانا بژیم، ئەترسم جەنجاڵیی ژیان وامان لێ بکا بگەینە ئەوەی نەتوانین بیر لە یادگاریش بکەینەوە.


فروغ راستدەکات: چراکانی پەیوەندی تاریکن.

# کەنارەکانی گەلاوێژینوێ

- وێنەیەك بە پێنووس
- نیگای گەلاوێژینوێ
- هەواڵی جیهانی
- چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ
- میهرەجانی مەولەوی
- لە چلەی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا
- کۆنگرەی هەورامانناسی
- کتێبنما
- ئێدڤارد مونش بلیمەتی باکوور
- پڕوشە

# وێنەیەک بە پێنووس

کاوە حاجی عەزیز



ئەوکاتانەی کە خوێندکاری ئامادەیی بووم، هاوڕێیەکم هەبوو لە ئامادەیی بازرگانی دەیخوێند، جگە لە چەند باسێکی لاوەکی هەمیشە نێوان من و ئەو باس باسی مامۆستاکانمان بوو، من زۆر بێزار بووم لە دەست هەڵسوکەوتە مەسلەکیانەی مامۆستاکانم بەڵام ئەو بە بارتەقای خەمەکانی من دڵخۆش بوو بە باس کردنی مامۆستایەکی کە تاسەر ئێسقان کاریگەری هەبوو بەسەریەوە، ئەو خوازیاربوو لە هەموو خەم و بی‌ئارییەکی هەرزەکاریماندا نمونە بە هەڵسوکەوتێکی تەواویان دوو تریەکی یا چیرۆکێکی بهێنێتەوە، سەیربوو وای لە من کرد کە تا دوا هەناسە ئالودەی ئەو مامۆستایەبم کە ئەو پێی کاریگەربوو، زۆری نەبرد بە بۆنەی برادەرێکی رۆشنبیرەوە زیاتر بە رۆحی ئەو مامۆستایە ئاشنابووم، ئەو برادەرە پێمی وت: بە راستی کوڕێکی لاوە و خەڵکی هەولێرە و زۆر شارەزایە و زیاد لە پێویست (طموحی) هەیە و دەیەوێ شتێك بکات بە شت، وە برادەرە ئەدیبەکانی سلێمانی زۆر رێزی دەگرن و هیوای باشیان پێیەتی. من ئێستاش قسەی ئەو هاوڕێیەم لە گوێدا دەزرنگێتەوە کە دەیووت: ئەم مامۆستایە بەشێوە تەقلیدییەکەی مامۆستایان بێت، ئەوا هیچی لەوان ناکا، ئەم بۆتەئێبن سیرین و خەونەکانمان تەفسیردەکات فرۆیدێکە و ناخمان یەکالادەکات، ئەو دەیەوێت هەموو نەفسیەتە ناوازە کپکراوەکانی ناخمان هەڵبمالێ.

هەر لەوکاتەوە دەمویست بیناسم وەك نوسین و ماهییەتی رۆحی نەك وەك شتی تر، بۆیە وای لێکردم هەر لە یەکەم چیرۆکییەوە کە (مامز)ە تادوا چیرۆك کە دەیەوێ بینووسێ ئاگادربم و بەروح بیخوێنمەوە. ئەو چیرۆکانەی کە ئەو دەینوسین و بلاوی دەکردنەوە لەسەر دەمانێکا بوو کە هەنگ لە بۆنی گوڵ دەسڵەمییەوە، وەلێ ئێمە زۆر سەرسام دەبوین و گینگڵی بە ناخمان دەدا و دردۆنگی دەکردین، چونکە چیرۆکەکانی هەموو نهێنیەکانمانی ئاشکرادەکرد، دەرگا و پەنجەرەی دەخستە سەر خەمەکانمان چارەسەریشی هەر بە هەڵواسراوی دەهێشتەوە و ای لێدەکردین کە پشت بە خۆمان ببەستین، وێڵ بین بەدوای چارەسەردا هەر لەوکاتەوە هەندێ نوسەر لەم لاو ئەولا سەنگەریان لێدەگرت هەبوو دەیووت: درێژ دادرە یان دەیان وت ئەوانە چیرۆك نین یاخود بە دزیش لە قەڵەمیان دەدا، من تا ئێستا وەڵامی کاك شێرزادم نەبینیوە لەوەئەچێ هیچ

خەمیشی نەبێ و زۆر بێباك بێت، لەلایەکی ترەوە هەبوو دەیویست بگاتە ئەو، دزی دەکرد! رۆژنامەنەبوو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا نەکا! کۆڕی سازدەکرد! زۆریش دەهاتە پێش چاو! کەچی لە قولەقاپی ئەودا گیرسایەوە.

سێبەرو تارمایی ئەو، زیاتر بڵێم کاریگەری چیرۆکەکانی ئەو زۆر ناخمی کێڵاوە، هەر لەوکاتەوەی لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بوومە مامۆستا دەچوومە پۆلەکانەوە حەسرەتێك دای دەگرتم و هەمیشە لەناوچاوی کچەکان و کورەکاندا (کەڵە کوڕان و.. ئاسکەکچان) م دەخوێندەوە، خوێندکارانم لە لا رەزا سووك دەبوون و فەرامۆشیش وەك خەیاڵێك جەستەمی رادەژاند. ئەوکاتەی کە نوڤڵێتی حەساری لە پایزی ٩١ دا لە هۆڵی رۆشنبیری خوێندەوە بۆ شەوەکەی لەگەڵ باوکمدا بەشەڕ هاتم تاکو ئێستاش بەوچاوەوە سەیری من ناکا کە کورەکانی تری پێ دەبینێ. هاوینی ٩٨ وەك هەموو کوردێکی گەریدە و بێ ئۆقرە دەمویست بچمە هەندەران، گەیشتمە تورکیا یەکسەر وتەیەکی مامۆستا شێرزاد بە مێشکمدا گوزەری کرد کە دەڵێ: (ئیدی لەمڕۆ بەدواوە تا لە مەنفا بم بە درۆ دەژیم) ئیتر هێزی ئەژنۆم شکا و نەمتوانی لە پانزە رۆژ زیاتر بمێنمەوە، لەبەرخۆمەوە دەمووت ئەو لە فلندا ئەمەی دەوت خۆ من نزیکترم، یەکراستانە بڕیاری گەرانەوەم دا و پەساپۆرتە تەزویرەکەم ونجڕ ونجڕ کرد و لەگەڵ قاچاخچییەکەمدا بەشەڕ هاتم، لەترسی هەڕەشەی ئەو ڕێگای ئێرانم گرتەبەر و بە قاچاخیشدا هاتمەوە هەر لەوکاتەوەی رۆیشتم و تا هاتیشمەوە وتەیەکی ئەو وەك مانشێتی رۆژنامەیەك هەمو رۆژێ دەمخوێندەوە کە دەڵێ: (نازانم کوردستان ئەو باوکە دڵڕەقەبوو کە هەر هەموومانی راونا یان ئەو دایکە بێوەژنە بوو، هەر هەموومان کوڕانی نابەلەد بووین و دڵڕەقانە بەجێمانهێشت). ئیتر نازانم نوسین و چیرۆك و وەرگێرانەکانی ئەو بەرەو کوێم پەلکێش دەکات؟!

# نیگای گەڵاوێژینوی

● نەرجسیەت زاراوەیەکە دەربارەی شاعیران دووبارەی دەکەنەوە و زۆرتر هەر بە وانەوەی دەلکێنن، ئەگەرچی من زۆر لەم وشەوە دوورم. بەڵام سەیری کۆمەڵی خۆمان بکەین بچوکترین و بێنرخترین کەس لە شاعیر زیاتر نەرجسیترە. با بگەرێمەوە بۆ سەر ئەو کەناڵە جیهانی و رادیۆیانە تا نموونە بهێنمەوە، دەبینین خراپترین گۆرانیبێژی ئافرەت بەشێوەیەك قسە دەکات وەك ئەوەی شاژنی میسر یا زنوبیای مەلیکەی (تدمر) بێت یا بەلقیسی مەلیکەی (سەبەء) بێت.

**(عەبدولوەهاب بەیاتی)**

● من مارکس بە بیریاری سەرچاوەی خۆم دانانێم. بیری ئەو لە رادەبەدەر پڕە لە رابردووی ئیدیۆلۆژی. لەگەڵ ئەمەدا وا نابینم کە مردبێت. بەڵام ئەم خاڵە بە یەکێك لە لاوازیی بیری فۆکۆیاما دەزانم. لەوبارەیەوە بیری ئەو تەنکە دوورە لە قووڵی ئەمەش ئەو بەرەو ئامادەکردنی ئەرزنامەی نائاسایی و ئاسان دەربارەی کۆتایی ئەندێشەی مارکس رادەکێشێت. لەکاتێکدا ئەوەی کە مارکس نوسیویە و شیکردۆتەوە، بە هیچ شێوەیەك نەگەیشتۆتە کۆتایی.

**(ژان بودریار)**

● جاران ئەم سردووەم دەوتەوە (وڵاتی عەرەب نیشتمانمە) وەك هەموو عەرەبێك. تا کەوتمە ساڵەوە، ئێستا دەبینم ئەم وشانە بێمەعنان، خەڵك دێننە پێکەنین، کەس تاقەتی نییە گوێیان لێبگرێت.

**(درید لحام)**

● هێشتا باوەڕم بە وجودییەتە وەك رەوتێکی فەلسەفی کە چل ساڵ پێش ئێستا چوومە سەری. هەرچەندە لەو رەوتە فەلسەفییانە ورد دەبوومەوە کە پاش ئەم سەریانهەڵدا باوەڕم پتەوتر دەبوو بەوەی کە فەلسەفەی وجودی تا ئەمڕۆش هەر دوا فەلسەفەیە. ئەگینا چی دوای وجودییەت دەرچووە؟ بونیادگەریش فەلسەفە نییە بەڵکو تەنها پەیڕەوێکە لە زانستی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیدا پیادەکراوە. پاشان لە ئاوابووندا بوو چونکە ئەنجامێکی وای نەهێنا کە نرخێکی فەلسەفی هەبێ، لەگەڵ ئەو پروپاگەندە زۆرەیشی کە بۆی کرا. ئەمەیش کە پێی دەوترێت (فەلسەفەی نوێ) جۆرێکە لە یاریکردن بە وشە، و هیچ نرخێکی ئەوتۆی بۆ پەیدا نەبووە. هەروەکو لە وتارێکمدا وتم کە لە گۆڤاری (عالم الفکر) دا بڵاوبووەوە. ئاشکرایە من پێش سارتەر و غەیری سارتەر بەشداریم لە وجودییەتدا کردووە. ئەوان پروپاگەندەی نابەجێ ناوی بە وجودییەتەوە لکاندوون. تێزی ماجستێرم بە فەرەنسی بە سەرپەرشتی لالاند و کوێری دەربارەی کێشەی مردن لە فەلسەفەی وجودیا بوو، ئەویش ساڵی ١٩٣٩ بوو، پاشان لە نامەی دکتۆراکەمدا بە عەرەبی و فەرەنسی بوو بیروبۆچوونی خۆم لە وجودیەتدا رونکردەوە. تێزەکەیشم بەناوی (زەمەنی وجودی) بوو. تا ئێستا چوار جار چاپکراوەتەوە، بەڵام یەکەم کتێبی سارتەر لە وجودییەتدا (بوون و عەدەمە) کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ چاپکراوە.

**(عەبدولرەحمان بدوی)**

● رۆشنبیری ئەوکاتە مەزن و دەوڵەمەند و بەربڵاودەبێت کە پێوەری وردی بۆ دەستنیشانکردنی راستی و خێر و جوانی هەبێت.

**(محمد ارکون)**

● یەکێ لەو مەرجانەی کە کاتی شوکردنم لای جەلال ئال ئەحمەد خستمە روو ئەوەبو کە من هەر بە (سیمین دانشور) ی ئەمێنمەوە، من نابم بە (سیمین) ئال ئەحمەد.

**(سیمین دانشور)**

● باوەڕم وایە هەر کتێبێك ریشەی لە کتێبێکی ترایە و ئەو کتێبانەی کەدەیانووسین، کوڕ و نەوەی کتێبی ترن.

**(کارلوس فونتس)**

● لە ژیانی رۆشنبیریماندا وا باوە کە ئەرکی رۆشنبیر ئەوەیە چارەسەر بۆ دەرچوون لە کێشەبخانە روو ئەمەیش بۆچون و داواکارییەکی هەڵەیە. رۆشنبیر چارەسەری کێشە ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دروستی دەکات. یاخود بە بەردەوامی تیایدا دەژی. تا بوونی وەك رۆشنبیر بگونجێنێ. چونکە رۆشنبیریی زیندوو ئەزمەی بەردەوامە، گەڕان و بەدواداچوونی گۆڕانی بەردەوامە.

**(ئەدۆنیس)**

● خوێنەر پرۆسەی خوێندن دووبارە دەکاتەوە بێئەوەی بە بەردەوامی بتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکات کە بە مێشکیا دێن یا بزانێت دەقی ناوەوە لەکوێدایە کە بیرگەی لەسەری پێدائەگرێ.

**(میخائیل ریفاتیر)**

## دیزی الامیر باس لە هۆکاری خودیی خۆکوشتنەکەی خەلیل حاوی دەکات

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا کەناڵی LBC چاوپێکەوتنێکی دووردرێژی لەگەڵ چیرۆکنووسی ناودار (دیزی الامیر) دا کرد. دیزی لەو چاوپێکەوتنەدا لەسەر زۆر لایەنی ژیانی ئەدەبی ر ڕووناکبیریی خۆی دووا، ئاماژەی تەواوی بۆ ژیانی تایبەتی خۆی و ژنهێنانی باوکی و خوێندنی و پەیوەندینەکردنی بە سیاسەتەوە کردووەچونکە لەسەری دەکەوت.

دیزی ماوەیەك لە قوتابخانە ئامادەییەکانی بەسرە و کویت وانەی وتۆتەوە. لە بەیروت، لە گەرمەی شەڕا لە باڵیۆزخانەی (عێراق) دەمایەوە. نزار قەبانی زۆر هانیداوە بۆ ئەوەی لە ماڵی خوشکەکەی دوورکەوێتەوە و بەتەنیا بژی، ئەمیش ئافرەتێك بوو، باوەڕی تەواوی بەخۆی و سەربەستی خۆی و کردەوەی خۆی هەبووە ئەگەرچی کەسانێك ویستویانە تووشی خلیسکانی بکەن بەڵام باوەڕ بەخۆبوونی ئەم لەوە گەورەتر بووە. ئەوەندە بڕوای بە پەیوەندی و قسەی لوسی ئەم و ئەو نەبوو. هەندێك لە نوسەرە گەورەکانی عەرەب نامەیان لەگەڵا گۆڕیوەتەوە و هێڵی سوریان بەزاندووە. یەکێك لەوانە شاعیر و نووسەری گەورە خەلیل حاوییە. دیزی بەو شێوەیە وێنەی خەلیل حاوی کیشا کە کەسێك بووە ویستویەتی ئارەزو و سنوری خۆی دیارییکات و بیانەسەپێنێ. کراوەیی ئەم ڕێگای لەوانە گرتووە. لە چاوپێکەوتنەکەدا دیزی خاڵی خۆکوشتنی خەلیل حاوی وروژاند، وەختی خۆی کە شاعیری لوبنانی گەورە خەلیل حاوی خۆی کوشت ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و گۆڤارەکان ڕایانگەیاند کە خەلیل لە داخو خەفەتی داگیرکردنی وڵاتەکەی لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە خۆی کوشتوە نوسینەکانی ئەوکاتە وایان ڕاگەیاند کە خەلیل لە خۆکوشتنەکەیشدا نەیویستووە کەس بەسڕین و پاکردنەوەی ماڵەکەیان لە خوێن، ماندووبکات، بۆیە چووە لە حەمامەکەدا لەناو حەوزی ئاوەکەدا خۆی کوشتووە. ئەو قسانەی چاوپێکەوتنەکەی دیزی الامیر باوەڕ بەو شێوە خۆکوشتنە و هۆکانی دەلەرزێنێ شاراوەکانی دیزی دەڵێ: من شتە شاراوەکانی ژیانی دەزانم، زۆر نهێنی لە ژیانیا هەبوو کە ڕەنگە بدۆزرێنەوە کلیلی ژیانی بدەنە دەست خەڵك. دیزی باوەڕی وابوو کە هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی لە پاڵ خۆکوشتنەکەیدا نەبووە و داگیرکردنی خاکی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە پەیوەندی بەو خۆکوشتنەوەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خود و ناخی خۆیەوە هەبوو، پێکهاتەی دەروونی و جۆری خوێندنەوەی و کەسێتی خەلیل ڕۆڵی سەرەکییان لە خۆکوشتنەکەیدا بینیوە، هۆکارەکان زاتی بوون نەك دەرەکی. دیزی لەو کەسە کەمانەیە کە بە جورئەتەوە وا لە خەڵك دەکات بوێرن چاو بە هەندێك ڕاستی نیشتمانیدا بخشێننەوە کە ئەمڕۆ لای خەڵك پیرۆزن و دەمێکە لە بیرگەیاندا چەسپیوە.

لەلایەکی ترەوە دیزی ناوی چەند نوسەرێکی تری برد کە نامەیان بۆ نوسیوە و وەختی خۆی ڕەخنەگر (رجاء النقاش) لێی سەندەوە و پاش بیست ساڵ بە جنێو و بوختانەوە بڵاوی کردونەتەوە.

## ڕاپرسێک دەربارەی گۆتە

گۆڤاری شیغل لە دۆسییەکدا کە لە یادکرنەوەی ٢٥٠ ساڵەی گوتەدا بڵاوی‌کردەوە ڕاپرسێکی

ئامادەکردبوو، چەند پرسیارێکی لە چەند نوسەر و خوێنەرێك کردبوو، وەك کێ ئێستا گۆتە دەخوێنێتەوە؟ ئێستا لە کوێ ئەدەبدایە؟

لەوانەی کە بەشداریانکردبوو (نیکولاس بویلی) بوو کە تازە کتێبێکی دورودرێژی لەسەر گۆتە و ژیانی چاپ کردوە. نیکولاس دەڵێ:

گوتە شاعیرێکی جیهانییە و ئەدەبەکەیشی پڕە لە راستی قووڵ، بە باوەڕی ئەو زەمەنی گوتە ئێستا خەریکە دەسپێدەکات، نیکولاس بویلی دەڵێ:


گوتە لە سەردەمی پێش جیهانی شۆرۆشگێڕیا دەرکەوت، پێش نوێگەریی سەدەی هەژدەیەم، لەو وەختەدا کە شۆڕشی فەرەنسی بە دوادا هات، ئەو قۆناغەیش کۆتایی هاتووە، ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لە زەمەنی بورجوازیەت و نەتەوەیی نوێدا دەبینینەوە، لە بارودۆخێکدا کە تارادەیك لە سەردەمی گوتە دەچێت.

رۆمانەکانی لە ئێمەوە نزیکن، کارەکانی بەرەو رەمزیەت دەڕۆن نەك واقیعیەت. گوتە، وەك ئێمەی ئەمڕۆدا بایەخی بە تاکی تێکشکاو و پەرتو پارچە ئەدا، ئەو بەشێك بوو لەو ئایندەیەی کە ئێمەی تیایداین.

دەربارەی ئەو رەخنانەی کە لە گوتەی دەگرن دەڵێ: بۆچی هەڵەکانی گەورە و زلئەکەن، ئەویش مرۆڤ بووە. دەربارەی نەرجسیەت و خۆپەرستی گوتە دەڵێ: بەڵێ زۆر خۆپەرست بوو، بەلام بەرهەمێکی زۆر لەم خۆپەرستییە پەیدا بووە. هەشتا ساڵ ژیاوە، هەر خەریکی خۆی و داهێنانی خۆی بووە، هیچ کەسێکی ئازار نەداوە.

بویلە دەڵێ: ئەوانەی کە تا ئێستا گوتەیان نەخوێندۆتەوە با یەکەم جار فاوست بخوێننەوە، بە راستی شێوازێکی کورت و چڕی هەبوو.

## محی الدین زەنگەنە ڕووناکی چاو لەدەست ئەدا



رۆمـاننوس و شانۆنامەنووسـی کـورد محی‌الدیـن زەنگەنە کە دەیەها رۆمان و شانۆنامەی بـە عـەرەبی نوسـیوە و چـەندین خـەڵاتی گـەورەی عـەرەبیی وەرگرتـووە لـە نەخۆشـخانەیەکی گـەورەی بـەغداد خـەوتوە و چـاوەڕوانی چارەسـەرکردنی نەخۆشـی چاوی دەکات.

چەند گۆڤارێکی ئـەدەبی عێراقی رایانگەیاند کـە زەنگەنـە تووشـی ئـازارێکی گـەورەبووە و خەریکـە رووناکی چاوی لەدەست ئەدات و پزیشـکەکان پێیـان راکەیاندووە کـە دەبێـت نەخوێنێتـەوە و دەس بـۆ نوسین نەبات. بەڵام ئەم ئەمـەی بە شتێکی مـەحاڵ داناوە. محی‌الدین زەنگەنـە رۆمانـەکانی لـە عێراق و سـوریا چـاپکراون، شـانۆنامەکانی لـە وڵاتـە عەرەبییـەکاندا پێشکەشـکراون و چـەند سـاڵێکە خانەنشینکراوە و لە شاری دیالە دەژی.

## سەدەی یەکەمی دوای بیاتریس

## مێینێتی رۆمان

ئـەمین مـەعلوف رۆماننوسـێکی لوبنانییـە و بـە فەرەنسی دەنووسێ، چەندەها رۆمانی بـە فەرەنسـی نوسیوە، لەوانـە: (سـەمەرقەند، لیونـی ئـەفریقی، باخچـەکانی روونـاکی، سـەدەی یەکـەمی دوای لەدایکبوونی بیاتریس).

ئـەمین لـەو عەرەبانەیـە کـە خـەڵاتی جۆنکۆریـان هێنـاوە و ئـەمڕۆ بایـەخێکی جیهانی بـە رۆمانـەکانی ئەدرێ.

لـەم رۆمانـەدا ئـەمین دەیـەوێ مێینـەیی دنیـا و کۆمەڵ بخاتە پێش چـاو، ئافرەت و داکۆکیکردن لـە ئافرەت و داشکان بەلای مێینە و مێینەیی جیهاندا لە سیما سەرەکییەکانی ئەم رۆمانەن.

لـە رۆمانـەکانی ئـەمیندا بەرەنگاربوونـەوە و وەستان دژی دەسەڵات بە ئاشکرا دوویـارە دەبنـەوە رەتکردنەوە بەشێك لە فاکتەرەکانی بـەرەو پێشـەوە چوونـی کردارەکـانن. ئەمـەش بـەجۆرێکی دی لـە رۆمـانی (سـەدەی یەکـەمی پـاش بیـاتریس) دا دەکەوێتـەوە، ئـەویش لـە رێگای بانگەشـەکردن بـۆ گەڕانـەوە بـۆ کۆمـەڵی دایکسالاری چونکـە باشـترین رێیە بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی.

مەعلوف لە دوا چاوپێکەوتنندا دەڵێ: من ئەگەر بە عەرەبی بمنوسیایە خوێنەرێکی کەمم دەبـوو، ئێستا کتێبەکانم ملیۆنێك دانەیان لێ دەفرۆشرێت.

## چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبی


## وروناکبیری گەلاوێژ

● لـەزنجیرە چالاکیـەکانییدا بنکـەی ئـەدەبیو روناکبیریی گەلاوێژ لەهۆڵی هونەرە جوانەکانی کـورد ، کـاتژمێر (٥)ی ئێـوارە دوو کـۆڕی بۆکارەسـاتی ئەنفال ساز کرد بەم شێوەیەی خوارەوە .

شەممە رێکەوتی ٤/٢٩/ دوو بابەت پێشکەش کرا .

بابەتی‌یەکـەم لـەژێر نـاوی (ئـەنفال قۆناغێکـە بـۆ پراکتیك کردنی جینۆساید )لەلایەن (د. مارف عومـەر گول)ەوەپێشکەش کرا .


بابەتی دووەم لـەژێر نـاوی (ئـەنفال وەك زاراوەیـەکی ئیسلامی ) لەلایـەن (ماموسـتا صـالح محمـد )ەوە پێشکەش کرا



شیاوی باسە چیرۆکنووسی لاو ئاکۆ کریم معروف کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد .
ڕۆژیپێنج شەممە ٣٠/٤/ بەهەمان شێوە دوو بابەت پێشکەش کران بەم شێوەیە .
بابەتی یەکەم لەژێر ناوی (( کیمیا باران لە ئەنفالدا ترسناکترین چەك بوو )) کە د. فایەق گوڵپی وەك رووداوێکی واقیعی بابەتەکەی پێشکەش کرد
بابەتی دووەم لەلایەن بەڕێز (محەمەد حەمە صالح توفیق )ەوە پێشکەش کرا لەژێر ناوی (لۆجیکی ئەنفال و بەراوردێك لەنێوان ئەنفال و هۆلۆ کۆستدا ) ، شیاوی باسە شاعیری لاو صەلاحە ڕەش کۆرەکەی بەڕێوە دەبرد.



ڕۆژی ٢٢/٥/٢٠٠٠ کاك (لەتیف هەڵمەت) ی شاعیرلە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، کاتژمێر (٥) ی پاش نیوەڕۆ تەلیسمی بێدەنگی چەند ساڵەی بە خوێندنەوەی قەسیدەیەکی نوێی شکاند شایەنی باسە ئەم کۆڕە چوارچێوەی چالاکییەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ بوو، برای نوسەر کاوە حاجی عزیز کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد، سەرەتا وتی: (بەڕێزان لەم ئێوارە کۆڕەدا کاك لەتیف هەڵمەتی شاعیر دەیەوێ دێوجامەی بێ دەنگیەکەی ونجڕ ونجڕ بکات چونکە ئەوا نزیکەی ٨ ساڵە دەرگای لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی کلۆم کردووە.. ئاشکرایە کاك لەتیف دەنگێکی رەسەنی نوێی شیعری کوردییە و شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی



(ئینگلیزی، سویدی، هۆڵەندی، فارسی، عەرەبی، فەرەنسی، تورکی) و بەشێك لە هەڵبژاردەی شیعرەکانیبەشێوەی کرمانجی ژوورو لەلایەن بەڕێز خەلیل دهۆکیەوە بەپیتی لاتینی بڵاوکراوەتەوە.. شایەنی باسە وێڕای ئەوەی کە کەم تا زۆر بە کوردی لەسەری نوسراوە هاوکات چەند رەخنەگر و نوسەری عەرەبیش لەسەریان نوسیوە وەك (حاتم الصگر، عبدالمطلب محمود، عبدالحسین مخیف، یوسف الحیدری، عبدالزهرة ذکي، عبدالە صائغ، زاهیر الجیزاني.. گەلێکی تر وە بە زمانی فارسیش نوسین و لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی کراوە بەتایبەتی لەم گۆڤارانەدا بڵاوکراونەتەوە (ادبستان، معیار، دنیای سخن.. چەند گۆڤارێکی تر).
یەکێك لەو نوسەرە فارسانەی کە گرنگی تایبەتی پێداوە نوسەری ناوداری فارس سید علی صالحیـیە کە چەند جارێك لەسەری نوسیوە.. لەتیف هەڵمەتی شاعیر لە کۆتایی شەستەکانەوە شیعر دەنوسێ و یەکەم شیعری ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری رزگاری دا بڵاوکردۆتەوە.. یەکەم دیوانی شیعریشی لە ساڵی ١٩٧٠ دا لەژێر ناوی (خوا و شارەبچکۆلەکەمان) دا بڵاوکردۆتەوە.. لە ساڵی ١٩٩٩ دا سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی کە (١٠) دیوانە شیعریە بە قەوارەی (١٠٧٠) لاپەڕە لەسەر ئەرکی هەڤاڵ مام جەلال لەچاپ دراوە.
هەروەها لە بواری ئەدەبی منالاندا گەلێك بابەتی بەپێزی هەیە جگە لەوەی لە میانەی وەرگێڕانیشدا

هەوڵی لەبەرچاوی هەیە. شیاوی باسە کاک لەتیف لە ماوەی دوو کاتژمێردا بەشێك لە دیوانی (تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت) ی خوێندەوە جەماوەرێکی زۆری شیعر دۆست گوێبیستی ئەم دەقە تازەیەی کاک لەتیف بوون.



## میهرەجانی مەولەوی

## کەرنەڤاڵێک لە عەشق و وشە



رۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٥ وەزارەتی رۆشنبیری لەژێر دروشمی (یادکردنەوەی مەولەوی وەفاداریمانە بۆ هەموو کارە رەنگینەکانی مێژوومان) دەستی پێکردوو سەرەتا مەراسیمی کردنەوەی مەزاری حەزرەتی مەولەوی لە گوندی سەرشاتەی تاوەگۆزی لە سەعات (١١) ی سەرلەبەیانی دەستیپێکرد بە ئامادەبوونی میوانێکی زۆر لە رۆشنبیران و ئەدیبانی کوردستانی خۆرهەڵات و شارەکانی سلێمانی، هەولێر، بەغدا و میوانێکی زۆری ناوچەکە، میهرەجانەکە بەم شێوەیە دەستیپێکرد:

١) وتاری وەزیری رۆشنبیری بەڕێز (شێخ محەمەد شاکەلی).

٢) وتاری نوێنەری رۆشنبیرانی کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن بەڕێز (ئەحمەدی قازی)ەوە خوێندرایەوە.

٣) هۆنراوەیەك لەلایەن (سەید محەمەد سەید عەبدولقادر) کە یەکێکە لە بنەماڵەی مەولەوی خوێنرایەوە.

٤) هۆنراوەیەك لەلایەن (سەید عەبدولرەحمانی سەرشاتەیی) خوێندرایەوە.

٥) وتاری بنەماڵەی مەولەوی لەلایەن (علی محمد سەعید)ەوە خوێندرایەوە.

رۆژی دووەمی میهرەجانەکە بە کۆمەڵێك چالاکی دەستی پێکرد، لە کاتژمێر (٦) ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی گەلەری رۆشنبیری، پێشانگایەکی تایبەت بە میهرەجانی مەولەوی کرایەوە و تیایدا چەندین کاری سەرکەوتوی لەخۆ گرتبوو، دواتریش لە هۆڵی رۆشنبیری چەندین وتار خوێندرایەوە، لەوانە بەڕێز دکتور (عیزەدین مستەفا رەسول) وتاری لیژنەی باڵای خوێندەوە و پاشان وتاری بنکەی ئەدەبی و



ڕوناکبــیریی گــەلاوێژ لەلایــەن بــەڕێز (ڕەئــوف عوسمــان)ەوە خوێندرایــەوە و مامۆســتا (شــێرکۆ بێکەس) یــش بە پەخشانەشیعرێك بەشداری کرد، هــەروەها تیپی نەتــەوەیی هونــەریی میللی چــەندین چالاکیان پێشکەش کرد.

ڕۆژی هـــەینی (٢٦/٥/٢٠٠٠) ســــەعات (١٠) ی سەرلەبەیانی لە هۆڵێ بازرگانی کۆڕی میهرەجانەکە دەســتی پێکــرد، بــەم شــێوەیە: مامۆســـتا (محەمەدیمـــەلا کــەریم) مەولـــەوی و ژیـــان و بەرهەمەکانی، (ئەحیمی لوقمانی) ئیقاع لە شیعری مەولەویدا، (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان) سێ شیعری مەولــەوی و خوێندنەوەیــەکی ســۆفیانە، (ڕەئــوف عوسمـــان) دەرگایـــەك بــۆ تێگەیشـــتنی شـــیعری مەولەوی، (محمد دلێر) ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە لە شیعری مەولــەویدا، (عوسمـان محمد هــەورامی) چەند وێنەیەکی گەشتەوەرزی باخی مەولەوی.

ئــەوەی جێــی ســەرنجە لــەناو میهرەجانەکــەدا ڕۆژنامــەی ڕۆگانــەی مەولــەوی بەســەر ئامــادەبواندا دابەشدەکرا.


## تێبینی

لــە ژمـــارە نــۆزدەی گـــەلاوێژینوێ بابــەتێکی تیادایــە لــەژێر ناونیشـــانی (نوسەرانی شاخ و سەرەتاکان) کە بـرای شاعیر عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ئامادەی کردووە. لەوێدا چــەند نوسەرێك باسی سەرەتاکانی دامەزراندنی نوسەرانی شاخ دەکــەن، کـــاك ئەبوبــەکر خۆشـــناو پێیڕاگەیاندین کە هەڵەیەك لە مێــژووی دامــەزراندنی یــەکێتی نوسەرانی شاخدا هەیە. لە چەند ڕۆژنامەیەکی ترا دوبارە و ســیبارە بۆتــەوە. هەڵەکــەش ئەوەیــە نوســــەرانی شـــاخ لـــە ١٩٨٠/١٢/٣ دامـــەزراوە نـــەك لـــە ١٩٨٠/١٢/٢٣ دا.

گەلاوێژی نوێ

# چلەی ئەدیب و سیاسەتمەدار

## مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد



رۆژانی ١٧ و ١٨ مایس ٢٠٠ چلەی مامۆستای ئەدیب و سیاسەتمەداری بەناوبانگ ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی سازکرا ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو.

رۆژی یەکەم: سەرلەئێوارە لە قەلاچوالان لە (هۆڵی شیهاب) دا بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) و سەرکردایەتی هاوکات نوێنەرانی سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەرنامەی چلەکە دەست پێکرا. سەرەتا بەڕێز (کۆسرەت رەسول) وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە، دواتر بەڕێز مولازم عومەر عەبدوڵڵا وتاری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ی خوێندەوە دواتر هەریەك لە بەڕێزان محەمەدی حاجی محمود و قادر عەزیز وتارێکیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە، بەڕێز سەرداری مەسجدی وتاری کۆماری ئیسلامی خوێندەوە شیاوی باسە سەرجەم رێکخراوە سیاسیەکان وتاری خۆیان پێشکەش کرد لەوانە حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی دیموکراتی ئێرانی، کۆمەڵە، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، جگە لە چەند کەسایەتێکی ناسراو هەروەها چەندەها بروسکەی ماتەمینی لەلایەن رێکخراوە پیشەیەکان و دەزگا تایبەتیەکان و کەسایەتیەکان خوێندرایەوە.

رۆژی دووەم: کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی لە هۆڵی رۆشنبیری بەئامادەبونی جەماوەرێکی زۆر ئەم بەڕێزانە وتار و لێکۆڵینەوەی خۆیان بۆ ئەم چلەیە پێشکەش کرد.

سەرەتا خاتوو گەلاوێژ خێزانی خوالێخۆشبوو وتارێکی سۆزداری پیشکەش کرد کە تیایدا کەسایەتی مامۆستا ئیراهیمی بەرز نرخاند جگە لەوەش چەند یادگارییەکی لەبیرنەچووی نێوان خۆیانی بۆ ئامادەبوان گێڕایەوە.

دواتر هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناونیشانی مامۆستا ئیبراهیم و رۆژنامەوانی پێکشەش کرد کە تیایدا رۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە دەرچوونی رۆژنامەی خەبات و نور و کوردستان و دیاری لاوان و رزگاری بەدەرخست و بەشێوازێکی ئەکادیمیانە باسەکەی پێشکەش کرد.

بەدوای هەڤاڵ نەوشیرواندا کاك مەحمودی مەلا عیزەت هەوڵ و خەبات و چالاکییە حیزبیەکانی مامۆستا ئیبراهیمی باسکرد رۆڵی خەباتی سیاسیانەی خوالێخۆشبووی بۆ ئامادەبوان

شیکردەوە لە چەند لاپەڕەیەکی حەشاردراو لە خەباتی خوالێخۆشبوو دووا دواتر خاتوو مونیرە قەفتان یادەوەریەکی خەباتی نهێنی لە ژیانی مامۆستا بۆ ئامادەبوان باسکرد بە دوای ئەم باسانەدا پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ بابەتێکی ئەدەبی پێشکەش کرد کە دەربارەی بەهرەی شاعیرێتی و سەلیقەی نوسینی مامۆستا ئیبراهیم بوو.

دوا بابەتی سەرلەبەیانی بابەتێکی بەڕێز تەها بابان بوو دەربارەی توانای پارێزەری و حاکمی مامۆستا ئیبراهیم، بابەتێکی تێروتەسەلی پێشکەش کرد.

سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ هاوکات بە ئامادەبونی هەڤاڵ مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و چەندین کەسایەتی و لێپرسراوی حکومی و حیزبی، هەڤاڵ مام جەلال وتارێکی تێروتەسەلی لەسەر کەسایەتی مامۆستا ئیبراهیم پیشکەش کرد کە تیایدا رۆڵی مامۆستا ئیبراهیمی لە رووی فیکر و ئەدەب و سیاسەت و رۆژنامەوانییەوە بەرزنرخاند جگە لەوەش چەند یادگارییەکی بەڕێزی بەو بۆنەیەوە باسکرد. بەدوای وتارەکەی هەڤاڵ مام جەلالدا شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس) قەسیدەی (پیاوێ لە دارسێو) ی خوێندەوە، هەروەها کاک حسین عارف وتارێکی بەو بۆنەوەیە خوێندەوە ناونیشانەکەی (داهێنان لە بواری چیرۆك نوسینی مامۆستا ئیبراهیم) بوو. دواتر هەڤاڵ د. کەمال فوئاد دەربارەی ئەو وتارانەی کە لەسەر مامۆستا ئیبراهیم لە دەرەوەی وڵات نوسراون بابەتێکی چڕوپڕی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە.

بەدوای ئەم مەراسیمەدا خاتوو هێرۆ کچی مامۆستای کۆچرکردوو، بەناوی بنەماڵە و هەموو رۆڵەی کوردەوە سوپاسی بێپایانی هەموانی کرد بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕێورەسمی بە خاك سپاردنی خوالێخۆشبوا ئامادەبوون.

# کۆنگرەی هەورامانناسی

## ٧-٨-٩/٦/٢٠٠٠

رۆژانی کۆنگرەی هەورامانناسی لە شاری سنە و دەوروبەری بەڕێوەچوو. لەم کۆنگەرەیدا میوانێکی زۆر لە سەقز مهابادج و تاران و کرماشان و سلێمانی



و هەولێر و شارەکانی تری کوردستانەوە داوەتکرابوون. لە سلێمانییەوە وەفدێك بە سەرۆکایەتی بەڕێز (شێخ محمد شاکەلی) وەزیری رۆشنبیری ئامادەی کۆنگرەکە بوو. وەفدەکە بریتیبوو لە چەند ئەدیب و نوسەرێك.

لە سەعات هەشت و نیوی بەیانی رۆژی یەکەم کۆنگرەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستیپێکرد، پاشان نامەیەکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس خوێندرایەوە کە پیرۆزبایی لە کۆنگرەکە کردبوو داوای لێبوردنیشی کردبوو بۆ ئامادەنەبوونی. دوای ئەوە بەڕێز دکتور (رمضان زادە/ پارێزگاری شاری سنە) وتەیەکی خوێندەوە و بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و لە چۆنیەتی بەستنی کۆنگرەکە و پەیوەندی رۆشنبیری و چەندین خاڵی تر دوا.

دوا بەدوای پارێزگار، دکتۆر ئەسعەد شێخ الاسلامی وتەیەکی خوێندەوە، بەڕێز شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ڕۆشنبیری وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

ئەم نوسەرە بەڕێزانەش بە وتار و لێکۆڵینەوە بەشداریی کۆنگرەکەیان کردبوو:

ئەسعەد جەباری ، ئازاد نەقشبەندی، دکتۆر بایەزید مەردۆخی، دکتۆر عەلی رخزادی و دکتور هاژە کلاوی (کە لێکۆڵەرێکی فەرەنسییە و بە کوردی قسەی دەکرد و لەسەر سەکۆی هۆڵەکە چەپکە گوڵێکی پێشکەش بە شاعیر لەتیف هەڵمەت کرد.) دکتۆر فەرەیدونی جنیدی، دکتۆرە فەریدە معتکف، رەفعەت هەورامی، لەتیف هەڵمەت، دکتۆر دڵشاد عەلی، فردین مەعصومی فر، هەلالە حەلیمی، رەئوف محەمەد پور، دکتور عدبـالله ئەبریشمی، حەبیب مستوفی، سەید ئەحمەد سجادی، دکتور حەسەن سەلاح سۆران، کلثوم عوسمانپور، عەباس چەمچەماڵی، محەمەد یوسف رەسول ئابادی، رەحیمی لوقمانی، بەختیار سجادی، عادل محەمەد پور، سادق شەمس، سەید ئیسماعیل حوسەینی، سدیق بۆرەکەیی، دکتور معتمدی، دکتور برهان ولدبیگی، سەید حەسەن سەید زادە هاشمی، میرزا هەورامی، ئەحمەدی شەریفی، عوسمان محەمەد هەورامی، دکتور عەلی بلوکباشی، تاهیر رەمەزانی، جەمال لحافیان، عوسمان نەقشبەندی، عەلی دلێری، موسی رەحیمی، بهروز تاهیر) لەنێوان و پاش هەندێك لەم دانیشتنانە چەند چالاکییەکی تر پێشکەشکرا، وەك: مەولود خوێندنەوە بە دەفەوە، مۆسیقا، پێشکەش کردنی دوو فیلم، یەکەمیان: زمانی برای مستی اسبها) کە هونەرمەند بەهمەنی قوبادی دەریهێنابوو، دوەمیشیان (چریکەی هورام) فرهاد مهر انفر.

فیلمەکەی بەهمەنی قوبادی لەوکارانەیە کە قەد لە یادناچن تا ئەوکاتە باوەڕمنەئەکرد کە کورد توانیبێتی لە بواری سینەمادای کاری وای ئەنجامدابێت.

دوا ڕۆژیش تایبەت بوو بە گەشتێك بەناو هەورامان و ناوچە شاخاوییەکانیا، لەو گەشتەدا سەردانی گۆڕی شاعیر بێسارانیمان کرد، و پاشان لە باخێکی نزیك دزلی (دەیانوت باخی مەحمود خان) بووە، تیپی هەڵپەڕکێی مەریوان چەند هەڵپەڕکێیەکی هەورامییان پێشکەش کرد.

کۆنگرەی هەورامانناسی ڕوداوێکی ڕۆشنبیری باش بوو، سەدەها ئەدیب و نوسەری لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ چەند ڕۆژێ کۆکردەوە، لەنێو ئەو وتارانەدا چەندین وتاری باشت بەدیدەکرد.

ئێمە وەك گۆڤاری گەلاوێژی نوێ کە لەوێ ئامادەبووین ئەم تێبینی و پێشنیازانەمان هەیە، هیوادارین ئەو نوسەر و ئەدیبانەی کە کۆنگرە و فێستیڤاڵی لەم چەشنە دەگرنە ئەستۆی خۆیان سودیان لێببینن:

١) لە پەنجاوە تا شەست چالاکی پیشکەشکراوە، ئەمیش لە ماوەی دو ڕۆژدا، دیارە دوو ڕۆژ ماوەیەکی ئێجگار کەمە بۆ ئەو هەموو وتار و چالاکیانە. لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکێکی زۆری شاری سنە بە هەموو چینەکانییەوە ئامادەبوون. پیشنیازی ئەوە دەکەین بۆ وتار و بابەتی ئاوەها زۆر ماوەی کۆنگرە لە شەش ڕۆژ کەمتر نەبێت.

٢) ڕەنگە ئەو گەشت و گوزارانە کە بە دەوروبەری شوێنی کۆنگرەکەدا دەکرێ زیاد بن.

٣) لەجیاتی گەشتوگوزار بۆ ناوچە دوورەکان باشترە نووسەران سەردانی مۆزەخانە و کتێبخانەی گشتی و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و جێگای نوسەران بکەن.

٤) دەبوایە ڕۆژێك یا دوو ڕۆژ مۆڵەت، بۆ حەسانەوەی میوانەکان بدرایە، یاخود دانیشتنی بەیانیان لە هەندێ ڕۆژدا نەبوایە. تا نوسەر و ئەدیبان بیانتوانیبایە سەردانی کتێبخانەکانیان بکردایە.

٥) میدالیایەك یا هەر نیشانەیەكی تر دروستبكرایە و بدرایە بە میوانەكان، تا جیابكرانایەوە.

شـایانی وتنـە پارێزگـاری سـنە ئێوارەیـەك دانیشتنێكی تایبەتی لەگەڵ وەفدەكەدا كرد، بەڕێز وەزیـری رۆشـنبیری (شـێخ محمـد شـاكەلی) كـە سەرۆكایەتی وەفدەكەی دەكرد، ئەدیب و نوسـەرانی بە پارێزگار ناساند و پاش چەند وتەیەك هەندێك پێشنیازی رۆشنبیری خرایە روو. لە دوارۆژیشدا تا سەر سنور، بەڕێزەوە وەفدەكە بەڕێخرا.

## كتێبنما


● ژنێك و دوو پیاو – رۆمان – لیۆنارد فرانك وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە شێركۆ بێكەس (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).




● كاروانی بێكۆتایی – گۆشەیەك لە یاداشت و بیرەوەریەكان – نوسینی مەحمود مەلا عززەت (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).




● رابوون لە شەوە زەنگدا – شیعر – ڤیان بێتوشی (چاپخانەی هەواڵ).




● مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەی خەبات – نوسین – نەوزاد عەلی ئەحمەد.



• پیاوێ لە دارسێو – شیعر – شێرکۆ بێکەس (چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم).




• تارمایی پێی مەراقێك – شیعر – رۆژ هەڵەبجەیی (کۆمپیوتەر و ئۆفسێت: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان).




• مافەکانی من – وەرگێڕانی بە سویدیەوە – عبداللە حەمەلاو (چاپخانەی هەواڵ).




• لوط ها در شب – توفیق مشیر پناهی (چاپ و صحافی: ناصح، ناشر: بیان آزادی).




• چەمەری خاکی سووتاو – شیعر – جلیل ازادیخواه (چاپخانەی بهرام).




• بیانك – عەلی رەزا مۆحەمەدیان (ناشر: گۆران سنە).



• تبعیدی ١٨٢ هزار رؤیا – کامبیزکریمی (ناشر: بیان ازادی).




• رامبۆ و زەمانی پیاو کوژان – هنری میلەر – وەرگێڕانی غفور صالح عبدالله (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).




• روانین لەودیو وشە شووشەیەکانی (عبدالقادر سعید)ەوە – عبدالقادر سعید (چاپخانەی هەواڵ).





• نان و شەراب – رۆمان ئینازیۆ سلیۆنە – وەرگێڕانی لە فارسیەوە – رزگار ئەمین نەژاد (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).





• مێژووی شانۆ لە هەڵەبجە ١٩٣٩ – ١٩٩٣ – نووسین و ئامادەکردنی عبدالله حەمەلاو – (چاپخانەی هەواڵ).




• کارنامەی ئەردەشێری بابەکان – وەرگێڕانی و لەسەر نووسینی شاسوار . خ. هەرشەمی (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).



- بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ وە هەتا ١٩٥٨ لە ١٩١٤ وە هەات ١٩٥٨ بەشی یەکـەم – میرزا محمد ئەمین – مەنگوڕی (چاپخانـەی روون – سلیمانی).




- هۆشیاری فەلسـەفی – فوئـاد تاهـیر سـادق (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).





- تریفەی تـەنیایی (ژیـان و شـیعری سوهراب سـپهری) هـەڵبژاردن و وەرگـێڕانی – ئـازاد بەرزنجی (چاپخانە و ئۆفسێتی گوڵزار).




- چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا – **گابریل گارسیا مـارکیز** – وەرگـێڕانی ئەرخـەوان **(چاپخانـەی داناز) بڵاوکراوەی بنکەی ئـەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ.**




- سێ تەڵ وەنەوشـە بۆ کـەزێکانی شیعر – **رەئوف عوسمان – بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ.**



- یاداشتەکانی گیڤارا – بورهان قانع لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی (بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ.




## بۆ نوسەران

بۆئەوەی کتێبەکانتان لە گۆڤارەکەماندا بخرێنەڕوو، دانەیەکی تایبەت بۆ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بنێرن. ئەو کتێبانەیشی بۆ کتێبخانەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ دەنێردرێن دەبن بە موڵکی ئەو کتێبخانەیە و لە گۆڤارەکەدا ناخرێنەڕوو.

**گۆڤاری گەلاوێژی نوێ**

و: زۆراب

# ڕەگە هونەرییەکان


# کریستیانا، پاریس، بەرلین

**ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبی**
**ئێدڤارد مونش (١٨٦٣–١٩٤٤)**
**نووسینی: ئولریش بیشۆف، بەشێکە لەبەشی یەکەمی کتێبەکە**

ئەوانەی، لە ئوسلو، دەچنە ناو جەرگەی گەلەریی نەتەوەییەوە.. بۆ سالۆنی ناوەڕاست لە گەلەرییەڕووناکە جوانەکە، ژمارەیەك تابلۆ کە هەڵبژاردەیەکن لەبەرهەمەکانی ژیانی هونەرمەند، دەبینن، دانە دانە لە پاڵ یەکدا هەڵواسراون. ئەمە هەل بۆ سەردەر دەڕەخسێنێت دیراسەی ڕەگە هونەرییەکانی هونەرمەند بکات. لێرە تابلۆی (پۆرترێتی خۆیی و جگەرە)ی ساڵی (١٨٩٥) دەبینرێت، تابلۆیەکە پێدەچێت بۆ کاتی بەرلینی بگەڕێتەوە. بەراوردکردنی ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنەی مامۆستاکەی، کریستیان کرووگ، کە لە ژێر ناوی (پۆرترێتی نیگارکێش گێرهارد مونتێ)ی ساڵە (١٨٨٥)ە دەبینرێت کە تا چ ڕادەیەك گەشەکردنی هونەریی مونش بە پانزە ساڵی لە کارەکانی زووتری نەرویجی دورکەوتۆتەوە.

کریستیان کرووگی یانزە ساڵ گەورەتر، (١٨٥٢–١٩٢٥)، پێدەچێت پێش ئێدڤارد مونش مەزنترین نیگارکێشی نەرویجی بووبێت. گرنگیی ئەو لەگەڵ (ماکس لیبەرمان) ی ئەڵمانی بەراورد دەکرێت. کرووگ دوای ساڵانی خوێندنی لە (کارلسروِلێ) و بەرلین بوو بەیەکێك لە کەسێتییە سەرەکییەکان لەناو نیگارکێشەکانی (سکاگێ)دا، کە دەکەوێتە خاڵی هەرە سەرەوەی (جوتلاند)، و بەو جۆرە گرنگی زۆری بۆ نیگارکێشانی سکاندیناڤی ئەو کاتە هەبوو.

کرووگ توانی بە یارمەتی هاوڕێی نیگارکێشیەوە، فریتس تاولۆ، زستانی (١٨٨١–١٨٨٢) لە پاریس بەسەر بەرێت، لەوێ پۆرترێتەکانی (ئێدوارد مانێ) کە مرۆڤەکان بەتەواوی نمایش دەکەن کاریان کردە سەر مونش. زنجیرە پۆرترێتەکان کە کرووگ ساڵی (١٨٨٢) دەستی پێکرد ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو نیشتەجێبوونەی پاریس بوو، لەناو ئەو زنجیرەیەشدا پۆرترێتەکەی مونتێ لەگەلەریی نەتەوەییە وێنەیەکە کەبە باشترین شێوەبۆ ئەم بەراوردە لەگەڵ مونتێدا دەگونجێت.هاوڕێ وهاوڕێی



بەرگی یەکەمی کتێبەکە

کاتی خوێندنی کرووگ، گێرهارد مونتێ (١٨٤٩–١٩٢٩)، بە فیگەرێکی (سێ لەچوار) بەش لە ناوەڕاستی ژینگەیەکی دوکەڵاویی قاوەخانەدا وەکو مۆنیۆمێنت وەستاوە، بەکەسانی هونەریی و ئەدەبیی کەلەوێدا لەدەوری مێزە بازنەییەکان دانیشتوون دەور دراوە.

پاڵتۆ نایابەکەی، بە ملیوانە پانە خورییەکەیەوە کەبە ڕەنگی ڕەشی خۆڵەمێشی باو نیگارکراوە، لەبەرامبەر باکگراوندێکدا کە تۆنی قاوەیی هەیە لە کۆنتراستێکی بەهێزدایە. وەسفکردنی تێروپڕی ژینەگەکە لەوێنەکەدا گرنگی پێدراوەو ئامرازێکی گرنگیشە بۆ گێڕانەوەکەی کرووگ لە بارەی کەسێتییەکی هونەریی تا ڕادەیەك لوت بەرز و پۆشتەوە.

مەبەستی سەرەکی کرووگ لێرەدا وێنەکردنی نیگارکێشێکی خۆ دەرخەرە لەناو ژینگەیەکی ڕۆژانەیی شارێکی گەورەدا، نیگارکێشی و داڕشتن لە خزمەتی ئامانجە ناتورالیستیەکەدان. بێ بایەخکردنی شتەکانی باکگراوندەکەو تا ڕادەیەك جەخت کردنە فۆتۆگرافییەکەی پێشینەی وێنەکە بە ڕوونی گەواهی کاریگەریی ئینتباعیەتی فەرەنسی دەردەخات، کە شێوازی هونەریی زاڵی ئەو کاتەی ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور بوو.

پۆرترێتە خۆییەکەی مونش لەیەکەم نیگادا وا دەردەکەوێت لێکچوونی زۆر لەگەڵ وێنەکەی کرووگدا نیشان بدات. پیاوەکە کە نیوە فیگەرەو جگەرەیەکی پێکراوی بەدەستەوەیە.. بەهەمان شێوەی نیگارکێش مونتێ ، دوکەڵەکەش وەکو ئەوە وایە کەش و هەوایەکی کەسێتی لە فیگەرەکە بئاڵێنێت، بەڵام سەیرکردنێکی وردتر ناچارمان دەکات واز لەو لەیەك چوونە ڕووکەشە بهێنین. جیاوازی کاریگەر باڵ بەسەر لەیەکچوونەکەدا دەکێشێت و لێکچواندنەکەمان دەگۆڕێت بەکاری سنوور خستنە نێوانەوە.


لەکاتێکدا قاوەخانە پڕ لەدوو کەڵەکەی کرووگ . جگەرە هەڵکراوەکەی دەستی فیگەرە سەرکییەکە وەزیفەی ئەوەیە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بناسێنێت ئەوا دوکەڵە شینەکەی پۆرترێتەکەی مونش ڕەگەزێکە بۆ



پۆرترێتی: مونش ، مونش نیگاری کردووە.

بەهێزکردنی دەربڕینی دەم و چاوو دەستەکە. دوکەڵەکە دەوری دەموچاو و دەستەڕاست دەدات و فۆرمی چوارچێوەیەك بۆ بەشە ڕووناکەکانی ئەم وێنەیە وەردەگرێت، ئەم چوارچێوەیەش لە قۆڵی کراسەکەوە بەرەو لاجانگەکان شەپۆل دەدات. ملیوانە سپییە بەرزەکە و قۆڵە سپییەکەی کراسەکە ئەم ئینتباعە بەهێز دەکەن. ژمارەیەك خەتی سوور بەپشتی دەستەکەوەن کە نائارامە.. توخمی دیاریش لە زەرد سنوور بۆ لاجانگی لای ڕاست و ناوچەوان دادەنێن و چاوەکان دێننە پێشەوە. نیگا تیژ و دەستە هەستیارە زلەکەی نیگارکێش وەکو گرنگترین ئامرازی ئەو دەخرێنە ڕوو.

بەڕوونی دەبینین کە ڕەنگە ناوچەییەکان لەبەرخاتری ڕەنگی سەرەتایی ڕۆشنی دەربڕ پشت گوێ خراون.. بەڵام لەوەش گرنگتر نەبوونی ئامادەگی باکگراوندی واقیعییە، ئەمەش هەنگاوێکی هێند ڕادیکاڵ بوو کە گرنگی خۆی هەیە . ڕووبەری ڕەنگیی (تەنك)ی بەخێرایی خراوە سەر کە بە شێوەیەکی سەرەکی تۆنی




کریستیان کرووگ، نیگاری کردووه

شین و سوریان هەیە شوێنگەیەکی وێنەیی گرنگ دروست دەکەن کە فیگەری نیگارکێشە لێوەی دێتە پێش. دژایەتی نێوان وێنەکردنی تەواوی سیماکەو دەستەکە کە جگەرەکەی هەلگرتووە لەبەرامبەر بەشە ئەبستراکتەکانی دەورو پشتیان ڕووبەڕوو بونەوەی یەکسەری سەیرکەر لەگەڵ وێنەکەدا بەهێز دەکەن. ئەم کۆنتراستە لە نێوان تۆنە شینەکانی دوکەڵەکە و نیگا ڕاستەوخۆکەی کە نیگارکێش سەیری ئاوێنەکەی پێ دەکات هەمیشە وای لە تەرجەمەکاران کردووە کە ڕەهەندی بایۆگرافی و دەروونی بە وێنەکەوە ببەستنەوە. بەبێ ئەوەی خۆمانی بخەینە گێژاوی ئەم مشت و مڕەوە، دەتوانین لانی کەم بەوە ڕازیبین کە نیگارکێش بە بڕیار و ئازایەتییەوە خۆی دەخاتە بەردەم سەرپۆشە سورە شین باوەکە لە ڕەنگ بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە خۆی و نیگارکێشییەکەی بخاتە ژێر توانای لێکۆڵینەوەوە.

(پۆرتریتی خۆیی و جگەرە) نموونە و نوێنەرایەتی چاوپێداخشاندنەوەو تێڕامانی نوێی هونەرمەندێتی مونشە، بەلام پێش ئەوەی بگاتە ئەم خاڵی وەرچەرخانەی زووی ڕێڕەوێکی هونەریی بەرچاوی گەر نەلێین کەسی و پڕ حەیاچوونی بێ بەختانەی لە پشت خۆیەوە جێهێشتووە. خاڵی لێوە دەرچووەکان مۆرکی هەلومەرجی خێزانەکەیی و هەل و مەرجە گشتییەکەی ناو پایتەختی پێوەیە، کە ئەو کاتە کریستیانا بوو.

هونەرمەندێتی مونش هەر زوو بە نەخۆشی و دەردی سەریی فۆرم کرا، نەخۆشی و دەردیسەرییەك کە خولگەی سەرەکی داهێنانی بوو. ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ نەخۆشی و مردن بە منداڵی و هەرزەکاریی کاریگەریی قوڵ و بەردەوامی بەجێ هێشت.

ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە نەخۆش کەوتن و مردنی (سۆفیا)ی پانزە ساڵەی خوشکی بە سیل هەیە.. مونش بە هۆشێکی چواردەساڵییەوە ئەم حاڵەتەی بینی و دواتر لە هونەردا بە (منداڵە نەخۆشەکە) ی ساڵی (١٨٨٥-١٨٨٦) هەڵسووکەوتی لەگەڵ کرد. لە تەمەنی (٥) ساڵیدا دایکی لەدەست دابوو.. ئەویش بەهەمان نەخۆشی کەئەوکاتە نەخۆشییەکی درمیی میللی بوو. ساڵی (١٨٨٩) باوکیشی لەکاتی نیشتەجێ بوونی مونش لە پاریس، دەمرێت. ترس بۆ وەزعی ژیانی خێزانەکەی و (بوون) یان دوای هونەرمەندە لاوەکە دەکەوێت هەتا ساڵانی نەوەدەکان (١٨٩٠) .

**تێبینی/ ئەم کتێبە لە ئەڵمانییەوە کراوە بە سویدی و ئینگلیزی و سودم لەو دوو دەقەی دوایی وەرگرتووە.**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

[ ڕوونکردنەوەیەك:

***خوێنەرانی خۆشەویست، بەندە وا ڕاهاتووم بابەتەکانی خۆم بەناوی (زۆراب) بڵاو بکەمەوە. ماوەیەکە لە دوو ڕۆژنامەدا بەناوی زۆرابەوە دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە .. ئەو بابەتانە من نەمنووسیون، وەکو، ڕێبازی ئازادی . (زۆراب) ناوی ڕاستەقینەی خۆمە و نازناو نییە. وە نیازیشم نییە ناوی خۆم بگۆڕم، جا بۆ ئەوەی سەر لێشێوان ڕوونەدات داوا لە نووسەرە بەڕێزەکان دەکەم ئەو ناوە نەکەن بەنازناوی خۆیان، گەر کردیشیان ئەوە تێ ناگەم ناو نەماوە !*** ]

**زۆراب**

پرۆشە



رەئوف عوسمان

# بە ستوونی نوسینی شیعر یان بە ئاسۆیی

شیعری کوردی وەك هەر بابەتێکی ئەدەبی تر، مێژویەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەشێت لە روانگەی کۆمەڵێك چەمکی تیوریەوە سەرنج بدرێت، دیارە میتۆدی بە باڵابرینە ئەکادیمیەکانی ئەم بابەتەی نێو مێژوی ئەدەب، لای میللەتان و لای ئێمەش، یان ئەوەتا لەسەر هێڵە بەیانیەکانی کات، وەك شیعری چلەکان، پەنجاکان ...... یان بەگوێرەی زاراوەسازیەکانی شوێن، وەك کرمانجی ژوورو، گۆرانی، کرمانجی خوارو... یان بە گوێرەی قوتابخانەکانی وەك، کلاسیزم، رومانتیزم.. دەتوێژرێتەوە، هەر رێچکەیەکیش لەمانە کۆمەڵێك خەسڵەتی پۆزەتیف و نیکەتیفی خۆی هەیە. ئەو هۆنراوە فرە لك و پۆپەی کە ئێستا روبەرێکی ئێجگار فراوانی بڵاوکراوە کوردیەکانی گرتۆتەخۆ؟ چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟ ئەو هۆنراوانە! چەندیان هۆنراوەن و چەندیان لەگەڵ رەوتی رۆژگاردا بە گەشی ئەجریوێنن؟ یان کاڵ دەبنەوە؟ یان هەڵدەوەرن؟ ئایا لەجێی ئافەرۆزکردنی کێش و سەروا دەشێت شیعر سنوربەندیەکی هاوچەرخانەی وەك رێتم و زایینە خوازە و وێنەی تەنسازی و تەنانەت بەشێك لە هونەرەکانی شانۆ و سینەما و ... بگرێتەخۆی وەك قەرەبوکردنەوە؟! هەموو لکەکانی تری ئەدەب کۆمەڵێك سنوربەندی و خەسڵەتی خۆیان هەیە و چوارچێوەیەکی تیوری توکمە گرتونیەتە خۆ جگە لە شیعر کە ئێجگار بۆتە جیوە مەشرەب و نابێت هیچ یاسایەك بیگرێتەخۆی و لە هەمان کاتیشدا یاسای گەردون بگرێتەخۆ!

سنورە ورد و حەساسەکانی نێوان پەخشانە شیعر و شیعر و پەخشانی هونەری بەجۆرێك پێکرا لکاون، کە بوونەتە ئاوێتەیەکی (مرکب) سەرسوڕهێن! تازەکردنەوە و کارژ فرێدانی هونەرە ئەدەبیەکان و هەنگاونانیان بەرەوپێش، هەتا بڵێ چاکە و دەبێت جەختی لەسەر بکرێت، ئەو تازەکردنەوانەی کە لە بواری رۆمان و کورتەچیرۆك و شانۆدا سەریان هەڵداوە نەگەشتونەتە سنووری یەکجاری تێکشکانی میحراب و چوارچێوە بنەڕەتیەکانیان، بەڵام لای شیعر قەڵەمبازەکە! بەجۆرێکی سەرو حەجیی ئەوتۆیە کە بێلەزەت بوە، ئەوەی کە ماوەتەوە، وەك نەرێتی شیعر، نووسینەوەیەتی بەشێوە ستونیەکە، من وای بۆ دەچم ئەگەر خاڵبەندیەکی تۆکمە و ورد هەبێت، دەشێت شێوەی ئاسۆیی (افقي) بگرێتەخۆی و ئیتر لای خوێنەریش ئاسایی دەبێت، چونکە وا بڕوات بە ستوونی نوسینی شیعر دەبێتە دوا ئاسەواری شیعر. بابەتی (بەرەو رووناکی) مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لەگەڵ ئەو هەموو وروژاندنی هەست و سۆز و خورپە و راچەنینەی کە لە خوێنەردا دروستی دەکات و لەگەڵ ئەو هەموو دەست خۆشانەیەی کە لەکاتی خۆیدا لێی کراوە زاتی ئەوەی نەکردوە بڵێ شیعرە، چونکە لەپاڵ ئەوەشدا شیعری داناوە و سنووربەندیەك لەمێشکیا رەگی داکوتاوە، دوا پرسیارم: چەندن ئەوانەی کە لەم سەردەمەدا و لەکاتی ئەفراندنی شیعرا تاپۆی سنوربەندیەکی تایبەت بە شیعر لەبەرچاو دەگرن و کامەیە بنەما تیوریەکانی ئەو سنووربەندیە؟